# دۆن کیشۆت

بەرگی دووەم



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# دۆن کیشۆت

بەرگی دووەم

نووسینی:

سێرڤانتێس

وەرگێڕانی:

ئەحمەد قازی



ناوی کتێب: دۆن کیشۆت - بەرگی دووەم
نووسینی: سێرڤانتێس
وەرگێڕانی: ئەحمەد قازی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٧٠٠
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ١٦٨ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# دیباچەی بەشی دووەم

سپاس بۆ خودا ئەی خۆێنەری گەورەوار و خۆبەکەمزان کە تۆ ئێستا دەبێ چەندە بێ سەبرانە چاوەڕوانی ئەم دیباچەیە بی، بەو خەیاڵە کە قسە و ڕستە و دەستەواژەی پڕ لە تۆڵەکردنەوە و شەڕەدەندووکە و سەرزەنیشتی بەنیسبەت نووسەری بەرگی دووەمی «دۆن کیشۆت» تێدا بدۆزییەوە.[۳۰۹] وە مەبەستی من هەمان کەسە کە دەڵێن نوتفەی لە تۆردێسیلاسدا «Tordesilas» گوورا و لە «ئاراگۆن» لە دایک بوو. باشە! بەڵام ڕاستت دەوێ من ناتوانم ویستی تۆ بەراوردە بکەم، چون ئەگەر تەوهین و جنێو لە خۆبەکەمزانترین دڵەکانیشدا تووڕەیی و قین بورووژێنێ، دڵی من لەو قاعیدەیە هەڵوارتەیە. تۆ دەتەوێ پێی بڵێم: کەر، بێ عەقڵ یا بێ شەرم؟ من هەر فکریشی لێ ناکەمەوە. هیوادارم تاوانی خۆی سزای بداتەوە و ببێتە پێخۆری نانی و خودا ئاخر و ئاقیبەتی بەخێر بکا.

شتێکی کە من نەمتوانیوە لێی بەدڵ نەگرم ئەوەیە کە ئەو بەتەوهینەوە منی بەپیر و یەک دەست ناو بردووە. وەک ئەوەی بەدەست من بووبێ کە پێش بەخولانەوەی چەرخی زەمان بگرم و کارێک بکەم کە تەمەن بەسەرمدا تێ نەپەڕێ، یا وەک ئەوەی من دەستم لە مەیخانەدا شکابێ نەک لە شەڕێکدا کە لەبەر شانازی، مێژووی ڕابردوو و ئێستا بەخۆیەوە نەدیتووە. ئەگەر برینەکانی من لەبەرچاوی ئەوانەی کە دەیانبینن بەجیلوەی پڕ لە شانازییەوە نادرەوشێنەوە، لانی کەم ئەوانەی دەزانن من لە کوێ ئەو برینانەم هەڵگرتووە، قەدرم دەزانن، چون بۆ سەرباز، کوژران لە مەیدانی شەڕدا باشترە لە ئازادی لە حاڵی

۳۰۹– وەک لە سەرەتای یەکەمی ئەم کتێبەدا باس کرا، پێش ئەوەی سێروانتێس بتوانێ بەشی دووەمی داستانەکە بنووسێ، فێڵبازێکی دەغەڵبازی ڕۆحانی نوێن بەناوی ئاڵنسۆ فێرناندز دوئاولاندا Alansa Fernandez de Avelleneda یا بەبیانووی ئەوەی سێروانتێس پیر و شکستەیە و ناتوانێ شاکاری خۆی تەواو بکا یا بۆ سوود بردن لە ناوبانگی ئەو نووسەرە پایە بەرزە، بەرگی دووەمی نووسی و ساڵی ١٦١٤ لە شاری تاراگۆن بڵاوی کردەوە؛ بەڵام ئەو کارە لە لایەن خەڵکەوە پێشوازیی لێ نەکرا. پاشان سێروانتێس بەرگی دووەمی نووسی. لێرەدا سێروانتێس یادی ئەو دەغەڵبازەی کردووەتەوە.





هەڵاتندا. من ئەوەندەم بڕوا بەو بابەتە هەیە کە ئەگەر ئەمڕۆ پێشنیار بکەن کارێکی ناممکین بۆ من ئەنجام بدەن، بەباشتری دەزانم لەو شەڕە سەیر و مەترسیدارەدا بووبێتم، بەڵام حازر نیم هەموو برینەکانم دەرمان بکرێن بەو مەرجە لەو شەڕەدا نەبووبێتم. ئەو برینە کۆن و شوێن برینانەی کە لەسەر جەستەی سەربازێکن ئەستێرەگەلێکن کە دیتران بۆ ئاسمانی شەڕەف و شانازی ڕێنوێنی دەکەن. لە لایەکی ترەوە دەبێ بزانین کە هیچ کەس بەمووی سپی نابێتە نووسەر، بەڵکو بەفام و تێگەیشتن، کە بەپێی عادەت دەگەڵ تێپەڕ بوونی زەمان هێز و مایە وەردەگرێ، دەتوانێ شت بنووسێ.

شتێکی تریش هەیە کە منی ئازار داوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو منی بەبەغیل و حەسوود ناو بردووە و وەک شتێکی من نەزانم حەسوود بەچ مانایەکە، ماناکەی لێک داوەتەوە؛ چون بەراستی لە دوو جۆر حەسوودی کە لە دنیادا هەیە من تەنیا ئەو حەسوودییە پاک و پیرۆزە دەناسم کە ئارەزوومەندییە بۆ گەیشتن بەکەسێک یا پلە و پایەیەک کە پێی دەڵێن «خۆزگە». لەو بارودۆخەدا یا لەو سووڕەتەدا من چۆن هێرش دەکەمە سەر کەشیشێک بەتایبەتی کە ئەو بێجگە لە عینوانی ڕۆحانی بوون، دەگەڵ داوودەزگای پیرۆزی «سێنت ئۆفیس»ژی ئاشنا بێ؟ ئەگەر یەکێ تر گوتوویەتی کە من بەو کەسەی کە بەرای ئەو مەعلوومە چ کەسێکە حەسوودیم دێتێ، بەتەواوی بەهەڵەدا چووە، چون من نبووغی ئەمەیان دەپەرستم و ئاسەوارەکەی ڕێز لێ دەگرم و بەکاری بێ پسانەوە و شەڕافەتمەندانەی ئەو ئافەرین دەڵێم.[۳۱۰] بەو حاڵەشەوە من لە جەنابی نووسەر زۆر زۆر سپاس دەکەم کە گوتوویەتی کتێبی «داستانە نموونەکان»ی من Nouvelles exemplaires ئەوەندەی کە جەفەنگین «نموونە» نین. بەڵام بەهەرحاڵ شتێکی باشە و ئەگەر «لە هەر باغەی گوڵێکی» تێدا نەبایە، هەرگیز ئاوا باش نەدەبوو.

بەبڕوای من، ئەی خۆێنەر، تۆ ئێستا دەفەرمووی کە من زۆرم خۆ بەو باسەوە بەستووەتەوە و زۆرتر لە ڕادەی پێویست خۆم بەکەم زانیوە و بەئەدەب بووم، بەڵام من دەزانم کە نابێ غەمێک لە غەمان زیاد بکەم، وە غەمێک کە ئەو »گەورەوارە» دەیخوا، دەبێ زۆر گەورە بێ، چون زاتی ئەوەی نییە بێتە نێو جەماوەر و خۆی بەخەڵک نیشان بداو وەک کەسێک کە قەستی گیانی بەڕێوەبەری وڵاتی کردبێ، ناوی خۆی دەگۆڕێ و ناوی زێد و

۳۱۰– مەبەست «لۆپ دۆ ونیگا» نووسەر و شاعیری هاوچەرخی سێروانتێس بووە. (مۆریس باردۆن)

مەوتەنی خۆی دەشارێتەوە. تۆ ئەی خوێنەر ئەگەر تووشی هاتی لە زبان منەوە پێی بڵێ کە من هیچ نەڕەنجاوم و باش دەزانم کە وەسوەسەی شەیتانی چۆن مرۆڤ وەسەر تەڵە دەپەڕێنێ. بۆ نموونە بەهێزترین وەسوەسەکانی ئەو ئەوەیە کە کەسێک هەڵخەڵەتێنێ کە دەتوانێ کتێبێک بنووسێ و بڵاوی کاتەوە کە بەبارستای نێوبانگ، سەروەت و بەبارستای سەروەت نێوبانگی پێ دەر بکا. تەنانەت دەمەوێ تۆ بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە بەو زانایی و لێهاتووییە کە پێتەوەی شک دەبەم، ئەو حیکایەتەی بۆ بگێڕیتەوە:

«لە شاری »سیویل» دێوانەیەک بوو کە دێوانەبازییەکی زۆر خۆشی دەکرد، بەجۆرێک کە لە هیچ دێوانەیەکی ئەم دنیایە نەبیندرابوو. ئەم دێوانەیە لوولەیەکی نووک تیژی لە قامیش ساز کرد هەر کات سەگێکی دیتبایە دەیگرت و لاقێکی لەسەر پاشوویەکی سەگەکە دادەنا و پاشوویەکەی تریشی بەدەست دەگرت و هەردووک پاشووی لەبەر یەک دەکێشاوە و نووکە تیژەکەی قامیشەکەی تا ئەو جێگەیەی بۆی دەڕۆیشت دە قوونی سەگ ڕۆدەکرد و لەسەرەکەی دیکەوە فووی دەکرد تا حەیوانی بەستەزمان وەک تۆپ هەڵدەمسا. کاتێک ئەو بەڵایەی بەسەر ئەو سەگە بێچارەیە دێنا، بەلەپی دەستی دوو شەپلاغەی سەبری لە زگی دەدا و بەرەڵلای دەکرد و پاشان ڕووی دە حازران، کە ئەغلەب ژماریشیان زۆر بوو، دەکرد و دەیگوت: «ئێستا ئاغاگەل پێتان وایە سەگ با کردن کارێکی ئاسانە؟» وە ئێستا من لە تۆ دەپرسم: گەلۆ، کتێب نووسین کارێکی چکۆلەیە؟ ئەگەر ئەم حیکایەتە، ئەی هەڤاڵی خوێنەر، دە گەڵ حاڵ و ئەحواڵی ئەو جۆر نەهاتەوە، ئەو یەکەی بۆ بگێڕەوە کە ئەویش هەر حیکایەتی سەگێک و دێوانەیەکە:

لە شاری «کوردۆوا» شێتێکی دیکە هەبوو کە بەپێی عادەت بەردێکی مەڕمەڕ یا هەر بەردێک کە زۆریش سووک نەبوو لەسەر سەری خۆی دادەنا و دەکەوتە ڕێ و هەر کە تووشی سەگێک بووایە بەردەکەی بەسەردا بەردەداوە. سەگ دە خۆڵ و خاک دەگەوزا و دەیقرووسکاند و وەها هەڵدەهات کە سێ کۆڵان ئەولاتریش ڕانەدەوەستا. بەڵێ، جا یەکێک لەو سەگانەی کە ئەو شێتە بەردی بەسەردا دەدان، سەگی پیاوێکی پارچە (قوماش) فرۆش بوو کە خاوەنەکەی زۆری خۆش دەویست. بەرد یەک ڕاست وەسەری سەگ کەوت و ئەو بەستەزمانە بەنووزە نووز و قرووسکە قرووسک بۆی دەرباز بوو. خاوەنی سەگ کە ئەو ڕەفتارە بێ بەزەییانەی چاو پێک هوت دەرهەڵبوو. دەستی دا دارێک و هەتا توانیی شێتەی کوتا و دە گەڵ هەر کوتەکێک کە لێی دەدا دەیگوت: «ئەی سەگ دز، ئەوە لە تاژیی من دەدەی! ئەی زاڵم مەگەر کوێری و نابینی سەگی من ڕاوێیە یانی تاژییە؟» وە وێڕای





ئەوەی پەیتاپەیتا ناوی تاژیی دووپات دەکردەوە، کابرای شێتی خوری شۆر دەکوتا. ئەم تەمێ کردنە کاری خۆی کرد و تا مانگێک کەس شێتەی لە هیچ کووچە و کۆڵانێک نەدیتەوە. ئاخرییەکەی جارێکی تر، ئەوجار بەبەردێکی گەورەترەوە سەر و کەللەی پەیدا بووەوە: ئەوجاریش لە سەگان نیزیک دەبووەوە و زۆر بەوردی سێرەی لێ دەگرتن، بەڵام زاتی نەدەکرد بەردەکە بەرداتەوەو لەبەر خۆیەوە دەیگوت: «ئامان نەکەی! ئامان نەکەی! ئەو سەگە تاژییە!» وای لێ هات هەر سەگێک لە هەر تۆرەمە و جسناتێک بووایە ناوی تاژیی لێ دەنا و لەوە بەدواوە هیچ کات بەردی بەرنەداوە.»

لەوانەیە ئەم نووسەرەش بەڵایەکی ئاوای بەسەر بێ و لەمەوپاش نەوێرێ باری فکریی خۆی بەشکڵی کتێب، کە ئەگەر خراپ بێ لەبەردیش قورسترە، بەرداتەوە. ئەوەشی پێ بێژە لەوەی کە هەڕەشەی لێ کردووم کە بەکتێبی خۆی ڕێگەی هەموو سوود و قازانجێکم لێ دەبەستێ بەقەدراییی پەڕەکایەک ناترسم و خۆم بەلوتف و چاوەدێریی پشتیوان و وەلی نیعمەتی ناوداری خۆم دەسپێرم و بەنەیار جواب دەدەمەوە کە: «خودای مەزن پشتیوان و وەلی نیعمەتی من بپارێزی و سێبەری حەزرەتی مەسیح لەسەر هەمووان کەم نەکا!» بەڵێ، هەر بژی «کۆنت دۆ لێمۆس» Cont de Lemos کە تەقوای مەسیحایی و بەخشەندەییی ئەو کە دەنگی داوەتەوە و من لە تووش بوونی چارەڕەشیی ڕزگار دەکا و بژی دەست بڵاوی و خێر و حەسەناتی دەگوتن نەهاتووی «دون بێرناردۆ دۆ ساندۆواڵی ڕۆژاس» don Bernardo de Sandovaly Rojas گۆسقۆفی مەزنی تۆڵد! گریمان لەمەودوا هیچ چاپخانەیەک لە دنیادا نەمێنێ یان ئەگەر هەشبێ بەئەندازەی پیتەکانی قەسیدەی مینگۆڕیۆڵگۆ[٣١١] کتێب دژی من چاپ بکەن! ئەو دوو شازادە بێ ئەوەی چاپلووسی من یا هیچ پێهەڵاگوتنی تر کاریان تێ بکا، تەنیا بەدەلیلی دڵپاکیی خۆیان، بەر عۆدە بوون کە جوامێرانە یارمەتیم بدەن، من بەو باری ژیانەوە و بەو لایەنگرانەوە خۆم بەختەوەر و سەرکەوتووتر دەزانم لەوەی کە بەخت و یەغباڵ لە ڕێگەی ئاسایی منی گەیاندبێتە ئەوپەڕی خۆی. شەڕافەت بۆ پیاوی فەقیر هەمیشە دەمێنێتەوە، بەڵام خراپەکار لێی بێ بەشە. فەقیری هێندێک تەم و مژ دەخاتە سەر ڕەسەنایەتی، بەڵام بەیەکجاری ڕەشی هەڵناگێڕێ. فەزیلەت و گەورەییی پیاوی فەقیر هەر چۆنێک بێ، بەکەلێن و قەڵشتاندا دزە دەکا و سەرنجی ڕێز و قەدری پیاوی ئازادە و تێگەیشتوو بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و لە ئاکامدا بەستێنی لەباری بۆ دەخوڵقێ.

٣١١– قەسیدەی شیعرێکی درێژ و ڕەخنەیی بووە لەسەر سوڵتانێکی بێکارە و ورە نزم لە کاسپتڵ کە وێژەرەکەی نەناسراوە. (مۆریس باردۆن)

ئەی خوێنەر؛ تۆ لەوە زیاتر هیچی پێ مەڵێ و منیش لەوە زیاتر هیچ بەتۆ ناڵێم. من تەنیا سەرنجت بۆ ئەوە ڕادەکێشم کە ئەم بەشەی دووەمی دۆن کیشۆت کە پێشکەش بەتۆی دەکەم، بەهەمان شێواز و لە هەمان قوماشی یەکەم براوە، من لەو بەشەدا دۆن کیشۆت، تا ئاخر و تا پایان دەگەڵ خۆم دەبەم و تا نەیمرێنم دەستی لێ هەڵناگرم، بەدەستی خۆم ئەسپەردەی خاکی دەکەم، تا ئیتر هیچ کەس دەخەیاڵی ئەوە نەکەوێ کە کاری تازە بداتە پاڵ ئەو، چون کارە قەدیمییەکانی ئەو بەسن؛ هەروەهائەوەندە بەسە کە پیاوێکی دروستکار باسی دێوانەیی و سەرشێتییە ڕەمزاوییەکانی ئەوی کردبێ. ئیتر پێویست نییە هەر کەس هەستا لە خۆیەوە ئەم کارە بکا. زۆریی شتەکان، جا با بەقیمەتیش بن، لە قەدر و قیمەتیان کەم دەکاتەوەو نایابی و کەمیی ئەوان، جا با بەقیمەتیش نەبن قەدر و بایەخیان دەباتە بان. لە بیرم چووەوە بەتۆ بێژم چاوەڕوانی «پێرسیلێس»[٣١٢]، کە من ئێستا خەریکی تەواوکردنیم و هەروەها چاوەڕوانی بەشی دووی گالاتە بە!

٣١٢– سێروانتێس کتێبی «پێرسیلێس»ی «Persiles» لە هەژدەمی ئاوریلی ١٦١٦ تەواو کرد و پێشکێش نامەی ئەو کارەشی هەر ئەو ڕۆژە نووسی و پێنج ڕۆژ دواتر لە ٢٣ی ئاوریلدا کۆچی دوایی کرد، کەوابوو مەجالی ئەوەی نەبوو کە بەشی دووەمی گالاتە «Galathee» تەواو بکا. (مۆریس باردۆن)



١

**لەمەڕ ئەو کارەی کەشیش و دەڵلاک**

**بۆ چاک کردنەوەی نەخۆشیی دۆن کیشۆت کردیان**

سەید حامید کوڕی ئەنجەلی لە بەشی دووەمی مێژووی خۆیدا و لە باسی سێیەمین دەرکەوتنی دۆن کیشۆتدا دەگێڕێتەوە کە کەشیش و دەلاک بۆ ماوەی مانگێک هاتوچۆی دۆن کیشۆتیان نەکرد تا مەبادا بیرەوەریی ڕووداوەکانی ڕابردووی وەبیر بێننەوە.

بەڵام بەنەهێنی و لە دەرفەتدا چاویان بەخوشکەزا و کەیبانووی دۆن کیشۆت دەکەوت و ڕێنوێنییان دەکردن تا ئەو جێگەیەی لە توانایاندایە ئاگایان لە پاڵەوان بێ، دەرمانی بدەنێ و خواردنی بەقەوەت و بەتام و بۆنی بۆ ساز بکەن و شتی وای بدەنێ کە بۆ بەهێزکردنی دڵ و مێشکی سوودی هەبێ، چون کزی و کەنەفتی و نەخۆشی ئەویان دەدایە پاڵ بێ هێزیی دڵ و مێشکی. خوشکەزا و کەیبانوو قەولیان دا هەرچی لە دەستیان بێ، بیکەن و تەنانەت دەیانگوت کە لە ڕەفتار و کرداری ئەوڕا وا تێ گەیشتوون کە ئەرباب بەتەواوی چاک بووەتەوە و سلامەتیی فکری و عەقڵیی خۆی بەدەست هێناوەتەوە. ئەم هەواڵە بوو بەهۆی شادمانی و کەیف سازیی ئەو دوو دۆستە و لەوەی کە دۆن کیشۆتیان، وەک لە پێشتر لەم داستانە گەورەیەدا باسی کرا، لەسەر عارەبەیەک جادوو کردووە و هێناویانەتەوە ماڵی خۆی، زۆر خۆشحاڵ بوون و وای بۆ چوون کە فکر و پیلانەکەیان تەواو لە جێی خۆیدا بووە. لەبەرئەوە گەرچی بەلایانەوە ناممکین بوو کە پاڵەوان بەتەواوی چاک بووەتەوە، بڕیاریان دا چاویان پێی بکەوێ بۆ ئەوەی بزانن تا چ ڕادەیەک چاک بووەتەوەو هاتووەتەوە سەرخۆ. هەر دووکیشیان هاوپەیمان بوون کە بەهیچ کلۆجێک تەنانەت یەک جاریش باسی پاڵەوانانی سەرگەردان نەکەن و دەست لەو برینە وەرنەدەن تا مەبادا تەقەڵەکانی هەڵوەشێتەوە و وتەشانا بێتەوە.

بەڵێ، جا کەشیش و دەلاک چوونە خزمەت دۆن کیشۆت و ئەویان لە حاڵێکدا دیتەوە کە لەسەر تەختەخەوی خۆی دانیشتبوو و نیوتەنەیەکی سەوزی لەبەردا و شەو کڵاوێکی ڕەنگ سووری کاری شاری «تۆڵد»ی لەسەر نابوو و دەم و چاوێکی وەها وشک و تێکقوپاو و پڕ چین و چرووکی هەبوو کە دەتگوت مۆمیایی کراوە. دۆن کیشۆت زۆر بەگەرمی وەریگرتن و

لە جوابی پرسیار و ئەحوالّ پرسیدا وەلامی داوە کە حالّی زۆر باشە. بەپێی عادەت وەک هەمیشە قسە و باس دەستی پێ کرد و باسی شتێکیان کرد کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن مەسڵەحەتی دەسەڵاتداری و شێوەی حکوومەت کردن. یەکێک فلان کەمایەسیی چارەسەر دەکرد و ئەوی تر فلان کاری بەئیراد دەزانی و یەکێک فلان ڕێوشوێنی وەپێش دەوڵەت دەنا و فلان ڕەسمی تەکەز دەکرد؛ وای لێ هات هەرسێک بوونە یاسادانەری سەردەمی نوێ و دەستی «لیگۆرک»[٣١٣] و «سۆلۆن»[٣١٤]یان لە پشتەوە بەست و هەموو پێکەوە پایە و بناغەی هەر چی یاسا و دەسەڵاتدارییە هەڵیان وەشاندەوە و سەر لە نوێ مەملەکەتیان بەشێوەیەکی لەبار و بێ هیچ عەیب و ئیرادێک ساز کردەوە. دۆن کیشۆت بەوەها فام و عەقڵ و تێگەیشتنێکەوە لەسەر مەسەلەکان دەدوا کە ئەو دووانە بەتەواوی خاترجەم بوون و یەقینیان حاسڵ کرد کە پاڵەوان بەتەواوی مانا عەقڵ و لەش ساغیی خۆی وەدەست کەوتووەتەوە.

خوشکەزا و کەیبانووش لەم وتووێژانە لەوێ بوون و لە حاڵێکدا لە خۆشییان دەگریان بێ پسانەوە شوکری خودایان بەجێ دێنا کە ئەربابەکەیان بەمجۆرە عەقڵ و هۆشی تەواوە و ئاوا پسپۆرانە لەسەر بابەتەکان دەدوێ. بەڵام کەشیش کە بڕیار بوو، باسی هیچ بابەتێکی پاڵەوانی نەکا، بڕیاری گۆڕی و بۆ ئەوەی تاقی کردنەوەکەی تەواو بکا و متمانەی دەست کەوێ کە دۆن کیشۆت عەیبی تێدا نەماوە، باسەکەی گۆڕی و چەند هەواڵێکی گێڕاوە کە تازە لە پێتەختی وڵاتەوە گەیشتبوون. لەوانە گوتی: خەبەری ئەسەح، سوڵتانی عوسمانی بەهێزێکی زۆر گەورەی دەریاییەوە لە بوغازی بۆسفۆرەوە وەڕێ کەوتووە، بەڵام ڕوون نەبووەتەوە بۆ کوێ دەچێ و لە کەس ئاشکرا نییە کە ئەم تۆفانە قورس و وێران کەرە وە لێوارەکانی کام وڵاتی مەسیحی دەکەوێ. کەشیش لە درێژەی قسەکانیدا گوتی، لەبەر ئەم ترس و هەراسە، کە هەموو ساڵێ ئێمەی ئاگەدار و گوێ قوڵاغ(*) ڕاگرتووە، دنیای مەسیحییەت خۆی چەکدار کردووە و خاوەن شکۆ فەرمانی داوە لێوارەکانی ناپڵ و سیسیل و ماڵت باری بەرگری بەخۆوە بگرن و ئامادەی شەڕ و کارەسات بن.

دۆن کیشۆت لە جوابدا گوتی: «ئەوەی کە خاوەن شکۆ بەوەخت وڵاتی ئەمین ڕاگرتووە و

٣١٣– Lycurgue یاسادانەری نیوە ئەفسانەیی ئیسپارت کە دەڵێن لە سەدەی نۆیەمی پێش زایندا ژیاوە.

٣١٤– Solon یەکێک لە حەکیمە حەوتەوانەکانی یۆنان و لە یاسادانەرانی بەناوبانگی ئاتێن بوو کە نیزامێکی تازەی لەو شارە دامەزراند.





ئەمری کردووە نەهێڵن دوژمن وڵاتی ئێمە خافڵگیر بکا، ئەڵبەتە وەک سەربازێکی دوورئەندیش(*) و بەئیحتیات جووڵاوەتەوە، بەڵام ئەگەر جەنابی بەڕێزیان بیروڕای منی وەرگرتبا، من ڕێگەیەکم بۆ دەکێشا کە سوور دەزانم ئێستا بەخەیاڵ و فکری ئەودا تێ نەپەڕیوە.» کەشیش هەر کە گوێی لەم قسانە بوو لە دڵی خۆیدا گوتی: «ئەی بێچارە دۆن کیشۆت! خودا بەهاوارت بگا! وای تێ دەگەم دیسان خەریکی لە ترۆپکی شێتییەوە خۆت بخەیتەوە قووڵاییی زەلکاوی کەریەتی و بێ عەقڵی!» دەلاکیش کە هەر وەک کەشیشی بۆ دەچوو، لە پاڵەوانی پرسی کە ئەو ڕێگەی باشترە خاوەن شکۆ ڕەچاوی بکا، چییە و لەم بارەدا گوتی: «ئەوەی دەیفەرمووی پێم وایە هەر وەک ئەو قسە بێ سەر و بنانە وان کە دەرباری وشازادەکان دەیڵێن.» دۆن کیشۆت گوتی: «ردێن تاشی پایەبەرز! قسەی من نە تەنیا بێ سەر و بن نییە بەڵکو بەپێچەوانەوە زۆریش بەرێوجێ و مەنتقییە.» دەلاک گوتی: «مەبەستم ئەوە نەبوو کە قسەی جەنابت بێ ڕێوجێ و نادروستە، بەڵکو دەمویست بڵێم ئەوە تاقی کراوەتەوە، کە نزیک بەهەموو، یا بەشی زۆری ئەو ڕێنوێنییانە کە دەوروبەر دەیدەن بەپادشای خاوەن شکۆ یا کاری نەکردەن یا بەزەرەری پادشا و مەملەکەتن.» دۆن کیشۆت گوتی: «زۆر باشە، بەڵام بیروڕای من نە سەیروسەمەرەیە و نە کاری نەکردە، بەڵکو ڕێگەیەکە کە لەوە ئاسانتر و دروستتر و عاقڵانەتر هێشتا بەزەین و مێشکی هیچ کام لەو فێڵبازە بەناو سیاسەتمەدارانەدا ڕانەبردووە.» کەشیش گوتی: «ئەدی بۆچی پاڵەوان لە لێکدانەوەی بیروڕا و پلانی خۆیاندا درەنگ دەکەن؟» دۆن کیشۆت گوتی: «من نامەوێ هەر ئێستا و لێرەدا باسی فکر و پلانی خۆم بکەم و سبەینێ بەگوێی ئەندامانی شۆرای حکوومەتی بگاتەوە و شانازی و پاداشی کاری من بەنسیبی کەسێکی تر بێ.» دەلاک گوتی: «ئەگەر ئەمن دەفەرمووی قەولت پێ دەدەم، لەبەر بارەگای خودا قەولی شەڕەف دەدەم کە قسەکانی ئێوە نە بەپاشا بڵێم و نە بەسێن ڕۆک و نە بەهیچ کەس لە نەژادی مرۆڤ؛ وە من ئەو سوێندە لە تەرانەیەک فێر بووم کە کەشیشێک بۆ پادشایەکی دەگوت و دەگەڵ ئەو تەرانەیە، پادشای لە ناوونیشانی دزێک ئاگەدار دەکردەوە کە سەت «رووبڵ» و ئێسترێکی پادشای دزیوە و ئێسترەکەی بەوێرغە(*) فڕاندووە.[٣١٥]» دۆن کیشۆت گوتی: «من ئەو تەرانەیەم نەبیستووە بەڵام ئەو سوێندەم زۆر پێ باشە و جەنابی دەلاکیش زۆر پیاوێکی باشە.» کەشیش گوتی: «گریمان دەلاک پیاوێکی باش نەبێ، بەڵام من قەول دەدەم و دەبم

٣١٥– ئیشارەیە بەتەرانەیەکی کۆن کە ئەمڕۆ لە بیر چووەتەوە. (مۆریس باردۆن)

بەزامن کە یەک وشەی لەم بارەوە لە زاری نەیەتە دەر و بەتەواوی لاڵ بێ، ئەگەر وا نەبوو دەبێ جەریمە بداو قسەکانی خۆی وەدرۆ بخاتەوە.» دۆن کیشۆت گوتی: «ئەدی جەنابی کەشیش کێ دەبێتە زامنی جەنابت؟» کەشیش گوتی: «زامنی من کاری منە کە ئەو ئەرکەم دەخاتە سەر، ڕاز و نهێنیی هەموو کەس بشارمەوە.» ئەوجار دۆن کیشۆت دەنگی لێ هەڵێنا و گوتی: «بارەکەڵلا! ئەوەش بیروڕای من: خاوەن شکۆ یەکەم کارێ کە دەبێ بیکا ئەوەیە کە جارچییان وەڕێ خا و فەرمانی لێبووردنی گشتی ڕابگەیەنێ، تا تەواوی پاڵەوانانی سەرگەردان کە لە ئیسپانیا ئاوارەی دەشت و چۆڵانن لە دەرباری ئەو کۆ ببنەوە؛ گریمان زۆرتر لە شەش کەسیش نەبن، لەوانەیە دە نێو ئەو شەش کەسەدا یەکێک هەبێ کە بتوانێ بەتەنیایی تەواوی لەشکری سوڵتان تێک بشکێنێ. تکا دەکەم بەڕێزان بەوردی گوێ بدەنە دەلیل و مەنتیقی ئێمە. ئایا پێتان وایە ئەوە شتێکی تازەیە کە پاڵەوانێک تاکی تەنیا دوو هەزار پیاوی شەڕی تێک بشکێنێ، وەک ئەوەی دوو هەزار کەس بەهەموویان ملێکیان بووبێ و پاڵەوان بەزەبری شمشیرێک ئەو ملەی پەڕاندبێ یا ئەوان لەبەر چاوی پاڵەوان وەک هەویرێک بووبن کە نانی بادامییان لێ دروست دەکەن؟ ئەگەر بەقسەی من بڕوا ناکەن بڕۆن مێژوو بخوێننەوە، ببینن کە لاپەڕەکانیان چەندی لەم باسانە تێدایە. من کارم بەخەڵکی نییە، بەڵام هەر چەند ئەم قسە بەسوودی من نییە دەڵێم کە ئەمڕۆ دەبووایە دۆن بێلیانیسی ناودار یا یەکێ تر لە بنەچەکەی پاڵەوانانی ئازا، ئامادیسی گۆل زیندوو بایە. ئەگەر یەکێک لەوانە زیندوو بایە و سوڵتانی تورک خۆی دەگەڵ ئەو ڕووبەڕوو بووبووایە من بۆ خۆم حارز نەبووم سوڵتانی تورک بووایەم. بەهەرحاڵ خوداوەندی عاڵەم لوتف و مەرحەمەتی خۆی لە بەندەگانی خۆی درێخی ناکا، و کەسێک دەنێرێتە فریای ئەو نەتەوەیە کە هەر چەند بەهەیبەت و سامناکیی پاڵەوانانی سەرگەردانی قەدیم نەگا بەڵام لە ڕەشادەت و دلاوەریدا چیی لەوان کەمتر نەبێ. خودای گەورە دوعای من قەبووڵ دەکا و من هیچی تری لەسەر ناڕۆم.» خوشکەزا هاواری لێ بەرز بووەوە: «یا حەزرەتی مەریەم! بەمەرگی خۆم سوێند دەخۆم کە وەلی نیعمەتی من دیسان قەستی ئەوەی کردووە ببێتەوە پاڵەوانی سەرگەردان!» دۆن کیشۆت گوتی: «من دەبێ دەکاری پاڵەوانەتیدا بمرم. لێ گەڕێ سوڵتانی عوسمانی خوار و ژووری خۆی بکا و هەر کاتێ پێی خۆشە با بێ و هەر چەندی هێز و سپای هەشیەتی با بیانهێنێ؛ من ئەوجاریش دەڵێم خودا لەگەڵ من هاوڕێیە و دوعای من قەبووڵ دەکا.» ئەوجار دەلاک وەزبان هات و گوتی: «لە بەڕێزان تکا دەکەم گوێم لێ ڕاگرن دەمهەوێ نەقڵێکتان بۆ بگێڕمەوە. ڕووداوێکی کورتە کە لە شاری «سیویل» ڕووی داوە. ئەو نەقڵەش



بۆیە دەگێڕمەوە کە ئەوەندە دەگەڵ حاڵ و ڕۆژی ئێمە دێتەوە کە بەخۆم نییە دەبێ بیگێڕمەوە. دۆن کیشۆت ئیزنی دا و کەشیش و ژنەکان کە لەوێ حازر بوون بەتەواوی سەرنجەوە گوێیان هەڵخست و دەلاک بەم جۆرە دەستی پێ کرد:

«لە شێتخانەی سیویلدا پیاوێک بوو کە خزمەکانی بەبیانووی ئەوە کە شێت بووە دە زیندانیان کردبوو. ئەو پیاوە لە زانستی شەرع و دیندا لە زانستگەی ئۆسونا[٣١٦] گەیشتبووە دەرەجەی ئیجتیهاد، بەڵام بەبڕوای زۆران ئەگەر لە زانستگەی سالامانکیشدا گەیشتبایە ئەم پلە و پایەیە، دیسان لەوەی کە هەبوو کەمتر شێت نەدەبوو. پاش چەند ساڵ مانەوە لە تیمارستان، بەڕێزی خوێندەواری زانا وا دەخۆی گەیشت کە بەتەواوی چاک بووەتەوە و عەقڵی پەڕیو گەڕاوەتەوە ناو سەری. بەو خەیاڵەوە نامەیەکی بۆ ئۆسقۆفی مەزن نووسی و بەئینشا و نووسینێکی زۆر جوان و ڕێکوپێک لەبەری پاڕاوە کە لەو بەدبەختی و ڕۆژەڕەشییە ڕزگاری بکا. بەتایبەتیش کە خودای گەورە ڕوحمی کردووە و نیعمەتی عەقڵ و شعوورەکەی پێ داوەتەوە. زانای پایەبەرز لە نامەکەیدا ئەوەشی نووسیبوو کە خزم و قەومەکانی بۆ ئەوەی ماڵ و ملک و سامانەکەی بخۆن ئەویان خستووەتە ناو ئەم کۆت و بەندە و بەپێچەوانەی ڕاستی و حەق دەیانهەوێ تا ئاخری تەمەنی هەر بەشێت و خەرفاوی لە قەڵەم بدەن. ئۆسقۆفی مەزن بەخوێندنەوەی ئەم نامە ڕێکوپێک و جوان و مەنتیقییە متمانەی پەیدا کرد کە ئەو زانایە شێت نییە و یەکێک لە کەشیشەکانی خۆی کردە مەعموور بچێتە لای بەڕێوەبەر و بەرپرسی ئەو شێتخانەیە تا لێکۆڵینەوە بکا، بزانێ ئەو نامەیە ئەو چارەڕەشە نووسیوێتی یا نە، تەنانەت پێی ئەسپارد کە خۆی دەگەڵ دێوانەکە قسان بکا و بزانێ ئەگەر بەڕاستی چاک بووەتەوە و عەقڵ و هۆشێکی تەواوی هەیە لەو شێتخانەی ڕزگار بکا. کەشیش ئەرکی خۆی بەجێ گەیاند؛ سەرپەرستی شێتخانە پێی گوت کە ئەو پیاوە ئێستاش هەر شێتە و ئەگەر هەزار نامەی لەو چەشنەش بنووسێ یا وەک پیاوێکی زانا و فرەزان قسە بکا، ئاخری شێتییەکەی گوڵ دەکا و قسەی وەها بێ سەر و بن و بێ جێوڕێ دەکا کە حەزی قسەکانی پێشووی خۆی لە بیر تۆ دەباتەوە. ئەگەر دەڵێی وا نییە دەتوانی لە گەل خۆی قسان بکەی. کەشیش تکای کرد کە با، خۆی دە گەڵ ئەو دێوانەیە قسان بکا و مەسەلەکە تاقی بکاتەوە. بەو مەبەستە ڕۆیشتە لای دێوانەکە و زۆرتر لە

٣١٦– Osuna سێروانتێس لێرە «یانەی زانست – دار العلم» گچکەی ئوسونا بەکنیایە مەسخەرە دەکا. هەروەک لە دەسپێکی کتێبی یەکەمیشدا زانکۆی سیگۆنزای خستووەتە ژێر جەفەنگ و تەشەر لێدان. (مۆریس باردۆن)

سەعاتێک قسەی دەگەڵ کرد. لە تەواوی ئەو یەک سەعاتەدا شێتە قسەیەکی بێ مانا و بێ جێورێی لە زاری نەهاتە دەر، بەپێچەوانەوە قسەکانی ئەوەندە ڕێکوپێک و لە جێی خۆیاندا بوون کە کەشیش قبوولّی کرد بەتەواوی چاک بووەتەوە. دێوانە لەگەڵ قسەکانیدا بەکەشیشی گوت: «بەرێوەبەری شێتخانە دەگەڵم دوژمنە و بەتایبەتی منی لێرە ڕاگرتووە تا ئەو دیاری و سەوقاتانە کە خزمەکانم بۆی دەنێرن لە دەست نەدا، ناردنی ئەو دیاری و سەوقاتانەش لەبەرئەوەیە کە شایەدی بدا من هێشتاش دێوانەم و با وەکوو ئەغڵەب بەعەقڵ و هۆشەوە دەمبینێ دەڵێ هێشتاش چاک نەبوومەوە. گەورەترین دوژمنی منیش لەم پێوەندییەدا دەوڵەت و ماڵی زۆر و زەوەندی منە. چون میراتگرانی من بەخاتری سوود وەرگرتن لەم سامانە زۆرە ڕاستییەکان دەنێنە ژێر پێ و لایان وایە من هەر شێتم و سەرکێشم و نەبوومەتەوە مرۆڤەکەی جاران.»

سەرتان نەهێنمە ئێش، دێوانە ئەوەندەی قسەی حیسابی و ڕێکوپێک کرد کە کەشیشی لە ڕاستگۆییی سەرپەرشتی شێتخانە، دڕدۆنگ کرد و خزم و قەومەکانی خۆشی وەک تاقمێکی بەتەماع بێ بەری لە هەستیاری و سۆز و عاتیفەی مرۆڤانی پێ ناساند و خۆشی وەها زانا و فەرزانە نیشان دا کە کەشیش بریاری دا بیباتە لای ئۆسقۆفی گەورە تا ئەویش لە نزیکەوە لە ڕاستییەکان ئاگەدار بێتەوە. کەشیشی خێرخواز و سادە دڵ لەسەر ئەم بڕوایە کە دێوانە بەتەواوی چاک بووەتەوە تکای لە بەرپرسی شێتخانە کرد کە جلوبەرگی ڕۆژی یەکەم کە زانای خۆێندەوار بەوانەوە هاتووەتە شێتخانە بدەنەوە.

بەرپرسەکە لە کەشیشی ویست ئەم کارە نەکا و دیسان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەو زانایە ئێستاش هەر شێتە، بەڵام ئەم قسانە هیچ کاریگەرێیەکی لەسەر کەشیش نەبوو. ناچار بەرپرس، چون ئەمری ئۆسقۆفی مەزن لە پشت مەسەلەکە بوو، ملکەچ بوو، ئەمری کرد جلوبەرگی خوێندەواری زانایان کە هەر تازە و نوێ بوون، بدەنەوە بەخۆی. خۆیندەوار کە خۆی لە جلوبەرگی عاقلاندا دیت و لیباسی شێتخانەی تووڕ هەڵدابوو ئیزنی لە کەشیش وەرگرت ئیزن بدا لە هاوبەندییەکان ماڵ ئاوایی بکا. کەشیش گوتی منیش لەگەڵت دێم و پێم خۆشە شێتەکانی ئەو شێتخانەیە ببینم. هەموویان بەریزێک پلەکاندا سەرکەوتن و ئەوانەی لە دەوروبەریش بوون ڕەگەڵیان کەوتن. کاتێک خوێندەواری زانا گەیشتە ئاستی قەفەسێک کە دێوانەیەکی ترسناکی تێدا بوو (هەر چەندە لەو سەعاتەدا دێوانەی تووڕە زۆر ئارام و بێدەنگ بوو) ڕووی تێ کرد و گوتی: «گوێ بدە براکەم، ئەگەر کار و فەرمایشت هەیە ئەوا من دەگەڕێمەوە ماڵی خۆم. چون خودای گەورە و دڵۆڤان بەلوتف و کەرەمی



خۆی، هەر چەند من هیچ قابیل نیم، دیسان عەقڵ و شعووری پێ داومەوە. ئەوە ئێستا من ساغ و سلامەتم و عەقڵ و هۆشم تەواوە. تۆش تەوەکولت بەخودا بێ و هیواکەت بەکەرەم و گەورەیی ئەو بێ و بزانە هەر وەک منی شەفا داوە لەوانەیە تۆش چاک بکاتەوە. من نانی شەکرت بۆ دەنێرم و تۆش بەئیشتیا بیانخۆ! چونکا من پێم وایە هەموو شێتییەکانی ئێمە لێرەوە دەست پێ دەکا کە زگمان بەتاڵە و کەللەمان پڕی بایە. بەهەرحاڵ غیرەت و ئازایەتیت هەبێ و بزانە کە داماوی و ناهومێدی لە قەیران و نەهامەتیدا ساغی و سلامەتیی مرۆڤ لە ناو دەبا و لە مردنی نیزیک دەکاتەوە.» قسەکانی خوێندەواری زانا گەیشتە گوێی دێوانەیەکی تریش کە بەرامبەر بەقەفەسی دێوانەی تووڕە لە قەفەسێکدا زیندانی بوو. ئەو دێوانەیە لەسەر حەسیرێکی کۆن و شڕ کە بەرووتوقووتی لەسەری ڕاکشابوو هەستا و بەدەنگی بڵند پرسی کە ئەوەی بەعەقڵ و بەجەستە بەتەواوی چاک بووەتەوە و خەریکە بڕوا کێیە. زانای خوێندەوار گوتی: «هاوڕێ، ئەوە منم کە قەستی ڕۆیشتنم هەیە. من ئیتر پێویستیم بەمانەوە لێرە نییە و قەت شوکری خودای تەواو ناکەم.» دێوانە گوتی: «دۆستی خۆشەویست، جەنابی خوێندەوار، ئاگات لە قسەکانی خۆت هەبێ نەوەک شەیتان فریوت بدا. بەبڕوای من بکەوە سەر ئەژنۆ و ئارام و ئاسوودە لە جێی خۆت دانیشە و لەسەر پەت و سینگی خۆت هەدا بدە با تووشی زەحمەتی چوونەوە ماڵ و هاتنەوەی ئێرە نەبی.» خۆێندەوار گوتی: «من باش دەزانم کە چاک بوومەوە و ئیتر هیچ شتێک مەجبوورم ناکا بگەڕێمەوە ئێرە.» دێوانە هاواری کرد کە: چۆن! تۆ چاک بوویەوە؟ سەیرە! سەیر! زۆر باشە! ڕاستی خودا ڕێنوێنت بێ! بەڵام بەناوی ژوپیتێر خودای خودایان! بەناوی ژوپێتر خودای خودایان کە من نوێنەری گەورەیی و قودرەتی ئەو لەسەر زەمینم، سوێند دەخۆم کە بەسزای ئەم تاوانە گەورەیە کە شاری «سیویل» پێی هەڵساوە، یانی دەیەوێ تۆ لەم جێگەیە بباتە دەرەوە و بتخاتەوە ڕیزی خەڵکی عاقڵ و فەرزانە، ئەو شارە وەها سزا بدەم و کارەساتێکی وەها ترسناکی بەسەر بێنم کە بیرەوەرییەکە تا چەنای چەن سەدە لە بیر کەس نەچێتەوە! تۆ ئەی خوێندەواری بێ کەڵک و مێشک بەتاڵ، مەگەر نازانی من هەر چی بمەوێ ئەنجامی دەدەم و لە عۆدەی دێمە دەر؟ من ژوپیتێری بەخرۆش و نەعرەتەم و هەوساری هەڵسووڕانی هەور و هەورەتریشقە بەدەست منە و دەتوانم بەوانە دنیا وێران بکەم، هەمووی سەروژێر کەم! بەڵام نە، من لەسەر ئەم شارە بێ شعوورە زۆرتر لە سزایەک دەکار ناکەم. ئەویش ئەوەیە بۆ ماوەی سێ ساڵی ڕەبەق دڵۆپێک، تەنیا دڵۆپێک باران بەسەر ئەو شارەدا نابارێنم و دەسپێکی ئەنجامی ئەم

سـزايـەش لە ڕۆژ و سـەعـات و دەقـيـقـەيەكـڕايە كـە ئەم هـەڕەشـەيەم لـە زارى دەرپەڕيوە. سەيرە!... كە تۆ ئازادى! تۆ ساغى! تۆ عاقڵى! بەڵام من ديلم! من نەخۆشێكى دێوانەم! زۆر باشـە، با وابێ! بەخوا ئەگەر لە فكرى ئەوە بكەوم كە دڵۆپێكتان ئاو بۆ ببارێنم وەك ئەوە وايە كە بمەوێ خۆم لە سێدارە بدەم.» عاقلان بەسەرنجەوە گوێيان بۆ قسەى ئەو شێتە ڕاگرتبوو. بەڵام خوێندەوارى ئێمە ڕووى دە كەشيش كرد و گوتى: «حەزرەتى ئاغا، تۆ خوا نارەحەت نەبى و گوێ مەدە قسـەكانى ئەم دێوانەيە! ئەگەر ئەو ژوپيتێرە و نايەوێ باران بەسەر شاردا ببارێ، من نێپتۆن يانى باوكى ئاوەكان و كانياوەكانم و هەركات پێويست بێ خۆم باران دەبارێنم.» كەشيش گوتى: «ئەگەر وايە باشترە تۆ لە شوێنى خۆت بمێنييەوە، خـوا يار بێ لە دەرفـەتێكى تردا دێمـەوە لات.» بەرپرسـى تيمـارسـتكان زۆر پێكـەنى تا ئەو ڕادەيەى كـە كـەشـيش لـەبەر شـەرم و خـەجـاڵەتى سـوور هـەڵگەڕا. وە بەڵام خـوێندەوارى چارەڕەشى ئێمـەش كاربەدەسـتانى شـێتخـانە دەست بـەجێ جلوبەرگيـان لەبەر داڕنى و خستيانەوە شوێنى خۆى! وە حيكايەتى ئێمەش هاتە كۆتايى.»

دۆن كيشـۆت گوتى: «بـاشـە، جـەنابى ئاغـاى دەلاك، ئەوە بـوو ئەو نەقڵەى كە دەتفـەرمـوو دەگـەڵ حـاڵ و بارودۆخى ئـێمــە ئەوەندە يەكـتـر دەگـرنەوە كـە لە گـێـڕانەوەى خـۆت پێ ڕانەگيرێ؟ ئاخ ئەى ئاغاى ڕدێن تاش! ئەى ڕيش تـاش. چەندە كوێرە ئەو كەسـەى نەتوانێ لە پشت بێژينگەوە ببينێ! ئايا مومكينە جەنابتـان نەزانن كە هەڵسـەنگاندنێكى كە خـەڵك لە نێوان تێگەيشتن دە گەڵ تێگەيشتن،ئازايەتى دە گەڵ ئازايەتى، جوانى دەگەڵ جوانى و ڕەسەنايەتى دەگەڵ ڕەسەنايەتى، هەميشە ناحەز و بێجێ و ناماقووڵانەيە؟ من بەش بەحاڵى خـۆم ئەى دەلاكى بەڕێز دەڵێم كـە من نێپـتـۆنى خـوداى ئاوەكـان نيم و چاوەڕوانيش نيم بەپيـاوێكى مـاقـووڵ و تێگەيشـتـووم دابنێن، چون بەهۆش و تێگەيشـتـوو نيم، من تەنيـا لەو ڕێبـازەدا تێ دەكۆشم كە بەخـەڵكى دنيـا حـاڵى بكەم ئەوەى كە نايانەوێ چاخـى پاڵەوانانى سەرگـەردان بووبووژێننەوە، تووشـى خـەتايەكى گەورە دەبن. دەورانـى خـراپ و بۆگەنى ئێمە شايانى ئەوە نييە كە لە سەعادەت و بەختەوەرى لە تاريف كردن نەهاتووى دەورانێك سوود وەربگرێ كە پاڵەوانانى سـەرگەردان، بەرگرى لە وڵات و ئاگەدارى لە كيژان و دەسـتگرتنى هـەتيـوان و سـزادانى بەدكـاران و پاداش دان بەكـەوتووان يان كـردبووە ئەركى سـەرەكـيى خۆيان. زۆربەى پاڵەوانانى سـەرگەردانى ئەم سەردەمـەى ئێستا لەبـەر خشە خشى ليباسى حـەرير و ئەتڵـەس و زەڕى و پـارچـەى گرانبـاييـتر كـە دەبەرى دەكـەن، زۆرتـر لە زرێى كـە بۆ شـەڕ لەبەرى دەكـەن حـەز وەردەگـرن. ئەمڕۆ ئيـتـر پاڵەوانێكى سـەرگـەردان كـە سـەرتاپێ



چەكدار، لە بيابانـدا بخـەوێ و لەگەڵ هـەواى سـارد و گەرم و ناسازگار بسـازێ، بوونى نييە؛ ئيتر پاڵەوانێكى سەرگەردان نادۆزييەوە كە لەسەر پشتى سوارە بەر، پاڵ وە نێزەكەى بدا و بخـەوێ و بەخـەونووچكە و دە بيـرە وە هۆش چوون خـۆى بحـەسـێنێتـەوە؛ ئيتـر پـاڵەوانێك نەمـاوە لە مێشـەيـەك دەرپەڕێ و هـەڵكوتێتـە ناو چيايەكى ئەسـتەم و ئەوەندە بڕوا تا دەگاتە لێوارى چۆڵ و هۆڵى دەريا كـە شـەپۆلە قـەڵسـەكانى دەريا چەپۆكانى بەسـەردا دەدەن و لەوێ لۆتكەيـەك بدۆزێتـەوە بـێ بايـەوان و سـەوڵ و دەكـەڵ و سـوكـان(*)، وە بەدڵێكـى ئازاوە خـۆى بخـاتە ناو ئەو لـۆتكەيە و دەگـەڵ شـەپۆلان و هـەڵچـوون و داچوونى دەريا بـەربـەرەكـانێ بكا و شەپـۆلەكان جـارێك بيگەيننە ئاسـمـان و جارێك بيهێننە ناو قووڵاييى گەرداوێك، بەڵام ئەو ورە بەر نەدا و بەغـەزەب و قينەوە دەگـەڵ تۆفانـى سامناك و قـورس و بەخـرۆش بەشـەڕ بێ، پاشان بێ ئەوەى خۆى فكرى لێ كردبێتەوە، تێ بگا كە سێ هـەزار فرسـەخ لەو شوێنە دوور كـەوتووەتەوە كـە لەوێ سـوارى لۆتكە بووبـوو و كـەوتووەتە وڵاتێكى كـەس نەناس و بێ ناو و نيـشـان؛ ئەو دەم لە لۆتكە بێتـە دەر و بڕواتە سـەر لێـوارى ئەو سـەرزەمـينە نەناسـراوە و دەگـەڵ ڕووداوى پڕ مەترسى و گەورە ڕووبەروو بێتەوە كە نە تەنيا شايانى نووسين لەسـەر كاغـەز بن بەڵكو دەبێ لەسـەر تـەبەقى زێڕين هەڵكەندرێن و بنووسـرێنەوە. ئەمـڕۆ زەمـانێكە كە تەمبەڵى و كـەودەنى بەسەر تێكۆشان و چالاكى، بێكارى و خوێريگەريەتى بەسـەر كار و زەحمـەتدا، عـەيب و ڕەزاڵەت بەسـەر تەقـوا و فـەزيلەت، و بێ حـەيايى بەسـەر جوامـێريدا، خـەيالْ پلاو لە كارى شـەڕ و بەربەرەكانێدا، بەسـەر كردەوەى پيـاوانەدا زاڵ بوون و چەكى ئازايان و بوێران بێجگە لە سـەردەمى زێڕيندا لە نێو پاڵەوانانى سـەرگـەرداندا، درەوشانەوە و تـرووسكـەى نـەبووە. ئەگـەر بێجگە لەوە شـتـێك هـەيە بفـەرمـوون بزانم كێ پاكداوێنتـر و ئازاتر بوو لە «ئامـاديسى گۆل»؟ چ كـەسێك لە «پاڵمێرنى» ئينگليسـتـان بەهۆشـتـر و زانـاتر بوو؟ چ كـەسێك بـەخـولْق خـۆشـيى تەيرانى سـپى هاتە سـەر دنيـا؟ چ كـەسێك عـاشـقـتـر و شـەيداتر لە «ليسـوارت» Lisvart ى يۆنان بوو؟ چ كـەسێك بەقـەدەر «دۆن بێليـانس» بريندار بوو يا دوژمنى بريندار كرد؟ چ كـەسێك بێباكتـر و بەورەتر لە «پريۆنى دۆ گۆويلْ» Perion de govel بيندراوە. چ كـەسـێك بێ پـەرواتر لە «فليكس مـارسى ديركـانى» دە ئەويندارى و گـوتوبێـژى عـاشـقـانە دەگـەڵ خـاتوونان بيندراوە؟ كـام پـاڵەوان ڕاسـتگۆتر و پيـاوتر لە «ئيسـپلانديان» بـووە؟ كێ دە غـيـرەت و بوێريدا گـەياندوويەتـە «دۆن ژيرۆن ژيليـۆ دۆتراس»؟ كێ دلێرترە لە «روودمۆن»؟ كێ هـەيە لە تەدبير و تێبينيدا بگاتە «سوڵتانى سوبرين»؟ ئازاتر و بەجەرگـتر لە «رنۆكـە» كێ ديويەتى؟ كێ هـەيە وەك «ڕۆلان» هـەرگيـز دە شكان نەهاتبێ؟ چ

کەسێک بەئەدەب و میهرەبانتر لە «رۆژە» بووە؟ پاڵەوانێک کە بەبڕوای «توورپن» دەکتێبی ئەستێرە ناسیی خۆیدا، بنەماڵەی دووکەکانی «فیرار»[٣١٧] Ferrar لە تۆرەمەی ئەوانن. تەواوی ئەم ناوداران و پاڵەوانانە و زۆر کەسی تریش کە من دەتوانم ناویان بەرم پاڵەوانی سەرگەردان بوون و دەسەردەمی خۆیاندا شانازی و ڕووناکیی دنیای پاڵەوانی بوون. مەبەستی من لەو پێشنیارەی کە دەمویست بیدەمە خزمەت خاوەن شکۆ ئەوە بوو کە لەم جۆرە پاڵەوانانە لە دەرباری خۆیدا کۆ بکاتەوە. ئەگەر ئەو ناودارانە لە دەرباری پادشادا بووایەن، خاوەن شکۆ پێداویستیی بەو هەموو خەرج و موخاریجە نەدەبوو، چون پاڵەوان زۆر مەردانە خزمەتیان پێ دەکرد و سوڵتانی تورک بێجگە لەوەی ڕیشی خۆی بڕنێتەوە، چارەیەکی پێ نەدەما. جا، بەو هەمووە شەوە کە من ناچار دەبێ لەسەر جێگەی خۆم بمێنمەوە، چون کەشیش نایەوێ لە شێتخانە دەرم بێنێ وە ئەگەر بەفەرمایشی جەنابی دەلاک، ژوپیتێر ئیشتیای لە باران باراندن نییە، من لێرە حازرم و هەرکات ویستم باران دەبارێنم؛ من ئەو قسە بۆیە دەکەم کە جەنابی «... سەلمانی» بزانێ من دە قسەکانی دەگەم!

دەلاک گوتی: «جەنابی ئاغای دۆن کیشۆت، بەڕاستی مەبەستی من سووکایەتی کردن بەپێوانەی پیرۆزی حەزرەتی جەنابت نەبوو، وە چون نییەتێکی خراپم نەبوو خودا ڕوحمم پێ بکا. جەنابتان نابێ برەنجێن و ناڕەحەت بن.» دۆن کیشۆت گوتی: «من خۆم زانی کە تووڕە بم یا نەبم.» لەم جێگەیەدا کەشیش وە دەنگ هات و گوتی: «هەر چەند هێشتا لێوم هەڵنەپچڕیوە، قسەیەک بڵێم بەڵام بابەتێک هەیە کە وەک خۆرە دەروونم دەخواتەوە و ویژدانی شێواندووم، ئەو بابەتەش لە فەرمایشتەکانی دۆن کیشۆتەوە لە دەروونمدا سەری هەڵدا.» دۆن کیشۆت گوتی: «جەنابی کەشیش هەر چی دڵت دەیەوێ بیفەرموو، ئیجازەی هەموومان بەدەست ئێوەیە. کەوابوو فەرمایشتی خۆتان بفەرموون چون خودا بەردار نییە کەسێک بەویژدانی ناڕەحەتەوە بێدەنگ بێ.» کەشیش گوتی: «زۆر باشە، ئێستا کە ئیزنتان دام، قسەی خۆم دەکەم کە ئەویش ئەمەیە: من بەهیچ کلوجێک ناتوانم دڵی خۆم ڕازی بکەم، ئەو شتە قەبووڵ بکا کە ئەو هەموو پاڵەوانە سەرگەردانە لە دنیادا هەبووبن و وەک خەڵکی ئەم جیهانە خاوەنی گۆشت و پێست و ئێسقان بووبن؛ بەپێچەوانەوە من وای بۆ دەچم کە تەواوی ئەم کەسانە بێجگە لە ئەفسانە و درۆ یا پڕ و پووچ شتێکی تر بووبن و

---

٣١٧– توورپن کتێبی ئەستێرەناسیی نووسیوە و ناوبردنی دووکەکانی فیرار بە«ڕۆژەش» قسەی ئەو نییە، بەڵکو لە کتێبی «رۆڵانی تووڕە» نووسینی ئادێوست نەقڵ کردووە کە ڕۆژە قارەمانی سەرەکی ئەوە. (لوویی ویاردۆ)



سەربهووردە.... و حیکایەتەکانیش ئەفسانەی دەست پەروەردەی خەیاڵن کە خەڵکی بەخەبەر یا باشترە بڵێم نیوە خەواڵوو بۆ ئەوانی تریان گێڕاوەتەوە. دۆن کیشۆت گوتی: «ئەوەش هەڵە و خەتایەکی ترە کە جەماوەرێکی گەورە بڕوایان بەبوونی پاڵەوانانی سەرگەردان لە دنیادا نییە. بەڵام من زۆر تێ کۆشاوم و زۆرم لێکۆڵینەوە دەگەڵ زۆر تاقم و دەستە لە خەڵک کردووە تا ڕاستییەکان بسەلمێنم و تیشکی ڕووناکی بخەمە سەر ئەو مەسەلە گرینگە. لەم کارە گرینگەشمدا زۆر جار بەهیچ جێیەک نەگەیشتووم، زۆر جاریش توانیومە لەسەر بنەمای ڕاستی و حەقیقەت پلانی خۆم دابەزێنم. ئەم مەسەلەیە وەها زەق و بەرچاوە کە بەوێرانەوە دەڵێم من ئامادیسی گۆلم بەچاوی خۆم دیتووە؛ دەتوانم بڵێم کە ئەو مرۆڤێکی کەڵەگەتی سپی پێست بووە بەریشێکی ڕەش و تۆپ و بەنیگایەکی نیوە شیرین و نیوە تووڕە و وشک و بێ ڕەزایانە. لەسەر یەک پیاوێک بووە کە دەگەڵ قسە کردندا درەنگ دەرهەڵ بووە و زۆر زوو خاو بووەتەوە. من هەر وەک «ئامادیسی گۆل»م پێ ناساندن، دەتوانم باسی پاڵەوانی دیکەشتان بۆ بکەم و نیشان و عەلامەت و تایبەتمەندییەکانی تاکە تاکەیان بۆ ئێوە ڕوون کەمەوە. وە چون یەقینی تەواوم هەیە کە ئەوەی لە بارەیاندا دەیگێڕنەوە، هەمووی بێ زیاد و کەم دروستە، دەتوانین وەک فەیلەسووفێک لە ڕووی ئاکار و هونەرنوێنی و چالاکییەکانییەوە ڕەنگی ڕوخسار و قیافە و تایبەتمەندییەکانیان بێنینە بەر چاو.» دەلاک پرسی: «جەنابی دۆن کیشۆت، بەرای ئێوە «مورگان»ی دێو چ جۆرە هەیکەل و قیافەیەکی هەبووە؟» دۆن کیشۆت گوتی: «لەمەڕ دێوان دەبێ بڵێم لە بنەڕەتدا ئەو باسە هەیە کە ئایا دێوەکان لەسەر دنیا هەبوون یا نەبوون و لەم بارەوە بیروڕای جیاواز گەلێک هەیە. بەڵام کتێبی پیرۆز کە بەقەدەر زەڕەیەک لە ڕاستی دوور نەکەوتووەتەوە دەڵێ دێو هەیە. ئەوەش لە شوێنێکدایە کە باسی حیکایەتی «گۆلیاب»، دێوی فەلەستینی دەکا و دەڵێ بەرزیی باڵای حەوت زەرع[*] و نیو بووە. دیارە قەد و قەوارەیەکی ئەوتۆ سەیروسەمەرەیە. هەروەها لە دوڕگەی سیسیلدا لوولاکی دەست و لاق ئێسقانی شان و پیل و پێ، دۆزراوەتەوە کە لێکیان داوەتەوە هی دێوەکان بووە و بەرزیی باڵایان بەقەدەر بورج و قەڵا بووە. ئەم ڕاستییە بەدەلیلی ئەندازە (هەندەسە)ش مسۆگەر دەکرێ. بەو هەموو زانیارییەیشەوە من ناتوانم بەوردی پێت بڵێم کە قەد و قەڵافەتی مۆرگانی دێو چەندە بووە، بەڵام نابێ زۆر گەورە بووبێ چون لە زۆر جێ خوێندوومەتەوە کە دەبن میچدا خەوتووە و کەسێکیش بتوانێ دەژێر میچ و لە ناو خانووبەرەدا بحاوێتەوە، دیارە نابێ زۆر زەبەلاح بووبێ. کەشیش گوتی: «تەواو دروستە». وە چۆن لەو تووڕەهات و هاتەران پاتەرانەی دۆن

کیشۆت زۆری حەز دەبرد ئەوجار باسی شکڵ و قیافەی «ڕێنۆ دۆمۆتۆبان» و ڕۆلان و باقیی سوارانی دوازدەوانەی فەڕەنسی کە هەموو پاڵەوانی سەرگەردان بوون لێی پرسی: دۆن کیشۆت گوتی: «لەمەڕ «ڕێنۆ» دەتوانم بەڕاشکاوی بڵێم کە پیاوێکی دەموچاو پانی درشت و ڕەنگ سوور و سپی بووە، چاوی زیت و وریا بوون. پیاوێک بوو زۆر تووڕە و تۆسن و یار و یاوەری جەردە و ڕێگران بووە. وە بەڵام لەمەڕ ڕۆلان یا ڕۆتلان یا ئۆرلان (چون مێژوو هەر سێک ناوی لەسەر داناوە) من پێم وایە، یا بەیەقین عەرزت دەکەم کە پیاوێکی ناونجی و چوار شانە بووە و لە ئەژنۆکانیدا کەمێک خوارایی بەر چاو کەوتووە. ڕوخساری گەنم ڕەنگ، ڕیشی زبر و کورت و سوور و بەدەنی مووی زۆر بووە و نیگای ترسناک و پڕ هەڕەشە و قسەی کورت و بڕندە و خوێشی پاڵەوانێکی دڵۆڤان و بەئەدەب و بەتەربیەت بووە. کەشیش گوتی: ئەگەر جوانی و ڕەزاسووکیی «ڕۆلان» بەو ئەندازە بووە کە جەنابت باسی دەکەی کەوابوو جێگەی سەر سووڕمان نییە کە خاتوون ئانژلێک ئەوی نەویستووە و عاشقی جوانی و بەژن و باڵای تازەلاوێکی عەرەب بووە کە تازە خەتی سمێلانی داوە و گەنجینەی جوانی و جەماڵی خۆی لەبەردەستی ئەو لاوە نەو نەمامە ناوە. بەڕاستی کە ئانژلێک لەوەدا کە جوانی و ڕەزاسووکیی «مێدور»ی لەسەرەوەی هەیبەت و تووڕەییی ڕۆلان داناوە، بەتەواوی زەوق و سەلیقەی خۆی نیشان داوە.» دۆن کیشۆت گوتی: «جەنابی کەشیش ئەو ئانژلێکە ئافریدەیەکی سووکەسەر و هەوەسباز بوو. کچێکی ئەهلی ڕابواردن و عەیش و نۆش بوو کە هەر چەندی بەجوانی ناوبانگی ڕۆیشتبوو ئەوەندەش بەسووکی و بێ بەند و باری ناوی دەرکردبوو. ئەو بەچاوی سووک تەماشای هەزاران پیاوی گەورە و پاڵەوانی بەرزەفڕ و هۆشمەندی دەکرد و خۆی دا دەست لاوێکی عەڕەب کە ڕیشێکی نەرمی وەک بەرگنی[*] بەسەر چەناگەیەوە ڕوا بوو. عەرەبەش غولامێک بوو کە نە سەروەت و سامانێکی بوو نە پلە و پایەیەک. تەنیا ئەوەندە نەبێ کە تا ئاخر بۆ دۆستی خۆی وەفادار مایەوە. شاعیر و تەرانە بێژێکی بەناوبانگ کە لە پێهەڵاگوتنی جوانی و جەماڵی ئەودا لە هەموو کەسی تێ پەڕاندووە، یانی ئارڕیۆیسی گەورە کاتێک دەبینێ کە ئانژلێک بەمجۆرە خۆی هێناوەتە ڕیزی خوارەوەو گەورەیی و ناوبانگی خۆی دەژێر پێ ناوە، یا ناوێرێ،یان زات ناکا کە سەرگوزەشتی شەرماویی ئەو پاش ئەو کارە ناحەزە بگێڕێتەوە و بەدەنگ بیلێ، ناچار ئەو کچە بەحاڵی خۆی بەرهەڵدا دەکا و دەڵێ:

«بەڵام چۆن ئەو عەسای پادشاییی چینی وەرگرت، من لە گوتنی ئەوە عاجزم، شایەد یەکێ تر بەچەنگێکی باشتر نەغمەی ئەو ڕووداوە بڵێتەوە.»



بێگومان ئەم واژانە وەک دەنگێک لە غەیبەوە بوون، چون شاعیران هەمیشە خۆیان بە فریشتەی غەیبی دادەنێن و پێشگۆییەکەی ئاردیۆسیش وەڕاستگەڕا. چون لەوان ڕۆژان بەدواوە یەکێک لە شاعیرانی ناوداری ئەندلۆس تەرانەیەکی بەناوی فرمێسکەکانی ئانژلێک[318] گوت و یەکێک لە شاعیرانی کاستیل کە هیچ کەس لە ڕوانگەی ناو و ئاوازەوە نەگەیوەتە ئەو، لە تاریفی جوانی و جەماڵی ئەودا بەنەغمە و سروود دەنگی دایە[319] دەلاک لەو کاتەدا هەودای قسانی بەدەستەوە گرت و گوتی: «جەنابی دۆن کیشۆت ئایا دەنێو ئەو هەموو شاعیرانەدا کە بەئانژلێکیان هەڵاگوتووە، کەس نەبووە هەجوی بکا؟ دۆن کیشۆت گوتی: «من وای بۆ دەچم ئەگەر «ساکریپان» یا ڕۆلان شاعیر بووایەن ئەو کارەیان دەکرد. چون یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شاعیران ئەوەیە کاتێک کەوتنە بەر بێ وەفایی و جەفای دڵبەر، جا چ دڵبەرەکەیان ئەم بێ مەیلییە نیشان بدا یا بیشارێتەوە، دە هەجویدا شێعران دەڵێن و بەقەسیدەی پڕ لە تەوهین تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە، بەڵام ئەو تەرزە تۆڵەکردنەوانە لە پیاوانی ئاوا شایستە نییە. لەبەرئەوە من تا بەئەمڕۆ هیچ هەجوێکم لەمەڕ ئانژلیک کە دنیای سەروبن کردبوو، نەبیستووە. کەشیش گوتی: «بەڕاستی موعجیزەیە!» لەو کاتەدا دەنگی لەناکاوی هاوار هاواری خوشکەزا و کەیبانوو کە چەند ترووکەیەک[*] بوو لە مەجلیس دەر کەوتبوون لە حەوشەوە گەیشتە گوێ و حازران هەموو ڕاست بوونەوە و بەدوای ئەم هەرا هەرایەدا ڕۆیشتن.

---

٣١٨– فرمێسکەکانی ئانژلیک کاری «لوویی بارانۆنۆ» شاعیری ئێسپانیایی کە دۆستی نزیکی سێروانتێس بوو.

٣١٩– شاعیری کاستیلی، هەمان لۆپ دۆ وێگا شاعیر و نووسەری دەستڕەنگین کە دیوانە شیعرێکی بەناوی Le her mosura de angelica نووسیوە. (مۆریس باردۆن)

٢

## لەمەڕ شەڕە دەندووکەی سەختی سانکۆپانزا

## دەگەڵ خوشکەزا و کەیبانووی دۆن کیشۆت و باقیی ڕووداوە خۆشەکان

دەگێڕنەوە کە ئەو دەنگەی کە بەگوێی دۆن کیشۆت و کەشیش و دەلاک گەیشت لە کەیبانوو و خوشکەزاکەیەوە بوو کە دەگەڵ سانکۆپانزا بەدمەقاڵە هاتبوون؛ هۆیەکەی ئەوە بوو سانکۆ دەیویست بەزۆر بێتە ناو ماڵ و ئەوانیش دەرگایان قەپات کردبوو، نەیاندەهێشت وەژوور کەوێ. کەیبانوو دەنگی هەڵێنابوو و دەیگوڕاند: «ئەم ڕێگرە چیی لە ئێمە دەوێ؟ بڕۆ کابرا! وەدەرکەوە! ئەوە هەمووی خەتای تۆیە ئەربابەکەمان فریو دەدەی و لەو دەشت و بیابانە دەیهێنی و دەیبەی! ئەوە هەمووی تۆ پێی دەکەی!» سانکۆ لە جوابدا گوتی: «بڕۆ ئەی کەیبانووی شەیتان! ئەوەی فریوی خواردووە و ئاوارەی دەشت و سەحرایە منم، نە ئەربابی تۆ. تۆ لەم بوارەوە بەهەڵەدا چووی، چون ئەوە کە من دەگەڵ خۆی لەو دنیایەدا دەخولێنێتەوە. ئەوە کە بەفێڵ و فریو لە ماڵی خۆمم دەردەکێشێ و قەولی دوڕگەیەکی پێ داوم کە ئێستاش چاوەڕوانیی دەکەم.» خوشکەزای دۆن کیشۆت گوتی: «ئەی سانکۆی غەزەب لێگیراو، خودا بتکوژێ بۆ خۆت و دوڕگەت! ئاخر دوڕگە یانی چی؟ ڕەنگە دوڕگە خواردەمەنییەک بێ! دەک بەسندانت بێ چلێسی نەوسن! سانکۆ گوتی: «نە بابە، دوڕگە خواردەمەنی نییە، شتێکە کە دەبێ بەسەریدا دەسەڵاتداری بکەی؛ شتێکە بەتاقی تەنیا لە چوار شار باشترە و تەنانەت لە پلە و پایەی چوار دادوەری دەرباری بەنرخترە.» کەیبانوو گوتی: «بەو حاڵەشەوە، ئەی هەمبانەی فەساد و ئەی کووپەی خەیانەت! من ناهێڵم تۆ بێیتە ناو ئەو ماڵە. بڕۆ ماڵی خۆت ئاوەدان کەوە و زەوییەکانت شێو کەوە و دەست لە دوڕگە و موڕگە هەڵگرە.»

کەشیش و دەلاک لەو هەرا هەرایە زۆر خۆشحاڵ بوون، بەڵام دۆن کیشۆت لە ترسی ئەوەی مەبادا سانکۆ زبان بکاتەوە و قسەی بێ تام و بێ مانا زۆر بکا کە بەزەرەری ئەربابەکەی بشکێتەوە، ژنەکانی بێدەنگ کرد و سانکۆ وە ژوور کەوت و کەشیش و دەلاک کاتێک تێ گەیشتن کە دۆن کیشۆت لە جاران زیاتر غەرقی هەوسبازیی پاڵەوانەتییە و پێی چەقاندووە کە ببێتەوە پاڵەوانی سەرگەردان، لە چاک بوونەوەی ئەو ناهومێد بوون و لە





ماڵەکەی وەدەر کەوتن. لە ڕێگەدا کەشیش بەدەلاکی گوت: «هاوڕێ هەربینا دیتت یەکێک لەو ڕۆژانە نەجیب زادەی گەورەی ئێمە لە قەفەس دەرپەڕی.» دەلاک گوتی: «هیچ شکم دەوەدا نییە، بەڵام من بەوە سەرم لێ ئەستوور بووە ئەم مەیتەرە بێ عەقڵە چۆن خۆی بەهیوای دوڕگە ئاوارە دەکا و بەهیچ شێوەیەک حازر نییە دەست لەو خەیاڵە پووچەڵە هەڵبگرێ!» کەشیش گوتی: «خودا ڕەحم بەهەر دووکیان بکا، بەڵام ئێمە دەبێ وریا بین و بزانین ئاخری کاری ئەو پاڵەوان و مەیتەرە بەکوێ دەگا، چون جارێ وەزعی ئەم دووانە بەجۆرێکە کە دەڵێی هەر دووکیان لە قالبێکدا دروست کراون و دێوانەیییەکانی ئەرباب بەبێ کەریەتی و ساویلکەیییەکانی مەیتەرەکەی بایی تووڕێکە.[*]» دەلاک گوتی: «ئەم فەرمایشتە بەتەواوی دروستە، بەڵام دەمەوێ بزانم ئێستا چ پیلانێک دادەڕێژن.» کەشیش گوتی: «خەیاڵت ئاسوودە بێ، خوشکەزا و کەیبانوو پێمان دەڵێن دەیانەوێ چ بکەن، چون ئەوان لەو ژنانە نین لە پشت دەرگا و کەلێن و قوژبنان خۆ نەگرن و گوێ نەدەنە قسەکانیان.»

لەو کاتەدا دۆن کیشۆت سانکۆی بردبووە ژووری خۆی و دەرگای لە هەمووان داخستبوو. کاتێک هەر دووکیان بەتەنیا مانەوە پاڵەوان گوتی: «سانکۆ، بەوەی کە گوێم لێ بوو دەتگوت من تۆم لە ماڵ و ژیان هەڵبڕیوە، زۆر ناڕەحەت بووم، وە ئەگەر دیسان ئەو قسەیە بکەیتەوە ناڕەحەتتریش دەبم، چون منیش وەک تۆ لە ماڵی خۆم نەبووم. ئێمە هەر دووکمان پێکەوە سەفەرمان کردووە و پێکەوە بێر و بەوێدا ڕۆیشتووین و چاک و خراپ هەر چی دیتوومانە بۆ هەر دووکمان بووە. ئەگەر جارێک تۆیان هاوێشتووەتە ناو لێفە و هەڵیان پەڕاندووی، سەد جار جەستەی منیان دەژێر دار و چۆماغدا وردوخاش کردووە. بەهەرحاڵ ئەمنیش هەر وەک تۆ بووم.» سانکۆ گوتی: «هەر چی دەگەڵ تۆیان کرد، هەمووی دە جێی خۆیدا بوو، چون خۆت دەتفەرموو بەڵا و موسیبەتی گەورە و چکۆلە بۆ میزاجی پاڵەوانانی سەرگەردان خۆشترە تا بۆ مەیتەرەکان.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ تۆ بەهەڵە چووی، چون وەک پێشینیان دەڵێن «ئەگەر سەرت وەژان کەوت هەموو گیانت دەگەڵی دێشێ.» سانکۆ گوتی: «ئەرباب من بێجگە لە زمانی خۆم هیچ زمانێک نازانم.» دۆن کیشۆت گوتی: «مەبەستم ئەوەیە من کە ئەربابی تۆم وەک سەری تۆ وام و تۆش وەک ئەندامێکی منی. بەو دەلیلە نارەحەتیی من ئی تۆش هەیە و منیش بەناڕەحەتیی تۆ تێک دەچم.» سانکۆ گوتی: «بەڵێ بەپێی قاعیدە دەبێ هەر وابێ، بەڵام لە کاتێکدا کە من، یانی ئەندامێکی تۆیان دەلێفەی هاویشتبوو، سەمایان پێ دەکردم، سەرم کە جەنابتان بن لە پشت دیوارەکە

ڕاوەستابوو، چاوی لە سەمای من بڕیبوو و هەستی بەهیچ ئێش و ئازارێکیش نەدەکرد. لە حاڵێکدا بەپێی فەرمایشتی خۆتان ئەگەر ئەندامانی بەدەن دەبێ سەرئێشە هەست پێ بکەن، سەریش دەبێ دەرووداوێکی ئاوادا ئێش و ژانێک هەست پێ بکا.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ، ئایا مەبەستت ئەوەیە ئەو دەم کە تۆیان دەلێفەکەدا هەڵداویشت، من هەستم بەهیچ ئازارێک نەدەکرد؟ ئەگەر بەڕاستی مەبەستت ئەوەیە، ئەبەدا قسەی وا مەکە، چون لەو سەعاتەدا زۆرتر لە خۆت کە دەردی جەستەت دەچێشت من ئازاری ڕۆحیم دەدیت. بەهەرحاڵ با جارێ لەو قسانە بگەڕێین، چون ڕۆژێک دێ پێکەوە دابنیشین و ئەو باسانە بکەین و هەڵیان سەنگێنین،جارێ پێم بڵێ خەڵکی ئاوایی لەمەڕ من دەڵێن چی و بیروڕای گشتی و خەڵکی عەوام و نەجیب زادە و ئەربابەکان لەسەر من چۆنە؟ لەمەڕ ئازایەتی و زۆری باسکی من و فەتح و هۆنەرەکانم و هەروەها لە بارەی ئەدەب و نەزاکەت و کەسایەتیی من دەڵێن چی و لەو بابەتەدا کە من دەمەوێ ئاینی فەرامۆش کراوی پاڵەوانانی سەرگەردان لە دنیا زیندوو بکەمەوە، چۆن داوەری دەکەن؟ بەکورتی سانکۆ من دەمەوێ هەرچی لەو بابەتانە بەگوێت گەیشتووە بێ ئەوەی لێی زیاد و کەم بکەی، جا با بەزەرەری منیش بێ، بۆم بگێڕیتەوە. لە تایبەتمەندییەکانی پیاوی پادشا ئەوەیە کە هەرچی دەیبینن و دەیبیسن ڕاستییەکەی بگێڕنەوە و لەبەر دڵخۆشیی ئەو شتێکی لێ زیاد نەکەن و یان لەبەر ڕێزگرتن شتێکی لێ نەقرتێنن. سانکۆ دەمەوێ بزانی کە ئەگەر ڕاستییەکان ڕووتوقووت و بێ ڕازاندنەوە و لقوپۆپ لێ زیاد کردن بەگوێی شازادەکان گەیشتبا، سەدە و سەردەمی خۆشتر بەسەر ئێمەدا تێ دەپەڕین و ئەو سەردەم و زەمەنەی بەناوی سەردەمی زێڕین ناوزەد کراوە دەبەرامبەر دەورانی ئێستادا، ناوێکی بێجگە لە سەردەمی ئاسن پێ نەدەدرا. سانکۆ من ئەو قسانەم بۆ وشیاری و ئاگاداربوونەوەی تۆ گوت تا لەمەڕ ئەو پرسیارەی من لە تۆم پرسی بەعەقڵی تۆکمە و نییەتی پاک جوابم بدەیتەوە.» سانکۆ گوتی: «ئەربابی من، ئامادەم لە ناخی دڵمەوە فەرمانی تۆ بەڕێوە بەرم، بەو مەرجەی بەڕێزتان لەوەی عەرزتان دەکەم، نارەحەت نەبی. چون خۆت دەفەرمووی کە من هەر چی بیستوومە بێ زیاد و کەم و هەر چۆنێکی بیستوومە بەخۆتانی بڵێم.» دۆن کیشۆت گوتی: «من بەهیچ کلۆجێک نارەحەت نابم، کەوابوو سانکۆ تۆ دەتوانی بەسەربەستی و بەتێرادیوی بێ پێچ و پەنا قسەم دەگەڵ بکەی.» سانکۆ گوتی: «زۆر باشە، کەوابوو یەکەم شتێک کە دەبێ عەرزت بکەم، ئەوەیە کە ئەو خەڵکە تۆیان پێ دێوانەیە و منیش کەر و بێ عەقڵ. نەجیب زادەکان دەڵێن تۆ پێت لە بەڕەی خۆت زیاتر ڕاکێشاوە و لە خۆڕا لەقەبی «دۆن»ت داوە بەخۆت و بەچوار لۆقاو





باغی ترێ و ڕەز و دوو جەریب(*) زەوی و شڕە لیباسێکەوە خۆت هێناوەتە نێو نێوان و لاسای ئەربابان دەکەیتەوە. ئەربابەکانیش دەڵێن کە پێیان خۆش نییە نەجیبزادەکان بچنە ناو ڕیزی ئەوانەوە، بەتایبەت ئەو نەجیب زادانەی تەنیا بەکاری مەیتەری و نۆکەری دێن و کەوشەکانیان بەدوودە ڕەش دەکەنەوەو گۆرەوی ڕەش بەدەزووی سەوز پینە دەکەن.» دۆن کیشۆت گوتی: «ئەوە کە هیچ پێوەندییەکی بەمنەوە نییە، چونکە من هەمیشە جلوبەرگی تازە و پاک و خاوێن دەبەر دەکەم و پینەم بەلیباسەکانمەوە نییە. ئەڵبەتە لەوانەیە جاروبار لیباسەکانم دە شەڕەکاندا بەنووکە نێزە و شمشێر بپچڕێن، نەک لەبەر کۆنی و ڕزیوی.» سانکۆ گوتی: «وە بەڵام لەمەڕ ئازایەتی و زۆری شان و باهۆو ئەدەب و نەزاکەتی حەزرەتی ئێوە و هونەرنوێنی و کاری خۆتان بیروڕای خەڵک جۆرباجۆرە: هێندێک بەشێتت دەزانن، بەڵام شێتێکی ڕوح سووک و خوێن شیرین، زۆر کەس دەڵێن ئازا و بەجەرگی، بەڵام بەخت و یەغباڵ دەگەڵت سازگار نییە، دەستەیەک دەڵێن پیاوێکی بەئەدەب و نەزاکەتی و لە هەمان حاڵدا خەڵک ئازار دەدەی، بەکورتی با پێت بڵێم لە هەموو بوارێکەوە ئەوەندەمان باس دەکەن هەر مەپرسە و شوڕت و شۆمان دەشۆن(*) و چییان بۆ تێدا نەهێشتووینەوە.» دۆن کیشۆت گوتی: «دیوتە سانکۆ، فەزیلەت و پاکی هەرچەندی بەرز و تەواو بێ، دیسانیش هەر لۆمە و لەقەمی لەسەرە. باوەڕ کە هیچ کام لە پیاوانی گەورەی قەدیمی نەیانتوانیوە لە تانە و تەشەر، جا با کەمیش بووبێ، ڕزگاری بێ. ژوول سێزار قەیسەری ڕۆم کە سەردارێکی ئاوا لێهاتوو بوو، تاوانبار کرابوو کە زۆر ملهوڕ و گەورەییخوازە و لیباسی پاک و خاوێن دەبەر ناکا و ئەخلاقی خراپ و پیاوێکی نەحاواوەیە. لەمەڕ ئەسکەندەر کە لەبەر فەتح و زەفەر ناوی «گەورە»یان پێ دابوو، دەیانگوت مەیخۆرەوەیە و هەموو کات مەست و سەرخۆشە. کە باسی هێرکوول دەهاتە گۆڕێ، دەیانگوت مێ بازە و داوێنپیسە؛ لەمەڕ «گالائۆر»ی برای ئامادیسی گۆل گوتیان کە زۆرتر لە ئەندازە تووڕە و سەرکێشە و بەخودی ئامادیسیش دەڵێن زۆر گرینۆک بووە. کەوابوو ئەی سانکۆی بێ ئەنوای خۆم ئەو تۆمەتانەی لە منی دەدەن لە بەرامبەر ئەو هەموو تۆمەت و تاوانبارییە کە دەیدەنە پاڵ گەورەپیاوانی دنیا هەر هیچ نییە و دەبێ فەرامۆشی بکەی، بەو مەرجەی هەر ئەوەندە بێ کە گوتت و چی تر نەبێ.» سانکۆ هاواری لێ بەرز بووەوە کە: «ئەی ئەرباب هێشتا کوێت دیوە؟» دۆن کیشۆت گوتی: «چۆن مەگەر شتێکی تریش ماوە؟» سانکۆ گوتی: «قوربان کەللەی زل ئەوە دە بن لێفەدایە. تا ئێستا هەرچی عەرزم کردی هەر ئەوە بوو کە بەڕاستی سزاواری تۆیە، بەڵام ئەگەر دەتەوێ لە چەند و چۆنی تۆمەت و تاوانێ کە لەمەڕ تۆ بڵاو کراوەتەوە, ئاگەدار

بیتەوە هەر ئێستا دەچم و کەسێکت بۆ بانگ دەکەمە ئێرە کە هەموویت بێ کەموزیاد و خاڵێک ئەم لاو ئەولا بۆ بگێڕێتەوە. دوێنێ پاش نیوەڕۆ کوڕی بارتۆلۆمی کراسکۆ Bartolome Carrasco کە لە سالامناک دەرسی خوێندووە و تەواوی کردووە گەڕاوەتەوە گوند. کاتێک بۆ بەخێر هاتن چوومە لای، گوتی کە داستانی جەنابتیان بەنێوی نەجیب زادەی فەرزانە دۆن کیشۆتی مانش بەکتێب بڵاو کردووەتەوە. هەر وەها گوتی کە باسی منیشی تێدا هاتووە و بەناوی ئاسایی خۆم سانکۆپانزا ناویان بردووم. هەر وەها ناوی خاتوون دۆلسینە دۆتۆبۆزۆ و زۆر شتی تریش کە هەر لە نێو خۆماندا بووە، باس کراوە. بڕوام پێ بکە، من وەک شێتان خاچم کێشا و سەرم سوڕما کە کابرای نووسەر ئەم شتانەی لە کێ بیستووە و لە کوێی زانیوە.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ من بەمتمانەوە پێت دەڵێم کە نووسەری داستانی ئێمە دەبێ حەکیمێکی جادووگەر بێ. هیچ شتێک لەبەر چاوی ئەوانە ون نییە و هەموو شت دەنووسن.» سانکۆ گوتی: «سوبحانەڵڵا! من بەتەواوی بڕوام ئەوەیە کە نووسەر هەم حەکیم بووە هەم جادووگەر، چون وەک سامسۆن کاراسکۆی خوێندکار دەگێڕێتەوە، نووسەری ئەو کتێبە سەید حامید بادمجان[٣٢٠]ییە.

دۆن کیشۆت گوتی: «ئەم ناوە هی عەرەبەکانی مەراکیشە.» سانکۆ گوتی: «بێگومان هەر وایە چونکە بیستوومە عەرەبەمەراکێشییەکان، باینجان زۆر دەخۆن.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ پێم وایە تۆ لەمەڕ لەقەبی ئەو سەیدە بەهەڵەدا چووی. ئەوەش بزانە کە »سەید» بەعەرەبی یانی «ئاغا».» سانکۆ گوتی: «ڕەنگە ئەوەی دەیفەرمووی هەر وابێ بەڵام ئەگەر پێت خۆش بێ هەر ئێستا دەچم ئەو خوێندەوارەت بۆ دێنم.» دۆن کیشۆت گوتی: «دۆستی خۆشەویست، زۆرم پێ خۆشە، ئەوەی گوتت منی زۆر نیگەران کرد و تا نەزانم مەسەلەکە چۆنە، پارووی نانم ناچێتە ناو زاری.» سانکۆ گوتی: «زۆر باشە، من ئێستا دەچم دەیبینمەوە.» پاشان ئەربابی خۆی بەجێ هێشت و بەشوێن خوێندەواردا چوو و زۆری پێ نەچوو، دەگەڵ خۆی هێنای و لە نێوان ئەم سێ کەسەدا وتووێژێکی شیرین دەستی پێ کرد.

٣٢٠- سانکۆ لەجیات «سەید حامید ئەنجەلی» دەڵێ سەید حامید باینجانی. چونکە لە زبانی ئێسپانیاییدا بەهەڵکەوت ئەو دوو واژەیە «ئەنجەلی و باینجانی» وەک یەک بێژ دەکرێن.



٣

## لەمەڕ گوتوبێژی پڕ لە پێکەنین و گاڵتەی

## دۆن کیشۆت و سانکۆپانزا و سامسۆن کاڕاسکۆی خوێندکار

دۆن کیشۆت زۆر دەفکرەوە چووبوو، چاوەڕوانی هاتنی کاڕاسکۆی خوێندکاری دەکرد و هیوادار بوو بابەتێکی زۆر لەمەڕ خۆی کە بەپێی قسەکانی سانکۆ بەکتێب بڵاو کرابووەوە، لە زاری خوێندکارەوە ببیسێ. دۆن کیشۆت نەیدەتوانی باوەڕ بکا کە کارێکی ئەوها کرابێ، چون ممکین نەبوو داستانی ئەو هەموو ئازایەتی و پاڵەوانەتییە بەو هەڕمەییە چاپ و بڵاوکرابێتەوە؟ دۆن کیشۆت لای خۆی وای دانا کا، جادووگەرێکی حەکیم، جا چ دۆست چ دوژمن، بەهێزی سیحر و جادوو، ئاگەداری لە بەسەرهاتی ئەو دەست کەوتووە و داوێتی بەچاپخانە. بەڵام ئەگەر جادووگەر دروست بووبێ، کارەکانی ئەوی بەگەورەیی نیشان داوە و هونەرنوێنییەکانی بردووەتە ڕیزی گەورەترین هونەرنوێنی و شاکارەکانی پاڵەوانەتی کە بەدرێژاییی مێژوو وێنەی نەبیندرابێ و ئەگەر دوژمنیش بووبێ کارەکانی بەبێ کەڵک و بایەخ هێناوەتە ئەژمار و وای نیشان داوە کە کاری ئاوا خوێڕییانە و بێ بایەخ لە لایەن هیچ مەیتەرێکی پەست و نانەجیب ئەنجام نەدراوە. دۆن کیشۆت لەو فکرانەدا بەخۆی گوت: «بەو حاڵەشەوە تا ئێستا هەرگیز کاری مەیتەرانیان دەکتێبەکاندا نەنووسیوە و ئەگەر ڕاست بکەن و کتێبی ئاوا هەبێ، چون باسی پاڵەوانێکی سەرگەردانە، ناچار دەبێ بەرز و بەشکۆ نووسرابێ، ئەم فکرە هێندێکی ئارام کردەوە، بەڵام چون بەوشەی «سەید» کە لە پێش ناوی نووسەردا هاتبوو، تێ گەیشت کە ئەو یەکێک لە عەرەبەمەراکێشییەکانە و لە هیچ کام لەوانە ناتوانی چاوەڕوانی ڕاستگۆییت هەبێ، دووبارە غەم بەسەریدا زاڵ بووەوە، چون عەرەبی مەراکێشی ورد و درشت هەموویان درۆزن و ناڕاست و فێڵ بازن، دۆن کیشۆت لەوە ترسا کە نەکا نووسەر لەمەڕ دڵدارییەکانی ئەمەوە خراپ دوابێ و قسەی سووک و بێ نەزاکەتی نووسیبێ. چون بێ ئەدەبییەکی لەم چەشنەی وەک سووکایەتی و تەوهین بەرامبەر بەخاتوون دۆلسینە دۆتۆبوزۆ دەزانی و ئارەزووی دەکرد کە نووسەر دە کتێبی خۆیدا ئیشارەی بەوە کردبێ کە پاڵەوان چەندە بەخاوێنی و پاکییەوە دڵبەری خۆی خۆش ویستووە و لەبەر خاتری ئەو خۆی دە خاتوونانی حەڕەمی پادشایان و کیژە جوانەکانی پلەبەرز و نەجیب زادە نەگەیاندووە و هەوەس و مەیلی سەرکێشی غەریزەی

خۆی لغاو کردووە. بەڵێ دۆن کیشۆت دەو فکرانەدا بوو کە سانکۆپانزا و سامسۆن کاراسکۆ گەیشتن و پاڵەوان زۆر بەدڵۆڤانی و میهرەبانییەوە وەریگرتن.

خوێندکار، گەرچی ناوی سامسۆن بوو، ڕەشید و کەڵەگەت و چوار شانە و تێکسرِماو نەبوو، بەڵام لاوێکی زۆر سەگ و حەرامزادە و لەبنەوەبڕ[*] بوو. زەردەڵ و ڕەنگ پەڕیو بوو، بەڵام شوێنەواری عەقڵ و زیرەکی لە نێوچاوانیدا دیاری دەدا. نزیک بیست و چوار ساڵە دەهاتە بەر چاو؛ دەم و چاو خڕ و لووت پان و زار گەورە بوو، ئەوانەش هەموو نیشانەی ئەوە بوو کە پیاوێکی گاڵتەباز و شەیتان سیفەت و ئیشتیا لە جەفەنگ بوو. زۆری ئیشتیا لەوە بوو گاڵتە بەئەم و ئەو بکا و کەیفی خۆیان پێ تەخت بکا و پێ بکەنێ. وەک دەبینین ئەم خووخدەیەی لە خزمەت دۆن کیشۆت زۆر زوو نیشان دا. سامسۆن دەگەڵ چاوی بەدۆن کیشۆت کەوت بەپەلە ڕۆیشتە بەرەوە و خۆی هاویشتە سەر پێی پاڵەوان و گوتی: «ئەی حەزرەتی پاڵەوانی ناودار، دۆن کیشۆتی مانش، تکا دەکەم ئیزنم پێ بدە دەستی مبارەکتان ماچ بکەم. سوێندم بەجلوبەرگی ڕۆحانیی پێترۆسی پیرۆز کە من دەبەرم کردووە، گەرچی لە ڕەهەندی سەیر و سلووکی[*] دینیدا بێجگە لە چوار ئەرکی[321] سەرەتایی، ئیزنی کاری تریان پێ نەداوم، بەڵام دەزانم کە حەزرەتی بەڕێزتان یەکێک لە ناودارترین پاڵەوانانی سەرگەردانن کە تا ئەمڕۆ هاتوویەتە سەر دنیا، یان لەمەودوا دێن. خۆش بەحاڵی سەید حامید کوڕی نەنجەلی کە داستانی دلاوەرییە گەورەکانی ئێوەی نووسیوەتەوە، وە دە جار شەڕەف و شانازیی بەنسیبی ئەو پیاوە پیرە بێ کە زەحمەتی وەرگێڕانی ئەم داستانەی لە زبانی عەرەبییەوە بۆ سەر زبانی عامیانەی کاستیلیی خۆمان وەعۆدە گرت، تا هەموو کەس حەزی لێ وەربگرن و پێوەی سەرگەرم بن.»

دۆن کیشۆت سامسۆنی لەبەر پێی خۆی بەرز کردەوە و گوتی: «بەو قەرارە ڕاستە کە لەمەڕ من کتێبێک نووسراوەو نووسەرەکەش عەرەبێکی جادووگەرە؟» سامسۆن گوتی: «بەڵێ قوربان، ئەو قسە بەتەواوی دروستە و باش ئاگەدارم کە تا ئێستا دوازدە هەزار بەرگی لێ چاپ کراوە. ئەگەر باوەڕ نافەرمووی لە شاری لیسبۆن و بارسێلۆن و والانس کە ئەم کتێبەیان چاپ کردووە، نموونەتان بۆ و تەنانەت دەشڵێن کە ئێستا لە شاری ئانۆرسدا لە ژێر چاپ دایە.[322] من بەش بەحاڵی خۆم لام وایە کە پاش ماوەیەکی کەم،

---

٣٢١- ئەم چوار ئەرکە بریتین لە: دەرگاوانی، دوعاخوێنی، دەرکردنی جندۆکە و مجێوریی کلیسا.

٣٢٢- لە کاتێکدا کە سێروانتێس خەریکی نووسینی ئەم بەشە بوو لە بەرگی یەکەم سێ چاپ لە مادرید، دوو چاپ لە لیسبۆن، دوو چاپ لە والانس، دوو چاپ لە بروکسێل و چاپێک لە میلاندا بڵاو کرابوونەوە. (مۆریس باردۆن)





هیچ نەتەویەک نامێنێ و هیچ زبانێک نابێ کە ئەم کتێبەی نەبێ و پێی نەنووسرابێ.» دۆن کیشۆت گوتی: «شتێکی کە دەبێ ببێتە مایەی خۆشحاڵیی پیاوی گەورە ئەوەیە، کە دە ماوەی ژیانی خۆیدا ناوبانگی خۆی ببیسێتەوە و هەست بکا کە ناوی پاکی و باس کردنی بەچاکەی زار بەزار دەگەڕێ و کتێبی لەسەر دەنووسن و بڵاوی دەکەنەوە. گوتم، باس کردنی بەچاکە، ئەگەر پێچەوانەی ئەمە بێ، هیچ مەرگێک دەردناکتر و بەکارەساتتر لەوە نابێ.» خوێندکار گوتی: «ئەگەر مەبەست ناوبانگی گەورە و خۆش ناوی بێ، بەڕێزتان تاجی شانازیتان لە نێو هەموو پاڵەوانانی دنیا ڕفاندووە. چون نووسەری عەرەب بەزبانی خۆی و وەرگێڕی مەسیحی بەزاراوەی مەڵبەندی خۆی لە تاریف کردنی نەجیبی و شەڕافەتی ئێوەدا بەدرێژی دواون و لە ئازایەتی و نەترسیتان لە بەرامبەر مەترسیدا، لە خۆڕاگریتان دەبەرامبەر بارودۆخی نالەباردا، لە سەبر و ئەهۆەنیتان دەهەڵگرتنی باری سەختی سەدەمە و زەبری گورچو بڕدا، وە کورتی ببڕمەوە لەبەرزە ورەی عاشقانە و پاکیتان دەبەستێنی دڵداریدا بەرامبەر بەدۆنا دۆلسینەی نازدار زۆر شتیان نووسیوە.» سانکۆپانزا قسەی خوێندکاری بڕی و گوتی: «من تا ئێستا نەمبیستبوو لەقەبی »دۆنا» بدەن بەخاتوون دۆلسینە و ئەویان هەمیشە بەناوی سادەی «خاتوو دۆلسینە دۆ تۆ بۆزۆ» ناو بردووە؛ کەوابوو هەر لێرەوە داستانەکە هەڵەی تێ دەکەوێ.» کاراسکۆ گوتی: «ئەم ئیرادە زۆر گرینگ نییە.» دۆن کیشۆت گوتی: «بەڵێ بەڕاستی گرینگ نییە، بەڵام جەنابی خوێندکار، پێم بڵێ بزانم لەم مێژووی ڕووداوانەدا لە کام یەک لە فەتح و هونەرنوێنییەکانی من زۆرتر لە هەمووی تاریف کراوە؟» خوێندکار گوتی: «لەم بارەوە بیر و بۆچوون و سەلیقەکان جیاوازن، جەماعەتێک زۆرتر سەرنج دەدەنە سەر ڕووداوەکانی ئاشە باییەکان کە بەڕێزتان لاتان وابوو غوول و دێوەزمەن و هێندێک ڕووداوی «ئاودینگ»ەکانیان پێ سەیرترە، ئی وا هەیە زۆرتر باسی ئەو دوو لەشکرە دەکا کە دواتر بەمێگەلەمەڕ دەرچوون و ئەوی تر داستانی ئەو جەنازەیەی کە دەیانبردە «سەگوێی» تا ئەسپەردەی خاکی بکەن. یەک دەڵێ ڕووداوی ئازاد کردنی «سزادراوەکان بەکاری دژوار» لە هەمووی سەیرترە و ئەوی تر دەڵێ هیچ کام لە بەسەرهاتەکان ناگاتە زاڵ بوون بەسەر ئەو دوو ڕۆحانییە هەیولایانە و شەڕی بیسکایی ئازا. سانکۆ دیسان قسەی خوێندکاری بڕی و لێی پرسی: «جەنابی خوێندکار بفەرموو لەو کتێبەدا باسی قەتارچیانیی یانگواسی کە ڕۆسێ نانت کاری دا دەست ئێمە، کراوە یا نە؟» خوێندکار جوابی داوە: «بێگومان، چون ئەو جادووگەرە هەموو شتێکی باس کردووە و چیی بەجێ نەهێشتووە. لەو کتێبەدا هەر چی ڕووی داوە نەقڵ کراوە و تەنانەت

هەڵبەزدابەزی سانکۆی میهرەبانیشی لە نێو لێفەکە تێدا باس کراوە.» سانکۆ گوتی: «من دە لێفەدا هەڵنەدەبەزیمەوە، دە حەواداسەمام دەکرد.» دۆن کیشۆت گوتی: «وەک من تێی دەگەم لەم دنیایەدا هیچ مێژوویەکی مرۆڤ تووش نابی، کە هەوراز و نشێوی تایبەتی خۆی نەبێ. بەتایبەت مێژووی پاڵەوانانی سەرگەردان کە هەموو کات پڕ لە ڕووداوی شیرین و ئاخرخێر نییە.» خوێندکار گوتی: «دەگەڵ ئەوەشدا لە نێو ئەوانەی کە مێژووی بەسەرهاتی بەڕێزتیان خوێندووەتەوە دەستەیەک دەڵێن هێندێک لەو هەموو کوتەک و چۆماغ و تێهەڵدان و زەبرەی لە بەڕێزتان دراوە دەبووایە بەشی زۆری نەنووسن و فەرامۆشی بکەن.» سانکۆ گوتی: «ڕاستگۆییی مێژوویی ئەو پێویستییە دێنێتە گۆڕێ کە هەموو شت بگوترێ.» دۆن کیشۆت گوتی: «نەخێر وانییە و نووسەران دەیانتوانی بەشێکی زۆر لەو ڕووداوانە فڕێ بدەن. چون باس کردنی ڕووداوگەلێک کە قرتاندنیان زیانێک بەمێژوو ناگەیەنێ زۆر پێویست نییە. ئەگەر ڕاستییەکەت دەوێ هەرگیز «ئەنە» ئەوەندە خاوێن و پارێزگار نەبووە کە «ویرژیل» باسی دەکا و هەرگیز «ئۆلیس» ئەوەندە کارزان و تێبین نەبووە کە هۆمەر گوتوویەتی.» سامسۆن گوتی: «بەتەواوی دروستە، بەڵام لە نێوان شێعر گوتن و مێژوو نووسیندا جیاوازی هەیە. شاعیر دەتوانێ ڕووداوەکان نە ئەو جۆرە کە بوون یا هەن، بەڵکو ئەو جۆرەی کە دەبێ بن حیکایەت بکا یا بیانهۆنێتەوە، بەڵام مێژوو نووس دەبێ ڕووداوەکان، نە بەمجۆرەی کە دەبێ بن، بەڵکو ئەو جۆرەی کە بوون، بێ زیاد و کەم، بێ ئەوەی بەقەدەر بڕووکەیەک لە ڕاستی لابدا، بنووسێ.» سانکۆ گوتی: «ئەی ماڵی وێرانم، ئەگەر کاری ئەو عەڕەبە راست نووسین بووبێ، بێگومان دەگەڵ باس کردنی ئەو دار و چۆماغانەی وە ئەرباب کەوتوون باسی کوتەک کاری و ئەو تێ هەڵدانانەشی کردووە کە بەر من کەوتوون، چون هەرگیز نەبوو کە دارێک لە نێوشانی ئەو بدەن و پاشان من خوری شۆڕ نەکوتن! بەو حاڵەشەوە جێگەی سەرسوڕمان نییە، چون وەک ئەرباب دەڵێ کاتێک سەر ژان بکا، باقیی ئەندامانیش تووشی ناڕەحەتی دەبن.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ تۆ پیاوێکی شۆخی بازی و هەرکات بتەوێ شتێک وەبیر خۆت بخەیتەوە بیرگەت یاریدەت دەکا.» سانکۆ گوتی: «وە ئەگەر بمەوێ زەبری کوتەک و چۆماغەکان کە وێم کەوتوون فەرامۆش بکەم، ناتوانم، چون بەبوونی ئاسەوار و برینی ئەو دارانە لەسەر جەستەم لە بیر بردنەوە چ سوودێکی هەیە؟» دۆن کیشۆت گوتی: «باشە سانکۆ چی تر قسەی بەڕێز خوێندکار مەبڕە، چون من دەمەوێ تکای لێ بکەم درێژە بەقسەکانی بدا و پێم بڵێ چی تریان نووسیوە.» سانکۆ گوتی: «وە لەمەڕ منیش هەر چی نووسیویانە پێم بڵێ چون منیش یەکێک لە کەسە





گرینگەکانی ئەو کتێبەم.» سامسۆن گوتی: «هاوڕێ سانکۆ تۆ لە کەسایەتییە گرینگەکانی کتێبەکەی، نە لە کەسەکان.» سانکۆ گوتی: «بیسمیللا! ئەوەش بوو بەمەلای دوازدە عیلم و دەستی کرد بەئیراد گرتن! ئەگەر قەرار بێ لەو وردە ئیرادانەمان لێ بگری ئەو داستانە تا ڕۆژی قیامەت تەواو نابێ!» خوێندکار گوتی: «سانکۆ خودا زەلیلم بکا ئەگەر بەدرۆ وا بڵێم. بەو خودایەی کە لە ژووری سەرمانە تۆ دووەمین کەسایەتیی گرینگی ئەو کتێبەی، تەنانەت کەسانێک هەن کە قسەکانی تۆیان پێ لە قسەکانی قارەمانی یەکەمی کتێبەکە خۆشتر و بەڕێوجێتره. بەڵام جەماعەتێکیش هەن کە پێیان وایە تۆ بنیادەمێکی زۆر سادە و خۆش باوەڕی و لەوەی کە پێت وابووە دەتوانی ببیتە دەسەڵاتداری دوڕگەیەک کە جەنابی دۆن کیشۆت، حازر لەم دانیشتنەدا، وەعدەی پێ داوی، تووشی هەڵە بووی.» دۆن کیشۆت گوتی: «تازە سەرەتای کارە. وە باوەڕ بکە هەر چی ڕۆژگار زۆرتر بەسەر سانکۆدا تێ پەڕێ بەهۆی ئەو ئەزموونانەی کە بەمرووری زەمان وەدەستی دێنێ، ئامادەیی زۆرتری بۆ دەسەڵاتداری گیر دەکەوێ.» سانکۆ گوتی: «ئەی ئەرباب، دوڕگەیەکی کە من نەتوانم بەو تەمەنەی ئێستا هەمە کاروبارەکەی هەڵسووڕێنم، بەعومری نووحیشەوە ناتوانم هەڵی سووڕێنم. عەیبی کار لەوەدا نییە کە من عەقڵ و هۆشی ڕاپەڕاندنی کاروباری ئەو دوڕگەیەم نەبێ، بەڵکو لەوەدایە کە دوڕگە خۆشارنەوەکێنم لەگەڵدا دەکا.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ، تۆ کارەکان بەخودای مەزن بسپێرە، خاترجەم بە کە هەمووی بەباشترین شێوە جێبەجێ دەبن و تەنانەت لەوانەیە باشتر لەوەی تۆ فکری لێ دەکەیتەوە، بەڕێوە بچن چون بێ ویستی خوداوەند گەڵا بەسەر دارەوە نالەرێتەوە.» سامسۆن گوتی: «فەرمایشەکەت بەجێیە، ئەگەر خودا بیەوێ سانکۆ لە جیات یەک دوڕگە سەد دوڕگەی وەدەست دەکەوێ.» سانکۆ گوتی: «بەو خودایە من هەر بەو ڕیختەوە کە لێرە دانیشتووم حاکم و ئەمیری وام دیتووە کە بەپانییەی(*) کەوشی(*) خۆمیان نازانم. بەو حاڵەشەوە پێیان دەڵێن: خان و بەگلەر و حەزرەتی ئەرباب و خاوەن شکۆ و هەموویان دە دەوریی زێودا نان دەخۆن.» سامسۆن گوتی: «ئەو کەسانەی کە تۆ دەڵێی خاوەن دوڕگە نین،بەڵکو لەو حاکم و دەسەڵاتدارە ئاساییانەن و هیچ نین. بەڵام ئەوەی دەبێتە خاوەن دوڕگە دەبێ لانی کەم «سەرف و نەحو» بزانێ.» سانکۆ گوتی: «ئەگەر مەبەستت «سەرفە کردن» و قازانج بردنە من باشی لێ دەزانم، بەڵام نازانم «نەحو» چ ئیشێکە و بۆ چی باشە، چون تا ئێستا ناویم نەبیستووە؛ بەهەرحاڵ باشترە باسی شتێکی نەکەین کە من نەزانم چییە و کاری دەسەڵاتداریش بەخودای گەورە دەسپێرم، ئەو دەتوانێ من بنێرێتە هەر جێیەک کە زۆرتر

خەریکی عیبادەت و خزمەتی ئەو بم. کورتی کەمەوە جەنابی کاراسکۆی خوێندکار، عەرزی من ئەوەیە کە من زۆر قەرزباری نووسەری ئەو داستانەم و زۆری لێ مەمنوونم کە بەجۆرێکی وای باس نەکردووم کە ببمە هۆی نارەحەتی و کەسەری خەڵک؛ وە بەئیمانی خۆم سوێند دەخۆم ئەگەر ئەو نووسەرە خراپی لەسەر نووسیبام، بەهاواری ڕەخنەی خۆم گوێی ئەو گەردوونەم کەڕ دەکرد!» سامسۆن گوتی: «ئەگەر وا بووایە موعجیزەت دەکرد.» سانکۆ گوتی: «من موعجیزە و غەیری موعجیزە نازانم؛ هەر کەس دەبێ وریای نووسراوە و گوتار و قسەی خۆی لەسەر کەسانی تر بێ و هەر هاتەران پاتەڕانێکی بەسەر زار یا قەڵەمەکەی داهات نەیڵێ و نەینووسێ.» خوێندەوار گوتی: «یەکێک لەو عەیبانەی دەو کتێبەدا دێتە بەر چاو، ئەوەیە کە نووسەر داستانێکی لاوەکیی بەناوی «کون پشکنی بێ تەدبیر»ی ڕەگەڵ داستانە سەرەکییەکەی خستووە. ئەڵبەتە نامەوێ بڵێم ئەو داستانە باش نووسراوە یا خراپ، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە جێگەی ئەم داستانە ئەو شوێنە نییە و هیچ جۆرە پێوەندییەکی دەگەڵ بەسەرهاتی جەنابی دۆن کیشۆت نییە. سانکۆ گوتی: «مەرج دەبەستم ئەو سەگ باوکە توور(*) و کەلەمی تێکەڵ کردووە.» دۆن کیشۆت گوتی: «لەم بارەوە دەبێ بڵێم نووسەری داستانی من کە نووسەری مێژووی منە نابێ حەکیمێکی جادووگەر بێ، بەڵکو بەبڕوای من کەرێکە لەو دەشتە و زۆری لێ دەڵێ و بێ فکر لێکردنەوە و قووڵبوونە دەستی داوەتە قەڵەم و داستانی منی نووسیوە. کاری ئەو وەک کاری «ئۆربانیژای» وێنەگری ئۆبێدا[٣٢٣] وایە کە وەختێک لێیان دەپرسی، ئەوە وێنەی کێیە دەیکێشێ، لە جوابدا دەیگوت: «ئەوە وێنەی هەر کەسێکە کە بەم شوێنەدا ڕادەبرێ.» ئەم وێنەگرە جاروبارەش وێنەی کەڵەشێرێکی ڕەسم دەکرد کە زۆر دروست و تەواو بوو، لە بنی دەنووسی: «ئەمە وێنەی کەڵەشێرە». من وای تێ دەگەم کە باسی بەسەرهاتی منیش وەک کاری ئەم وێنەگرەیە و پێویستی بەروون کردنەوە هەیە تا خەڵک دە ماناکەی بگەن. خوێندکار گوتی: «خێر، خێر. داستانی تۆ زۆر ڕوون و ئاشکرایە و هیچ گرێ و گۆڵێکی تێدا بەدی ناکرێ. منداڵان کتێبی بەسەرهاتی تۆ هەڵدەدەنەوە، لاوان دەیخوێننەوە و پیران ئافەرینی پێ دەڵێن. بەکورتی داستانی بەڕێزتان ئەوەندە خوێندراوەتەوە و دەست بەدەست ڕۆیشتووە و ئەوەندی نێوبانگ دەرکردووە تا بارگینێکی کز و لاواز و مردەلۆخە دەبینن هاوار دەکەن: «ئەوەتا، ئەوەتا ڕۆسی نانت!» بەڵام ئەوانەی کە زۆرتر ئەو کتێبەدەخوێننەوە نۆکەرەکانن. بڕوام پێ بکە لە پاشخانە و قاوەخانەکانی هیچ خانێک نییە کە کتێبی دۆن

٣٢٣– Ubeda.







کیشۆتی لێ نەبێ. هێشتا یەکێک لە خوێندنەوەی کتێبەکە نەبووەتەوە، ئەوی تر دەیرفێنێ و دەست دەکا بەخوێندنەوەی. ڕاستییەکەی کتێبی بەسەرهاتی بەڕێزتان باشترین و خۆشترین ئامرازی خافڵاندن و سەرگەرمییە و کتێبێک کە کەمتر لەوە زیانی بووبێ تا ئێستا نەبیندراوە، چون لە تەواویدا واژەیەک نادۆزییەوە پێچەوانەی شەڕافەت و ئەخلاق نووسرابێ و هیچ فکرێکی تێدا نییە، دەگەڵ بنەما و بیروڕاکانی ئاینی کاتۆلیک یەکتر نەگرنەوە.» دۆن کیشۆت گوتی: «نووسەرێک بەپێچەوانەی ئەم بنەمایانە بنووسێ درۆزنە و مێژوونووسێکی بەخۆی ئیجازە بدا درۆ بنووسێ دەبێ وەک ئەوانەی سکەی تەزویری دروست دەکەن، بەزیندوویی بیانخەنە ناو ئاگر. من بەراستی نازانم ئەم نووسەرە لەبەر چ هۆیەک بەشوێن داستانی لاوەکیدا گەڕاوە لە کاتێکدا لەمەڕ ژیانی من دەیتوانی زۆر شت بنووسێ. بێگومان ئەو نووسەرە ئەو پەندەی لە بیر بووە کە دەڵێ: «دەتوانی ورگت بەکا و وێنجەش پڕ بکەی.»، بەهەرحاڵ ئەگەر ڕاستتان دەوێ دەیتوانی بەباس کردنی ڕووداوەکانی ژیان و ڕۆژگاری من و ئاه و ناڵەکانم کتێبێک بنووسێ بەقەدەر «سەرجەمی نووسینەکانی تۆستادۆ»[٣٢٤]. بەڵێ بەڕێزی خوێندەوار بەرهەمی قسەکانم ئەوەیە کە بۆ نووسین و دەرکردنی کتێبی مێژوویی و بابەتی تر نووسەر دەبێ عەقڵ و هۆش و تێگەیشتنێکی تەواوی هەبێ، شۆخی و گاڵتەکردن کە دەگەڵ لوتف و مەعنا تێکەڵ بن، چ بەنووسین و چ بەگوتن، شێوەی پیاوانی خاوەن فکر و هۆشمەندە. لە شانۆگەرییە کۆمێدییەکاندا سەرنجڕاکێشترین دەوری کایەکردن بەعۆدەی دەلقەکی شانۆیە، چون دەورگێڕ نە دەبێ ساویلکە بێ و نە بێ عەقڵ، تا بتوانێ دەوری خۆی بگێڕێ. مێژوو وەک شتێکی پیرۆز وایە، چون دەبێ ڕاستینە و واقیعی بێ و لە هەر جێگەیەک ڕاستەقینە هەبێ خوداش لە وێ هەیە کە سەرچاوەی هەموو ڕاستی و ڕاستەقینەیەکە. بەو حاڵەشەوە کەسانێک هەن کە یەک بەدوای یەکدا، دە دوازدە کتێب دەنووسن، هەر دەڵێی نانی شیرینیی پەنجەکێش دەبرژێنن.» خوێندکار گوتی: «لە دنیادا هیچ کتێبێک ئەوەندە خراپ نییە کە نەتوانی شتێکی باشی تێدا بدۆزیتەوە.» دۆن کیشۆت گوتی: «بێگومان هەروایە بەڵام زۆریش وا هەیە کەسانێک کە بەهۆی پلە و پایەوە لە نووسیندا ناوێک دەردەکەن دەگەڵ نووسراوەکەیان چاپ کرد، پلە و

٣٢٤– تۆستادۆ Tostado ناوبانگی دۆن ئالۆنسۆ دۆمادریکاڵ Don Alanso de Madrigal ئۆسقۆفی شاری ئاویلایە کە لە زەمانی ژانی دووەمدا دەژیا. ئەو نووسەرێکی گەورە و پڕ مایە بوو و ئاسەواری زۆر بەنرخی بەجێ هێشت و لەو ڕوانگەوە کە دۆن کیشۆت دەڵێ بەناوبانگ بوو. (مۆریس باردۆن)

پایەی خۆیان لە دەست دەدەن یا لە گەورەیی ناوبانگیان کەم دەبێتەوە.» سامسۆن گوتی: «دەلیلی ئەم کارە ڕوونە، ئەویش ئەوەیە کاتێک نووسراوەیەک بەچاپ گەیشت خەڵک لە دەرفەتدا دەیخوێننەوە و بەئاسانی عەیبەکانی دەدۆزنەوە و هەر چەندی نووسەرەکەی بەناوبانگتر بێ، خەڵک بەسەرنج و ورد بینییەکی زۆرترەوە ئاسەوارەکانی دەخوێننەوە. ئەوانەی کە بەهۆی نبووغی خۆیان نێوبانگیان وڵاتی تەنیوەتەوە و شاعیرانی گەورە و مێژوونووسانی ناسراو، هەموو کات لە بواری بەغیلی و حەسوودی و ئیرادگرتنی کەسانێک دان کە کار و پیشەیان ڕەخنەگرتن و ئیراد دیتنەوە و داوەری لەسەر ئاسەواری دیترانە، بێ ئەوەی خۆیان بەرهەمێکی فیکریی خۆیان بڵاو کردبێتەوە.» دۆن کیشۆت گوتی: «ئەو باسە بەهیچ جۆر سەیر نییە چون زۆر زانای دینی هەن کە بۆ وەعز و خیتابەو  چوونە سەر میمبەر بەکەڵکی هیچ نایەن، بەڵام بۆ ئیراد گرتن و تانەوتەشەر لێدان لەوانەی کە بەجێی ئەوان دەچنە سەر میمبەر وێنەیان وەگیر ناکەوێ.» کاراسکۆ گوتی: «بەڕێز دۆن کیشۆت، قسەی ڕاست هەر ئەوەیە کە جەنابتان فەرمووتان، بەڵام من دەڵێم بریا ئەو ڕەخنەگرە مێشک وشک و سەختگرانە کەمتریان وەسواس و ئیراد گرتن لە خۆیان نیشان دابایە و بەچاوێکی لێبووردن و سینگ فراوانییەوە بەسەر بابەتەکاندا چووبانەوە. من دەمویست ئەوان لەو پەڵە چووک و کەمبایەخانە کە لە سەرخۆری ئاسەوارەکان جاروبار دەنیشن، چاوپۆشییان کردبایە. ئەوانەی دەڵێن «باشتر وابوو هۆمێر لە جیات شێعر گوتن خەوتبایە» دەبووایە سەرنج بدەنە ئەو خاڵە کە ئەو شاعیرە گەورە چەندەی شەونخوونی کێشا تا نووری شکۆمەندی بەسەر ئاسەواری خۆیدا بڕێژێ و ئەوەندەی لە دەستی دێت نەهێڵێ بکەونە قوژبنی تاریکی و فەرامۆشییەوە. بێجگە لەوەش ئەوەی کە بەڕای ئەو ڕەخنەگرانە وەک عەیب و ئیراد دێتە بەر چاو، لەوانەیە وەک خاڵێک بێ کە سروشت دەیخاتە سەر ڕوخسار و دەبێتە هۆی جوانی و ڕەزاسووکی. بەپێی ئەوەی گوترا من دەڵێم کەسێک بڕیار دەدا کتێبێک بڵاو بکاتەوە، خۆی دەگەڵ مەترسییەکی گەورە ڕووبەڕوو دەکاتەوە، چون ئەوە نامومکینە کە نووسینی ئەو کتێبە ڕەزامەندیی تەواوی خوێنەران پێک بێنێ.» دۆن کیشۆت گوتی: «ئەوەی بەسەرهاتی منی نووسیوە بێگومان تاقمێکی زۆر کەمی ڕازی کردووە.» خوێندکار گوتی: «بەپێچەوانەوە، چون ژمارەی کەسانێک کە لە داستانی بەڕێزتان حەزیان وەرگرتووە دە ئەژمار نایەن. دەستەیەک لەم خوێنەرانە نووسەری داستان بەوە تاوانبار دەکەن کە بیر و هۆشی کەمە و لە بیری چووە بڵێ کێ کەری سانکۆی دزیوە. لە حیکایەتەکەدا هەر ئەوەندە گوتراوە کە دزێک کەری سانکۆ دەبا و هێندێک دواتر دیسان





دەبینین سانکۆ بەسواریی کەرەکەی دێت و دەچێ، بێ ئەوەی گوترابێتەوە سانکۆ کەرەکەی دەست کەوتووەتەوە.[٣٢٥] هەروەها ڕەخنە لە نووسەر دەگرن کە ڕوونی ناکاتەوە ئەو سەد ئەشرەفییە زێڕەی کە سانکۆ لە چیاکانی «سێرامۆرنا»دا لە نێو چەمەداندا دۆزییەوە چییان بەسەر هات. هەموو خوێنەران دەیانەوێ بزانن سانکۆ چی لەو پارەیە کرد و چۆنی خەرج کرد و ئەمە خاڵێکی گرینگە کە ئەم کتێبەی عەیب دار کردووە.» سانکۆ گوتی: «ئاغای سامسۆن من ئێستا حاڵ و حەوسەڵەی حیساب و کیتاب و نەزیلە بیستنم نییە، چون تووشی ژان گەدەیەکم کە ئەگەر هەرچی زووترە بەدوو شووشە شەڕابی کۆن، چارەی نەکەم لەسەر چوارچێوەی ئەشکەنجەی «سێنت لووسی»[٣٢٦] چوارمیخم دەکێشێ. من لە ماڵەوە شتێکم بو خواردن هەیە و خێزانم چاوەڕوانیم دەکا. کاتێک نەهارم خوارد دێمەوە. ئەودەم هەر پرسیارێک لەمەڕ سەد ئەشرەفی و ون بوونی کەرەکەم لە من بکەی، جواب دەدەمەوە.» ئەوەی گوت و زوو خۆی دەرباز کرد کە تووشی پرسیار و وەڵام دانەوەی تر نەبێتەوە.

دۆن کیشۆت داوای لە خوێندکار کرد کە بمێنێتەوە و نەهارێکی سادەیان هەیە پێکەوە بیخۆن. خوێندکار ئەم پێشنیارەی پەسند کرد و بۆ نەهار مایەوە. ئەو ڕۆژە نەهاری دۆن کیشۆت دوو جووجە کۆتری لێ زیاد کرابوو. لەسەر سفرە زۆریان باسی پاڵەوانەتی کرد. کاراسکۆ بەکەیفی خانەخوێ قسەی دەکرد و لە فکر و بیروڕای ئەو پەیرەویی دەکرد. پاش نەهار هەردووکیان بۆی خەوتن. سانکۆ هاتەوە و دیسان وتووێژەکان درێژەی پەیدا کرد.

---

٣٢٥– سێروانتێس ددان بەوە دادەنێ کە لە بەرگی یەکەمدا تووشی هەڵە بووە. بەڵام دیسان تووشی ئەو هەڵەیە دەبێتەوە. ئەڵبەتە ئێمە نەماندەزانی کەری سانکۆ چۆن دزراوە. بەڵام دەمانزانی کە دزەکە هەمان ژێنێس دو پاسامۆنە، ئەو زیندانییەی کە دۆن کیشۆت ئازادی کردبوو. (مۆریس باردۆن)

٣٢٦– سێنت لووسی Sainte Lucie یەکێک لە ژنانی پارێزگاری مەسیحی کە لە سەردەمی نێروندا لەسەر چوارچێوەیەک بەئەشکەنجە شەهید کرا. (محەمەد قازی)

٤

## سانکۆ وەڵامی پرسیارەکانی سامسۆن کاراسکۆ دەداتەوە، هەروەها زۆر باسی تریش کە دەبێ بگوترێن و بزانرێن

سانکۆ هاتەوە ماڵی دۆن کیشۆت و دیسان وتوویژەکان دەست پێ کرانەوە. سانکۆ گوتی: «لەوەیڕا کە جەنابی سامسۆن گوتی وا تێ دەگەم کە دەیەوێ بزانێ کەری من کەی دزرا و کێ دزیی؛ من دە وەڵامدا عەرزی دەکەم هەر ئەو شەوەی کە ئێمە لە دەست «دیوان خانەی هێرمانداد» هەڵدەهاتین، پاش ڕووداوەکە، یانی پاش ئەوەی تووشی «سزادراوەکان بەکاری دژوار» بووین یا پاش تووش بوونی جەنازەیەک کە دەیانبردە «سەگوێی» من و ئەرباب خۆمان دە قوولاییی جەنگەڵێکدا شاردەوە، لەوێ لە حاڵێکدا ئەرباب پاڵی وە نێزەکەی دابوو و منیش لەسەر پشتی کەرەکەم مات بووبووم، وەک ئەوەی چوار دۆشەگی پەڕی قوویان بۆ ڕاخستبێن خرپ خەومان لێ کەوت. زۆر شەکەت بووین و بێر و بەوێدا هەلاتبووین. من خەوەکەم ئەوەندە قورس و گران بوو کە دزی حەرامزادە هاتبووە سەرم و چوار داری وەبن کورتانەکە دابوو و کەرەکەی دەرکێشابوو. من هەروا لەسەر کورتانەکە مابوومەوەو خەبەرم نەبووبووەوە. دۆن کیشۆت گوتی: «ئەوە کارێکی ئاسانە و شتێکی تازە نییە؛ هەر شتێکی لەو چەشنە بەسەر ساکریپان هات. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە ئەو «ئاڵبێراک» Alberaque ی گەمارۆ دابوو. دزێکی بەناوبانگ بەناوی «برونێل» brunel هەر ئەو بەڵایەی بەسەر ئەویش هێنا و ئەسپەکەی لە ژێری دەرکێشا. سانکۆ گوتی: «ڕۆژ بووەوە و من دەگەڵ جوولامەوە و بەخەبەر هاتم دارەکان لە بن کورتان ترازان و من زۆر سەخت بەزەویدا کەوتم. پاشان بەدوای کەرەکەمدا گەڕام و نەمدیتەوە. ئەوجار غوربەتی هەڵی گرتم و ئەوەندەم غەمی کەرەکەم بوو کە هۆل هۆل دەستم کرد بەگریان و ئەگەر نووسەری داستان ئەوەی نەنووسیبێ، بەسەر بابەتێکی زۆر گرینگدا بازی داوە. بەڵێ، جا نازانم چەند ڕۆژ لەو ڕووداو تێ پەڕیبوو کە لە کاتێکدا دەگەڵ شازادە میکۆمیکۆنا سەفەرمان دەکرد کەرەکەی خۆم ناسییەوە و دیتم کە «ژێنیس دوپاسامۆن» ئەو جەردە و ڕێگرە بەدناوە بەسواریی کەرەکەم لەو لاڕا دێ. ئەو ڕێگرەش ئێمە لە زنجیری سێنت هێرمانداد ڕزگارمان کردبوو.» سامسۆن گوتی: «هەڵەی کتێبەکە لەوەدا نییە، بەڵکو لەوەدایە کە نووسەر پێش دۆزرانەوەی کەرەکە دەڵێ سانکۆ بەسواریی هەمان کەر دەهات و دەچوو.» سانکۆ گوتی: «لەم بارەوە





ناتوانم هیچت عەرز بکەم، مەگەر ئەوەی بڵێم کە نووسەر بەهەڵەدا چووە. یا لەوانەیە چاپخانە شتێکی قرتاندبێ.» سامسۆن گوتی: «ڕەنگە هەر وابێ، بەڵام فەرموو بزانم چیت لەو سەد ئەشرەفییە کرد؟» سانکۆ گوتی: «لە کیسەکەم دەرهێنان و خەرجی ژن و منداڵی خۆم کرد. هەر ئەو پارەیە بوو کە خێزانم ئەو هەموو سەفەر و دوورییەی من قەبووڵ بکا و ئەگەر بێ پووڵ و پارە و بێ کەر و بارەبەر گەڕابامەوە چاوی دەردێنام. بەهەرحاڵ ئەگەر ڕوونکردنەوەی زۆرترتان لێم بوێ، حازرم تەنانەت جوابی پادشاش بدەمەوە. ئەوەشتان تکا لێ دەکەم، هێندەم هەڵم مەپێچن و لەو پارەیە مەپرسنەوە، چۆن ئەگەر قەرار بێ ئەو هەموو دار و کوتەکەی وێم کەوتووە لەسەرتان حیساب بکەم و بۆ هەر دارەی تەنیا چوار «ماراودی» داوا بکەم سەد ئەشرەفیی تریشم دەبێ بدەنێ تا قەرەبووی نیوەی ئەوەی وێم کەوتووە، بکەنەوە. کەوابوو هیچمان لە هیچ و با هەر کەس بەوەی بەسەری هاتووە ڕازی بێ و دەنگی لێ نەیە.» کاراسکۆ گوتی: «من تێ دەکۆشم نووسەری داستان لەوەی کە سانکۆ دەیڵێ بەخەبەر بکەمەوە تا ئەگەر ویستی بۆ جاری دووەم کتێبەکەی چاپ بکاتەوە ئەو شتانەی تێ باوێ و بێگومان ئەو شتانە قەدر و قیمەتی کتێبەکەی دەباتە بان.» دۆن کیشۆت پرسی: «ڕاستی بەڕێز خوێندکار، هیچ هەڵە و غەڵەتی تریش دەو داستانەدا هەن کە دەبێ نووسەر ڕاستیان بکاتەوە؟» خوێندکار گوتی: «بێگومان هەیە، بەڵام هیچ کامیان ئەوەندەی ئەوەی گوتم گرینگ نین.» دۆن کیشۆت پرسی: «ڕاستی نووسەر قەولی نووسینی بەرگی دووەمی داستانەکەشی داوە؟» سامسۆن گوتی: «بەڵێ، دە فکری نووسینی بەرگی دووەمیشدا هەیە. بەڵام دەڵێ هێشتا باس و بابەتی پێویستی لەسەر ڕووداوەکانی دوایی دەست نەکەوتووە و نازانی لای کێ دەست دەکەوێ. هەر لەبەرئەوە ئێمە کەوتووینە شک و گومان کە بەرگی دووەم بڵاو دەبێتەوە یان نا. بەهەرحاڵ لە لایەک لەبەر ئەم هۆیانە کە گوتراون و لە لایەکی ترەوە بەدەلیلی ئەوەی هێندێک دەڵێن «لەمەڕ کار و کردەوەکانی دۆن کیشۆت ئەوەی گوتراوە بۆ حەوت پشتمان بەسە و هیچ کات نەبینراوە بەرگی دووەمی کتێب باش دەربچێ» پێم وانییە بەرگی دووەمی دۆن کیشۆت بنووسرێ و بڵاو بکرێتەوە. بەڵام بەو حاڵەشەوە جەماوەرێک هەن کە لایەنی دڵخۆشی و گەشبینییەکانیان بەسەر لایەنی کەسەر و ڕەشبینییەکەیاندا زاڵە و دەڵێن: «دووبارە باسی هونەرنوێنییەکانی دۆن کیشۆتمان بۆ بکەن. دووبارە دۆن کیشۆتمان بۆ سوار بکەنەوە و سانکۆمان بۆ وەقسە بێننەوە و هەر چی بێ ئێمە پێی شاد و سەرمەست دەبین.» دۆن کیشۆت پرسی: «نووسەر خۆی بڕیاری چییە؟» سامسۆن گوتی: «دەفەرمووی بڕیاری چییە؟ دیارە دەیەوێ هەر چی

زووتره باقیی ئەم ڕووداوانه له هەر شوێنێک بێ وه دەست بخا و ڕێکوپێکیان بکا و بیاندا بەچاپخانه، چون هەم قازانجێکی زۆری دەست دەکەوێ و هەمیش نێوبانگی هێندەی تریش بڵاو دەبێتەوە.» سانکۆ پرسی: «بۆ مەگەر نووسەر زیاتر له هەموو شت چاوی له پاره و قازانجه؟ ئەگەر وابێ نابێ ئەوەی بڵاوی دەکاتەوە، شتێکی باش بێته دەرێ. کاری نووسەر لەو بوارەدا وەک کاری جلدروویەک وایه که بیەوی بۆشەوی جێژنی «پاک» جلوبەرگ بۆ جەماوەریکی زۆر ئامادە بکا و جل درووی‌ەکی ئەوها دەڵێ دەبێ بەهەڕەمە و تەقەڵ تەقەڵ کارەکان بکا و جلەکان زۆر خراپ بدروێ. بێجگه لەوەش من لەسەر ئەو بڕوایەم کاری بەپەله و ئەجەله بایی تووڕێکه. کەوابوو بەو جەنابی ئاغای عەڕەبەمەراکێشییه یا نازانم کوێندەرییه بڵێ، ئەوەندەی بۆی دەکرێ وریای کاری خۆی بێ، چون من و ئەرباب له مەڵات[*] و کەرەسەی بیناسازیی ڕووداوی جۆراوجۆری پاڵەوانی ئەوەنده گێچ و ئاهەک لەسەر ماڵە[*]ی دادەنێین که نه تەنیا بتوانێ کتێبی دووەمی پێ ساز بکا بەڵکو سەد کتێبی تریش دابڕێژێ. بێگومان ئەو کابرایه پێی وایه که ئێمه لێره لەسەر جێوبانی نەرم پاڵمان لێ داوەتەوە و کات بەفیڕۆ دەدەین. چ خەیاڵێکی پڕ و پووچ! ئەی کاش بهاتبا و بیدیتبا ئێمه چ نەبەردێکین. شتێکی که من دەتوانم بیڵێم ئەوەیه که ئەگەر ئەربابی من گوێی دابا نسحەتی من ئێمه جارێکی تریش ڕوومان له دەشت و بیابان دەکرد و زوڵموزۆریمان له جیهاندا له ناو دەبرد. هەروەک پاڵەوانانی سەرگەردان پیشەی خۆیانه.»

هێشتا سانکۆ ئەو قسانەی کۆتایی پێ نەهێنابوو که دەنگی حیله حیلی ڕۆسی نانت بەگوێی گەیشت. دۆن کیشۆت ئەو حیله حیلەی وەک ڕووداوێکی باش و خەبەرێکی خۆش وەرگرت و بڕیاری دا، پاش سێ چوار ڕۆژی تر دیسان وەدەر کەوێتەوە. پاڵەوان ویست و بڕیاری خۆی بۆ خوێندەوار باس کرد و ڕاوێژی دەگەڵ کرد که سەفەریی پاڵەوانی خۆی بەرەو چ وڵاتێک و بەچ شێوەیەک دەست پی بکا. خوێندکار گوتی: «بەرای من واباشه ده پێش هەموو جێگەیەکدا بچنه ئاڕاگۆن و خۆتان بگەیەننه شاری ساراگۆس، چون زۆری پێ ناچێ که لەو شارەدا، بەبۆنەی جێژنی پاکی سێن ژۆرژ، کێ بەرکێی پاڵەوانی بەشێوەیەکی زۆر گرینگ بەرپا دەکرێ و حەزرەتی بەڕێزتان دەتوانن بەشداریی تێدا بکەن و له نێو پاڵەوانانی ئاڕاگۆندا نێوبانگ دەربکەن و ئەوەش مسۆگەره که زاڵ بوون بەسەر پاڵەوانانی ئاراگۆندا، وەک ئەوه وایه بەسەر هەموو پاڵەوانانی جیهاندا زاڵ بووبێ.»خوێندکار بڕیاری دۆن کیشۆتی بەبڕیارێکی باش و شەڕافەتمەندانه له قەڵەم دا و نسحەتی کرد که لایەنی ئیحتیات بەر نەدا و ئاگای له خۆی بێ و بەخۆڕاگری و لەسەرخۆیی دەگەڵ ڕووداوەکان





ڕووبەڕوو بێتەوە. چون ئیتر ژیانی ئەو هی خۆی نییه بەڵکو هی داماوان و بێ ئەنوایانه که پێداویستییان بەباسکی توانای ئەو هەیه، تا پاڵەوان له بەدبەختی و ڕۆژەڕەشیدا یارمەتیان بدا و لایەنگرییان لێ بکا. سانکۆ هاواری لێ بەرز بووەوە که: «بەڕێز سامسۆن، بەخودا لەبەر ئەو قسانەیه که من پەنا دەبەمە بەر شەیتان! ئەتۆ چۆن فکر دەکەیەوە؟ ئەربابی من وەک منداڵی چڵێس که بگاته هەرمێ گوڵاوی و ده دوازدەیەکیان یەک جێ و بەدوای یەکدا بخوا، هێرش دەباته سەر سەد کەس و هەموویان سلار[*] دەکاتەوە.

بەڵام بەو حاڵەشەوە جەنابی خوێندکار حەق بەجەنابتانە، هێرش بردن کاتی خۆی هەیه و پاشەکشەش هەروا. وه مرۆڤ نابێ هەموو کات هێرش بەرێ و هاوار بکا که «سانتیاگۆ، پاشان ئیسپانیا!»[۳۲۷] لەوەش تێ پەڕێ وەک من بیستوومه و ڕەنگه له ئەربابی خۆشم بیستبێ، ئازایەتی دەکەوێته نێوان ترسەنۆکی و بێ باکی. ئەگەر ئەوابێ من هەرگیز نامەوێ که ئەربابی من بێ دەلیل له مەیدان هەڵبێ و هەروەها ناشمەوێ له کاتێکدا که هێرش کردن خۆ شێت کردنه، هەڵکوتێته سەر دوژمن؛ بەتایبەتی من بەئەربابی عەزیزی خۆم ڕادەگەیەنم که ئەگەر بیەوێ دەگەڵ خۆی بمبا، من بەو مەرجه حازرم ده خزمەتیدا بچم که ئەرک و کارەکانی شەڕ بۆ خۆی وه عۆدەی بگرێ؛ من هیچ بەرپرسییەک، بێجگه لەوەی ئاگەداری لەو بکەم، وه عۆدەی خۆم ناگرم. یانی تەنیا بەخواردن و حەسانەوەکەی ڕادەگەم و خاوێنی بۆ ڕادەگرم. لەم لایەنەوە من ئامادەی هەموو خزمەتێکم، بەڵام ئەگەر پێتان وابێ دەست دەدەمه شمشێر و بەگژ دوژمندا دەچم، بەتەواوی بەهەڵەدا چوون. جەنابی سامسۆن من هەرگیز نەمویستووه لەمەودواش نامەوێ، ناوبانگ و نێوبەدەرەوییی پاڵەوانان و زانایان وه دەست بێنم، بەڵکو هەموو تەقەلای من ئەوەیه دەڕیزی باشترین مەیتەرانی جیهاندا بم که خزمەتی پاڵەوانانی سەرگەردانیان کردووه. ئێستا ئەگەر ئەربابی من دۆن کیشۆت، بەپاسی ئەو خزمەمەته زۆرانەی پێم کردووه بیانەوێ یەکێک لەو دوڕگانه که خۆی دەڵێ وەدەستی دێنێ بیداته من، لەو لوتف و ئاوڕ وێدانەی ئەو زۆر مەمنوون دەبم وئەگەر نەشیدامێ، ماڵی هەر ئاوەدان بێ. پیاو ڕووتوقووت له دایک دەبێ و ڕووت وقووتیش له دنیا دەڕوا و نابێ بێجگه له خوا چاوت له دەستی کەس بێ. باوەڕ کەن تامی نانی ڕەعیەتی بەلای منەوە له نان و تەعامی پادشایان خۆشتره. له کوێ مەعلوومه که لەو دەسەڵاتانەدا

۳۲۷– ئەم هاواره نەعرەتەیەکه که سەربازانی ئێسپانیایی له شەڕ دەگەڵ عەرەباندا دەنگیان پێ دەردەبڕی و هێرشیان دەکرد. مەبەست ئەوەیه سانتیاگۆ هی ئێمەیه و پاشان ئێسپانیا دەگرین. (مۆریس باردۆن)

شەیتانی ڕەجیم پێم وەبەر پێ نەدا و بەرم نەداتەوە و ددانم نەشکێنێ؟ من کە لە دایک بووم کابرایەک بووم بەناوی سانکۆ و پێشم وایە هەر ئاوا دەمرم، بەڵام بەو حاڵەشەوە ئەگەر خوداوڕاستان بێ هیچ زەحمەت و چەرمەسەرییەک، خوداوەندی عالەمیان دوڕگەیەک یا شتێکی دەو مایانەدا بەمن گەیاند من ئەوەندەش بێ عەقڵ نیم کە بڵێم نامەوێ، چون قەدیمی گوتویانە: «ئەگەر گوێلکێکیان بۆ هێنای گوێلەوساری[*] کەو بیبەستەوە و ئەگەر نیعمەتێک هاتە بەر دەرگات زوو بیبەژوورەوە.» خوێندکار گوتی: «هاوڕێ سانکۆ قسەکانت وەک وەعزی پای میمبەر دەچێ. بەو حاڵەشەوە بەلوتفی خواوەند و کەرەمی ئەربابی خۆت هیوادار بەو ئەوەی بزانە کە ئەرباب نە تەنیا دوڕگە بەڵکو وڵاتێکت پێ دەبەخشێ.» سانکۆ گوتی: «بەڵێ لوتفی ئەربابی من لەم ئاستانەدایە و من بەتێڕادیوی دەتوانم عەرزی جەنابی خوێندکار بکەم، ئەگەر ئەرباب وڵاتێکیشیم پێ بدا بەتەواوی لە جێی خۆی دایە. من لە بارودۆخی خۆم ئاگەدارم و ئەوەندە ساغ و سلامەتم کە دەخۆم ڕادەبینم، وڵاتێک بەڕێوە بەرم و بەسەر چەند دوڕگە ڕابگەم و چەندین جار ئەم قسەیەم عەرزی ئەربابی خۆم کردووە.» سامسۆن گوتی: «بەڵام سانکۆ، ماڵی دنیا خووخدەی مرۆڤ زایە دەکا و لە وانەیە کاتێک وڵاتێکت دەست کەوێ دایکیشت نەناسیتەوە.» سانکۆ گوتی: «ئەوە خەسڵەتی کەسانێکی پەست و بێ بنەچەکەیە، نەک ئەمن کە ڕۆحم چوار قامکی ڕۆنی مەسیحییەت لەسەر نیشتووە. تۆ هێندێکم بەتاقی کەوە، بۆت ڕوون دەبێتەوە کە من دەگەڵ هیچ کەس ڕوو ترش ناکەم.» دۆن کیشۆت گوتی: «خودا بکا هەر وابێ، دەبێ ئەودەم کە بوویتە دەسەڵاتدار بزانین چ ڕوو دەدا، ئەوەش زۆر دوور نییە چون من هەر لە ئێستاوە دەوڵەت و داوودەزگای تۆ بەچاوی خۆم دەبینم.»

بەڵێ جا هەر دەگەڵ پاڵەوان لەو قسانە بووەوە لە خوێندکاری تکا کرد کە ئەگەر چێژی شێعریی هەیە غەزەلێکی ماڵاوایی لە گراوی خۆشەویستی دۆلسینە دۆتۆبۆزۆ، بۆ دابنێ، تا بینێرێتە خزمەتی و بەتایبەتی تەلاش بکا یەکە یەکەی شێعرەکان بەیەکێک لە پیتەکانی ناوی «دۆلسینە دۆ تۆبۆزۆ» دەست پێ بکا. بەشێوەیەک کە ئەگەر لە کۆتاییدا پیتەکانی یەکەمی شێعرەکان لەسەریەک دابنێی ناوی دۆلسینە دۆ تۆبۆزۆی لێ دروست بێ. خوێندکار گوتی: «هەرچەند من شاعیرێکی بەناو نیم، چون وەک دەڵێن لە سەراسەری ئیسپانیادا بێجگە لە سێ شاعیر و لەتە شاعیرێک[٣٢٨] کەسی لێ نییە، بەڵام حەولی خۆم

٣٢٨– مەبەستی سێروانتێس لە لەتکە شاعیر وێ دەچێ هەر خۆی بێ و ئەم قسەی لەبەر خۆ بەکەم زانین و ئەدەب گوتووە.





دەدەم. ئەوەش بزانن کۆسپێکی گەورە لەسەر ڕێگەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ناوی دۆلسینە دۆ تۆبۆزۆ لە حەڤدە پێت پێک هاتووە[٣٢٩]. من ئەگەر بمەوێ چوار چوارێنە دابڕێژم کە شازدە نیوە شێعرە، یەکێک لە پیتەکان دەمێنێتەوە. ئەگەر پێنجینەش[*] دروست بکەم، دەبێتە بیست نیوە شێعر و سێ پیت کەم دێنم. لەبەرئەوە ناچارم چوارینە بنووسم و یەکێک لە پیتەکان بقرتێنم.» دۆن کیشۆت گوتی: «بەهەرحاڵ دەبێ ناوی ئەو ڕوون و ئاشکرا بێ، چون ئەگەر وانەبێ هیچ ژنێک باوەڕ ناکا ئەو شێعرانە بۆ دۆلسینە دانراون.»

لە نێوانیاندا ڕێک کەوتن لە هەموو بوارێکەوە دابین بوو. بڕیار درا پاش هەشت ڕۆژی تر وەڕێ کەون. دۆن کیشۆت بەخوێندکاری ڕاسپارد کە ئەو قسەیە لە هیچ کوێ باس نەکا، بەتایبەتی یەک وشەش لەم بوارەوە بەکەشیش و دەلاک و خوشکەزا و کەیبانوو نەڵێ، مەبادا ئەوان پێش بەو بڕیارە گرینگە بگرن. کاراسکۆ بەڵێنی دا کە بەپێی فەرمایشتەکانی دۆن کیشۆت بجووڵێتەوە و ئیجازەی مەرەخەس بوونی خواست. ئەوەشی داوا لێ کرد کە لەمەڕ هەر پێشهاتێکی باش یا خراپ لە دەرفەتدا ئاگەداری بکەنەوە. هەر سێک لێکهەڵبڕان و سانکۆ ڕۆیشتەوە ماڵێ، تا خۆی بۆ سەفەرێکی تازە ئامادە بکا.

٣٢٩– لە کوردیدا لە پانزدە پیت پێک هاتووە.

٥

## لەمەڕ ئەم وتووێژەی کە لە نێوان سانکۆپانزا و ترێزای خێزانیدا ڕابرد و زۆر بابەتی خۆشی دیکەش

کاتێک دەگەینە نووسینی بەشی پێنجەم، وەرگێڕ[٣٣٠]ی داستان دەڵێ کە ئەم بەشە بەڕای ئەو ساختەیی و بێ بنەڕەتە، چونکو بەشێوەیەک دەدوێ کە لە عەقڵ و شعووری ئەو بەدوورە و قسەی وەها بەرز و گەورە دەکا کە پیاو پێی بەعەرزییەوە ڕەق دەبێ[*] و پێت وانییە ئەمە قسەی ئەم پیاوە ساویلکەیە بێ. بەو حاڵەشەوە کاکی وەرگێڕ دەڵێ من ناچار بووم وەریگێڕمەوە تا ئەرکی خۆم ئەمجۆرەی پێویستە ڕاپەڕاندبێ. لە درێژەدا وەرگێڕ لەسەری[*] دەڕوا و ئاوا دەڵێ:

سانکۆ وەها شاد و خۆشحاڵ، بەرەو ماڵ بووەوە کە ژنەکەی لە دوورەوە لێی حاڵی بوو، لەبەرئەوە خۆی پێ ڕانەگیرا و پرسی: «هان، سانکۆی هاوسەرم، چییە وا شادی و ئاوا بەخۆشی هاتوویەوە ماڵ؟» سانکۆ گوتی: «ژنەکێ، ئەگەر خودا ویستبای من ئەم شادی و خۆشییەی کە دەڕوخسارمدا دەیبینی، نەمبووایە، ئاسوودەتر و خۆشحاڵتر لە ئێستا دەبووم.» ژن گوتی: «پیاوەکە، من لێم حاڵی نییە تۆ چ دەڵێی و نازانم مەبەستت لەوەی کە دەڵێی ئەگەر ئەو شادی و خۆشحاڵییەت نەبووایە ئاسوودەتر دەبووی چییە؟ من هەر چەند کەر ونەفامم، بەڵام نازانم پیاو چۆن دەبێ بەوە ئاسوودە بێ کە شادی و خۆشی نەبێ؟» سانکۆ گوتی: «گوێ بگرەی، «ترێز» شادی و ڕەزامەندیی خاتری من لەوەدایە کە دیسان بڕیارم داوە بکەومەوە خزمەت ئەربابەکەم جەنابی دۆن کیشۆت و ئەویش لێ بڕاوە بۆ جاری سێیەم دەرکەوێ و بەشوێن ڕووداو و کارەساتەکاندا سەری خۆی هەڵگرێ و بڕوا، ئەڵبەتە منیش وەدوای دەکەوم، چون هەم فەقیر و دەستەنگین و هەمیش هیوادارم وەک جاری پێشوو سەد ئەشرەفیی تریش وە دەست بێنم و خەرجی بکەین. لە لایەک بەو فکرەوە شادم و لە لایەکیش غەمی دووری لە تۆ و منداڵەکانم قورسایی دەخاتە سەر دڵ و دەروونم. ئەگەر خودا بەرەحمەتی خۆی لێرە داهاتێکی زۆر کەمیشی بۆ دابین کردبام کە پێی ژیابام و

٣٣٠- مەبەست لە وەرگێڕ ئەو عەرەبەیە کە نووسراوەکانی سەید حامید کوڕی ئەنجەلی بۆ سێروانتێس وەرگێڕاوەتە سەر ئیسپانیایی.





پێویست نەبا بەمجۆرە ئاوارەی دەشت و سەحرا بووایەم و بۆ پاروە نانێک ئاوارەی هەندەران بم، پێم خۆش بوو لە ماڵێ خۆم دەرنەکەوم و دەگەڵ ماڵ و منداڵێ خۆم ڕامبواردبایە. ئەو دەم شادی و ڕەزامەندیی من سەد ئەوەندەی ئێستا دەبوو. ئەو کارەش لە لای خوداوە زۆر ئاسان بوو، بەچاوترووکانێک جێبەجێ دەبوو. بەڵام ئێستا خۆشحاڵییەکەم دەگەڵ غەم و پەژارەی دووری لە تۆ تێکەڵاو بووە، کەوابوو حەق بەمنە کە دەڵێم ئەگەر خودا بیویستبایە، ئەم شادی و خۆشییەم نەبێ، ئاسوودەتر دەبووم.» ترێز گوتی: «لەوەتا دەگەڵ ئەو پاڵەوانە سەرگەردانە کەوتووی پیاو لە قسەکانیشت حاڵی نابێ.» سانکۆ گوتی: «ئەوەندە بەسە کە خودا لە قسەکانم حاڵی بێ، چون هەر ئەوە کە هەموو شت تێ دەگا. تەنیا کارێکی کە لە تۆم دەوێ ئەوەیە کە لەو سێ ڕۆژەی باقیدا کە بۆ سەفەرەکەم ماوە چاک بەکەرەکە ڕابگەی، تا بتوانێ باری چەک هەڵبگرێ. لە ئێستاوە جیرە و ئالیکی لێ زیاد بکە و کورتانەکەی چاو پێدا بگێڕە، ئەگەر جێیەک هەڵوەشابێ بیدوورەوە، هەوسارەکەی، جل و جۆڕەکەی ڕێکوپێک بێ و بزانە کە بەهیوای خوا ئێمە ناچینە سەر داوەت و زەماوەند بەڵکو دەچین بەدەوری دنیادا بخولێینەوە و دەگەڵ دێو و درینج و غوولان بەرەنگار بینەوە و جانەوەری عاجباتی و پیاو خراپان لەسەر زەوی نەهێڵین؛ دەچین تا ویزەی تیران و زرینگەی شمشیران و نەعرەتەی شێران و قووڕەی سەگان و loورەی گورگان ببیسین و ئەگەر خودا بکا تووشی قەتارچییەکانی یانگواسی و عەرەبی جادووگەر نەبین، ئەوانەمان هەر پێ هیچ نییە.» ترێز گوتی: «پیاوەکە دەزانم ئەو نانەی کە مەیتەرانی پاڵەوانانی سەرگەردان دەیخۆن لە ڕێگەی دزییەوە دەست ناکەوێ، بەڵکو مەرارەت و کوێرەوەریی پێوە دەبینن و هەموو کات دەست بەدوعا دەبم کە زۆر زوو لەو سەفەرە دوور و پڕ مەترسییە بگەڕێیتەوە.» سانکۆ گوتی: «ژنەکێ،ئەگەر نەمزانیبایە هەر بەو زووانە دەبمە خاوەنی دوڕگەیەک، جێبەجێ وە عەرزی دەکەوتم و دەمردم.» ترێز گوتی: «ئەی خودا نەکا، قەزات وە من کەوێ! خودا نەکا تۆ شتێکت بەسەر بێ، بەو هەموو عەیب و ئیرادەشەوە کە هەتە، هەر زیندووەکەت لە مردووەکەت باشترە! تۆ زیندوو بی، با ئەو دووڕگە بەزیاد نەبووە هەر نەبێ! بۆچمە؟ تۆ کاتێک لە دایک بووی دوڕگەت نەبوو، حاکم نەبووی، تا ئێستاش خودا ژیاندووتی، هەر کاتیش خودا بیەوێ بەبێ عینوانی دەسەڵاتداری دەمری و یەکێک هەر دەبێ دە قووڵکەیەکت باوێژێ و دوو پێمەڕە خۆڵت پێداکا! ئەو دنیایە پڕە لەو کەسانەی عینوانی دەسەڵاتیان نییە و بەڕێوەش دەچن و بۆ خۆیان پیاوێکن. بەرزترین چاشنیی[*] ژیان برسیەتییە و چون ئەم نیعمەتە لای هەموو فەقیرێک هەیە، هەموو کات بەئیشتیاوە نان

دەخۆن. بەو حاڵەشەوە سانکۆ، لە بیرت نەچێ ئەگەر خوداوڕاستان بووی بەخاوەنی دوڕگە، ژن و منداڵەکانت نەچی فەرامۆش بکەی. لە بیرت بێ کە کوڕەکەت «سانشیکۆ» Sanchico ئێستا گەیوەتە تەمەنی پازدە ساڵی و کاتی ئەوە هاتووە کە ئەگەر مامی، یانی کەشیش بیەوێ بیباتە کلیسا، بڕواتە مەکتەب و دەرس بخوێنێ. ئەوەشت لە بیر نەچێ کە کچەکەت «ماری سانکا» Mari- Sanca ئەگەر ئێستا بەمێردی بدەم زوو نییە و بەو کارە نامرێ، چون کەم کەم لێم حاڵی بووە کە بەهەمان ئەندازە کە تۆ دەتەوێ ببیتە حاکمی دوڕگە، ئەویش تاسەی مێردی هەیە و کچ تەنانەت ئەگەر مێردی خراپیش بکا لەوە چاکترە لە ماڵە بابی دانیشێ و حەزلێکردوویی بکا.» سانکۆ گوتی: «ژنەتیوە، بڕوا بکە ئەگەر خودا شتێکم بداتێ کە هەر بڕووکەیەک بۆنی دەسەڵاتی لێ بێ، کچەکەم «ماری سانکا» دەدەم بەپیاوی وا پایەبەرز و ماقووڵ کە کەس نەتوانێ لە «خاتوونی پایەبەرز» بەدەر شتێکی تری پێ بڵێ.» ترێز گوتی: «سانکۆ من لەگەڵ ئەو قسەیەتدا نیم. کچەکەت بدە بەکەسێک کە هاوشانی خۆی بێ. ئەوە باشترە. ئەگەر تۆ لە جیات ئەو کەوشە دارینە پڕ لە کەلێن و کولێنە کەوشی جوان و سەر ئاوەڵای ئەعیانی دە پێ کەی و کەوا شڕەکەی بکەیتە کولەجەی مەخمەر، ئەگەر لە ناوی ساکاری ماریکا، کە بەسەر زاری هەمووانەوەیە بیگەیەنیتە جێگەیەک کە ببێتە «دۆنا ماریا» و بەلەقەبی «حەزرەتی عەلیە» بانگی بکەن، ئەو تفیلە بەستەزمانە خۆی لێ ون دەبێ و لە هەر هەنگاوێکدا هەزار کاری ناشیانە و ساویلکانەی لێ ڕوودەدا و هەموو دە سڕوتڕی دەگەن و دەزانن کە بنە و بنەچەکی سواڵکەر و فەقیر بوون.» سانکۆ گوتی: «بێدەنگ بەگێژە! زەحمەتی ئەو کارە هەر دوو یا سێ ساڵە، لەمە بەدواوە وەک خانمێکی بەڕێز و پایەبەرز قسان دەکا و زبانی دەگۆڕێ. تازە گریمان واش نەکەوتەوە، چ ئیرادێکی هەیە؟ لێ گەڕێ ئەو «خاتوونی پایەبەرز» بێ، هەر چی دەبێ با ببێ.» ترێزا گوتی: «سانکۆ تۆ خۆت دەگەڵ باری چین و توێژی خۆت هەڵسەنگێنە و پێت لە بەڕەی خۆت درێژتر مەکە و ئەو پەندەت لە بیر نەچێ کە دەڵێ «قەل چوو لاسای کۆتر بکاتەوە، قوونی خوار و گێڕ بوو» بەڕاستی کارەساتە، ئابڕوو چوونە کە کچەکەمان بدەینە کابرایەکی نەجیب زادە یان «کۆنت»ێک کە خاوەنی سی و شەش پارچە ئاوایی بێ و هەرکە شتێک ڕووی دا و بەکەیفی ئاغا نەبوو دەست بکا بەجنێودان و قسەی سووک و ئابڕوو بەکچەتیوەکەمانەوە نەهێڵێ و پێی بڵێ کرمانجی پێخاوس و بەن کاڵە ڕیخاوی(*) و بەباوکی بڵێ دێهاتیی کەری پێمەڕە لە شان و بەدایکی بڵێ تەشی ڕێس و پەڕۆ شۆری قوون ماڵان! نەخێر، نەخێر پیاوەکە، من کچم بۆ ڕۆژێکی ئاوا گەورە نەکردووە. تۆ هەر ئەوەندەت لەسەرە پووڵمان بۆ پەیدا کەی و





بەمێرد دانی کچەکەت بەمن بسپێرە. ئێمە هەر ئێستا یەکی وەک لۆپ تۆشو Lope tocho ی کوڕی «ژوان تۆشو»مان دە ژێر سەر دایە. ئەو کوڕە جحێل و شادە و بەهێزە و کەسێکە کە ئێمە جەدد و عابادی دەناسین و بەسووکایەتی چاو لە کچی من ناکا. کچەکەی ئێمەش کە هاوشان و هاوسەری ئەوە، زۆر جوان دەگەڵی دەحاوێتەوە. بێجگە لەوەش هەموومان پێکەوە دەبین و ئاگامان لە نەوە و نەتیجەکانمان دەبێ و ژیانێکی ساکار و خۆش ڕادەبوێرین و چاومان لە ڕوحمی خودای دەبێ.لە منەوە ببیسە و لەو کاخ و کۆشک و دەربارانەدا بەمێردی مەدە، دەنا نە تەنیا هاواری بەگوێی کەس ناگا، خوێشی دەنگی خۆی گوێ لێ نابێ.» سانکۆ گوتی: «فلّتەفلّت! لەعنەتی خودات لێ بێ، فلّتەفلّت ئەی ژنی باراباسی[٢٣١] جوولەکە! بۆ دەتەوێ پێش بەمێرد کردنی کچی من بەکەسێک بگری کە ئەگەر منداڵێکیان ببێ بەناوی «حەزرەتی ئەشرەف» بانگی بکەن؟ گوێت لێ بێ ترێز، من هەمیشە بیستوومە کە خەڵک بەباب و باپیرانی ئێمەیان دەگوت هەرکەس دەرفەت لە دەست بدا و لەقە لە بەختی خۆی بدا، حەقی گلەیی و شکایەتی نییە. ئێستا کە بەخت و یەغباڵ بەپێی خۆی هاتووە و لە دەرگامان دەدا چۆن دەبێ دەرگای لێ نەکەینەوە؟ لێ گەڕێ ئەو با خۆشەی هەڵی کردووە، خەرمانی بەختی خۆمانی پێ هەڵباوێین. (بەدەلیلی ئەم چەشنە قسە کردنە و قسەکانی دواییی سانکۆیە کە وەرگێڕی داستان ئەم بەشە بەساختەیی و لاوەکی دادەنێ) تۆ ئەی بێ عەقڵی بێ نەوا ،فکر ناکەیەوە ئەگەر من بەو قەلافەتە زەلامەوە خۆم بگەیەنمە حکوومەتێکی نان و ئاودار کە لەو زەلکاوی فەقیری و بەدبەختییە ڕزگارمان بکا، کچەکەمان ماری سانکا بەمەیلی خۆم بەشوو بدەم، هەموومان بەختەوەر دەبین و دەحەسێینەوە؟ ئەو دەم دەبینی کە چۆن تۆ بەناوی «دونا ترێزا پانزا» بانگ دەکەن، فیس و ئیفادەت بەحەوت ئێستر هەڵناگیرێ و بەکوێراییی چاوی ژنی نەجیبزادەکان لەسەر فەڕش دادەنیشی و پاڵ بەدەستەنوێن و باڵنج دەدەی. ئەگەر ناتەوێ بەو پلە و پایە بگەی هەر ئەوەی کە هەی ببەو وەک نەخشی فەڕش و مافوورە هەتا هەتایە بمێنەوە. بەهەرحاڵ وا باشترە لەوەی زۆرتر لەسەری نەڕۆم، چون هەرچی دەتەوێ بیڵێ، سانشیکا بتەوێ و

٣٣١– باراباس Barabas جوولەکەی پیاوکوژ کە دەگەڵ عیسا مەسیح لە زینداندا بوو. کاتێک «قازی» ڕای گەیاند کە بە بۆنەی جێژنی پاک یەکێک لەو دوانە ئازاد دەکرێن بەو مەرجەی خەڵک یەکیان بۆ ئازاد بوون دیاری بکا. خەڵک بە جێی عیسای بێ گوناه باراباسیان ئازاد کرد و داستانەکەی بۆ داوەریی کوێرانە و نەزانی و دەمارگریی خەڵک بۆتە پەند و مەسەلە. (محەمەد قازی)

نەتەوێ هەر دەبێتە کۆنتێس.» ترێز لە جوابدا گوتی: «سانکۆ تۆ هیچ دەزانی دەڵێی چی؟ من ئەو قسانەم بەگوێدا ناچێ و دەزانم کە پلە و پایەی کونتی کچەکەم ماڵ وێران دەکا. تۆ هەر چی دەتەوێ بیکە، کەیفی خۆتە، کچەکەت بکە بە«کۆنتێس» «دۆشێس» یا هەر چی، بەڵام من بەدەنگی بڵند ڕادەگەیەنم کە ئەم کارە بەدڵخوازی من نییە و پێی ڕازی نیم. بڕوانە براله، من هەمیشە لایەنگری یەکسانی و بەرامبەری بووم و ناتوانم ناز و فیس و ئیفادەی کەس هەڵبگرم. ئەو ڕۆژەی کە ئاوی تەعمیدیان بەسەر داکردووم، ناویان لێ ناوم ترێز؛ ئەوە ناوێکە سادە و ساکار و بێ لقوپۆپ و شتی زیادی؛ باوکم کاسکاڕۆژی ناوە و لەوەتا مێردم بەتۆ کردووە، پێم دەڵێن ترێز پانزا. بەهەرحاڵ خۆت زانی و سەلاح و مەسڵەحەتی خۆت، من بەترێزا ڕازیم و ئامادە نیم ناوی «دۆنا»[٢٣٢] لەسەر خۆم بکەمە بار، چونکە ئەم لەقەبەئەوەندە قورسە کە بەمن هەڵناگیرێ، خێر، خێر من نامەوێ قسەوباسان وەدوای خۆم بدەم و ئەوانەی دە لیباسی کۆنتێسیدا دەمبینن لەسەر ڕێگەیان پێم پێ بکەنن و بڵێن: «چاو، چاو! ئەو سەڵیتە بەراز لەوەڕێنە چاو لێ کەن، چۆن خۆی گرتووە! تا دوێنێ بوو ئەوەندەی تەشی دەڕست ئارەقە لەسەرڕێڕا دەهاتە خوار و دەگەیشتە لاقی و کاتێک دەڕۆیشتە نوێژی مەس، بەجێگەی ڕووسەری داوێنی کراسەکەی هەڵدەداوە و بەسەری خۆیدا دەدا، بەڵام ئەمڕۆ کراسی ئەتڵەسی ڕەق و تەق دەبەر دەکا و لووتی دە عاسمانێ دەکا و پێی وایە نایناسین! ئەگەر خوای مەزن ئەم شەش یا پێنج هەستەم بۆ ڕابگرێ باوەڕ ناکەم هەرگیز خۆم دە بن بەستێکی[*] ئاوا باوێم. تۆ، براله برۆ ببەحاکم و بەسەر دوڕگەی خۆت ڕابگە و هەر چەندی حەز دەکەی وەسەر کەوە، بەڵام من سوێندم بەئێسقانەکانی دایکم، دەگەڵ کچەکەم پێمان لەو گوندە ناچێتە دەر. ئەگەر ژنی خۆش ناو بەلاقی شکاو دەماڵدا بمێنێتەوە و کچی نەجیب کارەکانی ڕاپەڕێنێ، ئەم موسیبەتە بۆ هەردووکیان جێژنە. تۆ دەگەڵ دۆن کیشۆت، ئەربابی خۆت وەدوای ڕووداوان بکەون و ئێمەش دەگەڵ ڕۆژەڕەشیی خۆمان بەجێ بێڵە، خودا بۆ ئێمەش گەورەیە و لە برسان هەر نامرین؛ بەخودای سوێند دەخۆم، ئێستاش نەمزانی ئەربابی تۆ ئەم لەقەبی «دۆن»ەی لە کوێ هێناوە، لە حاڵێکدا باب و باپیری، هیچ کام، ئەو لەقەبەیان بەخەونیش نەدیتووە.» سانکۆ

٣٣٢– دۆنا ئۆڕاکا Dona Urraca پاڵەوانی تەرانە کۆنەکانی ئێسپانیا کە دەڵێن باوکی فردینانی یەکەم، پاشای کاستیل لە میرات بێ بەشی کرد «١٤٠٤» ئۆراکا وەکازی زیارەتەکانی «بيت المقدس» ی بە دەستەوە گرت و هەڕەشەی لە باوکی کرد کە لە ئێسپانیا دەچێتە دەر و روو لە چۆل و بیابان دەکا. (مۆریس باردۆن)





گوتی: «ژنەتیوە، من یەقینم هەیە هەر ئێستا یەکێک لەو شەیتانانە چووەتە ناو کلێشەت. بەڕاستی لەعنەتی شەیتان لە ژنان! چاوت لێ یە لە بەیانییەوە دەستت کردووە بەو قسە قۆڕانە کە هیچی سەروبنی نییە! ئاخر لە نێوان ئەو قسانەدا کە من بەتۆم گوت دەگەڵ کاسکاژۆ، یا کراسی ئەتڵەسی و قولاب دووری و پەند و ناز و دەعیە و ئیفادەدا چ پەیێوەندییەک هەیە؟ وەرە، ئەی ژنەتیوە کەرە نەفامە (وە من ئەگەر پێت دەڵێم کەر و نەفام حەقمە، چون ناتوانی دە قسەکانی من بگەی و وەک کەسێک کە لە تاعوون هەڵدێ لە خۆشبەختی دەسڵەمییەوە) من ئەگەر بەتۆم گوتبایە کە کچەکەمان لە بورجێکی بڵندەوە خۆی بخاتە خوارەوە یا وەک شازادە خانم «دۆنائۆراکا» لە چوار قوڕنەی عالەمدا سەرگەردان و ئاوارە بێ، تۆ حەقت بوو بەقسەی من نەکەی، بەڵام ئەگەر من بمەوێ بەچاوترووکانێک لەقەبی «دۆنا»ی پێوە بنووسێنم و بیکەم بەخاتوونی وڵاتێکی گەورە و لە نێو کلۆشی گەنم دەری بێنم و لەسەر تەختێکی دابنێم کە زۆرتر لە هەموو وڵاتی مەراکێش سەرین و باڵنجی مەخمەری هەبێ، بۆ دەبێ بەقسەم نەکەی؟» ترێز گوتی: «مێردە خۆشەویستەکەم، دەزانی بۆ بەقسەت ناکەم؟ وەک لە پەندی پێشینیاندا هاتووە کە «پەڕە جوانەکانی تاوس دوژمنی قەستە سەری خۆیەتی» خەڵک کە پیاوی فەقیر دەبینن خشکەیی[*] چاوێکی لێ دەکەن و تێ دەپەڕن، بەڵام کە دەگەنە دەوڵەمەند ڕادەوەستن و بەوردی تێی دەفکرن. جا ئەگەر ئەم دەوڵەمەندە ڕۆژێک لە ڕۆژان فەقیر بووبێ دەیکەنە سرت و خورت و ئەوەندەی بەخراپ باس دەکەن هەر مەپرسە، چون ئەوەندی لە کەندوودا مێش هەنگوین هەیە ئەوەندەش لە کۆڵان و شەقامدا پیاوی زارشڕ[*] و درۆزن و شڵتاغ باز هەیە.» سانکۆ گوتی: «ترێز گوێت لێ بێ بزانە من چیت پێ دەڵێم، ئەوەی پێت دەڵێم هەمووی فەرمایشتی باوکی ڕۆحانی، یانی قسەی جەنابی واعیزێکە کە چەندێک لەمەوبەر لە گوندی ئێمە بەبۆنەی ڕۆژی «پارێز» بەو خەڵکەی گوت. ئەگەر باشم لە بیر مابێ دەیفەرموو، تەواوی ئەو شتانەی کە هەن، یانی ئەوە کە بەچاو دەیانبینین، توندتر و هەست پێکراوتر لەو شتانەی ڕابردوو، کاریگەرییان لەسەر ئێمە هەیە و سەرنجمان ڕادەکێشێ و لەسەر دەروونمان نەخش دەبێ. (ئەم قسانەی سانکۆش دەلیلێکی تر بۆ وەرگێڕ کە داستانی ئەم بەشە بەلاوەکی بزانێ) سانکۆ ئاوا درێژە بەقسەکانی دەدا: لەوێوە ئەو بەرهەمە دێتە دەست کە ئێمە کاتێک کەسێکی بەجەلال و شکۆ دەبینین کە جلوبەرگی ڕازاوە و گرانبایی لەبەردایە و چەند نۆکەری دە خزمەتدا دەڕۆن، وا بەنەزەر دەگا کە ئەو کەسە ئێمە وادار دەکا ڕێزی بۆ دابنێین و هەر چەند لەو ساتەدا وەبیر خۆمان بێنینەوە کە

دەپێشدا ئەو کەسەمان ناسیوە و ئاگامان لەوە بووە کە هەم لە باری بنە و بنەچەکەوە و هەم لە ڕوانگەی ماڵی دنیاوە عیشایە خودای شک نەبردووە، بەڵام دەزانین کە ڕابردوو ڕۆیشتووە و پێوەندییەکی دەگەڵ ئێستا نییە و لەو کەسە هیچ شتێک بێجگە لەوەی ئێستا هەیە لە بیرگەماندا نامێنێ. وە ئەگەر کەسێک کە ماڵ و سامانی خۆی و پلەوپایە و شکۆمەندیی خۆی لە قووڵاییی تەندووراوی ڕۆژەڕەشی و بەدبەختیی خۆی دەرکێشاوە (دروست دەقی فەرمایشاتی واعیزەکەیە) تا بگاتە ترۆپکی گەورەیی و بەختەوەری، دەگەڵ هەموو کەس دڵۆڤان و ڕوو خۆش بێ و دەگەڵ هەمووان پیاوەتی و جوامێری بکا و بەگەورەیی و جەلالی خۆی، لە لای نەجیب و گەورە زانایان، نەنازێ و فیس و ئیفادە لێ نەدا، یەقین بزانە کەس ڕابردووەکەی بەچاویدا ناداتەوە[*] و هەموو کەسایەتیی ئەمڕۆی ئەویان لەبەرچاو دەبێ، مەگەر ئەوانەی کە بەغیل و بەرچاو تەنگن کە هەمیشە لە هەموو جێگەیەک هەن و عیلاجێیان ناکرێ.» ترێز گوتی: «مێردە خۆشەویستەکەم، من هیچ لە قسەکانت تێ ناگەم، هەر چی دەتەوێ وابکە و چی تر بەو نوتق و قسە زەلام زەلامانە سەرم مەیەشێنە و مێشکی سەرم مەبە![*] وە بەڕاستی ئەگەر «تی بڕاوی» کە هەرچی دەڵێی وا بکەی... سانکۆ قسەکەی پێ بڕی و گوتی: «ژنەتیوە، دەبێ بڵێی لێبڕاوی نەک تێ بڕاوی![٣٣٣]» ترێز گوتێ: «باشە جا، لێم مەبەبەمەلای دوازدە عیلم، من هەروا دەزانم. کەوابوو پێت دەڵێم ئەگەر دەتەوێ ببی بەحاکم و دەسەڵاتدار وا باشترە کوڕەکەشت لەگەڵ خۆت ببەی تا شێوەی دەسەڵاتداری لە ئێستاوە فێر بێ، چون وا باشترە کوڕان شوغڵی بابی خۆیان بەچاکی فێر بن و کاری ئەو ڕەچاو بکەن.» سانکۆ گوتی: «کاتێک بەدەسەڵات گەیشتم بەدوای کوڕەکەمدا دەنێرم و دەیبەمە لای خۆم و پووڵ و پارەش بۆ تۆ دەنێرم، چونکە داوودەزگای من بێ پووڵ نابێ و ئەگەر خۆشم نەمبێ، چون حاکم و دەسەڵاتدارم کەسانێک پەیدا دەبن کە بەقەرز پێم بدەن. ئەڵبەتە لە بیرت نەچێ دەبێ جلوبەرگی بەقیمەت دەبەر کوڕەکەم بکەی تا بنەچەکەی فەقیریی خۆی داپۆشێ و پاک و خاوێن بێتە بەرچاو.» ترێز گوتی: «تۆ پارە بنێرە، من کوڕت بۆ دەکەمە چەپکە گوڵ.» سانکۆ گوتی: «ئاخرییەکەی ڕازی بووی کچەکەمان ببێتە کۆنتێس؟» ترێز گوتی: «ئەو ڕۆژەی کە کچی خۆم وەک

٣٣٣– لە زۆر جێی کتێبی دۆن کیشۆتدا، سێرواتێس بەم جورە گاڵتەی بە واژەکان کردووە و بە زبان قارەمانە ژێر دەستەکانییەوە واژەکانی بە هەڵە بەکارهێناوە. ئێمەش لێرەدا «ملّمم» مان کە ترێزا بە «مسلم» ی بێژ دەکا بە «تێ بڕاو» و «لێ بڕاوە» هێنا بۆ ئەوەی ئەمانەتی وەرگێڕانمان پاراستبێ. (وەرگێڕ)







کۆنتێس ببینم وەک ئەوەی وایە بەدەستی خۆم دە گۆڕی بنێم. دەگەڵ ئەوشدا تۆ هەر چی دەتەوێ وابکە، چونکە ئێمەی ژن لەو ڕۆژەوە کە لە دایک دەبین بەباری قورسی ملکەچ بوون لە بەرامبەر مێردەکانمانەوە دێینە سەر دنیا، جا با مێردەکەش کەری گاڕان بێ و دە هیچ نەگا!» ترێز ئەوەی گوت و دای لە قڵپەی گریان وەک ئەوەی بەڕاستی سانیشکا مردبێ و ئەویش خەریکی بەخاک ئەسپاردنی بێ.

سانکۆ بۆ لاواندنەوە و هێور کردنەوەی ژنەکەی گوتی کە هەر چەند کچی خۆی دەکاتە کۆنتێس، بەڵام پەلەی ناکا و تا بتوانێ ئەو ئەرکە وەدرەنگی دەخا. بەڵێ جا، بەمجۆرە وتووێژ کۆتاییی پێ هات و سانکۆ گەڕاوە ماڵی دۆن کیشۆت بۆ ئەوەی تەدارەکی ڕۆیشتن پێک بێنن.

## ٦

## لەمەڕ ئەو ڕووداوەی کە بەسەر دۆن کیشۆت دەگەڵ خوشکەزا و کەیبانوو هات، شەرحێک کە گرینگترین بەشی ئەم داستانەیە

هاوکات دەگەڵ دەمە قاڵە و شەڕە قسەی سانکۆپانزا و خێزانی کە لە بەشی پێشوودا باسی کرا، خوشکەزای دۆن کیشۆت و کەیبانوو بێ کار دانەنیشتبوون، چون بەهەزار شێوە و نیشانە لێیان ڕوون بوو کە خاڵ و ئەرباب خەریکە بۆ جاری سێیەم لە دەستیان دەردەچێ و کاری پاڵەوانی سەرگەردان دەست پێ دەکاتەوە. ئەوان هەوڵ و تەقەلایان ئەوە بوو بەهەر جۆرێک بێ، پێش بەو خەیاڵە خاوە بگرن، بەڵام مەخابن هەرچی دەیانکرد ئاو دە بێژینگ کردن و لەخۆڕا خۆ ماندوو کردن بوو.

دەو ڕۆژەدا، دەگەڵ زۆر بابەت و قسە و باسی تر کە هاتە گۆڕێ، کەیبانوو گوتی: «بەڕاستی ئەربابی خۆشەویستم، ئەگەر حەزرەتی بەڕێزتان خۆتان لەو ماڵەدا نەبەستنەوە و دیسان وەک ڕۆحێکی سەرگەردان ڕوو لە دەشت و سەحرا کەنەوە و بتەوێ بەدوای شتێکدا بڕۆی کە بەقەولی خۆت «ڕووداو»ە و بەقەولی من «بەدبەختی و موسیبەت»، ناچار لە بارەگای خودا و پادشا دەست دەکەم بەهاوار و شکایەت تا بەڵکو ئەوان چارەی ئەم دەردە بکەن.» دۆن کیشۆت لە جوابی کەیبانوودا گوتی: «باجی خانم، من هیچ نازانم خوداوەند چ جوابێکی هاوار و شکایەتی تۆ دەداتەوە و تەنانەت لە جوابی خاوەن شکۆش بێ خەبەرم، بەڵام دەزانم ئەگەر من پادشا بووایەم زەحمەتی جواب دانەوەی ئەو داخوازی و سکالا قۆڕانەم وەبەر خۆم نەدەنا. بەڕاستی یەکێک لە ئەرکە زەحمەت و تاقەت پڕووکێنەکان کە بۆ پادشایان داندراوە، ئەوەیە کە مەجبوورن گوێ بدەنە قسەی هەموو کەس و جوابی هەموویان بدەنەوە، وە من هیچ نامەوێ کە کاروباری من ببێتە هۆی نارەحەتیی خاتری ئەو زاتە.» کەیبانوو گوتی: «ئەرباب پێم بڵێ ئایا لە دەرباری پادشادا کەسێک لە پاڵەوانانی سەرگەردانی نییە؟» دۆن کیشۆت گوتی: «بۆ چی هەن، دەبێ هەشبن بۆ ئەوەی تاج و تەخت و سەربەرزیی وڵات بپارێزن.» کەیبانوو گوتی: «زۆر باشە، ئەی بۆ جەنابت نابی بەیەکێک لەوانە تا بێ مەینەتی و کوێرەوەری و ئاوارەیی و سەرگەردانی خزمەتی پادشای وەلی نیعمەت بکەی؟» دۆن کیشۆت گوتی: «ئاخر کەیبانووی عەزیز، خۆ هەموو کەس ناتوانێ ببێتە پاڵەوانی دەربار و تەواوی دەرباریەکانیش نابێ پاڵەوانی سەرگەردان بن. دەبێ لەو





جیهانەدا هەموو جۆرەیەک هەبێ و گریمان ئێمە هەموو پاڵەوان بین، دیسانیش لە نێوان ئەم تاقمە پاڵەوانە دەگەڵ تاقمێکی تردا جیاوازی هەیە. لە ڕاستیدا دەربارییەکان پێویست ناکا قەسر و کاخی خۆیان بەجێ بهێڵن و وەدەر بکەون. ئەوان بێ ئەوەی دینارێک خەرج بکەن و تووشی سەرما و سەخڵەت و برسیەتی و کوێرەوەری بن، تەنیا بەتەماشاکردنی خەریتەی جوگرافیایی، تەواوی دنیا دەگەڕێن، بەڵام ئێمە کە پاڵەوانی سەرگەردانی ڕاستەقینەین لە ژێر گەرمای خۆرەتاو و سەرمای سەختدا، لە هەوای ئازاد و لە بەرامبەر بێ بەزەییەکانی ئاسماندا، ڕۆژ و شەو، سوار و پیادە، بەپەرگاری قاچەکانمان پانتاییی زەوی ئەندازە دەگرین. ئێمە دوژمنانی خۆمان نە تەنیا لە ڕووی شکڵەوە دەناسین بەڵکو گۆشت و ئێسک و پێستی ئەوانیش دەناسین، ئێمە لە هەر دەرفەتێکدا و لە نێو مەترسیی زۆردا هێرش دەکەینە سەر دوژمن و گوێ نادەینە یاسا و ڕێوشوێنی مناڵانەی شمشێربازی و یاسای «دۆئێل»(*) دە بەرچاو ناگرین. چەند نموونەیەک لەو یاسایانە ئەوەیە: هەر کات دوژمن نێزە یا شمشیری درێژی بەدەستەوە بوو، یا دوعا و تەلیسمی پێ بێ، یا لە ژێر لیباسەکانی شەڕدا فێڵ و تەڵەکەیەکی دەکار کردبێ کە ئێمە لێی بێ خەبەرین، ئێمە دەبێ چ بکەین، وە ئایا دەبێ نیشانی خۆر کە دوژمن لەسەر سینگی خۆی ڕەسم دەکا بەشمشیر دوو لەت بکەین یا نە، وە قەرار و مەداری تری لەو چەشنە دەشەڕی تەنبەتەندا و لە کێبەرکێی شمشیربازیی نێوان دوو کەساندا هەیە کە تۆ لێیان بێ خەبەری و من دەزانم. من دەبێ شتێکی تریش بەتۆ فێر بکەم وە ئەویش ئەوەیە پاڵەوانێکی سەرگەردانی تەواو عەیار هەرگیز نابێ ترس و خۆفی لە دڵدا بێ هەرچەند لە بەرامبەر خۆیدا دوو غوولی جەستە زەلام ببینێ کە سەریان لە هەوران تێ پەڕیوە و لەجیاتی پێ دوو بورج و لە جیات باسک دوو دەکەلی کەشتی گەورەیان هەبێ و هەر چاوێکیشیان بەئەندازەی بەرداشێک بێ و لە چاوەکانیشیان زۆرتر لە کوورەی ئاسنگەران ئاور دەرپەڕێ. بەپێچەوانەوە پاڵەوانی سەرگەردان دەبێ بەخۆڕاگری و نەشەمزان(*) و بەدڵێکی پڕ لە غیرەت و بوێرییەوە دەسبەجێ هێرشیان بکاتە سەر و بیانبەزێنێ و جەستەیان لەتوپەت بکا. ئەو دەبێ هەموو ئەو کارانە زۆر زوو ئەنجام بدا، تەنانەت ئەگەر ئەو غوولانە لە جیات چەک بەپووڵەکە ماسییەکی تایبەت چەکدار بن کە دەڵێن لە ئەڵماس تیژترە و بڕندەترە. یا بەجێگەی شمشیر قەددارەی(*) درێژ و تیژی دەمیشقییان بەدەستەوە بێ، یا گورزی ئاسنینی سەر پۆڵایان پێ بێ، وە من لە تەمەنی خۆمدا چەن جار لەو گورزانەم دیتووە. بەهەرحاڵ ئەی دۆستی خۆشەویستم، من ئەو قسانە بۆیە بەتۆ دەڵێم کە تۆ بزانی پاڵەوانانی سەرگەردان

پێکەوە جیاوازییان هەیە. ئێستا ڕاستی ئەوە عاقڵانەیە کە لە دنیادا شازادە یا پادشایەک هەبێ کە دەستەی دووەمی پاڵەوانانی زۆرتر خۆش نەوێ؟ یا باشترە بڵێم پاڵەوانانی ڕیزی یەکەم، کە لە نێوانیاندا پاڵەوانی وا هەڵکەوتوون کە نە تەنیا وڵاتی خۆیان بەڵکو زۆر وڵاتی تریشیان نەجات داوە.

خوشکەزا دەستی کرد بەقسە و گوتی: «ئاخ، ئەی وەلی نێعمەتی من، بۆ خاتری خودا ئەوەی بزانە کە تۆ هەر چی دەربارەی پاڵەوانانی سەرگەردان دەیڵێیێ لە بنەڕەتدا درۆیە و هەمووی ئەفسانە و پڕوپووچە. شەرحی ڕووداوەکانی ئەوان گریمان هەمووشی شایانی سووتاندن نەبێ، حەق ئەوەیە کە مۆری بەتاڵیان لێ بدەن و بەکتێبی شوێنگۆڕ و ڕێ ونکەر و خەڕاپ بێننە ئەژمار.» دۆن کیشۆت هاواری لێ بەرز بووەوە: «سوێندم بەخودای گەورە و بەتوانا و هەمیشە زیندوو کە ڕسقمان دەدا، ئەگەر خوشکەزام نەبووایەی بەسزای ئەو سووکایەتییە کفراوییەی کە بەپاڵەوانانت کرد ئەدەبم دەکردی و وەهام تەمێ دەکردی کە لەم وڵاتە دەنگ بداتەوە. چۆن! ئایا مومکینە کچۆلەیەکی وەک قالۆنچە کە ناتوانێ کەپۆی خۆی بسترێ و بەزەحمەت دەتوانێ تەشیی ڕستن دوازدە جار لە دەستی خۆیدا بسووڕێنێ، ئەوەندە بێشەرم و ڕوودار بێ کە بەسووکایەتی باسی داستانی پاڵەوانانی سەرگەردان بکا؟ ئەگەر ئامادیسی گەورە ئەو قسە پیسانەی بیستبا چیی دەگوت؟ بەڵام ئەگەر ئەو ئەم قسانەی بیستبایە چی پێ نەدەگوتن، چون ئەو لە هەموو پاڵەوانانی سەردەمی خۆی بەئەدەبتر و لەسەرخۆتر بوو، زۆرتر لە هەموو کەسیش ئاگەداری لە کیژان و کچانی لاو دەکرد. بەڵام ئەگەر کەسێکی تر ئەو قسانەی بیستبایە کارێکی دەکرد کە چی تر لەو غەڵەتانە نەکەی، چون پاڵەوانانی سەرگەردانیش هەموویان بەئەدەب و دڵۆڤان نین و لە نێو ئەوانیشدا پیاوی چەپەڵ و نییەت خراپ زۆرە؛ هۆیەکەی ئەمەیە کە تەواوی ئەو کەسانەی ناوی پاڵەوانی سەرگەردان لە خۆیان دەنێن، بەڕاستی بۆ پاڵەوان نابن، هێندێک پاڵەوان وەک زێڕی خالیس وان، هێندێکیشیان قەڵب و درۆزن و نانەجیبن و دەبەرامبەر مەحەکی پاڵەوانەتێدا تاب ناهێنن. کەسانێک لە چینە پەست و خوارڕووەکان هەن کە بەناوی پاڵەوان ئەوەندە خۆیان با دەکەن کە دەتەقنەوە و پاڵەوانانێکییش لە چینە ڕەسەنەکان هەن کە بەجێگەی ئارەقە خوێن دەڕێژن تا وەک خەڵکی ئاسایی بێنە بەر چاو. دەستەی یەکەم یا بەدنەدانی هەستی زێدەخوازی یا بەحوکمی فەزیلەت و تایبەتمەندی پێش کەوتن گەشە دەکەن و سەردەکەون و دەستەی دووەم یا بەهۆی نەرمی و خۆ بەکەم زانی یا لەبەر ئەو عەیب و ئیرادانەی کە هەیانە نزم دەبنەوە و تێدا دەچن. بۆ ناسینەوەی باش و خراپی ئەم





دوو جۆرە پاڵەوانە کە ناوێکی یەکسانیان هەیە، بەڵام کار و کردەوەیان ئەو هەموو جیاوازییەی تێدایە، عەقڵ و شعوور و بەراوردکارییەکی زۆر لازمە.

خوشکەزای دۆن کیشۆت گوتی: «یا حەزرەتی مریەم! یانی خاڵە خۆشەویستەکەم، تۆ ئەو هەموو شتە دەزانی؟ بەخودا قەسەم ئەگەر پێویست بێ دەتوانی بچیتە سەر میمبەر و مەوعیزە بکەی. حەیف بەو هەمووە زانستەوە ڕێگەی خۆت ون کردووە و ئەوەندە شێتی سەری لێ شێواندووی کە باوەکو پیری، خۆت بەئازا و شەڕکەر دادەنێی و هەر چەند نەخۆش و پەککەوتەی، خۆت بەتوانا و بەهێز دەزانی و هەر چەند کەمەرت دە ژێر باری پیریدا چەماوەتەوە، دەتەوێ لە چەوساوە و زوڵم لێکراوان داکۆکی بکەی و بەتایبەتی هەر چەند شێوالیە[٣٣٤] نیت، بەڵام خۆت پێت وایە کە هەی؛ ئەڵبەتە نەجیب زادەکان دەتوانن شێوالیە بن، بەڵام نە کاتێک کە فەقیر و دەست تەنگن.» دۆن کیشۆت گوتی: «خوشکەزای خۆشەویستم، ئەوانەی گوتت هەمووی دروستە و من لە بابەتی عەسڵ و نەسەبەوە دەتوانم زۆر شتت پێ بڵێم کە سەرت سوڕ بمێنێ، بەڵام بۆ ئەوەی کە بابەتە ئاسمانییەکان دەگەڵ باسە مرۆڤانییەکان تێکەڵ نەبن خۆی لێ لادەدەم. ئێستا ئەی دۆستانی ئازیز گوێم پێ بدەن و قسەکانم بەوردی بخەنە بەر سەرنجی خۆتان. تەواوی ڕەگەز و بنەماڵەکان لە دنیادا دەتوانین بکەینە چوار بەش: دەستەی یەکەم ئەوانەن کە دەسپێکێکی هەژارانەیان هەبووە، بەڵام وردە وردە گەشەیان کردووە و گەورە بوون و گەیشتوونە ترۆپکی جەلال و شکۆ، دەستەی دووەم کەسانێکن هەر لە سەرەتاوە بەگەورەیی و دەسەڵاتەوە دەستیان پێ کردووە و لە گەڕیانی ژیاندا پێگەی خۆیان ڕاگرتووە و ئێستاش لە بارودۆخێکی باش دان. دەستەی سێیەم ئەوانە دەگرێتەوە کە باوەکو سەرەتایەکی گەورە و بێوێنەیان هەبووە و وەک قووچ (هەرەم) بەسیفر، یانی هیچ، کۆتاییان پێ هاتووە. بەزبانێکی سادەتر یانی وردە وردە لێیان کەم بووەتەوە تا وەک قووچ بوونە نوختە یا هیچ. وە لە ئاخریدا دەستەی چوارەم کە ژمارەیان لە هەمووان زۆرترە، نە سەرەتایەکی باشیان هەبووە نە لە ڕەوتی ژیاندا بەجێیەک گەیشتوون و نە لە ئاخریشدا سەرکەوتنێک وە دەست دێنن و بریتین لە جەمبوورەی گەل و

٣٣٤- شێوالیە لێرە بە مانای پاڵەوان نییە، بەڵکوو مەبەست نەجیب زادەیەکی خاوەن عەسڵ و نەسەب و عینوان و دەنگ و فەنگە کە پێوەندیی بە دەربار یا خاوەن پلە و پایەی گەورەوە هەیە و دەوڵەمەند و دەستڕویشتوو بێ. لە چەند دێڕ پێشتریش دا کە دۆن کیشۆت پاڵەوانەکانی بە دوو بەشی جیاواز دابەش کردووە بە هەڵەدا چووە، چون دەبووایە ئەو دابەش کردنەی لە نێو نەجیب زادەکان دا بکردایە. (مۆریس باردۆن)

خەڵکی ئاسایی. لەمەڕ دەستەی یەکەم کە دەسپێکێکی فەقیرانە و بی بایەخیان هەبووە و پاشان پێ گەیشتوون و گەشەیان کردووە و ئێستاش ئەم بارودخەیان بۆ خۆیان ڕاگرتووە، دەتوانم خانەدانی سوڵتانەکانی عوسمانی[٣٣٥] بەنموونە بێنمەوە؛ ئەم بنەماڵەیە بەشوانی دەستیان پێ کرد و گەیشتنە ئەو پێگەی کە ئەوەتا ئێستا هەیانە. لە خانەدانەکانی دەستەی دووەم یانی ئەوانەی بەگەورەیی و ناو بەدەرەوەییەوە دەستیان پێ کرد و ئێستاش ئەو بارودۆخەیان ڕاگرتووە بێ ئەوەی شتێکی لێ زیاد بکەن، دەتوانین وێنە و نموونەی زۆر لە نێو شازادەکاندا دەستنیشان بکەین. ئەم شازادانە بەشێوەی میرات گرتن بوونەتە خاوەنی ئەم بارودۆخە و تێدەکۆشن بەسازان و بێ کێشە و هەرا سنووری مڵکەکانی خۆیان بپارێزن، لە دەستەی سێیەم کە لە گەورەیی و جەلال و شکۆوە گەیشتوونە خاڵی سیفر دەتوانین بەهەزاران نموونە بخەینە بەر چاو. چون هەموو فیرعەونەکان لە میسر و قەیسەرەکانی ڕۆم و ژمارەیەکی گەورەی پاشایان و شازادەکان وەک ئاشۆر و ماد و پارس و یۆنان و فەرمانڕەواکانی وڵاتی بەربەڕ و ئەو هەموو سوڵتان و خوونکار و ئەعیان و گەورە گەورانە تێدا چوون و تۆزیشیان نەماوە و بەزەحمەت دەتوانین یەکیان بدۆزینەوە کە ئەویش لە حاڵی بەدبەختی و فەوتاندایە. لە خانەدانی جەمبوورەی خەڵک هیچم پێ نییە پێتان بڵێم، ئەوەندە نەبێ بڵێم خەریکی دەرفرتاندن و زۆر کردنی منداڵن و نفووس زیاد دەکەن و هیچ لێهاتوویی و هونەرێکیان نییە و بۆیە نابن باسیان بکەی. ئێستا ئەی کچە بەستەزبانەکانی من لەوانەی گوتم دەمەوێ ئەم بەرهەمە بۆ ئێوە وەربگرم کە لە نێو ئەم خانەدان و ڕەگەزانەدا، شێواوی و هەرا و هوریایەکی گەورە سەری هەڵداوە، بەجۆرێک کە سەگ خاوەنی خۆی ناناسێتەوە(*) و بەڕاستی تەنیا ئەو بنەماڵانە بەرواڵەت گەورە و بەناوبانگ دێنە بەرچاو کە بەهۆی فەزیلەت و سەروەت و سامان و جوامێریی تاکەکانی خۆیان دەتوانن گەورەیی و ناو بەدەرەوەیی خۆیان نیشان بدەن. گوتم بەهۆی سەروەت و سامان، چون کەسێک کە زۆری ماڵی دنیا خۆش دەوێ و بەتەماعە بەڕەزیل و بەدکار دەژمێردرێ و دەوڵەمەندێک کە جوامێر و بەخشندە نەبێ، سواڵکەرێکی پەستە و هیچی تر. لە ڕاستیدا کەسێک کە خاوەنی ماڵ و مڵک و دارایی زۆرە، بەوە خۆش بەخت نابێ، خۆش بەختی بەخەرج کردنی ئەو سامانە دەست دەکەوێ. ئەویش نە خەرجی بێهوودە و لەخۆڕایی بەڵکو دەبێ بزانێ لە کوێ و لە چ وارێکدا دەبێ خەرج بکا. بەکورتی بۆ پاڵەوانانی فەقیر تەنیا

٣٣٥– دەڵێن عوسمان دامەزرێنەری خانەدانی عوسمانی لە سەدەی چاردەدا، سەرەتا شوان و پاشان ڕێگر بوو.(مۆریس باردۆن)





ڕێگەیەک لە پێشدا هەیە کە خۆی بەپاڵەوان نیشان بدا، ئەویش کارباشی و فەزیلەت و چاکەیە، یانی پاڵەوان دەبێ بەئەدەب، باش بارهاتوو، دڵۆڤان و ڕووخۆش و مەجلیس خۆش بێ و هەرگیز ئیفادە نەفرۆشێ و بێ شەرمی و بێ حەیایی نەکا و قەدری خەڵک بگرێ، بەتایبەتی دەبێ خێرخواز و کارپاک و بێ غەرەز بێ. بایەخ و گرینگیی دوو فلس پارە کە ئەو لە ناخی دڵەوە و بەنییەتی پاکەوە دەیدا بەسواڵکەرێک، زۆر زۆرتر لەو چاکە و سەدەقە باشترە کە زوڕنای پێوە لێ دەدەن. سەخی بوون و جوامێریشی گەلێک لە هی ئەو کەسە زۆرترە. لە دنیادا هیچ کەس نییە کە پاڵەوانێکی ئەوتۆ، بەو خەسڵەتە باشانەوە ببینێ و بەپیاوێکی گەورە و دڵۆڤانی دانەنێ. جا با بشزانێ کە فەقیر و دەستەنگە. ئەگەر پاڵەوانێک وەک گوتم وابێ و بەپیاوەتی و گەورەیی نێو دەرنەکا، مەحاڵە، وە چۆن پاداشی فەزیلەت و پاکی تاریف و پەسندانە، پیاوی دڵ گەورە و شەریف مومکین نییە نەکەونە واری تاریف کردن و پەسندان. ئەی کچانی من، ئادەمیزاد دوو ڕێگەی دەبەردایە بۆ ئەوەی دەوڵەمەند و خۆشەویست بێ. یەکیان ڕێگەی زانست و فێر بوون و ئەوی تریش ڕێگەی چەک و ئەسلەحە. شارەزایی من لە چەک و ئەسلەحەدا زۆرترە تا لە زانست و خوێندندا و وەک لە بەهرە نهێنییەکانی خۆم تێ دەگەم بەتالیعی ئەستێرەی مریخ لە دایک بووم. کەوابوو چارەنووسی من ئەوە بوو کە ئەم ڕێگە بگرمە بەر و ناچارم بەپێچەوانەی ویستی هەموو عالەم هەر بەو ڕێگەیەدا بڕۆم. ئێوە ئەگەر دەتانەوێ من لە شتێک بگێڕنەوە کە خودایان مقەدەریان کردووە و چارەنووس لە پێشی داناوم و بەتایبەتیش دڵخوازی خۆمە، زەحمەتی بێهوودە دەکێشن و لەخۆڕا خۆتان ناڕەحەت دەکەن، چون هەرچەند لە ئەرک و کوێرەوەرییەکانی پاڵەوانانی سەرگەردان ئاگەدارم لە نیعمەت و سوودە بێ پایانەکانیشی هەر با خەبەرم. من باش دەزانم کە ڕێگەی فەزیلەت و شەرافەت تەنگ و باریکە و ڕێگەی ڕەزاڵەت و خراپە بەرفراوان و پان و بەرینە. من باش دەزانم ئەو دوو ڕێگەیە، دەگەنە دوو کۆتاییی جیاواز، یانی کۆتاییی ڕێگە پان و بەرینەکە بنەبانەکەی بێ شەرەفی و ڕەزاڵەتە و کۆتایی ڕێگەکەی تریش شەرەف و گەورەیی و ژیانی هەتا هەتاییە. بەکورتی پێتان بێژم هەر وەک شاعیرێکی گەورەی کاستیلی گوتوویەتی: «تەنیا بەو ڕێگە دژوارەدایە کە دەتوانی بگەیتە سەر تەختی بڵندی ژیانی هەتایی و هەرگیزلێێ دانابەزییەوە.» منیش دەزانم کە «سەر چوونی تەختە، ڕۆینی سەر داری پێ دەوێ.»[٣٣٦]

٣٣٦– ئەو شێعرە هی شاعیری نەمری کورد، ئەبولحەسەنی سەیفی قازی «سیف القضات»ە.(وەرگێڕ)

خوشکەزای دۆن کیشۆت هاواری لێ بەرز بووەوە: «ئەی قوڕ بەسەری منی بەدبەخت! من نەمدەزانی وەلی نیعمەتەکەم شاعیریشە! من نەمدەزانی کە ئەو هەموو شتە دەزانێ و بۆ هەموو کارێک دەبێ! من مەرج دەکەم ئەگەر بەننا بووایە دەیتوانی ماڵێک بەگەورەیی قەسرێک دروست بکا.» دۆن کیشۆت گوتی: «خوشکەزای عەزیز، من متمانەت پێ دەدەم کە ئەگەر فکری پاڵەوانی و گۆنگەڵخوازی هەستەکانی داگیر نەکردبام، کارێک لە دنیادا نەدەما کە نەیکەم و هیچ کار و هونەرێک نەدەما دەدەستمدا عاسیە بێ(*)، بەتایبەتی لە دروست کردنی ڕکە و قەفەس بۆ باڵندە و چیلکەی ددان ئاژنینەوەدا کەس تای نەدەکردم.»

لەو کاتەدا دەنگی کۆتانی دەرگا بەگوێ گەیشت و کاتێک یەکێک لە ژنەکان پرسیی کێیە لە دەرگا دەدا، دەنگی سانکۆ لە پشت دەرگاوە بەرز بووەوە کە منم؛ وە کەیبانوو ئەوەندەی ڕق لە سانکۆ بوو، تا زانیی ئەوە، هەڵات و خۆی شاردەوە بۆ ئەوەی چاوی بەچاوی نەکەوێ. خوشکەزا دەرگای بۆ سانکۆ کردەوە و ئەرباب بەئامێزی ئاوەڵاوە بۆ پێشوازیی، ڕۆیشتە بەرەوە. پاشان هەر دووکیان لە وەتاغی دۆن کیشۆتدا دەستیان کرد بەوتووێژێک کە چی لە وتووێژی پێشوو کەمتر نەبوو.



٧

## لەمەڕ بابەتگەڵێک کە دۆن کیشۆت
## دەگەڵ مەیتەری خۆی باسی کرد و باقیی ڕووداوە گرینگەکان

کەیبانوو کاتێک سانکۆپانزای دەگەڵ ئەربابی خۆی لە خەڵوەتدا بەدانیشتوویی دیت و زانیی کە باسی چ دەکەن و چون فکری کردەوە کە ئاکامی ئەو دانیشتنە شتێک نییە بێجگە لە وەدەر کەوتن و ڕۆیشتنی سێیەم لە لایەن دۆن کیشۆتەوە، بەپەلە چادرەکەی هەڵگرت و بەدڵێکی پڕ لە غەمەوە بەهەڵاتن خۆی گەیاندە ماڵی سامسۆن کاراسکۆی خوێندکار، چونکە ئەو خوێندکارە لەبەر چاوی ئەو وێژاوەرێکی زەبربەدەست و کارامە بوو، وە چون لە دۆستانی تازەی دۆن کیشۆت بوو، کەیبانوو وای دەزانی کە هیچ کەس بەقەدەر ئەو ناتوانێ دۆن کیشۆت ڕازی بکا کە دەست لەو کارە شێتانەیە هەڵبگرێ. کەیبانوو، خوێندکاری لە کاتی پیاسە کردن لە حەوشی ماڵی خۆیدا چاو پێ کەوت و خۆی بەسەر کەوشەکانی دادا. خوێندکار کە پەژارە و پەشێوی و شێواوییەکی بێ ئەندازەی لە ڕوخساری کەیبانوودا دیت گوتی: «ئەی کەیبانووی بەڕێز چ بووە؟ چ قەوماوە، دەڵێی ئیزراییل ڕێت کەوتووە و دەیەوێ گیانت لێ بستێنێ!» کەیبانوو گوتی: «ئاغای بەڕێز گرفتارییەکەم ئەوەیە کە ئەرباب دیسان دەیهەوێ هەڵێ. هیچ شکت دەوەدا نەبێ کە ئەو دیسان دەرباز دەبێ.» سامسۆن پرسی: «دەکرێ بفەرمووی لە کوێ هەڵدێ؟» مەگەر دیواری ماڵەکەی بۆ ئەو کارە کون کردووە؟» کەیبانوو گوتی: «ئەو بەدەروازەی شێتیی خۆیدا هەڵدێ، یانی ئەی بەڕێز خوێندکاری خوشەویستی من، دەمەوێ عەرزت بکەم کە ئەرباب ئەوجاریش هەڵدێ و ئەمەش جاری سێیەمە کە دەیەوێ وە شوێن ڕووداوگەلێک بکەوێ کە خۆی ناوی لێ ناون ڕووداوی پاڵەوانی و من بەڕاستی نازانم کە ئەم کارانە چۆن دەتوانن ڕووداوی پاڵەوانی بن. جاری یەکەم کە هێنایانەوە بەرەو پشت سواری کەریان کردبوو و ئازای جەستەی هەموو ورد و تێکشکاو بوو. جاری دووەم بەسواری عارەبەی گا لە قەفەسێکدا گێڕایانەوە کە ئەو خۆی پێی وابوو تەلیسم کراوە. پیرەمێردی بەدبەخت هەر دووک جاران کە هاتووەتەوە لە بارودۆخێکی وا دابوو کە پیاو زگی پێی دەسووتا و دایکیشی مابا نەیدەناسییەوە! یانی بەدەم و چاوێکی تێکقوپاو و چرووک و ئیشک هەڵاتوو و چاوی دەقووڵەوەچوو، وابوو کە بۆ

ئەوەی هێندێک بێتەوە حاڵ زۆرتر لە شەش سەد هێلکەمان دەرخوارد دا، وە ئەوەش شتێک نییە من بیڵێم، خودا بۆ خۆی ئاگەدارە و خەڵکیش هەموو دەزانن و بەتایبەت ئەو مریشکانەی ئەو هێلکانەیان کردووە، وەدرۆم ناخەنەوە.» خوێندکار گوتی: «بەڵێ، بەڵێ، من بەتەواوی بڕوام بەقسەکانت هەیە، چون مریشکەکانی ماڵی ئێوە ئەوەندەی قەڵەون، ئەوەندەش بەئەدەبن کە ئەگەر سەریشیان ببڕی درۆیەک ناکەن. باشە، کەیبانوو چی تر هەیە بیفەرمووی؟ ئایا هیچ بەدبەختیەکی تر بێجگە لە چارەنووسی دۆن کیشۆت هەیە کە ڕووی دە ئێوە کردبێ؟» کەیبانوو گوتی: «نەخێر قوربان هەر ئەوەیە کە پێم گوتی.» خوێندکار گوتی: «زۆر باشە کەوابوو لەسەرەخۆ بگەڕێوە ماڵی خۆتان و خواردنێکی گەرم و نەرم بۆ نەهاری من ساز بکە و ئەگەر دەزانی لە ڕێگەدا دوعای «سێنتئاپۆلۆن»[٣٣٧] ژی بخوێنە؛ منیش بەدواتدا دێم و ئەو دەم موعجیزەی ئەم کارە دەبینی. کەیبانوو گوتی: «یا حەزرەتی عیسا! فەرمووت دوعای سێنت ئاپۆلۆن بخوێنم؟ ئەو کارە کاتێک بەدەرد دەخوا کە ئەرباب ددانی بێشێ، بەڵام ئەو بێجگە لە ئێش و دەردی مێشکی عەلەمی تری لێ نییە!» کاراسکۆ گوتی: «بڕۆ کەیبانوو، من لە خۆمەوە ئەوە ناڵێم. بڕۆ یەک و دووم[*] دەگەڵ مەکە! تۆ کە دەزانی من دەرس خوێندووی زانکۆی سالامانکم.» بەڵێ جا کەیبانوو گەڕاوە ماڵ و خوێندکار دەسبەجێ ڕۆیشتە لای کەشیش و پێکەوە قسەیان کرد و پلانێکیان داڕشت کە لە جێی خۆیدا باسی دەکەین.

لەو کاتەدا کە دۆن کیشۆت و سانکۆ لە خەڵوەتدا بوون، وتووێژێکیان پێکەوە کرد کە مێژوو بەوردی و بێ کەموزۆر بۆ داهاتوو ڕایگرتووە. سانکۆ بەئەربابی خۆی گوت: «ئەرباب ئاخری من توانیم ژنەکەم باردار[٣٣٨] بکەم کە ئیزنم بدا لە خزمەت تۆدا بۆ هەر شوێنێک کە بفەرمووی لە خزمەتتدا بێم.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ «باردار» یانی چی، بڵێ «وادار»[٣٣٩].» سانکۆ گوتی: «هەر چەند لە بیرم نەماوە بەڵام پێم وایە دوو سێ جار عەرزم کردووی ئەگەر لە قسەکانم حاڵی دەبی ئیرادم لێ مەگرە و قسەم پێ مەبڕە، ئەگەر تێشی

---

٣٣٧- دوعای Sainte Apoline کە شتێکی وەک ویرد بووە لە کاتی ددان ئێشەدا دەیانخوێند و پێیان وابوو ئێشەکان هێور دەکاتەوە.(مۆریس باردۆن)

٣٣٧- «بار دار» بە فارسی یانی ئاوس و زگ پڕ، بۆ ژنان و لێرەدا سانکۆ بە غەڵەت ؛لە جێگەی «وادار» دەکاری هێناوە.

٣٣٩- «وادار» لە کوردیی موکریانیدا دەکار دەکرێ و لە فارسیش دا هەر هەیە بە مانای رازی کردنی کەسێک بۆ ئەنجامدانی کارێک. (وەرگێڕ)





ناگەی، بڵێ سانکۆ یان شەیتان لە قسەکانت حاڵی نابم، دووپاتی کەوە یا بەجورێکی دیکە بیڵێ. وە ئەو دەم ئەگەر من نەمتوانی ڕوون و ئاشکرا مەبەستی خۆم بەیان بکەم، ئیرادم لێ بگرە. چون من وەک بۆ خۆت دەمناسی لە بەرامبەر ئەمر و فەرمانی تۆدا «دڵ کەچم».» دۆن کیشۆت گوتی: «باشە، سانکۆ من ئەوجارەش لێت حاڵی نەبووم و نەمزانی مەبەستت لەوەی کە دەڵێی دڵ کەچم چییە؟ ئەوجار قسەکەت بەشێوەیەکی تر دووپات بکەوە.» سانکۆ گوتی: «ئەگەر تێ ناگەی دەڵێم چی، من ئیتر نازانم چ بڵێم؛ من هەر ئەوەندە دەزانم، خودا بەهاوارم بگا.» دۆن کیشۆت گوتی: «ها، ها، ئەوجار حاڵی بووم، تۆ دەتەوێ بڵێی دە بەرامبەر مندا زۆر ملکەچی و هەرچی پێت بڵێم ناڵێی نا، بەپێی ڕێنوینییەکانم دەبزوویەوە و هەر چی ئەمر بکەم وادەکەی.» سانکۆ گوتی: «مەرج دەبەستم تۆ لە سەرەتاوە لێم حاڵی بووبووی و دەتزانی دەڵێم چی، بەڵام هەر ویستت سەرم لێ بشێوێنی تا وادارم بکەی هەزار قسەی بێ تام بکەم.» دۆن کیشۆت گوتی: «ڕەنگە هەر وابێ، بەڵام بەهەرحاڵ پێم بڵێ ترێز چی گوت؟» سانکۆ گوتی: «ترێز، قسەی ئەوە بوو کە من دەست لە دەستی تۆ بنێم و تا جێگەیەک باش نەبینم هەنگاوی تێ نەنێم؛ دەیگوت کاتێک مرۆڤ زبانی خۆی گرێ دا و چیی نەگوت، نووسراوە دەتوانێ بەجێی ئەو قسان بکا؛ دەیگوت لە نێوان قسە و عەمەل جیاوازیی زۆرە؛ دەیگوت هەر کەس زوو دەگەڵ تۆ کەوێ زووش لە تۆ هەڵدەبڕێ، هەروەها دەیگوت چۆلەکەی ناو دەست باشترە لە هەڵۆی ئاسمان، وە منیش دەڵێم ئەگەر نسحەتی ژن کورت و بەقازانج بێ، هەر کەس دەکاری نەکا شێت و دێوانەیە.» دۆن کیشۆت گوتی: «منیش دەگەڵ ئەو قسەدا هەم، باشە هاوڕێ سانکۆ فەرموو دەی بڵێ، بەڕاستی قسەکانت زۆر خۆشن.» سانکۆ گوتی: «قسەی بنەڕەتی هەروەک خۆت لە من باشتر دەزانی ئەوەیە کە ئێمە هەموومان دەبێ بمرین، یانی ئەگەر ئەمڕۆ زیندووین لەوانەیە سبەی نەبین، وە مەرگیش پیر و جحێڵ ناناسێ و هیچ کەسیش لەم جیهانەدا ناتوانێ متمانە بەخۆی بدا کە زۆرتر لەوەی خودا بۆی دیاری کردووە بژی و بمێنێ. چونکو گوێی عیزرائیل کەڕە و لەو کاتەدا کە دەرگای ماڵمان دەکوتێ بۆ ساتێکیش لەسەر کەس ڕاناوەستێ و مۆڵەت نادا و وەک خەڵک دەڵێن و ڕۆحانییەکان لەسەر میمبەر و لە نێو میحراب دەڵێن، هیچ شتێک ناتوانێ ئەو لە کێشانی ڕۆحی ئێمە پەژیوان بکاتەوە و دوعا و نەزر و نیاز و زۆر و زێڕ و کڵاو و عەسای ئۆسقۆفی ژی کاری تێ ناکەن.» دۆن کیشۆت گوتی: «ئەوەی دەیڵێی هەمووی ڕاستە، بەڵام نازانم مەبەستت لەو قسانە چییە؟» سانکۆ گوتی: «مەبەستم ئەوەیە کە بەڕێزتان مواجب و مانگانەیەک بۆ من دیاری بکەی، یانی تا ئەو ڕۆژەی دە خزمەتت دام

هەموو سەری مانگان مووچەی من لە داهات و دەراماتی خۆت بدەی بەمن. من ئەو شێوە خزمەت کردنەم زۆرتر لە خزمەتی بەخۆڕایی بەلاوە پەسەندە و نامەوێ دەست مزدم بەئەنعام و خەڵات و شتی وا پێ بدەی. چون پاداش و ئەنعام یا هەرگیز ناگا یا بەدەگمەن دەگا. بەکورتی، دەمەوێ دەخۆم بگەم بزانم چم دەدرێتێ یان نادرێتێ. چون مریشک تا ڕاوکەی[*] دەبن نەنێن هێلکە ناکا و بەواتای پێشێنیان «دڵۆپ دڵۆپ کۆ دەبێتەوە دەبێتە دەریا» و تا کاتێک کە مرۆڤ داهاتێکی کەمی هەبێ شتێک لە خۆی مایە دانانێ. لە ڕاستیدا ئەگەر خوای کرد وا هاتە پێش (شتێکی کە من نە هیوام پێی هەیە و نە باوەڕ) کە جەنابت ئەو دوڕگەیەی کە زۆر لە مێژە وەعدەت داوە بدەی بەمن، ئەودەم منیش ئەوەندە ئەمەگ نەناس و سپڵە نابم و قووڵی ناخوێنمەوە و جەنابت دەتوانی جیرەی مانگانەم لە داهاتی دوڕگە لێ وەربگریتەوە.» دۆن کیشۆت گوتی: «هاوڕێ سانکۆ پەندێکی مەشهوورە دەڵێ»چەوەندەری ئەوها، کووپەی ئەوها[٣٤٠]»... .» سانکۆ گوتی: «هەر چەند من مەبەستی جەنابت لەو قسەیە تێ دەگەم بەڵام، حازرم گرێو بکەم دەتویست بڵێی»ئەوها کووپەیەک، ئەوها چەوەندەرێک...» بەهەرحاڵ چۆنی بیڵێی ئیرادی نییە. چون بەڕێزتانیش دە مەبەستی من گەیشتوون.» دۆن کیشۆت گوتی: «وەها دە مەبەستی تۆ گەیشتووم کە گەیشتوومە قووڵایی و بنەبانی فکری تۆ و دەزانم کە بەو هەموو پەند و قسە نەستەقانە دەتەوێ چم پێ ڕابگەیەنی. گوێت لێ بێ سانکۆ، ئەگەر دە یەکێک لەو داستانە پاڵەوانییانەدا وارێکم دیتبایە کە بەروونی یا بەکینایە نیشانی دابایە کە مەیتەران مانگانە یا ساڵیانەی دیاریکراویان هەبووە، منیش بەئیشتیا و بەمەیلەوە مووچەیەکم بۆ دیاری دەکردی؛ بەڵام هەر چەند هەموو یا بەشی زۆری مێژووی پاڵەوانانم خوێندووەتەوە، نایەتە بیرم لە جێگەیەک خوێندبێتمەوە کە هیچ پاڵەوانێکی سەرگەردان مووچەی بۆ مەیتەر دیاری کردبێ. من تەنیا ئەوە دەزانم کە هەمیشە مەیتەران بەخۆڕایی و بەبێ ئەوەی چاویان لە شتێک بووبێ، خزمەتیان کردووە و لە دەرفەتدا بێ ئەوەی خۆیان خەبەردار بووبن، ئەگەر بەخت

٣٤٠– پەندێکی تورکییە «بێلە دیگ چوغوندور» دەڵێن دوو کەسی دۆزن تووشی یەک بوون و دەستیان کرد بە درۆی زەلام. یەکیان گوتی کووپەیەکم دروست کردووە کە دەبێ لەبەر گەورەیی و بڵندی بە نەردیوان پێی هەڵبچی و ئەوەند گەورەیە ئەوەند گەورەیە، ئەوی دی گوتی چەوەندەرێکم چاندووە ئەوەندە گەورەیە کە بە هەزار کەس لە جێی خۆی تەکان نادرێ و پەنجا گەز بڵندە و درۆزنی ئەوەڵ گوتی بۆ درۆ دەکەی چەوەندری وا لە هیچ کوێ نەبیندراوە. دووەمی جوابی داوە ئەو کووپە ئەو چەوەندەرەی دەوێ.(وەرگێڕ)





ڕووی دە پاڵەوان کردبێ، دوڕگەیەک یا شتێکی دەو مایانەدا پاداشیان وەردەگرت و لانی کەم دەبوونە خاوەنی ملّک و دارایی و عینوانێکیشیان پێ دەدرا. ئێستا ئەی سانکۆ، ئەگەر تۆ بەو هیوا و ئارەزووانەوە ئامادەی بگەڕێیتەوە لای من پێت، لەسەر چاوم و ئەگەر پێت وایە من ئەو دابونەریتانە دەخەمە پشتگوێ و ڕێسا و یاسای پاڵەوانانی سەرگەردان دەژێر پێم، دەنێم ئامادەم دەستت ماچ بکەم و دەوڵەت زیاد و ماڵ ئاوا. کە وابوو سانکۆی خۆشەویست بڕۆوە لای ترێز و بڕیاری منی پێ بێژە. ئەگەر تۆ حازری بێ جیرە و مووچە خزمەتی من بکەی و ئەویش قسەیەکی نەبێ، ئەوە زۆر باشە، ئەگەریش نا، ئەوە دۆستایەتیمان هەر دەمێنێ و ئەوەش بزانە کۆتر خان تا دانە و ئاو هەبێ بێ کۆتر نابێ. هەروەها ئەی ڕۆڵەی خۆشەویستم، ئەوە بزانە کە چاوەڕوانی بەجێ باشترە لە دیداری بێ جێ و نەغدی خۆت بەقەرز نەدەی باشترە. سانکۆ، من دەگەڵ تۆ بۆیە ئاوا قسە دەکەم کە بزانی منیش دەتوانم باران و لەنگێزەی پەند و مەسەلانت بەسەردا ببارێنم. بەکورتی من دەمەوێ پێت بێژم و دۆستانە پێت ڕابگەیەنم کە ئەگەر ناتەوێ وەدوای من بکەوی و بەخۆڕایی خزمەتی من بکەی و وەک من بەشوێن بەخت و یەغباڵدا سەرگەردان و ئاوارە بی، بڕۆ بەئەمانی خودا کە خودا چاکەت وەڕێ بێنێ. بۆ منیش خودا کەریمە و قاتی مەیتەرێکی باشی وەک تۆ نییە، بەتایبەتی لەوانەشە وەک تۆ فرەوێژ و پەخمە نەبێ.»

سانکۆ هەر کە بڕیاری تۆکمەی ئەربابی خۆی بیست، هەستی کرد کە دنیا لەبەر چاوی ڕەش هەڵگەڕاوە و هەورێکی ڕەش بەرچاوی گرتووە و مەلی دڵی هێزی فڕینی نەماوە، چون ئەو لە دڵی خۆیدا پێی وابوو کە ئەربابەکەی ئەگەر هەموو گەنجی عالەمی پێ بدەن حازر نابێ دەست لەو هەڵبگرێ و بێ ئەو بکەوێتەوە ڕێ. دەوکاتەدا کە سانکۆ گێژ و سەر لێشێواو لەوێ ڕاوەستابوو، سامسۆن کاراسکۆ و بەدوای ئەودا خوشکەزا و کەیبانوو هاتنە ژوور. هەر دووک خاتوون چاوەڕوان بوون بزانن خوێندکار چۆن دۆن کیشۆت لە سەفەر پەژیوان دەکاتەوە. سامسۆن نیزیک بووەوە و چون وەک هەمیشە بەدوای گاڵتە و شۆخیدا دەگەڕا، پاڵەوانی دە ئامێز گرت و بەدەنگی بەرز گوتی: «ئەی سەرتۆپی هەموو پاڵەوانانی سەرگەردانی جیهان، ئەی پڕشنگی خۆری پاڵەوانەتی و سپاییگەری، ئەی شانازی و ئاوێنەی نەتەوەی ئیسپانیا، لە خودای مەزن دەپاڕێمەوە ئەوانەی کۆسپ و تەگەرە دەخەنە سەر ڕێگەی سەفەری سێیەمی تۆ، خۆیان وەها بکەونە پێچ و خەمی تاریکە ڕێی ژیانی پڕ زەحمەت و کوێرەوەری  کە سەر دەرنەکەن و خمیان[*] لێ بشێوێ و هەرگیز بەئارەزووی دڵی خۆیان نەگەن.» پاشان ڕووی دە کەیبانوو کرد و گوتی: «وە تۆ ئەی

کەیبانووی مێهرەبان، دەتوانی لە خوێندنی دوعای سێنت ئاپۆلۆ چاوپۆشی بکەی و زەحمەتی بێ فایدە نەکێشی، چون جەستە ئاسمانییەکان و گەردوونی گەردان وایان مقەدەر کردووە کە جەنابی پاڵەوان دۆن کیشۆت فکری بەرز و تازەی خۆی بخاتە گەڕ. من ئەگەر ئەم پاڵەوانە دڵگەرم نەکەم و پێی ڕانەگەیەنم کە زۆرتر لەوە زۆری باسک و شان و باهۆی بەهێز و بەزە و ڕەحمەتی دڵێ خۆی بێ کار و بێ فایدە ڕانەگرێ و هەرچی زووترە بگاتە یاریدەی لێقەوماوان و بێ دەرەتانان و کچانی بێ مێرد و ژنانی بەمێرد و هەزاران کاری لەم چەشنە کە ئەرکی پاڵەوانانی سەرگەردانی جیهانە، بارێکی قورس و گران بەبارستای کێوێکم لەسەر ویژدانی خۆم داناوە. کەوابوو ئەی ئەربابی دڵۆڤانی من دۆن کیشۆت، ئەی پاڵەوانی ڕەزاسووک، بۆ پێشەوە! ئەگەر بەڕێزتان ئەمڕۆ وەڕێکەون باشترە لە سبەینێ، وە ئەگەر بۆ وەگەڕ خستنی نییەتی پاک و مەبەستە خێرخوازانەکانت کەموکوڕییەک لە ئارادایە، بەندەی خۆت حازرە بەقیمەتی گیان و ماڵی خۆم ئەم کەم و کورتییانە لە ئارادا نەهێڵم و تەنانەت ئەگەر پێویستە، وەک مەیتەر دە خزمەتتدا بم، بۆ من جێگەی شانازی و سەربەرزییە.»

لێرەدا دۆن کیشۆت دەستبەجێ ڕووی دە لای سانکۆ کرد و گوتی: «سانکۆ پێم نەگوتی بۆ من قاتی مەیتەر نییە؟ چاوت بکەوە و بزانە کێ حازرە مەیتەریم بکا. ئەوە هەمان سامسۆن کارسکۆ خوێندکاری بێوێنە و وێژەوانی کۆڕڕازێنەرەوە و مایەی شادی و سرووری هەمیشەییی تالارەکانی زانکۆی سالامانکە، کەسێکە کە جەستەیەکی ساغ و سلامەت و ماسوولکەی نەرم و چوست و چالاکی هەیە. لاوێکە ڕازدار و ئارام کە لە گەرما و سەرما و تینوێتی و برسێتیدا خۆڕاگر و بەتابشتە و بەکورتی تەواوی تایبەتمەندی و خەسڵەتی باش کە دەبێ دە مەیتەری پاڵەوانانی سەرگەرداندا هەبێ، هەمووی هەیە. بەڵام خودای مەزن پێی خۆش نییە من بەخاتری ڕازی کردنی هەواو هەوەسی خۆم، کۆڵەکەی کۆشکی ئەدەب بپەڕێنم و کاسەی زانست و هونەر تێک بشکێنم و لقە خورما و چڵی زەیتوون لەسەر سەری هونەرە جوانەکان وەلا بەرم. نەخێر، نەخێر، با سامسۆنی جەوان لە زێدی خۆیدا بمێنێتەوە و هەر وەک مایەی شانازیی نیشتمانی خۆیەتی، مایەی سەربەرزی و شانازیی مووی سپی باوکی پیری خۆی بێ. من بەهەر مەیتەرێک کە بەهەڵکەوت تووشی بم، ڕازی دەبم، چون سانکۆ نایەوێ ئیتر دەگەڵم وەڕێ کەوێ.» سانکۆ لە کاتێکدا کوڵی گریانی دە گەرووی مابوو و فرمێسکی دەچاوی گەڕابوو، هاواری لێ بڵیند بوو کە: «بۆ چی، بۆ چی، من پێم خۆشە دە خزمەت تۆدا بم. ئەی وای، ئەربابی عەزیز. من هیچ پێم خۆش





نییە خەڵک پاش ملە پێم بڵێن: ئەمەگناس نەبوو، شوکری خودا کە من لە ڕیزی ئەمەگ نەناساندا نیم؛ هەموو دنیا بەتایبەتی خەڵکی گوندەکەی خۆمان دەزانن کە ئەندامانی بنەماڵەی پانزا کە من لە تۆرەمەی ئەوانم، چۆن مرۆڤێک بوون. من لە کار و کردەوەی باش و قسەکانی بەڕێزتانڕا وا تێ گەیشتووم کە بەرامبەر بەمن نییەتی خێرتان هەیە و دەتانەوێ چاکەم دەگەڵ بکەن، ئەوەش کە لەمەڕ جیرە و مووچە و مواجیب گوتم بۆ ڕازی کردنی خێزانم بوو و هیچی تر، چون کاتێک ئەم فکرە چوو دە زەینی ترێزاوە کە بیەوێ کارێکت پێ بکا، ئەوەندەت دەخاتە ژێر گوشار و ئەوەندەت دە مێشکی دەسریوێنێ کە چەکوچی دوو سەری ئاسنگەری دە سەری بەرمیلی نەکوتابێ! بەڵام هەر چۆنێک بێ پیاو دەبێ پیاو بێ و ژنیش دەبێ ژن بێ، چون هەر چۆنێکی حیسابی بکەی منیش بۆ خۆم پیاوێکم و ناتوانم حاشا لە پیاوەتیی خۆم بکەم، لەبەرئەوە دەمەوێ لە ماڵی خۆشم، بەپێچەوانەی هەر نەیارێک، هەر پیاو بم. کەوابوو، ئێمە ئیتر لێرە کارێکمان نییە بێجگە لەوەی کە بەڕێزتان وەسیەتنامەی خۆتان بەوردی و بەهەموو شاخ و باڵێکەوە بنووسی، بەشکڵێک کە هیچ کەس نەتوانێ هەڵی وەشێنێتەوە و هەر چی زووترە وەڕێ کەوین نەوەک ڕۆحی سامسۆن کاراسکۆ بکەوێتە عەزاب و ناڕەحەتی، چون ئەو جحێڵە دەڵێ کە ویژدانی زۆری لێ کردووە کە بەڕێزتان خاترجەم بکا کە پێویستە بۆ جاری سێیەمیش وەدەر بکەوی و کون و کاژێری ئەم جیهانە بەسەر کەیەوە. منیش ئامادەم بەش بەحاڵی خۆم دە خزمەتت دابم و ئەوەی لە دەستم بێ بیکەم. خزمەتێکی وا بکەم کە لە چاخەکانی ڕابردوو یا حاڵدا هیچ مەیتەرێکی پاڵەوانانی سەرگەردانی تر نەیانکردبێ.»

خوێندکار کاتێک شێوە قسە کردنی سانکۆی بیست واقی وڕما، چونکە هەر چەند بەشی یەکەمی داستانی ئەربابی ئەوی خوێندبووەوە، بەو حاڵەشەوە نەیدەتوانی باوەڕ بکا کە ئەم پیاوە بەو ئەندازەی لەوێدا تاریفی کرابوو، قسەخۆش و لەبەردڵان بێ، بەڵام چون هێندێک وشەی بەغەڵەت دەکار هێنابوو هاتە سەر ئەو بڕوایە کە ئەوەش بۆ خۆی یەکێک لە شێتەکان و دێوانەکانی ئەو دنیایەیە و مێشکی کار ناکا. خوێندکار تەنانەت لە ژێر لێویدا گوتی ئەم جیهانە هێشتا ئەرباب و نۆکەرێکی ئەوەندە شێتی بەخۆیەوە نەدیتووە.

سەرئەنجام دۆن کیشۆت و سانکۆ یەکتریان دە ئامێز گرت و وەک جاری جاران بوونەوە دۆست و هاوڕێی گیانی، پاشان بەفەرمانی کاراسکۆی مەزن کە ئێستا بووبووە پێغەمبەر و ڕێنوێنی ئەوان بڕیاریان دا پاش سێ ڕۆژی تر ببزوون و بکەونە ڕێ. ئەم سێ ڕۆژە بۆ دابینکردنی هەموو پێداویستیی سەفەر و بەتایبەت دۆزینەوەی کڵاوێکی بەلێوار بەس بوو،

چون دۆن کیشۆت پێی چەقاندبوو کە دەبێ کڵاوی بەڵێوار لەسەر بنێ. سامسۆن بەڵێنی دا کە کڵاوی بەڵێواری بۆ پەیدا بکا، چون دەیزانی یەکێک لە دۆستەکانی کڵاوێکی ئاوای هەیە و ئەگەر داوای لێ بکا بێگومان دەیداتێ، هەر چەند ئەم کڵاوە بەژەنگ و ژەنگار ڕەش هەڵگەڕابوو و هیچ سوونەوە و خاوێن کردنەوەیەکیش ڕەنگی پێهەڵنەهێنابوو.

لەعنەت و تووک و نزای کەیبانوو و خوشکەزای دۆن کیشۆت، بۆ خوێندکار لە ئەندازە بەدەر بوو، ئەوان پرچیان دەڕنییەوە و ڕوخساری خۆیان دادەڕووشاند و قژیان هەڵدەقەندەوە و لە چەشنی کەسانێک کە لە ڕۆژانی شینگێڕی و شیوەندا بۆ گریان و قوڕ وەسەر کردن لەسەر جەنازەی مردوو بەکرێ دەگیران، بۆ ڕۆیشتنی ئەرباب و خاڵی خۆیان دەستیان کرد بەشیوەن و گریان، وەک ئەوەی کە بەڕاستی بەسەر جەنازەکەیدا بگرین. لەوەی کە سامسۆن دۆن کیشۆتی دنە دەدا کە جارێکی تر سەر دە بیابان و سەحرا بنێ، پلان و نەخشەیەکی بوو کە لە بەشەکانی دواییی ئەم داستانە گەورەیەدا باسی دەکەین و ئەوەش هەمووی بەرێنوێنیی کەشیش و دەلاک بوو کە خوێندکار دە پێشدا ڕاوێژی دەگەڵ کردبوون. بەکورتی، لە ماوەی ئەم سێ ڕۆژەدا دۆن کیشۆت و سانکۆ ئەوەی پێویستییان پێی هەبوو دابینیان کرد. ئەوجار پاش ئەوەی سانکۆ ژنەکەی و دۆن کیشۆت خوشکەزا و کەیبانووی هێور کردەوە، بێ ئەوەی کەس ئاگای لێ بێ لە شەوێکی ئارام و خۆشدا لە گوند وەدەر کەوتن و ڕێگەی تۆبۆزۆیان گرتە بەر؛ تەنیا خوێندکار کە ئاگای لەو کارە هەبوو، ویستی تا نیو فەرسەخی بەڕێیان بکا. دۆن کیشۆت سواری ڕۆسی نانت و سانکۆ سواری کەری پێشووی خۆی بووبوو؛ مەیتەر خورجێنی پڕ کردبوو لە ئازووقەی بێ کەڵک و کیسەشی پڕ کردبوو لەو پارەیەی کە دۆن کیشۆت بۆ ڕۆژی مەبادا(*) پێی دابوو. سامسۆن دۆن کیشۆتی دەئامێز گرت و تکای لێ کرد لە هەموو ڕووداوێکی چاک یا خراپ ئاگەداری بکاتەوە. کاتێک دۆن کیشۆت بەڵێنی ئەو کارەی بەخوێندکار دا، سامسۆن بەرێگەی خۆیدا گەڕاوە و ئەو دووانەش بەرەو گوندی گەورەی تۆبۆزۆ وەڕێ کەوتن.





٨

## باسی ڕووداوێک کە کاتی ڕۆیشتن بۆ لای گراوییەکەی دۆلسینە دۆتۆبۆزۆ بەسەر دۆن کیشۆت هات

سەید حامید کوڕی ئەنجەلی، لە سەرەتای بەشی هەشتەمدا هاوار دەکا کە «سبحان ربی الاعلی و بحمده» و ئەو دوعایە سێ جار دووپات دەکاتەوە؛ پاشان دەڵێ: «حەمد و سپاسی ئەو بۆ بەر دەرگای خودا بۆ ئەوەیە کە دووبارە دۆن کیشۆت و سانکۆپانزای بەدوای ڕووداوە پاڵەوانییەکاندا ڕەوانەی دەشت و بیابان کردووەتەوە و خوێنەرانی داستانی بەتام و بۆنی ئەو دەتوانن متمانە وەدەست بێنن کە ئازایەتی و هونەرنوێنییەکانی ئەرباب و شۆخی و گاڵتە کارییەکانی مەیتەر دەست پێ دەکاتەوە. نووسەر، خوێنەرانی مێژووی خۆی بانگهێشت دەکا کە هونەرنوێنی و شانازییەکانی ڕابردووی ئەم نەجیب زادە فەرزانەیە فەرامۆش بکەن تا بەسەرنج و تێڕوانینێکی زۆرترەوە بڕواننە هونەرنوێنییەکانی داهاتووی ئەو و بزانن کە هەر وەک شاکارەکانی پێشووی ئەو پاڵەوانە لە دەشتی «مۆنتێل»دا دەستی پێ کرد، ئازایەتی و پاڵەوانەتییەکانی ئەو لەمەودوا لە ڕێگەی تۆبۆزۆدا دەست پێ بکاتەوە.وە بەڕاستی داخوازی نووسەر لە بەرامبەر وەعدەکەیدا زۆر کەم و نادیارە. پاشان داستانی خۆی ئاوا درێژە پێ دەدا.

دۆن کیشۆت و سانکۆ بەتەنیا مانەوە و هێشتا سامسۆن کاراسکۆ ئەوەندە دوور نەکەوتبووەوە کە ڕۆسی نانت حیلاندی و کەری سانکۆش دەستی کرد بەزەڕەزەڕ و هەر دووک ڕێبوار یانی پاڵەوان و مەیتەر ئەوەیان بەباش لە قەڵەم دا و بەشوومی(*) باشیان دانا. لەسەر ئەوەشدا ئەگەر بمانەوێ ڕاستییەکان بەتەواوی باس بکەین، دەبێ بێژین کە لووشمە لووشم و زەڕینی کەری سانکۆ گەلێک گەلێک زۆرتر و درێژخایەنتر و بڵندتر بوو لە حیلەی بارگینی دۆن کیشۆت و لەوێوە سانکۆپانزا وای لێک داوە کە بەخت و یەغباڵی ئەو لە هی ئەربابەکەی زۆرترە و بەختەوەری زۆرتری ڕوو تێ دەکا. ئایا ئەم بڕوایەی مەیتەر لەسەر بنەمای فاڵێک بوو کە ئەستێرەناسان و فاڵ بینەکان(*) بۆیان گرتبووەوە و سانکۆ خۆی ئاگای لە گەڕیانی کارەکە بووە یا خێر، مێژوو لەم بوارەوە ڕوون کردنەوەیەکی بەدەستەوە نەداوە. تەنیا شتێکی لەم وارەدا دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە ئەغڵەب لە زبان

سانکۆوە بیستبوویان کە دەیگوت، هەر کات پێم هەڵدەخلیسکا و بەعەرزیدا دەکەوتم، ئارەزووم دەکرد کە هەرگیز لە ماڵ وەدەر نەکەوتبایەم، چون لە کەوتن و هەڵخلیسکاندا بێجگە لە دڕانی کەوش و وردبوونی پەراسوو یا دەندە هیچ شتێک بەنسیب مرۆڤ نابێ؛ وە بەبڕوای من سانکۆ، بەهەموو نەزانی و بێ عەقڵییەوە لەم وارەدا لە ڕێی دروست لای نەدابوو.

بەڵێ جا، دۆن کیشۆت ڕووی دە مەیتەری خۆی کرد و گوتی: «هەر چی زۆرتر دەچینە پێش شەوەکەش تاریکوتنووکتر دەبێ و من لەوە دەترسم نەتوانین لە تاریک و ڕوونی بەیانیدا گوندی تۆبۆزۆ ببینین. تۆبۆزۆ یەکەم شوێنە کە دەبێ بچین و بڕیارم دا وەپێش هەر کارێک و ڕووداوێک سەرێک لەوێ هەڵبێنم. لەوێ من لە نازداری بێ هاوتای خۆم دۆلسینە پاش پاڕانەوە بۆ ئاوڕوێدان و لوتف کردن، تکای لێ دەکەم گەردنم ئازا بکا و لە دوعای خێری خۆی بێ بەشم نەکا و سوور دەزانم ئەگەر ئەو لوتفی دەگەڵم بێ لە هیچ کوێ ژێر ناکەوم و نوشوست ناهێنم و هەر گرفتاری و تەگەرەیەک بێتە پێش، دەتوانم بەئاسانی لەسەر ڕێی خۆمانی وەلا بەرم. چونکە لەو دنیا پان و بەرینەدا هیچ شتێک بەقەدەر مەیلی دڵبەران هێز و توانا و ئازایەتی پاڵەوانانی سەرگەردان نابەخشێ ناباتە بان.» سانکۆ گوتی: «منیش باوەڕم بەو قسەیە هەیە، بەڵام بەبڕوای من زۆر ئەستەمە بتوانی دەگەڵ ئەو قسە بکەی یا لە شوێنێک چاوت پێی بکەوێ و ئەو بتوانێ بەدوعای بەخێر بەڕێت بکا، مەگەر ئەو لەسەر لێواری دیواری تەویلەوە، وەک ئەوجارەی من چاوم پێی کەوت، دوعات بۆ بکا؛ مەبەستم لە جاری یەکەم ئەو ڕۆژەیە کە نامەی بەڕێزتانم پێ گەیاند و نامەکەش باسی دێوانەیی و شێتی و کارە سەیروسەمەرەکانی ئێوەی لە چیاکانی «سیرامۆڕنا» تێدا نووسرابوو.» دۆن کیشۆت گوتی: «چی، سانکۆ؟ گوتت دیواری تەویلە؟ یانی چی؟ تۆ وات دە مێشکی خۆت ئاخنیوە کە ئەو گوڵی گوڵزاری جوانییەت، کە هیچ کەس نەیتوانیوە بەبارستای پێویست باسی نەجابەت و جوانیی ئەو بکا، لە پشت دیواری تەویلەوە چاو پێ کەوتووە؟ شتی وا نابێ، نەخێر، نەخێر. ئەوت بێجگە لە داڵان و تالار و شانشینی کۆشکی بەشکۆدا لە جێگەیەکیتر نەدیتووە.» سانکۆ گوتی: «ڕەنگە وابێ، بەڵام بەبۆچوونی من، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم و لە بیرم نەچووبێتەوە دیواری تەویلە بوو.» دۆن کیشۆت گوتی: «باشە سانکۆ، هەر چۆنێک هەیە دەبێ بڕۆینە ئەوێ. من هەر ئەوەندە بتوانم چاوم پێی بکەوێ، فەرق ناکا لە پشت دیواری تەویلە دەبێ یا لەبەرزاییی شانشینی کاخەوە یا لە پشت نەردەی ئاسنینی باغەوە، وە هەر ئەوەندە کە تیشکێک لە ڕۆژی ڕووی ئەو دە چاوەکانم بچەقێ، وەها چاو و





دڵم ڕووناک و مێشک و جەستەم بەهێز دەکا کە لە باری هۆش و تێگەیشتن و ئازایەتی و بوێری دەبمە تاقانەی ئەم جیهانە.» سانکۆ گوتی: «بەڵام حەزرەتی ئەرباب، لەو کاتێدا کە من ڕۆژی جەماڵی خاتوون دۆلسینەم دیت، هێندەی نوور و ڕووناکی نەبوو کە بتوانێ تیشک باوێژێ، ئەوەش بێگومان لەبەرئەوە بوو کە لەو کاتەدا خەریکی دابێژتنی گەنم بوو کە لەمەوپێش بۆم باس کردووی و لەو گەنمە تۆز و خۆڵێکی زۆر هەڵدەستا کە هەر وەک پەڵەهەورێکی ڕەش، ڕووی وەک ڕۆژی ئەو نازدارەی داپۆشیبوو.» دۆن کیشۆت گوتی: «ئەوە دەڵەی چی سانکۆ؟ تۆ ئێستاش پێت چەقاندووە کە وا فکر بکەیتەوە و وا بڵێی کە نازدارەکەی من دۆلسینە گەنمی بێژینگ دەکرد؟ لە کاتێکدا گەنم دابێژتن سەرگەرمی و کار و کردەوەیەکە بەتەواوی دژی شان و شکۆی ڕێزداران و ماقووڵان. چون ئەو تاقمە سەرگەرمی و کایەی تایبەت بەخۆیان هەیە کە لە مەودای تیر هاوێژی تفەنگدا بەرزیی پلە و پایە و نەجیبی و ڕەسەنایەتیی ئەوان ئاشکرا دەکا. ئاخ ئەی سانکۆ تۆ چەندە زوو شتت لە بیر دەچێتەوە و چ زوو ئەم شێعرە جوانانەی شاعیری ئێمەت لە بیر بردووەتەوە کە لەودا شاعیر شیرینکارییەکانی چوار پەریی دەریایی باس دەکا کە هەر چواریان لە شەپۆلەکانی ڕووباری «تاژ» هاتنەدەر و لەسەر چیمەنی سەوز و تەڕ و تازەی لێواری چۆم دانیشتن تا پارچەیەکی جوان دروست بکەن کە شاعیری ناودار لە شێعرەکەدا پێی هەڵاگوتووە، وە ئەو پارچەیان هەموو لە تانوپۆی زێڕین و ئاوریشمین و بەدەنکە مرواری دروست کرد. یەقینم هەیە کە سەرگەرمیی دۆلسینەی ئازیزم لەو کاتەدا کە تۆ چاوت پێی کەوتووە هەر شتێک بووە لەم چەشنە، مەگەر ئەوەی سیحرکارێکی دەروون پیس، کە دژایەتیی دەگەڵ من هەیە، ئەو نازدارەی لەبەر چاوی تۆ بەبارێکی ناحەز و ناشیریندا نیشان دابێ بۆ ئەوەی منی پێ ناڕەحەت بکا. هەروەها، دەترسم لەوەی کە داستانی هونەرنوێنییەکانی من کە چاپ کراوە و دەست بەدەست دەگەڕێ، کاری سیحرکارێکی زانا لە دوژمنانی من بێ، وە نووسەر بابەتەکانی گۆڕیبێ و هەزار درۆی پێوە لکاندبێ و هەروەها بەجێگەی بابەت و مەتڵەبی ڕاستی کە پێویستی بەقەڵەمی مێژوو نووسی زانا هەیە، باس و بابەتی تری نووسیبێ. ئاخ! ئەی ئێرەیی(*)، ئەی ڕیشەی هەموو دەردان و ئەی ئەو کرمە نگریسەی کە ناوەرۆکی فەزیلەت و شەڕافەت دەخۆی! ڕاستی سانکۆ، دەڵێی لە هەموو عەیب و ئیراد و ڕەزیلەتێکدا حەز و خۆشەویستییەک خۆی حەشار داوە بەڵام دە ئێرەیی و حەسوودیدا بێجگە لە تاڵی و گرژی و پەژارە و تووڕەیی و قین هیچ شتێکی تر نییە.» سانکۆ گوتی: «منیش هەر ئەوە دەڵێم و مەرجیش دەکەم کە داستانی ئێمە کە سامسۆن کاڕاسکۆی خوێندکار دەڵێ

خوێندوویەتەوە، نووسەر شەڕافەت و ئابڕووی بەمنەوە نەهێشتووە و داری لەسەر بەردی نەهێشتووم و ئەوی خراپە گوتوویەتی. زۆر باشە، بەڵام بەشەڕافەتم من تا ئێستا پاش ملە غەیبەتی هیچ سیحرکارێکم نەکردووە و ماڵ و سامانێکیشم نییە تا کەسێک ئێرەییم پێ بەرێ. ڕاستە کە من هێندێک شەیتان و لە بنەوە برِم و برووکەیەک ناڕاستیش دەمندا هەیە، بەڵام ئەم ڕەزیلەتانە لە ژێر عەبای ساویلکەیی و نەفامیی مندا شاردراوەتەوە و کەریەتی و ساویلەکەییی منیش جۆرێک نییە کە ساختەچییانە و درۆزنانە بێتە بەرچاو، بەڵکو هەموو کاتان ڕاست و سروشتی خۆی نیشان داوە. کاتێک لە مندا ئەم فەزیلەتە هەیە کە هەمیشە بەئیمانێکی تۆکمە و پتەو باوەڕم بەخودای یەگانە هەبووە و هەیە و بڕوام بەبڕواکانی کلیسای کاتۆلیکی ڕۆمی هەیە و بێجگە لەوانەش دوژمنی قەستەسەری جوولەکەکانم، حەق ئەوە بوو کە مێژوو نووسان لە من ببوورن و دەنووسراوەکانی خۆیاندا لایەنگریم لێ بکەن. بەڵام هیچ گرینگ نییە! لێ گەڕێ ئەو تاقمە هەرچی دەیانەوێ بیڵێن؛ من بەرووتوقووتی هاتوومەتە سەر دنیا و ئێستاش ڕووتوقووتم! نە شتێک لە دەست دەدەم و نە شتێک وە دەست دێنم و بۆ ئەو مەبەستەش کە ناوم دە کتێبێکدا بنووسرێ و دەست بەدەست بگەڕێ، بەقەدەر دەنکە هەرزنێک گرینگی و بایەخ دانانێم. کەوابوو لێ بگەڕێ هەرچی دەیانەوێ لەمەڕ من بیڵێن.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ، ئەم بابەتە وێچوونێکی زۆری بەداستانی شاعیرێکی گەورەی ئێمەوە هەیە[٣٤١] کە قەسیدەیەکی پڕ لە هەجوی لەسەر ژنانی خراپ و داوێنپیس گوت و ناوی یەکیانی کە بەدروستی مەعلووم نەبوو لەشفرۆشە یا نا، لە بیرچووەوە. ئەو ژنە کە دیتی دەگەڵ ژنە خراپەکان ناوی نەهاتووە، بەگلە و گازندە ڕۆیشتە لای شاعیر و لێی پرسی لەبەر چ هۆیەک ناوی ئەوی لە پێرستی ناوی ژنەکانی تردا نەهێناوە و تکای لێ کرد کە چەند شێعرێکی تر لە قەسیدە زیاد بکا و جێگەیەکیش بۆ ئەو لە پێرستەکەدا بکاتەوە. شاعیر ملکەچی ئەم داخوازییە بوو و بەزبانێکی ڕەوانتر لە زبانی دێو جانووسی حەکیم نووسی و بەخراپی باسی ژنەکەی کرد. ئەو دەم ژنە لەشفرۆشەکە هەرچەند ئەوی بێ فەزیحەتی[*] بێ پێی کرابوو، لەوەی کە لای هەموو کەس ناوی دەرکردبوو لە خۆشییان ئاگای لە خۆی بڕابوو. حیکایەتێکی تریش هەیە هەر وەک ئەوە دەچێ، ئەویش داستانی ئەو شوانەیە کە پەرستنگەی «دیان» diane ی لە ئێفێزە Ephese دا ئاور دا، ئەو پەرستنگە یەکێک لە شوێنە سەیروسەمەرە حەوتەوانەکانی دنیا بوو، هەر چەند

٣٤١– ڕەنگە مەبەست وێنسێنت ئیسپێنێل Vincint Espinel شاعیری هاوچەرخی سێروانتێس بێ کە ساڵێ ١٥٧٨قەسیدەیەکی لە سەر ژنانی خۆفرۆش دانا. (محەممەد قازی)





فەرمان درا هیچ کەس ناوی ئەو شوانە لای هیچ کەس نەدرکێنێ یا لە شوێنێکدا نەینووسێ تا ئەو بەمرادی دڵی خۆی کە ناوبەدەرەوەیی بوو نەگا، بەڵام هەموو زانییان کە ناوی ئەو شوانە خەتابارە «ئێرۆستراتۆس»ە[٣٤٣]. لەمەڕ ئەو باسەوە دەتوانین دەست بۆ ڕووداوێک ڕادێرین کە لە شاری ڕۆمدا بەسەر ئیمپراتۆر «شارلکەن» دەگەڵ یەکێک لە نەجیب زادەکانی شار هات، ئیمپراتۆر ویستی پەرستنگەیەکی بەناوبانگ ببینێ کە لە شاری «ڕۆتۆند» Rotond هەڵکەوتووە و لە ڕۆژگارانی کۆندا وا دەزانرا کە پەرستنگەی تەواوی خودایانی یۆنانە، بەڵام ئەمڕۆ گۆڕاوەو بووەتە پەرستنگەی هەموو پاکان و خاسان. بینای ئەم پەرستنگەیە لە تەواوی ئاسەواری مێژوویی تر کە یادگاری چاخی بوت پەرەستی یرۆمن، باشتر پارێزراوە و لە تەواوی ئەوان تەواوتر و زۆرترە و باشتر لە هەر ئاسەوارێکی کۆن و عەنتیک حیکایەتی گەورەیی و شکۆی بەدیهێنەرانی خۆی دەگێڕێتەوە. ئەم پەرستنگە بەشکۆیە لەسەر شکڵی گۆمبەز ساز کراوە و زۆر گەورەو بەرفراوانە؟ وە باوەکوو بێجگە لە پەنجەرە، یا باشترە بڵێم دەلاقەیەکی بازنەیی لەسەری گونبەزەکەوە، کە ڕووناکاییی پێدا دێتە ژوورێ، هیچ شتێکی تری نییە زۆر ڕووناکە. ئەزقەزا ئیمپراتۆر لە هەمان دەلاقەوە چاوی لە ژووری بیناکە دەکرد و لاوێک لە نەجیب زادەکانی شاری ڕۆم لە تەنیشتی ڕاوەستابوو کە وردەکاریی جوانییەکانی ئەم شاکارەی بۆ شی دەکردەوە. کاتێک ئیمپەڕاتوور لە لێواری ئەو دەلاقەیە دوور کەوتەوە نەجیب زادە عەرزی کرد: قوربان، هەزار جار ڕەحمەتی خودا لە تۆ بێ! لەو کاتەدا کە خەریکی تەماشا بووی ئەم هەوەسە لە دڵمدا پێک هات کە قەڵافەتی خاوەنشکۆ دەباوەش بگرم و خۆم لەو بەرزاییەوە هەڵدێرم تا ناوبانگی من لە دنیادا بۆ هەتا هەتا بمێنێتەوە.» ئیمپراتۆر گوتی: «زۆر سپاس کە ئەم هەوەسە ناحەز و پڕمەترسییەت وەدی نەهێنا.

لەمەو دوا ئیتر مەودای ئەوەت پێ نادەم کە خەریکی وەدەستهێنانی ناوبانگ و شانازی بیت و بەختی خۆت بەتاقی بکەیتەوە. من فەرمانت پێ دەدەم کە لەمەودوا هەرگیز قسەم دەگەڵ نەکەی و لە پێش چاوم خۆت نیشان نەدەی.» وە پاش ئەو قسانە خەڵاتێکی گەورەی پێ بەخشی. بەهەرحاڵ من ئەو نەقڵ و نەزیلانەم بۆ تۆ گوت بۆ ئەوەی بزانی کە هەوەسی وەدەستهێنانی ناوبانگ لە مرۆڤدا زۆر بەهێزە. تۆ پێت وایە چ کەسێک

٣٤٣– مەبەست پەرستنگەی پانتێۆنە کە بە دەستی مارکووس ئاکریپا زاوای قەیسەری ڕۆم، ئۆگۆست دروست کراو بوو بە پەرستنگەی تایبەت بۆ ستایش کردنی ژووپێتر. (لوویی و یاردۆ)

«هۆڕاتیووسکۆکلیسی»[٣٤٤] لە حاڵێکدا سەرتاپا غەرقی ئاسن و پۆڵا بوو لەسەر پردێکەوە هاویشتە ناو شەپۆلەکانی چۆمی تیبەر؟ چ کەسێک دەستی «مووسیۆس سێولای» Mucius Seevola سووتاند؟ چ کەسێک «کورتیۆسی» Curtius دنەدا کە خۆی دە نێو ئەشکەوتێکی پڕ لە ئاگر باوێژێ کە لە ناوەندی شاری ڕۆمدا زاری کردبووەوە. چ کەسێک بەپێچەوانەی هەموو فاڵگرتنەوەکان کە خراپیان هێنابوو[*] «ژوول سێزاری» دنەدا کە لە ڕووباری «ڕۆبیکۆن»[٣٤٥] بپەڕێتەوە. وە بۆ ئەوەی نموونەیەکی تازەترم بۆ هێنابیتەوە، دەڵێم چ کەسێک پاپۆر و کەشتییەکانی دلاوەرانی ئیسپانیای، کە بەفەرمانی کۆرتێز Cortez ی گەورە دەچوون، ئەمریکا بگرن، غەرق کرد و ڕێگەی پاشەکشەی بەسەردا بەستن و و ئەوانی بێ پشت و پەنا لە نێو دوژمندا بەرهەڵدا کرد؟ تەواوی ئەم هونەرنوێنییانە و هەزارانی لەم چەشنە لە زەمانی کۆندا ڕوویان داوە و دیسانیش ڕوو دەدەنەوە تا ئەو بەشەرە فانییە بگاتە ئەو ناو و ناوبانگانەی کە چاوەڕوانە پێی بگا و لایەنی هەتا هەتایی بداتە کار و کردەوە بەرچاوەکانی خۆی. بەو حاڵەشەوە ئێمە کە مەسیحیی بەئیمانین و پاڵەوانی سەرگەردانین، ناوبانگ و شانازیی سەدە و سەردەمەکانی داهاتوو کە درەوشانەوەی هەتا هەتاییی ئەو دە گەردووندا ڕەنگ دەداتەوە بەلامانەوە گرینگە، چونکە ناوبانگی دنیای بێ بەقا هەر چەندەش دەوامی بێ، دەگەڵ جیهان کە کۆتایی پێ هاتنی دیار و ئاشکرایە، کۆتایی پێ دێ. کەوابوو، ئەی سانکۆ، کارێکی وا بکەین کە کار و کردەوەکانمان لەو شوێن و سنوورە کە مەزهەب بۆی دیاری کردووین تێپەڕ نەکا. ئێمە دەبێ هەستی خۆ لەکن زۆری[*] و غروور، دە غوولان و دێواندا بکوژین و حەسوودی و ئێرەیی بەچەکی جوامێری و گەورەییی ڕۆح ببەزێنین و قین و تووڕەیی بەلەسەرخۆ بوون و سەفای

٣٤٤– Horatius Cocles پاڵەوانی یەک چاو، لاوێک بوو کە وەک ئەفسانەکانی ڕۆم باسی دەکەن بە تاکی تەنیا لەسەر پردی سۆبلیسیووس لە ڕۆم پێشی بە لەشکری پۆرسینای Porsena گرت و بە پیاوەکانی خۆی گوت پردەکەی لە پشت سەریەوە وێران بکەن و خۆی بە مەلە کردن گەڕاوە شاری ڕۆم. هۆراتیووس لەم شەڕەدا چاوێکی خۆی لە دەست دا و بۆیە پێیان گوتووە «یەک چاو».

٣٤٥– ئەنجومەنی سەنای ڕۆم بۆ پاراستنی وڵات لە هێرش و دەستدرێژ عێلاتی وەحشیی گۆل، فەرمانی دەرکرد بوو، کە هیچ کام لە سەردارانی ڕۆم مافی نییە لە ڕووباری چکۆڵەی ڕۆبیکۆن کە سنووری نێوان ئیمپراتووری ڕۆم و گۆل بوو، بپەڕێتەوە و هەر کەس لەم فەرمانە سەرپێچیی کردبایە بە خاین دەناسرا. بەڵام ژوول سێزار ئەو فەرمانەی خستە پشتگوێ و لە ڕووبار پەرییەوە و هاواری کرد کە «ئێمە فاڵی خراپمان بە ئاو دادا.»





دەروون سەرکوت بکەین و زۆر خواردن و چڵێسی بەکەم خواردن و زوو کشانەوە لەسەر سفرە چارەسەر بکەین. شەهوەت پەرستی و زەنەکی و بێ عیفەتی بەرێگەی وەفاداری بەرامبەر بەو کەسەی کە گراوی مانە و دەمانەوێ پێی بگەین، لە ناو بەرین، تەمبەڵی و تەوەزەلی بەگەڕانی شوێنە جۆراوجۆرەکانی «چارەگی[*] بەنیشتەجێ» لە خۆمان دوور کەینەوە و هەموو کات چاوەڕوانی هەل و دەرفەت بین کە هەم ئێمە دە بڕوا بوون بەمەسیحییەتدا قایمتر بکا و هەم ناوبانگی پاڵەوانەتیمان زۆرتر هەموو شوێنێک بگرێتەوە. بەڵێ سانکۆ، ئەوانەن ڕێگەی گەیشتن بەترۆپکی شەڕەف و شانازی کە ناوبانگ و نێو بەدەرەوەبوونیش دەگەڵ خۆی دێنێ.»

سانکۆ گوتی: «لە تەواوی ئەو بابەتانەی باست کرد تێ گەیشتم، بەڵام بەڕێزتان لوتف بفەرموون و گرفتێکی کە هەر ئێستا بەزەینم گەیشت، بۆ من چارەسەر بکەن.» دۆن کیشۆت گوتی: «بەسەر چاو تۆ گرفتەکەت بڵێ بزانم، منیش هەوڵ دەدەم تا ئەو جێگەی بۆم بلوێ جوابی پێویست بدەمەوە.» سانکۆ گوتی: «باشە ئەرباب، بفەرموو بزانم ئەم ژوویە و ئووت گەلە و ئەو هەموو پاڵەوانە ناودارانەی کە ناوت بردن و زۆر لە مێژە دنیای بێ بەقایان بەجێ هێشتووە ئێستا لە کوێندەرێن؟» دۆن کیشۆت گوتی: «کافرەکان بێ هیچ شک و گومانێک دە قووڵاییی دۆزەخدا ڕای دەبوێرن و پاڵەوانە مەسیحییەکانیش ئەگەر مۆمن[*] و کار چاک بووبن لە ئەعراف[*] یان لە بەهەشت دان.» سانکۆ گوتی: «زۆر باشە و ئێستا دەمەوێ لە شتێکی تر حاڵی بم؛ ئایا لەسەر دەرگای گۆڕستانێک کە تەرمی ئەو گەورانەی تێدایە چرای زێوینیان هەڵواسیوە و ئایا دیواری گۆڕی ئەوانیان بەعەسای[*] ژێر پیل و کفن و پرچی دەستکرد و بەلەک و چاوی مۆمی ڕازاندووەتەوە؟ وە ئەگەر بەشێوەی دابونەریت بەو شتانە نەڕازێنراونەوە، ئەی بەچییان ڕازاندوونەوە؟» دۆن کیشۆت گوتی: « گڵکۆی کافرەکان ئەغڵەب بەشکۆ و جەلالەوە دروست کراوە. بۆ نموونە خۆڵەمێشی تەرمی ژوول سێزاریان لەسەر کێلێکی زۆر گەورە و ئەستووری بەردین دانا و ئەم بەردە ئەمڕۆ لە شاری ڕۆم بە «منارەی سێن پییەڕ» ناوی ڕۆیشتووە.

مەغبەرە[*]ی «ئیمپراتۆرئادریان» قەسرێک بوو بەپانتایی گوندێک بەناوی Moles Ha-

٣٤٦– جوانیی ئەم رستەیە بە فارسی (کوردی) بۆ وەرگێڕان دەست نادا. بۆ ڕوون کردنەوە تەنیا دەتوانین بێژین کە سانکۆ ناوی «ژوول» و «ئۆگۆستی» دەگەڵ ناوی مانگەکان لێ تێک چووە و ئەم ناوانە لە زبانی ئیسپانیاییدا زۆر وێک دەچن. (محەممەد قازی)

Ar-deriani و هەر ئەوەیە کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن قەسری «سێنت ئانژ»، شاژن ئارتیمێز[٣٤٧] Artemise مێردی خۆی «مۆزۆڵ» Mausole ی لە مەغبەرەیەکدا ئەسپەردەی خاک کرد کە بەیەکێک لە سەیرە حەوتەوانەکانی دنیا دەهاتە ئەژمار. بەڵام هیچ کام لەو گۆڕانە و زۆر گۆڕی تریش کە بۆ کافران بەرپا کراون، بەکفن و باقیی دیارییە متفەڕکەکان نەڕازێنراونەوە، تا ڕوون بێتەوە کە لە پاشان بوونەتە مەغبەرەی پاکان و پیاوچاکان.» سانکۆ گوتی: «باشە خەریکین بەئاکامێک بگەین؛ ئێستا بفەرموو کوشتنی دێو خێری زۆرترە یا زیندوو کردنەوەی مردوو؟» دۆن کیشۆت گوتی: «وەڵامی ئەو پرسیارە زۆر ڕوونە، هەڵبەت زیندوو کردنەوەی مردوو.» سانکۆ گوتی: «ئێستا دەگیرم کەوتی؛ کەوابوو ناوبانگ و ئاوازەی کەسانێک کە مردوو زیندوو دەکەنەوە و کوێران چاک دەکەنەوە و ئیفلیجەکان دەخەنەوە سەر پێ و لەش ساغی دەدەنەوە بەنەخۆشەکان و هەروەها کەسانێک کە لەسەر گۆڕەکانیان چرا داییسێ و پەرستنگەیان پڕە لە خەڵکی بەئیمان و پارێزکار کە بەسەر ئەژنۆدا کەوتوون و مەرقەدەکانیان دەپەرستن، زۆر گەورەترە لە ناوبانگی ئەو هەموو ئیمپراتۆرە بت پەرستانە و ئەو هەموو پاڵەوانە سەرگەردانە کە هاتوونەتە سەر دنیا یا لەمەو دوا دێن.» دۆن کیشۆت گوتی: «ئەمە ڕاستییەکە حاشا هەڵناگرێ و منیش ددانی پێدا دەنێم.» سانکۆ گوتی: «زۆر باشە، ئێستا بزانە کە ئەم ناوبانگ و شانازی و ئەم سەرەتییە یا هەرچی تۆ ناوی لێ دەنێی، دەگەڕێتەوە بۆ تەرم و مەرقەد و ئاسەواری متفەڕک و پیرۆزی ئەو پیاوچاکانە کە دایکی پیرۆزی کلیسای مەسیح بەخاتری لوتف و کەرەمێک کە دەگەڵ ئەوانی هەیە، ئیزن دەدا تا بەخەرجی ئەو لەسەر مەزارەکانیان شەم و چرا داگیرسێن و کفن و عەسای ژێرپیل و پرچ و چاو و بەلەک و دیاریی متفەڕکی تر هەڵاوەسن، کە ئەم دیاری و سەوقاتانە گەورەیی و ناوبانگی مەسیحاییی ئەوان و ئیمان و لە خۆبوردوونی ئیمانداران زۆر زۆر دەباتە بان. ئەوانە هەمان کەسانن کە پادشایان جەنازەیان بەسەر شان دە گوێزنەوە و ئێسقانە متفەرکەکانیان ماچ دەکەن و هەر بەو ئێسقانانە نوێژگەی خۆیان دەڕازێننەوە و میحرابی پەرستنگەکانیان جوان دەکەن.» دۆن کیشۆت گوتی: «باشە، سانکۆ لەو هەموو قسانەی کە گوتت دەبێ چ بەرهەمێک وەربگرین؟ سانکۆ گوتی: «بەرهەمەکەی ئەوەیە ئەگەر ئێمە خۆمان وەقفی خزمەت بەکلیسا بکەین و بچینە ڕیزی پیاوچاکان (قدیسین) زۆر باشتر دەبێ. چون زۆرتر دەگەینە ئەو ناوبانگەی کە بەدوایدا سەرگەردان و عەبداڵین. ئەرباب سەرنج بدە کە هەر دوێنێ یا پێرێ (مەودای زەمانییەکەی ئەوەندە کورتە ناچار دەبێ وا بڵێین) بوو کە کلیسا بەدوو کەس لە ڕۆحانییە پێ خاوس و ڕووتەڵەکان بەختەوەریی هەتا هەتایی بەخشی و هێنانییە ناو بازنەی کەشیشانی ئەهلی ئیجتیهاد و فەتوا، وای لێ هاتووە کە ئێستا خەڵک بەو پەڕی شانازییەوە زنجیرەکانی کەمەری ئەوان، کە لەشی خۆیان پێ ئازارداوە، ماچ دەکەن و دەستی پێدا دەکێشن و وەک دەڵێن بایەخ و حورمەتی ئەو زنجیرانە زۆر لە شمشێری ڕۆلان زۆرترە کە لە تالاری جبەخانە[*]ی خاوەن شکۆ، وەلی نیعمەتی ئێمە کە خودا ئاگەداری بێ، پارێزراوە. کەوابوو ئەربابی خۆشەویستم، پیاو کەشیشێکی پلەی خواروو بێ، لە هەر تەریقەت و ئاڵقەیەک بێ، شەڕەفی زۆرترە لەوە پاڵەوانێکی سەرگەردان بێ و پاداشی قیامەتی دوازدە زەبری سووکەڵەی کەشیش لە دوو هەزار زەبری پاڵەوان کە لە جەستەی غوولان و دێوان و جانەوەر و دڕندەی بەسامی دەدا زۆرترە.» دۆن کیشۆت گوتی: «ئەوە ڕاستە بەڵام ئەوەش بزانە کە ئێمە هەموومان ناتوانین ببین بەکەشیش و خواوەند بۆ ئیرشاد و ڕێنوێنیی هەڵبژاردەکانی خۆی، تەنیا ڕێگەیەکی تاقی تەنیای دانەناوە. پاڵەوانییش مەکتەبێکە مەزهەبی و پاڵەوانی پیرۆز لە بەهەشتدا زۆرن.» سانکۆ گوتی: «بەڵێ، بەڵام من بیستوومە کە ژمارەی کەشیشان لە پاڵەوانانی سەرگەردان زۆرترە.» دۆن کیشۆت گوتی: «هۆیەکەی ئەوەیە کە لە بەهەشتدا ژماری کەشیشان لەسەر دنیاش لە پاڵەوانانی سەرگەردان زۆرترە.» سانکۆ گوتی: «بەو حاڵەشەوە ژماری کەسانی سەرگەردان لە دنیادا گەلێک زۆرە.» دۆن کیشۆت گوتی: «بەڵام، کەمن، ئەو کەسانەی شایستەی ناوی پاڵەوان بن.»

بەڵێ جا دۆن کیشۆت و سانکۆ ئەو شەو و ڕۆژە و ڕۆژی دواییشیان بەو قسانە تێپەڕ کرد، بێ ئەوەی ڕووداوێکی وایان بۆ بێتە پێش کە بۆ گێڕانەوە ببێ. وە ئەوە خۆی بوو بەهۆی خەمۆکی و داماویی دۆن کیشۆت. سەرەنجام ڕۆژی سێیەم چاویان بەتاپۆی شاری گەورەی تۆبۆزۆ کەوت، ئەو دیمەنە ڕۆح و گیانی دۆن کیشۆتی پڕ کرد لە شادی و خۆشی و دڵی سانکۆپانزای داتەپاند، چون بەماڵی دۆلسینەی نەدەزانی و وەک ئەربابەکەی بەعومری خۆی ئەو خاتوونەی چاو پێ نەکەوتبوو؛ بارودۆخەکە وەها بوو کە هەردووکیان زۆر پەرێشان و شێواو بوون، یەکیان بەهەوای دیتنی دڵبەری نازدار و ئەوی دی لەبەرئەوە کە هەرگیز ئەو خاتوونەی نەدیوە... . سانکۆ نەیدەزانی کە ئەگەر ئەرباب دەپێش خۆیدا ئەو

٣٤٧- شاژن ئارتیمێز مەلەکەی هاڵیکاڕناس بۆ مۆزۆلی مێردی خۆی مەغبەرەیەکی زۆر گەورەی بینا کرد کە یەکێک بوو لە حەوتەوانە سەیرەکان. هەر بەو بۆنەیە کە بە مەغبەرە و ساختومانی بە شکۆ دەڵێن mausolee یا بە زبانی عەرەبی «مسلە»ی پێ دەڵێن.

بنێرێتە ناو شار تا ماڵی دۆلسینە بدۆزێتەوە، دەبێ قوڕی کوێ بەسەر خۆیدا بکا. بەکورتی دۆن کیشۆت بڕیاری دا تا شەو دانەیا، نەچێتە ناو شار. هەر دووکیان لە چاوەڕوانیی سەعاتی بەڵێنی دراودا لە قەراخ جەنگەڵێکی بەڕوو لە نزیک شاردا سەکنین و لە کاتی خۆیدا چوونە ناو شار و دەگەڵ ڕووداوگەلێک ڕووبەڕوو بوونەوە کە دەتوانین ئاوایان باس بکەین:



٩

## باسی دیدار

کاتێک دۆن کیشۆت و سانکۆ لەو جەنگەڵە چکۆلەیە دەرکەوتن و هاتنە ناو شار، دروست کاتی نیوەشەو یا بەرەبەری بەیانی بوو. گوند، نوقمی ئارامییەکی قورس و سەنگین بوو. خەڵک وەک دارستانی بڕاو لێرە و لەوێ کەوتبوون و دەشیرن خەودا خەونی خۆشیان دەدیت. مانگەشەو هەموو شوێنێکی تا ڕادەیەک ڕووناک کردبوو، بەڵام سانکۆ ئارەزووی دەکرد ئەیکاش شەو تاریک و ئەنگۆستەچاو بووایە تا ئەو بیتوانیبا دەپەنای تاریکیدا بیانوویەک بۆ کارە کەرانەکانی بدۆزێتەوە. لە سەرانسەری دێدا دەنگێک بێجگە لە لوورە و سەگوەڕی سەگان بەگوێ نەدەگەیشت، دەنگێک کە گوێی دۆن کیشۆتی کەڕ دەکرد و دڵی سانکۆی دەخستە کوتە کوت و نیگەرانی. جارجار کەرێک دەیزەڕاند و بەرازەکان مرقەیان دەهات و کتکەکان میاوەمیاویان دەکرد، وە ئەو هەموو دەنگانە دە بێدەنگیی شەودا بەدوو قات بەرزتر دەبوونەوە. پاڵەوانی دڵ سووتاوی ئەویندار ئەو دەنگ و هەرایەی بەفاڵی خراپ لە قەڵەم دەدا. دەگەڵ ئەوەشدا بەسانکۆی گوت: »رۆڵەی خۆشەویستم سانکۆ، ئێمە بەرەو کۆشکی دۆلسینە ڕێنوێنی بکە. ڕەنگە ئەو نازدارە هێشتا خەوی لێ نەکەوتبێ.» سانکۆ گوتی: «ئەی ڕۆژی ڕوون من ئێوە بەرەو کۆشکی کام شەیتان ڕێنوێنی بکەم؟ ئەو شوێنەی من حەزرەتی پایەبەرز خاتوون دۆلسینەم تێدا چاو پێ کەوت کۆختەیەکی چکۆلە پتر نەبوو.» دۆن کیشۆت گوتی: «بێگومان لەو کاتدا ئەو ڕۆیشتبووە یەکێک لە تالارەکانی قەسری گچکەی خۆی تا بەو جۆرەی ڕەسمی خاتوونانی بەرزەپایە و شاژنانە لە خەڵوەتدا دەگەڵ کەنیزەکانی خۆی بەگەپ و گاڵتە ڕای بوێرێ.» سانکۆ گوتی: «ئەرباب ئێستا کە تۆ پێت چەقاندووە کە کۆختەی خاتوون دۆلسینە بەکاخ بزانی فەرموو بزانم ئایا ئێستا وەختی ئەوەیە کە دەروازەی کاخ کرابێتەوە؟ ئایا ئەگەر دەرگای کاخ بکوتین و خەڵکی وەخەبەر بێنین و وەخۆیان بخەین، بەو هیوایە کە دەرگامان بۆ ئاوەڵا بکەن، کارێکی باشمان کردووە؟ مەگەر وەک عاشقانێک کە دەنێو ئافرەتە لەشفرۆشەکاندا یەکێک دیاری دەکەن و دای دەنیشێن و هەر کات و ساتێک بەشەو یا بەرۆژ بیانەوێ دەچن و بەزەبری پارە دەرگای پێ دەکەنەوە، ئێمەش دەمانەوێ لە دەرگای ماڵی ژنێکی لەم بابەتە بدەین؟» دۆن کیشۆت گوتی: «دە پێشدا با قەسرەکە بدۆزینەوە، ئەو دەم پێت دەڵێم دەبێ چ بکەین. بەڵام

زۆر سەیرە، یا چاوی من هیچ نابینێ یا ئەو سێبەرە بەرزە کە لە دوورەوە دیارە قەسری دۆلسینەیە.» سانکۆ گوتی: «زۆر باشە، بەڕێزتان ببنە ڕێنوێن، بەڵکو وابێ؛ بەڵام ئەگەر من کۆشکم بەچاوی خۆم دیت و دەستم پێدا کێشا ئەو دەم وا دەزانم و بڕوا دەکەم کە ئێستا ڕۆژە و شەو نییە.» دۆن کیشۆت لە پێشەوە دەڕۆیشت و هەر کە دووسەد هەنگاوێک ڕۆیشتە بەرەوە، ئەو ساختومانەی چاو پێ کەوت کە سێبەرێکی پان و بەرینی خستبووە سەر زەوی و بورجێکی دیت و دەسبەجێ زانی کە ئەم بینایە کۆشک نییە و کلیسایە. ئەودەم بەسانکۆی گوت: «سانکۆ ئەوەش کە بەکلیسا دەرچوو.» سانکۆ گوتی: «بەڵێ قوربان، خوا بکا پاش کلیسا تووشی قەبرستان نەبین، چون ڕۆیشتن بەناو گۆڕستاندا لەم ساتەوەختەدا زۆر شوومی خراپە، بەتایبەت ئەگەر بەدروستی لە بیرم مابێ، عەرزی حەزرەتی بەڕێزتانم کردبوو کە ماڵی ئەو خاتوونە دەبێ لە بنەبانی کۆڵانێکی بن بەستدا بێ.» دۆن کیشۆت گوتی: «خودا لەعنەتت کا! ئاخر کەری نەفام، تۆ لە کوێ دیوتە کە کۆشکی پادشایان و قەسری ئەمیران دە کۆڵانی تەنگەبەر و بن بەستدا بێ؟» سانکۆ گوتی: «ئەرباب هەر وڵاتەی دابونەریتی خۆی هەیە؛ ڕەنگە لە تۆبۆزۆ ڕەسم وابێ کە کۆشک و کاخەکان دە کووچە بن گێراوەکاندا دروست بکەن، کەوابوو تکایە ئیزنی نۆکەری خۆت بدە، بەدەوروبەرەدا بسووڕێمەوە بەڵکو ئەو کۆشکە لە گۆشەیەکی ئەم کۆڵانەدا بدۆزمەوە، ئەیکاش ئەم کۆشکە کە هێندە بووەتە مایەی دەردەسەریی ئێمە، سەگ بیخوا و ئێمە ئاسوودە بین.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ، لەمەڕ ئەو شتانەی کە پێوەندییان بەگراویی منەوە هەیە بەئەدەب قسان بکە، بەهەرحاڵ لەم چەقە چەقە بگەڕێین و ئاشتی بکەین.» سانکۆ گوتی: «باشە ئەرباب، من پێش بەزبانی خۆم دەگرم، بەڵام ئاخر بەکام سەبر و خۆڕاگرییەوە بتوانم ئەو زوڵم و زۆرە قبووڵ کەم کە باوەکوو من زۆرتر لە یەک جار ماڵی خاتوونی خۆشەویستی خۆم نەدیتووە، بەم نیوەشەوە ماڵەکەی بدۆزمەوە و وردەکارییەکانیم لە بیر مابێ، بەڵام ئێوە کە هەزار جارتان دیتووە نەتوانن بیدوزنەوە؟» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ بەڕاستی تۆ من لە خۆت ناهومێد دەکەی؛ ئاخر ئەی کافری مەلعوون! من هەزار جارم پێ نەگوتووی کە بەعومری خۆم چاوم بەدۆلسینە نەکەوتووە و پێم نەناوەتە ژووری کۆشکەکەی؟ مەگەر نەمگوت کە من نەدیتە، تەنیا لە ڕووی ناوبانگ و ئاوازەیەک کە ئەو لە جوانی و ژیریدا هەیەتی، دڵم پێی دۆڕاندووە؟ سانکۆ گوتی: «ئێستا ئیدی دەزانم و عەرزت دەکەم کە منیش بەعومری خۆم چاوم پێی نەکەوتووە.» دۆن کیشۆت گوتی: «ئەوە ئیتر مومکین نییە وابێ، چون کاتێک جوابی نامەیەک کە من بۆم ناردبوو بۆ منت هێناوە، گوتت کە ئەوت لە حاڵی دابێژانی گەنمدا چاو پێ کەوتووە.» سانکۆ گوتی: «جەنابت گوێ مەدە ئەو قسەی من و





بزانە کە چاوپێکەوتنی من و دۆلسینەش وەک ئەو جوابەی لە لایەن ئەوڕا بۆ تۆم هێناوە هەر خەون و خەیاڵ بوو، وە من ئەگەر توانیم مستێک لە مانگ بدەم، بزانە کە خاتوون دۆلسینەش دەناسم!» دۆن کیشۆت هاواری لێ بەرز بووەوە: «سانکۆ، سانکۆ،شۆخی و گاڵتە کردن لە جێی خۆیدا ڕەنگە کارێکی بەجێ بێ، بەڵام هێندێ کاتیش بەرهەمی زۆر خراپی لێ دەکەوێتەوە. من ئەگەر بڵێم بەعومری خۆم خاتوون دۆلسینەم نەدیتووە مانای ئەوە نییە کە تۆش بتوانی ئەو قسە دووپات بکەیتەوە و بڵێی کە هەرگیز ئەوت نەدیوە و قسەت دەگەڵ نەکردووە؛ بەهەرحاڵ هەر وەک دەزانی مەتڵەبەکە بەپێچەوانەی ئەوەیە.»

لە کاتێکدا ئەو دوو گۆنگەڵخوازە قسەیان گەیشتبووە ئێرە پیاوێکیان چاو پێ کەوت کە دوو ئێستری وەپێش خۆی دابوو بەوێدا تێ دەپەڕی. ئێسترەکان گاسنێکیان دەکێشا و ئەرباب و مەیتەر لە دەنگی گاسنەکەوە تێ گەیشتن کە ئەو پیاوە دەبێ وەرزێرێک بێ کە بەیانی زوو پێش تاو هەڵات هەستاوە و دەچێتە سەر کاری خۆی؛ هەرواش بوو. ئەوان بەهەڵە نەچووبوون. وەرزێر دەگەڵ ڕۆیشتندا ئەم ئاوازە کۆنەی لە بن لێو دا دەگوت: «ئاخ ئەی فەڕانسەوی، دیتت کە تۆیان لە شوێنەواری ڕۆنۆسۆدا کردە کەباب.[٣٤٨]» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ ئەمنت کفن کردبێ، دەڵێم ئەمشەو ڕووداوێکی باش بۆ ئێمە نایەتە پێش. گوێت پێوەیە ئەم دێهاتییە سەگبابەدەڵێ چی؟» سانکۆ گوتی: «بەڵێ گوێم لێیە، بەڵام ئاخر شوێنەواری ڕۆنۆسۆ چ پێوەندییەکی بەکاری ئێمەوە هەیە و چ کارتێکردنێکی شووم و خراپی دەتوانێ هەبێ؟ ئەو کابرایە ئەگەر ئاوازی «کالاینۆسیش»[٣٤٩] بڵێتەوە، بۆ ئێمە هیچ جیاوازیی نابێ، هیچ کارتێکردنێکی خراپ یا چاکی لێناکەوێتەوە.»

وەرزێر لە کاتێکدا نزیکتر دەبووەوە دۆن کیشۆت لێی پرسی: «دۆستی خۆشەویست ئایا دەتوانی پێم بێژی ڕێگەی کۆشکە بەشکۆیەکانی خاتوونی بێ وێنە، دۆلسینە دۆ تۆبۆزۆ، لە کوێیە؟ (خواوەند هەموو بەختەوەرییەکانی دنیات پێ ببەخشێ.) ڕێبوار گوتی: «ئەرباب من خەڵکی ئێرە نیم و چەند ڕۆژێکە لەو وڵاتە بوومەتە خزمەتکاری وەرزێرێکی دەوڵەمەند تا لەسەر مەزراکانی کار بکەم. بێ زەحمەت لە دەرگای ئەو ماڵەی ڕووبەڕووتان بدەن.

٣٤٨- تەرانەیەکی ئێسپانیایی و ئاماژەیە بە ڕۆڵەوانی فەڕەنسی کە لە کەلی ڕۆنسۆ بە دەست پاڵەوانێکی ئیسپانیایی کوژرا. (مۆریس باردۆن)

٣٤٩- کالاینۆس پاڵەوانێک بوو عەرەب کە هەموو دنیا گەڕا و سەرەنجام هاتە پاریس و لەوێ بە دەست ڕۆلان کوژرا. لە بەسەرهاتی ئەو عەرەبە ئاواز و تەرانە ساز کراوە کە زۆر بەربڵاوە. (مۆریس باردۆن)

کەشیش و مـجێوری گوند لەوێدا دەژین و ئـەوان دەتوانن پێتـان بڵـێن ئـەو شـازادە خـانمە کـێیـە. چون ئـەوان پێڕسـتـی نـاوی تەواوی گـەورە و مـاقـووڵەکـانی تۆبۆزۆیان لـە لایە. هـەر چەندە ئەگـەر ڕاستیتان دەوێ من پێم وا نییـە لە تەواوی ئـەو هـەرێمـە شازادە خـانمێکی لێ هـەبێ. ئەڵبەتە خاتوون گەلی نەناسراو زۆرن کە هـەریەک لەوان لە ماڵی خۆیاندا شاژنێکن.» دۆن کـیـشـۆت گـوتـی: «زۆر باشـە، ڕەنگە ئەو خـاتوونەی مـن دەیڵـێم هـەر لـە نێـو ئـەم خـاتوونانەدا بێ.» وەرزێر گـوتی: «هـەڵبـەت ڕەنگە وابێ، بـەڵام من مـەرەخـەس دەبم چون وا خەریکە سپێدە هەڵدێ.» وە دەسبەجێ بەشێلاق لێدان دە ئێسترەکانی ڕاخوڕی و بێ ئەوەی چاوەڕوانی پرسیارێکی تر بێ دوور کەوتەوە.

سانکۆ کە دیتی ئەرباب سەرگەردان و پەشێوە گوتی: «ئەربـاب، ئەوە ڕۆژ خەریکە هەڵدێ و شـەرتی ئیـحـتـیـات نییـە لە نێـو ئەو کـۆڵانانەدا تاومـان لێ بدا. بـاشـتـر ئەوەیە لە شـار دەرکـەوین و بـەڕێزتان لە مـێـشـە و دارسـتـانێکدا خـۆتان حـەشـار بدەن. من لە ڕۆژدا دەگەڕێمەوە و بەشوێن خاتوونی گەورەی خۆمدا هەموو کەلێن و قوژبنی ئاوایی سەنگ و سووڕن دەدەم و ئەودەم ئەگەر نەمدیتەوە، ئەوە ئیدی خەتای بەختی ڕەشی منە. کـاتێک دۆزیمەوە دەگـەڵ خـودی خـاوەن شکۆ دۆلسـینە قـسـان دەکـەم و پێی دەڵێم کـە بەپێی چاوەڕوانی بـەڕێزتان قـەرارێک دابنێ و کـاتێک دیاری بکا تا بـێ ئەوەی پەڵەیەک بکەوێتە سـەر ئابڕووی ئەو، حـەزرەتی بەڕێزتان چاوتان پێی بکەوێ.» دۆن کیشۆت گوتی: «قسەی حیسابیت کرد، لەو چەند ڕستە کورتەدا هەزاران بابەتت ڕاگەیاند. زۆر باشە من بەقسەی تۆ دەکەم و چۆن بڵێی وا دەجووڵێمەوە. کـەوابوو، ڕۆڵەی خـۆم وەرە با بڕۆین و شـوێنێک بدۆزینەوە کـە من خـۆمی تێدا بشارمـەوە و تۆش وەک گـوتت بگەڕێیـتـەوە و گـراویی من بدۆزیتەوە و چاوت پێی بکەوێ و قسەی دەگەڵ بکەی؛ وە بزانە کە من بەرازداری و ئەدەب و نەزاکەتی خاتوونی خۆم زۆرتر لە لوتف و کەرەمی موعجیزەسای قەزا و قەدەر ئومیدەوارم.»

سـانکۆ لەو حـەسـرەتەدا دەسووتا کـە بتوانێ ئەرباب لـە گوند بەرێتـە دەرەوە، چون لەوە دەترسا کە ئەو لە تۆبۆزۆدا ڕاز و نهێنیی ئەو پێ بزانێ و پەی بەو درۆیە ببا کە لە چیاکانی سـیـرامـۆرنا لەمـەڕ جـوابی نامـەی دۆلسـینە پێی گـوتبـوو. لـەبەرئەوە بەلەز و بـەپەلە دۆن کـیـشـۆتی بەدوای خـۆیدا ڕاکـێـشـا و لە ئـاوایی بردیە دەرەوە و پاش بڕینی ڕێگەیەک بەبارستای دوو مایل هەر دووکیان گەیشتنە مێشەیەکی چووک کە دۆن کیشۆت لە ژێر دارەکانیدا خـۆی شاردەوە و سـانکۆش گەڕایەوە شـار. بەڵام لەم کـارەدا چەند ڕووداوێک بەسەر سانکۆ هات کە لە بەشێکی تردا باسیان دەکەین.



١٠

## باسی ئەوەی کە سانکۆی کارلێهاتوو چۆن خاتوون دۆلسینەی جادوو کرد و باسی ڕووداوی تر کە هەم ڕاستن و هەم پێکەنینی

کاتێک نووسـەری ئـەم داسـتـانە گـەورە دەگـاتە دەسـپێکی بـەشـی دەیـەم، دەڵێ، دەمـویست لە نووسینی ئەم بەشـە چاوپۆشی بکەم و بێدەنگە لە بابـەتەکـانی بکەم، چون دەترسـام کـەس بڕوا بەقسـەکـانم نەکـا، چون دێوانەیی دۆن کیشـۆت لەم پلەیەدا گـەیوەتە ئەو پەڕی خـۆی و هیچ کەس ناتوانێ لەوە سەرتر دەزەینی خۆیدا جێ بکاتەوە. وە تەنانەت لە سنووری ترۆپک و ئەوپەڕیش تێ پەڕیوە و تامەودای دوو تیرهاوێژی تفەنگ لەولاتر کەوتووە. بەڵام نووسـەر بەو هەمـوو ترس و لـەرزەشـەوە بەشـی دەیەمی کـتـێبی خـۆی نـووسی و ئەوەی بەسـەر دۆن کـیشـۆت هـات، وەک خـۆی نووسـییـەوە، بێ ئەوەی بەقـەدەر نووکـی دەرزی ئەولا و ئەم لای هەبێ، یا پرووکـەیەکی پێـوە بنێ و لێی زیاد بکا و بێ ئەوەی لە پرتە و بۆڵە و تەشـەر و تانووتی کـەس بترسێ و بەتایبـەت لەوە بتـرسێ کـە بـەدرۆزن و ناڕاسـتی بزانـن. ئەلبـەت نـووسـەر لـە دانی ئـەم بڕیارەدا حـەقی پێ بووە، چون ڕاسـتـی هـەر چەندیش تـورت و شکەنۆکـە[*] بێ، هـەرگـیـز ناشکێ و وەک ڕۆن کـە هـەمـوو کـات وەسـەر ئاو دەکـەوێ لە سەرەوەی درۆ مەلە دەکا.

کەوابوو نووسـەری ئەم مێژووە مـەزنە وێڕای درێژەدان بەداسـتـانی خۆی دەڵێ کە کاتێک دۆن کیشۆت لە دارستانێکی قەراخ گوندی تۆبۆزۆ خۆی شاردەوە، ئەمری بەسانکۆ کرد کە بگەڕێتـەوە شـار تا لە زبان ئەمـەوە دەگـەڵ خـاتوونـەکەی قـسـە بکا و تا بەڵێنی دیداری بۆ پاڵەوانی ئـەسـیـری خـۆی وەرنـەگرتووە و ئـەم دیدارە مـەیسـەر[*] نەبێ و خـاتوون دۆلسـینە بەخـاتری سـەرکـەوتن و پاش کـۆتاییهاتنی چارەنووسـی پاڵەوان لە ڕووبەڕوو بوونەوە دەگـەڵ ڕووداوگەلێک کە لەمەودوا دێنە پێش، دوعای خێری بەدوادا نەنێرێ، مافی ئەوەی نییە ئیتر بگەڕێتـەوە خزمـەت پاڵەوان. سـانکۆ بەرعۆدە بوو کە فـەرمـانی ئەرباب مـوو بەموو بەئەنجام بگەیەنێ و بەڵێنی دا کەوەک جاری یەکەم جوابێکی باشی بۆ بێنێتەوە.» دۆن کیشۆت گوتی: «بڕۆ ڕۆڵە، وریا بە کاتێک دەگەڵ ڕۆژی جەماڵی ڕووبەڕوو دەبیتەوە، نەکاسێی[*] و خۆت لێ ون نەبێ و چاوت بەمـۆڵەق[*] نەوەسـتێ. وە ئەوەش بـزانە تۆ لە هـەمـوو مـەیتـەرانی دنیـا

بەختەوەرتری! وشیار بە و هەموو هۆش و حەواسی خۆت کۆ بکەوە و بزانە ئەو چۆنت وەردەگرێ وە ئایا ئەو کاتەی تۆ پێی دەڵێی بۆچی بەخزمەتی گەیشتووی، ڕەنگی دەگۆڕێ و دەبزرکێ یا نا، وە ئایا بەبیستنی ناوی من سوور هەڵدەگەڕێ و دەشێوێ یا خێر. کاتێک ئەوت لەسەر دۆشەگ و باڵنجی جوان و شاهانە دیت، کە شایانی خاتوونێکی وەک ئەوە، سەرنج بدە بزانە ئایا لەسەر جێگەی خۆی و لەسەر ئەو باڵنجە نەرمانە ئارام و قەراری هەیە یا خێر، وە ئەگەر ئەوت بەسەر پاوە دیت، باش سەرنج بدە کە ئایا ئەم پێ و ئەو پێ[*] دەکا و ئایا ئەو جوابەکە بەتۆی دەداتەوە، دوو سێ جار دووپات دەکاتەوە یا نا، وە ئایا تامی زاری دەگۆڕێ و لەحنی بەیانی لە تاڵی و ترشییەوە بەرەو شیرینی دەچێ یا بەپێچەوانەکەیەتی، سەرنج بدە بزانە هەر چەند پرچ و سەر و زولفی ئاراستەیە و پەریشانیی تێدا نییە، دەستیان تێ وەردەدا یا خێر، کورتی ببڕمەوە کوڕم، تەواوی هەڵسوکەوت و ئەدا و ئەتواری بخە ژێر چاوەدێریی خۆت، چون ئەگەر تۆ بەوردی ئەو شتانەم بۆ باس بکەی من لە ڕووی ئەو ڕەفتارانەیەوە دەتوانم تێ بگەم منی خۆش دەوێ یا نا. سانکۆ، من دەبێ ئەم شتە، ئەگەر نایزانی بەتۆ فێر بکەم کە ئەدا و ئەتوار و بزووتنەوەی ڕواڵەتی کە لە عاشقان دەبیندرێ بەتایبەتی ئەو دەمەی باسی ئەوینی ئەوان دەکرێ، ڕاسپاردەیەکی ڕاستگۆیە کە ئێمە لەوەی کە دە دەروونیدا هەیە ئاگەدار دەکاتەوە. بەهەرحاڵ دۆستی خۆشەویستم، وەڕێ کەوە و هیوادارم کە بەختەوەرییەکی درەوشاوەتر لەوەی کە من هەمە بەڕێوەبەری تۆ بێ و سەرکەوتن و گەورەییەکی باڵاتر لەوەی کە من چاوەڕوانی دەکەم، بتگەڕێنێتەوە لای ئێمە.»

سانکۆ گوتی: «من دەڕۆم و زوو دێمەوە، بەڵام ئەی ئەربابی خاوەنی دڵ و گیانی من، لێ گەڕێ با ئەو دڵە چکۆلەیە کە ئێستا نابێ لە دەنکە فەندەقێک گەورەتر بێ بەبای هومێد هەڵتۆقێ و ئەو پەندە قەدیمییەت لەبەر چاو بێ کە دەڵێ: «سەفای دەروون بەختی خراپ تێک دەشکێنێ» و هەروەها دەڵێن: «لە جێگەیەک کە ئاو نییە دەفری ئاو خواردنەوەش پێویست نییە.» هەروەها ئەوەش دەڵێن: «لەو شوێنەی ڕاوکەر هیچ شکی بۆی ناچێ کەروێشک دەردەپەڕێ.» من ئەو قسانەت بۆیە عەرز دەکەم، کە ئەگەر دوێ شەو نەمتوانی کۆشکی خاتوون بدۆزمەوە ئێستا کە ڕۆژە، باوەکو هومێدێکم بۆ دۆزینەوەی ئەو نییە، هیوادارم سەرکەوم و ئەگەر کۆشکی خاتوونم دیتەوە، ئیزنم بدە هەر چۆنێک خۆم لە بارەکەی دەزانم ئاوای بدوێنم. دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ، بەڕاستی تۆ ئەو پەندانە وەها لە جێی خۆیدا و بەو پێوانەیە کە قسەکانمان هەڵی دەگرێ، دەکار دەکەی کە من قسەم پێ نامێنێ و نابێ لە





خودای خۆم بەختەوەرییەکی گەورەتر لەوەی کە ئێستا ئارەزووی دڵی منە، بخوازم.»

پاش ئەم وتووێژە سانکۆ پشتی دەدۆن کیشۆت کرد و دە کەرەکەی وەژاند و کەوتە ڕێ؛ دۆن کیشۆتیش لە حاڵێکدا کە سواری ڕۆسی نانت و دەستی لەسەر داری نێزەکەی گیر کردبوو، بەسەرێکی پڕ لە ئەندێشە و غەم و پەژارەوە چاوەڕوان مایەوە. ئێمە دۆن کیشۆت لەو حاڵەتەدا لەو شوێنە بەجێ دێڵین و دەکەوینە شوێنی سانکۆ و دەڵێین کە ئەمیش پەرێشانتر و بێ قەرارتر لە ئەربابەکەی لەوێ دوور کەوتەوە و کاتێک لە مێشە هاتە دەر و ئاوڕی داوە و ئەربابی نەدیت لە کەرەکەی دابەزی و لە بن دارێک دانیشت و بەمجۆرە دەگەڵ خۆی دەستی کرد بەپرسیار و جواب دانەوە: «ئێستا ئەی برای بەڕێزم سانکۆ، بڵێ بزانم بەڕێزتان بۆ کوێ دەچن؟ ئایا کەرت لێ ون بووە و بەشوێن کەرەکەتدا دەچی؟ – نا، نا وەدوای کەر نەکەوتووم، کەری چی؟ بێگومان وەدوای کەر نەکەوتووم. – باشە، ئەدی وە شوێن چی کەوتووی؟ – دەچمە لای خاتوونێک کە دەڵێن کچی پادشایە و لە وجوودی ئەودا مانگ و ڕۆژ و ئەستێرەکانی ئاسمان خۆیان دەنوێنن. – باشە، سانکۆ پێت وایە ئەوها کەسێک لە کام شوێن دەدۆزرێتەوە؟ – لە کام شوێن؟ لە شاری گەورەی تۆبۆزۆدا. – زۆر زۆر باشە، ئێستا فەرموو بزانم لە لایەن چ کەسێکەوە دەچی، ئەو بدۆزییەوە؟ – لە لایەن پاڵەوانی ناودار، دۆن کیشۆتی مانش کە زوڵم و زۆرداری دەرەتێنێ و ئاو دەدا بەتینووەکان و برسییەکانیش تێر دەکا. – دیسان زۆر باشە سانکۆ، بەڵام تۆ ماڵی ئەو خاتوونە دەزانی؟ – ئەربابی من دەڵێ کە ئەو لە کۆشکێکی بەشکۆدا یان لە کاخێکی وەک کاخی پادشایاندا دەژی. ئایا تۆ بەهەڵکەوت بۆ جارێکیش بووبێ ئەو خاتوونەت چاو پێ کەوتووە؟ – خێر، تا ئێستا نە من دیتوومە و نە ئەربابەکەشم. – باشە، ئایا فکر ناکەی کە ئەگەر خەڵکی تۆبۆزۆ تێ بگەن کە ئێوە دوو نەفەر بۆ ڕابواردن و هەرزەیی و فریودانی شازادەخانمان و ژنانی پایەبەرزی ئەوان هاتوونەتە ئەم شارە، لێتان وەخۆ دەکەون و هەزار شەقتان دەپاشی هەڵدەدەن و ئەوی خراپە بەسەرتان بێنن و بەپەیاغ و تێلا ئەوەندەتان لێ دەن کە جێگەیەکی ساغتان دە لەشیدا نەهێڵن؟ – بۆ چی، مافی خۆیانە ئاوامان دەگەڵ بکەن، هەر چەندە گوێ نەدەنە ئەوەش کە من ڕاسپاردەم و ڕاسپاردەش خەتایان لەسەر نییە. – سانکۆ تۆ دڵت بەو پەندانە خۆش مەکە، چون خەڵکی وڵاتی مانش هەر چەند بەڕێز و بەئەدەبن، زۆر زوو دەرهەڵ دەبن و زۆریش بەڕقن و بەکەس ئیجازە نادەن سەر ئێشەیان بۆ دروست بکا. خوا بەو ڕۆژەی نەکا وەدەست ئەوانە بکەوی، بەمەولا تۆزت دەگەیەننە عاسمانان. وای، وای، زبانی من سەگ بیخوا،من بۆ دەبێ بەخاتری چاوی جوانی کەسێکی تر وەدوای کاری

نەکردوو بکەوم. بێجگە لەوەش گەڕان بەشوێن دۆلسینە لە شاری تۆبۆزۆدا وەک ئەوە وایە لە دەربار بەدوای کۆنتدا بگەڕێی و لە زانکۆی سالامانک بەشوێن خوێندکاردا. بەخودا قەسەم گرفتار کردنی من بەو کارەوە تەنیا کاری شەیتانە و کەسی تر.»

سانکۆ بەم جۆرە دەگەڵ خۆی دەدوا و بەرهەمێکی کە لەم وتووێژەی وەرگرت ئەوە بوو کە لە نەکاو وشیار بووەوە و هاتەوە سەرخۆ؛ پاشان دووبارە بەخۆی گوت: «سوبحانەڵڵا. ئاخر بۆ هەر دەردێک دەرمانێک داندراوە، مەگەر مردن کە دەرمانی نییە و ئێمە هەموو دەبێ بەپێچەوانەی مەیلی خۆمان لە ئاخریدا ملکەچی بین و لینگمان درێژ بکەین. ئەربابی من هەروەک هەزار جار تاقیم کردووەتەوە، شێتێکە دەبێ دەست و لاقی ببەستی. پیاو بەقسەی حەق کافر نابێ، منیش دەستی کەمم لەو نییە، بەپێچەوانەوە من زۆر زۆر لەو کەرتر و بێ شعوورترم، چون بۆهەموو جێگەیەک وە شوێنی دەکەوم و خزمەتی دەکەم و ئەگەر ئەو پەندە مەعرووفەم لە بیر بێ کە دەڵێ: «پێم بڵێ دەگەڵ کێ دادەنیشی با پێت بڵێم چ کارەی و چ دەکەی.» یا سەرنج بدەینە ئەو پەندە کە دەڵێ: «مەڵێ دەگەڵ کێ لە دایک بووی، بڵێ هاوکاسەی کێی، ئەودەم ڕوون دەبێتەوە کە من چکارەم.» زۆر باشە، ئێستا کە ئەربابی من شێتە و شێتییەکەی ئەوەندە زۆرە کە زۆر شت بەشتی تر تێ دگا، بۆ نموونە ڕەش بەسپی و سپی بەڕەش دادەنێ، هەر وەک دیتمان ڕۆژێک ئاشەباییەکانی بەغوول و دێو و ئێستری قەتارچییانی بەوشتری خۆش بەز و کاراونسەرای بەقەڵا و ڕەوەی مەڕ و بزن بەلەشکری دوژمن تێ گەیشت و هەر ئەم هەڵەی لە واری زۆر شتی تردا دەکرد، کەوابوو من دەتوانم هەر ژنە دێهاتییەکی وەدەستم کەوێ، بەخاتوون دۆلسینەی پێ بناسێنم و کارێکی وا بکەم کە بڕوام پێ بکا. ئەگەر باوەڕی نەکرد سوێندی بۆ دەخۆم و ئەگەر سوێندی خوارد کە ئەوە ئەو نییە، سوێندی گەورەتری بۆ دەخۆم و ئەگەر دیسانیش قبووڵی نەکرد دەست بەردار نابم و خۆم بەسوێندان ڕەش و شین دەکەمەوە، بەمجۆرە دەستم وەسەر دەستی دەکەوێ و هەرچی بێتە پێش گرینگیی پێ نادەم؛ بەڵکو هەر ئەو کارەی من بێزاری بکا و کاتێک ببینێ کە من جوابی ناجۆری دەدەمەوە، ئیدی بەدوای کاری ئاوام دانەنێرێ. لە لایەکی تریشەوە ڕەنگە ئەرباب وا فکر بکاتەوە کە جادووگەرێکی دەروون پیس، لەوانەی کە بەواتەی خۆی دوژمنایەتیی ئەو دەکەن، بۆ ئەوەی ئازارێکی بدەن ڕوخساری گراوییەکەیان ئاوا ناشیرین کردووە.»

دڵێ سانکۆپانزا بەو ئەندیشەیە ئارامی گرت و متمانەی پەیدا کرد کە گرفتەکەی لە ناو چووە. ماوەیەکی زۆر لە بن ئەو دارەی لە بنی دانیشتبوو ڕاکشا تا ئەرباب باوەڕی پێ بکا





کە لەو ماوە دوورودرێژەدا وەدوای کار و چوون و گەڕانەوە کەوتووە. ڕووداوەکان وا بەباشی هاتنە پێشێ کە کاتێک سانکۆ لە جێی خۆی هەستا تا سواری کەرەکەی بێ و بگەڕێتەوە لای دۆن کیشۆت چاوی بەسێ ژنە دێهاتی کەوت کە بەسواری سێ گۆڵەکەر یا سێ ماکەر لە لای تۆبۆزۆوە دەهاتن، وە ئەڵبەتە ڕوون نەبووەوە کە کەرەکان گۆڵن یا دێڵ، چون نووسەر بەروونی باسی ئەوەمان بۆ ناکا؛ بەڵام ڕەنگە بتوانین بێژین ماکەر بوون، چون ژنە دێهاتی زۆرتر سواری ماکەر دەبن، وە چون ئەو بابەتە زۆر گرینگ نییە لەوە زیاتر کاتی خۆمانی پێ بەفیڕۆ نادەین. جا، ئەوجار، سانکۆ هەر دەگەڵ ئەوەی ژنە دێهاتییەکانی چاو پێ کەوت دە کەرەکەی ڕاخوڕی و نەقیزەی[*] تێ وەژاند و بەپەلە بەرەو لای دۆن کیشۆت کەوتە ڕێ و ئەوی لە حاڵێکدا چاو پێ کەوت کە پەیتاپەیتا ئاخی هەڵدەکێشا و ناڵە ناڵی عاشقانەی دەگەیشتە عاسمان. هەر دەگەڵ چاوی دۆن کیشۆت بەسانکۆ کەوت، ڕووی تێ کرد و پرسی: «دەی هاوڕێ سانکۆ، خەبەری تازەت چ هێناوە؟ ئایا من ئەم یەک ڕۆژە لە تەمەنی خۆم بەبەردی سپی نیشانە بکەم یا بەبەردی ڕەش؟» سانکۆ گوتی: «باشتر وایە ئەم یەک ڕۆژەی تەمەنی خۆت وەک بەرگەی ئازموونی قوتابخانەکان بەهێڵی سوور نیشان بکەی تا هەر کەس بیبینێ لە دوورەوە بتوانێ بیخوێنێتەوە.» دۆن کیشۆت گوتی: «لەو قەرارە وا دیارە هەواڵی خۆشت بەلاوە هەیە؟» سانکۆ گوتی: «هەواڵی واخۆشم بەلاوەیە کە بەڕێزتان دەبێ دەستبەجێ مامزە دە کەلەکەی ڕۆسی نانت بکوتی و لە پەناگای خۆتان بێنە دەرەوە و ڕوو لە دەشت بکەن. تا چاوتان بەخاتوون دۆلسینە بکەوێ کە دەگەڵ دوو کەس لە نێزیکانی خۆی بۆ دیتنی ئێوە واوە دێن.» دۆن کیشۆت هاواری لێ بەرز بووەوە کە: «یا حەزرەتی مەریەم! بۆ خاتری خودا سانکۆ. ڕاست دەڵێی؟ تۆ ئەو خودایەی بەحەقی دەناسی، بەمزگێنیی درۆ فریوم مەدە!» سانکۆ گوتی: «ئەی ئەرباب، ئاخر فریودانی تۆ بۆ من سوودی چییە، بەتایبەتی کاتێک کە دەتوانی بەئاسانی درۆکردنەکەم ئاشکرا بکەی؟ یاڵڵا، خێراکە ئەسپت دەنگ دە و بەدوام کەوە تا بەچاوی خۆت بیبینی کە چۆن خاتوونی گەورەواری ئێمە بەجلوبەرگ و خشڵی زێڕین و زێوینەوە بەرەو لامان تەشریف دێنێ و نزیک دەبێتەوە. بەچاوی خۆت دەبینی کە ئەو دەگەڵ کەنیزانی وەک سندووقێکی زێری خالیسن کە دێن، هێشووی مروارین، دەنکە ئەڵماسن، یاقووت و زمڕووتن، دیبا[*]ی زێڕبافتن[*] کە چین چین کەوتوونەتە سەر یەک، پرچی زێڕینیان کەوتووەتە سەر شانان بەمەعان دەڵێی قۆپەنێکی تیشکی ڕۆژن کە با دەیانهێنێ و دەیانبا، لەوەش زیاتر هەرسێک سوارییی کالیسکەی زێڕینن کە پیاو هەر حەز دەکا تەماشایان بکا. دۆن کیشۆت گوتی: «باشە کوڕم، با

ببزووین! و بۆ ئەوەی پاداشتێکی باشت بۆ ئەم هەواڵە خۆشانە بدەمێ لە ئێستاوە پڕبایەخترین و باشترین بەشی دەسکەوت و غەنیمەتێک کە لە یەکەم ڕووداوی پاڵەوانیدا وەدەستی دێنم، بەتۆی دەبەخشم وە ئەگەر ئەوەشت بەلاوە کەم بێ، سێ جانوو ماین یا جانوو ئەسپی خۆم لەو ماینانە کە هەراش ئاوسن و دە لەوەڕگای گوندی خۆماندا دەزێن بەتۆ دەبەخشم.» سانکۆ گوتی: «من تەنیا جانووەکان قبووڵ دەکەم، چون ڕوون نییە دەسکەوتی یەکەم گۆنگەڵی پاڵەوانییەکەت کەڵکی ئەوەی هەبێ وەریگرم.»

پاش ئەو قسانە هەردووکیان لە دارستانەکە هاتنە دەرەوە و لە نزیکەوە چاویان بەژنە دێهاتییەکان کەوت. دۆن کیشۆت زۆر بەسەرنجەوە چاوی لە ڕێگەی درێژی تۆبۆزۆ کرد، بەڵام چون بێجگە لەو سێ ژنە دێهاتییە کەسی تری نەدیت نیگەرانی دەستی پێ دا و لە سانکۆی پرسی کە: «مەگەر خاتوونەکەت لە پشت دەروازەی شار بەجێ هێشتووە؟» سانکۆ گوتی: «چۆن شتی وا دەفەرمووی؟ چۆن لە پشت دەروازەی شار بەجێیان دێڵم؟ مەگەر خوا نەکا تۆ چاوت چووەتە پشت سەرت؟ مەگەر ئەو خاتوونانە نابینی کە وەک ڕۆژی کاتی نیوەڕۆ، دەدرەوشێنەوەو بۆ لای ئێمە دێن؟ دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ من بێجگە لە سێ ژنە دێهاتی کە سواری ماکەرن هیچیتر نابینم. سانکۆ گوتی: «لا ئیلاها ئیلەڵلا! خودا من لە شەڕی شەیتان بپارێزێ! مەگەر شتی وا دەبێ کە سێ ماین کە لە بەفر سپیترن لەبەرچاوی تۆ بەماکەر بێنە بەر چاو؟ پەنا بۆ خوا! ئەگەر قسەی تۆ ڕاست بێ من ڕیشی خۆم هەڵدەکەنمەوە!» دۆن کیشۆت گوتی: «زۆر باشە هاوڕێ سانکۆ من متمانەت پێ دەدەم کە قسەکەم ڕاستە و هەروەک من دۆن کیشۆتم و تۆ سانکۆپانزای، ئەوانەش یا ماکەرن یا نێرەکەر؛ یا لانی کەم بەمجۆرە دێنە بەر چاوی من.» سانکۆ هاواری لێ بەرز بووەوە: «ئەرباب بێدەنگ بە و شتی وا مەفەرموو، بەڵکو چاوی خۆت دامالە و وەرە بەرەوە و لە بەرامبەر خاتوونی پایەبەرزی گراویی خۆتدا کڕنۆش بکە.»

سانکۆ پاش ئەو قسانە بەپێشوازیی ئەو سێ ژنە دێهاتییەوە چوو بەپەلە لە کەرەکەی دابەزی و هەوساری کەری ژنی یەکەمی گرت، پاشان هەردووک ئەژنۆی لە عەرزی دا و هاواری کرد کە: «ئەی شاژنی جوانی و جەماڵ و ئەی خاتوونی بەناز و بەلەخت و لار(*) لە ئێوەی پایەبەرز و گەورە و نەجیب تکا دەکەم کەرەم بفەرموون و بەو پاڵەوانەی ئەسیری خۆتان کە ئەوەتا وەک پەیکەرەیەکی بەردین لەولاتر ڕاوەستاوە و لەوەی کە لە خزمەت ئێوەی بەرز و بەڕێزدایە، بەحاڵەتێکی پەرێشان و شێواو ڕەنگی ڕوخساری بزرکاوە و پشووی سوارە و دەنگی دەرنایە، بەچاوی مەرحەمەت و ئاوڕلێدانەوە، چاوی لێ بکەن و ئیزن





بفەرموون شانازیی هاتنە حزووری ئێوەی پێ بدرێ. من سانکۆپانزا مەیتەری ئەوم و ئەویش هەمان پاڵەوانی هەڵوەدا و هەڵاتوو، یانی دۆن کیشۆتی مانشە کە بەپاڵەوانی غەمگین ڕوخسار بەناوبانگە.»

لەو کاتەدا دۆن کیشۆتیش لە تەنیشت سانکۆپانزا کەوتبووە سەر ئەژنۆ، بەچاوانێکی مات و مەبهووت، چاوی دەو ژنە بڕیبوو کە سانکۆ ناوی شاژنی لەسەر دانا بوو، وە چون لە سیمای ئەودا بێجگە لە ڕوخساری کچێکی دیهاتی: ئەویش بەسەر و پۆتەراکێکی شێواو و پەرێشان و کەنەفت و دەم و چاوێکی ناحەز، و بارێکەوتوو و لووتێکی فلّچ و پان، شتێکی تری نەدەدیت سەری لێ سوڕمابوو و لە جێی خۆی وشک هەلاتبوو و زاتی نەبوو هیچ بڵێ و ورتەیەکی لێوە بێ. سەرسوڕماویی دوو ژنەکەی تریش لە دیتنی ئەو دوو پیاوە کە سەر و وەزعێکی جیاوازیان پێکەوە هەبوو، هەردووکیشیان لە نێوەڕاستی ڕێگە هاتبوونە سەر ئەژنۆ و نەیاندەهێشت هاوڕێیەکەیان تێپەڕ بێ، لە سەرسوڕماویی دۆن کیشۆت کەمتر نەبوو. بەڵام سەرەنجام ژنی یەکەم بێدەنگیی شکاند و بەتووڕەیی و ڕووتاڵییەوە گوتی: «ئەی ڕێگران، وای بەحاڵتان! لێمان گەڕێن با بڕۆین، ئێمە کارمان هەیە و بەپەلەین.» سانکۆپانزا گوتی: «ئەی شاژن! ئەی خاتوونی هەموو دانیشتوانی تۆبۆزۆ! چ دەفەرمووی! ئایا لەوەی کە کۆڵەکەی شانازیی هەموو پاڵەوانانی سەرگەردانی جیهان دەحزووری ڕووناکتر لە ڕۆژی خۆتاندا لەسەر ئەژنۆ و بەحاڵەتی کڕنۆش دەبینن لە دڵی گەورە و میهرەبانی خۆتاندا هەست بەبەزەیی و ڕەحم و دڵ پێ سووتان ناکەن؟» کاتێک ئەم قسانە بەگوێی یەکێک لە دوو ژنەکەی تر گەیشت گوتی: «هۆش هۆش،ئەی ماکەری خەزوورم، ڕاوەستە ڕنەکت کەم! تۆخوا بڕوانە ئەو هەتیوە لووسکە شارستانییانە چۆن گاڵتە بەئێمەی دێهاتی دەکەن!» پێیان وایە ئێمەش ئەم وەڕە وەڕە دەزانین! ئەیرۆ بابانێکمە ! هەستن هەستن بەقوونی خۆتان دادەن و وەدوای کاری خۆتان کەون! لێ گەڕێن ئێمەش بڕۆین، دەنا لێتان بێمە خوار ئەوە نییە دەیزانن! دۆن کیشۆت دەسبەجێ وەقسە هات و گوتی: «هەستە سانکۆ، هەستە، چونکە دەبینم تەقدیر کە لە دیتنی ڕۆژەڕەشیی من تێر نابێ، هەموو دەرگایەکی بەسەردا بەستووم و ناهێڵێ ترووسکەیەکی شادی و حەسانەوە بڕژێتە تاریکستانی ژیانم. وە بەڵام تۆ ئەی بێ وێنەترین نیشانەی مەعنەوی و هەموو فەزیلەت و چاکەکان، ئەی درەوشانەوەی هەموو جوانی و جەماڵ و کەماڵێک، ئەی تەنیا دەرمانی دڵی بەپەرۆش و غەمگینم! ئێستا کە ئەو جادووگەری شەیتان کە لە هەموو شوێنێک بەدوامدا دەگەڕێ، پەردەیەکی هەور و تەم و مژی بەسەر چاوی من کێشاوە و جەماڵی درەوشاوە و ڕوخساری فریشتەییی تۆ نەک لەبەر

چاوی دیتران، بەڵکو لەبەر چاوی من، بەناحەزی و ناپەسەندی کچە دێهاتییەک دەخاتە بەر چاو، ناچارم بسووتێم و بسازێم، بەو مەرجەی ڕوخساری منیش وەک دەم و لمبۆزی جانەوەرێکی ترسێنەر بەئێوە نیشان نەدا. ئاخر، ئەی خۆشەویستەکەم نیگای شیرین و دڵ بلاوێنی خۆت لە من هەڵمەگرە و بەئەوین و دڵسۆزییەوە چاوم لێ بکە و ببینە تا لە بەندەیی و بەئەژنۆدا کەوتن و ملکەچیی من لەبەر پێی خۆتدا تێ بگەی کە ڕۆحی پەرێشانم بەچ بارستاییەک تۆ دەپەرستێ و تا چ ڕادەیەک سەودای گەیشتن بەئێوەی لەسەر دایە.» ژنە دێهاتی گوتی: «بەهبەه! تۆ چەندە جوان وەک بولبولی خۆش خوان دەچریکێنی و خوداش منی هەر بۆ حەزلێکردوویی و عەشق بازی دروست کردووە! دە دەمی بابتان ڕیم بۆ ئیشتیای کردووتانە! دیسان پێتان دەڵێمەوە هەستن لەسەر ڕێمان واوە چن، دەنا خۆتان دەزانن!»

سانکۆ کە گۆنگەڵەکەی گرتبووی و زۆر خۆشحاڵ بوو لەسەر ڕێی ژنەکە واوە چوو؛ ژنی دێهاتی کە دەو بەزمەدا خاتوون دۆلسینە لە قەڵەم درابوو، هەر کە خۆی بەئازاد دیت بەنەقیزەکەی دە کەرەکەی وەژاند و کەریش بەنەرمەغار بەنێو چیمەندا تێی تەقاند. بەڵام کەرەکە بەئێشی نەقیزەکە کەوتە جووتە لێدان و لووشک(*) هاویشتن و خاتوون دۆلسینەی بەعەرزیدا دا. بەدیتنی ئەم ڕووداوە دۆن کیشۆت بەهەڕەمە خۆی گەیاندە ژنەکە تا لە عەرز بەرزی کاتەوە. کاتێک سانکۆ کورتانەکەی ڕاست کردەوە و تەنگەی کێشا و پاڵووی بردەوە جێی خۆی، دۆن کیشۆتیش ویستی باوەش بەخاتوون دۆلسینەی تەلیسم کراودا بکا و لە زەوی ڕاستی کاتەوە کە چی خاتوون لەو زەحمەتەی مەعاف کرد و خۆی هەستایەوە سەر پێ و چەند هەنگاوێک کشاوە دواوە و لەو لاڕا بەتەرەختن هات و دوو لەپی دەستی هاویشتە سەر پاشەڵی کەرەکە و هەر وەک باز یا باشووی چوست و چالاک، خۆی هاویشتە سەر کۆپانەکە و وەک پیاوێکی ئازا قیت و قنج لەسەر پشتی کەر دانیشت. سانکۆ هاواری لێ بەرز بووەوە: «یا حەزرەتی سێن ڕۆک! بەڕاستی خاتوونی ئێمە دەڵێی بزنە کێوی سرک و ڕەوەکە و دەتوانێ بەرەسمی عەرەبەکانی غەرناتە سوارکاریی بێ ڕکێف فێری شارەزاترین مەیتەرانی کۆڕدۆوا یا مەکزیک بکا. ئەو بەیەک هەڵبەز بەسەر قەڵپووزی زیندا تێک شکاوە و لەسەر پشتی ماینەکەی جێگیر بووەتەوە. ئەمجۆرە ژنانە هەرگیز بەجێ نامێنن و دوا ناکەون، چون هەموو وەک بای شەماڵ ڕادەکەن. دۆلسینەش دەتوانێ ماینەکەی بەتوندیی گۆڕەخەر بخاتە گەڕ. ئەزقەزا سانکۆ ڕاستی دەگوت و کاتێک دوو ژنەکەی تر دۆلسینەیان بەسواری چاو پێ کەوتەوە هەرسێکیان تێیان تەقاند و بەهەشتاو لە مەعرەکە دوور





کەوتنەوە و بێ ئەوەی ئاوڕێک بدەنەوە نیو فەرسەخ دوور کەوتنەوە.

دۆن کیشۆت تا مەودایەکی دوور ئەوانی بەچاو بەڕێ کرد و کاتێک لەبەر چاوان ون بوون، ڕووی دە سانکۆ کرد و گوتی: «سانکۆ تۆ چۆن تێ دەگەی؟ دیوتە ئەم جادووگەرانە چ ڕقێکێیان لە من هەڵگرتووە و کاری دژایەتییان گەیاندووەتە کوێ کە ئاوا من لە فەیزی دیدار و بەختەوەری تەماشای گراوییەکەم دە شکڵ و قیافەی ڕاستینی خۆیدا بێ بەش کرد. ئاخ و سەد حەسرەت کە منی بێ ئەنوای کڵۆڵ و چارەڕەش بۆ ئەوە هاتوومەتە سەر ئەم جیهانە کە نموونە و سەرمەشقی ڕۆژەڕەشانی عالەم بم و ئامانجی تیری نەگبەتی و نامرادی بم. بێجگە لەوەش سانکۆ دیتت ئەو سیحرکارە غەیان و نگریسانە بەوەندە ڕانەوەستان کە ڕوخساری دۆلسینەم لەسەر شکڵی ئەو ژنە دێهاتییە بۆگەنە پێ نیشان بدەن، بەڵکو ئەو تایبەتمەندییەی کە دەژنانی ماقووڵ و نەجیبدا هەیە، ئەویشیان لێ هەستاندبووەوە. بۆخۆت دەزانی کە خاتوونەکان هەموو بۆنیان خۆشە و هەمووکاتی ژیانیان دەنێو گوڵ و عەتر و بۆن و بەرامەی خۆشدا تێپەڕ دەبێ. بەهەرحاڵ ئەی سانکۆ تۆ دەبێ بزانی من کاتێک لە خاتوون دۆلسینە نزیک بوومەوە تا بەرزی کەمەوە و سواری سوارەبەرەکەی بکەمەوە (ئەو سواربەرەی تۆ پێت وابوو ماینە و من بەماکەری تێ گەیشتم) بۆگەنی سیری کاڵی لە دەمی دەهات، بۆنێکی ئەوەندە توند و ناخۆش وەختابوو کاسەی سەرم هەڵگرێ.» سانکۆ لە قووڵایی دڵەوە هاواری لێ بەرز بووەوە کە: «ئاخ ئەی دز و ڕێگرانی نامەرد! ئەی جادووگەرانی غەیان و نیهاد پیس، ئەی کاش چۆن ماسی بەقولاپ دەگرن، ئێوەشم بەگوێیان هەڵواسیبا! ئێوە هەرچەندی خوا حەز بکا زانا و بەتوانان، بەڵام مەخابن سەد ئەوەندە غەیان و بەدکردارن. ئێوە ئەی جینایەتکارانی مەلعوون! ئێوە دەبووایە بەوەندە ڕاوەستن کە چاوە مروارییەکانی ئەوتان کردە بەڕوو یا پرچە زێڕینەکانیتان کردە قژ و زلەمووی سەر ملی مانگا زەرد و بەکورتی هەموو جوانییەکانیتان لە ناو برد و ناحەزی و دزێویتان لە جێگەی دانا و ئیدی کارتان بەبۆنەکەی نەبایە. ئەگەر بۆنەکەیتان نەگۆڕیبایە لانی کەم لە بۆنەکەیڕا دەمانتوانی تێ بگەین کە دەژێر ئەو ڕواڵەتە دزێوەدا چ مانگ و ئەستێرەیەک شاردراوەتەوە، هەر چەند ڕاستت بوێ من ئەو ناحەزییانەم تێدا بەدی نەکرد و لەبەرچاوم هەر جوان و ڕازاوە بوو. بەتایبەتی کە لە گۆشەی ڕاستی لێوی خاڵێکی ڕەشی دڵبزوێنی هەیە کە وەک سمێڵی پیاوان نیوەی لێوی داپۆشیوە و حەوت هەشت مووی ڕەنگ خورمایی ژی بەدرێژاییی گەلای دار خورما لەو خاڵە ڕواوە.» دۆن کیشۆت گوتی: «بەپێی نیسبەتێک کە بەشێوەیەکی سروشتی دەبێ دە نێوان خاڵەکانی

لەشدا هەبێ، دۆلسینە دەبێ بێجگە لە خاڵی گۆشەی لێوی هەر لەو لایەنەی لەشی کە خاڵی سەر لێوی لێ هەیە، خاڵێکیشی لەسەر ڕانی هەبێ. بەڵام ئەوەی کە دەڵێی درێژاییی زلە مووەکانی سەرخاڵەکەی لێوی بەقەدەر گەلای دارخورما درێژن، نابێ ڕاست بێ و مووی سەر خاڵ هەرگیز بەو درێژییە نەبیندراوە.» سانکۆ گوتی: «بەڵێ بەڵام ئەو نوکتەیەشت با عەرز بکەم کە ئەو مووانە بەڕای من سروشتی نەبوون، وەک شتێکی دەستکرد دەچوون کە لە لاوەڕا پێوەندرابن.» دۆن کیشۆت گوتی: «ڕاستە هاوڕێ سانکۆ، من باوەڕ بەوە دەکەم کە ئەو مووانە لە لاوەڕا پێوەندرابن. چون سروشت هیچ شتێکی دە وجوودی دۆلسینەدا دروست نەکردووە کە دەئەوپەڕی جوانی و ڕێکوپێکیدا نەبێ؛ کەوابوو ئەو ئەگەر سەد خاڵی تریشی لەوانەی تۆ باست کرد هەبێ بە مەعان، وەک نیشانەکانی مەکۆی ئەستێران (منطقة البروج) و[٣٥٠] باقیی ئەستێرەکان دەدرەوشێنەوە. بەڵام سانکۆ، تۆ پێم بڵێ، ئایا ئەوەی من بەکۆپانی کەرم هاتە بەر چاو و تۆ لەسەر پشتی سوارەبەری دۆلسینەت توند کردەوە لە زینە سافەکان بوو یا لە زینە قووڵەکان کە بۆ دانیشتن زۆر ئاسوودە و خۆشن؟» سانکۆ گوتی: «لەو زینە چاکە عەرەبییانە بوون کە لە پێشەوە قەڵپووز و لە دواوە پشتییەکی بەرزیان هەیە. بێجگە لەوەش وەک زینی پاڵەوانانی گەورە زین پۆشێکی پێوە بوو زۆر بەقیمەت و بێوێنە و نیوەی ئەو مەملەکەتەی دێنا.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ، یانی دەبێ من ئەو هەموو شتە بەقیمەتانەم دیتبێ؟ بەخودا سوێند دەخۆم و دیسانیش دووپاتی دەکەمەوە کە من بەدبەختترین و بێچارەترین تاکی ئەم جیهانەم!»

سانکۆ بەهەموو سەگێتی و مەکربازیی خۆیەوە، بەزەحمەت توانیی بەبیستنی ئەو قسە شێتانەیەی ئەربابەکەی کە فریوی خواردبوو، پێش بەخۆی بگرێ و لە قاقای پێکەنین نەدا. سەرەنجام پاش هێندێک قسەی لەم بابەتانە سوار بوونەوە و ڕێگەی «ساراگۆس»یان گرتە بەر و بەهیوا بوون بەوەخت بگەنە ئەو شوێنە و لە جێژنی ساڵیانەی ئەم شارەدا کە هەموو ساڵێک زۆر بەجوانی و گرینگی پێدانەوە بەڕێوەدەچوو، بەشداری بکەن، بەڵام پێش گەیشتن بەشاری ساراگۆس، ئەوەندەیان ڕووداوی جۆراوجۆر و گۆنگەڵی تازە بۆ هاتە پێش کە پێویستە خوێنەران لە بەشی دوای ئەم بەشەدا لێ ئاگەدار بکەینەوە.

٣٥٠- مەکۆی ئەستێران «منطقە البروج» بریتییە لە کۆمەڵی ١٢ بورج یا ئەستێرە بەم نێوانە: حەمەل، سوور، جەوزا، سەرەتان، ئەسەد، سونبولە، میزان، عەرقرەب، قەوس، جەدی، دەلو، حووت. (محەممەد قازی)



## ١١

## لەمەڕ ڕووداوێکی سەیر کە بەسەر دۆن کیشۆتی دلاوەر هات دەگەڵ عارەبەی هاوڕێیانی عیزرائیل

دۆن کیشۆت لە حاڵی فکر کردنەوەدا دەڕۆیشت؛ دە فکری ئەو شۆخییە خراپەدا بوو کە جادووگەران دەگەڵیان کردبوو و دڵبەرە نازەنینەکەیان بەشکڵی ژنێکی ناحەز و سەحەتگرانی دێهاتی هێنابووە دەر. بەڵام هەر چی بیری لێ دەکردەوە دەرمانێکی نەدەدیتەوە کە ئەوی پێ بێنێتەوە سەر باری پێشوو. ئەو فکرانە وەها بەسەریدا زاڵ بووبوون کە نەیدەزانی هەوساری ڕۆسی نانتی بەرهەڵدا کردووە و حەیوانیش کە خۆی بەرهەڵدا دەدیت هەر جار نا جار ڕادەوەستا و لەسەر گیا و ڕووەکە تازەکانی لێواری ڕێگە دەلەوەڕا.

سانکۆ ئەربابی خۆی لەو بێدەنگییە دەرکێشا و گوتی: ئەرباب خواوەند غەم و پەژارەی بۆ حەیوانەکان دروست نەکردووە و تەنیا بۆ مرۆڤەکانی داناوە و دەگەڵ ئەوەشدا ئادەمیزاد کاتێک لە ڕادەبەدەر غەمگین و داماو دەبن دەبنەوە حەیوان. ئاخر بەسی کە. وەرەوە سەرخۆ و غیرەتت هەبێ و لغاوی ڕۆسی نانت بکێشە و چاوت بکەوە و مەردی و پیاوەتیی پاڵەوانانی سەرگەردان لە خۆت نیشان بدە. ئاخر چ قەوماوە؟ ئەو ترشی و ڕووگرژییەی پێ ناوێ. مەگەر ئێمە لە فەڕانسەین یان لێرە؟ هەرچی دۆلسینە دەدنیاداهەن عەمریان نەمێنێ! سلامەتی و لەش ساغیی پاڵەوانێکی سەرگەردان هەموو ئەم سیحر و جادووگەری و ئاڵوگۆڕانە دێنێ.» دۆن کیشۆت بەدەنگی بڵند هاواری لێ هەستا کە: «بێدەنگ بە سانکۆ! دەنگت دەرنەیە و بەرامبەر بەو خاتوونە تەلیسم کراوە کە تاوانی بەدبەختی و موسیبەتێکی کە بەسەری هاتووە بەگەردنی منەوەیە، قسەی ناحەز و بێ تام مەکە! بەڵێ ئەم ڕووداوە خەمبارەی کە بەسەر ئەو هاتووە تەنیا بەهۆی ئێرەیی و حەسوودییەکە کە ناپیاوان و ناحەزان بەمنی دەبەن.» سانکۆ گوتی: «منیش هەر لەسەر ئەو بڕوایەم. باوەڕ بکە هەر کەس دە پێشدا ئەو خاتوونەی دیتبێ و ئێستا دووبارە چاوی پێ بکەوێتەوە، جەرگی دەبێتە کەباب.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ بەخوا قەسەم تۆ لە هەموو کەس باشتر دەتوانی ئەو بابەتە باس بکەی، چون تۆ ئەوت بەهەموو درەوشانەوەی جوانیی خۆیەوە دیتووە! سیحر و

جادووی سیحرکاران چاوی تۆی خیرە نەکرد و جوانییەکانی ئەو خاتوونەی لەبەرچاو ون نەکردی؛ ژەهری ئەم سیحرە و تەلیسمە تەنیا بۆ من بوو، تەنیا منی کوێر کرد. بەو حاڵەشەوە سانکۆ، گرفتێک لێرەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە تۆ وەسفی جوانیی ئەوت ئەو جۆرەی دەبێ نەکرد و تەنانەت بە هەڵەشدا چووی؛ تۆ گوتت چاوی وەک مرواری وابوو، مرواریش زۆرتر وە چاوی ماسی دەچێ، نەک چاوی شاژنێکی جوان و ڕەعنا. ئەو جۆرەی کە من بۆی دەچم چاوی دۆلسینە بەرەنگی سەوزی زمڕووتە و کێشراوە و لەسەرەوەشی لە جێگەی برۆ پەلکەزێڕینەیەک تاقی لێداوە. وە بەڵام لەمەڕ مرواری باشترە تۆ لەسەر چاوی وەلا بەری و بۆ وێچواندنی ددانەکانی دەکاری بێنی، چون من هیچ شکم نییە تۆ ددانەکانیت دەگەڵ چاوەکانی لێ تێکچووە.» سانکۆ گوتی: «بەتەواوی ڕەنگە هەر وابێ، چون هەمان ئەندازە کە سیحر و جادوو تۆی پەرێشان کرد و ناحەزی و سەحەتگرانیی دۆلسینە حاڵی شێواندی، جوانی و جەماڵی ئەو خاتوونە منیشی گێژ کرد، بەڵام وەرە با ئێمە خۆمان بەخوا بسپێرین و تەواو، چون تەنیا ئەوە کە دەزانێ لەم هەرێمی غەم و پەژارەدا یانی لەم دنیا پڕ لە نزمی و پەستییەدا کە نشیمەنی ئێمەیە، دنیایەک کە هەموو شتێک لەودا دەگەڵ فریو، دەگەڵ فێڵ و تەڵەکەی شەیتان تێکەڵاوە، چ ڕووداوگەلێک دێنە پێش و چ دەبێ. ئاخ ئەی ئەربابی خۆشەویستم، مەتڵەبێک زۆرتر لە هەموو شت ئازارم دەدا ئەویش ئەوەیە لەمەو پاش کە تۆ دێوێکی خەتاکار یا پاڵەوانێکی ترت بەزاند و ئەمرت پێ کرد خۆی بگەیەنێتە بەر بارەگای خاتوون دۆلسینە و خۆی پێ بناسێنێ، ئەو بەدبەختە دەبێ چ بکا و چۆن ئەو کارە بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدا؟ ئەو دێوی بەخت وەرگەڕاو، یا ئەم پاڵەوانە بێچارە لە کوێ بتوانن خاتوون دۆلسینە بدۆزنەوە؟ من هەر ئێستا لەبەر چاومە کە ئەم بێ ئەنوایانە وەک گێژان و سەر لێشێواوان دەکووچە و کۆڵانی تۆبۆزۆدا سەرگەردانن و سەریان هەڵێناوەو لە هەموو شوێنێک لە شوێن و جێگەی خاتوون دۆلسینە پرسیار دەکەن و زۆر واهەیە لە کووچەیەکدا تووشی بن، بەڵام وەک باوکی من کە دۆلسینە ناناسێ، ئەوانیش نەیناسن.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ، بەدووری نازانم کە سیحر و جادوو لەسەر ئەو پاڵەوان و دێوانەی کە من دەیانبەزێنم و بەفەرمانی من بەخزمەت خاتوون دۆلسینە دەگەن، کار نەکا و توانای ناسینی ئەو خاتوونە لە وان نەستێنێ. ئەڵبەتە بەیەک یا دوو کەس لەو حەریفانە کە ژێر دەستیان دەکەم، ئەو کارە بەتاقی دەکەینەوە و بەمجۆرە بۆمان ئاشکرا دەبێ کە ئایا ئەوان دەتوانن خاتوونی من ببینن یا نا، چون من ئەمریان پێ دەکەم، پاش ئەوەی چاویان بەخاتوون کەوت بگەڕێنەوە لای من و گوزارشتی بینراوەکانی





خۆیان بدەن.» سانکۆ گوتی: «ئەرباب، بەڕاستی کە ئەو فکرەی تۆم زۆر بەدڵە، لە ڕاستیدا بەم حیلە و بەم شێوەیە دەتوانین پەی بەم شتە بەرین کە دەمانەوێ بیزانین. ئەگەر خاتوون دۆلسینە تەنیا لەبەرچاوی تۆ گۆڕابێ و جوانی و جەماڵەکەی تەنیا لەبەرچاوی تۆ ون بووبێ، ئەم بەدبەختییە بەر لەو داوێنی تۆ دەگرێتەوە. لەم حاڵەدا هەر ئەوەندە کە خاتوون دۆلسینە زەق و زیندوو، ساغ و بێ وەی بێ، ئێمە لێرە بەخۆشیی ئەو، خۆشی ڕادەبوێرین و ئەوەندی بۆمان بکرێ بەهەر چی دەستمان کەوێ ژیان دەبەینە سەر و بەدوای کار و گۆنگەڵ و ڕووداوی خۆماندا دەچین و لە چەرخی گەردوونیش دەگەڕێین تا بەهەوای دڵی خۆی خول بدا و هەرچی دەبێ با ببێ، چون ئەوە باشترین دەرمانە بۆ هەموو دەردان.»

دۆن کیشۆت دەیویست دەجوابی سانکۆدا شتێک بڵێ، بەڵام دیتنی عارەبەیەک کە لە نەکاو لەسەر پێچی جادە پەیدا بوو، ئەوی لە قسە کردن خست. لەسەر ئەم عارەبە، کەسانێکی سەیروسەمەرە دانیشتبوون، بەجۆرێک کە لەوە سەیروسەمەرەتر نەبینداربوو، ئەوەی ئێسترەکانی لێ دەخوڕی و دەوری عارەبەوانی پێ بوو، شەیتانێکی ترسێنەر بوو. گارییەکە بەتەواوی ڕوو ئاواڵە بوو و ڕووپۆشی پارچەیی یا چەپەری لقوپۆپی بێ دای نەپۆشیبوو. یەکەم ڕوخسارێک کە هاتە بەرچاوی دۆن کیشۆت ڕوخساری عیزائیل بوو کە قیافە و هەیکەلی ئادەمیزادی هەبوو. لە تەنیشت عیزرائیلەوە فریشتەیەک دانیشتبوو کە باڵەکانی ڕەنگاوڕەنگ و بەنەخش و نیگار بوون. لە لایەکی ترەوە ئیمپراتۆرێک بوو کە وەک دەهاتە بەرچاو، تانجی زێڕینی لەسەر بوو. لەبەر پێی عیزرائیلدا خودایەک دانیشتبوو کە ناوی کۆپیدۆن Copido-n بوو. ئەو چاوەکانی بەپارچە نەبەستبوو، بەڵام تیروکەوانی پێ بوو. دوورتر لەوانەوە پاڵەوانێک دەهاتە بەرەوە کە سەرتاپا چەکدار بوو، تەنیا کڵاوی زێڕین و کڵاوخوودی بەسەرەوەنەبوو. بەڵام کڵاوێکی بەسەرەوە بوو کە بەپەڕی ڕەنگاوڕەنگ داپۆشرابوو. لە پشت سەر ئەوانەوە دیسان جەماوەرێکی تر دەهاتن کە هەیکەل و قیافەی جۆراوجۆریان هەبوو. ئەم کاروانە چون لە نەکاو زەق بوونەوە، دۆن کیشۆتی هێندێک نیگەران کرد و ترسێکی گەورەی لە دڵی سانکۆدا پێکهێنا. بەڵام دۆن کیشۆت زۆر زوو هاتەوە سەرخۆ و بەو خەیاڵە کە چارەنووس بەزم و مەعرەکەیەکی تازەی بۆ هێناوەتە پێش، کەیف ساز و خۆشحاڵ بوو. دۆن کیشۆت بەو خەیاڵەوە و بەهێزی دلاوەری و ئازایەتییەکی کە ئەوی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە دەگەڵ هەر مەترسییەک هان دەدا، ڕۆیشتە سەر ڕێگەی عارەبەکە و بەدەنگی بڵند کە تەژی لە هەڕەشە بوو، هاواری کرد کە ئەی عارەبەوان، ئەی کالیسکەچی، ئەی شەیتان، ئەی نازانم کێ و چی! زوو پێم بڵێ کێی و بۆ کوێ دەچی و ئەو

کەسانەی دە عارەبەکەتدا جێ کردوونەوە، کێن؟ عارەبەیەک کە زۆرتر وە لۆتکەی کارۆن[٣٥١] دەچێ تا عارەبەی ئاسایی؟» شەیتان عارەبەکەی ڕاگرت و بەزبانێکی نەرم و شیرین گوتی: «ئەرباب ئێمە کایەر (ئەکتەر)ی شانۆ کۆمێدییەکان و لە دەستەی ئانگۆلۆی[٣٥٢] خراپەکارین. ئەمڕۆ بەیانی کە ڕۆژی جێژنی پێنجەمینە[٣٥٣] لە گوندێکی پشت ئەو تەپکە شانۆگەری یا تازیەباریی ئەنجومەنی عیزرائیل[٣٥٤]مان بەڕێوە برد و هەر ئەو شانۆیەش دەبێ لە گوندی بەرامبەرمان کایە بکەین و چون ڕێگەکەمان نزیکە، لەبەرئەوە زەحمەتی لیباس گۆڕین مان بەخۆمان نەدا و هەر بەجلوبەرگی شانۆگەرییەوە هاتووین. ئەو لاوە دەوری عیزرائیل دەگێڕێ و ئەم یەکە دەوری یەکێک لە فریشتەکان، ئەم خاتوونە کە خێزانی بەڕێوەبەری شانۆکەیە جلوبەرگی شاژنی پۆشیوە و هۆ ئەو پیاوەش جلوبەرگی سەربازی دەبەر کردووە؛ ئەمەیان جلوبەرگی ئیمپراتۆری لەبەر دایە و منیش چووم دە بەرگی شەیتانەوە! من یەکێک لە کەسە گرینگەکانی ئەم شانۆ مەزهەبییەم، چون دەورە سەرەکییەکانم وەستۆ گرتووە. ئەگەر بەڕێزتان دەتانەوێ دیسان شتێک لەمەڕ ئێمە بزانن، فەرموو بپرسە تا وەڵامت بدەمەوە، چون من شەیتانم و هیچ شتێک لە من ناشاردرێتەوە و لە هەموو شت ئاگەدارم.» دۆن کیشۆت گوتی: «قەسەم بەئیمانی پاکی پاڵەوانانی سەرگەردان کە من کاتێک ئەم ئارەبەم چاو پێ کەوت پێم وابوو دەگەڵ ڕووداوێکی گەورە ڕووبەڕوو بوومەتەوە، بەڵام ئێستا دەڵێم کە مرۆڤ نابێ فریوی ڕواڵەت بخوا و دەبێ هەموو شت بەدەستە کوتە تاقی بکاتەوە تا لە هەڵە ڕزگاری بێ. ئێستا ئەی برایانی پاک سروشت، فەرموون خواتان لەگەڵ، بڕۆن خەریکی شانۆی مەزهەبیی خۆتان بن و تێ فکرن بزانن

٣٥١– Charon کەشتیوانی دۆزەخ کە مردووان سواری لۆتکەی خۆی دەکا و لە رووباری ستیکس کە بە جەهەندەمدا تێ دەپەڕێ لە بەرانبەر «ئۆپۆل » ێک دا کە پوولێکی زۆر کەمە دەپەڕێنێتەوە. (مێتۆلۆژی یۆنان)

٣٥٢– ئانگۆلۆی خراپکار Angulo Le mauvais بەڕێوەبەڕی دەستەی شانۆگەریی ئاینی کە ناوی راستینی ئەو ئاندرێس ئانگۆلۆ بوو. سێروانتێس لە یەکی تریش لە ئاسەواری خۆیدا باسی کردووە (مۆریس باردۆن)

٣٥٣– جەژنی خەمیس Fete - Dieu یەکێک لە جێژنەکانی مەسیحییانە کە ساڵی ١٠٦٤ بە ئەمری پاپ داندرا و رێورەسمەکەی رۆژی شەممە هەشت رۆژ پاش جێژنی مەزهەبی پانتەکۆت Pente-cote بەڕێوە دەچێ.

٣٥٤– تازیەباری یا شانۆگەرییەک بوو بە ناوی Cortes de lamar کە لە حەوتووی یەکەمی جێژنی پێجەمیندا نیشان دەدرا و لۆپ دۆلسینە وێگاش شانۆ نامەیەکی بەو ناوە هەیە.





ئەگەر بوونی من بەجۆرێک لە جۆرەکان بەکەڵکی ئێوە دێ، بفەرموون تا بەگیان و دڵ خزمەتتان بکەم، چون من هەر لە منالییەوە عاشقی جلوبەرگ و نیقاب و کڵاوی کایەرانی شانۆ بووم و هەم و لە ڕۆژانی لاوەتیمدا بەشداری کردن لە نێو دەستەی کۆمێدییەکاندا یەکێک لە هەوەسەکانم بوو.»

لە کاتێکدا کە ئەم دووانە سەرگەرمی ئەم وتووێژە بوون، تەقدیر وای ویست کە یەکێک لە کایەرانی ئەندامی دەستە، کە لە کاروان بەجێ مابوو، بگاتێ و دەگەڵ یاران بکەوێ. ئەمەیان جلوبەرگی دێوانە یا دەڵقەکی[*] دەرباری دەبەردابوو و چەند زەنگوڵەشی بەخۆیەوە هەڵواسی بوو، سێ پزدانی[*] باکراویش کە بەدارێکەوە بەسترابوون دەگەڵ خۆی هێنابوو. کاتێک ئەم لاساکەرەوە گەیشتە لای دۆن کیشۆت، بەداردەستەکەی خۆی دەستی کرد بەشمشێربازی و پزدانەکەی بەزەوی دادا و لە ڕاست و چەپەوە دەستی کرد بەهەڵبەزدابەز و زەنگوڵەکانی وەدەنگ هێنا. ئەم سەر و گوێلاکە سەیروسەمەرەیە وەهای ڕۆسی نانت ترساند کە جڵەوی لە دەست دۆن کیشۆت هێنایە دەر و بەهەشتاوێک کە لەو جەستە تێکقووپاوە چاوەڕوان نەدەکرا، بەتەرەختەتەن بەرەو سەحرا هەڵات. سانکۆ کە سەرنجی بۆ ئەو مەترسییە ڕاکێشرابوو و دەیزانی کە لەوانەیە ئەرباب بەعەرزیدا بکەوێ و جێگەیەکی بشکێ بەپەلە لە کەرەکە دابەزی و بەهەڵاتن ڕۆیشت کە یارمەتیی ئەرباب بدا. کاتێک گەیشتێ کە دۆن کیشۆت بەعەرزدا کەوتبوو و لە تەنیشت ئەو ڕۆسی نانت کە ماوەیەک خاوەنەکەی بەسەر زەویدا ڕاکێشابوو، ڕەق ڕاوەستابوو. ئەم دیمەنە کۆتایی کار و دوایین بەرهەمی جووڵە و جۆش و خرۆشی ئازایەتیی ڕۆسی نانت بوو. لەو لاشەوە کاتێک سانکۆ کەری خۆی بەجێ هێشت تا بڕوا بەدادی ئەرباب بگا، شەیتانی پزداندار بەیەک خۆهەڵاویشتن سواری کەرەکە بوو، ئەوجار بەپزادنەکانی دەستی کرد بەئازاردانی کەرەکە. بەڵام کەرەکە زۆرتر لەوەی کە ئازار ببینێ ترس و وەحشەت دەستی پێ دا، قوشقی بوو، دەرپەڕی و بەتەقڵەکوت بەرەو ئەو گوندە کە قەرار بوو شانۆکەی تێدا بەڕێوە بچێ دەخۆی نووسا و بەجووتە لێدان و زەڕەزەڕ هەڵات و شەیتانی دەلقەک هەروا لەسەر پشتی سوار بوو؛ سانکۆ هەم هەڵاتنی گوێدرێژەکەی دەدیت و هەم کەوتنی ئەرباب و نەیدەزانی دەپێشدا دەفریای کامیان بکەوێ؛ بەڵام چون مەیتەرێکی بەوەفا و ڕاستگۆ و خزمەتکارێکی گیان لەسەر دەست بوو، خۆشەویستیی ئەرباب لە دڵیدا بەسەر خۆشەویستیی گوێدرێژەکەیدا زاڵ بوو، بەو حاڵەشەوە هەر جارێ چوونە سەر و هاتنە خوارێ پزدانەکانی لەسەر کەفەڵی کەرەکەی دەدیت، وەها نارەحەت دەبوو کە دەتگوت پەلەقاژەی مردن دەستی پێ داوە؛ پێی

خۆش بوو کە ئەو زەبرانەی وە پاشی کەرەکەی دەکەوێ وە گلێنەی چاوی خۆی کەوتبایە. سانکۆ لەو حاڵەتی شک و گومان و دوودڵییەدا گەیشتە ئەو شوێنەی ئەرباب لێیکەوتبوو و تێ گەیشت کە پاڵەوان سەدەمە و ئازارێکی زۆری پێ گەیشتووە لەو حاڵەدا کە یارمەتی دەدا تا سواری ڕۆسی نانتی بکاتەوە پێی گوت: «ئەرباب شەیتان وا خەریکە کەرەکەم دەبا.» دۆن کیشۆت پرسی: «کامە شەیتان؟» سانکۆ گوتی: «شەیتانی پزداندار.» دۆن کیشۆت گوتی: «قەی ناکە قەسەم بەخوا ئەگەر دەگەڵ خۆی بیباتە سەفەری هەرە خوارووی دۆزەخیش لێی دەستێنمەوە. عارەبەکە سەبر دەڕوا، تۆ وەدوای من کەوە، من لە ئێسترەکانی عارەبەزیانی تۆ قەرەبوو دەکەمەوە.» سانکۆ گوتی: «ئەرباب، ڕەنگە ئیتر پێویستی بەزەحمەتی ئێوە نەبێ؛ تکایە ئارام بگرن و تووڕەیی و غەزەبی خۆتان قووت بدەنەوە، چون وەک دیارە شەیتان کەرەکەی بەرهەڵدا کردووە و ئەویش وا خەریکە بۆ لای ئێمە دێتەوە.» سانکۆ ڕاستی دەگوت، چون شەیتان بەلاسا کردنەوەی دۆن کیشۆت خۆی لە پشت کەرەکە فڕێ دابووە سەر زەوی و پاشان هەستابووەوە و پیادە بەرەو گوندەکە دەڕۆیشت و کەریش دەگەڕاوە لای خاوەنەکەی.» دۆن کیشۆت گوتی: «بەهەرحاڵ دەبێ تۆڵەی ئەو بێشەرمییەی شەیتان لە یەکێک لە ئەندامانی ئەو دەستەیە، ئەگەر ئیمپراتۆریش بێ، بستێنمەوە.» سانکۆ گوتی: «ئەرباب ئەم خەیاڵە خاوە لەسەرت وەدەر بنێ و ئەم نسحەتەی من قبووڵ بفەرموون کە هەرگیز نابێ دەگەڵ کایەرانی کۆمێدی، شەڕ و دەمەقاڵە سازبکەی. چون ئەم تاقمانە خەڵک زۆری خۆش دەوێن و لایەنگرییان لێ دەکەن و من بەچاوی خۆم دیتوومە یەکێک لە وان بەتۆمەتی دوو پیاوکوژی گیرابوو و بێ ئەوەی فلسێک، قڕانێک خەرج بکا ئازاد کرا. ئەرباب جەنابت دەبێ بزانی کە ئەم تاقمە ئەسبابی خۆشی و سەرگەرمیی خەڵکن و هەموو پشتیوانییان دەکەن و دەگەنە فریایان و ڕێزیان بۆ دادەنێن، بەتایبەتی کاتێک لە دەستەی کایەرانی پادشایی بن و خاوەنی عینوان و ناوونیشان، ئیتر ئەودەم خەڵکەکە لە ڕووی جلوبەرگ و سەر و قیافەدا وەک شازادەیان دەنرخێنن.» دۆن کیشۆت گوتی: «هەر چی هەن با ببن، بۆ من جیاوازیی نییە. کاتێک شەیتان دەلقەکێک، مەسخەرە و ڕشقەن دەکا ئەگەر تەواوی دنیا پشتیوانیی لێ بکا ناهێڵم بەساغی لە دەستم دەربچێ.» دۆن کیشۆت پاش ئەو قسانە جڵەوی ڕۆسی نانتی بۆ لای عارەبەکە وەرگێڕا کە لەو کاتەدا وردە وردە لە گوند نزیک دەبووەوە و لە کاتێکدا دە ئەسپەکەی دەخوڕی هاواری کرد: «ڕاوەستن ئەی دەستەی لاساکەرەوە و پیس و چەپەڵ! ڕاوەستن دەمەوێ تێتان بگەیەنم چۆن دەبێ دەگەڵ گوێدرێژ یا باقیی ئەو حەیوانانەی سوارەبەری مەیتەرانی پاڵەوانانی





سەرگەردان ڕەفتار بکەن.»

هاوارەکانی دۆن کیشۆت ئەوەندە بڵند و ئاشکرا بوون کە سەرنشینەکانی عارەبەکە بیستیان و لە قسە نالەبارەکانییەوە لە مەبەستی تێ گەیشتن، لەبەرئەوە دەپێشدا عیزرائیل و پاشان ئیمپراتۆر خۆیان فڕێ دا خوار و بەدوای ئەواندا عارەبەوان و فریشتە دابەزین و تەنانەت مەلەکە و کۆپێدۆنیش کە خودای دەستەکە بوو، هاتنە خوار. ئەم دەستەیە بەردێکی زۆریان خڕ کردەوە و حاڵەتی شەڕیان بەخۆوە گرت و ئامادە بوون تا بەبەردی دەستی پێشوازی لە دۆن کیشۆت بکەن. پاڵەوان کە سەفی حەریفانی وەک فەوجێکی دلاوەر ئاوا ئامادە و ڕازاوە چاو پێ کەوت جڵەوی ڕۆسی نانتی کێشا و چوو دەفکرەوە کە بەچ شێوە و چۆن هێرشیان بۆ بەرێ، بەجۆرێک کە کەمتر سەدەمەی پێ بگا. لەو کاتەدا کە پاڵەوان فکری هێرشی دە کەللەیدا پەروەردە دەکرد، سانکۆ گەیشتە لای و گوتی: «ئەنجامی کارێکی لەم چەشنە ئەوپەڕی دێوانەییییە. ئاخر ئەربابی عەزیزم، دە بەرابەر ئەو سوڕکەبەردانەی[*] کە لە قەراغ چۆم کۆکرابنەوە، هیچ چەکێک کاریگەر نییە، هیچ چەکێکی بەرگری بۆ ئەم جۆرە شەڕە بەردە لە دنیادا نییە مەگەر ئەوەی مرۆڤ خۆی دەژێر ناقوسێکی[*] مەفرەقیدا بشارێتەوە و دەوێدا چوارمێردەکی بۆی دانیشێ. هەروەها ئەوەش بەمێشکت بسپێرە کە لە هێرشی پیاوێکی تەنیا بۆ سەر قشوونێکی ئامادە کە عیزرائیل سەرداری بێ و ئیمپراتۆران لەوێدا شمشیر لێ بدەن و فریشتەی چاک و خراپ هەموو بەشداری بکەن،بێ ئەدەبی و ڕووداری، زۆرتر لە ئازایەتی و دلاوەری دەخیلە. ئەگەر ئەم ڕوون کردنەوانە ئێوە ڕازی ناکا و بەو دەلیلانە ئارام ناگرن، لانیکەم بەو یەک دەلیلە ڕاوەستە کە دەنێو ئەم کەسانەدا کە بەرامبەر بەتۆ ڕاوەستاون، گەرچی هەموو شا و شازادە و ئیمپەڕاتوور دێنە بەرچاو، یەک نەفەریان پاڵەوانی سەرگەردان دەگەڵدا نییە.» دۆن کیشۆت گوتی: «ها سانکۆ ئەوجار قسەی حیسابیت کرد و گەیشتیتە خاڵێک کە لەوانەیە بڕیارم پێ بگۆڕێ. من هەر وەک زۆر جار بەتۆم گوتووە، ناتوانم و نابێت شمشێر بەرووی کەسانێکدا بکێشم کە نەگەیشتوونەتە پلەی پاڵەوانەتی. سانکۆ، ئەم کارە پێوەندیی بەتۆوە هەیە و تۆی دەبێ بتەوێ یا نەتەوێ تۆڵەی تەوهین بەکەرەکەت وەربگریتەوە. بەهەرحاڵ من لێرەوە بەقسەی هاندەر و ڕێنوێنییە ڕزگارکەرەکانی خۆم یارمەتیی تۆ دەدەم.» سانکۆ گوتی: «ئەرباب من تۆڵەیەکم نییە لە کەسی بستێنمەوە. بێجگە لەوەش مەسیحیی مۆمن و خاوێن و کارچاک هەرگیز بەبۆنەی ئیهانە و سووکایەتی تۆڵە ناستێنێتەوە. ئەڵبەتە ئەم تەوهینە بەکەری من کرا، نەک بەخۆم. بەڵام من کارێکی وادەکەم

کەرەکەم ئیختیاری ئەم تۆڵە کردنەوە بدا بەمن و ئیرادە و ویستی منیش ئەوەیە لەو چەند ڕۆژانەدا کە خودا لە عومری منی هێشتووەتەوە دە ئارامی و ئاشتیدا تێ پەڕێنم.» دۆن کیشۆت گوتی: «باشە ئەی سانکۆی میهرەبان، ئەی سانکۆی عاقڵ، ئەی سانکۆی مۆمن، ئێستا کە بڕیاری تۆ ئەوەیە با ئەم تاپۆیانە بەجێ بێڵین و بەدوای کار و گۆنگەڵی خۆماندا بڕۆین، چون وا وێ دەچێ لەم هەرێمەدا دەگەڵ ڕووداوی گرینگ و جۆر باجۆر ڕووبەڕوو دەبینەوە.»

دۆن کیشۆت دەسبەجێ جڵەوی ئەسپی وەرگێڕا و سانکۆش چوو بۆ لای کەرەکەی. شەیتانیش دەگەڵ هەموو ئەندامانی فەوجی خۆی دووبارە لەسەر عارەبە دانیشتەوە تا سەفەرەکەی درێژە پێ بدا. بەڵێ ئەمە بوو کۆتاییی شیرینی ڕووداوی زراو تۆقێنی عارەبەی عیزرائیل. ئەی هەزار ئافەرین بۆ سانکۆ بۆ ئەو نسحەتە جوانانەی کە بەئەربابی کرد! ڕووی ئەو دایکە سپی بێ، عەولادی ئاوای لێ دەبێ! ئەزقەزا سبەی ئەو ڕۆژە ڕووداوێکی تازەیتر کە کەمتر لە ڕووداوی عارەبەی عیزرائیل سەرنجڕاکێش نەبوو، دەگەڵ پاڵەوانێکی سەرگەردانی عاشق بۆ دۆن کیشۆت هاتە پێش. ڕووداوێک کە لە ڕوانگەی سەیروسەمەرە بوونەوە، دەستی کەمی لە ڕووداوی عارەبەنەبوو.





١٢

## لەمەڕ ڕووداوێکی سەیر کە دەگەڵ پاڵەوانی ئاوێنەکان بەسەر دۆن کیشۆتی نەبەز هات

دۆن کیشۆت و مەیتەرەکەی شەوی ئەو ڕۆژەی کە لەگەڵ عارەبەی عیزارئیل تێکهەڵەنگووتن، چوونە ناو دارستانێکی چڕوپڕ و لە ژێر دارەکاندا حەسانەوە و بەپێی ڕێنوێنیی سانکۆ لەو ئازووقەی کە لە گوێدرێژەکە بارکرابوو بڕێکی مەیل فەرموو. دەگەڵ خواردنی شام سانکۆ بەدۆن کیشۆتی گوت: «ها، ئەرباب چەندە نەفام دەبووم ئەگەر بەجێی ئەو سێ جانوو ئەسپەی سێ ماینەکەت دەسکەوت و غەنیمەتی ئەو گۆنگەڵەم قبووڵ کردبایە! ئەلحەق باشیان گوتووە کە: چۆلەکەیەک دە دەستدا چاکترە لە بازێک دە حەوادا.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ، بەڵام ئەگەر تۆ بتهێشتبایە من بەدڵخوازی خۆم هێرش بەرمە سەر ئەو دەستەیە بەشی تۆ لە دەسکەوتەکان لانی کەم تانجی زێڕینی شاژن و باڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی کۆپیدۆن دەبوو، من ئەو باڵانەم لە بنەڕەتدا هەڵدەکەند و دەمدا بەدەست تۆ.» سانکۆ گوتی: «سەیرە! تاج و عەسای ئیمپراتۆرانی شانۆگەرییە کۆمێدییەکان لە زێڕی خالیس نییە، بەڵکو لە کانزایەکی وەک زێڕ یا حەڵەبی و تەنەکە دروست دەکرێ. دۆن کیشۆت گوتی: «راستە چون بەسەرفە نییە، ئامراز و کەرەسەی کاری کایەرانی کۆمێدی لە شتی عەسڵ، ساز بکرێ، بەپێچەوانەوە دەبێ خودی کایەرەکان بەدەڵ و دەسکرد و ڕواڵەت فریو بن. بەڵام لەمەڕ کۆمێدی خۆی، دەمەوێ پێت بڵێم کە دەبێ هۆگری و عەلاقەت دەگەڵیدا هەبێت و هەروەها خۆشەویستیی خۆت بەو کەسانەی کە شانۆگەریی کۆمێدی کایە دەکەن و بەو کەسانەی کە شانۆنامەکان دەنووسن، نیشان بدەی، چون ئەوان بۆ خێر و مەسڵەحەتی کۆمەڵ کار دەکەن و لە هەر هەنگاوێکدا ئاوێنە دەدەن بەدەست ئێمە کە کار و کردەوەکانی مرۆڤ بەو جۆرەی کە هەیە لەودا دەبینین؛ هیچ پێوەرێک ناتوانێ سروشتیتر و زیندووتر لە شانۆ کۆمێدییەکان و لە کایەرانی ئەوان، بۆ ئێمەی بەجەستە(*) بکا کە چین و دەبێ چۆن بین. ڕاستی سانکۆ تا ئێستا لە هیچ شانۆیەکدا ئامادە نەبووی کە لەودا ئیمپراتۆران و کەشیشان و پادشایان و پاڵەوانان و خاتوونان و کەسایەتیی تر هاتبنە سەر سەکۆی شانۆ؟ یەک دەوری لاف ژەن(*) و یەک دەوری فریوێنەری هەیە، یەک دەبێتە بازرگان و ئەوی تر سەرباز؛ یەکێک کەرێکی عاشقە و یەکێک عاشقێکی کەر. کەربازارێکە مەپرسە! کاتێک

کایە و دەورگێڕان کۆتایی هات و کایەران جلوبەرگی شانۆگەرییان لەبەر خۆیان داماڵی، هەموو لە پشت شانۆ یەکسان و بەرامبەرن.» سانکۆ گوتی: «بەڵێ منیش شانۆی ئەوهام دیتووە.» دۆن کیشۆت گوتی: «زۆر باشە، کاری کۆمێدیی ئەم جیهانەش هەر بەمجۆرەیە یانی چەند کەسێک دەوری ئیمپراتۆریان هەیە و هێندێکیش دەبن بەکەشیش و بەهەمان بارستا کە کەسایەتیی جواروجۆر لەسەر سەکۆی شانۆ دەهاتوچۆ دان لەسەر سەکۆی شانۆگەریی ئەم جیهانەشدا دێن و دەچن.

بەڵام کاتێک گەیشتنە کۆتاییی شانۆگەرییەکە، یانی ماوەی ژیانیان تەواو بوو، دەستی ئەجەل جلوبەرگ و خشڵ و زێڕ و زیوەریان لەبەر دادەماڵێ کە مایەی جیاوازی و دژایەتییان لەسەر شانۆی ژیان بوو، ئەوجار هەموویان یەکسان و بەرابەر لە پشت شانۆ، یانی دە گۆڕدا بۆی ڕادەکشێن.»

سانکۆ گوتی: «بەهبەه، چەند جوانت بەراورد کرد! هەرچەند ئەم وێچواندنە شتێکی تازە نییە و من زۆر جارم ئەوە بیستووە، بێجگە لەوە گۆڕەپانی ژیان وە شتێکی تریش دەچوێنن، ئەویش تەختەی شەترەنجە، یانی تا کاتێک کایە درێژەی هەیە هەر مۆرەیەک دەور و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام کاتێک کایە کۆتاییی پێ هات مۆرەکان لێک دەدەن و تەکانیان دەدەن و دە کیسەیەکیان دەکەن و وەک ئەوە وایە دە قەبریان هاویشتبن.» دۆن کیشۆت گوتی: «دەبینم کە تۆ ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر لە ساویلکەیی دێیتە دەرەوە و عاقڵتر و بەهۆشتر دەبی.» سانکۆ گوتی: «ئەڵبەتە هەر وایە، چون کاتێک دەستی من دەگاتە گەنجینەی عەقڵ و زانایی جەنابت، دەبێ شتێک بەقامکەکانمەوە بنووسێ. زەوی قاقڕ و کراڵ کاتێک پەین و کوودی بدەیەی سەرەنجام بەرهەم دەدا. مەبەستم ئەوەیە کە هاودەمی بەڕێزتان دروست وەک ئەو پەینە وایە کە درابێتە مێشکی بێ حاسڵ و بێ بەرهەمی من و تێپەڕبوونی زەمان یانی ئەو ڕۆژانەی دەخزمەت تۆدا ڕام بواردووە، وەک زەرعاتێک وایە کە دەو زەوییەدا چێندرابێ. لەم حاڵەدا هیوادارم کە ئەم زەوییە حاسڵ بدا و حاسڵێکی بدا کە خێر و بەرەکەتی بۆ هەموو لایەک تێدا بێ.»

دۆن کیشۆت بەو ڕستە و دەستەواژە ئەدیبانە و زانایانەی سانکۆ، قاقا پێکەنی، بەڵام ئەوەی کە سانکۆ دەیگوت، سانکۆ پێشکەوتنی وە دەست هێناوە بەبڕوای ئەو ڕاست بوو، چون جاروبار سانکۆ وەها ژیرانە قسەی دەکرد کە دەبووە هۆی سەرسووڕماویی ئەربابەکەی. هەر چەند کاتێک دەیویست بەزبانێکی ڕازاوە و ڕەوان قسان بکا وەک خوێندکارانێک کە دەیانەوێ لە ئازموونە گرینگ و کۆتاییەکاندا بەشداری بکەن، گێژ دەبوو





و لە کۆتاییی قسەکانیدا دەگەیشتە جێیەک کە لە ترۆپکی ساویلکەییەوە دەکەوتە گێژاوی نەزانی خۆیەوە. شتێکی کە سانکۆ زۆری تێدا شارەزا بوو، وە دەئاخاوتندا خۆی پێوە ڕادەنا، هێنانەوەی پەندی کۆن و قەدیمی بوو کە لە جێی خۆیدا یا بێجێ دەیگوتن، هەروەک ئا ئێستا دیتوومانەو لەمەو پاشیش دەگەڵ ئەم داستانە تووشیان دەبین.

ئەم وتووێژانە و ئاخاوتنی لەم چەشنە، گۆنگەڵخوازانی ئێمەی تا بەشێک لە شەو تێپەڕ بوو بەخۆیەوە مەشغووڵ کرد. سەرەنجام وەختی ئەوەهات کە سانکۆ بەقەولی خۆی، پەردەکانی سەرچاوی دابداتەوە. ئەو هەرکات خەوی دەهات ئەو زاراوەی دەکار دەکرد. لەبەرئەوە کۆپانی لە پشت کەرەکەی داگرت و بەرهەڵدای کرد تا بەئازادی لەو دەڤەرە بلەوەڕێ. بەڵام سانکۆ زینی لە پشت ڕۆسی نانت دانەگرت، چون ئەرباب دەستووری پێ دابوو کە هەر کات لە سەحرادا مانەوە و نەچوونە ژێر میچی خانووبەرەیەک بەپێی دابونەریتی بەجێ ماو لە پاڵەوانانی سەرگەردانی قەدیم ئەسپی پاڵەوان دەبێ بەزین و بەرگەوە ئامادە بێ.

ئەڵبەتە لغاو لە زاری ئەسپ دەرهێنان و هەڵاوەسینی بەقەڵپووزی زینەوە ئیرادێکی نەبوو، بەڵام زین لە پشت ئەسپ داگرتن هەرگیز ڕەوا نەبوو. بەهەرحاڵ سانکۆش هەر وای کرد یانی لغاوی لە زاری ڕۆسی نانت دەرهێنا، تاکو ئەویش ئازاد بێ، وە ئەڵبەتە پێوەندیی دۆستانەی نێوان کەری سانکۆ و ڕۆسی نانت لە عالەمی خۆیدا زۆر تۆکمە و پتەو بوو. بەئەندازەیەک تۆکمە و ڕیشەدار بوو کە ئەگەر حیکایەتی کەسانێک کە سینە بەسینە لە باوکانی خۆیان بیستبوویان باوەڕ بکەین، نووسەری ئەم داستانە ڕاستینە چەند بەشی کتێبەکەی خۆی بۆ باسی تێروتەسەلی ئەم دۆستی و پێوەندییە تەرخان دەکرد، بەڵام لە پاشان بۆ ئەوەی لایەنی ڕێز و ئەدەبی بۆ ئەم مێژووە حەماسی و قارەمانییە ڕاگرتبێ، ئەو بەشانەی لە کتێبی خۆی قرتاند. دەگەڵ ئەوەشدا جاروبار نووسەری داستان بڕیاری خۆی فەرامۆش دەکا و بۆ نموونە دەنووسێ کاتێک ئەو دوو حەیوانە بێ ئازارە دەگەیشتنە لای یەکتر و دەرفەتێکیان وە دەست دێنا، بەئیشتیا یەکتریان دەخوراند و کاتێک هەر دووکیان ماندوو دەبوون و خورووی لەشیان دەشکا، ڕۆسی نانت ملی خۆی بەشکڵی خاچ داوێشتە سەر ملی کەرەکە بەحاڵەتێک کە بەئەندازەی نیو مەتر سەری لەو لاوە تێ دەپەڕی و لەو حاڵەدا هەردووکیان چاویان دەعەرزی دەبڕی و سێ ڕۆژی تەواو لە جێگەی خۆیان نەدەبزووتن، یا لانی کەم تا کەسێک کاری پێیان نەبوو، یان برسیەتی گوشاری بۆ نەدەهێنان، هەر بەو حاڵەتە دەمانەوە. نووسەری داستان، وەک دەڵێن، دۆستایەتی و

هۆگری ئەو دوانەی وەک دۆستایەتیی نێوان نیسووس[٣٥٥] و ئۆریاڵ[٣٥٦] یا دەگەڵ نێوان خۆشی و دۆستایەتیی ئۆرێست[٣٥٧] و پیلالە هەڵسەنگاندووە. ئەگەر وابێ، ئەو بەو هەڵسەنگاندنەی خۆی توانیویەتی نیشان بدا کە دۆستایەتیی ئەم دوو حەیوانە بێ ئازارە تا چ ڕادەیەک تۆکمە و گەرم بووە، تا هەم نەزەری ئافەرین و سەرسوڕمانی عالەم بۆ لای ئەم خۆشەویستی و سەفایە ڕابکێشێ و هەم هۆکار و ئەسبابی شەرم کردنی ئادەمیزادەکان کە تا ئەو ڕادەیە لە ڕاگرتن و پتەو کردنی دۆستایەتی و خۆشەویستیی خۆیان غافڵن، پێک بێنێ. بەدەبەر چاو گرتنی ئەم خاڵەیە کە دەڵێن «باڵندە لە کوێ بزانێ لقەدار بۆی دەبێتە قەفەس» یا ئەم پەندەیان داناوە کە دەڵێ«بوومە دۆستی هەر کەسێک، لێم بوو بەقەستە سەرێک»[٣٥٨]. لە لایەکیشەوە نابێ پێمان وابێ کە نووسەر بەهەڵسەنگاندنی دۆستایەتیی ئەم دوو حەیوانە، دەگەڵ دۆستایەتیی ئادەمیزادەکان لە ڕێگەی ڕاست لای داوە، چون مرۆڤەکان زۆربەی ئاگاییەکانی ژیان و زۆر شتی گرینگی تریش لە حەیوانەکان فێر بوون؛ بۆ نموونە لە حاجی لەگلەگ خاوێن کردنەوە، لە سەگ ڕشانەوە و ئەمەگناسی، لە قورینگ وشیاری و ئاگەداری، لە مێروولە تێبینیی دواڕۆژ، لە فیل شەرم و حەیا و لە ئەسپ وەفاداری و نەجیب بوون فێر بوون.

سەرەنجام سانکۆ لە بن دارێکی گەورەی چێوپەمۆ کەوت و خەوی بەسەردا هات و دۆن

٣٥٥– نیسووس: Nisus لاوێکی خەڵکی ترۆوا کە بە دوای «ئەنە» دا ڕۆیشتە ئیتالیا. دۆستایەتیی ئەم لاوە دەگەڵ دۆڕیال لە سەر زاری هەموو عالەم بوو. ویرژیل شاعیری مەشهووری ڕۆم ئەم بابەتەی لە شاکاری خۆی بە ناوی «ئەنەئید» دا هەتا هەتایی کردەوە.

٣٥٦– ئۆریاڵ Euryale یەکێک لە سێ گیانەوەری ئەفسانەییی دنیای قەدیم کە دەیانتوانی هەر کەس چاویان لێ بکا بیکەنە بەرد. بەتایبەتی «مێدووز» خوشکی گەورە زۆرترە لە «ئۆریاڵ» و «سیتنۆ» ئەم تواناییەی هەبوو .«مێدووز» هەر ئەو کەسەیە کە بە دەست پێرسە Peresee پاڵەوانی یۆنانی کوژرا.

٣٥٧– ئوریست Oreste کوڕی «ئاگامێنتۆن» پاشای «لاسەدێمۆن» کە دەگەڵ خوشکی خۆی بوونە هاودەست و دایکی خۆی بە تۆڵەی باوکی کوشت. دۆستایەتیی ئەو دەگەڵ بیلاد خوشکەمێردی خۆی، بووەتە پەند و لەسەر زارانە.

٣٥٨– ئەسڵی پەندەکە بەم جۆرەیە «لە دۆست چ دەگا بە دۆست بێجگە لە بزمارێک دەچاودا؟» خوالێخۆشبوو محەمەدی قازی بەو نیوە شێعرە فارسییە وەریگێڕاوە: «دوستی باهر کە کردم خصم مادرزاد بود» منیش ئەو پەندەم بۆ دروست کرد «بوومە دۆستی هەر کەسێک لێم بوو بە قەستەسەرێک» مەبەست لە قەستە سەر دوژمنی قەستە سەرە.(وەرگێڕ)





کیشۆت لە بن دار بەڕوویەکی کۆنساڵ تخێڵ[*] بوو. پاڵەوان هێشتا چاوەکانی لێک نەنابوو کە لە نەکاو دەنگێک لە پشت سەرییەوە ڕای چڵەکاند، دەستبەجێ ڕاست بووەوە و دەوروبەری چاو لێ کرد، بۆ ئەوەی بزانێ دەنگ لە کوێوە دێ. چاوی بەدوو سوار کەوت و کاتێک گوێی هەڵخست بیستی کە یەکێک لەوان لە زین خزییە خوار و بەوی تری گوت: «هاوڕێ پیادە بەو هەوساری بارگینەکان داماڵە، ئەم شوێنە وەک دیارە هەم لەوەڕێ خۆشی بۆ وڵاغەکان[*] هەیە و هەم بۆ فکر و خەیاڵە عاشقانەکەی من بێدەنگ و ئارامە.» هەر ئەوەی گوت و لەسەر چیمەنەکە ڕاکشا، ئەوجار نەناسراو چەکی بەرەنگاریی خۆی وە دەنگ هێنا. دۆن کیشۆت لە دەنگی چەکەکانیڕا تێ گەیشت کە نەناسراو دەبێ پاڵەوانێکی سەرگەردان بێ. لە سانکۆ نیزیک بووەوە و باسکەکانی ڕاتڵەکاند و بەزەحمەت وە خەبەری هێنا. پاشان بەسرتە بەگوێی گوت: «سانکۆ، براکەم سانکۆ، هەستە کە گۆنگەڵێکمان بۆ ساز بووە.» سانکۆ گوتی: «جعل الله بالخیر!» (خودا وەخێری گێڕێ)، بەڵام ئەرباب کوا لە کوێ؟» دۆن کیشۆت گوتی: «لە کوێ؟ سەرت وەرسووڕێنە و چاو لەو لا بکە تا ببینی کە پاڵەوانێکی سەرگەردان لەوێ ڕاکشاوە و وەک من بزانم، نابێ پیاوێکی شاد و دڵخۆش بێ، چون من خۆم دیتم لەسەر زینەوە خۆی خلیسکاندە خوارەوە و دەستبەجێ بۆی تخێڵ بوو. کاتێکیش بەعەرزدا کەوت گوێم لە دەنگی چەکەکانی بوو.» سانکۆ گوتی: «ئێوە لەبەر چی دەڵێن ئەوە ڕووداوێکە؟» دۆن کیشۆت گوتی: «من قەت ناڵێم ئەوە گۆنگەڵێکی تەواوە، بەڵام دەڵێم ئەوە سەرەتای گۆنگەڵێکە، چون هەموو گۆنگەڵەکان بەم جۆرە دەست پێ دەکەن. بەڵام سانکۆ، بێ دەنگ بە، با گوێ هەڵبخەین؛ بەبڕوای من ئەو کابرایە خەریکی کۆک کردنی ڕوباب یا چەنگە و لە گەروو ساف کردنیڕا وێ دەچێ کە خۆی بۆ ئاوازێک ئامادە دەکا.» سانکۆ گوتی: «ڕاست دەکەی و ئەم پیاوە دەبێ پاڵەوانێکی عاشق و دڵسووتاو بێ.» دۆن کیشۆت گوتی: «لە دنیادا پاڵەوانێک نییە کە عاشق نەبێ، بەهەرحاڵ گوێ بگرین و کە دەستی کرد بەخوێندن ئێمە دەتوانین لێی حاڵی بین و دەفکرەکانی بگەین، چون گوتوویانە کاتێک کاسەی دڵ لە غەم و پەژارە لێوڕێژ بوو ئەودەم زبان هاواری بەرز دەبێتەوە.» سانکۆ دەیویست لە وەڵامی ئەربابدا شتێک بڵێ، بەڵام دەنگی «پاڵەوانی مێشە» Chevalierde Boege کە نە زۆر خۆش بوو، نە زۆریش ناخۆش، ئەوی لەو کارە گێڕاوە. هەر دووکیان بەسەرنجەوە گوێیان هەڵخست و بیستیان کە کابرا ئەو غەزەلەی بەسۆزەوە دەخوێندەوە.

غەزەل

«ئەی خاتوونەکەم، ئەو ڕێگەیەی مەیل و خوازی تۆی پێدا دەڕوا، کامەیە؟ تا

منیش ویست و ئیرادەی خۆم بکەمە ڕێبواری ئەم ڕێگەیە، وەها کە بەقەدەر سەرەموویەک لێی لانەدەم.

«ئەگەر ئیرادەی تۆ ئەوەی دڵخوازە کە من بمرم و ڕازی شەهید بوونم شاراوە بێ، هەر لەم ساتەوە بەکوژراوم بزانە و ئەگەر دەتەوێ ئەم ڕازە بەبارێکی سەیروسەمەرەدا بەتۆ بڵێم، وەها دەکەم کە تەنانەت ئەوین خۆی بەلایەنگری من هەڵسێ و هاوار و فیغانم بەگوێی تۆ بگەیەنێ.

«من لە ناو کوورەی ئەزموونی دژەکاندا، هەم مۆمی نەرم و هەم ئەلماسی سەختم، وە گیانم دە بەرامبەر یاساکانی ئەویندا خۆی ڕاگرتووە.

«من دڵی خۆم، چ نەرم و چ سەخت، بەتۆ پێشکەش دەکەم، تۆش دەتەوێ بێهوودە بیتاشە یا هەرچی دڵخوازتە لەسەری هەڵکەنە، وە من سوێند دەخۆم ئەو نەخش و نیگارە بۆ هەتاهەتا هەڵبگرم.»

«پاڵەوانی مێشە» ئاوازی خۆی بەهەناسەیەکی سارد، کە دەتگوت لە قووڵاییی جەرگییەوە هاتووەتە دەر، کۆتایی پێ هێنا و ئەوجار پاش چەند ساتێک بێدەنگی بەئاهەنگێکی پڕ سۆز و دەردناک هاواری لێ هەستا و گوتی: «ئەی بێ وەفاترین و جوانترین ژنی عالەم، ئەی مەکۆی ئارامی و سەفا و خۆشەویستی، ئەی کاسیلدەی ڤاندالی Cassildee de Vandalie چۆن شتی وا دەبێ کە تۆ بەرەنج و ئەشکەنجەی من ڕازی بی و ئەم پاڵەوانە دیل و یەخسیرەی خۆت دەسەفەر و چلەکێشییە سەخت و پەیتاپەیتاکاندا و دەکارە دژوار و تاقەت بەزێنەکاندا تێک هەڵگلێنی و نابوودی کەی؟ ئایا هێشتا بەس نییە کە من ئەو هەموو پاڵەوانانەی ناوارێ Navarre و لێئۆنێر Leonere و تارتێزین Tartesien و کاستیل و ئەو هەموو دلاوەر و پاڵەوانانی مانش بەزۆر وەقسە بێنم کە تۆ جوانترین خاتوونی جیهانی؟» دۆن کیشۆت خۆی بۆ ڕانەگیرا و هاواری لێ بەرز بووەوە: «ئای، ئەو یەکەت وانەبوو چون من یەکێک لە پاڵەوانانی مانشم و هەرگیز بەعومری خۆم ددانم بەشتێکی وادا نەهێناوە. یانی من، نەمدەتوانی و نەدەبووایە ددان بەشتێک دابنێم کە دژی جوانی و دڵبەریی گراویی خۆشەویستم بێ. سانکۆ هیچ ئاگات لێ یە ئەم پاڵەوانە وڕێنەی دەکا؟ بەڵام باشتر ئەوەیە باش گوێ بگرین بەڵکو زۆرتر بزانین چ جۆرە بنیادەمێکە.» سانکۆ گوتی: «بێگومان هەر وایە چون ئەو جۆرەی ئەو دەستی پێ کردووە کاری گازندە و گلەییییەکەی مانگێک دەکێشێ.»

بەڵام وا نەکەوتەوە کە سانکۆ دەیگوت، چون «پاڵەوانی مێشە» هەر کە بیستی لە





دەوروبەری ئەوا یەکێک قسان دەکا دەستی لە ناڵە و گریان هەڵگرت و لە جێی خۆی ڕاست بووەوە و بەئاهەنگێکی بەئەدەب و مەحکەم گوتی: «کێ لێرەیە؟ ئایا لە ژماری دڵخۆشانن، یا دڵ بەخەمان؟» دۆن کیشۆت کە دیتی نەناسراو ئاوا بەئەدەب و نەزاکەت و غەمناکییەوە قسان دەکا، لێی نیزیک بووەوە و سانکۆ دەگەڵی کەوت. پاڵەوانی خەمناک باسکی دۆن کیشۆتی گرت و گوتی: «حەزرەتی پاڵەوان فەرموو دانیشە! ئەوەی کە من بەڕێزتانم بەپاڵەوان ناو برد و توانیم مەزەندە بکەم کە بێ شک دەبێ کاری پاڵەوانانی سەرگەردانتان کردبێتە پیشەی خۆتان، تەنیا لەبەرئەوەیە کە ئێوە لە شوێنێک دەبینم کە هاودەم و هاوڕێیەکەتان بێجگە لە ئارامی و تەنیایی و بێدەنگی نییە شوێنێکی وەک ئێرە مزڵگەی ئاساییی پاڵەوانانی سەرگەردانە.» دۆن کیشۆت لە وەڵامدا گوتی: «ڕاستت بوێ، من پاڵەوانێکی سەرگەردانم و کارێکیشم بێجگە لەوە نییە، هەر چەند غەم و دەرد و ڕەنج کێشان لە ڕۆحمدا هێلانەیان کردووە، بەڵام نەیانتوانیوە هەستی بەزەیی و خۆشەویستی بۆ موسیبەت و داماویی دیتران لە دڵم دەرباوێژن. لە ڕووی ئەو بابەتەی کە بەئاواز خوێندت تێ گەیشتم کە تۆ دڵداری، دەردەکەت دەردی ئەوینە، یانی لە ئەوینەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەویش ئەوینێک کە بەرامبەر بەیارێکی بێ بەڵێن و بێ وەفا هەتانە و ناوی ئەویشت دەگەڵ ناڵە و گازندەکانت بەسەر زاریدا هات.»

لەو کاتیدا کە ئەو دوو پاڵەوانە گەرمی ئەو قسانە بوون، هەردووکیان لە تەنیشت یەکتری لەسەر زەویی ڕەق دانیشتبوون، هەر دووکیان بەعەقڵ و هۆش ساغ و سلامەت بوون و ئاشتی و برایەتی دەنێوانیاندا بەرقەرار بوو، بەجۆرێک کە هیچ کەس بیری بۆ ئەوە نەدەچوو کە ڕۆژ بووەوە بەگژ یەکدا دێن و سەر و گوێلاکی یەکتر تێک دەکەنەوە. پاڵەوانی مێشە لە دۆن کیشۆتی پرسی: «جەنابی پاڵەوان، ئایا هیچ وا هەبووە کە بەهەڵکەوت عاشق بووبێ؟» دۆن کیشۆت گوتی: «بەڵێ، بەدبەختانە من عاشقم. هەر چەند غەم و پەژارەیەک کە لە ئەوینێکی خاوێن و بەجێ هەڵستێ خۆی نیعمەت و بەرەکەتە، نە غەم و پەژارە.» پاڵەوانی مێشە گوتی: «ئەوەی فەرمووت بەتەواوی دروستە و دەجێی خۆی دایە بەو مەرجەی سارد و سڕی و نامیهرەبانیی دڵبەر، عەقڵ و هۆشمان لە ناو نەبا و تووشی دێوانەییمان نەکا. دەنا لەوانەیە دەرد و پەژارەی ئەویندار بگاتە جێگەیەک کە کار بکێشێتە تۆڵە سەندنەوە.» دۆن کیشۆت گوتی: «من هەرگیز نەکەوتوومە بەر زەبری بێ بەزەییی گراویی خۆم.» سانکۆ کە لە نیزیک دۆن کیشۆت دانیشتبوو هەڵی دایە: «بەڵێ منیش هەر وا تێ دەگەم. چوون خاتوونی ئێمە دەڵێی مەڕی خودایە و لە ڕۆنی کەرەش نەرم و لەتیفترە.» پاڵەوانی مێشە پرسی: «ئایا

ئەو پیاوە مەیتەری ئێوەیە؟» دۆن کیشۆت گوتی: «بەڵێ خۆیەتی.» نەناسراو گوتی: «من بەدرێژاییی تەمەنی خۆم مەیتەری وام نەدیوە کە کاتێک ئەرباب قسان دەکا، هەڵداتە قسان و زاتی بێ، شتێک بڵێ. چاو لە مەیتەری من بکەن کە بەقەد و قەوارە لە دایک و بابی خۆی گەورەترە، بەڵام با بوێرێ لێوی ببزێوێ و ورتەی لەبەر بێ.» سانکۆ هاواری لێ بەرز بووەوە کە: «بەڵێ بەڵام من قسە دەکەم و نە تەنیا لە لای ئەرباب بەڵکو لە لای خەڵکی تریش قسان دەکەم؛ تەنانەت دەمەوێ بڵێم کە ... لا اله الا الله!... وا باشترە دەست بەردار بم، دەنا هەرچی زۆرتر چیلەی تێ وەردەم بۆگەنیوی زۆرتر بەرز دەبێتەوە.»

لەو کاتەدا مەیتەری پاڵەوانی مێشە، دەستی درێژ کرد و باسکی سانکۆی گرت و گوتی: «مامە، وەرە پێکەوە بچینە شوێنێک و دوو بەدوو بەمەیلی دڵی خۆمان قسان بکەین و ئەربابەکانمان لێیان گەڕێین، بەکەیفی دڵی خۆیان باسی دڵداری بکەن. من بەڵێنیت پێ دەدەم ڕۆژ هەڵدێ و ئەوانە هێشتا ناگەنە کۆتاییی داستانەکەیان.» سانکۆ گوتی: «زۆرم پێ خۆشە، ئامادەم و من بەجەنابتان دەڵێم کە کێم تا ببینی کە من لە نێو مەیتەرانێکدا کە تواناییی نوتق و بەیانیان هەیە، بەدوازدە کەس حیسابم یا خێر!» دوو مەیتەر بەدوای ئەو قسەدا لەو شوێنە دوور کەوتنەوە و وتووێژێکیان پێکەوە دەست پێ کرد کە بەپێچەوانەی وتووێژە وشک و ڕەسمییەکەی ئەربابەکانیان زۆر شیرین و دڵچەسپ(*) بوو.



١٣

## درێژەی داستانی پاڵەوانی مێشە و وتووێژی شیرین و دڵچەسپی دوو مەیتەرەکان پێکەوە

پاش ئەوەی ئەربابەکان و مەیتەرەکان بەم شێوەیە لێک جیا بوونەوە و هەر کام لە شوێنێک جێگربوون، مەیتەرەکان سەربردەی خۆیان بۆ یەکتری گێڕاوە و ئەربابەکانیش لەسەر قسەی ئەوین و دڵداری ڕۆیشتن؛ بەڵام ئەم مێژووە گەورەیە دەپێشدا قسەی مەیتەرەکان دەگێڕێتەوە و پاشان ئاوڕ لە ئەربابەکان دەداتەوە. بەڵێ جا، وەک لەم مێژووەدا هاتووە مەیتەرەکان کاتێک هێندێک لە ئەربابەکان دوور کەوتنەوە، مەیتەری پاڵەوانی مێشە دەپێشدا دەستی پێ کرد و بەسانکۆی گوت: «حەزرەتی ئاغا، لە ڕاستیدا ئێمە کە مەیتەریی پاڵەوانانی سەرگەردانمان کردووەتە پیشەی خۆمان، ژیانێکی سەخت و پڕ لە کوێرەوەریمان هەیە. بڕوا بکە ئەگەر خەڵک بڵێن ئێمە تووشی ئەو لەعنەتە هاتووین، کە خودا لە باوک و دایکی هەوەڵمان یانی ئادەم و حەوای کرد و ئێمە کەسانێکین کە نانەکەمان بەئارەقی نێوچاوان وەدەست دەکەوێ، درۆیان نەکردووە.» سانکۆ گوتی: «نەک هەر ئارەقەی نێوچاوان دەتوانن بڵێن بەقیمەتی سڕبوون و شەختە لێدان و سەهۆڵبەندانی لەشمان ئەم پاروونانە بەژەهری مار دەکەین، چون لەم جیهانە گەورەیەدا چ کەسێک بەقەدەر مەیتەرانی پاڵەوانانی سەرگەردان بەگەرما و سەرما دەچەوسێنەوە؟ دیسان ئەگەر نانمان خورادبایە قەیدی نەدەکرد، چون وەک پەندی مەعرووف دەڵێ، ئەوەی نانی هەبێ غەمی گیانی نابێ، بەڵام زۆر وادەبێ کە ئێمە ڕۆژێک یا تەنانەت دوو ڕۆژیش زەوادی نابڕین و بێجگە لە هەوای ئازاد شتێکمان وە دەست ناکەوێ ڕۆژووی پێ بکەینەوە.» مەیتەری پاڵەوانی مێشە گوتی: «دیسان ئەوانەی گوتت بەهیوای پاداشێک کە ئێمە چاوەڕوانی دەکەین قبووڵ دەکرێن، چون ئەگەر پاڵەوانە سەرگەردانەکەی خزمەتی دەکەین، سپڵە و ناسپاس نەبێ، زۆری پێ ناچێ دەبینە حاکمی دوڕگەیەک کە ویستی ئێمەیە، یا کۆنت نشینێکی ئابڕوومەند، بەپاداش وەردەگرین.» سانکۆ گوتی: «من لە سەرەتاوە بەئەربابی خۆم گوتووە، من بەدوڕگەیەک ڕازیم و ئەربابەکەشم ئەوەندە نەجیبەکە چەنای چەند جار بەڵێنی دوڕگەیەکی پێ داوم. مەیتەری پاڵەوانی مێشە گوتی: «وە بەڵام زەحمەت و کوێرەوەرییەکانی من بەکەشیش

نشینێک قەرەبوو دەکرێتەوە و ئەربابەکەشم ئەم کەشیش نشینەی پێ داوم.» سانکۆ بەدەنگی بڵند پرسی: «سەیرە! مەگەر ئەربابی تۆ لە پاڵەوانانی ڕۆحانییە کە ئەمجۆرە خەڵاتانە بدەن بەمەیتەری نەجیب و میهرەبانی خۆیان؟ ئەربابی من بەپێچەوانە، ڕۆحانی نییە، دەگەڵ ئەوەشدا لە بیرمە کە هێندێک لە پیاوانی زانا و هۆشمەند، هەر چەند بەبڕوای من نییەتیان پاک نەبوو، دەیانویست پێشنیازی پێ بکەن، ببێتە ئۆسقۆف. بەختەوەرانە ئەو نەیویست بێجگە لە ئیمپراتۆر ببێتە شتێکی تر. وە من چون دەخۆم ڕانەدەدی کە لە ڕێگەی کلیساوە داهاتێک بۆ خۆم دابین بکەم، لە ترسان حەجمینم نەبوو کە نەکا ئەرباب هەوەسی کلیسا لە کەللەی بدا و دەستە شکاو بم. بەهەرحاڵ پێویستە بەڕێزتان شتێک بزانن کە من هەر چەند بەرواڵەت مرۆڤم، بەڵام لە واری چوونە ناو کلیساوە حەیوانم.» مەیتەری پاڵەوانی مێشە گوتی: «دەگەڵ ئەوانەشدا ڕاستی ئەوەیە کە جەنابتان بەهەڵە چووی، چون دەسەڵاتداریی دوڕگەکان هەموویان نان و ئاویان لێ هەڵناوەرێ. هێندێک لەو دەسەڵاتدارییانە دەگەڵ نەداری و دەستەنگی تێکەڵاون و هێندێکیان تێکەڵاوی غەم و پەژارە و مالیخولیان؛ هێندیکیان بەتەواوی بەرهەمی پێچەوانەیان لێ دەکەوێتەوە و ئەوانەش کە بناغەیەکی پتەوتر و جەلال و شکۆیەکی زۆرتریان هەیە بارێکی قورسی غەم و پەژارە و زەحمەت و کوێرەوەرییان بەدواوە هەیە و ئەم بارەش دەکەوێتە سەر شانی ئەو چارەڕەشە بێ ئەنوایە کە قورعەی دەسەڵاتداری بەناوی ئەو لێ دەدرێ. سوێند بەڕاستی، ئەگەر ئێمە کە ئەو شوغڵە لەعنەتییەی مەیتەریمان ڕەچاو کردووە گەڕابایەنەوە گوندەکەی خۆمان و سووکەڵە کارێکی وەک ڕاو، یا ماسی گرتنمان هەبووایە، هەزار جار لێرە چاتر بوو؛ ئاخر من لە تۆ دەپرسم کامە مەیتەر لە دنیادادەتوانی بدۆزییەوە کە هەرچەندیش فەقیر و نەدار بێ، بارگینێکی مردەلۆخە و جووتێکی سەگی ڕاوێ و قولاپێکی ماسی گرتنی نەبێ کە لە گوندەکەی خۆیدا سەرگەرم بێ؟» سانکۆ گوتی: «من ئەوانەی گوتت هەموویانم هەیە، گەرچی ڕاستە کە بارگینم نییە، بەڵام کەرێکم هەیە کە دوو ئەسپی وەک ئەوەی ئەربابەکەم سواری دەبێ دێنێ و حازر نیم دەگەڵێ بگۆڕمەوە، ئەگەر چوار تەغاریشم[*] جۆ لەسەر بداتەوە! جەنابت ئەگەر بتەوێ لە قیمەتی کەرەبۆزی من بپرسی، لەوانەیە پێم پێ بکەنی و ئەوەی کە دەڵێم کەرەبۆز لەبەرئەوەیە کە ڕەنگی کەرەکەم بۆزە. بەڵام لەمەڕ سەگی ڕاوێ، لە گوندەکەی ئێمە چ زۆرە سەگی ڕاو. بەتایبەتی کە ڕاو کردن بەتاڕیی خەڵکی زۆر خۆشترە.» مەیتەری پاڵەوانی مێشە گوتی: «جەنابی ئاغای مەیتەر، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من لێ بڕاوم ئەم پاڵەوانە سەرگەردانانە دەگەڵ ئازایەتی و هونەرنوێنییە نەفامانەکانی خۆیان





بەجێ بێڵم و بگەڕێمەوە گوندەکەم و سەرپەرستی و پێڕاگەیشتنی زارۆکە گچکەکانم وە عۆدە بگرم، چون سێ منداڵی سەروپێچکەم هەیە کە لە مرواریی ڕۆژهەڵات جوانترن.» سانکۆ گوتی: «من دوو منداڵم هەیە کە دەتوانم بەپاپیان پێشکەش بکەم. لەوانە کچێکم هەیە کە دەمەوێ بەپێچەوانەی ویستی دایکە سەهەندەکە[*]ی وای بار بێنم کە لە داهاتوودا بەهیوای خودا ببێتە کۆنتێسی نموونە. «مەیتەری پاڵەوانی مێشە پرسی: »تەمەنی ئەو کیژە کە دەتەوێ بیکەیە کۆنتێس چەند دەبێ؟» سانکۆ گوتی: «پازدە ساڵ دوو مانگ زیاتر یا کەمتر، بەڵام ماشەڵڵا قەدی بەقەدەر داری چنارو دەم و چاوی بەجوانی و تەڕاوەتی بەیانیانی مانگی گوڵانە و دە هێز و تاقەتدا حەمباڵێکی تەواوە.» مەیتەری پاڵەوانی مێشە گوتی: «لەعنەت لە شەیتان، ئەو سفەتانەی تۆ لەودا باست کرد بۆ ئەوە دەبێ کە ئەو نە تەنیا کۆنتێس بەڵکو ببێتە پەریزادەی جەنگەڵی «مێشە شین». ئاخ ئەو دایک قەحبەجندەیە دەبێ بەڕاستی چ سینگ و مەمک و قەدوباڵایەکی هەبێ!» سانکۆ کە هێندێک دڵی ئێشابوو گوتی: «شان و هەیکەلی جوانە، بەڵام نە دایکی قەحبەبووە و نە خۆی جندەیە و نە، تا ڕۆژێک من ماوم و خودا بیەوێ هیچ کامیان دەبنە قەحبە. تکا دەکەم جەنابت هێندێک بەئەدەبتر بەو ئاگات لە قسەکانت بێ، چون بەڕای من کەسێک کە دەگەڵ پاڵەوانانی سەرگەردان ژیابێ و ئێرە و ئەوێی کردبێ، دەزانێ کە پاڵەوانەکان چەندە بەئەدەبن، ئەم جۆرە قسانە نابێ بکا.» مەیتەری پاڵەوانی مێشە گوتی: «وا دەردەکەوێ جەنابت هیچ ئاگەداری داب و ڕەسمی پەسندان و پێهەڵاگوتن نیت. مەگەر نازانی کاتێک لە مەیدانی گابازیدا پاڵەوانێک زەبرێکی کاری لە گا دەدا و یا کەسێک کارێک زۆر بەجوانی ئەنجام دەدا خەڵک بەشێوەیەکی ئاسایی دەڵێن: » ئاخ قەحبە دایکە چ زەبرێکی وەشاند، یا چ جوانی ئەنجام دا!» وە ئەم واژەگەلە بەڕواڵەت قسەی سووک و جنێون، لە ڕاستیدا پێهەڵاگوتنن. کەوابوو ئەی حەزرەتی ئاغا ئەگەر ئەولادەکانی تۆ نەتوانن کارەکانیان وا ئەنجام بدەن کە شایانی پەسندان و پێهەلاگوتن بن، بەئەولادی خۆتیان مەزانە.» سانکۆ گوتی: «ئەڵبەتە ئەگەر وابێ بەئەولادی خۆمیان نازانم و هەر بەو دەلیلەش جەنابت تا دەتوانی بەمن و منداڵەکانم و بەژنەکەم بڵێ قەحبەدایک، چون بەڕاستی هەر کارێکی دەیکەین نموونەی کەماڵ و شایانی تاریف و پەسنێکی ئەوهایە. ئاخ! من بۆ ئەوەی جارێکی تریش چاوم پێیان بکەوێتەوە، لەبەر خودا دەپاڕێمەوە کە خوداوەند لەو موسیبەتە گەورەیە ڕزگارم بکا و مەبەستم لەو موسیبەتە، شەڕە گەورەش ئەوەیە کە خودا من لەو شوغڵە پیسە، یانی مەیتەریی پاڵەوانان نەجات بدا. من بەتەمای کیسەی سەد ئەشرەفی کە لە

کێوەکانی سیرامۆنادا لە ڕۆژێکی خۆش دیتبوومەوە، دووبارە خۆم گرفتار کردەوە. شەیتانیش دەست بەردارم نابێ و دەو هاتوچۆیەدا لێرولەوێ ئەو کیسە زێڕەم دەخاتەوە بەر چاو، هەموو جارێ دەڵێی دەستم بەو کیسە زێڕانە دەکەوێ و دە باوەشیان دەگرم و دەگەڵ خۆم دەیانبەمەوە بۆ ماڵ. بەو زێڕانە ئەسبابی ماڵەکەم نوێ دەکەمەوە و کەسب و کارێک دەست پێ دەکەم و بەکورتی وەک شازادەیەک دەژیم. باوەڕ بفەرموو هەر بەو خەیاڵ پڵاوانەیە کە دەتوانم دەگەڵ ئەو ئەربابەجڵفڕ و ئاگا لە خۆنەماوە بەڕێ بچم. ئەوەش کە بەئەربابەکەم دەڵێم دێوانە و ئاگا لە خۆنەماو، حەقم پێیە چون بەڕاستی زۆرتر وەشێت دەچێ تا پاڵەوان.» مەیتەری پاڵەوانی مێشە گوتی:ئەوەی کە دەڵێن «تەماعی زۆر تێئاخنین، هەمانە دەدڕێ» هەر لێرەوە سەرچاوە دەگرێ؛ ئێستا کە باسی ئەربابەکانمان هاتە گۆڕێ، دەبێ بڵێم هیچ کەس لەو ئەربابەی من شێتتر، خودا دروستی نەکردووە، چون ئەو لە زومرەی ئەو کەسانەیە کە ئەم پەندە دەیانگرێتەوە: «غەمی جیرانان خواردن کەریش لە پێ دەردێنێ.» لە ڕاستیدا ئەربابی من بەهیوای ئەوەی کە پاڵەوانێکی دێوانە بێنێتە سەر ڕێی عەقڵ و فام، خۆیشی دێوانە بووە و بەدوای شتێکدا دەگەڕێ کە لەوانەیە ئەگەر وە دەستی کەوێ پەشیمان بێتەوە.» سانکۆ پرسی: »چۆن! مەگەر ئەربابی تۆ عاشق بووە؟» مەیتەرەکەی تر گوتی: «بەڵێ، ئاغا دڵی بەژنێک دۆڕاندووە کە خوێنڕێژترین و دڵڕەقترین ژنی ئەم جیهانەیە و ناوی «کانسیلدەدۆواندالی» یە، بەڵام نەخۆشیی ئەم خانمە تەنیا ئەوە نییە، هەزار عەیبی تریشی هەیە. لەوانەیە تا چەند سەعاتی تر بیبینین.» سانکۆ گوتی: «هەر ڕێگەیەک با زۆریش ساف و هەموار(*)بێ دیسانیش بەرد و گڵمەتی هێندێک تێدا هەیە کە ڕێبوار تێیان هەڵدەنگوێت و بەعەرزیدا دەکەوێ. ئەگەر ئاو گەیوەتە گوێزینگی دیتران، لەسەری ئێمە تێ پەڕیوە؛ بەپێی قاعیدە خەڵک زۆرتر بەقولاپی شێتییەوە هەڵاوەسراون تا بەقولاپێ عەقڵەوە. وە بەڵام ئەگەر ئەم گوتەیە ڕاست بێ کە یارانی هاودەرد غەم و پەژارەی دڵمان ئارام دەکەنەوە، من دەبێ هیوادار بم کە دەخزمەت تۆدا لە بارستی(*) خەمان ڕزگارم بێ، چون تۆش ئەربابێکت هەیە کە لە ئەربابی من کەرترە.» مەیتەری پاڵەوانی مێشە گوتی: «ڕاستە لە کەرێ کەرترە، بەڵام پیاوێکی ئازایە، بێجگە لەوەش ئەوەندە لە بنەوبڕ و حەرامزادەیە کە خراپی و ناجسنییەکەی بەسەر ئازایەتی و کەریەتییەکەیدا زاڵە.» سانکۆ گوتی: «وای! بەڵام ئەربابی من ناجسن نییە و بەپێچەوانەوە دڵێکی هەیە وەک دڵی کۆتر، ساف و بێ شیلە و پیلە. نە تەنیا ئازاری بەکەس ناگا، بەڵکو دەگەڵ هەموو کەسیش چاکە دەکا و لە سەرتاپای وجوودیدا بەقەدەر سەری دەرزی دەغەڵی





و فێلبازی نییە. پیاوێکی ئەوەندە سادەدڵ و خاوێنە کە بەنوێژی نیوەڕۆ منداڵێکی چکۆلە دەتوانێ قانیعی بکا کە شەوە. من هەر لەبەر ئەو سادە دڵییە لە گلێنەی چاوم خۆشترم دەوێ و هەر دێوانەیی و کارێکی شێتانەی لێ سەر بدا دڵم نایە بەجێی بێڵم.» مەیتەری پاڵەوانی مێشە گوتی: «برا و ئاغای من، بەو هەموو قسانەشەوە کە فەرمووت ئەگەر کوێرێک ببێتە کوێرکێشی(*) کوێرێکی تر لەوانەیە هەر دووکیان دە چاڵاو بکەون، کەوابوو وا باشترە من و تۆ وردە وردە و بەئاسپایی بین و بگەڕێینەوە ماڵی خۆمان، چون کەسێک کە بەدوای ڕووداواندا دەگەڕێ هەمیشە دەگەڵ ڕووداوی باش و بەکەڵک ڕووبەڕوو نابێتەوە.»

لە مەودای قسە کردندا سانکۆ جارجار دەکۆخی و بەڵغەمێکی وشک و چەسپەندەی فڕێ دەدا . مەیتەرەکەی تر ئەوەی چاو پێ کەوت و گوتی: «من وای تێ دەگەم هێندەمان قسە کردووە کە زبانمان بای ڕێکەوتووە و بەمەڵاشوومانەوە دەنووسێ؛ من دەرمانێکم بەقاچی زینی ئەسپەکەمەوە هەڵواسیوە کە ناهێڵێ زبان بەمەڵاشووەوە بنووسێ و تامیشی ناخۆش نییە.» مەیتەر ئەوەی گوت و یەک پێ ڕاستەوە بوو، پاش کورتە ساتێک بەمەشکەیەک شەڕابی سوور و بابۆڵەیەک نانی شیرین کە پڕ بوو لە گۆشت، گەڕاوە. بابۆڵە چ بابۆڵە، بەدرێژاییی نیو «ئۆن»(٣٥٩) و ئەڵبەتە ئەو قسە ڕاستە و هیچی لێ زیاد نەکراوە، چون ئەو بابۆڵەیان بەکەروێشکێک دروست کردبوو، کەروێشکەکەش ئەوەندە گەورە بوو کە کاتێک سانکۆ دەستی لێ دا، پێی وابوو بزنێکیان دەنێو ئاخنیوە. سانکۆ بەدیتنی ئەم نان و خوانە هاواری لێ بەرز بووەوە: «ئاخ! تۆشەی سەفەری بەڕێزتان ئەوەیە؟» مەیتەرەکەی دی گوتی: «ئەڵبەتە، ئەی چی؟ تۆ پێت وایە من مەیتەری گەڵاچەوەندەرم(٣٦٠)؟ من هەمیشە کاتی سەفەر زۆرتر لە سەردارێک کە دەچێتە مەیدانی شەڕ تۆشە و ئازووقە بەپاشکۆی ئەسپەکەمەوە هەڵدەگرم.»

سانکۆ بێ ئەوەی چاوەڕوانی تەعاروفی زۆرتر بێ دەستی کرد بەخواردن. لەو تاریکە شەوەدا بەدەرفەتی زانی و کوتە گۆشتی وای بەدزی هەڵدەگرت کە یەکەی بەقەد مستی دەستی خۆی دەبوو. دەگەڵ خواردن وەقسە هاتەوە و گوتی: «دیارە کە جەنابت مەیتەرێکی وەفادار و عەسڵ و نەسەب داری و ئاکار و خووخدەی باشت هەیە و لەو میوانداریيەتانڕا ئاشکرایە کە پیاوێکی ماقووڵ و نەجیب و جوامێری. میوانییەکەت ئەگەر لە ڕێگەی سیحر و

---

٣٥٩– ئۆن، پێوەرێکی درێژایی بە ئەندازەی ١/٨٨ سانتی مەتر بووە.

٣٦٠– گەڵاچەوەندەر لە فارسیدا یانی پیاوی بێ کەلک و بێ کارە. (وەرگێڕ)

جادوورِا بەرپا نەکرابێ بێ وێنەیە، تۆ کوا وەک منی بێ ئەنوای کلۆڵ دەچی کە دە خورجینەکەمدا کوتە پەنیرێک نەبێ، هیچی تر شک نابەم. پەنیرێکی وا رِەق و وشک کە ئەگەر لە کەللەی دێوی رِاکێشی، دەیشکێنێ؛ بێجگە لەوانەش دە دوازدە دەنکم گوێز و بادام هەیە کە دەیکەمە پێخۆر، ئەوەش هەمووی لەبەر فەقیری و نەداریی ئەربابەکەمە و بڕواشی ئەوەیە کە پاڵەوانانی سەرگەردان دەبێ تەنیا بەمیوەی وشک و بنەگیا و ساقەتە گیا بەرِێ بچن.» مەیتەری پاڵەوانی مێشە گوتی: «برا خۆ گەدەی منیان بۆ خواردن و هەزم کردنی درِکوداڵی بیابان و هەرمێ تاڵە دروست نەکردووە و ناشتوانم رِیشەی داران بخۆم. با ئەربابەکانمان لەسەر بیرورِای خۆیان بن و هەرچی بۆخۆیان پێیان باشە بیخۆن. من بۆ خواردنی خۆم هەموو کات گۆشتی سارد و مەشکەیەکی گەورەی شەرِاب وەک دیوتە بەپاش تەرکی ئەسپەکەمەوە هەڵداوەسم. ئەوەندەم ئەو مەشکە شەرِابەخۆش دەوێ کە رِۆژانە چەند جار دە باوەشی دەگرم، ماچی دەکەم و خۆمی دەسەر دەگێرِم!»

مەیتەری نەناس وێرِای ئەم قسانە مەشکەکەی دایە دەست سانکۆ و ئەویش زارکی مەشکەی بەزاری خۆیەوە ناو ماوەی چارەگە سەعاتێک سەری هەڵێنا و چاوی دە ئەستێرەکان برِی، کاتێک لە خواردنەوە تێر بوو، بێ ئیختیار سەری بەسەر شانیدا خوار کردەوە و گوتی: «ئاخ، قەحبەدایک! چ شەرِابێکی عەنتیکەیە!» مەیتەری پاڵەوانی مێشە کە ئەو پێهەڵاگوتنەی بیست گوتی: «فەرموو، بەرِێزتان کاتێک بەو شەرِابەدەفەرموون قەحبەدایک، چەندە تاریف کردن و پێداهەڵدانێکی باشە.» سانکۆ گوتی: «بەڵێ، من ئیقرار دەکەم کە ئەگەر بەقەستی تاریف و پێداهەڵدان بەکەسێک بڵێن دایک قەحبە، بەتەوهێن دانادرێ. بەڵام جەنابی ئاغا، تۆ گیانی ئەو کەسەی خۆشت دەوێ پێم بڵێ، ئایا ئەم شەرِابە سیود رِێئاڵ Ciud Real نییە؟» مەیتەری پاڵەوانی مێشە گوتی: «ئافەرین بۆ تەشخیس و چێژ و سەلیقەی تۆ! ئەم شەرِابەلەوێوە هاتووە و چەندساڵیشی بەسەردا تێ پەرِیوە.» سانکۆ گوتی: «ئەگەر گوتت من چۆنم زانی ئەو شەرِابەی تۆ بەرهەمی سێود رِێئاڵە؟ رِاوەستە با پێت بڵێم. من هۆش و تێگەیشتنێکی وەهام دە ناسینی شەرِابدا هەیە کە ئەگەر کەمێکم لەبەر کەپۆی رِابگرن، دەزانم ترێیەکەی لە کوێرِا هاتووە، لە کوێ داندراوەتەوە، چەند ساڵەیە، تامی چۆنە و رِەنگ و تایبەتمەندییەکانی چییە. ئەڵبەتە نابێ لەوەی گوتم سەرت سورِ بمێنێ، چون لە بنەماڵەی من لە لای باوکمەوە دوو کەسیان پسپۆرِی شەرِاب بوون کە وڵاتی مانش دەو ساڵانەدا هەرگیز دوو پسپۆرِی شەرِابی ئاوای بەخۆیەوە نەدیتووە؛ وە بۆ ئەوەی قسەکانم سوور کەمەوە، ئەو داستانەی بەسەریان هاتووە





بۆ تۆی دەگێرِمەوە؛ رِۆژێک لە کووپەیەک هێندێک شەرِابیان بۆ هێناین کە بیچێژن و پاشان بیرورِای خۆیان لەسەر چاکی یا خراپیی شەرِابەکە دەربڕن. یەکیان نووکی زبانی خۆی گەیاندە شەرِابەکە و ئەوی تر بۆنی پێوە کرد. یەکەمی گوتی ئەم شەرِابەبۆنی ئاسنی لێ دێ و ئەوی تر گوتی هەم بۆنی ئاسن و هەم بۆنی پێستی بزن. خاوەن شەرِابەگوتی کە کووپەکە پاک و خاوێن بووە و زۆر بەجوانی و خاوێنی داندراوەتەوە و کەمترین شتی وێ نەکەوتووە تا بۆنی ئاسن یا پێستی بزنی لێ بێ؛ بەڵام پسپۆرِەکان جەختیان لەسەر قسەی خۆیان کردەوە و گوتیان هەر ئەوەیە کە دەڵێن. زەمانێک بەسەر ئەم رِووداوەدا تێ پەرِی و شەرِابەکە لەبەرەوە فرۆشرا و کاتێک ویستیان کووپەکە خاوێن کەنەوە هاچەرێکیان دیتەوە کە بەچەرمێکی باریکی پێستی بزن هەڵاوەسرابوو. ئێستا بزانە کەسێک کە لە تۆرەمەی ئەو پیاوە گەورانە بێ، دەتوانێ رِای خۆی دەربرِێ یا خێر.» مەیتەری نەناس گوتی: «هەر لەبەرئەوەیە دەڵێم با چی تر وەدوای ئەو رِووداوانە نەکەوین و ئێستا کە کوللێرە جۆیەکمان لە ماڵی خۆمان هەیە با دەست لە کولیچەی خەڵکی هەڵبگرین. باوەرِ بەقسەکانم بکە و با بگەرِێینەوە کەپر و کەلاوەی خۆمان، چون ئەگەر خودا مەیلی دەگەڵمان هەبێ، لەوێش یاریدەمان دەدا. سانکۆ گوتی: «من وا ناکەم. تا ئەو کاتەی ئەربابەکەم دەگاتە «ساراگووس» دە خزمەتیدا دەبم و دەگەڵ گەیشتنە ئەوێ دادەنیشین و فکرێکی بۆ دەکەینەوە.»

ئاخری ئەو دوو مەیتەرە نەجیبەئەوەندەیان گوت و ئەوەندەیان خواردەوە تا سەرەنجام خەو زبانی بەستن و تینوێتی قسەکردنی لە بیر بردنەوە، دەنا بەو زووانە دەستبەردار نەبوون. بەمجۆرە هەردووکیان مەشکەی شەرِابیان کە نیوەی زۆرتریان پێداکردبوو لە ئامێز گرت و هێشتا پارووی نیوە جووراویان لە زاریدا بوو کە خەویان لێ کەوت. ئێستا ئەوان با لەوێ بخەون و ئێمەش دەست بەرداریان بین و خەریکی گێرِانەوەی رِووداوێک دەبین کە لە نێوان پاڵەوانی مێشە و پاڵەوانی خەمگین رِوخساردا هاتە پێش.

## ١٤

## درێژەی داستانی پاڵەوانی مێشە

لە داستاندا هاتووە یەکێک لەو بابەتانەی کە لە نێوان دۆن کیشۆت و پاڵەوانی مێشەدا باسی لێ کرا ئەوە بوو کە پاڵەوانی نەناس بەدۆن کیشۆتی گوت: «جەنابی پاڵەوان، دەمەوێ عەرزت بکەم کە ئاخری چارەنووس، یا باشترە بڵێم، دڵی من هەڵبژاردنی خۆی کرد و سەراپای وجوودی منی بەئەوینی «کاسیلدە دۆ واندالی» دڵبەری بێوێنە ئاور تێ بەردا. وە من ئەگەر بەو دەڵێم بێوێنە لەبەرئەوەیە کە لە دنیادا هیچ کەس بەبەژن و بالا و جوانی تای ناکا. بەڵێ جا، ئەو دڵبەرە بێ هاوتایەی، من یانی کاسیلدە کە باسی جوانییەکەم بۆ کردووی، پاداشی نییەتی پاک و خۆشەویستیی منی ئاوا داوەتەوە کە وەک زڕدایکی هێرکوول دەگەڵ ئەوی کرد، منی وەدوای هێندێک گۆنگەڵی پڕ لە مەترسی خستووە و هەرکات ڕووداوێکم تەواو کردووە، بەڵێنی ئەوەی پێ داوم کە پاش گۆنگەڵێکی تر بەئارەزووی دڵێ خۆمم بگەیەنێ، بەڵام ئەم ڕووداوانە وەها وەک ئاڵقەی زنجیر تێک ئاڵقاون کە ژمارەیان لە حیساب بەدەرە و من نازانم کەی دەگەمە ڕووداوی ئاخری تا ئارەزووە پاک و شەڕافەتمەندانەکەم پێک بێ. کاسیلدە جارێک ئەمری پێ کردم لە مەیدانێکی دەورە دراودا دەگەڵ دایکێ پۆلازرێی شاری سیویل بەناوی «ژیراڵدا»[٣٦١] کە ژنێکی ئازا و نەبەردە و دەڵێی لەشی لە مەفرەق دروست کراوە . هەتا بڵێی بەقەوەت و پتەوە، بێ ئەوەی لە جێی خۆی چرتە بکا، زۆرتر لە تەواوی ژنانی دنیا هەوەس باز و سووکەسەر و بووقەلەموون سیفەتە[*]، شەڕ بکەم. من گەیشتمە ئەو شارە و لە شەڕدا بەزاندم و بەسەریدا سەرکەوتم و مەجبوورم کرد بێ جووڵە و بزووتنەوە لەسەر جێگەی خۆی وەمێنێ. (چون دە ماوەیەکی زۆرتر لە یەک حەوتوودا تەنیا بای شەماڵ دەهات) جارێکی تر ئەمری پێ کردم بڕۆم ڕەوەزەبەردەکانی «گیزاندۆ»[٣٦٢] کە بەشکڵی گای وەحشی داتاشراون لە

٣٦١– Giralda پەیکەرەیەکە لە مەفرەق کە بە واتەی هێندێکیان نیشانەی سەرکەوتن و بە قسەی هێندێکان نیشانەی ئیمانە و لەسەر منارەی کلیسای سیویل لە زەمانی عەرەبەکانەوە بە جێ ماوە و ئێستا وەک ئامرازی نیشاندانی هاتنی با، کەلکی لێ وەردەگرن.

٣٦٢– Guisando چوار ڕەوەزەبەردی گەورەی خارایە کە لەسەر شکڵی گا بە شێوەیەکی ناشیانە و سەرسەرەکی داتاشراون و لە گوندی گیزاندۆ لە دەڤەری ئەیالەتی ئاویلا لە نێو باغێکی ترێدا هەڵکەوتوون. (مۆریس باردۆن)





زەوی هەڵگرم و بیانکێشم و بزانم قورساییان چەندە. ئەوەش بەڕاستی کاری حەمبالانە نە پاڵەوانان. ئەوجار دەستووری پێ دام بڕۆمە ناو ئەشکەوتی «کابرا» – بەڕاستی چ شوێنێکی ترسێنەر و زراوتۆقێن بوو! – ئەمری پێ کردم لەسەر هەرچی دەو غارە قووڵ و تاریکەدا هەیە بەوردی گوزارشتی بۆ بنێرم. من بزووتنەوەی گژەبای ژیراڵدم ڕاگرت و گابەردە تاشراوەکانم کێشا و چوومە ناو غاری کابرا و هەرچی تێیدا بوو، هەموو ڕاز و نهێنییەکانی ئەو غارەم پێ ڕاگەیاند و بەو حاڵەشەوە بێ مەیلییەکەی هەروا زۆرتر دەبێ و بێروبەوێمدا دەنێرێ و بەئارەزووی خۆم ناگەم. سەرەنجام ئەمری پێ کردووم تا هەموو کەلێن و قوژبنی ئیسپانیا بگەڕێم و تەواوی پاڵەوانانی سەرگەردان کە لەم سەرزەمینەدا سەرگەرداننن، ببەزێنم و ملکەچی خۆمیان بکەم و ددانیان پێدا بێنم کە ئەو جوانترین ژنی زیندووی ئەم جیهانەیە و منیش خۆم لە تەواوی پاڵەوانانی سەرگەردان ئازاتر و عاشقترم. من بەو مەبەستە زۆرتر لە نیوەی وڵاتی ئیسپانیا گەڕاوم و ژمارەیەکی زۆری پاڵەوانانی سەرگەردان کە وێراویانە دژی ئەو ویستانە، بوێستن تێکم شکاندوون و بەزاندوومن، بەڵام فەتح و سەرکەوتنێکی کە من زۆرتر لە هەموو هونەرنوێنییەکانی خۆم شانازیی پێوە دەکەم، ئەوەیە کە پاڵەوانی دلاوەر، دۆن کیشۆتی مانشم لە شەڕێکی تەنبەتەندا بەزاندووە و ئیقرارم پێ کردووە کە کاسیلدە واندالی من لە دۆلسینە تۆبۆزۆی ئەو جوانترە. من هەر بەم یەک سەرکەوتنەم وا تێ دەگەم کە بەسەر تەواوی پاڵەوانانی عالەمدا زاڵ بووم، چون ئەم دۆن کیشۆتەی کە باسم کرد تەواوی ئەوانی تری بەزاندووە، من چون بەنۆبەی خۆم بەسەر ئەودا زاڵ بووم کەوابوو شانازی و ناوبانگ و شەڕافەتی ئەو دەبێتە ملکی من، هەر وەک شاعیر دەڵێ: «هەرچەندی باسی پاڵەوانی بەزیو لە دنیادا زۆرتر بلاو دەبێتەوە، شانازی زۆرتر بەنسیبی پاڵەوانانی سەرکەوتوو دەبێ.» بەپێی ئەو قسانەی کردم هونەرنوێنییە بێ ئەژمارەکانی دۆن کیشۆت کە ناوبانگیان زار بەزار دەگەڕێ هەمووی دەبێتە هی من و بۆ من حیساب دەکرێن.»

دۆن کیشۆت لەوە کە پاڵەوانی مێشە حیکایەتی دەکرد واقی وڕمابوو. هەزار جار ویستی قسەی پێ ببڕێ و بەدرۆی بخاتەوە. تەنانەت جارێکیش ڕستەی «تۆ درۆ دەکەی» بەسەر زاریدا هات، بەڵام دیسان خۆی ڕاگرت و لێ بڕا کە ئەوی وادار بکا خۆی ئیقرار بەدرۆکانی خۆی بکا. لەبەرئەوە زۆر بەنەرمی و دۆستانە پێی گوت: «جەنابی پاڵەوان ئەوەی کە دەفەرمووی جەنابتان بەشی زۆری پاڵەوانانی سەرگەردانی ئیسپانیا و تەنانەت دنیاشتان بەزاندووە، قسەیەکم نییە، بەڵام بەتەواوی گومانم لەوەدا هەیە کە دۆن کیشۆتی پاڵەوانی

مانشت بەزاندبێ. ڕەنگە ئەوەی کە تۆ بەناوی دۆن کیشۆت بەزاندووتە کەسێک بێ هێندێک وە ئەو بچێ، هەر چەند ئەوانەی وە ئەو بچن زۆر کەمن.» پاڵەوانی مێشە گوتی: «چۆن دەبێ درۆ بکەم، قەسەم بەو ئاسمانانە کە ئێمەیان دەئامێز گرتووە، من دەگەڵ دۆن کیشۆت خۆی بەشەڕ هاتووم و شکستم پێ داوە و وادارم کردووە کە تەسلیمم بێ. ئەو پیاوێکی بالابەرزە و ڕوخسارێکی وشک و تێکقوپاوی هەیە، ماسوولکەکانی کێشراون و ڕەنگی ڕوخساری زەردە و مووی ماش و برینجی و کەپۆی قەڵپۆز بەرانی(*) و سمێڵی ڕەش و داکەوتووە، ئەو هەموو کات بەناوی پاڵەوانی خەمگین ڕوخسار دێتە مەیدان و پیاوێکی دێهاتیشی وەک مەیتەر دەگەڵ دایە کە ناوی سانکۆپانزایە. دۆن کیشۆت سوارەبەرێکی ناوداری دەبندایە، بەناوی ڕۆسی نانت و سەرەنجام گراوییەکی هەیە کە ناوی دۆلسینە دۆ تۆبۆزۆیە و زەمانێک بە«ئاڵدۆنزا لۆرێنزۆ» دەناسرا. هەروەک گراویی من کاسیلدە دۆ وانداڵی کە ناوی سەرەتایی کاسیلدا و خەڵکی ئەندلۆسە. ئێستا ئەگەر ئەو هەموو زانیارییەی بەعەرزم گەیاندی بۆ سەلماندنی قسەکانم بەس نەبێ، ئەم شمشێرە لە نێوانماندا دەبێتە داوەر و ڕاستی قسەکانم بەهەر کەس کە نەیەوێ بڕوام پێ بکا دەسەلمێنێ.» دۆن کیشۆت گوتی: «جەنابی پاڵەوان تکایە پشووت لەسەرخۆ بێ و گوێ بدە عەرزەکانم. بزانە کە دۆن کیشۆت یەکێک لە نزیکترین و خۆشەویستترین دۆستانی منە و تەنانەت دەتوانم بڵێم کە ئەوم بەقەدەر خۆم خۆش دەوێ. ئەڵبەتە لە ڕووی ئەو نیشانییانەی دات کە هەموویان زۆر دروست و وردن ناچارم بڕوا بکەم کە تۆ دەستوپەنجەت دەگەڵ خۆی نەرم کردووە و خودی ئەوت بەزاندووە. لە لایەکی تر من ئەو ڕاستییە بەدوو چاوی خۆم دەبینم و بەدوو دەستی خۆم هەستی پێ دەکەم کە مومکین نییە حەریفی بەزیوی ئێوە دۆن کیشۆت بووبێ، مەگەر ئەوەی، چون ئەو پاڵەوانە دەنێو جادووگەراندا دوژمنی زۆری هەیە، یەکێک لە وان خۆی بەشکڵی دۆن کیشۆت دەرهێنابێ و خۆی بۆ تۆ بەزاندبێ تا نێوبانگی ئازایەتی و هونەرنوێنییەکانی ئەو لە دنیادا لە ناو بەرێ. دیسان لەمەڕ مسۆگەر کردن و سوور کردنەوەی قسەکانم دەڵێم کە ئەم جادووگەرە مەلعوونانە یانی ئەو دوژمنە بەد کردارانە دوو ڕۆژ نییە کە هەیکەل و سەر و سیمای خاتوو دۆلسینەیان گۆڕی و ئەو جوانە بێوێنەیان بەشکلی ژنە دێهاتییەکی خەپلەی سەحەتگران نیشان داوە. ڕەنگە جادووگەران دۆن کیشۆتیشیان گۆڕیبێ. بەڵام ئەگەر ئەو گشتە تۆی پێ مرزەم نابێ، ئەوەتا من دۆن کیشۆتم و ئامادەم سوارە یا پیادە یا هەر چۆنێکی تۆ بتەوێ قسەی خۆم بەزۆری شمشێر بەتۆ بسەلمێنم.» دۆن کیشۆت دەگەڵ تەواو بوونی قسەکانی وەک برووسکە ڕاپەڕی و دەستی بۆ





مشتووی شمشیر برد و چاوەڕوان ڕاوەستا بزانێ پاڵەوانی مێشە چ بڕیارێک دەدا.

پاڵەوانی مێشە بەلەحنێکی ئارام و لەسەرخۆ جوابی داوە: «ئەی جەنابی دۆن کیشۆت ئەوەی کە حیسابی پاکە لە لێپرسینەوە بێ باکە. کەسێک کە یەکەم جار توانیی لە شکڵی گۆڕاودا تۆ ببەزێنێ هیواداره کە بتوانێ دە شکڵ و هەیکەلی ڕاستینی خۆشتدا تۆ بشکێنێ و ببەزێنێ، بەڵام چون ڕەوا نییە پاڵەوانەکان هونەرنوێنیی خۆیان وەک دزان و ڕێگران لە تاریکە شەودا ئەنجام بدەن، باشتر ئەوەیە ڕاوەستین تا ڕۆژ بێتەوە و خۆرەتاو مەیدانی بەربەرەکانێ ئێمە ڕوون بکاتەوە. مەرجی شەڕ و بەرەنگاریی ئێمە ئەوە بێ کە بەزیو ملکەچ و تەسلیمی سەرکەوتوو بێ تا هەرچی دەیەوێ دەگەڵی بکا، بەو مەرجەی کە نەزاکەت و ئابڕوو ئیجازە بدا پاڵەوانی بەزیو ئەمری پاڵەوانی بەزێنەر بەجێ بێنێ.» دۆن کیشۆت گوتی: «من بەتەواوی بەو مەرجە ڕازیم و ئەم قەرارە پەسند دەکەم.»

پاش ئەم وتووێژە هەردووکیان چوونە سۆراغی مەیتەرەکانیان کە هەر دووکیان خەویان لێ کەوتبوو و پرخەیان دەهات. هەردووک پاڵەوان مەیتەرەکانیان وەخەبەر هێنا و فەرمانیان پێ دان، چون لە سەرەتای هەڵاتنی ڕۆژدا شەڕێکی خوێنینی تەنبەتەن و ترسێنەریان دە پێشدایە ئەسپەکان ئامادە بکەن. بەبیستنی ئەم هەواڵە سانکۆ دەستی کرد بەهەڵلەرزین و چون تەعریفی دلاوەری و هونەرنوێنیی پاڵەوانی مێشەی لە مەیتەرەکەی بیستبوو، زۆر لە ئەربابی خۆی نیگەران بوو. دەگەڵ ئەوەشدا هەر دووک مەیتەر، بێ ئەوەی ورتەیان لێوە بێ، بەرەو ڕەوەی ئەسپەکان چوون، وە بەڕاستی دەبێ بڵێین ڕەوە، چون بریتی بوون لە سێ ئەسپ و گوێدرێژێک کە دەپێشدا بۆنیان بەیەکترەوە کرد و پاشان دەستیان بەلەوەڕ کرد.

لە ڕێگەدا مەیتەری پاڵەوانی مێشە بەسانکۆی گوت: «برا بەپێی قاعیدە دەبێ بزانی دلاوەرانی ئەندلۆسی بەپێی ڕەسم و عادەت کاتێک ڕەوانەی شەڕێکی تەنبەتەن بوون، مەیتەرەکانیان دەست لەسەر دەست دانانێن و تەنیا لەسەر تەماشا ڕاناوەستن، من ئەوەت بۆیە عەرز دەکەم لەو ماوەیەدا کە ئەربابەکانمان بەتیر و شیر تێک بەردەبن ئێمەش دەبێ بەکێرد و چەقۆ دەستوپەنجە نەرم، بکەین.» سانکۆ گوتی: «کاکی خۆم، ڕەنگە ئەوانەی دەیڵێی لە نێو هێندێ لۆتی چەقۆدا ڕەسم بێ، بەڵام لە نێو مەیتەرانی پاڵەوانانی سەرگەرداندا شتێکی وا نییە، یا لانی کەم من هێشتا شتێکی وام لە ئەربابی خۆم کە هەموو دابونەریتی نێو پاڵەوانان دەزانێ، نەبیستووە. لە لایەکیشەوە من دەبێ نووسراوەیەکی ڕوون و بەڵگەدار ببینم کە ئەو قسەی تۆ مسۆگەر بکا، دیارە وەها نووسراوەیەکیش لە ئارادانییە و ئەگەر هەشبێ من گوێی پێ نادەم. من پووڵێک دەدەم و ئەو

شەڕ و هەرایە ناکەم. زۆر لە مەیتەرە ئاشتیخوازەکان بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوەی کە شەڕ ناکەن، شتێک دەدەن یان شتێکیان بەزۆر بەسەردا دەبڕن کە وەک بزانم لە دوو ڕەتڵ مۆم تێ ناپەڕێ. بۆیە تەنانەت ئامادەم قیمەتی ئەو شەمانە بدەم کە ئەغڵەب لە جیات مۆم (مێو) وەریدەگرن. چون لێم یەقینە ئەوە خەرجی لە کڕینی پارچە و داو دەرمان کە دەبێ بۆ سەری شکاوم پاش شەڕەکە بیکڕم کەمترە. من هەر لە ئێستاوە دەزانم سەرم دەشکێ و لە نێوەڕاستێدا شەق دەبا. بێجگە لەوەش من ئەسڵەن ناتوانم شەڕ بکەم، چونکە شمشیرم نییە و لە تەواوی تەمەنی خۆشمدا شمشیرم لە کەمەر نەبەستووە. مەیتەری پاڵەوانی مێشە گوتی من بۆ لابردنی ئەم موشکیلەیە ڕێگە چارەیەکم دۆزیوەتەوە، من دوو کیسەی کەرباسم هەیە کە بەقەدەر یەکن. هەر کاممان یەکێک لەو کیسانە هەڵدەگرین و دە سەر و گوێلاکی یەکدی بەردەبین و هەردووکمان چەکی یەکسانمان پێ دەبێ.» سانکۆ لە خۆشیان هاواری لێ بەرز بووەوە کە: «من پێشوازی لەم پێکدادانە دەکەم، چون بەمجۆرە هیچ زیانێکمان پێ ناگا و جلوبەرگەکانیشمان تۆزتەکێن دەکرێن و خاوێن دەبنەوە.» مەیتەرەکەی تر گوتی: «ئاخ، مەبەستم ئەوە نەبوو بەکیسەی بەتاڵ لێک بدەین، بۆ ئەوەی کیسەکان با نەیانبا، هەر یەکە پێنج شەش سوڕکە بەردیان تێداوێین، بەڵام دەبێ بەردەکان وەزنیان وەک یەک بێ، پاشان بەو کیسە پڕ لەبەردانە لێک دەدەین و سەر و سەکوتی یەکتری دەکوتین. بەمجۆرە برینداریش نابین.» سانکۆ گوتی: «ئاخر کوڕی چاک، گوڵە گەزیزە! تۆ هێندێک گوێ بگرە بزانە من چیت پێ دەڵێم! باوەڕ بکە ئەگەر لە جێی وردە بەرد، کلووی پەمۆ، یا پێستی خەز و سمۆرە و پارچەی ئاوریشمینی تێ بخەی بۆ ئەوەی بریندار نەبین دیسانیش مەسڵەحەت نییە ئێمە شەڕ بکەین. بەخوا قەسەم ئەگەر دە کیسەی تۆدا پیلەی ئاوریشمیشی تێدا بێ، من شەڕت دەگەڵ ناکەم. لێ گەڕێ ئەربابەکان چۆنی دڵخوازیانە شەڕی خۆیان بکەن و یەک یەکێ ببەزێنێ، بەمن و بەتۆ چی، وەرە با بخۆین و بخۆینەوە و بۆ خۆمان بژین، ئەو ڕۆژانەی تەمەنمان وەک بروسکە تێ دەپەڕن و ناگەڕێنەوە و سەرەنجام دەمرین، ئیتر چ لازم دەکا بۆخۆمان یەکتری سللار بکەینەوە و پێش کاتی خۆی میوەی عومرمان بەدەستی خۆمان لە داری ژیان بکەینەوە.» مەیتەری پاڵەوانی مێشە گوتی: «لانی کەم دەبێ نیو سەعات بەگژ یەکدا بچین.» سانکۆ گوتی: «هەر چۆنێکی حیسابی دەکەی من ئامادە نیم دەگەڵ تۆ بەشەڕ بێم، چون ئەوەندە بێ ئەدەب نیم کە دەگەڵ کەسێک شەڕ بکەم کە شەڕاب و نانی پێ داوم. جا با ئەو شەڕەش تەنیا پێهەڵپڕژانێکی کورت و بێ ئازار بێ. بێجگە لەوەش کامە شەیتان دەتوانێ بێ تووڕەیی و غەزەب و بێ ئەوەی هەستەکانی خرۆشابن





شەڕ بکا؟» مەیتەری پاڵەوانی مێشە گوتی: «بۆ ئەوەش چارەیەکەم دۆزیوەتەوە، بەمجۆرە کە من وردە وردە لە تۆ نزیک دەبمەوە و سێ چوار شەپلاغەی ئاودار دە بنان گوێت دەسرەوێنم، تۆش دەکەویتە بەرپێم. من بەو کارە هەستی تووڕەیی و قینی تۆ، هەرچەند لە خەوێکی قورسی بەقەدەر خەوی مشکی خورمادا بی، دەبزوێنم و وە خۆت دەخەم.» سانکۆ گوتی: «لە بەرامبەر ئەو پلانەدا، منیش پلانێکم هەیە کە لە هی تۆ کەمتر نییە. ئەویش ئەوەیە لەو دارە ئەستوورانە چەند دانەیەکیان ببڕم و پێش ئەوەی جەنابت بۆ وەخۆ خستنی هەستی تووڕەیی، لێم نیزیک بیتەوە، وەها بەزەبری چۆماغ تووڕەیی و غەزەبی تۆ دامرکێنم کە ئیتر تا ڕۆژی قیامەت وەخەبەر نەیەیتەوە، تا هەموو لەو دنیادا بزانن کە من کەسێک نیم کەسێک بتوانێ شەپلاغەم لێ بدا. کەوابوو هەموو دەبێ ئاگایان لە ڕەفتار و کرداری خۆیان ببێ و شەرتی عەقڵ ئەوەیە هەر کەس تووڕەییی خۆی بۆ خۆی دابمرکێنێتەوە. چون هیچ کەس بەرۆحی کەسی تر ئاشنا نییە و زۆر وا بووە چوون بۆ ڕیش، سمێڵیان لەسەر داناوە. خوای مەزن ئاشتی و تەبایی پیرۆز کردووە و لەعنەتی بۆ شەڕ ناردووە و بێجگە لەوەش لە جێگەیەک گورپە حەبس بکەن و تووڕەی بکەن و ئەویش ببێتە شێر، من کە مرۆڤم خوا دەزانێ دەبم بەچی. کەوابوو جەنابی مەیتەر لە ئێستاوە پێت دەڵێم کە هەر سەدەمە و زیانێکی لە شەڕدا بەسەرت بێ بەرپرسیارەتییەکەی بەئەستۆی خۆتە.» مەیتەرکەی تر گوتی: «زۆر باشە، خوا بکا زووتر ڕۆژ بێتەوە تا جوانتر بەرپێی خۆمان ببینین و بزانین چ دەکەین.»

لەو کاتەدا هەزار جۆر مەلی جوان و ڕەنگاوڕەنگ لە نێو لقوپۆپی داراندا دەستیان کرد بەخوێندن و چریکاندن، دەتگوت وێکرا پێشوازی ڕۆژ هاتوون کە وردە وردە خەریک بوو بەناز و غەمزە لە پشت شانشینەکانی خۆرهەڵاتەوە ڕووی خۆی نیشان بدا. سپێدەی درەوشان(*) لە نێوان پرچە زێڕینەکانی خۆیەوە مرواریيەکی ڕەوانی هەڵدەڕشت و دەتگوت ئەو ڕووەکانەش کە بەو ئاوەکییە بۆنخۆش و دڵبزوێنە تەڕ دەبوون دڵۆپەی ئەڵماسیان دەپژاند.

بەگەیشتنی سەرەتای سپێدە، دارە بییەکان شیرەیەکی سپی و شیرینیان لە خۆیان دەردەدا و دەتگوت سەرچاوەکان پێ دەکەنن و جۆگەلەکان زەمزەمەیەکی تازەیان دەست پێ کردووە و دارستانەکان شادی و گرشە و ڕووخۆشی هەڵدەڕێژن و چیمەنزارەکان فەڕشی زمڕووتی ڕەنگیی تازە ڕادەخەن.

بەڵام ڕووناکیی سپێدە ئێستا ئەوەندە نەبوو کە هەموو شت بەجوانی لێک بکرێنەوە،

یەکەم شت کە سەرنجی سانکۆی بۆ لای خۆی ڕاکێشا کەپۆ زەلامەکەی مەیتەری پاڵەوانی مێشە بوو، کەپۆی ئەوەندە گەورە و بێ قەوارە بوو کە سێبەری دەخستە سەر هەموو دەم و چاوی. وامان بۆ دەگێڕنەوە کە ئەو کەپۆیە ئەستووری و گەورەیییەکەی بەدەر لە ئەندازە بوو. لە نێوەڕاستیدا قوپاوییەکی گەورە هەبوو، سەرتاپای کوان و زیپکەی وەنەوشیی لێ ڕوابوو کە هەر یەکەی بەبارستای دەنکە توویەکی ڕەش دەبوون، بێجگە لەوەش دوو قامک زیاتر کەوتبووە ژێر دەمی خاوەنەکەی. ئەم درێژیی لووتە، ئەو ڕەنگە وەنەوشە شاتووتییە، ئەو زیپکە و خاڵە درشتانە و ئەم تێکقوپاوییە وەها خاوەنەکەی دزێو و سەحەتگران کردبوو کە سانکۆپانزا وەک منداڵێکی کە تووشی نەخۆشیی فێ گرتن بووبێ لەسەری تا بەری پێی دەستی کرد بەلەرزین و لە دڵی خۆیدا بڕیاری دا دووسەد شەپلاغەی وێ کەوێ لەوە باشترە هەست و ویستی خۆی بۆ شەڕ کردن دەگەڵ دێوزمەیەکی ئاوا لۆزندەر وەخەبەر بێنێ.

دۆن کیشۆتیش دەحەریفی خۆی هەڵڕوانی، بەڵام پاڵەوانی مێشە کڵاو خوودی خۆی لەسەر نابوو، نیقابەکەشی دادابووەوە، بەجۆرێک کە پاڵەوانی ئێمە نەیتوانی ڕوخساری ئەو ببینێ. دۆن کیشۆت تەنیا توانیی ئەوەندە بباتەوە سەریەک کە حەریفەکەی پیاوێکی خۆش ئەندامە، بەڵام بالابەرز نییە. نەناسراو لەسەر لیباسی شەڕی خۆیەوە بالاپۆشێکی پارچەیی نەرمی دەبەر دابوو کە دەتگوت تانوپۆیەکەی لە زێڕە و لەسەر ئەو پارچەشەوە وردە ئاوێنەی هیلالی شکڵ دروابوون، وە ئەم بالاپۆشە هەیبەتی تایبەتی دابوو بەپاڵەوان. لە قووچکەی کڵاوەکەشی چەند پەڕی باڵندە بەرەنگی زەرد و سوور و سەوز دەشەکانەوە. نێزەکەی کە بەدارێکەوە هەڵپەسێرا بوو، زۆر بڵند و ئەستوور و نووکەکەی بەپەیکانێکی پۆلایین کۆتایی پێ دەهات. دۆن کیشۆت بەمجۆرە بەوردی دە سەرتاپای پاڵەوان فکری و بەو ئاکامە گەیشت کە حەریف پاڵەوانێکی زۆردار و توانایە. دەگەڵ ئەوەشدا وەک سانکۆپانزا لە ترسان نەبوو بەسەهۆڵ، بەپێچەوانەوە زۆر پیاوانە و بەلەحنێکی لەسەرەخۆ بەپاڵەوانی ئاوێنەکانی گوت: «جەنابی پاڵەوان، ئەگەر شەوق و ئارەزووی دەستوپەنجە نەرم کردن دژی نەزاکەت و ئەدەبی تۆ نییە، من لە جەنابتان تکا دەکەم کە نیقابی خۆتان هێندێک لابدەن با بزانم جوانیی ڕوخسارتان دەگەڵ ڕواڵەتی ڕازاوە و بەشکۆتان یەک دەگرنەوە یا خێر.» پاڵەوانی ئاوێنە گوتی: «جەنابی پاڵەوان جەنابت چ بەسەرمدا زاڵ بی و چ من بەسەرتدا زاڵ بم، وەختی تەواوت گیردەکەوێ کە ڕوخساری من ببینی. وە ئەگەر حاڵی حازر داخوازییەکەت ڕەت دەکەمەوە لەم ڕووەوەیە کە سەرفی چەند سەعات کات بۆ لابردنی نیقاب، ئەرکی ئیقرار وەرگرتن لە شتێکی کە خۆتان باشی لێ ئاگەدارن، وەدرەنگی





دەخا و ئەوە خۆی سووکایەتییەکی گەورەیە بۆ دڵبەری بێ هاوتا، کاسیلدۆ دۆ وانداڵی.» دۆن کیشۆت گوتی: «لانی کەم لەو کاتەدا کە سواری ئەسپەکانی خۆمان دەبین، بەمن بڵێ ئایا من هەمان دۆن کیشۆتم کە تۆ بەسەریدا زاڵ بووی یا نە.» پاڵەوانی ئاوێنە گوتی: «لەم بارەوە بەئاگەداریتان دەگەیەنم کە ئەوەندە وە ئێوە دەچێ کە هەر دەڵێی سێوێکن دە نێوڕاستدا لەت کرابێ. بەڵام چون فەرمووت جادووگەران دەبنە هۆی ئازار و عەزیەتی ئێوە بەڕاشکاوی ناتوانم جەخت بکەم کە جەنابت هەمان دۆن کیشۆتەکەی کە من شکستم پێ داوە یا کەسێکی کە وەک ئەو دەچی.» دۆن کیشۆت گوتی: «ئەوانەی گوتت بۆ من بەسە کە بزانم بەهەڵەدا چووی، بەڵام بۆ ئەوەی بەتەواوی ئێوە لە بەهەڵە چوون ڕزگار بکەم، بفەرموون تا ئەسپەکان ئامادە بکەن؛ من بەیارمەتی و هێزی خودا و بەو مەرجە کە هێزی باسک و لوتف و عینایەتی دڵبەر یار و یاوەرم بن لە ماوەیەکی زۆر کورتتر لەوەی تۆ دەتویست سەرفی لادانی نیقابەکەتی بکەی، ڕووی تۆ دەبینم و بەڕێزیشتان بۆتان دەردەکەوێ کە من ئەو دۆن کیشۆتە نیم کە تۆ بەگومانی خۆت بەچۆکتدا هێناوە.»

هەردووک پاڵەوان ناگەهان قسەی خۆیان بڕی و سواری ئەسپەکانیان بوون و دۆن کیشۆت سەری ڕۆسی نانتی وەرگێڕا بۆ ئەوە مەیدان و مەودای پێویست بۆ هەڵکوتانە سەر حەریف وە دەست بێنێ. هەروەها پاڵەوانی نەناسراویش ئەوەی کرد. بەڵام هێشتا بیست هەنگاو دوور نەکەوتبووەوە کە گوێی لێ بوو پاڵەوانی ئاوێنە بەناو بانگی دەکا و کاتێک هەر دووک گەیشتنە نیوەی ڕێگە پاڵەوانی ئاوێنە بەدۆن کیشۆتی گوت: «جەنابی پاڵەوان لە بیرت بێ کە شەرتی نەبەردی ئێمە وەک لە پێشداش عەرزم کردی ئەوەیە کە بەزیو بەتەواوی دەکەوێتە ژێر دەسەڵات و فەرمانی سەرکەوتوو.» دۆن کیشۆت گوتی: «بەڵێ، بەڵام بەو مەرجەی فەرمانێک نەدرێ بەپاڵەوانی بەزیو یا کارێکی بەسەردا نەسەپێنرێ کە بەپێچەوانەی قانوون و قەرارەکانی پاڵەوانی بن.» پاڵەوان ئاوێنە گوتی: «دەگەڵتم.»

لەو کاتەدا مەیتەری لووت زل کەوتە بەر چاوی دۆن کیشۆت و ئەویش بەئەندازەی سانکۆ سەری لێ سوڕما، تا ئەو ڕادەیە کە کابرای وەک جانەوەرێکی سەیر خوڵقاو، هاتە بەر چاو، یا پێی وابوو ئەوە ئادەمیزادێکی تازە سەر هەڵداوە کە ئا ئێستا لە جیهاندا وێنەی نەبووە. سانکۆ کاتێک دیتی ئەربابەکەی دوور کەوتووەتەوە تا مەیدان بگرێ نەیویست دەگەڵ ئەو جانەوەرە کەپۆ زلە بەتەنیا بمێنێتەوە، چون دەترسا بەیەک زەبری خورتوومی، حەریف یا لە ترسان وەعەرزی بکەوێ، لەبەرئەوە بەدوای ئەرباب کە لەو کاتەدا خۆی بەرکێفی ڕۆسی نانتەوە هەلواسیبوو، هەڵات وە چون دیتی دۆن کیشوت خەریکە بەرەو حەریف

وەرچەرخێتەوە، پێی گوت: «ئەربابی خۆشەویستم تکات لێ دەکەم پێش ئەوەی ڕوو دەحەریف بکەی، یارمەتیم بدە با بەو دارە چێوپەمۆیەدا هەڵبچم. چون من لەو سەرەوە باشتر دەتوانم شەڕی پیاوانەی تۆ دەگەڵ ئەو پاڵەوانە چاو لێ بکەم. دۆن کیشۆت گوتی: «بۆ لات وایە لە کێ بەرکێی شەڕە کەڵدا بەشداریت کردووە کە دەتەوێ بچیتە سەر سەکۆ تا هەنگامەکە بێ مەترسی چاو لێ بکەی.» سانکۆ گوتی: «ئەگەر ڕاستت دەوێ لە پەڕەی لووتی ترسێنەری ئەو مەیتەرە دەترسم و ناوێرم لەسەر عەرز و لە لای ئەو ڕاوەستم.» دۆن کیشۆت گوتی: «بەراست حەقت پێ دەدەم، کەپۆی جۆرێکە کە ئەگەر منیش دۆن کیشۆت نەبوایەم لە ترسانی وەک مێژووکە[*] دەلەرزیم. بەهەرحاڵ وەرە با یارمەتیت بدەم تا بەهەر کوێ دەتەوێ هەڵبچی.»

لەو حاڵەتەدا کە دۆن کیشۆت ڕاوەستابوو، تا یارمەتیی سانکۆ بدا بە دارەکەدا سەرکەوێ، پاڵەوان ئاوێنە مەیدانی پێویستی گرتبوو، وە چون پێی وابوو دۆن کیشۆتیش هەر وای کردووە، بێ ئەوەی چاوەڕوانی دەنگی شەیپوور یا عەلامەتێکی تر بۆ حەملە ببێ لغاوی ئەسپی خۆی، کە نە چابوکتر و نە باشتر لە ڕۆسی نانت بوو، وەرگێڕاو؛ پاشان بەچوار ناڵە کە لە ڕاستیدا بەنیسبەتی ئەسپی تر زۆرتر لە یۆرغە نەبوو، بەقەستی هەڵکوتانە سەر دوژمن گەڕاوە. بەڵام کە دیتی حەریف خەریکی سەرخستنی سانکۆ لە دارەکەیە لغاوی ئەسپەکەی کێشا و لە ناوەڕاستی مەیدان ڕاوەستا و ئەسپیش لە دڵی خۆیدا سپاسی ئەم کارەی پاڵەوانی خۆی کرد، چون چی تر تاقەتی جووڵانەوەی نەبوو. لەو لاشەوە دۆن کیشۆت کە پێی وابوو دوژمن وەک برووسکە دەگاتە سەری مامزەکانی بەتوندی دە کەلەکەی ڕۆسی نانت کوتا و وەهای حەیوانی بێچارە لە جێ هەڵکەند کە ئەگەر بەقسەی مێژوو بڕوا بکەین، ڕۆسی نانت لە تەواوی تەمەنی خۆیدا یەکەم جار بوو چوار لۆقاو بەچوار ناڵە دەڕۆیشت، دەنا درەوشاوەترین هەڵاتنەکانی تا ئەو ڕۆژە بێجگە لە وێرغەیەکی سووک شتێکی تر نەبوو. دۆن کیشۆت بەو تووڕەیی و خرۆشە نائاساییەوە هێرشی بردە سەر پاڵەوانی ئاوێنە و ئەو باوەکوو مامزەکانی خۆی تا پانییە دەکەلەکەی ئەسپەکەی ڕۆکردبوو، نەیتوانی بارگینە قۆتڕەکەی لە جێی خۆی ببزێوێ. لەم بارودۆخە لەبارەدا دۆن کیشۆت حەریفی خۆی غافڵگیر کرد. چون پاڵەوانی نەناس کە بەدەست بارگینەکەیەوە گیری خواردبوو، نێزەکەشی دەستوپێی گرتبوو، ئاخری نەیتوانی ئامادەی بەربەرەکانێ بێت و تەنانەت نەیتوانی نێزەکەی بەرەو دوژمن ڕاست کاتەوە. دۆن کیشۆت کە لە نزیکەوە لە حاڵی دوژمن بێ خەبەر بوو، بەخەیاڵی ئەوەی کە حەریف ئامادەی بەرگرییە





بەئەرخەیانی[*] هاتە پێش و بێ ئەوەی تووشی مەترسییەک بێ، بەنێزە زەبرێکی لە پاڵەوان ئاوێنە ڕاکێشا و زەبرەکە وەها بەهێز و کاریگەر بوو کە حەریف لە پشت زین و لە ڕووی یاڵی ئەسپەکەیەوە شۆڕ بووەوە و کەوتە سەر زەوی. کەوتنەکە وەها قورس و ترسناک بوو کە نەناسراو دەستوپێی نەدەجووڵاوە و هەر کەس بیدیتبایە پێی وابوو جێبەجێ مردووە.

سانکۆ هەر کە چاوی بەو دیمەنە کەوت لە دارەکە هاتە خوارەوە و ڕۆیشتە لای ئەربابی خۆی. دۆن کیشۆتیش لە ئەسپەکەی دابەزی و هاتە بن سەری پاڵەوان ئاوێنە و خەریک بوو بەندی کڵاو و خوودەکەی بکاتەوە تا بزانێ مردووە یا ماوە. وە ئەگەر زیندووە، هێندێکی بخاتە بەر هەوا و با لێی بدا تا وەهۆش بێتەوە. بەڵام شتێکی سەیری چاو پێ کەوت... کێ هەیە بتوانێ بڵێ دۆن کیشۆت چیی دیت و بیسەران لەبەر حیرەت و سەر سورماوی لەسەر جێگەی خۆیان ڕەق هەڵنەهێنێ؟ بەڵێ مێژوو پێمان دەڵێ شتێکی سەیری دیت. ئەو سیما و دەم و چاو و شکڵ و قیافەی سامسۆن کاراسکۆی خوێندکاری چاو پێ کەوت! دۆن کیشۆت هەر کە چاوی بەو دیمەنە کەوت بەدەنگی بڵند سانکۆی بانگ کرد و گوتی: «هەڵێ وەرە کوڕم تا بزانی جادووگەران و ساحیران بەزمی چۆنمان بۆ دەگێڕن.» سانکۆ هاتە بەرەوە و کاتێک جەستەی کاراسکۆی خوێندکاری چاو پێ کەوت هەزار جار عەلامەتی خاچی دە هەوادا کێشا و هەزار و یرد و دوعای خوێند. لەو کاتەدا لە پاڵەوانی کەوتوودا نیشانێک لە ژیان نەدەبیندرا و سانکۆ بەئەربابی خۆی گوت: «ئەربابی خۆشەویستم لەسەر ئەم بڕوایەم کە بێ مەحتەل بوون شمشیری خۆت دەزاری ئەو پاڵەوانە، کە وە سامسۆن کاراسکۆ دەچێ، ڕۆ بکەی و گیانی بستێنی تا بەمجۆرە بەڵکو یەکێک لەو جادووگەرانەی کە دوژمنی تۆن لە ناو بچێ.» دۆن کیشۆت گوتی: «حەق بەتۆیە سانکۆ، پیاو هەرچەندی دوژمنی کەمتر بێ باشترە.» پاڵەوان شمشیری خۆی بەرز کردەوە تا نسحەتی سانکۆ دە کار بێنێ کە مەیتەری پاڵەوانی ئاوێنەکان خۆی گەیاندێ. ئەو ئیدی ئەو لووتە پیس و دزێوەی پێوە نەمابوو. مەیتەر هاواری کرد: «کورە نەکەی! جەنابی دۆن کیشۆت دەست ڕابگرە، ئەو پیاوەی لە ژێر پێت کەوتووە، دۆستەکەی خۆت سامسۆن کاراسکۆی خوێندکارە و منیش مەیتەری ئەوم.» سانکۆ کە لووتە کوولەکەکەی پێوە نەدیت، پرسی: «ئەدی کوا لووتەکەت؟» مەیتەر گوتی: «لە گیرفانم دایە.» و دەستبەجێ دەستی دە باغەڵی لای ڕاستی ڕاکرد و کەپۆیەکی دەستکردی کە لە مقەبای[*] برووقەدار ساز کرابوو و دەتگوت کەپۆیەکی ڕاستییە و تازە بڕاوە و ڕەنگ کراوە، هێنایە دەر. بەڵام سانکۆ کە زۆر بەوردی دەسەر و گوێلاکی کابرای مەیتەر ڕامابوو لە نەکاو هاواری لێ بەرز بووەوە: «یا عیسای کوڕی

مەریەم؟ خوایە ئەوە هەمان «تۆمە سێسیاڵ» Tome Cecial جیران و هاوڕێی خۆم نییە؟» مەیتەری بێ لووت گوتی: «بۆ چی، بۆچی ڕاست خۆیەتی.بەڵێ سانکۆ گیان من تۆمە سێسیاڵم و ئێستا پێت دەڵێم چۆن و بەچ فێل و پیلانێک ڕێم کەوتووەتە ئێرووکانە. بەڵام پێش هەر کارێک بەئەربابەکەت بڵێ دەست نەکاتە ئەو پاڵەوانە بریندارە و نەیکوژێ و سەقەتی نەکا و بەیەقین بزانێ کە ئەوە هەمان سامسۆن کاراسکۆی جەسوور و بێ ئیحتیات و هاوشاریی خۆمانە.»

لەو ساتەوەختەدا پاڵەوان ئاوێنە وە هۆش هاتەوە و کاتێک دۆن کیشۆت دیتی کە حەریفی بەزیو دەجووڵێتەوە نووکی شمشیری لە نێوان دوو برۆی دانا و گوتی: «ئەی پاڵەوان ئەگەر هەر ئێستا ئیقرار بەوە نەکەی کە خاتوون دۆلسینەی بێوێنە لە باری جوانی و جەماڵەوە زۆر لە سەرووی کاسیلدۆ دو وانداڵی تۆیە، دەتمرێنم. بێجگە لەوەش دەبێ بەڵێنی بدەی ئەگەر لەم شەڕ و داکەوتنە ترسناکە ڕزگاریت هات، بچیتە شاری دۆ تۆبۆزۆ لە لایەن منەوە خۆت بەدەرگای بارەگای خاتوونی من بناسێنی و تا هەرچی خواستی ئەو بێ دەگەڵت بکا. ئەگەر ئەو بەرهەڵدای کردی و دەستی لێ هەڵگرتی، پێویستە بگەڕێیتەوە لای من و بمدۆزیتەوە (وە دیارە شوێن پێی هونەرنوێنییەکانی من پێت دەڵێ من لە کوێم) وە گوزارشتم بدەیتێ کە چیتان لە نێواندا ڕابردووە. وە بزانە کە ئەم شەرت و مەرجانە بەپێی قەرارێک کە لە پێش بەرەنگاربوون دامان نا یەک برووکەش لە دابونەریتی پاڵەوانی بەدەر نییە.» پاڵەوانی بەزیو گوتی: «من ئیقرار دەکەم کە لینگە کەوشی دڕاوی خاتوون دۆلسینە دۆ تۆبۆزۆ بەسەر پرچ و ئەگریجەی شانە نەکراو، بەڵام خاوێنی کاسیلدەدا، سەرەتی هەیە. من بەڵێن دەدەم بگەمە خزمەت خاتوون دۆلسینە و پاشان بگەڕێمەوە خزمەت بەڕێزتان تا گوزارشتێکی تەواو لەوەی کە دەتانەوێ بدەمە خزمەتی ئێوە.» دۆن کیشۆت گوتی: «دەبێ بەوەش ئیقرار بکەی کە ئەو پاڵەوانەی تۆ بەزاندبووت، دۆن کیشۆتی مانش نەبووە و هەرگیز مومکین نییە ئەو بووبێ، بەڵکو کەسێک بووە کە وەک ئەو چووە، هەروەک من ئیقرار دەکەم و بەمتمانەوە دەڵێم کە تۆ هەرچەند وە کاراسکۆی خوێندکار دەچی، بەڵام ئەو نی، بەڵکو یەکێ تری کە وە ئەو دەچی و دوژمنانی جادووگەر تۆیان لەسەر شکڵی کاراسکۆی خوێندکار هێناوەتە بەرچاوم تا تووڕەیی و ڕقی من کە وەک تۆفان هەستاوە بنیشێتەوە و مودارا دەگەڵ دوژمن بکەم و لە سەرکەوتنی خۆم کەڵکی پێویست وەرنەگرم.» پاڵەوانی لە پێ کەوتوو گوتی: «من بڕوام بەهەموو فەرمایشەکانت هەیە. ئەوەی دەیفەرمووی هەمووی دە جێی خۆی دایە. بەڵام خودات دێنمە تکایە ئیزن بفەرموو با هەستمە سەر پێ، بەو شەرتەی





ئێش و ئازار لێم گەڕێن هەستمەوە، نازانی هەموو گیانم تێک هاڕاوە و ئێش و ئازارم لە ئەندازە بەدەرە.»

دۆن کیشۆت بەیارمەتیی تۆمە سێسیاڵ حەریفی بەزیوی لە زەوی هەستاندەوە سەر پێ و لە مەودای ئەم کارانەدا سانکۆ چاوی لە تۆمە سێسیاڵ هەڵنەدەگرت و پەیتاپەیتا پرسیاری لێ دەکرد و لە وەڵامەکانیڕا دەردەکەوت کە ڕاستی گوتووە و تۆمە سێسیاڵ بۆ خۆیەتی. بەڵام لە قسەکانی دۆن کیشۆتڕا کە دەیگوت جادووگەران قیافەی دوژمنیان هێناوەتە سەر شکڵی سامسۆن کاراسکۆی خوێندکار وەهای دە مێشکی چەقیبوو کە باوەکو ڕاستییەکانی بەچاوی خۆی دەدیت نەیدەتوانی باوەڕ بکا.

سەرەنجام ئەرباب و نۆکەر لە هەڵەی خۆیاندا مانەوە، لە حاڵێکدا کە پاڵەوان ئاوێنە و مەیتەرەکە بەسەر شۆڕی، ماندوو مردوو، دوور دەکەوتنەوە تا گوندێک بدۆزنەوە و لەوێ بەدەنی پاڵەوان بەرۆن دامالْن و پەراسووە شکاوەکانی بگرنەوە. بەڵام دۆن کیشۆت و سانکۆ ڕێگەی خۆیان بەرەو شاری «ساراگووس» گرتەوە بەر، شارێک کە مێژوو ئەوانی لێ بەجێ دەهێڵێ تا سەرەنجام تێ بگەن کە پاڵەوان ئاوێنە و مەیتەرەکەی بەو لووتە نیوپووتەوە کێ بوون.

١٥

## لەمەر ئەوەی، پاڵەوان ئاوێنە و مەیتەرەکەی کێ بوون

دۆن کیشۆت بەکەیف و دەماغ دەرۆیشت وشانازی بەخۆی دەکرد کە بەسەر پاڵەوانێکی وەها پڕزۆر و بەئەزموون یانی پاڵەوانی ئاوێنەدا زاڵ بووە و ئەم هیوایە لە دڵیدا چرۆی[*] کردبوو کە لە ڕێگەی ئەم پاڵەوانە و بەڵێنەکانییەوە هەر بەو زووانە ئاگەدار دەبێتەوە کە ئایا دڵبەری نازەنین خاتوون دۆلسینە هەروا دەتەلیسمی جادووگەراندا ماوەتەوە یا ڕزگاری هاتووە. هەروەها خاترجەمیش بوو کە پاڵەوان ئاوێنە لە ترسی ئەوەی نەکا بەپاڵەوان نەناسرێ، جارێکی تریش دەگەڕێتەوە لای و لەو شتانەی کە دەنێوان خاتوون دۆلسینە و ئەودا ڕابردووە هەواڵی تەواوی بۆ دێنێ. بەڵێ دۆن کیشۆت دە فکری شتێکی ئاوادا بوو،کەچی پاڵەوان ئاوێنە هەوایەکی[*] تری دە مێشکی خۆیدا دێنا و دەبرد؛ یانی لەو ساتەوەختەدا پاڵەوان ئاوێنە وەک گوتمان، بێجگە لەوە کە شوێنێک بدۆزێتەوە و برینەکانی تێدا دەرمان بکا، هیچ فکرێکی تری نەبوو. بەڵێ جا، مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کە ئەگەر سامسۆن کاراسکۆی خوێندکار بەدۆن کیشۆتی گوت کە لە دەرفەتێکی باشدا وەدوای کاری پاڵەوانەتی خۆی بکەوێ، هۆیەکەی بەرهەمی دانیشتنێکی ڕاوێژکاری بوو کە دەلاک و کەشیش و ئەو پێکیان هێنابوو و لەم وارەدا وتووێژیان کردبوو کە بەشێوازێک دەتوانن دۆن کیشۆت وادار بکەن تا ئەهوەن و ئارام لە ماڵی خۆیدا بمێنێتەوە و چی تر وەدوای گۆنگەڵ و ڕووداوی دڵتەزێن و پەژارەهێن نەکەوێتەوە. بەرهەمی ئەم ڕاوێژکاری و مشوورخۆرییە لەسەر بنەمای پێشنیاری سامسۆن کاراسکۆ و پەسەند کردنی هەموو ئەندامانی شووڕا ئەوە بوو کە چون بەند کردنی دۆن کیشۆت لە ماڵدا کارێکی نامومکینە و بەکەس پێشی پێ ناگیرێ، باشتر ئەوەیە لێ گەڕێن پاڵەوان سەری خۆی هەڵگرێ و بڕوا. بەڵام سامسۆنیش دەجلوبەرگی پاڵەوانیدا دوا بەدوای ئەو بکەوێتە ڕێ و سەرەڕێی پێ بگرێ و بەبیانوویەک کە هێنانەوەی زۆر ئەستەم نییە شەڕی پێ بفرۆشێ، لە هەمان کاتدا پێش پێک دادان قەراری دەگەڵ بکا کە بەزیو دەبێ دەبەر دەستی بەزێنەردا بێ، پاشان بەسەریدا زاڵ بێ، لاشیان وابوو ئەو کارە زۆر بەئاسانی ئەنجام دەدرێ. سەرەنجام پاش بەزاندنی دۆن کیشۆت خوێندکاری پاڵەوان فەرمانی پێ بدا کە بگەڕێتەوە گوندەکەی خۆی و تا دەرکردنی فەرمانێکی دووبارە لە ماڵی خۆی دەرنەکەوێ. ئەم خاڵە ڕوون و ئاشکرا بوو کە دۆن





کیشۆت ئەگەر بەزیبا و ژێر کەوتبا مەرجەکانی ئەنجام دەدا، چون ئیمان و بڕوای بەمەرج و قەرار و پەیمانی پاڵەوانی هەبوو، بەمجۆرە دەگەڕاوە ماڵی خۆی تا نەوەک لە قانوون و یاساکانی پاڵەوانی سەرپێچی کردبێ. ئەو دەم لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا کە لە ماڵ ڕاگیر دەبوو، لەوانەبوو کە خەیاڵی خاوی خۆی فەرامۆش بکا، یا دەرفەتێک بەیارانی خۆی بدا کە دەرمانێک بۆ شێتییەکەی بدۆزنەوە.

کاراسکۆ بوو بەبەرپرسی دەکار هێنانی ئەم پلانە و تۆمە سێسیاڵیش کە جیران و هاوڕێی سانکۆپانزا و پیاوێکی شاد و سەر زیندوو[*] بوو، وەک مەیتەر ڕەگەڵی کەوت. سامسۆن جلوبەرگ و چەک و چۆلێکی دەبەر خۆی کرد کە دەپێشدا باسمان کرد. تۆمە سێسیالیش کەپۆیەکی دەسکردی لەسەر لووتی خۆی دانا کە باسی ئەویشمان کرد و ئەوەشی بۆیە کرد کە سانکۆی جیرانی نەیناسێتەوە. ئەم دووانە بۆ دابەزاندنی پلانی خۆیان ڕوویان دە ڕێگەیەک کرد کە دۆن کیشۆت پێیدا ڕۆیشتبوو و چی وای نەمابوو کە دە گۆنگەڵ و ڕووداوی عارەبەی عیزرائیلدا ڕەگەڵ ئەو کەون. سەرەنجام ئەو دوو کەسە دۆن کیشۆتیان لە مێشەیەکدا دیتەوە و بەلایەکیان بەسەرهات کە خوێنەری زیت و زانا تاوێک لەمەوپێش، لە خوێندنەوەی بووەتەوە، وە ئەگەر لەبەر مەغزی پەریشان و خەرفاوی دۆن کیشۆت نەبووایە یانی ئەو دێوانەیە پێی وانەبایە کە ئەم خوێندکارە، خوێندکارە ڕاستییەکە نییە جەنابی خوێندکار تا هەتا هەتایە لە گەیشتن بەشایەدینامەی ئیجتیهاد بێ بەش دەبوو.

تۆمە سێسیاڵ کاتێک دیتی نەخشە و ئارەزووی خۆی و ئەربابەکەی بەبادا چووە و کۆتاییی سەفەرەکەی ئاوا بەسەرشۆڕی و پەژارە چاو پێ کەوت بەخوێندکاری گوت: «جەنابی سامسۆن کاراسکۆ بەڕاستی ئەوەی بەسەرمان هات حەقی خۆمان بوو. مرۆڤ کاتێک دەست بۆ کارێک دەبا لای وایە زۆر ئاسانە و بەبێ مبالاتی و سانایی دەستی پێ دەکا، بەڵام هەرواش بەئاسانی ڕزگاریی نایە. دۆن کیشۆت دێوانە بوو، ئێمەش عاقڵ، بەو حاڵەشەوە ئەو ئێستا شاد و سەر بڵند بەڕێی خۆیدا دەڕوا و تۆش بریندار و خەمگین لەسەر جێی خۆت جێ ماوی. ئێستا ئەگەر ئیزنت لەسەر بێ، بابەتێک ڕوون دەکەینەوە. پرسیاری من ئەوەیە: لە دوو دێوانە کە یەکیان ناچارە دێوانە بێ و یەکیان بەویست و ئیرادەی خۆی دێوانە بووە، کامیان دێوانەترە؟ سامسۆن گوتی:جیاوازیی نێوان ئەم دوو دێوانەیە ئەوەیە کە دێوانە ناچارەکە هەر بەدێوانەیی دەمێنێتەوە، لە حاڵێکدا دێوانەکەی بەویستی خۆی بووەتە دێوانە هەر کات بیەوێ لە حاڵەتی دێوانەیی دێتە دەرەوە.» تۆمە

سێـسـیـال گوتـی: «لەو قـەراره من کـاتێـک هـاتم بووم بەمـەیتـەری بەڕێزتان بەویسـتـی خـۆم بوومـە دێوانـە و ئێسـتـا هـەر بەم ویست و ئیرادەیە دەمـەوێ کە چی تر مـەیتـەری تۆ نەبم و بگەڕێمـەوە مـاڵی خـۆمان.» کـاراسکۆ گـوتی: «تۆ بەدەست خـۆتە، بەڵام ئەگـەر فکر دەکـەیەوە من تا دۆن کیشۆت دارکاری نەکەم دەگـەڕێمەوە مـاڵ، وەک ئەوە وایە کە نـیوەشـەو بەنـیوەڕۆ دابنێی. بێـجگە لەوە، ئـەمجـار تەنیـا بۆ عـاقڵ کـردنی ئەو نییـە کـە وەشـوێنی دەکـەوم، بەڵکو خـەیاڵی تۆڵە کـردنەوەشم هـەیە. ئەو ئێش و ژانەی کە ئێسـتـا لە سینگ و کەلەکەمـدا هـەستی پێ دەکەم، بۆ ئەوە نابێ کە من چی تر بەلوتف و مێهرەبانییەوە هەڵسوکەوتی دەگەڵ بکەم.»

ئەو دوو یارە هاوسەفەرە بەقسە کردن گەیشتنە گوندێک و لە

وێ بەهەڵکەوتێکی باش سنخچییەکیان[*] دیتەوە کە مەلحەم و دەرمانی لەسەر برینەکانی سـامسـۆن کـاراسکۆ دانا. تۆمـە سێـسیاڵ ئەوی بەجـێ هێشـت و گـەڕاوە مـاڵی خـۆی، بەڵام خوێندکار بۆ پێکهێنانی کەرەسە و پێداویستییەکانی تـۆڵەکردنەوە لەو گوندە بەجێ مـا و مێژوو کە لە پاشان و لە کاتێکی تردا باسی ئەو ڕووداوە دەکا دیسان، دێتەوە سۆراغی دۆن کیشۆت و سەربردەی ئەومان بۆ دەگێڕێتەوە.



١٦

## لەمەڕ گۆنگەڵێک کە بەسەر دۆن کیشۆت دەگەڵ یەکێک لە نەجیب زادە هۆشمەندەکانی مانش هات

دۆن کـیـشـۆت بـەناز و بەخـۆ فـشـین[*] و شـۆر و شـادییـەکی لە ڕادەبەدەر کـە لە پێشـداش ئیـشـارەمـان بـۆ کـرد بەڕێی خـۆیـدا دەڕۆیشت و بەهـۆی سـەر کـەوتنێکەوە کـە دوایین جـار بەنسـیبی بووبوو، خـۆی بـەئازاترین پاڵەوانی دنیـا لە قـەڵەم دەدا. ئـەو هـەر لە ئێسـتـاوە پێی وابوو لە مـەودوا دەهـەمـوو پێشـهـات و ڕووداوێکدا سـەردەکـەوێ و ئیـتـر لە داهـاتوودا کـەس خـۆی لەبـەر ناگـری[*]. ئیـتـر هـیچ بایەخـێکی بـەسـیـحـر و جـادوو نەدەدا و بەهێندی[*] نەدەزانـین؛ ئەو دارکـاری و تێـهـەڵدان و وێکەوتن و دار و پەیـاغـانـەی کـە وێی کـەوتبـوون هـەمـووی لە بیـر خـۆی بردەوە، ئیـتـر لە بیـری نـەمـا کـە لـە ژێر بەردەبـاراندا نیـوەی پەراسـووەکـانـی شکابوون، چـی تر فکری لـە ئـەمـەگ نـەناسـیـی سـزادراوانی کـاری دژوار نەدەکردەوە و لە بێ شەرمی و پەیاغ وەشاندنی قەتارچیانی یانگواسی، هیچی لە بیر نەما. بەڵێ بەکورتی، دۆن کیشۆت بەڕێگەدا دەڕۆیشت و بەخۆی دەگوت ئەگەر هۆکارێک یا ڕێگە چارەیـەک بۆ ڕزگـار کـردنی دڵبـەری نازەنین خـاتوون دۆلسـینە بدۆزێتـەوە، ئیـتـر هـیچ ئارەزوویـەکی نامـێنـێ، تەنانـەت ئارەزووی گـەورەتـرین بەخـتـەوەریش ناکـا کـە پاڵـەوانە سـەگەردانە سـەرکـەوتووە بەخـتـەوەرەکـان لە ڕابردوودا پێی گـەیشـتـبوون یا پاڵەوانی تر لەمەودوا پێی دەگەن. بەمجۆرە بەو خەیاڵ پلاوانە سەرمەست و بەختەوەر دەڕۆیشت کە لە نەکـاو سـانکۆ پرسی: «ئەرباب پێت سـەیر نییـە کە من ئێسـتـاش ئەو لووتە ناحـەز و بەد قەوارەی هاوڕێی خۆم تۆمە سێسیاڵ هەر لەبەر چاومە؟» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ تۆ مـەگەر بەڕاستی باوەڕت کردووە کە پاڵەوان ئاوێنە، سامسۆن کاراسکۆ و مەیتەرەکەشی تۆمە سێسیاڵی جیرانی تۆ بوو؟» سانکۆ گوتی: «من ناتوانم لەم بوارەدا هیچت عەرز بکەم؛ ئەوەی دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە نیشانییەکانی کە ئەو لەمەڕ ماڵ و منداڵ و ژیانی من دەیدا، وا بوون کە هیچ کەسی تر نەیدەتوانی بیدا. لەمەڕ سەر و گوێلاک و ڕوخساریشەوە دەبێ عەرزت بکەم کاتێک ئەو شالووتە دزێوەی وەلانا دروست سیما و ڕوخساری تۆمە سێسیاڵ کەوتە دەرەوە و هەمان ئەو کەسە بوو کە بەهەزاران جار لە جیرانەتیی دیوار بەدیواری خۆماندا کە چاوم پێی کەوتبوو، تەنانەت دەنگەکەشی هەر ئەوە بوو کە سەدان جارم گوێ

لێ بووبوو.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ، ئاخر عەقڵیش شتێکی باشە؛ چاکە، وەرە پێش و پێم بڵێ کە سامسۆن کاراسکۆی خوێندکار بەچ خەیاڵێک جلوبەرگی پاڵەوانان دەپۆشێ و دەست دەداتە چەک و دێتە سەر ڕێی من و بەرەنگارم دەبێ؟ مەگەر هەرگیز بووە من دوژمنایەتی ئەوم کردبێ؟ هەرگیز کارێکم کردووە کە ڕقم لێ هەڵبگرێ؟ ئایا من ڕەقیب و داژداری ئەوم؟ یا بۆ ئەوە چەکی دژی من هەڵگرتووە کە دەزانێ من پاڵەوانێکی بێوێنەی ئەم جیهانەم و ئێرەییم پێ دەبا؟» سانکۆ گوتی: «ئەرباب ئەدی چ دەفەرمووی ئەم پاڵەوان فلانە یا هەر کەس کە هەیە، کە هێندە وە سامسۆن کاراسکۆی خوێندکار دەچوو، یا لەمەڕ مەیتەرەکەی کە دەگەڵ تۆمە سێسیاڵ مووی لێ نەدەدا، ئەوانە چون لێک دەدەیەوە؟ وە ئەگەر دەفەرمووی کە ئەوانە هەمووی کاری سیحر و جادوون، ئایا دوو کەسی تر لەم دنیا پان و بەرینەدا دەست نەکەوتن کە پاڵەوان و مەیتەرەکەی لەسەر شکڵ و قیافەی ئەوان خۆ نیشان بدەن؟» دۆن کیشۆت گوتی: «ئەوە هەموو ئیشی ڕواڵەت سازی و فڕوفێڵی جادووگەرانی دوژمنی منن کە بێ وچان خەریکی ئازار و عەزیەتدانی ئێمەن. ئەوان چون پێشبینیی ئەوەیان کردبوو کە من لەو شەڕەدا سەردەکەوم کارێکی وایان کرد تا دوژمن بەشکڵی سامسۆن کاراسکۆی دۆستی خۆشەویستم بێتە بەر چاوم تا ئۆگری و خۆشەویستییەکی کە من بۆ ئەو لاوە هەمە لە نێوان گەرووی دوژمن و تیغی شمشیری مندا ببێتە لەمپەڕ و ئاگری ڕقێکی پیرۆز کە لە دڵمدا هەلایسابوو دابمرکێ و بکوژێتەوە و من بەزەییم بەکەسێک دابێ کە قەستی سەر و گیانمی کردبوو. ئەگەر لەم بارەوە دەلیلی زۆرترت دەوێ، تۆ خۆت بەحوکمی ئەزموونێک کە هیچ شک و گومانی تێدا نییە تێ گەیشتووی کە بۆ جادووگەران چەندە ئاسانە کە یەکێک بەرنە سەر شکڵی یەکێ تر و ناحەز بەجوان و جوان بەناحەز بنوێنن، هەر وەک ئێستا دوو ڕۆژی تەواو لە ڕووداوی دیداری دڵبەری ئازیزم دۆلسینە تێپەڕ نەبووە کە تۆ ئەوت بەتەواوی جوانی و جەماڵ و کەماڵەوە تەماشا کرد، بەڵام من ئەوم وەک ژنە دێهاتییەکی چاو بەڕیپۆقی[*] زار بۆگەنیو، هاتە بەر چاو. ئایا سەیرە کە ئەو جادووگەرە بەد نییەتە، کە زاتی کردووە کەسێک بەم شکڵە قێزەونە بگۆڕێ، دیترانیش بەرێتە سەر بیچم و شێوەی سامسۆن کاراسکۆی خوێندکار و کابرای هاوڕێی تا شانازیی سەرکەوتن لە دەست من بڕفێنێ؟ بەڵام لەسەر ئەو ئەحواڵەشرا من دڵی خۆم دەلاوێنمەوە، چون بەهەرحاڵ من بەسەر دوژمنی خۆمدا سەرکەوتم.» سانکۆ گوتی: «خواوەند خۆی بەسەر هەموو شتێکدا ئاگەدارە.» وە چون دەیزانی کە گۆڕینی شکڵ و قیافەی دۆلسینە شتێکە ساختەچییانە و دەستکردی خۆیەتی،







هەر چەند بەو قسانەی ئەربابی بڕوای نەبوو، بەڵام هیچی نەگوت مەبادا فێڵ و پیلانەکەی ئاشکرا بێ و ئەرباب بەگژیدا بچێ.

دۆن کیشۆت و سانکۆ لە کۆتاییی قسەکانی خۆیاندا بوون کە دیتیان کابرایەک ڕەگەڵیان کەوت. ئەو پیاوەش ڕێبواری هەمان ڕێ بوو کە ئەوان پێیدا دەڕۆیشتن و سواری ماینێکی قزڵ و جوان بوو؛ جوببەیەکی[*] ماهووتیی سەوزی لەبەردابوو کە بەمەخمەرێکی خەنەڕەنگی پەراوێز لێنراو ڕازابووەوە و کڵاوێکی گەورەش لە قوماشی هەمان مەخمەری لەسەر بوو؛ زین و بەرگی ماینەکە ژنانە بوو کە بەڕەنگی سەوز و وەنەوش زینەت درابوو. سوار شمشێرێکی عەڕەبی بەکەمەریەوە بوو کە بەبەندێکی سەوز و زێڕینەوە هەڵاوەسرابوو. پۆتینەکانی لە قوماشی بەندی شمشێرەکەی بوو. مامزەکانی زێڕین نەبوون، بەڵام دەستی کەمێکی لە زێڕ نەبوو. کاتێک سوار گەیشتە ڕاستی ئەوان زۆر بەئەدەبەوە سڵاوی لە هەردووکیان کرد و پاشان دەسبەجێ مامزی لە ئەسپەکەی توند کرد تا لەوان تێ پەڕێ، بەڵام دۆن کیشۆت ڕای گرت و گوتی: «بەڕێز نەجیبزادە ئەگەر جەنابیشت بەو ڕێیەدا دەڕۆی و پەلەشت نییە زۆر خۆشحاڵ دەبم پێکەوە بڕۆین.» سوار گوتی: «ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من نەمدەویست وا بەپەلە بەلای ئێوەدا تێ پەڕم، بەڵام ترسام کە نزیک بوونەوەی ماینەکەم ئەسپی ئێوە وەخۆ بخا.» دەسبەجێ سانکۆ هاواری لێ بڵیند بوو کە: «ئەی جەنابی ئاغا، دەتوانی بێ نیگەرانی جڵەوی ماینی خۆت بکێشی، چون ئەسپەکەی ئێمە نەجیبترین و پاکترین ئەسپی سەر ئەم جیهانەیە. ئەم ئەسپە ئێستا نەبووە لە کاتێ ئاوادا سووکەسەری و لاوەتی خۆی نیشان بدا و دەستوپەل ببزێوێ. تەنیا جارێک نەبێ کە خۆی کەر کرد و من و ئەرباب ناچار کراین جەریمەیەکی قورس بدەین. بەهەرحاڵ بەڕێزتان ئەگەر مەیلتان هەبێ دەتوانن دەگەڵ ئێمە هاوسەفەر بن و یەقینت هەبێ کە ئەگەر ماینەکەتان لەسەر کەشەفیش دابنێن و لەبەر دەمی ئەو ئەسپەی ڕابگرن، بۆنی پێوە ناکا.»

ڕێبوار کە لە ئەدا و ئەتوار و قیافەی دۆن کیشۆت سەری سوڕمابوو، جڵەوی ماینی کێشا؛ پاڵەوان سەری ڕووت بوو، چون سانکۆ کڵاوخوودەکەی بەپاشتەرکی کەرەکەیەوە هەڵواسیبوو، کابرای سەوزەپۆش زۆر بەسەرنجەوە دە دۆن کیشۆتی هەڵدەڕوانی و دۆن کیشۆتیش هەروا بەسەرنجەوە تەماشای ئەوی دەکرد، چون وەک پیاوێکی خاوەن ڕێز و کەسایەتی دەهاتە بەرچاوی. تەمەنی ڕێبوار پەنجا ساڵێک مەزەندە دەکرا و مووی تازە ماش و برینجی دەبوو؛ نیگای نیوێک خەندان و نیوێک وشک و قورس بوو؛ بەکورتی لە بزووتنەوە و هەڵسوکەوتیرا و لەسەر و وەزعیرا ئاشکرا بوو کە پیاوێکی پاک نییەت و

بەئینساف و خاوەن ئاکار و کاری جوان و پەسەندە. وە بەڵام داوەرییەک کە نەناسراو لەسەر دۆن کیشۆتی دەکرد، ئەوە بوو کە تا ئێستا هیچ کەسی بەو حاڵە و بەو قیافەوە نەدیتووە. سەرتاپای دۆن کیشۆت و سوارەبەرەکەی، لەوانەش درێژیی بارگینەکە و باڵابەرزی و کز و لاوازی و زەردی ڕوخسار و لیباسی شەڕ و حاڵەت و قیافەی بووبوونە هۆی واق وڕماویی سواری نەناس، چون ساڵانێکی دوورودرێژ بوو کە هیچ کەسی بەم شکڵ و قیافەوە لەم وڵاتە چاو پێ نەکەوتبوو. دۆن کیشۆت زۆر باش ئاگای لێ بوو کە موسافیر بەچ سەرنجێک و تێڕوانینێکی سەیرەوە تەماشای دەکا و لە واق وڕمانەکەیەوە لە مەبەستی تێ گەیشتبوو. پاڵەوان چون مرۆڤێکی بەنەزاکەت و بەئەدەب بوو، هەموو کاتیش ئامادە بوو ببێتە هۆی شادی و خۆشیی خەڵکی تر، پێش ئەوەی موسافیر پرسیار بکا، وەقسە هات و گوتی: «ئەم قیافە و سەر و شکڵەی کە جەنابتان بەمنەوە دەیبینن ئەگەر بووبێتە هۆی سەرسوڕماویتان، بەلای منەوە سەیر نییە. بەڵام ئەگەر عەرزتان بکەم کە من پاڵەوانم یانی لە وان کەسانم کە بەدوای گۆنگەلاندا دەگەڕێن، ئەودەم ئیدی پێت سەیر نابم. من زێدی خۆم جێ هێشتووە، دەستم لە ماڵ و منداڵ هەڵگرتووە و مڵک و سامانم دەگرێو ناوە و دەستم لە ئاسایش و حەسانەوە شوشتووە و خۆم هاویشتووەتە ئامێزی چارەنووس و بەخت و یەغباڵ تا بۆ هەر شوێنێک خۆیان دەیانەوێ بمبەن. مەبەستی من ئەوە بوو کە دابونەریتی پاڵەوانانی سەرگەردان کە مردووە زیندوو بکەمەوە و ڕۆژگارێکی زۆرە لێرە هەڵدەنگووم، لەولا بەردەبمەوە و هێندێک لەو لاتر هەڵدەستمەوە و هەر بەم شێوەیە تا ئێستا توانیومە بەشی زۆری ویست و ئامانجەکانم لە ڕێگەی یارمەتی گەیاندن بەبێوەژنان و پشتیوانی لە کیژۆڵان و دەستگرتنی هەتیوان و سەغیران کە بەشێکن لە ئەرکی پاڵەوانانی سەرگەردان بەراوەردە بکەم. من بەئازایەتی و هونەرنوێنیی بێ ئەژماری خۆم، کە لە ڕێبازی شەریعەتی مەسیحی لای نەداو، ئەم شایستەیی و لایقییەم وە دەست هێناوە کە زایەڵەی دەنگی ناوبانگی خۆم بەکتێب و بەلاڤۆک، بەسەرانسەری دنیادا بڵاو بکەمەوە. هیچ وڵاتێک نەماوە ناوی منی نەبیستبێ. تا ئێستا سی هەزار بەرگ کتێب لە مێژووی ژیانی من بەچاپ گەیشتووە و ئەگەر هەر ئاوا بڕواتە پێش و خودا بەهاوارمان نەگا، سی هەزار جار بەچاپ دەگا. بەکورتی بۆ ئەوەی هەموو قسەکانم لە چەند واژە و تەنانەت لە یەک واژەدا بەیان بکەم بەعەرزی ئێوە دەگەیەنم کە بەمن دەڵێن دۆن کیشۆتی مانش و پاڵەوانی خەمگین ڕوخسار. هەر چەند خۆ هەڵکێشان کارێکی ناحەز و ناپەسەندە و لە قەدر و قیمەتی مرۆڤ کەم دەکاتەوە، بەڵام من جاروبار ناچارم باسی خۆم بکەم ئەویش کاتێکە کە کەس نییە





بەشان و باڵمدا هەڵبڵێ، کەوابوو ئەی جەنابی نەجیب زادە، لەوە بەدوا ئیتر نە ئەسپ، و نە ئەم نێزە و ئەم مەتاڵ و ئەم مەیتەرە نابنە ئەسپابی سەرسوڕمانی ئێوە و هەروەها نە ئەم چەکوچۆڵ و زەردیی ڕوخسار و ڕەنگ پەڕیوی و لاوازیی جەستەی من، چون ئێستا باش دەزانی کە من کێم و چ کارەم.»

دۆن کیشۆت پاش ئەو قسانە خامۆش بوو و کاکی سەوزپۆش ئەوەندەی جواب دانەوە وەدرەنگ خست کە وا هاتە بەر چاو لە جواب دانەوە تێ ماوە. دەگەڵ ئەوەشدا پاش بێ دەنگییەکی درێژخایەن گوتی: «بەڕێز، جەنابی پاڵەوان، ئەلحەق کە زۆر جوان لە واق وڕمانی منەوە دە مەنزوور و مەبەستم گەیشتی، بەڵام نەتتوانی من لەو سەرسوڕمانە کە دیداری ئێوە بۆ منی پێک هێناوە بێنیتە دەرەوە. چونکە هەر چەند کە جەنابت فەرمووتان کە پەی بردن(*) بەشوناس و شوغڵ و کاری ئێوە، بەسە بۆ ئەوەی من لەسەرسوڕماوی بێنێتە دەر، بەڵام هەرگیز ئاوا نییە و بەپێچەوانەشە، ئێستا کە دەزانم چ کەس و چ کارەی زۆرتر لە پێشوو حەیران و سەرسوڕماوم. ئاخر چۆن؟ ئایا دەبێ کە ئەمڕۆ پاڵەوانانی سەرگەردان لە دنیادا هەبن و مێژووی ڕاستینی پاڵەوانانی سەرگەردان لە چاپ دەرچووبێ؟ من ناتوانم بڕوا بکەم کە ئەمڕۆ کەسانێک هەبن کە چاوەدێریی هەتیو و سەغیر و پیرێژنان بکەن و بەهاواری زوڵم لێکراوان و داماوان بگەن؛ وە ئەگەر ئەم جوامێرییانەم ئەو لە وجودی جەنابتاندا نەدیتبایە هەرگیزاو هەرگیز باوەڕم نەدەکرد. سپاس و ستایش(*) بۆ خودای گەورە و دڵۆڤان کە ئیرادەی لەسەر بووە تا مێژووی پڕ لە شانازیی هونەرنوێنییەکانی ئێوە کە وەک خۆتان دەفەرموون بەچاپ گەیشتووە، بڵاو بێتەوە و ببێتە هۆی فەرامۆش بوون و لە بیر چوونەوەی داستانە درۆیینەکان و ئەفسانە پڕوپووچەکانی پاڵەوانانی سەرگەردانی پێشوو کە دنیا بێهوود پڕ بووە لە ناوبانگی ئەوان. داستانگەلێکی درۆ و چاپ(*) و گووپ کە بەزیانی ئاسەواری بەنرخ و بایەخدار بوون و لە قەدر و ئیعتیباری مێژووە ڕەسەن و دروستەکانی کەم دەکردەوە.» دۆن کیشۆت گوتی: «لەمەڕ ئەوەی مێژووی پاڵەوانانی سەرگەردانی ڕابردوو درۆ یا ئەفسانە بێ قسە زۆرە.» پیاوی سەوزە پۆش گوتی: «چۆن! مەگەر کەسێک هەیە کە لە درۆ بوونی ئەم داستانانەدا گومانی هەبێ؟» دۆن کیشۆت گوتی: «بەڵێ من گومانم تێدا هەیە، بەڵام باشتر ئەوەیە جارێ لەو باسە تێ پەڕێین و ئەگەر سەفەری ئێمە پێکەوە هێندێکی خایاند، بەهیوای خودا بەئێوەی حاڵی دەکەم ئەگەر دەگەڵ کەسانێک هاوداستانن کە درۆ بوونی ئەم داستانانە بەڕاست دەزانن، کارێکی باشت نەکردووە.»

موسافیر لەو قسانەی دوایی دۆن کیشۆت وەشک کەوت کە نەکا ئەم کابرایە مێشکی شڵەقابێ و عەقڵی لەسەر جێی خۆی نەبێ و چاوەڕوانی قسەی تری پاڵەوان بوو تا لە مەزەندە کردن و بۆچوونی خۆیدا زۆرتر متمانە پەیدا بکا. بەڵام پێش ئەوە باسێکی تر داگیرسێنن، دۆن کیشۆت تکای لێ کرد ئەویش بەنۆرەی خۆی بڵێ کێیە و چ کارەیە، هەروەک ئەو خۆی و کار و شوغڵی خۆی بەو ناساندبوو. کابرای جوببەسەوز لە بەرامبەر ئەم داخوازەدا سەری دانەواند و گوتی: « جەنابی پاڵەوانی خەمگین ڕوخسار، من نەجیب زادەیەکم و خەڵکی شارەدێیەکم کە ئەگەر خودا بیەوێ ئەمڕۆ لە وێ نانی نیوەڕۆ دەخۆین. باری دارایی وماڵیی من لە نێونجی لە ژوورترە و ناویشم «دۆن دیەگۆ میراندا» Don Diego Miranday یە. من عومری خۆم دەگەڵ ژن و منداڵ و دۆست و ئاشنایان ڕادەبوێرم، سەرگەرمیی من زۆرتر شکار و ماسی گرتنە، بەڵام لە ڕاودا نە لە باز کەڵک وەردەگرم نە لە تاژی. بەڵکو بۆ ئەم مەبەستە لە سەگێکی فەرمانبەر و لە چەشنە سمۆرەیەک کەڵک وەردەگرم. من نزیک شێست یا حەفتا کتێبم هەیە کە هێندێک بەزبانی ئیسپانیایی و بەشێکیش بەزبانی لاتین نووسراون؛ چەند بەرگیان کتێبی تاریخ و مێژوون و ئەوانی تریش هەمووی بابەتی ئاینی و مەزهەبین. وە بەڵام لەمەڕ کتێبی پاڵەوانی دەبێ عەرزت بکەم تا ئێستا نەمهێشتووە لە دەرگای ماڵم بێنە ژوورەوە. من کتێبی غەیرە مەزهەبی و تەنانەت کتێبی دژی دین و ئەخلاق زۆرتر لە کتێبی مەزهەبی دەخوێنمەوە، بەو مەرجە سەرگەرمییەکی شەڕافەتمەندانە و ئابڕوومەند بن بۆ من و لە زبان و قەڵەمی ڕەوانی خۆیان حەزم پێ بگەیەنن و لە خوڵقێنەری و فکری بڵندی خۆیان شاگەشکەم بکەن و وام لێ بکەن ئافەرینیان پێ بڵێم و بەدبەختانە ئەم چەشنە کتێبانەش لە ئیسپانیای ئێمەدا زۆر کەمە. من جاروبار لە ماڵی دۆستان شام و نەهار دەخۆم و زۆر جاریش ئەوان بۆ نەهار و شام بانگهێشتی ماڵی خۆمان دەکەم. لە ماڵی مندا سفرە و خوان هەمیشە ڕێکوپێک و ڕازاوەیە و خۆراکی زۆر باش لەسەر سفرەم دەچندرێ. ڕقم زۆر لە غەیبەت و پاش ملە قسە کردنە و ئیزن نادەم لە لای من باسی کەس بەخراپە بکەن. هەرگیز لە شێوەی ژیان و کاروباری خەڵکی ناکۆڵمەوە و کارم بەکاری کەس نییە. هەموو ڕۆژێ دەچمە نوێژی «مەس» و واجبی حەق بەجێ دێنم؛ بەشێک لە ماڵ و دارایی خۆم بەنێو فەقیراندا دەبەشمەوە(*) و خۆم بەوە ڕانانێم کە یارمەتیی ئەوان دەدەم چون نامەوێ ڕۆحی خۆم تووشی فیس و ئیفادە و خۆویستی بکەم. دەزانم کە ئەم دوژمنانە وردە وردە بەسەر ڕۆح و گیانمان دەسەڵات پەیدا دەکەن. هەمیشە تێ دەکۆشم ئەوانەی شەڕ و ناکۆکییان پێکەوە هەیە، ئاشت بکەمەوە، من





سەرئەسپاردەی(*) حەزرەتی مریەمم و هەموو کات بڕوا و تەوەکولی تەواوم بەلوتف و مەرحەمەتی بێ پایانی خوای خۆم هەیە.»

سانکۆ زۆر بەوردی گوێی بۆ سەرگوریشتەی نەجیب زادە و سەرگەرمییەکانی شل کردبوو. ئەو چون ئەم شێوە ژیانەی بەلاوە پیرۆز و باش بوو، پێی وابوو هەر کەس بەم جۆرە ژیان بەرێتە سەر دەتوانێ موعجیزە بکا. لە کەرەکەی خۆی دابەزی و بەپەلە ڕکێفی ڕاستی نەجیب زادەی گرت، پاشان بەدڵێکی پڕ لە ئیمان و بڕوا و بەچاوی ئەسرین بارەوە چەند جار پێی ئەوی ماچ کرد. نەجیب زادە کاتێک ئەو کارەی سانکۆی چاو پێ کەوت هاواری لێ بەرز بووەوە کە: «براکەم چ دەکەی؟ ئەو ماچ کردنە یانی چی؟» سانکۆ گوتی: «ئیجازە بفەرموون پات ماچ کەم، چون بەبڕوای من جەنابتان یەکەم ڕۆحانیی ئەسپ سوارن کە بەعومری خۆم چاوم پێکەوتووە.» نەجیب زادە گوتی: «من ڕۆحانی نیم بەڵکو یەکێک لە گەورەترین تاوانبارانم. خۆش بەحاڵی تۆ برای بەڕێز، چون لە سادەیی و سەفایەکڕا کە دە تۆیدا دەبینم، دیارە لە مێرخاسانی و لە زومرەی پاکان حیساب دەکرێی.» سانکۆ پاش ئەوەی ئەربابی خۆی وا لێ کرد لە قوولاییی دڵەوە قاقا پێ بکەنێ، سواری کەرەکەی بووەوە و هەر ئەوەش بوو بەهۆی سەرسوڕمانێکی تازە بۆ دۆن دیەگۆ.»

دۆن کیشۆت لە نەجیبزادەی پرسی، چەند منداڵی هەیە و بۆ ئەوی باس کرد، کە یەکێک لەو شتانە کە فیلسووفە لە خودا بێ خەبەرەکانی قەدیم وەک بنەما و بناغەی ژیانیان داناوە، ئەوەیە کە مرۆڤ دەبێ لە تەواوی خۆشی و بەهرەکانی ژیان و ماڵ و سامان و سروشت کەڵک وەربگرێ و دۆستانی بێ ئەژمار و منداڵی زۆری هەبێ.» نەجیب زادە گوتی: «جەنابی دۆن کیشۆت، من خۆم زۆرتر لە کوڕێکم نییە و ڕەنگە ئەگەر ئەوەشم نەبووایە بەختەوەرتر دەبووم؛ ئەڵبەتە نەک لەبەرئەوە کە کوڕەکەم خراپ بێ، بەڵکو ئەم جۆرەی کە من دەمویست ئەوەی لێ دەرنەهاتووە. تەمەنی ئەو نیزیک هەژدەساڵە و شەش ساڵە لە زانکۆی سالامانک خەریکی فێربوونی زبانی لاتین و یۆنانییە! بەڵام کاتێک ویستم واداری بکەم زانستەکانی تر بخوێنێ دیتم ئەوەندە حەز لە شێعر و ئەدەبیات دەکا (بەهەرحاڵ ئەگەر شێعر و ئەدەبیات بەزانست بزانرێ) و لەسەر بۆچوون و ویستی خۆی پێ دەچەقێنێ کە بەهیچ کلۆجێک نەمتوانی واداری بکەم زانستی حقووق بخوێنێ یا کارێکی وا بکەم دەرسی فەلسەفەی خوایی (حکمت الهی)، کە مەلەکەی هەموو زانستانە، بکەوێتە بەر دڵی و فێری ببێ، وە من خۆم زۆرم پێ خۆش بوو ئەو هەتیوە زانستی حقووق هەڵبژێرێ. ئارەزووم ئەوە بوو تاجی سەری خانەوادە و بنەماڵەی خۆی بێ. چون ئێمە لە سەدەیەکا دەژین کە

پادشاکانمان خەڵاتی گەورە دەدەن بەزانایان و وێژەوانانی(*) بەئیمان و پارێزکار و شەریف، چون زانست و ئەدەب بەبێ زیوەری شەڕافەت و پارێزکاری وەک مرواریيەک وایە کە لەسەر پەین و پاڵ(*) کەوتبێ. کوڕەکەی من هەموو ڕۆژێک تەواوی وەختی خۆی بەوە تێپەڕ دەکا کە ئایا »هۆمێر« فلان شێعری دە کتێبی «ئیلیاد»دا باش هۆندووەتەوە یا خێر. یا «مارسیاڵ»[٣٦٣] لە فلان شێعری هەجوی خۆیدا لە ڕێگەی شەڕەف و شەرم و حەیا لای داوە یا نا، وە یا فلان شێعری «وێرژێڵ» چۆن دەبێ مانا بکرێتەوە. کورتەی کەلام ئەو کوڕەی من ئەو پرسیار و وتووێژانەی دەگەڵ دیوانی شاعیران و دەگەڵ دیوانی «هۆراس»،[٣٦٤] «پێرس» و «ژووناڵ» و «تیبوول»[٣٦٥] ئەنجام دەدا و ئاوڕ لە شاعیرانی سەردەم ناداتەوە؛ لەسەر ئەو حاڵەشڕا هەر چەند نێوانی دەگەڵ شێعری نوێ خۆش نییە و بەلای شێعر و هەڵبەستی عامیانەدا ناچێ، ئێستا مێشکی خۆی دەمەنگەنە(*) ناوە تا لەسەر وەزنی چوار تاکە شێعر کە پێم وایە لە زانکۆی سالامانکەوە بۆیان ناردووە شێعر دابنێ، وای بۆ دەچم کە پێشوازی لەو چوار شێعرە بابەتی کێبەرکێیەکی ئەدەبی بێ.» دۆن کیشۆت گوتی: «جەنابی ئاغا، عەولاد جگەرگۆشەی باب و دایکی خۆیانن، کەوابوو چاک یا خراپ دەبێ خۆشت بوێن، هەر وەک گیان بەلامانەوە عەزیز و خۆشەویستن. ئەرکی سەرشانی دایک و بابان ئەوەیە لە منداڵییەوە عەولادی خۆیان بخەنە سەر ڕێگەی فەزیلەت و پارێزکاری و بارهێنانی دروست و ئەخلاقی جوان و ئایینی مەسیح، تا کاتێک گەورە بوون ببنە گۆچانی پیریی ئەوان و مایەی شانازیی تۆرەمەی دوای خۆیان بن. وە بەڵام لەمەڕ ئەوەی کە ئەوان مەجبوور بکەین ئەو شتە بخوێنن یا ئەو شتە نەخوێنن، بەڕای من کارێکی دوور لە تێبینی و عەقڵ و تەدبیرە، هەر چەند ڕێنوێنیی ئەوان لەم وارەدا زەرەری نییە. کاتێک خوێندن و بەدوای زانستدا چوون بۆ بەڕێوەچوون نییە و خوێندکاریش ئەوەندە بەختەوەرە کە دەروەستی ڕسق و ڕۆزی نییە، یانی خودا دایک و باوکێکی پێ داوە کە نانەکەی بۆ دابین دەکەن، من بەتوندی لەسەر ئەم بڕوایەم کە دەبێ لێی گەڕێین تا هەر

---

٣٦٣– مارسیاڵ Martial شاعیری رۆمی کە لە ئێسپانیا لە دایک بووە و دیوانە شێعرێکی هەجوی هەیە کە ناسێنەری دابونەریت و ئەخلاقی رۆمییەکانە.

٣٦٤– Horacc شاعیر گەورەی رۆمی «٨ – ٦٥» پێش زایین کە دۆستی نزیکی ویرژێڵ بوو. شێعرەکانی جوان و نموونەی هەستیاری و ناسک خەیاڵین.

٣٦٥– Perese, Juvenal, Tibulle شاعیرانی رۆمی کە هەموویان رەخنەیان لە بارودۆخی زەمان و ئاکاری ناخەزی خەڵکی هاوچەرخی خۆیان گرتووە. (محەممەد قازی)





شتێکی خۆی مەیلی لەسەرە ئەوە فێر بێ؛ وە بێجگە لەوەش ئەگەر لایەنی چێژ و سەلیقە دەزانستی ئەدەبیات و شێعر و شاعیریدا لە لایەنی قازانجخوازی و ماڵپەرەستی زۆرترە، لانی کەم ئەدەبیات نابێتە بەشێک لەو زانستانە کە دەبنە مایەی بێ ئابڕوویی و بێ فەزیحەتی ئۆگرەکانیان. نەجیبزادەی بەڕێز! بەبڕوای من شێعر وەک کیژێکی تازە خۆی ناسیبێ دەچێ کە جوانی و جەماڵێکی بێ سنووری هەیە و کچەکانی تر کە بریتین لە زانستەکانی تر، ئەرکی ڕازاندنەوە و جوان کردن و ڕێزگرتنی ئەویان لەسەر شانە، چون ئەم کیژە دەبێ هەموو کچەکانی تر دە خزمەتیدا بن و بەمجۆرە لە سایەی ئەودا خۆشیان ڕێز و پلە و پایەیان بچێتە بان، بەڵام دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە ئەم کیژە کچێنیی لێهەڵنەگیراوە نازدارە، پێی خۆش نییە هەر کەس لەولاوە هات دەستی بۆ بەرێ یا دیتران بۆ هەر شەقام و کۆڵانێک ویستیان بیبەن و جوانییەکەی لەسەر چوار ڕێیەکانی شاران بەهەراج دابنێن و هەروەها ئەوەشی ناوێ کە دە نێو چوار دیواریی کۆشکی خاوەن شکۆیان و پادشایاندا ڕاگیر بکرێ. گەوهەری وجوودیی ئەو لە کیمیایەکی وەها فرە تایبەتمەندی دروست کراوە کە هەر کەس بزانێ چۆنی دەعەمەل بێنێ، دەتوانێ بیکا بەزێڕی خالیس کە نموونەی لە دنیادا نەبیندرابێ. کەسێکی ئاوا دەبێ ئەو دەزنجیر بکا و نەهێڵێ کە دە قالبی هەجوی بێ شەرمانە یا غەزەلی نزم و بێ کەڵکدا تەڕاتێن بکا. فرۆشتنی ئەم گەوهەرە گرانبایی و بێ هاوتایە بەهیچ جۆرێک ڕەوا نییە مەگەر ئەوەی بیانەوێ دەقاڵبی شێعری حەماسی و قارەمانی یا شانۆنامەی تراژیکی سووتێنەر یا کۆمێدیی شیرین و سەرگەرمکەر و پڕناوەرۆکی بڕێژن و بەشکڵی تازەی دەربێنن. بێجگە لەوە نابێ هەرگیز بکەوێتە دەست لۆتی چەقۆی لاساکەرەوە یا خەڵکی عەوام و جاهیل، چون ئەوانە نە لەو گەنجانە ئاگەدارن کە دە دڵی ئەو دایە و نە قەدری ئەو گەنجانەش دەزانن. ئەوەش بزانە، جەنابی نەجیب زادە، مەبەستی من لە خەڵکی عەوام لێرەدا تەنیا جەمبوورەی جەماوەر و خەڵکی فەقیر نییە. هەر کەس شتێک نەزانێ، خان بێ یا شازادە بێ، بەعەوام حیسابە. کەوابوو هەر کەس بەدەبەر چاو گرتنی سەرجەمی لایەنەکان و بەرچاوکردنی ئەو مەرجانەی من عەرزم کردی شێعر بڵێ، ناوی خۆی لە نێو هەموو گەلانی جیهاندا بەگەورە دەناسێنێ و هەر کەسیش شاعیر نەبێ و شێعران بڵێ...! وە بەڵام لەمەڕ ئەوەی دەفەرمووی کوڕی جەنابت شێعری بەزبانی کاستیلی بەلاوە گرینگ نییە، دەمەوێ عەرزت بکەم کە ئەو بەڕێزە بەهەڵەدا چووە و دەلیلیشم ئەوەیە کە هومێر شاعیری پایەبەرز شێعری بەزبانی لاتین نەنووسی. چون یۆنانی بوو، ویرژێلیش شێعری بەزبانی یۆنانی

نەدەگوت چون ڕۆمی بوو. بەکورتی بڵێم هەموو شاعیرەکانی ڕۆژگاری کەونارا بەزبانێک شێعریان دەگوت کە دەگەڵ خواردنی شیری دایکیان فێری بووبوون و بۆ شیکردنەوەی فکری بەرزی خۆیان وەدوای زبانی بێگانە نەکەوتن. ئێستا کەوایە کاری عاقڵانە ئەوەیە کە ئەم ڕەسم و یاسایە لە نێو تەواوی گەلانی دنیادا بکەینە یاسایەکی گشتی و شاعیری ئەڵمانیمان بەلاوە سووک نەبێ، چون شێعری بەزبانی ئەڵمانی گوتووە و یا شاعیری کاستیلیمان پێ چکۆلە نەبێ کە بۆچی شێعری بەزبانی خۆی داناوە و تەنانەت شاعیری «بیسکایی»ش نابێ بێ کەڵک لە قەڵەم بدەین لەبەرئەوەی بەزاراوە یا بن زاراوەی خۆی سۆزی دڵی خۆی دەربڕیوە. بەڵام جەنابی نەجیب زادە ئەمجۆرە کە من بۆی دەچم نەفرەت و سارد و سڕی کوڕەکەی ڕووی دە شێعری عامیانە نییە، بەڵکە ڕووی لە شاعیرانێکە کە شێعری بێ بایەخ و ئاسایی دەڵێن و زبانێکی تر نازانن و لە زانستی تر بێ بەشن تا بەهۆی ئەوانەوە چێژ و بەهرەی سروشتیی خۆیان بخەملێنن. تەنانەت لەم وارەوە لەوانەیە خەڵک تووشی هەڵە بن، چون بەپێی بڕوایەکی متمانە پێکراو شاعیر بەشاعیری لە دایک دەبێ، یانی شاعیری ڕاستی کاتێک لە زگی دایک هاتە دەرەوە بەسروشت شاعیرە و دەتوانێ بێ ئەوەی دەرسی خوێندبێ یا زۆر بۆ خۆی بێنێ و بنەقێنێ[*]، تەنیا بەڕێنوێنیی قەریحە و بەهرەی خوادا[*] و کە هەیەتی شتی جوان بخوڵقێنێ و گوتە و نووسراوەکانی سەلمێنەری قسەی کەسێک بێ کە گوتوویەتی «خودا لە دەروونی ئێمەدایە.»[٣٦٦] دیسان خاڵێک لە قسەکانم زیاد دەکەم، ئەویش ئەوەیە؛ شاعیری بەسروشت شاعیر، کاتێک لە سەنعەتی شێعر یارمەتی دەخوازێ، زۆر زۆر سەرترە لەوەی کە قەریحەی خواپێداوی نەبێ و تەنیا بەیارمەتیی ئاشنایی بەڕێوشوێنی شێعر گوتن، دەیەوێ ببێتە شاعیر. دەلیلی ئەم مەسەلەیە ئەوەیە کە فەن و سەنعەت لە قەریحە و چێژی سروشتی لەسەرتر و گرینگتر نین، بەڵکو دەتوانن تەکمیلی بکەن. کەوابوو ئەگەر قەریحەی زاتی دەگەڵ سەنعەتی شێعر و سەنعەت دەگەڵ چێژی سروشتی تێکەڵاو بن، شاعیرێکی پایەبەرز و تەواو دێتە سەر ئەرزی واقیع. بەکورتی جەنابی نەجیب زادە مەبەستم لەم هەموو فرەوێژییە ئەوە بوو کە ئێوە لە کوڕی خۆتان بگەڕێن، بەمەیلی خۆی بۆ هەر ڕێگەیەک کە ئەستێرەی بەخت ڕێنوێنیی دەکا، بڕوا؛ ئێستا کە کوڕەکەت دەرس خوێنێکی باشە و بۆ درێژەدان بەخوێندنی خۆی هەموو تەلاشی پێویستی کردووە، ئێستا کە بەختەوەرانە توانیویەتی لە پلە سەرەتاییەکانی

٣٦٦– Est Deud in nobis یانی خودا لە دەروونی ئێمە دایە و ئەم ڕستەش هی ئۆویدە Ovide کە دە کتێبی «هونەری ئەوین» دا هێناویێتی. (مۆریس باردۆن)





زانست یانی لە زبانە قەدیمییەکان سەرکەوێ بەیارمەتیی هەمان ئەو زبانانە دەتوانێ بەسانایی بگاتە ترۆپکی ئەدەبیاتی دنیا، وە ئەوە خۆی شایانی شان و شکۆی هەر نەجیب زادەیەکی ڕێزدارە، چ ڕەدای کەشیشی بەسەر شانەوە بێ یا شمشیری پاڵەوانی بەکەمەریەوە هەڵواسرابێ، وە هەر وەک کڵاوی ئۆسقۆفی و لیباسی ڕەسمی دادوەری هۆی شانازی و جوانی و جەلالی ئۆسقۆفان و قازییانە، ئەدەبیاتیش کوڕەکەی تۆ بەگەورەیی و ناو بەدەرەوەیی و شانازی دەگەیەنێ. جەنابی نەجیب زادە هەر کات کوڕەکەت بابەتی هەجوی و گاڵتە پێ کردن بەئەم و ئەوی هۆندەوە کە دژی ئابڕووی کەسانێکی تایبەت بوو، ئەو دەم دەتوانی لۆمەی بکەی و سزای بدەی و شێعرەکانی بدڕێنی، بەڵام ئەگەر بەشێوەی هۆراس شێعرگەلێک لە ڕەخنە و زەمی عەیب و ئیرادەکانی مرۆڤدا بەگشتی بهۆنێتەوە و شێعرەکانی ئەو شاعیرە قەدیمییە بێ، هانی بدە و خەڵاتی بدەیە، چون شاعیران ئەو ئیزنەیان هەیە لە زەم و سەرکۆنە کردنی ئێرەیی و حەسوودیدا شێعر بڵێن و حەسوودان دەشێعرەکانی خۆیاندا بکوتن و هەروەها دە هەجو کردنی باقیی عەیب و ئیرادەکانی مرۆڤدا، هەرچی دەیانەوێ بیڵێن بەو مەرجە کەسێکی تایبەتیان لەبەر چاو نەبێ، ئەوەش بزانین باشە کە هێندێک شاعیر هەن کە شێعری شەیتانی و فێڵ بازانە دەڵێن و لە ئەنقەست شێعری وا دەنووسن کە بۆ دوورگەکانی پۆنت Pont دوور بخرێنەوە.[٣٦٧] ئەگەر شاعیر دەرەفتار و کرداری خۆیدا پاک و بێ فێڵ و تەڵەکە بێ دەشێعرەکانیشیدا هەر وا پاک و خاوێن دەبێ. قەڵەم زبانی ڕۆح و گیانە، هێندێک لە فکرەکان ناسێنەری گیانن و هێندێک لە نووسراوەکان ناسێنەری قەڵەم. کاتێک سوڵتانەکان و شازادەکان، زانستی موعجیزەگەری شێعر و ئەدەب دەوجوودی پیاوانی پارێزار و دوورە گوناه و شەریفدا دەبینن، ڕێزیان لێ دەگرن و خۆشیان دەوێن و لە ماڵ و سامان بێ نیازیان دەکەن و لە لقوپۆپی دارێک کە برووسکە نەتوانێ لێی بدا، تاجیان لەسەر دەنێن تا بەهەمووان حاڵی بکەن کە هیچ کەس ناتوانێ بەو جۆرە کەسانە کە ئەو تاجەیان لەسەر ناوە، سووکایەتی بکا.»

کابرای کەواشین لەم وتارە دووروودرێژ و ڕێکوپێکەی دۆن کیشۆت وەها حەیران و واق وڕماو بووبوو کە ورد وردە لەمەڕ خەیاڵی سەرەتاییی خۆی، یانی لەمەڕ بەشێت زانینی دۆن

٣٦٧– ئیشارەیە بە دوور خستنەوەی ئۆوید شاعیری گەورەی ڕۆم کە لە ساڵی نۆی زاینی لەسەر هۆکارێکی نادیار دووریان خستەوە و لە دەربەدەریدا کۆچی دوایی کرد.
ئۆوید لە دۆستانی نزیکی ویرژێل بوو.

کیشۆت، وەشک کەوت و دەیەویست کەم کەم ئەم فکرە وەلابنێ. سانکۆ لە نێوەڕاستی قسەکانی ئەربابی خۆیدا کە زۆریشی پێ خۆش نەبوو، لە ڕێگە لای دا و ڕۆیشتە لای چەند شوانێک کە خەریکی دۆشینی مەڕەکانی خۆیان بوون تا هێندێکیان شیر لێ وەربگرێ. لەو کاتەدا کە نەجیب زادە زۆر گیرۆدە و ڕاکێشراوی هۆش و زانایی و فام و عەقڵی دۆن کیشۆت بووبوو و دەیویست درێژە بەقسەکانی بدا لە نەکاو پاڵەوان سەری بەرز کردووەوە و عارەبەیەکی بەسەر ڕێگەوە دیت کە دەهاتە بەرەوە. ئەم عارەبەیە ئاڵایەکی پێوە بوو کە نیشانی پادشاییی لێ درابوو. دۆن کیشۆت کە پێی وابوو گۆنگەڵێکی تازە خەریکە سەر هەڵدەدا، بەدەنگی بڵند سانکۆی بانگ کرد تا کڵاوخوودەکەی بۆ بێنێ. سانکۆ کە دەنگی ئەربابی بەگوێ گەیشت بەپەلە شوانەکانی بەجێ هێشت و دەنگی کەرەکەی دا و هاتە لای پاڵەوان. ئەوجار گۆنگەڵێکی ترسناک و دوور لە عەقڵ بەسەر دۆن کیشۆت هات کە لە بەشی دواییدا باسی دەکەین.



١٧

## دەرکەوتنی ئاخرین سنووری ئازایەتیی دۆن کیشۆت
## و کۆتاییپێهێنانی ئازایانەی گۆنگەڵی شێران لە لایەن پاڵەوانەوە

مێژوو بۆمان باس دەکا، لەو کاتەدا کە دۆن کیشۆت بانگی سانکۆی کرد تا کڵاوخوودەکەی بۆ بێنێ، ئەو خەریکی کڕینی پەنیری تازە لە شوانەکان بوو. سانکۆ چون لەبەر نەعرەتەی ئەرباب سەری لێ شێوابوو و نەیدەزانی چ لەو پەنیرە تازەیە بکا، کە کڕیبووی و دەچ دەفرێکی بکا، بۆ ئەوەی بتوانێ دەگەڵ خۆی بیبا، دەو فکرە کەوت کە پەنیرەکە دە کڵاوی ئەرباب بکا، چون تازە پارەکەی دابوو و نەیدەویست هەروا بەئاسانی لە دەستی بدا. بەڵێ جا سانکۆ پاش دەکارهێنانی ئەم فکرە بێ وێنەیە گەڕایەوە لای ئەرباب تا بزانێ چ فەرمایش دەکا. دۆن کیشۆت گوتی: «وەرە سانکۆ، وەرە کڵاوەکەم بۆ بێنە، چون من یا شتێک لە ڕووداوی پاڵەوانی نازانم یا ئەوەتا ئەوەی لەسەر جادە دەیبینم مەجبوورم دەکا لە ئێستاوە دەست بۆ شمشیر بەرم.» کابرای کەواشین کاتێک ئەو قسانەی گوێ لێ بوو، چاوی بەهەموو لایەکی دەڤەرەکەدا گێڕا و بێجگە لە عارەبەیەک کە دەهاتە بەرەوەو دوو یا سێ نەوار و کوتە پەڕۆ و چەند نیشانێکی پێوە بوو، هیچ شتێکی تری چاو پێ نەکەوت و وای بۆ چوو کە ئەم عارەبەیە هەڵگری پووڵ و نەغدینەی پادشایە. ئەو دۆن کیشۆتی لەم بابەتە ئاگەدار کردەوە، بەڵام دۆن کیشۆت قسەکەی نەسەلماند، چون ئەو لای وابوو هەرچی بەسەری بێ، گۆنگەڵ بەدوای گۆنگەڵدایە. لەبەرئەوە دە جوابی نەجیب زادەدا گوتی: «پیاو کە ئامادەی شەڕ بێ، نیوەی شەڕەکەی بردووەتەوە. کەوابوو من دەرفەت نادۆڕێنم و ئامادە دەبم، چون بەئەزموون تێ گەیشتووم کە دوژمنی دیار و نەدیارم زۆرن، بەڵام نازانم کە لە کوێ و لە چ کاتێکدا و بەچ شێوەیەک هێرش دەکەنە سەرم و پەلامارم دەدەن.» ئەوجار ڕووی دە سانکۆ کرد و کڵاوخوودەکەی لێ ویست. سانکۆ کە مەجالی هەڵگرتنی پەنیرەکەی نەبوو، کڵاوخوودەکەی پڕ لە پەنیر دا بەدەست ئەرباب. دۆن کیشۆت بێ ئەوەی سەرنج بدا بزانێ کڵاو خوود چیی تێدایە، وەریگرت و بەپەلە لەسەر خۆی نا. بەڵام پەنیر کە بەگوشاری سەری پاڵەوان ڕێککگووشرابوو دەستی کرد بەئاودانەوە و تکە تکی پەنیراو بەسەر و ڕووی پاڵەواندا سەرەوژێر هاتە خوار. ئەم بەزمە وەهای دۆن کیشۆت ترساند کە بەپەشۆکاوی لە

سانکۆی پرسی: «سانکۆ ئەوە چییە؟ دەڵێی جمجمەی[*] من وردوخاش بووە و مێشکم شلەقاوە یا لەسەراپام ئارەقە هەڵدەڕژێ؛ وە بەڕاستی ئەگەر ئارەقە بێ ئەوەی بزانە کە لە ترسان نییە. بێگومان ئەو گۆنگەڵەی کە لە پێش دایە زۆر ترسێنەرە، تکایە شتێکم بدەیە با چاوم بسترم چون ئەو ئارەقەیە وەها وەک سێلاو لە نێوچاوانم دێتە خوارەوە کە دەترسم کوێرم بکا.» سانکۆ بێ ئەوەی شتێک بڵێ دەسرەیەکی دا بەدەست ئەرباب و شوکری خودای کرد کە ئەربابەکەی هیچ لە ئەسڵی ڕووداوەکە تێ نەگەیشتووە. دۆن کیشۆت دەم و چاوی خۆی وشک کردەوە و کڵاوخوودەکەی لەسەر هەڵگرت تا بزانێ چی تێدایە، کە وا سەری فێنک کردووە. کاتێک چاوی بەهەویرێکی سپی لە بن کڵاوەکەی کەوت و لە لووتی خۆی نیزیک کردەوە و بۆنی کرد و زانیی چی تێدایە، هاواری لێ بڵند بووەوە کە: «بەگیانی خاتوون دۆلسینە تۆبۆزۆ سوێند دەخۆم کە ئەوە پەنیری تازەیە و تۆ ئەی مەیتەری غەیانی بێ ئەدەب و سەگباب ئەوەت دە کڵاوخوودی من کردووە.» سانکۆ بەبێ شڵەژان و بەڕیابازییەکی زۆرەوە جوابی داوە کە: «ئەرباب ئەگەر ئەوە پەنیری تازەیە بیدە بەمن با بیخۆم، یا باشترە شەیتان بیخوا چون کاری خۆیەتی و ئەو دەوێی کردووە. ئاخر ئەربابی عەزیزم ئایا من دەوێرم کڵاوخوودی بەڕێزتان پیس بکەم؟ بەڕاستی کە چاکت تاوانباری ئەسڵی ناسی! بەئیمانم سوێند دەخۆم ئەرباب، ئەو جۆرە کە خودا دە دڵی ناوم وا تێ دەگەم منیش وەک جەنابی ئێوە جادووگەرم بەدواوە هەن کە بەتاوانی ئەوەی دە خزمەت ئێوەدام، خەریکن عەزیەتم دەکەن، ئەم جادووگەرانە ئەم شتە پیسەیان دەکڵاوی تۆ کردووە تا کاسەی خۆڕاگریتان لێوڕێژ بکەن و تووڕەتان بکەن و کارێکی وا بکەن کە وەک زۆر جاریتر پەراسووم بشکێنی. بەڵام با ئەو جادووگەرانە بزانن کە ئەوجار کەڵەکەکەیان سەر ناگرێ و من بڕوای تەواوم بەتێگەیشتن و داوەریی دروستی ئەربابی خۆشەویستی خۆم هەیە، چون ئەربابی من لە من باشتر دەزانێ کە من شیر و پەنیر و شتی وام بەلاوە نییە و ئەگەر ببایە دە ورگی خۆم دەکرد، نەک دە کڵاوخوودی پاڵەوان.» دۆن کیشۆت گوتی: «بەڵێ هەموو شت ئیمکانی هەیە.» لەم ساتە وەختەدا نەجیب زادە بەسەرسووڕمانەوە چاوی لێ دەکردن و بەتایبەتی سەرسوڕماوییەکەی کاتێک لە ڕادە بەدەر زۆر بوو کە دیتی دۆن کیشۆت پاش ئەوەی دەم و چاوی خاوێن کردەوە و کڵاوخوودی لەسەر کردەوە و شمشیری تا نیوە لە کالان دەرکێشا و دەستی بۆ نێزە برد و نەعرەتەی کێشا: «ئێستا هەرچی دەبێ با ببێ، چون من وەها ئامادەم کە دەتوانم دەگەڵ خودی شەیتانیش دەستوپەنجە نەرم بکەم.»





هاوکات دەگەڵ ئەم قسانە، عارەبەکەی کە نیشانی سەڵتەنەتیی لەسەر بوو، نیزیک بووبووەوە. هاوڕێی عارەبە کەس نەبوو بێجگە لە عارەبەوان و پیاوێکی تر، عارەبەوان سواری ئێسترێک و پیاوەکەش لە پێش عارەبە دانیشتبوو. دۆن کیشۆت سەرەڕێی پێ گرتن و گوتی: «براکانم، ئێوە دەڕۆنە کوێ و ئەم عارەبەچییە؟ عارەبەکەتان چیی تێدایە و ئەم ئالآیانە نیشانەی چین؟ عارەبەوان لە وەڵامدا گوتی: «ئەم عارەبەهی منە و دوو شێرم دەناویدا ئەسیر کردووە کە زۆر جوانن و حاکمی ئۆران Oran دەیاننێرێتە دەربار و پێشکەشی خاوەن شکۆیان دەکا؛ ئالآکانیش هی وەلی نیعمەتی ئێمە پادشایە و نیشانی ئەوەیە کە هەر چی لە عارەبەکەدا هەیە ماڵی پادشایە.» دۆن کیشۆت پرسی: «شێرەکان زەلامن؟» کابرای لە پێش عارەبەدانیشتبوو گوتی: «ئەوەندە گەورەن کە هێشتا شێری ئاوا گەورە لە ئەفریقا نەهاتووەتە ئیسپانیا. من نیگابانی شێرانم و تا ئێستا چەند جار شێرم دەگەڵ خۆم هێناوە، بەڵام نە بەو گەورەییە. ئەو دوو شێرە یەکیان نێرە و ئەوی تر مێ. نێرەکە لە قەفەسی پێشەوەدایە و مێیەکە لە قەفەسی پشتەوە و هەر دووکیشیان زۆر برسین چون لە بەیانییەوە هیچیان نەخواردووە. کەوابوو تکایە بەڕێزتان سەر ڕێ بەردە با ئێمە بەپەلە بگەینە شوێنێک و شتێک بۆ خواردنی شێرەکان حەول بدەین.» ئەوجار دۆن کیشۆت بزەیەکی هات و بەلەحنێکی گاڵتەجاڕانە گوتی: «ئەو شێرە چووکانە بۆ من دەنێرن؟ ئەویش بۆ من؟ ئەویش ئەم شێرە چکۆڵانە و لەم سەعاتەی ڕۆژدا؟ زۆر باش، با وا بکەن. بەڵام ئەو ئاغایانەی کە ڕۆحەکان حازر دەکەن و ئەم شێرانەیان ناردووەتە ئێرە ئێستا دەبینن کە من پیاوێکم لە شێر بترسم یا نە. ئەهای کابرا! چاوەکەم دەگەڵ تۆمە! تۆ کە نیگابانی شێرەکانی، دابەزە و دەرگای قەفەسەکان بکەوە و لێ گەڕێ تا ئەم دڕندانە بێنە دەرەوە. من بەپێچەوانەی ڕیشی پیسی ئەو جادووگەرانەی کە ئەوانیان ناردووە لە نێوەڕاستی ئەم بیابانەدا دە وان دەگەیەنم کە دۆن کیشۆتی مانش کێیە.» نەجیب زادە لەو کاتەدا بەخۆی گوت: «بەهبەه؟ بەڕاستی کە پاڵەوان زاتی خۆی پێ ناساندین. دەرکەوت کە پەنیری تازە جمجمەی تێک هاڕیوە و مێشکی دە سەریدا نەهێشتووە.» لەو کاتەدا سانکۆش هاتە لای نەجیبزادە و گوتی: «ئەی وای! قوربان! بۆ خاتری خودای کارێکی وا بکە کە ئەربابی من دۆن کیشۆت دەگەڵ ئەو شێرانە بەشەڕ نەیە. ئەگەر ئەو پەلاماری شێرەکان بدا، ئێمە لەتوپەت دەکەن.» نەجیب زادە گوتی: «چۆن! مەگەر ئەربابی تۆ شێتە و دەیەوێ دەگەڵ ئەو شێرانە بەشەڕ بێ؟» سانکۆ گوتی: «شێت نییە، بەڵام بەغیرەتە.» نەجیب زادە گوتی: «من حەولی خۆم دەدەم نەهێڵم لێرە غیرەتی خۆی نیشان بدا.» وە پاش ئەو قسانە ڕووی دە دۆن

کیشۆت کرد و گوتی: «جەنابی سەرەک پاڵەوانی هەموو پاڵەوانانی سەرگەردان، دەبێ دە گۆنگەڵێکدا بەشداری بکەن کە تا ئەندازەیەک هومێدی سەرکەوتنیان هەبێ، نە گۆنگەڵێکی ئەوها کە هیچ هیوای سەرکەوتنی تێدا بەدی نەکرێ. ئازایەتییەکی کە دە ژێرکارتێکردنی جەسارەتدا بێ زۆرتر بەلای شێتیدا دەشکێتەوە. ئەوجار خۆ ئەم شێرانە پەلاماری ئێوەیان نەداوە و شەڕیان پێ نەفرۆشتوون. ئەوە دیارییەکە بۆ خاوەن شکۆی دەبەن و جەنابت بەوەی کە پێشت پێ گرتوون کارێکی خراپ دەکەی.» دۆن کیشۆت گوتی: «ئەی جەنابی نەجیب زادە، بەدوای کاری خۆت کەوە! تۆ دەبێ لەگەڵ ئەو سەگە فەرمان بەرەو و ئەو سمۆرە ئازایە سەروکارت بێ کە لە ماڵەوە ڕاتگرتوون و لە ئێمە بگەڕێی کاری خۆمان بکەین. ئەم کارە پێوەندیی بەمنەوە هەیە و من خۆم باشتر لە هەموو کەس دەزانم کە ئەم ئاغا شێرانە بۆ من هاتوون یا بۆ کەسێکی تر.» پاشان دۆن کیشۆت، ڕووی دە کابرای نیگابان کرد و گوتی: «ئەهای کابرای هیچ و پووچ، بەخوا قەسەم ئەگەر هەرچی زووتر دەرگای قەفەس نەکەیەوە بەو نێزەیە بەعارەبەوەت دەدرووم!»

عارەبەوان کاتێک بڕیاری بێ پاشگەز بوونەوەی ئەم تاپۆ چەکدارەی دیت، پێی گوت: «قوربان لە پایە بەرزی ئێوە تکا دەکەم، هێندێک مۆڵەت بدەن، ئێسترەکانم لە عارەبەکەمەوە و پێش ئەوەی شێرەکان لە قەفەس دەرکەون دەگەڵ ئێسترەکان خۆمان لە جێگەیەک بشارینەوە، چون ئەگەر شێرەکان ئێسترەکان بخۆن بۆ هەتا هەتا بێچارە دەبم، چون لە ماڵی دنیا بێجگە لەو عارەبەو ئەو بەستەزمانانە هیچی تر شک نابەم.» دۆن کیشۆت گوتی: «مۆمن(*)، زوو دابەزە و ئێسترەکانت لە عارەبە بکەوە و هەرچی دەتەوێ زوو جێبەجێی بکە. بەڵام زۆر زوو دەبینی کە لەخۆڕا خۆت زەحمەت دەدەی و نەدەبووایە ئەم زەحمەتە وەبەر خۆت بدەی.» عارەبەوان بەپەلە خۆی هاویشتە خوار و ئێسترەکانی لە عارەبەکە کردەوە، لە هەمان کاتدا نیگابان ڕووی دە حازران کردبوو و دەیگوت: «ئای خەڵکینە شاهید بن، ئاگەدار بن کە من بەپێچەوانەی ئیرادەی خۆم بەزۆر و کەڵەگایی، دەرکی قەفەسەکان دەکەمەوە و شێرەکان بەرهەڵدا دەکەم. من بەو پیاوە بەڕێزە هوشدار(*) دەدەم کە هەر زیان و سەدەمەیەک بەهەر کەس بگا بەرپرسییەکەی لە ئەستۆی بەڕێزیانە و تەنانەت بەرپرسیارەتی ئەوەشی بەعۆدەیە کە دەستمزد(*) و باقیی خەرج و مافەکانم پێ بدا. کەوابوو ئەی حازران پەلە بکەن و خۆتان بگەیەننە جێگەی ئەمین و لە لایەنی منیشەوە نیگەران مەبن چون یەقینم هەیە شێرەکان خۆ دە من ناگەیەنن.»

نەجیب زادە دیسان حەولی دا دۆن کیشۆت لەو شێت بازییە بگێڕێتەوە و وەبیری هێناوە





کە خۆ دەو جۆرە گۆنگەلانە هاویشتن وەک گومان کردن لە وجوودی خودا وایە. دۆن کیشۆت لە جوابیدا هەر ئەوەندەی گوت کە خۆی دەزانێ چ دەکا و نەجیب زادە دیسان گوتی: «جەنابی پاڵەوان ئامان و سەدئامان خۆت لەو گۆنگەڵە بپارێزە چون من بەیەقین دەزانم کە بەهەڵە چووی.» دۆن کیشۆت گوتی: «جەنابی ئاغا، ئێستا کە ناتەوێ بینەری ئەم بەزم و هەنگامەیە بی، باشتر ئەوەیە ڕکێف لە ماینە قزڵ ڕەنگەکەت بدەی و خۆت لە جێگەیەکی ئەمیندا بشاریتەوە.»

سانکۆش کە گوێی لە قسەکانی ئەربابەکەی بوو بەگریانەوە هاتە لای و لەبەری پاڕاوە کە دەست لەو کارە پڕ مەترسییە هەڵبگرێ و لە هەمان کاتدا دەستی کرد بەهەڵسەنگاندن و بەراورد کاری و گوتی کە تەواوی ڕووداوەکانی ڕابردوو وەک ڕووداوی ئاشەباییەکان و ڕووداوی ئاو دینگەکان و تەواوی دلاوەری و هونەرنوێنییەکانی ڕابردوو، دەبەرامبەر ئەو یەکەدا وەک ئاو خواردنەوە بوون. سانکۆ هاواری دەکرد و دەیگوت: «ئای ئەرباب! ئەمان ئامان! نەکەی، کاری وا نەکەی! لێرە ئیتر نەقڵ و نەزیلەی سێحر و جادووگەری لە ئارادا نییە. من لە پشت میلە ئاسنینەکانی قەفەس و لە پشت کەلێن و کونەکانەوە پەنجەی شێری ڕاستینم، چاو پێ کەوت و گەیشتوومە ئەم ئاکامە کە شێری خاوەن ئەم پەنجانە لە کێو گەورەترە.» دۆن کیشۆت گوتی: «خۆت کەر مەکە هەتیو! وەک تۆ ترس ڕووی تێ کردووی، زۆری پێ ناچێ، ئەو شێرەت پێ لە نیوەی دنیا گەورەتر دەبێ! بڕۆ سانکۆ، لە من گەڕێ بڕۆ! ئەگەر من مردم دەزانی کە دەپێشدا چ قەرارێکمان داناوە. دەسبەجێ دەچیتە خزمەت خاتوون دۆلسینە و ئیتر بەپێویستی نازانم چی ترت پێ بڵێم.» دۆن کیشۆت هێندێکی ترشی لەسەر ڕۆیشت و هومێدی کەسانێکی کە دەیانویست لەو بڕیارەی داویەتی پەژیوانی بکەنەوە. هەمووی بەبا دا.

کابرای کەواشین دەیویست بەزۆر دۆن کیشۆت لەو کارە پاشگەز بکاتەوە، بەڵام لە باری چەکوچوڵەوە یەکسانی لە نێوانیاندا نەبوو، بێجگە لەوەش بەکارێکی عاقڵانەی نەزانی لەو کاتەدا دەگەڵ دۆن کیشۆت بەشەڕ بێ، چون دەیزانی شێتییەکەی گەیشتووەتە ئەوپەڕی خۆی و لە هیچ پشت ناکاتەوە.

دۆن کیشۆت دیسان ڕووی دە نیگابانی شێرەکان کردەوە و بەهەڕەشە و گوڕەشە خستیە ژێر گوشاری زۆرتر؛ هەر لەوکاتەدا کابرای کەواشین سواری ماینی قزڵ و سانکۆ سواری کەرەکەی و عاڕەبەوان دەگەڵ ئێسترەکانی بەهەڵاتن دوور کەوتنەوە تا بەر لەوەی شێرەکان لە قەفەس وەدەر کەون، خۆیان لە مەعرەکە دەرباز کردبێ. سانکۆ بۆ مەرگی ئەربابی خۆی

دەگریا و بەیەقین پێی وابوو دۆن کیشۆت ئەوجار ڕزگار نابێ و دە ژێر پەنجەی شێردا دەمرێ؛ مەیتەری بێ نەوا نەفرینی بۆ ئەستێرەی یەغبالّی خۆی دەنارد و لەعنەتی ئەو سەعاتەی دەکرد کە دووبارە دەگەڵ ئەرباب کەوتبووەوە. بەڵام دەگەڵ گریاندا لە بیری چووبووەوە کە خۆش دەکەرەکەی وەژێنێ و هەرچی مومکینە زووتر لە عارەبە دوور کەوێتەوە.

کاتێک نیگابان دیتی کە هەڵاتووەکان بەئەندازەی پێویست لە عارەبەکە دوور کەوتوونەتەوە جارێکی تریش بەپاڕانەوە ڕووی لە دۆن کیشۆت کرد، بەڵام دۆن کیشۆت گوتی: «من لە مەبەستت حالیم، بەڵام» دەست لەو گریان و لالانەوەیە هەڵبگرە دەنا خۆت تووشی زەحمەت دەکەی؛ کەوابوو باشترە پەلە بکەی.» لەو ماوە کورتەدا کە نیگابان خەریک بوو درگای قەفەس بکاتەوە، دۆن کیشۆت فکری کردەوە کە ئایا شەڕ دەگەڵ شێرەکان بەسواری باشترە یا پیادە و سەرەنجام چون ترسا کە ڕۆسی نانت لە شێرەکان بترسێ و بسڵەمێتەوە، بڕیاری دا کە پیادە بەگژیاندا بچێ. پاڵەوان دەستبەجێ لە پشتی زینەوە خۆی فڕێ دا، نێزەی تووڕ هەڵدا، مەتاڵی بەدەستەوە گرت و شمشیری لە کالان دەرکێشا، پاشان بەهەنگاوی قورس و مەحکەم و بەدڵێکی پڕ لە غیرەت و ئازایەتییەوەپێشی بەعارەبەگرت و دەپێشدا لە قووڵاییی دڵەوە خۆی بەخودای مەزن و پاشان بەدڵبەری عەزیزی خۆی دۆلسینە ئەسپارد.

دەبێ بزانین کە نووسەری ئەم داستانە ڕاستینە کاتێک دەگاتە ئێرە، بەشۆر و هەیەجانێکی زۆرەوە کە لە ئافەرین و واق وڕماوییەوە سەرچاوەی گرتووە هاواری لێ بەرز دەبێتەوە کە: «ئەی دلاوەری گەورە، ئەی دۆن کیشۆتی مانش، ئەی پاڵەوانی نەبەز و بوێر، کە باسی ئازایەتی و نەترسیت بەهیچ زبان و قەڵەمێک ناکرێ، ئەی ئاوێنەی بالانوێنی پاڵەوانەتی کە هەموو پاڵەوانانی دنیا دەتوانن بەژن و بالای مەردانەیان دەتۆدا ببینن! ئەی «دۆن مانۆیل» Don manuel ی و ئەی «پۆنس دۆلێۆن» Ponce de Leon، دلاوەرێک کە مایەی شانازی و شەڕەفی ئیسپانیا بوو. ئاخر من بەکام زبان باسی نەترسان و ئازایەتیی تۆ بکەم؟ کام شایەتی و بەڵگە و شیکردنەوەیەک بێنمەوە تا داستانی ئەم ئازایەتییە لە باوەڕنەهاتووەی تۆ لە سەدەکانی داهاتووی مێژوودا، باوەڕ پێ بکەن؟ چ تەوسیفی حاڵێک هەرچەند تەژی بێ لە زێدە گوتن و پێوەنان[*]، بدۆزمەوە کە شایانی شەڕەف و شانازیی تۆ بەتەواوی باس بکا؟ تۆی بەپێی پیادە، تاک و تەنیا، بەدڵێکی پڕ بوێری و ئازایەتییەوە،بەورەیەکی بەرزەوە، لە حاڵێکدا تەنیا شمشیرێکی ژەنگاوی و کۆنت







بەدەستەوە بوو، نەک شمشیرێک کە تیغە تیژەکەی سەگ نیشان[٣٦٨] بێ، وە بەدەستەکەی ترتەوە مەتاڵێکت هەڵگرتبوو، ئەویش نەک لە پۆلای ئاودیتە[*] و برووقەدار، بەهەنگاوی پتەو ڕۆیشتیتە بەرەوە و لە چاوەڕوانیی شێرانێکدا کە جەنگەڵەکانی ئەفریقا لە ئامێزی خۆیاندا پەروەردەیان کردوون ڕاوەستاوی. ئا، ئەی پاڵەوانی دلاوەری مانش، لێ گەڕێ با پێدا هەڵگوتنی تۆ ئازایەتی و هونەرنوێنییەکانی تۆ بیکەن و بیلێنەوە، چون من ئەو زبانە پاراوەم نییە کە ئەوەی شایانی تۆیە بەسەر زبانمیدا بێنم.»

لێرەدا نووسەر کۆتایی بەمەدح و پەسندانی خۆی دێنێ و دوو سەرەبەنی هەودای داستان وێکدێنێتەوە. ئەو دەڵێ کە کاتێک نیگابانی شێرانی باغی وەحش دیتی کە دۆن کیشۆت ئامادەی جەنگە، لە ترسی ئەوەی بکەوێتە ژێر گورزی ڕق و تووڕەییی پاڵەوان، ناچار دەرگای قەفەسی شێری نێر دەکاتەوە. هەر دووک تای دەرگای قەفەس دەخاتە سەر پشت و شێر بەگەورەیی و ترسێنەرییەکی کە بەکەس باس ناکرێ، بەحاڵەتێکی تووڕە و زراوتۆقێن، خۆی نیشان دا و هاتە دەرەوە. یەکەم کاری کە ئەم گیاندارە دڕندە کردی، ئەوە بوو کە هەستا و یەک دوو جار لە ناو قەفەسەکەدا هات و چوو، پاشان تا دەیتوانی نیو قەدی خۆی وێک هێنا، خۆی لەبەر یک کێشاوە و دەستەکانی بۆ پێشەوە درێژ کرد و پەنجە تیژەکانی لێک کردەوە. پاشان زاری کردەوە، باوێشکێکی لەسەرەخۆی هەڵکێشا و زبانی بەدرێژاییی نیوگەز دەرکێشا، چاوی بەزبانی خاوێن کردەوە و دەم و چاوی خۆی شوشت. پاش ئەو کارە سەرەتاییانە سەری لە قەفەس هێنا دەر و بەچاوی ئاگر بارەوە، کە وەک ئەستێرەی درەوشان دەدرەوشان، چاوی لە هەموو لایەک کرد. نیگا و بزووتنەوەکانی بەس بوو بۆ ئەوەی کە خودی ئازایەتی و بوێریش تووشی ترس و هەراس بکا. تەنیا دۆن کیشۆت بوو کە بەهەموو سەرنجێکەوە تەماشای شێرەکەی دەکرد. لەو حەسرەتەدا دەسووتا کە شێر هەرچی زووتر لە عارەبەکە بێتە خوارەوە ئامبازی[*] بێ، چون پاڵەوان یەقینی هەبوو کە ئەم دڕندەیە دەنێو دەستوپەنجە بەهێزەکانی خۆیدا هەڵدڕ دەکا.

بەڵێ، شێتیی لە بڕوا نەهاتووی دۆن کیشۆت گەیشتبووە ئەو پەڕی خۆی. بەڵام شێری جوامێر هیچ ئاوڕێکی لەو منداڵبازییانەی دۆن کیشۆت نەدایەوە و بەپیاویشی نەزانی و

---

٣٦٨– لە سەدەی پازدەمدا پیاوێکی عەرەب لە رەگەزی عەرەبی مەغریبی لە شاری «تولێد» شمشیری زۆر باشی دروست دەکرد کە عەلامەتی تۆڵەسەگیان لەسەر بوو. ئەم شمشیرە لە سەرانسەری ئورووپادا نێو بانگی ڕۆیشتبوو. (مۆریس باردۆن)

پاش ئەوەی چاوی بەهەر دووک لای خۆیداخ شاند ڕووی وەرگێڕا و پشتی دەپاڵەوان کرد و دووبارە ڕۆیشتەوە ناو قەفەسەکەی خۆی و لێی ڕاکشا. کاتێک دۆن کیشۆت ئەوەی چاو پێ کەوت فەرمانی بەنیگابان دا کە بەدارێک دە گیانی شێرکە بەربێ و تووڕەی بکات. نیگابان هاواری کرد: «ئەی ئەمان، من ئەو کارە ناکەم. چون ئەگەر تووڕە بێ، یەکەم کەسی کە هەڵی دەدڕێ منم. جەنابی پاڵەوان، بەڕێزتان بەوەندەی کردتان ڕازی بن؛ ئەوە خۆی ئەو پەڕی ئازایەتی بوو و ئیدی چی تر بەختی خۆتان بەتاقی مەکەنەوە. دەرگای قەفەس بەڕووی شێردا کراوەتەوە و حەیوان بەدەست خۆیەتی بێتە دەر یا دەوێدا بمێنێتەوە، ئێستا کە نەهاتەدەر خاترجەم بە تا ڕۆژیش ئاوا دەبێ نایەتە دەر. (الحق و ولانصاف) پیاو حەقی خودا بڵێ، جەنابی بەڕێزتان گەورەیی ڕۆحی خۆتان نیشان دا. ئەو جۆرەی من تێی دەگەم هیچ کام لە ئازایانی عالەم زۆرتر لەوەیان ئەرک نییە کە حەریفی خۆیان بۆ بەرەنگاری بانگهێشت بکەن و لە مەیدانی ئاوەڵا چاوەدێریی بکەن. ئێستا ئەگەر حەریف نەهات فەزیحەتی شکست و بەزین و عەیب و عار دەکەوێتە سەر شانی ئەو. وە خەباتگێڕێک لەسەری وەخت لە مەیدان ئامادە ڕادەوەستێ تاجی شانازیی سەرکەوتن دەرفێنێ.» دۆن کیشۆت گوتی: «دۆستی من بەڕاستی ئەوەی تۆ دەیڵێی دروستە. کەوابوو دەرگای قەفەسەکە ببەستە و بەباشترین ڕستە و دەستەواژەیەک کە خۆت دەیزانی شایەدینامەیەکم لەمەڕ ئەوەی دیوتە و شایەد بووی، بۆ بنووسە، بۆ نموونە بنووسە کە تۆ خۆت بەدەست خۆت دەرگای قەفەسی شێرت کردووەتەوە و من چاوەڕوانیم کرد بەڵام شێر وەدەر نەکەوت. دووبارە ڕاوەستام و دیسان ئەو حەیوانە نەهاتە دەرەوە و دیسان دە قەفەسەکەیدا خەوتەوە. من ئیتر ئەرکی خۆم ئەنجام داوە و قەرزداری کەس نیم. ئێستا ئەی جادووگەرانی نگریس بکشێنەوە! خوداوەند پشتیوانی حەق و عەداڵەت و ڕاستی و دروستکاری پاڵەوانانی بێ! تۆ هەر وەک پێم گوتی دەرگای قەفەس ببەستە تا من بانگی ئەو هەڵاتووانە بکەم و باسی ئەو دلاوەرییە لە زبان تۆوە ببیسن.»

نیگابان بۆ قەپاتکردنی درگای قەفەس چاوەڕوان نەبوو کە دۆن کیشۆت جارێکی تریش فەرمانی پێ بدا و پاڵەوانیش ئەو دەسرەیەی پەنیراوی پێ لە دەموچاوی خۆی ئەستڕیبوو، لەسەری نێزەکەی بەست و دەستی کرد بەڕاوەشاندنی نێزە و بەمجۆرە ئەو عالەمەی بانگ کردەوە کە هەڵدەهاتن و جاروبار ئاوڕیان دەداوە و لە دەوری نەجیب زادە کۆ بووبوونەوە. یەکەم جار سانکۆ بوو کە چاوی بەو عەلامەتدانەی پاڵەوان کەوت و بەوانی تری گوت: «بەمەرگی خۆم پاڵەوان شێرەکانی کوشتووە و ئێمە بانگ دەکاتەوە. هەرسێک کەس





ڕاوەستان و تێ گەیشتن ئەوەی کە عەلامەت دەدا دۆن کیشۆتە. ترسیان کەمتر بووەوە و هێندێک گەڕانەوە دواوە تا گەیشتنە جێگەیەک کە دەنگی دۆن کیشۆتیان گوێ لێ دەبوو و لێیان حاڵی دەبوو کە پاڵەوان بەناو، بانگیان دەکا.

سەرەنجام هەموویان هاتنە تەنیشت عارەبەو کاتێک هەموویان گەیشتنە جێ، دۆن کیشۆت بەعارەبەوانی گوت: «زووبە برا ئێسترەکانت دە عارەبەکە بکەوە و درێژە بەسەفەری خۆت بدە. تۆش ئەی سانکۆ، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوەی من لێرە ڕاگیرم کردن هێندێک وەدرەنگیم خستن، دوو ئەشرەفیی زێڕ بدە بەو و بەنیگابانی شێرەکان.» سانکۆ گوتی: «من ئەو پووڵە بەدڵ و گیان دەدەمە خزمەتیان، بەڵام بفەرموو بزانین شێرەکان چیان بەسەر هات؟ مردوون یا ماون؟»

ئەوجار نیگابانی شێرەکان کە هاتبووەوە سەر حاڵ و کەیفی زۆر ساز بوو، کۆتایی هاتنی شەڕی دۆن کیشۆت و شێرەکانی بەوردی و بەئیشتیاوە گێڕاوەو دەتاریف و پێداهەڵگوتنی پاڵەواندا هیچی تێدا نەهێشتەوە.

ئەو گوتی: «هەر چەند من بۆ ماوەیەکی درێژ درگای قەفەسەکانم کردەوە، بەڵام شێر هەر کە چاوی بەپاڵەوان کەوت لە ترسان چرتەی نەکرد و نەهاتە دەرەوە؛ وە چون من عەرزی پاڵەوانم کرد کە وەخۆ خستنی شێر و مەجبوور کردنی بەهاتنە دەر لە قەفەس کفرە و وەک ئەوە وایە دەبوونی خوداداشک بکەی، ئەو گەورەوارە بەخۆڕاگری و زاڵ بوون بەسەر نەفسی خۆیدا و بەپێچەوانەی مەیلی دڵی خۆی ئیجازەیان پێ دام دەرگای قەفەس دابخەمەوە.» دۆن کیشۆت دەنگی بەرز کردەوە و گوتی: «ها سانکۆ! تۆ چیت بەنەزەر دەگا؟ ئایا لە دنیادا هیچ سیحر و جادوویەک هەیە کە دە بەرامبەر ئازایەتی ڕاستین و ورەی بەرزدا خۆ ڕابگرێ؟ سیحر و جادوو ڕەنگە بتوانن لە بەخت و یەغباڵی باش بێ بەشم بکەن، بەڵام ناتوانن ورە و بوێریم لێ بستێنن.»

سانکۆ دوو ئەشرەفیی زێڕی دا، عارەبەوان ئێستری لە عارەبەبەستنەوە. نیگابانی شێران دەستی دۆن کیشۆتی ماچ کرد و بەڵێنی دا باسی ئەو ئازایەتییە تەنانەت بۆ پادشاش بگێڕێتەوە. دۆن کیشۆت درێژەی بەقسان دا و گوتی: «ئەگەر خاوەن شکۆ لێی پرسی کێ ئەو هونەرەی نواند، بڵێ پاڵەوانی شێر شکێن کردی، چون من دەمەوێ لەمەودوا لەقەبی پاڵەوانی خەمگین ڕوخسار لەسەر خۆم وەلابەرم و ناوی شێر شکێن لەسەر خۆم دابنێم. من لە گۆڕینی ئەم ناوەدا تەنیا دەمەوێ لە ڕەسم و ئاینی پاڵەوانانی سەرگەردانی

ڕابردوو پەیرەوی بکەم، چون ئەوان هەر کات خۆیان هەوەسیان دەکرد یا هۆکارێک دنەی دابان ئەو کارەیان دەکرد.[٣٦٩]» پاش ئەو فەرمایشاتە عارەبەوان ڕێگەی خۆی گرتە بەر و دۆن کیشۆت و سانکۆ و نەجیب زادەی کەواشین مانەوە و ئەوانیش بەڕێی خۆیاندا وەڕێ کەوتن.

لە تەواوی ئەو ماوەیەدا «دۆن دیەگۆ میراندا» وەها چووبوو دە فکری لێکدانەوەی ڕەفتار و گوتاری دۆن کیشۆتەوە کە یەک وشەی بەسەر زاریدا نەهات. پاڵەوان لە لای ئەو، پیاوێکی عاقڵی مفتەلا بەجۆرە شێتییەک بوو کە لە هەمان کاتدا زۆر تێگەیشتوو وزیت و وریا بوو. ئەو هێشتا هیچ ئاگەدارییەکی لە بەشی یەکەمی داستانی دۆن کیشۆت نەبوو، چون ئەگەر ئەو بەشەی خوێندباوە هێندە لە ڕەفتار و قسە و کردەوەکانی پاڵەوان تووشی سەرسووڕمان نەدەبوو، وە بەباشی دەیزانی کە شێتییەکەی چ جۆرە شێتییەکە. دۆن دیەگۆ چون دۆن کیشۆتی نەدەناسی جاروبار ئەوی بەپیاوێکی عاقڵ و زانا دادەنا و جاروبار وەک شێتێک دەهاتە بەر چاوی. چون دۆن کیشۆت هەر چی دەیگوت، دروست و مەنتیقی و عاقڵانە بوو، قسەکانی بەڕێ و جێ بوون، لە گوتاردا زۆرِ ڕەوان و ڕاوێژ خۆش و قسەکانی پڕ ناوەرۆک بوون و هەرچی دەیکرد سەیروسەمەرە و شێتانە و بێ مانا و لە ڕووی نەترسی و ڕووداریی‌ەوە بوو. نەجیب زادە بەخۆی دەگوت: «چ شێتییەک لەوە باڵاتر کە پیاو کڵاوخوودێکی پڕ لە پەنیری تازە لەسەر بنێ و پێی وابێ جادووگەران جمجمەیان تێک هاڕیوە؟ چ نەترسی و شێتییەک لەوە سەرتر کە پیاو بیەوێ بەگژ شێری دڕندەدا بچێ؟ دۆن کیشۆت نەجیب زادەی لەو خەیاڵانە ڕزگار کرد و لە ورتە ورتی دەروونی خۆی دەری هێنا و لە پڕ گوتی: «جەنابی دۆن دیەگۆ میراندا، مەرج دەکەم کە جەنابتان من بەپیاوێکی شێت و بێ عەقڵ دەزانن. من لەوەی کە تۆ وام تێ دەگەی بەهیچ جۆر ناڕەحەت نیم. چون ڕەفتار و ئاکاری من بێجگە لەوە هیچ شتێکی تر ناگەیەنێ. باشە، بەڵام دەمەوێ بەڕێزتان لەوە حاڵی بکەم کە هێندەش کە تۆ پێت وایە شێت و مالیخولیا نیم! ئەڵبەتە لە پاڵەوانێکی ڕازاوەی بەخۆداهاتوو ئەوە دەوەشێتەوە کە لە مەیدان ڕاوەستێ و لە بەرامبەر چاوی پادشادا نێزە لە گایەکی ملهوڕ و پڕ زۆر بدا. شایستەی پاڵەوانێک کە لەسەرەوە تا بەری پێی دەچەکاندا ڕەش هەڵگەڕاوە و برووقە و ترووسکەی چەکەکانی چاوی مرۆڤ خیرە دەکا، ئەوەیە کە

٣٦٩– مەبەست ئامادیسی گۆڵە کە مورشید و شێخی دۆن کیشۆت بوو. ئامادیس زۆر جار لەقەبی خۆی دەگۆڕی وەک پاڵەوانی شێران، پاڵەوانی سوور، پاڵەوانی شیر سەوز، پاڵەوانی خرپنە، پاڵەوانی دوڕگە و پاڵەوانی یۆنانی (loویی و یاردۆ)





لەبەر چاوی خانم و خاتوونی جوان و نەرمونۆڵ و خڕوخۆڵ لە کێبەرکێی شاد و خەمڕەوێندا بەدەوری مەیداندا بسووڕێتەوە و غار غارێن بکا. بەکورتی لە پاڵەوانانی دەرباری ئەوە دەکاڵێتەوە کە ببنە هۆی شادی و بێ غەمیی پادشا و شازادەکان و دەربارییەکان و تەنانەت ئەگەر بکرێ، دەڵێم بەکارە بەڕواڵەت پاڵەوانییەکانیان ببنە هۆی فەخر و شانازیی دەربار. بەڵام بۆ پاڵەوانێکی سەرگەردان باشتر وایە کە لە بیابانی چۆل و بەرەهووتدا و لەسەر ڕێگەوبان و جادە دوورە دەستەکاندا ولە جەنگەڵ و لێڕەوار و چیاکاندا ئاوارە و سەرگەردان بێ و بەدوای گۆنگەڵ و ڕووداوی پڕ مەترسیدا بگەڕێ و تەنیا دەروەستی ئەوە بێ کە بۆ وەدەستهێنانی ناوبانگی هەتا هەتایی ڕووداوەکان بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێ بێنێ. دیسان دەڵێم بۆ پاڵەوانی سەرگەردان کاری شایستە ئەوەیە بەهاواری بێوەژنێکی لێقەوماو بگا نەک ئەوەی وەک پاڵەوانی دابەستەی دەرباری کچێکی شارستانی بەناز و عیشوە هەڵفریوێنێ. لەوەش تێ پەڕێ، تەواوی پاڵەوانانی سەرگەردان ئەرکی تایبەت بەخۆیان هەیە. ئەرکی پاڵەوانی دەرباری ئەوەیە کە خزمەتی ژنە جوانەکان بکا و بەنیشان و عەلامەتی پاڵەوانیی خۆیەوە ببێتە هۆی سەربەرزی و شانازیی دەرباری پادشای خۆی و نەجیب زادە فەقیر و دەس تەنگەکان بانگهێشتی سەر سفرەی ڕازاوە و شاهانەی خۆی بکا و لە مەیدانی کێبەرکێدا حەریفان بۆ کەللە(*) لە کەللەدان دەنگ بدا و لە جێژنە پاڵەوانییەکاندا بەشدار بێ و هەموو کات خۆی گەورە و جوامێر و ڕازاوە و بەشکۆ، بەتایبەتی مۆمن بەدینی مەسیح، نیشان بدا و کاتێک ئەم ئەرکانەی ئەنجام دا کاری خۆی بەتەواوی و بەشێوەیەکی شایستە بەئەنجام گەیاندووە، بەڵام ئەرکی پاڵەوانی سەرگەردان ئەوەیە هەموو کەلێن و قوژبنی ئەم دنیایە بخولێتەوە و بڕواتە ناو دەخمە و ئەشکەوت و ئەشکۆنی وا کە هاتنەوە دەر لێیان مومکین نەبێ و لە هەر هەنگاوێکدا دەگەڵ دژوارترین کاری مەحاڵ ڕووبەڕوو بێتەوە و لە نێو بیابانی قاقڕدا بەتاوی بەتینی نێوەڕاست مانگی هاوین بسووتێ و هەڵقرچێ و بەسەرمای سەختی چلەی زستان لە با و بۆران و سەهۆڵبەنداندا هەڵلەرزێ و دە بەرامبەر دێوان و غوولاندا خۆی نەدۆڕێنێ و لە هێرشی شێر هەترەشی نەچێ. چون ڕاوەستان و خۆڕاگری لە بەرامبەر دێو و درنج و گورگ و شێر و پڵنگدا ئەرکی سەرەکیی پاڵەوانانی سەر گەردانە، منێک کە بەحوکمی چارەنووس و قسمەت هاتوومە نێو تایفەی پاڵەوانانی سەرگەردان و یەکێکم لەو تاقمە ناتوانم لە ئەنجامدانی کارێک کە بەڕای من لە ئەرکەکانی ئەم شوغڵەیە خۆم بشارمەوە. کەوابوو پەلاماردانی ئەو شێرانە ئەرکێک بوو دەبوایە ڕای پەڕێنم هەرچەند دەمزانی کە نەترسی و

ئازایەتیی من لەو کارەدا لە سنووری خۆی تێ پەڕیبوو. من زۆر باش دە مانای ئازایەتی و لێهاتوویی دەگەم و دەزانم کە ئازایەتی فەزیلەتێکە دەکەوێتە نێوان دوو ڕەزیلەتی ترس و پڕڕوویییەوە؛ بەڵام قەباحەتی ئەخلاقیی پیاوێکی ئازا کە ئازایەتی دەگەیەنێتە سنووری ڕووداری و بێ حەیایی لە قەباحەتی ئەخلاقیی کەسێک کە دەکەوێتە خوارووترین پلەی ترس و بێ غیرەتی زۆر زۆر کەمترە، چون هەر وەک سەخی بوون بۆ پیاوی دەست بڵاو ئاسانترە لە پیاوی چنۆک(*) و خەسیس، گەیشتن بەئازایەتیی ڕاستەقینەش بۆ پیاوی ئازا و ڕوودار و بێ حەیا ئاسانترە لە پیاوی ترسەنۆک و خوێڕی، لە واری ڕووبەڕووبوونەوە دەگەڵ ڕووداوی پڕ مەترسیشدا باوەڕ بکە کە پاشەکشە لە چوونە پێش زۆرتری شکست و تێکشکان بەدواداهەیە. چون کاتێک بڵێین بۆ نموونە: «ئەم پاڵەوانە بێ باک و ڕووداره» زۆرتر بەلای خەڵکەوە پەسەندە تا ئەوەی بڵێین: »ئەم پاڵەوانە شەرمێون و ترسەنۆکە.» دۆن دیەگۆ گوتی: «من باوەڕ دەکەم کە ئەوەی دەیفەرمووی و ئەوەی کردووتە هەمووی بەپێوەری عەقڵ و مەنتیق دروستن و یەقینم هەیە ئەگەر دابونەریتی پاڵەوانانی سەرگەردان لە دنیادا نەمابایە جارێکی تر لە دڵی جەنابتاندا کە خەزینە و جێگەی ئەم دابونەریتەیە دەهاتەوە ئارا و زیندوو دەبووەوە. بەهەرحاڵ درەنگە و با هێندێک پەل ببزێوین(*) و زووتر بگەینە گوند و ماڵی من. لە ماڵی من بەڕێزتان دەحەسێنەوە و ماندوویی دەردەکەن. ئەو هەموو زەحمەت و ماندوو بوونە ئەگەر جەستەی ئێوەشی ماندوو نەکردبێ، بێگومان ڕۆح و گیانتانی ماندوو کردووە و ماندوێتیی ڕۆح، خۆی لەش و جەستەشدا دەتەپێنێ.» دۆن کیشۆت گوتی: «جەنابی دۆن دیەگۆ، من دەعوەتی ئێوە بەشانازی و بەسپاسی زۆرەوە قەبووڵ دەکەم.» ئەوجار هەرسێک کەس سوارەبەرەکانیان بەلەز و پەلەیەکی زۆرترەوە ئاژواند و نزیک سەعاتی دووی پاش نیوەڕۆ بوو کە گەیشتنە ماڵی دۆن دیەگۆ کە دۆن کیشۆت ناوی پاڵەوانی سەوزپۆشی پێ دابوو.



١٨

## لەمەڕ ئەو ڕووداوەی لە قەڵا یا ماڵی پاڵەوانی سەوزپۆشدا بەسەر دۆن کیشۆتدا هات و باقیی ڕووداوە سەیرەکان

دۆن کیشۆت، ماڵی دۆن دیەگۆی وەک هەموو ماڵە زۆزانییە(*) هەراوەکان بەگەورە هاتە بەر چاو. لەسەر دەرگای ماڵەکە نەخشی چەند جۆر چەکی چاو پێ کەوت کە لەسەر بەرد هەڵکەندرابوون. لە شوێنی وە ژوورکەوتنی ژێرخانی ماڵ کە بەرەو حەوشە دەکراوە، چەندین کووپەی گەورەی گڵینە بۆ شەڕاب دروست کردن، لە بازنەیەکی گەورەدا چندرابوون. ئەم کووپانە لە تۆبۆزۆ دروست دەکران و هەر ئەوەش دۆن کیشۆتی بەبیر نازدارە خۆشەویستە تەلیسم کراوەکەی، خاتوون دۆلسینە دەخستەوە. تا ئەو جێگەی بێ ئەوەی بزانێ دەڵێ چی یا ئەو کەسانەی لەوێ بوون بەهێند بگرێ بەگریان و ناڵەوە گوتی: «ئاخ ئەی خەزێنەی پەسندی دڵە زامارەکەم کە تۆم بۆ ڕۆژەڕەشی و بەدبەختیی خۆم دۆزییەوە! ئەی خەزێنەی کە خودا نەیویست بۆ من شیرین و دڵبزوێن بی، ئەی کووپەکانی تۆبۆزۆیی کە گەنجینەی غەم و پەژارەکانتان بیر خستمەوە!» لەو ساتە وەختەدا، خوێندکاری شاعیر، یانی کوڕی دۆن دیەگۆ کە دەگەڵ دایکی هاتبوونە پێشوازیی دۆن کیشۆت، ئەم قسە پڕ لە غەم و پەژارانەی پاڵەوانی گوێ لێ بوو و دایک و کوڕ لە دیتنی سەر و قیافەی دۆن کیشۆت گێژ و وڕ بوون. پاڵەوان هەر دەگەڵ پیادە بوون بەنەزاکەت و ئەدەبی زۆرەوە هاتە بەرەوە تا دەستی خانم ماچ بکا و دۆن دیەگۆش بەخێزانی گوت: «خاتوون، تکایە بەو لوتف و دڵۆڤانییە کە تایبەتی خۆتە لە جەنابی ئاغا، دۆن کیشۆتی مانش پێشوازی بکە؛ من ئەوان وەک پاڵەوانی سەرگەردان بەحزووری مەبارەکتان دەناسێنم و عەرزتان دەکەم کە بەڕێزیان ئازاترین و بەهۆشترین پاڵەوانێکن کە لەسەر دنیا دەتوانی چاوت پێی بکەوێ.» خاتوون کە ناوی «دۆنا کریستینا» Dona Cristina بوو پاڵەوانی بەیەک دنیا ڕوو خۆشی و ئەدەب و نەزاکەتەوە وەرگرت و دۆن کیشۆتیش بەقسەی جوان و ڕازاوە و پیاوانە عەرزی خزمەتگوزاری و ئیرادەتی کرد. دۆن کیشۆت دەگەڵ لاوی دەرس خوێنیش هەروا بەئەدەب و میهرەبانی و ڕێزەوە تۆقەی کرد. لاوەکەش دۆن کیشۆتی وەک پیاوێکی زانا و ماقووڵ و بەئەزموون وەبەر دڵی کەوت(*).

لێرەدا نووسەری داستان هەموو ڕووداوەکانی ماڵی دۆن دیەگۆ بەوردی باس دەکا و یەک

یەکی ئەو ئەسپاباتە(*) جوانانەی کە لە ماڵی نەجیبزادەیەکدا دەبێ هەبێ، باس کردووە، ئەویش نەجیب زادەیەکی دەوڵەمەندی زۆزان نشین. بەڵام وەرگێڕی عەرەب وای بەباش زانیوە ئەم باسە بقرتێنێ و بێدەنگەی لێ بکا. چون پێوەندییەکی بەبابەتی سەرەکیی داستانەوە نییە و ئەم وردە باسانە ببن یا نەبن دە حوکمێکدایە(*).

بەڵێ جا، دۆن کیشۆتیان بردە ناو هۆدەیەک کە لە وێدا سانکۆ جلوبەرگی شەڕی لەبەر داماڵی؛ تەنیا شتێک کە دەبەر پاڵەواندا مایەوە شەڵواری درێژی سەفەری و کولەجەیەک لە پێستە بزن بوو کە هەردووکیان بەژەنگی چەکوچۆڵ پەڵەیان لەسەر نیشتبوو. دۆن کیشۆت یەخەیەکی وەک یەخەی قوتابیانی لە ملدا بوو کە ئاهار و تۆڕی نەبوو. چەکمە کورتەکانی زەرد و کەوشەکانی واکسی زۆری لێ درابوو. پاڵەوان شمشێری ئاوداری خۆی کە بەبەندێکی چەرمی لە پێستی گورگی دەریاییەوە هەڵاوەسرابوو، دەشانی کرد. چون ئەو هەرگیز شمشێری لە کەمەری نەدەبەست. وەک دەیانگوت چەند ساڵێک بوو کەمەری ژانی دەکرد. بێجگە لەوانە شنێلێکی قوڵەی لە پارچەیەکی قاوەیی ڕەنگیشی بەشانی دادا. پاڵەوان پێش ئەو کارانە سەر و دەم و چاوی خۆی دە پێنج شەش تەشت ئاوی گەرمدا خاوێن کردەوە. (لەسەر ژماری تەشتەکان یا لەگەنەکان جیاوازیی بیروڕا هەیە) وە بەو حاڵەشەوە چون سانکۆپانزای زگ جەردە(*) و چڵێس بەو پەنیرەی کە کڕیبووی و دە کڵاوخوودی ئەربابی کردبوو سەر و گوێلاکی پاڵەوانی وەها پیس کردبوو کە ئاوی لەگەنی ئاخریش هێشتا ڕەنگی شیریی هەبوو.

پاڵەوان پاش ئەو خۆ خاوێن کردنەوە و پاش ئەوەی لیباسێکی خاوێن و تازەی دەبەر کرد و قیافەیەکی بەویقار و بەڕێز و میهرەبانی بەخۆوە گرت، ڕۆیشتە ژوورێکی تر کە لاوی دەرس خوێن لە وێ چاوەڕوانی بوو و دەیویست تا ئامادە بوونی سفرە و چنینی خۆراک و خواردەمەنی هاوڕێی میوان بێ. ئەم پەزیراییە شاهانەیە بەئەمری خاتوون دۆنا کریستینیا بوو کە بۆ میوانێکی ئاوا نەجیب و بەڕێز بەپێویستی دەزانی و دەیویست نیشان بدا کە تا چ ڕادەیەک بەدابونەریتی پەزیرایی و میوانگری ئاشنایە.

لەو کاتەدا کە دۆن کیشۆت چەکی شەڕی لە خۆی داماڵی، دۆن لۆرێنزۆ Don lorenzo (ناوی کوڕی دۆن دیەگۆ ئەوە بوو) هەلی بەدەرفەت زانی و بەباوکی گوت: «باوکە، ئەو نەجیب زادەی کە جەنابی بەڕێزتان هێناوتانەتە ماڵەوە چۆن پیاوێکە؟ شکڵ و قەیافە و ناوی بەتایبەت شوغڵەکەی کە دەفەرمووی پاڵەوانی سەرگەردانە من و دایکمی تووشی سەرسوورمان کردووە.» دۆن دیەگۆ گوتی: «کوڕم، ئەگەر ڕاستت دەوێ من هیچ نازانم.





ئەوەی دەتوانم پێت بڵێم ئەوەیە، ئەو پیاوە کاری وا سەیروسەمەرە دەکا کە هیچ شێت و دێوانەیەک لەم جیهانەدا نایکا و قسە و بابەتی وەها مەنتیقی و ڕێکوپێک و عاقڵانەشم لێ بیستووە کە شێتبازییەکانی دەشارێتەوە. بەڵام تۆ خۆت قسەی دەگەڵ بکە و زانست و ئاگادارییەکەی تاقی بکەوە، تۆ خۆت لاوێکی عاقڵی، کەوابوو خۆت ڕادەی عەقڵ و زانایی و شێتی و دێوانەییەکەی بخە ژێر داوەریی خۆت، هەر چەند من پێم وایە لە تەرازووی هەڵسەنگاندندا زۆرتر شێتە و کەمتر عاقڵ.»

پاش ئەم باس و خوازە، هەر وەک گوتمان دۆن لۆرێنزۆ بۆ هاو قسەبوون دەگەڵ دۆن کیشۆت ڕۆیشتە هۆدەی میوانان. لەو قسە و باسانەدا کە هاتنە پێش، دۆن کیشۆت گوتی: «جەنابی دۆن دیەگۆ میراندا، باوکی بەڕێزتان باسی چێژ وقەریحە و بەهرەی بێ وێنە و هۆش و وریایی ئێوەی بۆ کردووم؛ بەتایبەتی فەرمووی کە بەڕێزتان شاعیرێکی زۆر باشن.» دۆن دیەگۆ لۆرێنزۆ گوتی: «ڕەنگە شاعیر بم، بەڵام گەورە و باش، چیت عەرز کەم؛ من هەرگیز ئاوا خۆم تاریف ناکەم.» دۆن کیشۆت گوتی: «من ئەو خۆ بەکەم زانینەی ئێوە تەحسین دەکەم، چون شاعیر دەبێ زۆر ڕوودار و بێ شەرم بێ کە خۆی بەگەورەترین شاعیر بزانێ.» دۆن لۆرێنزۆ گوتی: «هیچ یاسایەک لە جیهاندا نییە کە هەڵوارتەی(*) نەبێ، کەوابوو دەتوانین شاعیرێکیش بدۆزینەوە کە شاعیرە و خۆی بەشاعیر نازانێ.» دۆن کیشۆت گوتی: «شتێکی وا زۆر بەدەگمەن هەڵدەکەوێ، بەهەرحاڵ بفەرموون کە ئێستا دەست بەکاری دارشتنی چ شێعرێکن و کام شێعرە کە بەقەولی باوکت فکر و زیکری ئێوەی بەخۆیەوە مەشغوول کردووە. ئەگەر شێعری ڕەخنەگرانەیە بەهەڵکەوت منیش تا ڕادەیەک سەرم لە شێعری ڕەخنەیی دەردەچێ و زۆر خۆشحاڵ دەبم چاویان پێدا بخشێنم. ئەگەر ئەو شێعرەی پێوەی خەریکی بابەتی کێبەرکێیەکی ئەدەبییە، ئەگەر بەمن دەکەی بۆ وەدەستهێنانی خەڵاتی دووەم حەول بدە، چونکە خەڵاتی یەکەم هەمیشە بەپێی تایبەتی بوون، یا بە دەبەرچاوگرتنی عەسڵ و نەسەب و کەسایەتیی بەشدار بوو، دیاری دەکرێ، لە حاڵێکدا خەڵاتی دووەم تەنیا لە ڕووی داوەرییەکی باش دیاری دەکرێ. هەر وەک لە ڕاستیدا بەشێوەی ئەو دیپلۆمانەی(*) کە لە زانکۆکان دەدرێ، بەوانەی تەواویان کردووە، نەفەری سێیەم دەبێتە دووەم و بەو حیسابەنەفەری یەکەم هەمان نەفەری سێیەمە. لەگەڵ ئەوەشدا خەلاتی یەکەم زۆر گەورەیە و گرینگیی تایبەتی هەیە.» دۆن لۆرێنزۆ بەورتەیەک بەخۆی گوت: «تا ئێرە بۆ ئەوە نابێ کە بەشێتت بزانم. بەڵام درێژەی پێ دەدەین با بزانین چۆن دەردەچێ.» پاشان بەدەنگی بڵند گوتی: «وەک بزانم بەڕێزتان مەکتەبیش چوون. ئێوە

خوێندنی خۆتان لە چ ڕشتەیەکدا تەواو کردووە؟» دۆن کیشۆت گوتی: «من زانستی پاڵەوانی سەرگەردانیم خوێندووە کە بەقەدەر بەژن و باڵای زانستی شێعر و ئەدەب بەرزە و بەڵکو دوو ئەنگوستیش لەسەرترە.» دۆن لۆرێنزۆ گوتی: «من نازانم ئەوە چ جۆرە زانستێکە و تا ئێستاش شتێکم لەم بارەدا نەبیستووە.» دۆن کیشۆت گوتی: «زانستێکە کە هەموو زانستەکانی دنیا وەخۆ دەگرێ. لە ڕاستیدا کەسێک شوغڵی پاڵەوانیی سەرگەردانی ڕەچاوکا، دەبێ قازی و مافناس بێ و لە مافی گشتی و تاکەکەسی شارەزا بێ تا بتوانێ مافی هەر کەس بەدەست خۆی بگەیەنێ. هەروەها دەبێ دە فەلسەفەی خودایی (حکمت الهی)دا دەریا بێ تا بتوانێ هەرکات دەلیلی بەحەق بوونی مەزهەبی مەسیحیی لێ بپرسن، کە دینی خۆیەتی، بەجوانی و تێروتەسەلی جواب بداتەوە. هەروەها دەبێ تەبیب و بەتایبەتی گیاناس بێ تا بتوانێ لە دڵی بیابانە قاقڕ و بەرەهووتەکاندا و لە شوێنی چۆلوهۆڵ و دوور لە ئاواییدا ئەو گیا و ڕووەکانەی بۆ چارەکردنی برین و زامەکان بەکار دێن بناسێ، چون پاڵەوانی سەرگەردان نابێ هەموو بیابانەکان بخولێتەوە، بۆ ئەوەی کەسێک بدۆزێتەوە، برینەکەی بۆ بپێچێ و مەرهەمی لەسەر دابنێ. ئەو دەبێ ئەستێرەناس و زانای فەلەکی بێ تا لە ڕووی جوولانەوەی ئەستێرەکان بزانێ چ ساتی شەوەو چەندەی لێ تێ پەڕیوە، یا لە کام هەرێمی جوگرافیایی لە زەوی، یا لە کام بەشی جیهاندا سەرگەردانە، هەروەها دەبێ حیساب و ڕیازیات بزانێ، چون لە هەر هەنگاوێکدا پێداویستیی بەحیساب و هەڵسەنگاندن هەیە. وە چون لەو گشتە کە هەموو لەسەری ڕێکن، تێ پەڕین، یانی قەبووڵی بکەین کە پاڵەوانی سەرگەردان دەبێ بەجەوهەری زانست و کردارە باشەکان ڕازابێتەوە. ئێستا دێمە سەر باسی بابەتگەلێکی کەم بایەختر و دەڵێم کە ئەو دەبێ وەک «نیکۆلا»[٣٧٠] کە لەقەبی ماسییان پێ دابوو، مەلە بزانێ. هەروەها دەبێ لە ناڵکردن و زینکردن و لغاوکردن و تیمارکردنی ئەسپدا زۆر شارەزا بێ؛ وە دیسان ئەگەر بچێنەوە سەر بابەتی گرینگتر، دەڵێم کە ئەو دەبێ ئیمانی تەواوی بەخودا و بەگراویی خۆی هەبێ؛ دەبێ فکر و خەیاڵی خاوێن و پاک و قسەکانی تێکەڵاوی ئەدەب و ڕێز و کردەوەکانی لە ڕووی پیاوەتی و ئازادەیی دابمەزرێنێ، دەبێ دە بەرەنگاریدا جەنگاوەر و بوێر و لە هەڵگرتنی موسیبەت و دەرد و

---

٣٧٠– نیکۆلاNicolas بە نازناوی ماسی، مەلەوانێکی بە ناوبانگی سەدەی پازدەم و خەڵکی سیسیل بوو کە تەواوی عومری خۆی دە ئاوادا تێپەڕ کرد. دۆن فادریک سوڵتانی ناپل جامێکی زێڕینی بوو کە خستیە ناو گێژاوێکی کەنداوی مێسین. نیکۆلا خۆی دە گێژاوە کە هاویشت جامەکەی دەرهێناوە و هاویشتیە وشکایی، بەڵام گیانی خۆی لە سەر دانا. (لوویی ویاردۆ)





پەژارەدا خۆڕاگری لە خۆی نیشان بدا. پێویستە دەرحەق بەفەقیران و نیازمەندان لوتف و کەرەمی هەبێ و هەموو کات پاڵەوانی نەبەزی مەیدانی حەق و عەداڵەت بێ و بەقیمەتی گیانیش بێ لەو فەزیلەتانە ئاگەداری بکا. پاڵەوانی سەرگەردانی ڕەسەن و بنەچەکە خاوێن لە تەواوی ئەو سیفەتە باشانە پێک دێ. ئێستا بەڕێز دۆن لۆرێنزۆ، بزانە، ئایا زانستێک کە پاڵەوانی سەرگەردان وە دەستی دێنێ تا ببێتە پاڵەوان، زانستێکی فەشەل و بێ کەڵکە یا دەڕیزی گەورەترین زانستەکاندایە. ئەوانەی کە لە زانسگەکان بەدەرس دەیڵێنەوە؟» دۆن لۆرێنزۆ گوتی: «ئەگەر بەڕاستی ئاوا بوایە من بۆت لە ملم دەدا کە ئەم زانکۆکان لە هەموو زانستێک لەسەرترە.» دۆن کیشۆت پرسی: «ئەگەر وابووایە، یانی چی؟» دۆن لۆرێنزۆ گوتی: «مەبەستم ئەوەیە کە لە بوونی پاڵەوانی سەرگەردان چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا گومانم هەیە، بەتایبەت ناتوانم بڕوا بکەم پاڵەوانانێک بەو هەموو سیفەتە باشانەوە هەبووبن.» دۆن کیشۆت گوتی: «بابەتێکی کە ئێستا دەمەوێ بیڵێم زۆر جار گوتوومە و ناچارم ئێستا دووپاتی کەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی خەڵکی ئەم زەمانە لەسەر ئەم بڕوایەن کە پاڵەوانانی سەرگەردان هەرگیز لەسەر ئەرزی واقیع نەبوون؛ وە چون من بڕوام وایە ئەگەر خودای مەزن بەشێوەیەکی وەک موعجیزە لەو عالەمە حاڵی نەکا کە پاڵەوانانی سەرگەردان هەبوون و هەن، خۆ زەحمەت دان بۆ ئەو حاڵیکردنە بێ هوودەیە، هەر وەک بۆ خودی خۆم بەئەزموون ڕوون بووەتەوە. ئێستا نامەوێ بۆ لابردنی ئەو هەڵەیەی کە جەنابیشتان دەگەڵ هەزاران کەسی تر تێیدا بەشدارن دەرەنگی بکەم. تەنیا کارێکی کە من دەتوانم بیکەم ئەوەیە کە لەبەر خودای گەورە بپاڕێمەوە لەو هەڵەیە دەرتبێنێ و پێت حاڵی بکا کە پاڵەوانانی سەرگەردان چەندە واقیعی و ڕاستەقینە بوون و بوونی ئەوان لە عەسر و زەمانی خۆیاندا چەندە لازم و پێویست بووە و ئەگەر دە سەدەکانی داهاتووشدا ڕەسم و ئاینی پاڵەوانی بەرقەرار بێ، چ ئەندازە بەقازانج دەکەوێتەوە. بەڵام حەیف و سەد حەیف کە ئەمڕۆ دەسەڵات و سەرکەوتن بەدەست گوناهکاری و تەمبەڵی و خوێریگەری و چڵێسی و خواردن و ماڵپەرەستی یە.» دۆن لۆرێنزۆ بەبێدەنگی بەخۆی گوت: «ئەی وای کە میوانەکەمان خەریکە هەوسار دەپسێنێ! دیارە دێوانەیەکی تەواو عەیارە و ئەگەر منیش پێم وانەبێ کە شێتێکە ئاو ناپیاڵێوێ[*]، دیارە من خۆم دێوانەیەکی بێ عەقڵم.»

لێرەدا قسەکانی ئەم دووە کۆتاییان پێ هات چون بۆ سەر میزی نەهار خواردن فەرموویان کردن، دۆن دیەگۆ لە کوڕەکەی پرسی، لە فکری میوانەکەی چی لێ حاڵی بووە. کوڕە گوتی: «من یەقینم هەیە کە تەواوی تەبیبان و زانایانی دنیا ناتوانن لە ڕەشنووسی

شێتی ئەو کابرایە حاڵی بن. ئەو پیاوە دێوانەیەکە کە پێی دەڵێن نێوان نێوان، یانی لە نێوان شێتییەکانیدا حاڵاتی عەقڵانی و ڕوونی هەیە.»

هەموو لەسەر مێزی خواردن دانیشتن و خۆراک ئەو جۆرەی کە دۆن دیەگۆ لە ڕێگەدا گوتبووی، بەپێی عادەتی میوانداری ئەو هەم زۆر بوو هەم بەتام و لەزەت و خاوێن. بەڵام شتێک کە زۆرتر لە هەموو شتەکان دۆن کیشۆتی کەیفخۆش کردبوو، بێدەنگییەک بوو کە بەسەر تەواوی ماڵەکە لە کاتی خواردندا زاڵ بوو. تا ئەو جێگەی ماڵەکەی وە دەیرێکی پڕ لە ڕاهیب و تەرکە دنیا چوواندبوو. کاتێک سفرەیان خڕ کردەوەو شوکری نیعمەتیان بەجێ هێنا و دەست و دەمیان شوشت، دۆن کیشۆت دەسبەجێ تکای لە دۆن لۆرێنزۆ کرد تا ئەو شێعرانەی بۆ کێبەرکێی ئەدەبی نووسیوینی، بیانخوێنێتەوە. قوتابی لە جوابی پاڵەواندا گوتی: «بۆ ئەوەی وەک ئەو شاعیرانە نەچم کە تا دەڵێی شێعرێک بخوێننەوە دەست دەکەن بەناز و غەمزە و جاری واش هەیە بێ ئەوەی داوایان لێ بکەی مێشکی سەرت دەبەن و هەزار شێعر دەخوێننەوە، من پێنج خشتەکییەکی خۆم دەخوێنمەوە چاوم لە پاداش و خەلاتیش نییە، چون ئەم شێعرانەم تەنیا بەمەبەستی مەشق کردن و تاقی کردنەوەی چێژ و قەریحە گوتوون.» دۆن کیشۆت گوتی: «یەکێک لە دۆستانی من کە پیاوێکی کارامە و کارزانە، دەیگوت نابێ قەریحە و چێژی کەسان بەتەزمینی شێعری شاعیرانی تر ماندوو بکرێ. ئەو دەلیلی ئەم کارەی بەمجۆرە شی دەکردەوە کە هەرگیز شێعری پێنج خشتەکی ناگاتە ئەو شێعرە ئەسڵییانەی کە بۆ تەزمین دەکار هێنراون. وە تەنانەت زۆر جار لە بابەت و مانای شێعرە بنەڕەتییەکە دوور دەکەوێتەوە. لە لایەکی ترەوە هونەری تەزمین و پێشوازی لە شێعر یاسای دژوار و تێکەوەپێچراوی هەیە، بۆ نموونە ڕستەی پرسیاری ناچێتە ناو پێنج خشتەکی، یا دەستەواژەی «ئاوای گوت» یا «ئاوا دەڵێم» لەودا دەکار ناکرێ، هەروەها جایز نییە لە پێنج خشتەکی و پێشوازی لە شێعردا لە فرمان(*) ناو دروست بکرێ، یا مانای واقیعی واژەکان بکرێتە مانای مەجازی؛ وە بەکورتی لەم شێوە شێعرەدا هەزاران گرفت و کەندوکۆسپ هەیە کە دەستوپێی شاعیرەکەی دەبەستێ. هەر وەک خۆتان لە هەموو ئەو گرفتارییانە ئاگەدارن.» دۆن لۆرێنزۆ گوتی: «بەڕێز جەنابی دۆن کیشۆت لە ڕاستیدا من دەمویست لەو جێگەیانەدا کە جەنابت چەند جار بەهەڵە چووی، پێشت پێ بگرم، بەڵام نەمتوانی و جەنابت وەک مارماسیی لووس لە دەستم دەردەچووی.» دۆن کیشۆت گوتی: «من نازانم مەبەستی ئێوە لەوەی کە «وەک مارماسی لە دەستی ئێوە هەڵدەخلیسکێم» چییە؟ دۆن لۆرێنزۆ گوتی: «من هەر ئێستا مەبەستی خۆم بۆ جەنابت دەدرکێنم. بەڵام





ئێستا کە جەنابتان دەتەوێ شێعری کێبەرکێ ئەدەبییەکە بخوێنمەوە گوێم بۆ ڕابگرە تا عەرزتان بکەم:

شێعر

ئەگەر بۆ من، ئەوەی لەمەو پێش بووی، هاتبایەوە،
ئیتر پێویستییەکم بەو هیوایە نەدەما:
کە ئەیکاش بەسەرم هاتبایە
هەر ئێستا، ئەوەی کە قەرارە بێ.

پێنج خشتەکی

«چون سەرەنجام هەمووشت لە تێپەڕیندایە، ئەو نیعمەتەش کە ڕۆژێک بەختی مەدەدکار بەمنی پێشکەش کردبوو تێ پەڕی، بەڵام بەخت، جارێکی تر، ئەو نیعمەتەی، نە زۆر و نەکەم، ناداتەوە بەمن. ئاه ئەی بەخت، چەنای چەند سەدەیە کە تۆ دەبینی بەکڕنۆشەوە بەسەر پێتدا کەوتووم؛ ئاخر سەعادەتی ڕابردوو، بدەوە بەمن و بزانە کە دەگەڵ خۆشبەختی پێک دەگەین ئەگەر بۆ من، ئەوەی لەمەو پێش بووی، هاتبایەوە.»

«من حەز و خۆشی و شانازی و نیشانی ترم ناوێ، تەنیا ئەو خۆشحاڵی و ڕازی بوونەی جاران کە یادی ئەو وەک ڕەنجێکی گیان سووتێن لەسەر پانتای دەروونم ماوەتەوە دیسان وەرگرمەوە. ئاخ، ئەی بەخت، ئەگەر تۆ جارێکی تریش بمگەیەنیتەوە ئەو ڕووگەیە هەر ئێستا ئاگری دەروون و پەژارەی بێ بەشیم دادەمرکێ و بەتایبەتی ئەگەر ئەم نیعمەتە ئێستا بەمن گەیشتبایە ئیتر پێداویستییەکم بەهیوا نەدەما.»

«من خوازیاری مەحاڵاتم؛ چون گێڕانەوەی چەرخی زەمان بۆ سەر خولی پێشوو، کارێکە کە هیچ هێزێک لە جیهاندا نەیتوانیوە ئەنجامی بدا، زەمان دەرباز دەبێ، باڵ دەگرێ و نەرمە نەرمە تێپەڕ دەبێ تا ئیتر نەگەڕێتەوە، وە ئەوانەی ئارەزوو دەکەن کە ئەیکاش ئەمڕۆ دوێنێ بووایە، یا ئەی کاش ئێستا بهاتبایە بەهەڵەدا چوون.»

«ژین لە شۆڕ و خورپەی بێ بڕانەوەدا، یانی جارێک بەهیوا و جارێک بەترس

و دڵەڕاوکێ، مردنێکی ئاشکرایە و باشترە ئادەمیزاد بۆ ئەم دەردە ڕێگەچارەیەکی لە مەرگ بوێ. ڕەنگە مەسڵەحەتی من لەوەدا بێ کۆتایی بەژیانم بێنم بەڵام نا، چون فکرێکی باشتر کە ژیانم پێ دەبەخشێ، ترسە لەوەی دوایە دەبێ بەسەرم بێ.»

کاتێک دۆن لۆرێنزۆ لە خوێندنەوەی پێنج خشتەکییەکەی خۆی بووەوە، دۆن کیشۆت یەک پێ لە جێگەی خۆی هەستا و دەستی ڕاستی ئەوی گرت و بەدەنگی بڵند هاواری کرد: «ئەی ڕۆڵەی نازەنین، قەسەم بەیەزدان و بەگەورەییە بێ سنوورەکان، تۆ باشترین شاعیری ئەو جیهانەی. تاجی شانازی لە لق و گەڵای داری «غار»، بەقەولی ئەو شاعیرە گەورەوارە کە خودا نوقمی ڕەحمەتی خۆی بکا، نە تەنیا دەبێ بەدەست زانکۆی قبرس و «گائیت»[٣٧١] لەسەر تۆ دابندرێ، بەڵکو فەرهەنگستانی ئاتێن ژی، ئەگەر ئەمڕۆ لە کار دابایە، وە فەرهەنگستانەکانی پاریس و بۆڵۆنی و سالامانک کە ئێستا هەن و دەگەڕ دان، دەبێ لەم شانازییەدا بەشداری بکەن. لە خوا دەخوازم کە جەستەی ئەو داوەرانەی کە خەڵاتی یەکەم لە تۆ درێغی دەکەن، بەپەیکانی تیری ئاپۆلۆن کون کون بێ و خوداوەندانی شێعر و ئەدەب و جوانی هەرگیز لەسەردەرانەی ماڵیانەوە پێ دە ژوورێ نەنێن! لە بەڕێزتان داوا دەکەم کە چەند شێعری تریش لە ئاسەواری زۆر و زەبەندی خۆتان بۆ من بخوێننەوە، دەمەوێ قەریحە و چێژ و تەبعی بەرزی ئێوە دە جۆرەکانی تری شێعردا تاقی بکەمەوە.»

ئایا پێویستە کە بڵێین دۆن لۆرێنزۆ لەو تەحسین و پێداهەڵگوتنەی دۆن کیشۆت هەر چەند کە بەدێوانەشی دەزانی، چەندە خۆشحاڵ بوو؟ ئاخ ئەی هێزی جامەلووسکێ و چاپلووسی، چ مەیدانێکی هەراوت هەیە و سنوور و تخووبی دڵبزوێنی خۆت تا کوێ پەرە پێ دەدەی! دۆن لۆرێنزۆ لە بەرامبەر ئەم ڕاستییە سەری کرنۆشی دانەواند، چون ئەو تەسلیمی مەیل و خواستی دۆن کیشۆت بوو و ئەم غەزەلەی کە پێوەندیی بەداستانی «پیراموتیسبە»[٣٧٢] بوو، بۆی خوێندەوە.

---

٣٧١– گائیت Gaete یەکێک لە بەندەرەکانی ئیتالیا لە سەر لێواری مەدیتەرانە کە وەک قبرس زانکۆی لێ بووە.

٣٧٢– پیرام Pyrame لاوێک بوو عاشق و سەوداسەری تیسبە Thisbe کە پێی وابوو شێر یارەکەی خواردووە و هەر لەبەر ئەوە خۆی کوشت. تیسبەش کاتێک جەنازەی دڵدارەکەی چاو پێ کەوت خۆی کوشت. زۆر شاعیری کۆنی ئیسپانیا و فەڕەنسە لەو داستانە ئیلهامیان وەرگرتووە. (مۆریس باردۆن)





غەزەل

«دیوار بەدەست کیژۆڵەیەکی جوان کە دڵی دڵۆڤانی پیرامی ئاواڵە کرد، تێک تەپیوە. ئەوین لە قەبرێسەوە بەرێ دەکەوێ و بەهێڵی ڕاست دەڕوا تا ئەو قەڵشتە تەنگ و سەیرە تەماشا بکا.»

«لەوێ بێدەنگی دەست بەگوتن دەکا، چون دەنگ زاتی نییە بەدرزێکی وەها تەنگدا تێپەڕ بێ؛ ڕۆحەکان بەوێدا تێ دەپەڕن، چون ئەوین بەپێی عادەت دژوارترین کاری عالەم ئاسان دەکا.»

«هەوەس ئەو جۆرەی دەبێ سەر نەکەوتووە و تێکۆشانی ئەو کچە دەست لێنەدراوە بێ تێبینییە، بەجێگەی ئەوەی هۆکاری حەز و شادی بێ بۆتە هۆی مەرگی. وای لەو داستانە گەورەیە!»

«هەر دووک لە یەک ساتدا، بەیەک شمشێر دەکوژرێن و قەبرێکی تەنگ هەرکان(*) دە ئامێز دەگرێ و بیرەوەرییەکی تاڵ و ژیانێکی ئەبەدی دەدا بەهەرکیان.»

دۆن کیشۆت کە ئەم غەزەلەی بیست، هاواری کرد کە: «ماشەڵڵا و سوبحانەڵڵا! ئەلحەق لە نێو شاعیرانی زیندووی ئەمڕۆدا کە زۆریش بەئەزموون و کار کوشتەن(*)، هیچ کەسم وەک تۆ چیرەدەست و پوختە نەدیتووە. بەخودا قەسەم یا هەر ئەوەیە کە دەیڵێم یا تۆکمەیی و شیوایی و ڕەوانیی ئەم غەزەلە ئەم بڕوایەی داوە بەمن.»

بەکورتی دۆن کیشۆت چوار ڕۆژی تەواو بەقەدر و حورمەت لە ماڵە دۆن دیەگۆ مایەوە. لە کۆتاییی ڕۆژی چوارەمدا ئیزنی ڕۆیشتنی خواست و گوتی: «لەو پەزیرایییە گەرمە کە لە ماڵی ئێوەدا لە من کراوە زۆر زۆر سپاس دەکەم، بەڵام چون شیاوی پاڵەوانانی سەرگەردان نییە کە لە شوێنێکدا بمێننەوە و کاتی خۆیان بەبێکاری و لەش پەروەری(*) بەفیڕۆ بدەن، دەڕۆم تا ئەو ئەرکانەی پێوەندییان بەمنەوە هەیە ئەنجامیان بدەم، یانی وەدوای گۆنگەڵ و ڕووداوی گەورە و پڕ مەترسی بکەوم، وە دەشزانم کە لەم هەرێمەدا ڕووداوی زۆر دێنە پێشەوە. من هیوادارم تا گەیشتنی وەرزی کێبەرکێ پاڵەوانییەکان لە ساراگووس کە ئامانجی سەرەکیی سەفەری منە، کاتی خۆم هەر بەم شێوەیە تێپەڕ بکەم. بەڵام قەستم ئەوەیە کە دەپێشدا بڕۆمە ئەشکەوتی مۆنتە زینۆس Montesinos چون لەم دەڤەرە لەمەڕ عەجایباتی ئەو غارە، داستانی زۆر گوتراوە. هەروەها تێ دەکۆشم بگەڕێم تا سەرچاوەی

سەرەکیی ئەم حەوت دەریاچەیە کە دە زبانی عامیانەدا بەباتلاغ و زەلی «ڕویدرا» Ruidra ناویان دەبەن، بدۆزمەوە. دۆن دیەگۆ و کوڕەکەی ئەم بڕیارەی دۆن کیشۆتیان بەپیرۆز دانا و زۆریان بەدڵ بوو، تکایان لێ کرد کە لە ماڵ و دارایی ئەوان هەرچی دەیەوێ و پێی خۆشە دەگەڵ خۆی بیبا و گوتیان کە چون قەرزباری دلاوەری و لێهاتوویی سروشتی و شوغڵە شەریفەکەی ئەون، ئامادەن تا ئەو جێگەی بۆیان مەیسەر دەبێ بەگیان و دڵ خزمەتی ئەو بکەن.

سەرەنجام ڕۆژی مالاوایی گەیشت، ئەو ڕۆژە هەر چەندە بۆ دۆن کیشۆت خۆش و شادی هێن بوو، بەپێچەوانەوە بۆ سانکۆ شووم و پەژارە هێن بوو. چون ئەو کە لە مدبەقی(*) «دۆن دیەگۆدا لاقی لێ ڕاکێشابوو، دەیخوارد و تێ دەئاخنی و ژیانێکی خۆشی تێ دەپەڕاند، دەبووایە دیسان بگەڕێتەوە نێو لێڕەوار و بیابان و دیسان ژیانێکی نەمر نەژی ڕابوێرێ و بەو بڕووکە ئازووقەی نێو خورجینی گۆرین، قنیات بکا. دەگەڵ ئەوەشدا سانکۆ خورجینەکەی لەو شتانەی بەپێویستی دەزانن، ئاخنی. کاتێک دۆن کیشۆت دەیویست لە خانەخوێ مالاوایی بکا، ڕووی دە دۆن لۆرێنزۆ کرد و گوتی: «نازانم ئەو بابەتەی دەمویست عەرزتانی بکەم، عەرزی خزمەتتانم کرد یا نە، بەهەرحاڵ ئەگەر گوتبیتیشم دووپاتی دەکەمەوە؛ ئەویش ئەوەیە ئەگەر دەتانەوێ لە زەحمەت و مەرارەتی خۆتان کەم بکەنەوە و نێوان(*) بڕ بگەنە ترۆپکی شانازی و ناوبەدەرەوەیی، تەنیا چارە ئەوەیە کە باریکە ڕێی شێعر و ئەدەب بەربدەن و ڕێگەی باریکتری پاڵەوانی و سەرگەردانی بگرنە بەر. هەر ئەوەندە بەسە کە لە چاو تروکانێکدا بگەنە پلە و پایەی ئیمپراتۆری.»

دۆن کیشۆت بەو قسانە و هێندێ قسەی تر حوکمی دێوانەیی خۆی دەرکرد. پاڵەوان دیسان درێژەی پێ دا: »خودا دەزانێ کە من چەندەم پێ خۆش بوو جەنابی دۆن لۆرێنزۆی لاو دەگەڵ خۆم بەرم تا فێری بکەم چۆن چاودێریی ژێر دەستان بکا و ملهوڕەکان بخاتە ژێر پێ، وە ئەم کارە باشانە پێداویستی شوغڵی شەریفی منن، بەڵام چون ئێستا کەم تەمەنە و بێجگە لەوەش دەرس خوێندن و بەدوای زانستدا چوون، پێش بەو کارە دەگرێ من تەنیا بەیەک ڕێنوێنی قسەی خۆم کۆتایی پێ دێنم ئەویش ئەوەیە، چۆن ئەم لاوە شاعیرە، ئەگەر بەبیروڕای دیتران زۆرتر بە فکر و عەقیدەی خۆی گرینگی بدا، دەتوانێ بگاتە گەورەیی و ناوبەدەرەوەیی. لە دنیادا دایک و بابێک نابینی منداڵی خۆیان پێ ناحەز بێ و ئەو بۆچوونە نا دروستە لەمەڕ منداڵانێک کە ڕۆڵەی فکر و قەریحەی مرۆڤن زۆرتر لە ئارادایە.»







باوک و کوڕ دیسان لە قسەی هاتەران پاتەرانی دۆن کیشۆت کە جارجار عەقلانی و نێوان نێوان سەیر و شێتانە بوون سەریان سوڕما و بەتایبەتی لە پێ چەقاندن و مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی وەدوای ڕووداوی بەد ئاکام و پڕ چەرمەسەرێ کەوێ، زۆرتر واقیان وڕمابوو. دۆن کیشۆت و سانکۆ پاش ئەوەی جارێکی تریش ڕەسم و نەریتی ئەدەب و ڕێزیان بەجێ هێنا و عەرزی خزمەتگوزاری و ئیرادەتیان دووپات کردەوە، بەوەرگرتنی ئیجازە لە خزمەت خاتوونی بەڕێز و شیرین ڕاوێژ و میهرەبانی قەڵا، لە حاڵێکدا یەکیان سواری ئەسپ و ئەوی تر سواری کەرەبۆزی خۆی بووبوو، لەوێ دوور کەوتنەوە.

## ١٩

## لەمەڕ ڕووداوی شوانی عاشق
## و باقیی ئەو ڕووداوانەی کە بەڕاستی شیرینن

دۆن کیشۆت هێشتا ئەوەندە لە دۆن دیەگۆ دوور نەکەوتبووەوە کە دوو کەس بەسەر و سیمای کەشیشان یا خوێندکارانی زانکۆ و دوو نەفەر وەرزێر، کە هەر چواریان سواریی گوێدرێژ بوون، ڕەگەڵ ئەو کەوتن، یەک لە خوێندکارەکان بەجێگەی جانتا بوخچەیەکی زبر و ئەستووری لە قوماشێکی شین هەڵگرتبوو کە چەند کوتە جلوبەرگی کۆن و دوو جوت گۆرەویی پەشمیی ئەستوور و ڕەنگ ڕەشی تێوە پێچابوو. خوێندکارەکەی تر بێجگە لە دوو شمشێری تایبەت بۆ شمشێربازی کە هەردووکیان تازەو دەستەکانیان مەحفەزەیەکی کانزاییان بەسەرەوە بوو، هیچی تری پێ نەبوو؛ بەڵام وەرزێرەکان کەلوپەلێکی زۆریان پێ بوو کە دیار بوو لە شار کڕیبوویان و دەیانبردەوە دێ. خوێندکارەکان و وەرزێرەکانیش وەک تەواوی ئەوانەی یەکەمجار دۆن کیشۆتیان دەدی تووشی سەرسوڕماوی بوون و لەو حەسرەتەدا دەسووتان کە بزانن ئەو پیاوە کێیە کە تا ئەو ئەندازە دەگەڵ پیاوانی تر جیاوازیی هەیە و تا ئەم پلەیە لە ڕەسم و ئاینی گشتی دوور کەوتووەتەوە. دۆن کیشۆت سلاوی لێکردن و کە زانیی ئەوانیش هەر بەڕێگەی ئەودا دەڕۆن، پێشنیازی هاوڕێ بوونی پێ کردن و داوای لێ کردن ئارامتر کەرەکانیان لێ خوڕن چون، بەئەسپەکەی نەیاندەگەیشتێ. پاڵەوان بۆ ئەوەی خۆی بەئەدەب و دڵۆڤان نیشان بدا، لە چەند ڕستەی کورتدا ناوونیشان و شوغڵی خۆی بۆ بەیان کردن، لەو خۆناساندنەدا گوتی کە ئەو پاڵەوانی سەرگەردانە و لە چوار قوڕنەی دنیادا بەدوای گۆنگەڵدا دەگەڕێ؛ پاشان گوتی کە ناوی دۆن کیشۆتی مانشە و نازناوی پاڵەوانی شێرکوژە. ئەم قسانە بۆ وەرزێرەکان وەها بێگانە بوو کە دەتگوت دۆن کیشۆت بەزبانی یۆنانی یان بەزاراوەی قەرەچییان قسەی دەگەڵ کردوون، بەڵام بۆ خوێندکارەکان وا نەبوو، چون ئەوان زوو تێ گەیشتن کە کەللەی پاڵەوان مێشکی تێدا نییە، دەگەڵ ئەوەشدا بەسەرسوڕمانێکی تێکەڵاو دەگەڵ ڕێز و حورمەتەوە چاویان لێدەکرد، هەروەک یەکێک لەو کۆمەڵە خەڵکە گوتی: «جەنابی پاڵەوان، ئەگەر بەڕێزتانیش وەک ئەو کەسانەی بەدوای گۆنگەلاندا دەگەڕێن و بۆ شوێنێکی تایبەت ناچن و شوێنێکی تایبەتتان مەبەست نییە، ڕەگەڵ ئێمە کەون تا جوانترین و گەورەترین





زەماوەندی شاهانە، کە تا ئێستا لە وڵاتی مانش وێنەی نەبیندراوە، تەماشا بکەن.» دۆن کیشۆت گوتی: «مەگەر ئەم زەماوەندە هی پادشایانە کە ئاوا نێو بانگی هەیە؟» خوێندکار لە وەڵامدا گوتی: «نەخێر، نەخێر، تەنیا داوەتی کوڕە وەرزێرێکە کە دەگەڵ کچە وەرزێرێکی زەماوەند دەکا، یەکیان دەوڵەمەندترین کەسی ئەم وڵاتەیە و ئەوی تریشیان جوانترین بوونەوەرێکە کە چاوی هیچ پیاوێک تا ئێستا کەسێکی بەو جوانییە نەدیوە. زەماوەندەکەیان بەجوانترین و بەشکۆترین شێوە بەڕێوە دەچێ، ئەویش لەسەر چیمەنێک لە تەنیشت ئەو گوندەی کە بووکی لێیە. بووک ناوی «کیتێریای جوان» quiterian la Bel و زاواش «کاماشی دەوڵەمەندی» Comache le Riche ناوە. بووک هەژدە و زاوا بیست و دوو ساڵە. هەردووک لە واری عەسڵ و نەسەب و باری بنەماڵەیی دەگەڵ یەک بەرامبەرن، هەر چەند هێندێک کەس فزوول و کون پشکن کە شەجەرە نامەی بنەماڵەکان پشت بەپشت دەزانن، دەڵێن کە بنەماڵەی کیتێریای نازدار ڕەسەنترە. بەڵام نابێ گوێ بدەیتە شتی وا، چون، توانا و قودرەتی ماڵی دنیا، ئەوەندە زۆرە کە هەزار قووڵکە و قەڵشتی ئاوا پڕ دەکاتەوە. لە ڕاستیدا کاماش پیاوێکی ئازادەیە. ئەم لاوە وازی لەوەیە کە پەرژینێکی بەلقوپۆپ و گەڵای دار بەدەوری تەواوی ئەو شوێنی داوەتەدا بکێشێ و نەهێڵێ تاو لەو چیمەنە جوان و زەنوێرە بدا. ئەو هەر وەها دەستەیەکی سەماکەری کۆ کردووەتەوە کە سەمای شمشێر بکەن و دەستەیەکی تر کە بەزەنگوڵەوە هەڵپەڕن، چون لە گوندەکەی ئەودا کەسانێک هەن کە زەنگوڵە زۆر باش لێ دەدەن. لەمەڕ سەما کەرانی کەوش لەپێ[٣٧٣] چیت عەرز کەم کە چەند کەسن؛ دەڵێن کاماش دنیای بۆ ئەو سەما و هەڵپەڕکێیە بانگ هێشت کردووە. بەو هەمووانە، بەڕای من هیچ کام لەو شتانە کە من ناوم بردن و هیچ لەوانەی بێدەنگیم لێ کردوون، نەتوانن بەئەندازەی بزووتنەوە پڕ لە ناهۆمێدی و ئازایانەکانی «بازیل» Basile ی بێ مراد، کە لەو بەزمەدا ئەنجامیان دەدا، یاد و بیرەوەریی ئەم جێژنە لە بیرگەی ئەو خەڵکەدا ڕابگرێ. ئەم بازیلە شوانێکی جحێڵە کە دانیشتووی گوندی کیتێریایە و ماڵەکەی جاران جیرانی دیوار بەدیواری ئەو کچە جوانە بوو. ئەوین هەر لەوێوە دیسان هەلی بۆ ڕەخسا، کە داستانی لە بیر کراوی «پیرام وتیبسە» وەبیر دنیا بخاتەوە، چون بازیل هەر لە سەرەتای ڕۆژانی خۆش و شیرینی منداڵییەوە، سەخت عاشقی کیتێریا بوو و کیژی

---

٣٧٣– سەماکەرانی کەوش لە پێ، Danseurs ewux souliers کەوشی تایبەتیان دەپێ دابوو و هەر جار دەگەڵ سەما، دەستێکی خۆیان هاو ئاهەنگ دەگەڵ موزیک لە پشت کەوشی خۆیان دەدا. (مۆریس باردۆن)

خشپیلانە و نازداریش بەلوتف و خۆشەویستیی زۆرەوە جوابی ئیشارە و جووڵە و بزاڤی پڕ لە ئەوینی شوانەی دەدایەوە. تا ئەو جێگەی کە داستانی ئەوین و خۆشەویستیی ئەو دوو دڵدار و دڵبەرە پاکە بوو بەنوقڵی مەجلیسی هەموو خەڵکی ئەو گوندە. ئەو دووە بەئەوین و خۆشەویستییەوە گەورە بوون و باوکی کیتێریا بڕیاری دا پێش بەهاتوچۆی بازیل بۆ ماڵی خۆی بگرێ. پاشان بۆ ئەوەی هیچ نیگەرانی و دڵەڕاوکێ نەمێنێ لێ بڕا کە کیتێریا بخاتە ژێر مارەیی و تەڵاقی کاماشیی دەوڵەمەند. چون پێی باش نەبوو کچەکەی بدا بەبازیل کە زۆرتر ڕووی لە دەشت و سەحرا بوو؛ لە ڕاستیدا ئەگەر بمانەوێ قسەی حەق بکەین، جحێڵێک بەجوانی و هەیکەل و قەڵافەتی بازیل لەم ناوەدا نییە. جحێڵێک کە میلەی ئاسن بەهێزی باسک وێک دێنێ و لە زۆرەوانی گرتن و تیرهاوێژیدا کەس تای ناکا، بازیل وەک بزنە کێوی چالاکە و هەڵدەبەزێتەوە و متەی[*] مێشێن وەها دەنگێوێ کە دەڵێی سیحربازە، بێجگە لەوەش دەنگ خۆشێکە وەک شەهێن دەچریکێنێ و سازێکی وا لێ دەدا کە دەڵێی تارەکەی وەقسە دێنێ، لەوانەش تێ پەڕێ دەخەنجەر بازیدا لە هەموو کەس لێهاتووترە.»

دۆن کیشۆت هاواری لێ بەرز بووەوە کە: »ئەو کوڕە هەر تەنیا لەبەر ئەو هونەرە، نە تەنیا لایقی ئەوەیە کە دەگەڵ کیتێریای جوان زەماوەند بکا، بەڵکە بەپێچەوانەی ویستی «لانسلۆت» و تەواوی ئەو کەسانەی کە مومکین بوو ناڕازی بن دەیتوانی دەگەڵ مەلەکە «ژێنەوەر»یش، ئەگەر ئەمڕۆ زیندوو بایە زەماوەند بکا.» سانکۆ کە تا ئەم ساتە بێدەنگ مابووەوە و گوێی بۆ قسان هەڵخستبوو گوتی: «تکایە تەشریفتان بچێ و ئەم قسەیە بەژنی من بڵێن. ژنی من پێی وایە هەر کەس دەبێ دەگەڵ هاوشانی خۆی تێکەڵاوی بکا و مەنتیقەکەشی لەسەر بنەمای پەندێکی کۆنە کە دەڵێ: «کۆتر دەگەڵ کۆتر، باز دەگەڵ باز». وە بەڵام دڵی من ئەوەی دەوێ کە ئەم بازیلە کە لاوێکی هێندە باشە و من خۆشم دەوێ دەگەڵ ئەم کیتێرایە زەماوەند بکا. وە لەعنەتی خودا لەم دنیا و لەو دنیا لەو کەسانە بێ کە ناهێڵن خەڵک بەسەلیقە و ویستی خۆیان مێرد بکەن یا ژن بێنن.» دۆن کیشۆت گوتی: «ئەگەر هەموو ئەو کەسانەی کە یەکتریان خۆش دەوێ، بیانتوانیبایە بەیەک بگەن، مافی یاسایی دایک و باوکان بۆ هەڵبژاردنی هاوسەری شایستە و باش بۆ ئەولادەکانیان ژێر پێ دەکرا، وە ئەگەر دیاری کردنی مێرد بەدەست کچان بوایە زۆر وا دەبوو کە کچێک ببێتە ژنی نۆکەری باوکی خۆی و کچێکی تر ڕێبوارێکی بۆ هاوسەری هەڵبژاردبا کە سەر و گوێلاکێکی خاوێن و لیباسێکی جوانی دەبەردا بووایە و بەکۆڵاندا تێپەڕ بایە، هەر چەند کابراش پیاوکوژ و جەردەیەکی بێ ڕەزا بایە. ئەوین چاوی عەقڵ و زانایی کە بۆ





هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان پێویستە کوێر دەکا. لە هەڵبژاردنی هاوسەردا مەترسیی فریو خواردن زۆرە. تەنیا تێگەیشتوویی و زەوق و لوتفی پەروەردگاری عالەم پێویستە تا کەسێک بتوانێ هاوسەری شایستە بۆ خۆی هەڵبژێرێ. پیاوێک دەبەر چاو بگرن کە دەیەوێ بڕواتە سەفەرێکی دوورودرێژ. ئەگەر ئەو پیاوە عاقڵ و تێبین و بەئەزموون بێ، پێش وەڕێ کەوتن هاوڕێیەکی جێگەی باوەڕ و متمانە وەک هاوسەفەری خۆی هەڵدەبژێرێ. ئێستا، کەسێک کە دەیەوێ بۆ تەواوی ڕێگەی ژیان یانی تا ڕۆژی مەرگ، هاوسەفەرێکی هەڵبژێرێ دەبێ هاوڕێیەکی باش و لێهاتوو بۆ خۆی بدۆزێتەوە. بەتایبەت کە ئەم هاوڕێیە، لە هەمان کاتدا کە ژنی مێردەکەیەتی، لە هەموو جێگە و لە هەموو کاتێکدا دەبێ پشتیوان و یاریدەریش بێ. ژن کووتاڵ و شمەک نییە کە بتوانی بیدەیەوە بەخاوەنەکەی یا بیگۆڕییەوە یا بیبەخشی؛ ژن و ژن هێنان ئاڵوگۆڕێکی هەتا هەتایی ڕەوەندی ژیانە. ژن وەک تەنافێک وایە کە کەوتە گەردنی پیاو گرێ پووچکەیەکی لێ دەدرێ کە بەکەس ناکرێتەوە و تەنیا مقەستی مەرگ دەتوانێ هەڵی پاچێ. من لەم وارەدا دەتوانم باسی زۆر شت بکەم، بەڵام چون دەمەوێ بزانم ئایا جەنابی خوێندکار بابەتێکی تریشی هەیە لەمەڕ بازیل کە بۆمان بگێڕێتەوە یا نە، من ئیدی قسە ناکەم.» دەرس خوێن، خوێندکار یا مامۆستا یا هەرچی، گوتی: «تەنیا خاڵێک ماوە، ئەویش ئەوەیە کاتێک بازیل پێی زانی کە کیتێریای جوان شوو بەکاماشی دەوڵەمەند دەکا، ئیتر هیچ کەس بزەی لەسەر لێوی نەدیتەوە و هیچ کەس قسەیەکی لێ نەبیستەوە کە نیشانەی عەقڵ و شعوور بێ. ئەو هەموو کات خەمۆک و داماو بەڕێگەدا دەڕواو دەگەڵ خۆی قسان دەکا، ئەوەش عەلامەتی ئەوەیە کە ئەم لاوە عەقڵ و هۆشی دۆڕاندووە. بازیل زۆر کەم دەخەوێ و زۆر کەم دەخوا؛ خۆراکی بووەتە میوەی داران و ئەگەر بخەوێ وەک دڕندە و کێوی لە بیابان و چیا و لێڕەواراندا لەسەر عەرزی ڕووت لێی وەردەکەوێ. جارجار دە ئاسمان ڕادەمێنێ وجاروبارەش گێژ و وڕ، چاوی دە عەرزی دەبڕێ، هەر دەڵێی پەیکەرەیەکی بێ گیانە و با پەڕۆ و پاڵی لەسەر ڕادەوەشێنێ.

بەڵێ بەمجۆرەیە، بازیل وەها هەست و ئیحساسی ئەوین و خۆشەویستی دەردەبڕێ کە هەموو دۆستان و ئاشنایان دەترسن بەڵایەک بەسەر خۆی بێنێ و ئەگەر کیتێریا بەو زەماوەندە دەگەڵ کاماشی دەوڵەمەند، ڕازی بێ و واژەی «بەڵێ» لە زاری بێتە دەر، ئەویش هەر لە جێوە دەمرێ.» سانکۆ گوتی: «خودا خۆی چارەسازە، ئەگەر دەردی داوە دەرمانیشی لە لایە. کەس نازانێ چ دەبێ. لە ئێستاوە تا سبەی کات زۆرە و دەبینی ماڵێکی گەورە و بەشکۆ لە خۆوە تێک دەچێ. من زۆر جار دیتوومە لە یەک کاتدا هەم باران باریوە

هەم ڕۆژ هەڵاتووە؛ زۆر جار وادەبێ کابرا ساغ و سەلامەت شەو دەخەوێ و بەیانی جووڵەی ناکا. ئایا کەسێک هەیە بەمن بڵێ کە بەداکوتانی بزمارێک دەکرێ پێش بەسووڕانەوەی چەرخی گەردوون بگری؟ بێگومان وەها کەسێک بوونی نییە. لە لایەکی تریشەوە لە نێوان «بەڵێ» و «نەخێر» گوتنی ژندا، جێگەی سەرە دەرزییەکیش نییە، چون هەرگیز قسەی ژنان جێگەی بڕوا نییە. ئێوە تەنیا کارێک بکەن کە کیتێریا ئەو بازیلەی لە قووڵاییی دڵەوە خۆش بوێ و ئەودەم من بەڵێنیتان پێ دەدەم کە کاروبار بەمەیلی ئەو لاوە کۆتایی پێ دێ، چون وەک من بیستوومە ئەوین بەچاویلکەیەکەوە دەڕوانێ کە مس دەکاتە زێڕ و فەقیری و نەداری دەکاتە دەوڵەت و ماڵ و مووروەکەرانە و کووژەکە دەکاتە مرواری.» دۆن کیشۆت هاواری لێ بڵیند بوو: «ئاخ ئەی سانکۆی مەلعوونی ماڕز[*]، تا کەنگێ دەتەوێ لەسەری بڕۆی! زۆر وەڕ! کاتێک دەستت بەڕیز کردنی پەند و مەتەڵ و قسەی نەستەق کرد، هیچ کەس تۆزت ناشکێنێ مەگەر خودی یەهوودا[٣٧٤] کە دەپاڕێمەوە بەو لەعنەتە بی کە لەو کرا. ئاخر ماڵات! پێم بڵێ بزانم تۆ لە چەرخی گەردوون و چارەنووس و بزمار و ئەم جۆرە شتانە چ دەزانی؟» سانکۆ گوتی: «پەنا بۆ خودا! کاتێک خەڵک دە قسەی من نەگەن، سەیر نییە کە قسەکانم بەبێ مانا و ئەحمەقانە بزانن. بەڵام گرینگ نییە، من خۆم دەزانم دەڵێم چی و دەشزانم بەپێچەوانەی پێ وابوونی[*] جەنابت شتێکم نەگوتووە کە بێ مانا و بێ سەرەوبەرە بێ. عەیبی کار لەوەدایە، جەنابت، ئەربابی عەزیز، هەمیشە دەتەوێ عەیب و ئیراد لە قسەکانم بگری و کارەکانم بەهیچ بزانی، یانی ئیرادکەری کار و قسەی من بی.» دۆن کیشۆت بەسەریدا گوڕاند کە: «ئەی تێکدەری زبانی شیوا کە وەبەر لەعنەتی خودا کەوی، مەڵێ ئیرادکەر، بڵێ ئیرادگر!» سانکۆ گوتی: «تکا دەکەم کە جەنابتان لە من ناڕەحەت مەبن. ئێوە دەزانن خۆ من لە دەربارردا گەورە نەبووم، لە زانکۆی سالامانک دەرسم نەخوێندووە تا بزانم لە قسەکردندا ئیرادم هەیە و وشەی زیادی و نابەجێ دەکار دێنم یا نا. سوبحانەڵڵا! خۆ ناکرێ ڕەعیەتێکی «ساراگو»یی وەک شارومەندێکی[*] شاری «تولد» قسە بکا، لەوەش تێ پەڕێ لە شاری «تولد»یش کەسانێک هەن کە ناتوانن قسەی ئاساییی ڕۆژانەیان بەجوانی دەرببڕن.» خوێندەوار گوتی: «تەواو، ڕاستە، چون ئەوانەی لە دەباغ خانەکان و دووکانەکانی گەڕەکی «زۆکۆدۆوێر» Zocodover دا کار دەکەن هەرگیز ناتوانن

٣٧٤- یەهوودا خەلیفەیەکی حەزرەتی عیسا بوو کە خەیانەتی پێ کرد و بوو بە هۆی کوژرانی ئەو حەزرەتە و پاشان لەبەر عەزابی ویژدان خۆی کوشت. ناوی یەهوودا نیشانەی خەیانەت و دووڕوویییە. (محەممەد قازی)





بەجوانی کەسانێک کە لە تەواوی ڕۆژدا لە کلیسا دێن و دەچن، قسە بکەن، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە هەر دووک لایەن لە شاری »تولد«دا دەژین. زبانی شیوا و ڕەوان و جوان تایبەتی دەربارریانی ڕووناکبیرە، هەرچەند لە مەیخانەی «ماژڵاهوندا» Majlahonda دا لە دایک بووبن؛ گوتم دەربارریانی ڕووناکبیر، چون زۆر کەسیش هەن کە ڕووناکبیر نین؛ وە لە ڕاستیدا ڕووناک بینی و نوکتەزانی، یاسا و ڕێوشوێنی زبانێکی ڕەوان و شیوان، بەتایبەتی ئەگەر دەگەڵ عەمەل و کردەوە تێکەڵاو بن. من جەنابی دۆن کیشۆت، لەبەرئەوەی پیاوێکی گوناهکار بووم، لە زانکۆی سالامانک دەستم کرد بەخوێندنی زانستە شەرعییەکان وە تا ئێستا تا ڕادەیەک شانازی بەخۆم دەکەم کە دەتوانم مەبەستی خۆم بەزبانێکی ڕەوان و ڕێکوپێک و جوان و خەملاو دەرببڕم.» خوێندەوارەکەی تر گوتی: «ئەگەر ئێوە ئەم ئیدیعایەتان[*] لە کاری شمشێربازیشدا نەبووایە بێگومان دە ئەزموونە کۆتاییەکانی زانکۆدا بەجێگەی ئەوەی ببیتە شاگردی ئاخر، دەبوویتە شاگردی یەکەم.» ئەوەی دەرسی تەواو کردبوو گوتی: « ئەگەر بڕوای ئێوە لەمەڕ لێزانی دە شمشێربازیدا لەسەر ئەو بنەمایە بێ کە ئەم لێزانییە بێ هوودەیە و بەکار نایەت، تووشی گەورەترین هەڵەی ئەم جیهانە بووی.» خوێندکارێکی تر کە ناوی «کۆرشۆئیلۆ» Corchuelo بوو گوتی: « ئەم مەسەلەیە بۆ من دە حوکمی عەقیدەدا نییە، بەڵکو ڕاستییەکە ڕوون و ئاشکرا و ئەگەر دەتەوێ کە من ئەو ڕاستییە بەتاقیکردنەوە، بۆتۆ بسەلمێنم، هیچ کاتێک لە ئێستا باشتر وەدەست ناکەوێ. ئێوە ئێستا دوو شمشێری مەشقتان پێیە و منیش خاوەنی جمگەیەکی[*] بەهێز و ئاسنینم، وە چون لە ئازایەتیش بێ بەش نیم، هەر ئێستا بەیارمەتیی ئازایەتی و جمگەی پۆلایینی خۆم بەئێوە دەسەلمێنم کە بەهەڵە نەچووم. یاڵڵا! لە ئەسپەکەت دابەزە و لە زەبر و جووڵەی دەستوپێ و دەوروپێچدان و هەموو فەن و زانستی خۆ- کەڵک وەربگرە. من هیوادارم کە بەهێزی تەڕدەستی و لێزانیی خۆم، واتان بەسەر بێنم کە بەنوێژی نیوەڕۆ ئەستێرەکانی عاسمان بەچاوی خۆت ببینی. ئەوەش بزانە کە پاش خوای گەورە ئەوەندەم بڕوا بەقودرەت و لێزانیی سروشتیی خۆم هەیە کە دەتوانم بەتێڕادیوی بڵێم ئەو کەسەی کە بیەوێ پشتم لە عەرزی بدا هێشتا لە دایک نەبووە و لە دنیادا حەریفێک نییە کە زەربەتێکی منی وێ کەوێ و بتوانێ پشت ڕاست کاتەوە و لە عەرزی هەستێتەوە.» شمشێربازی کارامە گوتی: «تۆ چ پشت دە مەیدان بکەی و چ نەکەی پێوەندیی بەعالەمی منەوە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا مومکینە هەر لەو خاڵەی لە مەیداندا پێ دەچەقێنن هەر لە وێ گۆڕی ئێوە هەڵکەنن. مەبەستم ئەوەیە هەر ئەو تەڕدەستی و کارامەییە کە تۆ سووکایەتیی پێ دەکەی،

ژیانت لێ بستێنێ.» کۆرشۆئیلۆ گوتی: «زۆر باشە، دەیبینی.» ئەوەی گوت و دەستبەجێ لە گوێدرێژەکەی دابەزی و بەیەک دەرپەڕینی چالاکانە شمشیرێکی لەو شمشێرانە کە دەرس خوێندوو لە سواربەری خۆی هەڵی ئاوەسیبوو، ڕفاند. دۆن کیشۆت هاواری کرد: «ئای، ئای، دەست ڕابگرن. ڕێوشوێنی ئەمکارە بەمجۆرە نییە کە ئێوە دەیکەن. من دەمەوێ مامۆستا و داوەری ئێوە بم. تا ئێستا زۆر کەس بەقسە یەکتریان بۆ شمشێربازی بانگ کردووە، بەڵام بەکردەوە هیچیان نەوێراوە بکەن.» پاڵەوان پاش ئەو قسانە دابەزی و دەست بەنێزە لە ناوەڕاستی مەیدان ڕاوەستا. لەو ساتەدا دەرس خوێندوو بەویقار و لەسەرەخۆ، بەهەنگاوی ئەژماردە بەرەو کۆرشۆئیلۆ دەڕۆیشتە پێش، بەڵام کۆڕشۆئیلۆ لە حاڵی پەلاماردا بوو و دەڵێن لە چاوەکانی ئاور دەباری، ئەو دوو وەرزێرە کە هاوڕێیان، بوون، بێ ئەوەی لە گوێدرێژەکانیان دابەزن، بوون بەتەماشاچیی ئەم بەزمە خوێناوییە. کۆرشۆئیلۆ بەدەستێک و دوو دەست بارانی زەبرە شمشێری بەسەر حەریفدا دەباراند. وەک شێر دەینەڕاند و هێرشی دەکرد، بەڵام دەرس خوێندوو بەزەبری مەتاڵی پۆلایین ئەو هەموو زەبرەی پووچەڵ دەکردەوە و پێشی بەهێرشی حەریف دەگرت و ئەوی وادار دەکرد کە ئاسنی مەتاڵی شمشیرەکەی بەجێگەی شتێکی پیرۆز و مبارەک، بەڵام بەئیمان و بڕوایەکی کەمترەوە، ماچ بکا. سەرەنجام دەرس خوێندوو بەنووکی شمشیری خۆی هەموو دوگمەکانی نیوتەنەی حەریفی هەڵکەند و داوێنی وەها هەڵدر هەڵدر کرد کە بەشکڵی مەنگوڵە و ڕیشوو هاتەدەر. ئەو دوو جار کڵاوی حەریفی لەسەری پەڕاند و ئەوەندەی ماندوو کرد کە ئەو بێچارەیە لەبەر تووڕەییی زۆر و داماوی، شمشێرەکەی بەمەودای سێ چارەکی فرسەخ تووڕ هەڵدا. باسی ئەم ڕووداوە بێ دەسکاری لە ڕووی شایەدینامەیەک بەنووسینی یەکێک لە وەرزێران کە مونشی و میرزای وڵاتی خۆی بووە نووسراوەتەوە و بەرهەمی ئەم شایەدینامە ئەوەیە کە بەمەدرەکی ڕەسمی دەیسەلمێنێ کە چلۆن زۆر و توانای لەش دە بەرامبەر تەڕدەستی و لێهاتوویيدا سەردادەنوێنێ.

کۆڕشۆئیلۆ شەکەت و ماندوو، هەناسەسوار لە گۆشەیەک دانیشتبوو، لەو حاڵەتەدا سانکۆ لێی نیزیک بووەوە و گوتی: «بەڕێز خوێندکار، بەبڕوای من ئەگەر بەڕێزتان بە نسحەتی من بکەن و لەمەودوا کەس بۆ کێبەرکێی شمشێربازی بانگهێشت نەکەن باشترە، بەڵکو حەریفانی خۆتن بۆ تووڕ هەڵدانی وەزنە یا زۆرەوانی بانگ بکەن، چون بۆ ئەم دووکارە دوو هێزی لاوەتی و تواناییتان بەبارستای پێویست هەیە. لەمەڕ ئەوانەی بەناوی شمشێرباز ناسراون چیت عەرز بکەم. من بیستوومە ئەوانە نووکی شمشێری خۆیان





دەکونی دەرزیش ڕۆ دەکەن. کۆڕشیلۆ گوتی: «من ئەوەندەم بەسە کە بەقەولی مەعرووف لە کەری شەیتان بێمە خوار و بەتاقی کردنەوە، ڕاستییەکەم بۆ ڕوون بووەوە کە ئا ئێستا پێم وانەبوو هەیە.» خوێندکار پاش ئەو قسانە بەرزە پێ ڕاست بووەوە و دەرس خوێندووی دە ئامێز گرت و لەوە بەدواوە بوون بەدوو یاری غار و دۆستی گیانی. لەو کاتەدا میرزا چوو بووەوە سۆراغی شمشێری خوێندکار کە بۆ دووری تووڕ هەڵدابوو، بەڵام چون یاران لایان وابوو بەو زووانە ناگەڕێتەوە، بڕیاری ڕۆیشتنیان دا تا هەر چی زووتر بگەنە گوندی کیتێریای جوان کە خۆشیان هەر خەڵکی ئەو گوندە بوون. لە مەودای ئەو ڕێگەیەی تا گوندەکە لە پێشدا بوو، دەرس خوێندوو، بەوردی و دوورودرێژی باسی قازانج و فایدەی شمشێری بۆ دۆستەکەی کرد و قسەکانی خۆی بەدەلیل و بەڵگە و ئەدا و ئەتوار و بزووتنەوەی دەست و باسک و جەستە دەسەلماند، بەجۆرێک کە هەمووان یەکدەنگ و یەک بڕوا سەلماندیان کە شمشێربازی کارێکی زۆر بەکەڵکەو کورۆشۆئیلۆش دەستی لە سرتغی و پێ چەقاندن هەڵگرت. شەو داهاتبوو، یاران پێش گەیشتن بەگوند پێیان وابوو کە بەرامبەر بەخۆیان ئاسمانێکی پڕ لە ئەستێرەی درەوشان دەبینن. دەنگی تێکەڵاوی ئامرازی جۆاروجۆری مۆسیقاش، لەوانە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا، تەپڵ و تووزەلە، شەیپوور و شمشاڵ، چەنگ و قەرەنەی، بەگوێ دەگەیشت. کاتێک لە ئاوایی نزیک بوونەوە دیتیان کە سایەبانێکی گەورە، کە لە سەرەتای مەیدانی بەر ماڵەکان بەدەست نۆکەران دروست کرابوو، بەچرای هەلایساو و داپۆشراوە و باش نەیدەکوژاندنەوە،چون لەو شەوەدا هەوا ئارام و با کەوتبوو، تەنانەت گەڵای دارانیش نە دەجووڵانەوە. دەنگ بێژ و مۆسیقار و تارژەن و سازژەن و هونەرمەندەکان ئامرازی پێویستیان بۆ بەرپاکردنی بەزمی شادی و سەما و هەڵپەرکێ هێنابوو. ئەوان دەستە دەستە لە فەزای ئەو بەزمە دڵبزوێنەدا دە هاتوچۆدا بوون، تاقمێک هەڵدەبەزین .پۆلێک گۆرانییان دەگوت و هێندێک ئەو ئامڕازە مۆسیقاییيانەیان لێ دەدا کە باسمان کردن.. بەکورتی دەتگوت کە لە هەموو شوێن و سووچێکی ئەو چیمەنە شادی و کەیف و خۆشی هەڵدەقوڵێ. هەموو ڕازی و هەموو خۆشحاڵ سەرمەست و غەم بەباداو، تێکیانەوە داویشت. تاقمێکی تر خەریکی هەڵبەستن و دروست کردنی سەکۆ و ژوور و جێگەی زۆرتر بوون تا میوانانی شەوی داهاتوو کە لە هەموو شوێنێکەوە بەڕێوە بوون، باشتر بتوانن بەرنامەی هەڵپەڕکێ و سەما و مۆسیقای جێژنی زەماوەندی کاماشی دەوڵەمەند و مەرگ و نامرادی بازیلی بێ ئەنوا چاو لێ بکەن.

دۆن کیشۆت هەر چەند لە لایەن خوێندکار و وەرزێر بانگهێشت کرا کە دەگەڵیان بچێتە

گوند لەو کارە خۆی پاراست، عوزر و بیانوویەک کە بەلای دۆن کیشۆتەوە گرینگ بوو، ئەوە بوو کە پاڵەوانانی سەرگەردان بەپێی عادەت دەبێ لە بیابان و جەنگەڵدا پشوو بدەن و نەچنە ناو ئاوەدانی و ماڵی خەڵک، هەر چەند دیواری ماڵەکانیان بەزێڕیش داپۆشرابێ. پاڵەوان پاش ئەم وەڵامە هێندێک لە جادە لاڕێ بوو؛ بەڵام سانکۆ کە بیرەوەرییە خۆشەکانی ماڵی پڕ ناز و نیعمەتی دۆن دیەگۆی لە بیر نەچووبووەوە لەو کارەی ئەربابەکەی زۆر ناڕازی و پەریشان بوو.



## ٢٠

## باسی زەماوەندی کاماشی دەوڵەمەند و لەمەڕ ڕووداوی بازیلی بێ ئەنوا

هێشتا گزینگی بەیانی جێگەی خۆی بۆ «فێبووسی»[٣٧٥] درەوشان چۆڵ نەکردبوو تا بەتیشکە گەرم و داغەکانی خۆی، دڵۆپە مرواریییەکانی پرچە زێڕینەکانی وشک کاتەوە کە دۆن کیشۆت لە جێی خۆی هەستا و خۆی لەبەر یەک کێشاوە تا هێندێک لە حاڵەتی داهێزاوی بێتە دەرەوە. لەسەر پێ ڕاوەستاو مەیتەری خۆی سانکۆپانزا گاس کرد. دۆن کیشۆت کاتێک مەیتەرەکەی بەچاوی بەستراوو زاری ئاواڵە چاو پێ کەوت، پێش ئەوەی لە خەوی هەستێنێ پێی گوت: «ئاه ئەی ئەو کەسەی کە لە تەواوی دانیشتووانی گۆی زەوی بەختەوەرتری، نە کەس حەسوودیت پێ دەبا و نە تۆ ئێرەیی بەکەس دەبەی، دوور لە ئازار و عەزیەتی جادووگەران و سیحربازان و غافڵ لە چەرمەسەرێ سیحر و جادوو لە خەوی نازدا نوقم بووی! من ئێستا دەڵێم و سەد جاری تریش دەڵێم بخەوە، ئارام بخەوە، تۆ کە لەبەر ئاگری حەسوودی و ئێرەیی و غیرەت تووشی بێ خەوی و شەو بێدارییی پەیتاپەیتا نابی، تۆ کە نە دەروەستی دانەوەی قەرزی ڕابردووی و نە دە غەمی نان پەیداکردنی سبەی خۆت و ماڵ و منداڵەکانتی، بخەوە! لە تۆدا نە زێدەخوازی دەبیندرێ نە لە هەوەسە بێ هوودەکانی ماڵ و دەوڵەت و جەلال و شکۆی دنیا خەبەرێک! چونکە ئەو پەڕی ئارەزووەکانی تۆ لەوە تێ ناپەڕێ کە کەرت تێر کا و جۆ بێ و فکریش لە حاڵی خۆت ناکەیتەوە. چونکە سروشت و دابونەریت باری زیادی لەسەر شان و کۆڵی گەورەپیاوان دادەنێن، ئاگەداری و پێڕاگەیشتنی تۆ لە عۆدەی شەخسیی خۆمە. نۆکەر لە خەو دایە و ئەرباب نیگەران و بێدارە، فکر لەوە دەکاتەوە کە ڕسق و ڕۆزیی ئەو لە کوێ دابین بکا و چۆن لەو بارودۆخە نالەبارەی بێنێتە دەرەوە. غەم و پەژارەی ئەوە، کە ئاسمانی وەک سێڵی داغ، شەونمی ژیان بەخشی خۆی بەزەوی ڕەوا نابینێ، بەقەدەر دەنکە هەرزنێک لە دڵی مەیتەردا نییە. بەڵام ئەرباب کە دەبێ لە قاتی و وشکەساڵیدا کەسێک بەخێو بکا کە لە ڕۆژگاری زۆر و زەوەندی ڕسق و نیعمەتدا خزمەتکاری بووە، ئەم غەم و کەسەرە پشتی شکاندووە.

٣٧٥– Phebus ناوێکی تری ئاپۆلۆن خودای ڕووناکی و هونەری کە بەزبانی شێعر بە ڕۆژیش دەڵێن. (مۆریش باردۆن)

سانکۆ لە جوابی ئەو قسانەدا مرتەقی لێن ەدەهات، چون دەخەوی خۆشدا بوو، وە ئەگەر نووکە نێزەی دۆن کیشۆت وە خەبەری نەهێنابا، بەم زووانە ڕاست نەدەبووەوە. بەڵێ جا سانکۆ هەستا و چاوی دامالّی و باسکی لە هەر دووک لاوە لەبەر یەک کێشاوە و پاشان چاوێکی بەچەپ و ڕاستی خۆیدا گێڕا و گوتی: «ئەگەر هەڵەم نەکردبێ لە لای ئەو سایەبان و چادرانە دووکەڵێک بەرز دەبێتەوە و بۆنێک دەگاتە ئێرە کە زۆرتر وە بۆنی قاورمە و کەباب دەچێ تا بۆنی نەعنە و پنگەی سەحرایی. بەگیانی خۆم سوێند دەخۆم کە لەو جۆرە زەماوەندانەدا کە بەبۆنێکی ئاوا خۆش دەست پێ دەکا، نیعمەت بەپێی فیلان دەبێ.(*)» دۆن کیشۆت گوتی: «بێدەنگ بە، چڵێسی زگپەرست! زوو هەستە! ئێمە دەبێ لەو داوەتەدا بەشدار بین تا بزانین بازیلی بێ ئەنوای داماو دەیەوێ چ بکا.» سانکۆ گوتی: «بەئێمە چێ؟ هەرچی دەیەوێ با بیکا! چاوی دەر بێ، با فەقیر نەبا تا دەگەڵ کیتێریا زەماوەندی کردبا. ئاخر کاتێک مرۆڤ لە حەوت ئاسماناندا ئەستێرەیەک شک نابا، بۆ دەبێ دەنێو هەوراندا لە ژن بگەڕێ؟ ئەرباب با ڕاستییەکت پێ بڵێم من لە ئەساسدا بڕوامەندم کە پیاوی فەقیر دەبێ هەرچی وەدەستی کەوت پێی ڕازی بێ و بەدوای خەیاڵی مەحاڵدا نەگەڕێ، من دەڵێم کاماشی دەوڵەمەند دەتوانێ بازیلە ڕووتەی دە نێو جەواڵی زێڕ و ئەشرەفیدا نقوم بکا، ئەگەر وا نەبوو وەرە دەستێکم ببڕە. جا ئەگەر کیتێریا لەو هەموو زێڕ و زێوەی کە ئێستا دەیدرێتێ یا لەمەو پاش پێشکەشی دەکرێ، چاوپۆشی بکا و بەبەهرە و چالاکی و شمشێربازیی بازیلە ڕووتە دڵ خۆش بکا، دەبێ زۆر کەر و بێ عەقڵ بێ. باوەڕ بفەرموو بۆ باشترین وەزنە تووڕهەڵدان و شمشێربازی کەس حازر نییە جامە شەرابێک بدا، بەهرە و لێهاتوویی و هونەر و جەوهەر ئەگەر لە وجوودی شەخسی کۆنت «دیرلۆس» Dirlos داژی کۆ ببێتەوە، قرانێک ناهێنێ؛ بەڵام ئەگەر ئەو جەوهەر و هونەرە لە وجوودی کەسێکدا کۆ بێتەوە کە کیسەی پڕ لە زێڕ بێ، دەبێتە نووری عەلا نوور. کەوابوو لە خودا دەپاڕێمەوە کە عومری درێژ بدا بەمن، بەکەسانێکی ئاواش کەرەم و جوامێری عەتا بکا. دیواری پتەو تەنیا لەسەر بناغەی پتەو ڕادەوەستێ و بەیەقین تۆکمەترین پایە و بناغەی دنیا پووڵ و پارەیە.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ بەپیرۆزترین ناوی پیرۆزی خودا سوێندت دەدەم بیبڕەوە. من سوور دەزانم ئەگەر مەجالت پێ بدەن تا قسەیەک کە دەگەڵ هەر هەنگاوێک دەستی پێ دەکەی درێژە پێ بدەی، تا نانخورانی شەوێ لێی نابڕیتەوە و دەرفەتی خواردن و خەوت بۆ نامێنێتەوە و بێجگە لە زۆر وەڕی و قەرەچەناغی هیچی تر ناکەی.» سانکۆ گوتی: «ئەگەر جەنابت شتت باش لە بیر مابا، یانی بیرگەت باش بووایە، ئەو مەرج و قەرارانەی دە





ئاخرین دەرکەوتندا پێکەوە دامان نان لە بیرت دەمان. یەکێک لە مەرجەکانمان ئەوە بوو کە ئێوە بەمن ئیجازە بدەن هەرچەندی دەمەوێ قسان بکەم، بەو شەرتە شتێک نەڵێم کە بەزیانی خەڵکی و دژی گەورەیی و سەروەریی بەڕێزتان بێ و تا ئێستاش باوەڕ ناکەم لەو قەرارە و پەیمانە لام دابێ.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ من ئەبەدەن شتێکی ئاوام لە بیر نییە و قەراری وامان دانەناوە. گریمان هەشبووبێ جارێ بێدەنگ بەو دەمەوێ خەفە بی و بەدوای مندا بێی، چون گوێم لێ یە کە دەنگی ئامرازە مۆسیقاییەکانی دوێنێ ئێستا بەرز بووەتەوە و دۆڵ و دەرەی دەوروبەری پڕ کردووە لە خۆشی و شادی و لێرەوە دەردەکەوێ کە ڕەسمی جێژنی ژن هێنان دە فێنکانی بەیاناندا بەڕێوەدەچێ نە دە گەرمای نیوەڕۆدا.»

سانکۆ فەرمانی ئەربابی بەجێ هێنا و هەر دەگەڵ ڕۆسی نانتی زین کرد و کورتانی لەسەرپشتی کەرەبۆز دانا، هەردووکیان سوار بوون و دە سوارەبەران ڕاخوڕین و کەم کەم چوونە ناو سایەبان و ساباتەکان(*). چاوی سانکۆ یەکەم جار بەگایەکی گەورە کەوت کە بەکەوڵ کراوی، بێ ئەوەی دەستی لێ درابێ، بەتەنەی دارە ناروەنێکەوە(*) لە سیخ درابوو. دەو ئاورگەشدا کە گایەکە دەکرا بەکەباب کێوێک دار و بار و ئاوردوو کەوتبووە سەر یەک و دەسووتا. بەدەوری ئەو ئاگرە گەورەیەوە شەش مەنجەڵی(*) گەورە داندرابوون کە لەو مەنجەڵە ئاساییانە نەبوون، دەو مەنجەڵە گەورانەدا کە هەر یەکەی بەقەدەر تیانی(*) حەمامێک بوون، کەلاکە مەڕێک وەسەرنرابوو کە لە نێو مەنجەڵە گەورەکاندا دەتگوت جەستەی کۆترێکی چکۆلەن. ژماری کەروێشکی کەوڵکراو و مریشکی ئاوڕووت حەدد و حیسابی نەبوو، هەروەها چەندین جۆرە نێچیر و جۆرەکانی باڵندە بەلقوپۆپی دارانەوە هەڵاوەسرابوون تا بەبای فێنکی بەیانی تازە و فێنک بمێنێتەوە. سانکۆ مەشکە شەڕابەکانی حیساب کرد و دیتی کە زۆرتر لە شێست مەشکی گەورەی لێ داندراوە کە هەر یەکەی زۆرتر لە پەنجا «پینت»[٣٧٦] یان تێدا بوو کە دوایە دەرکەوت هەمووی شەڕابی دەرجە یەکە. نانی سپیی گەلاّ گەلاّ، کۆگا کۆگا، لەسەر یەک هەڵچندرابوو، پەنیر قاڵب قاڵب هەر ئەو جۆرەی کە لە سەحرا دە سەنگ و بەردی دەنێن وەک دیوار لەسەر یەک داندرابوو. دوو مەنجەڵی پڕ لە ڕۆن، گەورەتر لە مەنجەڵی ڕەنگ ڕێژان، لە گۆشەیەک داندرابوون تا نانە چەورەیان پێ ساز بکەن. نانەکانیان لەسەر دوو بێڵی گەورە دادەنا دە ڕۆنەکەیان هەڵدەکێشا، دەیانهێنانەوە دەرێ و دە کووپەیەکی گەورەی پڕ لە هەنگوینیان وەردەدا. ژماری ژن و پیاوی ئاشپەز دەگەیشتە پەنجا کەس کە هەموویان زیت وریا و بەکار و شاد و

٣٧٦- تێبینی تایبەت بەو وشەیە نەناسراوە....

خۆشحاڵ بوون. بەژێر زگی ئەو گا زەلامەی کە دەکرا کەباب دوازدە فەرخە بەرازیان هەڵواسیبوو تا تامی کەبابەکە خۆشتر بکەن. لەمەڕ ئیسیوەت و ئەدوا حیسابی مسقاڵ و درەم نەبوو، بەڵکو بەتەغاریان ئەدوا و ئیسیوەت دە سندووقاندا دانابوو. بەکورتی، تەدارەک و خۆراکی ئەو زەماوەندە دێهاتییە، هەر چەند بەنێو دێهاتی و سادە بوو، بەڵام لەشکرێکی پێ تێر دەبوو.

سانکۆپانزا بەچاوانێکی زەق و دەرپەڕیو، لەبەر واق وڕمان، تەماشای ئەو سفرە و خوانە سەیر و عەجایبەی دەکرد و لە تەماشای تێر نەدەبوو و لە دڵدا هەستی بەخۆشحاڵی دەکرد، یەکەم شتی کە سەرنجی ئەوی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، مەنجەڵ و دیزەی پڕ لە گۆشت بوو، زۆر ئیشتیای لەوە بوو دیزەیەکی چکۆلە لەو گۆشتانە بۆ خۆی جوێ کاتەوە؛ پاشان مەشکە شەڕابەکان بوون کە سانکۆ لە سوێیان ئاوی دەزاری گەڕابوو و پاش ئەوانەش نانی شیرینی میوەدار کە دەنێو ئەو تاوە گەورانەدا سوور کرابوونەوە. بەڵێ جا سانکۆ خۆی پێ ڕانەگیرا و ڕۆیشتە لای ئاشپەزێک و بەئەدەب و نەزاکەتەوە خواهیشی لێ کرد ئیجازە بدا نانێک هەڵگرێ و دە یەکێک لە دیزەکانی وەردا، بیخوا. ئاشپەز لە جوابی سانکۆدا گوتی: «براکەم، ئەمڕۆ لە سایەی لوتفی خودا و ئاغایەتیی کاماشی دەوڵەمەند، ڕۆژێک نییە کە کەس لە برسان هاواری بێ. لە کەرەکەت دابەزە و دەست بدە قاپ و کەوچکێک و بەکەیفی خۆت یەک دوو مریشکان دەربێنە و خەریک بە.» سانکۆ گوتی: «من لێرە هیچ کەوچک و دەفر نابینم.» ئاشپەز گوتی: «یا حەزرەتی مەریەم! کابرا تۆ بۆ هێندە دەستوپێ سپیلکە و ساویلکەی و بۆ شتێکی ئاوا بێ قابیلەت سەرەگێژەت گرتووە! سەبرێک بگرە با پێت بڵێم.» ئەوەی گوت و تاوەیەکی هەڵگرت و دە نێو یەکێک لە مەنجەڵە گەورەکانی ڕۆ کرد و بەجارێک سێ مریشک و دوو قازی پوختەی هێنا دەر و دای بەسانکۆ و گوتی: «بگرە هاوڕێ جارێ بەوەندە خۆت لە برسیەتی ڕزگار بکە تا کاتی نەهار بگا.» سانکۆ گوتی: «دەفرم پێ نییە کە ئەم مریشکانەی تێ بکەم.» ئاشپەز گوتی: «هەر بەتاوەکەوە بیان بە. ئەم شتانە بۆ سەروەت و سامانی...(کاماشی قەترە بەدەریاش نییە.)

لە کاتێکدا کە سانکۆ سەرگەرمی ئەم کارانە بوو، دۆن کیشۆت خەریکی تەماشا کردن بوو و دیتی کە لە گۆشەی سایەبانەکەوە دوازدە پیاوی وەرزێر بەسواریی دوازدە ماینی زۆر جوان و خۆش هەیکەل وە ژوور کەوتن؛ زین و بەرگی ئەو ماینانە زۆر جوان و ڕازاوە بوو و زەنگوڵەی چکۆلەیان بەبەر سینەبەندی زینەکانەوە هەڵاوەسیبوو. سوارەکان جلوبەرگی شایی و زەماوەندیان لەبەر دابوو و بەڕێکوپێکی دەستیان کرد بەتەقڵە و ڕمبازی بەدەوری





چیمەنەکەدا و بەدەنگی بڵند دەیانگوت: «بژی کاماشی دەوڵەمەند، پایەدار بێ کیتێریای جوان و نازدار؛ جەوانێک کە سەروەت و ماڵی دەگەڵ جوانی و جەماڵی ئەو کچە بەرامبەرە و کچیش لە جوانیدا لەم دنیایە وێنەی نییە.» کاتێک دۆن کیشۆت ئەو قسانەی بیست لەبەر خۆیەوە گوتی: «دیارە ئەم جەماعەتە دۆلسینە تۆبۆزۆی منیان نەدیتووە. چون ئەگەر دیتبایان لە وەسف و تاریفی ئەو کچەدا هێندەیان زێدە ڕۆیی نەدەکرد.»

ماوەیەکی کورت دوای ئەوە چەند دەستەی سەماکەر بەجلوبەرگ و پێکهاتەی جۆر با جۆر لە چەند جێی سایەبانەکەوە هاتنە ژوورەوە، لەوانە دەستەی شمشێربازان بوون کە لە بیست و چوار لاوی خۆش ڕوخسار پێک دەهات و هەموو جلوبەرگی کەتانیی سپییان لەبەر دابووو دەسرەی ئاوریشمینی ڕەنگاوڕەنگیان بەسەرەوە بوو. ئەم دەستەیە لە ژێر بەڕێوەبەری و ڕێنوێنیی جەوانێکی چابوک و ئازادا بوون کە یەکێک لە سوارە وەرزێرەکان لێی پرسی ئایا کەسێک لە سەماکەران بریندار بووە یا نا. ڕەئیسی دەستە گوتی: «نەخێر،شوکر بۆ خوا، تا ئێستا کەس بریندار نەبووە و هەمووومان ساغ و سلامەتین.» جەوان دەسبەجێ ئەندامانی دەستەی خۆی ڕەدەبەندی کرد و سەمای پێ کردن و سەماکەران هونەرنوێنییەکیان کرد و چەند جۆرە سەمایان ئەنجام دا کە دۆن کیشۆت هەر چەند دە تەمەنی خۆیدا ئەو چەشنە بەرنامانەی زۆر دیتبوو، مات و مەنگ ئیقراری کرد کە تا ئێستا هەرگیز ڕەقس و سەمای ئاوا جوانی نەدیتووە.

پاڵەوان لە سەمای دەستەیەکی تر کە پاش دەستەی شمشێربازان هاتبوونە ناو سایەبان هەر بەو ئەندازە سەرمەست و کەیف ساز بوو. دەستەی ئەمجارە پۆلێک کیژی تازە پێگەیشتوو بوون کە دیار بوو لە نێوان چاردە و هەژدەدا بوون. هەموویان لیباسی ئەوریشمینی سەوزیان لەبەر دابوو، پرچیان نیوێک هۆنراوە و نیوێک پەریشان و هەمووشیان موویان زەردی زێڕین بوو. وەها بوو کە پرچیان تانووتی لە پرشنگی ڕۆژ دەدا. لەسەر هەر کامیان تاجە گوڵینەیەک بوو کە بەگوڵی سوور و تاج کەڵەشێر و پێچەک دروستکرابوو. بەڕێوەبەری ئەم دەستەیە پیرە پیاوێک و کەیبانووییەکی وێچووی بەویقار بوون کە بەپێچەوانەی ئەوەی لە تەمەنیانرا تێ دەگەیشتی، نەرم و چوست و چالاک و سووک وەگەڕ کەوتن. کچەکان هەوای شمشاڵێک کە ناوی شمشاڵی زامۆڕا Zamora یە هەڵدەپەڕین؛ لە ڕوخساری ئەو کیژانەدا شەپۆلی شەرم و حەیا، لە دەستوپا و ئەندامیاندا چالاکی و نەرم و نیانی، وەها بوو کە تەماشاچیی وەبیر شێعرەکەی گۆران دەخستنەوە کە دەڵێ:

چ جوان دوو باڵێ بلوورین وەکوو لقی مەڕمەڕ
نەرم نەرم دەلەری شەپۆلی لێ دەوەری

پاش نومایشی سەمای کچانی تازە ڕەسیدە، دەستەیەکی تر لە سەماکەران هاتنە مەیدان کە پێیان دەڵێن دەستەی وێژەر، ئەم دەستەیە لە هەشت حۆری پێک هاتبوو کە بووبوونە دوو ڕیز. یەکێک لە ڕیزەکان بەڕێنوێنیی «کۆپیدۆن» خودای ئەوین، بەڕێوەدەچوو، ئەوی تریش سەردەستەکەی «خودای قازانج» interet بوو. کۆپیدۆن هەردووک باڵی خۆی هاویشتبووە سەرشانی و تیروکەوانیشی دەگەڵ تیردان هێنابوو. خودای سوود و قازانج جلوبەرگی گرانبایی و شاهانەی زەرباف و ئەتڵەسیی دەبەردا بوو. ئەو حۆرییانەی دەگەڵ خودای ئەوین بوون هەر کامە نووسراوەیەکیان بەپشتەوە هەڵواسیبوو کە نێوەکانیانی بەخەتی درشت لەسەر کاغەزی سپی تێدا نووسرابوو. ناوی فریشتەی یەکەم شێعر، حۆریی دووەم خۆڕاگری، سێیەم، ڕەسەنایەتی و چوارەم ئازایەتی بوو. لەسەر پشتی ئەو حۆرییانەش کە بەدوای خودای قازانجدا دەهاتن ناوونیشانیان بەمجۆرە نووسرابوو؛ یەکەمی سەخاوەت و دووەمی دەست بڵاوی؛ ناوی حۆریی سێیەم خەزێنە بوو چوارەمیش خاوەن بوون بەشێوەی ئاشتییانە، ناوی بوو. لە پێش ئەو دەستەیە کۆشکێکی دارین ڕادەگوێزرا کە چوار کەسی وەحشی لەسەر شانیان دانابوو؛ ئەم چوار وەحشییە لە گەڵای عەشقە و لە ڕیسووی(*) سەوز ڕەنگ جلوبەرگێکی وەها سروشتییان بۆ کرابوو کە چی وای نەمابوو ببنە هۆی ترس و دەرپەڕینی سانکۆپانزا. لەسەر پێش خوانی(*) قەسری دارین و لەسەر چوار دیوارەکەی نووسرابوو: کۆشکی نیگاوانی خێر. مۆسیقاژەنانی ئەم دەستەیە چوار کەس بوون کە بلوێریان لێ دەدا و تەپڵ ودەمبەگیان دەکوتا. کۆپیدۆن خوای سەما، هەڵپەرکێی دەست پێ کرد، ئەو پاش ئەوەی دوو جۆرە ڕەقسی ئەنجام دا سەری بەرز کردەوە و کەوانی خۆی بۆ لای کچێکی جوان، کە لەبەر پەنجەرەی کۆشک خۆی دەرخستبوو، سێرە گرت و پێی گوت:

«من خوداوەندی بەتوانای ئاسمان و زەوی و دەریای قووڵم و بەسەر هەر شتێک کە لە بنەباتی تەندوورەکاندا شاردراوەتەوە خودایی دەکەم.»

«من هەرگیز دە مانای ترس و جەبوونی نەگەیشتووم؛ من هەر چی ئیرادە بکەم، با کارێکی مەحاڵیش بێ، ئەنجامی دەدەم و بەسەر هەر شتێکیدا کە هەیە فەرمانڕەوایی دەکەم، یانی دەبەخشم و دەستێنم و فەرمان دەدەم چ بکەن و چ نەکەن.»





خوای ئەوین پاش خوێندنەوەی ئەو شێعرە تیرێکی لە چلەی کەوان بەڕێ کرد و هاویشتیە سەربانی قەسر و گەڕاوە جێگەی خۆی. پاشان خودای قازانج هاتە پێش. دوو سێ گەڕ هەڵپەڕی و کاتێک تەپڵەکان بێدەنگ بوون بەنۆرەی خۆی وەقسە هات و گوتی:

«من ئەو خودا بەتوانایەم کە قودرەتێکی زۆرتر لە خودای ئەوینم هەیە و هەر ئەویشە کە ڕێنوێنیم دەکا؛ من لەبەرزترین ڕەگەزەکانم کە خودا لەسەر زەوی ئافراندوویەتی و لە هەمووان ناسیاوتر و بەناوبانگترم.»

«من قازانجی تەواوم و ژماری ئەوانەی کە من دەرێی باشدا دەکار بکەن، زۆر کەمە. وە هەر کەس کە نە بەخاتری من هەنگاوێک باوێ، موعجیزەی کردووە. بەڵام من هەر ئەو جۆرەی کە هەم خۆم وەقفی تۆ دەکەم و تا تەمەن مابێ هی تۆ دەبم. ئامین!»

پاش ئەوەی خودای قازانج وەلاچوو، حۆریی شێعر هاتە بەرەوە و ئەویش وەک ئەوانی تر پاش ئەوەی خولێک سەمای کرد، چاوی دە کیژی جوانی قەسر بڕی و گوتی:

«من ئەو شێعرە ناسکە دڵبزوێنەم کە بەبەیانێکی شیرین و ڕاکێشەر و بەفکری تازە و نوێ باو بەپێکهاتەیەکی قورس و تۆکمەی واتایی ڕۆحی، خۆم دە هەزاران غەزەل و قەسیدەوە پێچاوە، خۆم بۆ تۆ ئەی خاتوونی ئازیز، بەدیاری دەنێرم.»

«ئەگەر ئام و شۆی من بۆ بەر دەرگای بارەگای تۆ نابێتە، هۆی بێزاریی تۆ، کارێک دەکەم کە هەموو ژنان ئێرەییت پێ بەرن و قەدر و قیمەت و پایەی تۆ دەگەیەنمە مانگ.»

حۆریی شێعر لەبەر چاوان ون بوو، پاش ئەو حۆریی سەخاوەت کە لە دەستەی خودای فایدە جوێ بووبووەوە هاتە بەرەوە؛ ئەویش پاش سەما کردن گوتی:

«بەمن دەڵێن سەخاوەت و ئەویش سیفەتی بەخشینە بەجۆرێک کە هەم لە تەخشان پەخشان بەدوور بێ و هەم لە چنۆکی و دەست قووچاوی؛ لە سەخاوەتدا شوێنەوارێک لە خۆشەویستی هەیە بەڵام کز و نەرم و نیان.»

«وە بەڵام بۆ ئەوەی تۆ گەورە کەم، دەمەوێ لەمەودوا هەنگاوێک لە سنووری سەخاوەت تێ پەڕم و دەست بڵاوی بکەم. ئەڵبەتە دەست بڵاویی لە ڕادەبەدەر عەیبێکە، بەڵام عەیبێکی شەریف و شایانی دڵێکی ئەویندارە کە

خۆی لە نێو دیارییەکاندا نیشان دەدا.»

بەمجۆرە هەموو کایەرانی هەر دووک دەستە هاتنە پێش و کشانەوە، هەر کام سەمایەکی کرد و شێعرێکی خوێندەوە، شێعری هەندێکیان شیوا و بڵند بوو و هی هەندێکیشیان ڕشقەن و گاڵتە و بێ مانا؛ بەڵام دۆن کیشۆت باوەکوو بیرگەیەکی بەهێز و بەرزی هەبوو، هەر ئەوانەی بەبیرگە ئەسپارد کە گوتمان. سەرەنجام هەر دووک دەستە تێکەڵ بوون و بەنەرم و نیانی ولێهاتووی تەواو وەک زنجیرتێک بەزین و جوێ بوونەوە. کاتێک خودای ئەوین بەپێش کۆشکدا تێ دەپەڕی تیرەکانی خۆی لە چلەی کەوان بەڕێ دەکرد و دەیهاویشتە سەر کۆشک، بەڵام خودای قازانج تۆپی زێڕینی لە دار و دیواری قەسرەکەدا دەکوتا. سەرەنجام کاتێک کایەران سەمایەکی زۆریان کرد خودای قازانج لە گیرفانی خۆی کیسەیەکی گەورەی دەرکێشا کە لە پێستی گورپەی ئانکارا دروست کرابوو. وا دەر دەکەوت پڕی پووڵ بێ. ئەو کیسەکەی بەرەو قەسر هاویشت و دەستبەجێ تەختە بەندەکانی ئەو قەسرە دارینە لەبەر یەک بڵاو بوون و کەوتنە سەر زەوی و کیژی جوان تەنیا و بێ بەرگری دە بەرامبەر ئەو خودایەدا خۆی دەرخست. خودای قازانج دەگەڵ ئەوانەی دە خزمەتیدا بوون لە کیژۆڵە نزیک بوونەوە و زنجیرێکی قورسی زێڕیان دە ئەستۆی کرد. وا هاتە بەرچاو کە ئەویان بەدیل گرت و دەگەڵ خۆیان بردیان. دەگەڵ دیتنی ئەم دیمەنە خودای ئەوین و هاوڕێیان ویستیان کیژی نازدار لە دەست ئەو دەستە دەر بێنن و بیفڕێنن. تەواوی ڕاپسان و داپسان و جووڵەی کایەران و هێرش و بەرگرییەکانیان هاوئاهەنگ بوو کە بەهەوای دەنگی تەپڵەکان ئەنجام دەدرا، وەحشییەکان هاتن تا ئەو دوو دەستەیە لێک جیا بکەنەوە و پاش ئەوەی زۆر زوو تەختەبەندەکانی قەسرەکەیان تێک خستەوە، کیژی جوان جارێکی تر پەنای بردەوە ناو قەسرەکە و خۆی شاردەوە و بەمجۆرە سەما و هەڵپەڕکێ و شانۆگەری بەخۆشحاڵی و ڕەزامەندیی تەماشاگەران کۆتاییی پێ هات.

دۆن کیشۆت لە یەکێک لە حۆرییەکانی پرسی کە کێ ئەم شانۆیەی ڕێکخستووە و دەرهێنەرەکەی کێیە. ئەو گوتی کە یەکێک لە کەشیشانی جیرەداری گوند کە چێژ و سەلیقەی تایبەتی دەڕێکخستن و دەرهێنانی ئەمجۆرە شتە نوێ باوانەدا هەیە.» دۆن کیشۆت گوتی: «من سوور دەزانم ئەو خوێندکار یا کەشیشە جیرەخۆرە دەگەڵ کاماش زۆرتر دۆستە تا بازیل و زۆرتر دە فکری دابینکردنی ئایندەی خۆیدایە تا نوێژ و عیبادەت. لەوەش تێ پەڕێ، خودا هەڵناگرێ، ئەلحەق لە شانۆی سەمای وێژەریی خوێدا هونەر و بەهرە بێ بایەخەکانی بازیل و دەوڵەت و ماڵ و سامانی کاماشی زۆر هونەرمەندانە





خستووەتە بەرچاو.» سانکۆپانزا کە گوێی بۆ قسەکانی ئەربابی خۆی هەڵخستبوو، هەڵی دایە و گوتی:بەڵێ، حەق هەمیشە بەزۆردارە و من لایەنگری کاماشم.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ ئەلحەق تۆش دێهاتییەکی کەری لەو دەشتە و لەو کەسانەی کە دەڵێن بژی زۆردار!» سانکۆ گوتی: «من دروست نازانم لە کام دەستەدام، بەڵام باش دەزانم کە ئەوەی لە مەنجەڵ و دیزەی بازیلدایە ناگاتە بەرماوی سفرەی کاماش و منی پێ تێر نابێ.» دەگەڵ ئەو قسانە تاوەی پڕ لە مریشک و قازی بەئەرباب نیشان دا. پاشان مریشکێکی هەڵگرت و بەئیشتیا و بەملۆچە ملۆچ دەستی کرد بەخواردن و لە کاتێکدا کوتی گەورە گەورەی دە زاری خۆی دەنا گوتی: «تف لە ڕیش و سەر و سمێڵی بازیل. چون، پەندێک هەیە دەڵێ: «هەرچی هەتە ئەوەندە دێنی و هەرچی بێنی ئەوەندەت هەیە.» بەواتەی یەکێک لە نەنکە گەورەکانم لە دنیادا زۆرتر لە دوو چینی دیار و بەرچاو نییە. یەک دارا بوون و ئەوی تریش فەقیر بوون و ئەو خواڵێخۆشبووەش لایەنگری دارابوون بوو. بەهەرحاڵ ئەربابی عەزیزم جەنابی دۆن کیشۆت، خەڵک لەم دەور و زەمانەدا زۆرتر بەدوای ماڵ و ساماندا دەگەڕێن و کارێکیان بەزانست و مەعریفەت نییە. کەرێک کە بەزێڕ و زیوەر ڕازابێتەوە بەرچاوترە لە ئەسپێک کە جلوجۆری کەریان لێ نابێ. کەوابوو دووپاتی دەکەمەوە کە من لایەنگری کاماشم. کاماشێک کە لە دیزەی ئەو بۆ تێر کردنی من قاز و مریشک و کەروێشک دێتەدەر، بەڵام لە دیزەی بازیل ئەگەر شۆرباوێکیش بێتە دەر، چڵکاوێک پتر نییە.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ فەرمایشت تەواو بوو؟» سانکۆ گوتی: «ناچارم تەواوی کەم چون هەست دەکەم بەڕێزتان خەریکن وردە وردە بەقسەکانم تووڕە دەبن. بەڵام باوەڕ بفەرموو ئەگەر ئەو دەلیلە لە ئارادا نەبووایە خۆم ئامادە کردبوو سێ ڕۆژان لەسەر یەک قسە بکەم.» دۆن کیشۆت گوتی: «لە خودام دەویست کە پێش ئەوەی بمرم تۆ بەلاڵی ببینم.» سانکۆ گوتی: «ئەرباب بەو جۆرە کە ئێمە دەچینە پێش بەر لەوەی تۆ بمری کاری من دەکێشێتە خۆڵ خواردن و ڕەنگە ئەو دەم وەها لاڵ بم کە تا ڕۆژی هەستانەوەی قیامەت نەتوانم ورتەیەکم لێ بێ و قسە بکەم.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ، گریمان ڕۆژێکی ئاواش دابێ، بێدەنگی و خامۆشیی تۆ بەئەندازەی ئەو سەعاتانەی کە تا ئێستا قسەت کردووە، یا ئێستا و لەمەو پاش دەیکەی، درێژەی نابێ، لە لایەکیشەوە سروشت حوکم دەدا کە ڕۆژی مەرگی من وەپێش ڕۆژی مەرگی تۆ بکەوێ، بەو حیسابەهیچ هومێدێکم نییە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەلاڵێ بتبینم.» سانکۆ گوتی: «ئەرباب بەباوەڕی من ژیان جێی بڕوا نییە و گورگی ئەجەل بەرخ و مەڕ پێکەوە دەخوا؛ تەنانەت من لە کەشیشی ئاواییی خۆمانم بیستووە کە دەیگوت لە

ڕوانگەی مەرگەوە کاخی پادشا و کۆخی بێوەژن وەک یەکن. ئەجەل وەک ژنێک وایە کە هەیبەت و قودرەتی لە نەزاکەت و ئەدەب زۆرترە. ئەم عفریتە چاک و خراپ نازانێ، هەرچی بیگاتێ دەیخوا و هەڵی دەلووشێ و بەهەموو شت قانیعە و خورجێنی خۆی لە هەر جۆرە ئادەمزادێک، لە هەر تەمەن و ساڵێک، یا وەزع و حاڵێکدا بن، پڕ دەکا. ئەجەل درووێنە وانێکە کە هەرگیز وەنەوزێک نادا و هەموو کات و ساتێک خەریکی درووێنە کردنە و تەڕ و وشک دەخاتە بەر گەوزی(*) داسی خۆی و دەیدروێ. ئەو ئادەمخۆرە، نێچیری خۆی پاروو پاروو ناخوا و ناجەوێ، بەڵکو هەرچی دەستی بیگاتێ یەکجێ قووتی دەدا و ڕۆی دێڵێ. چون وەک سەگ وایە و هەرگیز تێر نابێ. هەرچەند ورگی نییە دەڵێی وشکەسیی(*) گرتووە و جامی ژیانی ئەو خەڵکە وەک گۆزەی ئاوی سارد دەخواتەوە و قەتیش تێراو نابێ.» دۆن کیشۆت هاواری لێ بڵند بوو کە: ئەمان سانکۆ، بیبڕەوە،بەسیەتی! لە ڕاستیدا ئەوەی تۆ بەزبانی دێهاتییانەی خۆت لەمەڕ مەرگ دەیڵێی هەمانە کە وەعزکەرێکی زەبەردەست دەتوانێ بیڵێ. سانکۆ، دیسان دەڵێم ئەگەر تۆ بەو ئەندازە کە پاک و دەروون خاوێنی، عەقڵ و شعووریشت هەبووایە، دەتتوانی میمبەرێک دەگەڵ خۆت بگێڕی و لە هەر جێگەیەک کە دەچووی وەعز و ڕێنوێنیی باش بۆ ئەو خەڵکە بکەی.» سانکۆ گوتی: «هەر کەس ڕێوڕەسمی ژیان باش بزانێ دەتوانێ باش مەوعیزە بکا.» بەڵام من لە وەی گوتم شتێکی زۆرتر نازانم.» دۆن کیشۆت گوتی: «نیازیشت بەوەی نییە زۆرتر بزانێ. بەڵام مەتڵەبێک هەیە من سەرەدەری لێ دەرناکەم، ئەویش ئەوەیە ئەگەر بەڕاستی (رأس الحكمة مخافة الله) (سەرەتای فەلسەفە ترس لە خودایە) بێ، تۆ کە لە مارمێلکە زۆرتر دەترسی تا لە خودا، ئەو هەموو شتە لە کوێ دەزانی؟» سانکۆ گوتی: «ئەرباب جەنابت لەمەڕ هەمان یاسا و دابونەریتی پاڵەوانیی خۆتان داوەری بکەن و کارتان بەترس و ئازایەتیی دیتران نەبێ، چون منیش وەک هەموو کەسێ تر لە خودای خۆم دەترسم. بێجگە لەوەش تکایە کە جارێ لە من واز بێنە با بەخەیاڵی ئاسوودە ئەو خۆراکەم بخۆم؛ ئەسڵی کار ئەمەیە، ئەوانی تر هەمووی قسەی قۆڕ و بن دڕاون(*) کە حیسابی ئەوانمان لەو دونیا لێ وەردەگرنەوە.»

سانکۆ ئەوەی گوت و ئەوجاریش پەلاماری تاوەکەیدا و بەئیشتیایەکی وەها دەستی کرد بەخواردن کە دۆن کیشۆتیش ئاوی دە زاری گەڕا و ئیشتیای خواردنی بزووت، وە بێگومان ئەگەر کەندوکۆسپێک کە لە بەشی دواییدا باسی دەکەین، نەهاتبا پێشەوە، پاڵەوان دەرۆیشتە یارمەتیی مەیتەرەکەی خۆی.



٢١

## درێژەی باسی زەماوەندی کاماش و ڕووداوی خۆشی تر

لەو کاتەدا کە دۆن کیشۆت و سانکۆ کۆتاییيان بەقسەکانیان هێنا، هاوار و بانگێکی گەورە هەستا. ئەم بانگ و هاوارە لە ماین سوارەکان بوو کە بەهەلهەلە و هەرایەکی زۆرەوە بەوێرغە بەپێشوازیی بووک و زاواوە دەچوون، بووک و زاوا لە حاڵێکدا دەنگ خۆشان و مۆسیقاژەنەکان دەوریان گرتبوون بەجەلال و شکۆیەکی بێ وێنەوە دەهاتنە پێش و کەشیشی گوند و دایک و باب و ئەندامانی هەر دوو بنەماڵە و پیاو ماقووڵانی گوندەکانی دەوروبەر کە هەموو جوانترین جلوبەرگی جێژن و شادمانییان دەبەر دابوو، هاوڕێی بووک و زاوا بوون.

سانکۆ هەر کە چاوی بەبووک کەوت، هاواری لێ بەرز بووەوە: «قەسەم بەخودا کە بووک لیباسی دێهاتی دە بەردا نییە، بەڵکو بەجلوبەرگی خاتوونانی کۆشک نشین خۆی ڕازاندووەتەوە. سوبحانەڵلا! سوبحانەڵلا! ئەو جۆرەی کە من دەیبینم بەجێگەی تۆقی کانزایی(٣٧٧) کە بووک دەبێ دە ئەستۆیدا بێ، پەرەنگەی مەرجانی بەسینگییەوە هەڵاوەسراوە و بەجێگەی پارچەی پەشمینی سەوز و ئەستوور و زووری «کۆنیسا» Cuenca مەخمەری دەرەجە یەکی کوڵکەداری دەبەر کردووە، بێجگە لەوەش لە جیاتی پارچەی کەتانی، ئەتڵەسی گرانباییيان بەسەردا داوە! بەهبەها! چاو لەو دەستانەی بکەن کە چۆن بەئەنگوستیلەی کارەبا زینەت دراون! منتان کفن کردبێ کە دەستبەندەکانی لە زێڕی خالیسە و لەسەر ئەو دەستبەندانە دەنکە مرواریی وایان داناوە کە وەک شیر سپین و هەر یەکەی لە چاوی بنیادەم بەقیمەتترە. یا حەزرەتی مریەم؟ پرچی بووک چەندە جوانە! بەڕاستی ئەگەر ئەم پرچانە کلاوکیس(*) نەبن، من تا ئێستا مووی ئاوا کەژاڵ و زێڕینم نەدیتووە. باسی بەژن و باڵا و لەخت و لاری ئەو چ بکەم، باوەڕ ناکەم کەس بتوانێ عەیب و ئیرادانی لێ بگرێ. [هەر چەند دە باڵات دەفکرم، هیچ عەیبانت لێ ناگرم! وەرگەڕێ باڵات

---

٣٧٧- تۆقی کانزایی ئاڵقەیەک بوو کە وێنەی پیاوە پیرۆزە ئایینییەکانی لەسەر بوو کە دەملی بووکیان دەکرد و لە زەمانی سێروانتێسدا زۆرتر لە نێو دێهاتییەکاندا باو بوو. (مۆریس باردۆن)

ببینم، با دەرچێ گیانی شیرینم!] ڕاستی بەو هەموو زێڕ و جەواهیراتەوە کە بەکەزیە و ئەگریجە و گەردن و گوێی بووکەوە دەیبینم، نەخڵی پڕ بەری خورمام دێتەوە بەرچاو کە هێشووەکانی با دەیانجووڵێنێتەوە، قەسەم بەخودا ئەو بووکە شاکچە و ڕوو دە کاخی هەر پادشایەک بکا لەسەر سەر و چاوان جێی بۆ دابین دەکەن.»

دۆن کیشۆت لەو مەدح و پێداهەڵگوتنەی سانکۆ کە لە دڵی ساف و سادەی وەرزێرانەی مەیتەرەکەی هەڵدەقوڵی دەستی بەپێکەنین کرد. بەڵام لەبەر چاوی خۆیشی وابوو کە بێجگە لە خاتوون دۆلسینە دۆ تۆبۆزۆ تا ئێستا هیچ ژنێکی بەو جوانییە نەدیتووە. کیتێریای نازدار هێندێک ڕەنگ پەڕیو دەهاتە بەر چاو، ئەوەش بێگومان هۆیەکەی نیگەرانی و دڵهوڕەی شەوێکی سەخت و پڕ لە دڵەڕاوکێ بوو کە بۆ هەڵبژاردنی جلوبەرگ و تەدارەک و خۆ ئامادە کردن بەسەر هەموو تازەبووکێکدا تێپەڕدەبێ. بووک و زاوا یەک ڕاست بەرەو مەیدانی شانۆ مانەندێک هاتنە بەرەوە کە ڕوو بەرەکەی بەفەڕشی گرانبایی ڕایەخرابوو، دەوروبەریشی بەلقوپۆپی داران سایەبانی لەسەر کرابوو. قەرار وا داندرابوو کە لێرە ڕێوڕەسمی مارەکردن بەڕێوە بچێ و هەروەها لێرەدا بووک و زاوا دەبووایە سەما و هەڵپەڕکێی جێژنی زەماوەندی خۆیان تەماشا بکەن، لەو کاتەدا کە بووک و زاوا نزیک بوو بگەنە سەر جێگەی دیاری کراو، لە نەکاو هاوارێکی گەورەیان لە پشت سەری خۆیانەوە بەگوێ گەیشت و ئاوایان بۆ چۆوە سەر یەک کە کەسێک بەدەنگێکی بڵند هاوار دەکا: «ئەی جەماعەتی بێ فکر و عەجوول، ئاخر هێندێک لەسەرەخۆ بن و دەست ڕابگرن!» بەبیستنی ئەم هاوار و دادە، خەڵکەکە سەریان وەرسووڕاند و ئاوڕیان داوە و پیاوێکیان چاو پێ کەوت کە بەرگێکی ڕەش و درێژی دە بەردابوو و لەسەر ئەو بەرگەوە نەواری پەشمینی ئاگرین ڕەنگی لێ دروابوو. ئەو (وەک زوو دەیبینین) تاجێکی لە لقوپۆپی داری سەرو کە شووم و بەدوومە(*) لەسەر نابوو، لە دەستیشیدا دارێکی درێژ دەبیندرا. هەر کە ئەو غەریبەیە نزیک بووەوە عالەمەکە ناسییانەوە و زانییان ئەوە بازیلە ڕووتە، شوانە مێشک سووکەکەیە. وە چون هەموویان لە هاتنی ئەو هەستی ڕووداوێکی ناخۆشیان دەکرد بەبێدەنگی و سەرنجێکی زۆرەوە چاوەڕوان مانەوە بزانن هاوار و داد و قسە نامەعلووم و بۆڵژنەکانی چییان لێ دەکەوێتەوە. سەرەنجام بازیل بەهەناسە بڕکێ و ماندوو و مردوو گەیشتە بەرەوە. بۆ لای دوو نامزەدەکە ڕۆیشتە بەر و دارەکەی کە نووکی تیژی پۆلای پێوە بوو دە عەرزی کوتا، لە حاڵێکدا ڕەنگی بەڕوویەوە نەمابوو، خیرە خیرە دە کیتێریای جوانی هەڵدەڕوانی، بەئاهەنگێکی خەفە و لەرزۆک گوتی: «ئەی کیتێریای بێ وەفا، تۆ باش دەزانی کە بەپێی





یاساکانی شەرعی پیرۆزی ئێمە تا کاتێک من زیندووم تۆ ناتوانی شوو بکەی. هەروەها باش دەزانی کە من بۆ زۆر کردنی سامان و ماڵ بەو بارستایەی کە موناسیبی حاڵ و بەختەوەریی تۆ بێ، زۆرم زەحمەت کێشاوە. بەڵام تۆ تەواوی عەهد و پەیمانی خۆت بەرامبەر بەویستی شەڕافەتمەندانەی من دە ژێر پێ ناوە و ئێستا دەتەوێ ئەو خەزێنەیەی کە ملکی منە بیدەی بەیەکێ تر و ببی بەژنی کەسێکی کە بەپاڵپشتی ماڵ و سامانی خۆی نە تەنیا گەنجێکی گەورە وەدەست دێنێ، بەڵکو بەسەعادەت و بەختەوەرییەکی گەورەتر دەگا. زۆر باشە، ئێستا بۆ ئەوە بەختەوەریی ئەو پیاوە کەم و کەسری تێدا نەمێنێ (ئەڵبەتە نە لەو ڕوانگەوە کە من ئەو بەلایقی ئەو بەختەوەرییە بزانم، بەڵکو لەم ڕوانگەوە کە خودایان ئاوایان ویستووە) من دەمەوێ ئەو کەندوکۆسپەی لەسەر ڕێگەی گەیشتنی ئەو بەم بەختەوەرییە هەیە، وەلابەرم، یانی وجوودێکی کە بووەتە چقڵی نێوانتان لە ناو بەرم. هەر بژی و بەرقەرار بێ کاماشی دەوڵەمەند لە تەنیشت کیتێریای بێ وەفا و سالانێکی دوورودرێژ بەخۆشی پێکەوە بژین! بمرێ بازیلی بێ ئەنوا کە فەقیری و دەس تەنگی باڵی سەعادەتی شکاندووە و ئەوی دە چاڵی تاریک و ڕەشی گۆڕ هاویشتووە!» بازیل ئەو قسانەی کرد و ئەو دارەی کە بەدەستەوە بوو لە نێوەڕاستدا شکاند، نیوەی دە عەرزیدا ماوەوە و لە نیوەکەی تر شمشیرێکی قوڵەی دەرکێشا کە دارەکە لە جێی کالانی دەکار هێنرابوو. پاشان مشتووی شمشیرەکەی لەسەر عەرزی دانا و بێ ڕاوەستا سینگی خۆی بەسەر شمشیرەکە دادا. نیوێک لە شمشیرەکە لە نێو هەردووک شانی لە پشتی هاتە دەر و ئەو بێ ئەنوا ڕۆژەڕەشە لە حاڵێکدا دە خوێنی خۆیدا شەلال بووبوو، بەعەرزیدا کەوت.

دەسبەجێ دۆستەکانی کە لە داستانی جەرگبڕی بەدبەختی و بێدەرەتانیی ئەو کوڵی گریانیان هەستابوو، هاتنە یارمەتیی ئەو. دۆن کیشۆت ڕۆسینانتی بەرهەڵدا کرد و یەکەم کەس بوو کە ڕۆیشتە بەرەوە و لە حاڵێکدا کە بازیلی دەباوەش گرتبوو، تێ گەیشت کە هێشتا نەمردووە. ئامادە بووان ویستیان شمشیرەکەی لە سینگی دەرکێشن، بەڵام کەشیش لە ترسی ئەوەی کە نەکا ئەو کارە ببێتە هۆی گیاندانی بەبیانووی ئەوەی دەبێ ئیقراری لێ وەربگرێ، نەیهێشت ئەو کارە بکەن. بازیل هێندێک هێزی هێنابووەوە بەر خۆی و بەئاهەنگێکی کز کە هێور هێور بەرەو خامۆشی دەچوو، هاتە قسەو گوتی: «ئەی کیتێریای دڵڕەقی غەددار، ئەگەر تۆ لەم ئاخرین ساتەی ژیانمدا حازر بی، دەستی ژن و مێردایەتی بەمن بدەی، یەقینم دەبێ کە ئەم جەسارەت و بێ باکییەی من لە لای خوداوەندەوە دەبەخشرێ، چون ئەو سەعادەتە گەورەم بەنسیب دەبێ کە هی تۆ بم.»

کەشیش کە ئەم قسانەی بیست پێی گوت: «باشتر ئەوەیە لەو کاتە دواییانەی ژیانتدا دە فکری ڕزگار کردنی ڕۆحی خۆتدا بی و لە حەز و خۆشیی ئەم جیهانە چاو پۆشی بکەی و لە قووڵایی دڵەوە لە خودا داوا بکەی لە گوناهانت ببووریٚ.» بازیل گوتی، ئەگەر کیتێریا لەم ساتەی کۆتایی ژیانیدا دەستی ژن و مێردایەتیی نەداتێ، ئیقرار بەگوناهان ناکا و پێی چەقاند ئەگەر داخوازییەکەی لێ قبووڵ بکەن، زۆرتر تاقەت و هێزی دێتەوە بەر و باشتر دەتوانێ ئیقرار بەگوناهان بکا. کاتێک دۆن کیشۆت قسەکانی بازیلی گوێ لێ بوو، هاواری کرد: «ئەوەی بازیل دەیەوێ، داخوازییەکی زۆر بەجێیە و بێجگە لەوەش ئەنجامدانی زۆر ئاسانە و بۆ جەنابی کاماش زەماوەند کردن دەگەڵ کیتێریای بێوەژن، بەهەمان ئەندازە شانازی هەڵگرە کە دەگەڵ کیتێریای کچ.» پاڵەوان دیسان درێژەی بەقسەکانی دا: «ئەوجار ئەم ژن هێنانەی بێجگە لە «بەڵێ» گوتنێک زۆرتر چی تر نییە، چون پەردووی زاوابەندی بازیل لە نێو گۆڕدا دەڕازێتەوە.»

کاماش تەواوی ئەو قسانەی گوێ لێ دەبوو، مات و سەرگەردان و گێژ و وڕ نەیدەزانی چ بڵێ و چ بکا. بەڵام دۆستانی بازیل یەکجێ تکایان لێ کرد کە کیتێریا دەستی پێک بڕان(*) بداتە دەست بازیل تا ڕۆحی ئەو لاوە بەناهومێدی و کفر و بێ دینی لەم دنیا نەچێتە دەر، دەنا لەو دنیا دەبێ جواب دەرەوەی گوناهانی ئەو بێ، وە بێجگە لەوەش لە جێگەیەک کە کیتێریا خۆی بیەوێ دەستی پێک گەیشتن بدا بەبازیل، باشترە ئەویش بەو کارە ڕازی بێ، چون گەیشتن بەویست و ئارەزوو بۆ ئەو، زۆرتر لە ساتێک وەدرەنگی ناکەوێ. پاش ئەوە، هەموو حازران دەستەوداوێنی کیتێریا بوون، جەماعەتێک بەتکا و ڕەجا و تاقمێک بەگریان و فیغان و هەموویان بەدەلیلی مەحکەم ئەویان ڕازی دەکرد کە باشترە دەستی پێک بڕان بەبازیلی بێ ئەنوا بدا. بەڵام کیتێریا کە دڵێکی لەبەردی خارای هەبوو و لە پەیکەری بێ گیان سارد و سڕتر بوو، نەیدەزانی چ بکا و نەیدەویست ئەو کارە بکا و ورتەیەکی لەبەر بێتە دەر، وە ئەگەر کەشیش پێی نەگوتبایە هەرچی زووترە بڕیاری خۆی بدا و گیانی بازیل گەیوەتە سەر لێوی و جێگەی دوو دڵی و تێوە ڕامان نەماوەتەوە، بێگومان جوابی نەدەداوە. بەڵێ جا کیتێریا بەحاڵەتێکی پەرێشان و غەمناک، بێ ئەوەی قسەیەکی بەزاریدا بێ، بۆ شوێنێک کە بازیل بەچاوی خامۆش و هەناسەی پساو، ناوی ئەوی لە ژێر لێودا زەمزەمە دەکرد و حاڵی بەجۆرێک بوو کە هەموو دەیانگوت بێ ئیمان لە دنیا دەڕوا، نەک وەک مەسیحییەکی مۆمن، ڕۆیشتە بەرەوە. کیتێریا لە بەرامبەر بازیلدا چۆکی دادا و بەئیشارە گوتی دەستی خۆی بێنێتە پێش. بازیل بەزەحمەت چاوی کردەوە و دە کیتێریا ڕاما و





گوتی: «ئاخ، ئەی کیتێریا، ئەی ئەو کەسەی کە کاتێک ڕەحم و بەزەییت بەمندا هات کە وا خەریکم لەبەر پێت گیانم دەردەچێ. چون دە جەستەمدا ئەو تاب و توانایە نەماوە کە حەز و خۆشیی هاوسەری تۆم پێ ببڕێ و هەروەها ناتوانم پێش بەدەردی گرانی هرووژمی هەراسێنەری مەرگ بگرم، دەمەوێ لەو ساتەدا تکایەک لە تۆ بکەم، ئاخ ئەی ئەستێرەی بەختی ناسازگاری من، تکات لێ دەکەم ئەگەر دەستی پێک گەیشتن دەدەی بەمن لەبەرئەوە نەبێ کە بەزەییت پێمدا دێ و دڵت بۆم دەسووتێ، یا پێت وابێ بەو کارە خۆشحاڵم دەکەی، نامەوێ فریوم بدەی، من لە تۆ دەپاڕێمەوە، کە بەدەنگی بڵند، بەبێ مەجبوور بوون، لە ڕووی ویست و ئیرادەی خۆتەوە، من وەک مێردی خۆت هەڵبژێرە. ئێستا ئیتر زۆر ناحەزە کە لە ساتی ئاوادا فریوم بدەی و فێڵ لە کەسێک بکەی کە لە هەموو چرکە و ساتەکانی ژیانیدا بەسەداقەت و ڕاستی دەگەڵ تۆ هەڵسوکەوتی کردووە.»

بازیل دەگەڵ ئەو قسانەدا وردە وردە بێ حاڵ دەبوو، تا ئەو جێگەی کە حازران لایان وابوو زۆر زوو تەواو دەبێ و قسەی لێ دەبڕێ، کیتێریا شەرمەندە و خەجاڵەت بار لە حاڵێکدا سەری بەردابووەوە، دەستی بازیلی دە ناو دەستی خۆی نابوو لە جوابدا گوتی: «هیچ زۆری و جەبرێک ناتوانێ بەسەر مەیل و ئارەزووی مندا زاڵ بێ. کەوابوو من بەمەیل و تاسەوە دەستی پێک بڕانێ دە دەستی تۆ دەنێم و تۆ وەک هاوسەری خۆم هەڵدەبژێرم و هەروەها دەستی تۆ کە بەمەیل و ویستی خۆت بۆ لای منت درێژ کردووە دەگرم و بەیەقین دەزانم کە ئەم ڕووداوە شووم و پەژارە هێنەرە کە ناهومێدی و تووڕەییی کوێر و بێ ئاوەزی تۆ بۆ تۆی هێناوەتە ئاراوە، ناتوانێ ئازادی و ئیختیاری تۆ سست و لەرزۆک بکا.» بازیل گوتی: «بەڵی، منیش بەویست و ئیرادەی خۆم لە ڕووی عەقڵ و فامەوە دەستی پێک بڕان دەدەم بەدەستی تۆ؛ کەوابوو من وەک مێردی شەرعی و قانوونی، خۆم بەتۆ پێشکەش دەکەم. چ ساڵانێکی زۆر بژی و چ هەر ئێستا دە ئامێزی خۆمت بگرم و بەخاکی قەبرت بسپێرم.» لەو ساتەدا سانکۆپانزا هەڵی دایە و گوتی: «ئەو کوڕە کە بریندارە و برینی زۆر ئەستەمە زۆری لەسەر دەڕوا؛ وا باشترە بێدەنگی کەن کە دەست لەو قسە دڵدارییانە هەڵبگرێ و دەفکری نەجاتی ڕۆحی خۆیدا بێ، چون پێم وایە کە ڕۆحی لە گەرووی دەرچووە و گەیوەتە سەر لێوی.»

بەڵێ لەوکاتەدا کە بازیل و کیتێریا دەستیان لە دەستی یەکدا بوو کەشیش کە لەو دیمەنە دڵڕووشێنە(*) زۆر هەستی بەزەیی و دڵ پێسووتانی وە خرۆش هاتبوو، پێک بڕانی ڕۆحانیی ئەوانی پیرۆز کرد و لە خودای گەورە پاڕاوە کە ڕۆحی ئەو تازە زاوایە غەرقی ڕەحمەت بکا.

بەڵام بازیل هەر کە گوێی لە قسەکانی کەشیش بوو، ئارام و بێدەنگ لە جێی خۆی هەستا و بەتوندی و چالاکییەکی بێ وێنە کە هیچ کەس فکری لێ نەدەکردەوە، تیغەی شمشێرەکەی لە بەدەنی خۆی دەرکێشا. حازران کە لەبەر سەرسوڕماوی لەسەر جێی خۆیان ڕەق هەڵاتبوون و هێندێک کە ساویلکەیی و سادەدڵییەکەیان زۆرتر لە هەستی کون پشکنییان بوو، دەستیان بەهاوار هاوار کرد و گوتیان: «موعجیزە!... موعجیزە!» بازیل لە جوابیاندا گوتی: «نەخێر، نەخێر، موعجیزە نییە، بڵێن تەڕدەستی! تەڕدەستی!» کەشیش کە سەری سووڕمابوو و ئاگای لە خۆ بڕابوو، هەڵاتە پێش تا برینی بازیل بەدەستی خۆی هەست پێ بکا. ئەو تێ گەیشت کە شمشێر بەبەدەنی بازیلدا تێپەڕ نەبووە، بەڵکو بەنێو لوولەیەکی ئاسندا ڕۆیشتووە کە ئەو لاوە لە بن هەنگڵی خۆیدا جێی کردبووەوە و نێو لوولەکەشی وەک دوایە بۆیان ڕوون بووەوە لە خوێنێکی تازە پڕ کردبوو بۆ ئەوەی زوو نەیبەستێ. سەرەنجام کەشیش و کاماش و زۆرێک لە تەماشاگەران دەریان بڕی کە لەم کارەدا فێڵ و کەڵەک دە کار کراوە و ئەوان فریو دراون. بەڵام بووک لەم شۆخییە تەڕدەستانەیە هیچ تێک نەچوو، بەپێچەوانەوە، کاتێک بیستی کە یەکێک لە نێو ئەو جەماوەرەدا دەڵێ ئەم پێک بڕانە لەسەر مەکر و دەلەسە و فێڵە و بەشەرع دروست نییە، هاواری کرد کە بەتەواوی دروستە و دووبارە ئامادەیە ڕەزامەندی و ئیرادەی خۆی دووپات کاتەوە. لەوێوە هەموو تێ گەیشتن کە ئەم کارە بەویستی هەر دووک لا و کەینوبەینی بازیل و کیتێریا بووە. کاماش و لایەنگرانی وەها بەتووڕەیی و هەیەجان وە خرۆش هاتبوون کە بڕیاریان دا تۆڵەی ئەم تەوهین و سووکایەتییە بکەنەوە و هەڵیان کێشا شمشێر و خەنجەران و پەلاماری بازیلیان دا و جەماعەتێکیش بەلایەنگری لە بازیل دەستیان دا شمشێر و هاتنە مەیدان. خەڵک بۆ دۆن کیشۆت کە بەسواری بووبووە پێشەنگی بەرهەڵستکاران و ڕمەکەی بەحاڵەتی هێرش بردن گرتبوو، ڕێگەیان دەکردەوە. سانکۆ کە لە تەمەنی خۆیدا جێژنی ئاوا بەشکۆ و خۆشی نەدیتبوو، پەنای بردە بن کووپە و مەنجەڵە پڕ لە خۆراکەکان کە دەپێشدا بەشێکی خۆش و بەتام و بۆنی لێ هەڵێنجابوون و پێی وابوو کە ئەوێ حەشارگەیەکی ئەمینە و هەر دووک لا حورمەتی بۆ ڕادەگرن و خۆی تێی ناگەیەنن.

دۆن کیشۆت هاواری دەکرد کە: «سەبر کەن، برادەران، بەڕێزان، دەست ڕابگرن! هیچ دەلیلێک نییە کە لە تەوهینێک کە بەخاتری ئەوین کراوە، تۆڵە بستێننەوە. بزانن و ئاگا بن کە ئەوین و شەڕ هەر دووک وەک یەک وان و چۆن دە شەڕدا فێڵ کردن لە دوژمن کارێکی دروستە، بەو مەرجەی کە ئەو کارە نەبێتە هۆی بێ ئابڕوویی و ئەتک کردنی یاری





خۆشەویست. تەقدیر و ئیرادەی خوداوەندی کە هەمیشە دروست و بەرحەقە، وای ویستبوو کە کیتێریا ببێتە ماڵی بازیل و بازیل ببێتە ماڵی کیتێریا. کاماش پیاوێکی دەوڵەمەندە و دەتوانێ بەزەبری ماڵی دنیا هەر کات بیەوێ بەزمی عەیش و نۆشی هەر چۆنێکی خۆی بیەوێ، دابین بکا. بازیل بێجگە لەو «مەڕ»ە هیچی تر شک نابا و هیچ کەس، هەر چەند تواناترین پیاوی دنیاش بێ، ناتوانێ ئەو «مەڕ»ە لە دەست ئەو دەربێنێ، چون کاتێک خودای عالەمیان دوو کەسی لە یەکتر متوربە کرد، کەس ناتوانێ ئەو دووانە لێک هەڵپچڕێ و هەر کەس لەم وتەیەدا شک بکا و بیەوێ سەر بزێوی بکا، سەروکاری دەگەڵ ئەو نێزەیە دەبێ.» دۆن کیشۆت ئەوەی گوت و وەها بەلێزانی و هێزەوە نێزەکەی ڕاست کردەوەو بەحاڵی ئامادەبووانەوە ڕای گرت کە تەواوی ئەو کەسانەی کە نەیاندەناسی لە ترسانی لەسەر جێگەی خۆیان وشک هەڵاتن. لە لایەکی ترەوە لەسەرخۆیی و ئارامیی کیتێریا وەها لەسەر مێشک و فکری کاماش کاری کردبوو کە لە یەک چاوتروکاندا عەشق و خۆشەویستیی ئەوی لە دڵ دەرهاوێشت. ئەوە بوو کە لە دڵدانەوە و نسحەت و ڕێنوێنیی کەشیش کە پیاوێکی بەتەدبیر و دڵ پاک بوو، هێور بووەوە و ئەو پیاوە ڕۆحانییە توانیی ئاگری تووڕەیی و ڕق و عەزەبی کاماش و هاوڕێیەکانی دامرکێنێ. لایەنگرانی کاماش بەنیشانەی سوڵح و ئاشتی شمشێرەکانیان دە کالان ڕاکردەوە و گوناهی ئەو ڕووداوەیان زۆرتر خستە سەر ئەستۆی کیتێریا، نەوەک مەکر و فێڵبازییەکانی بازیل. کاماش تەنانەت بیری لەوەش کردەوە کە ئەگەر بەڕاستی کیتێریا پێش ئێستا بازیلی خۆش ویستووە، بێگومان پاش زەماوەندیش هەر خۆشی دەوێ کەوابوو ئێستا پێویستە شوکری خودا بەجێ بێنێ کە کیتێریای داوەتە دەست بازیل.

کاتێک کاماش ئارام بووەوە و هاتەوە سەرخۆ و ئاشتی و ئارامی لە نێو لایەنگرەکانیدا بەرقەرار بووەوە و دۆستانی بازیلیش زەوت(*) بوون، کاماشی دەوڵەمەند بۆ ئەوەی نیشان بدا کە قین و ڕقی دە دڵدا نەماوە و لەم ڕووداوە ناڕەحەت و غەمبار نییە، ویستی کە جێژنەکە وەک بۆ خۆی بێ، درێژە پەیدا بکا. بەڵام بازیل و هاوسەرەکەی و دۆستەکانی نەیانویست بەشداری بکەن، لەبەرئەوە بەرەو گوندی بازیل سەری ئەسپانیان وەرگێڕا و کەسانێکیش بەدوایاندا کەوتنە ڕێ، چون فەقیرەکانیش کاتێک لێهاتوویی و جەوهەر و فەزیلەت و تەقوایان هەبێ هەر وەک دەوڵەمەندان کە جەماعەتێکیان بۆ کلکەسووتە و چاپلووسی بەدەورەوەیە، کەسانێکیان هەیە کە بەدوایان بکەون و پشتیوانی و لایەنگرییان لێ بکەن و ڕێزیان بۆ دابنێن. ئەوان چون دۆن کیشۆتیان بەپیاوێکی خاوەن دڵ و خاوێن دڵ

و سروشت پاک هاتە بەر چاوان، دەگەڵ خۆیان بردیان. تەنیا سانکۆ بوو کە غەم و حەسرەتێکی قورسی کەوتە سەر دڵ و دەروون، چون نەیدەتوانی لەوە زۆرتر لەوێ بمێنێتەوە و لە جێژن و بەزمی ڕەنگین و پڕ لە شادیی کاماشی دەوڵەمەنددا بەشداری بکا. لەبەرئەوە بەلووتی داژەنیو(*) و غەمناک بەدوای ئەربابەکەیدا وەڕێ کەوت و هەر چەند شکڵ و وێنەی مەنجەڵە میسرییەکانی[378] کەوتبووە سەر دڵی، هەمووی لە پشت سەری خۆی بەجێ هێشت و تەنیا ئەو بڕووکە خۆراکەی دە تاوەکەدا بەدەستیەوە مابوو، نیشانی دەدا کە ناز و نیعمەتی لە دەست چوو، چ جەلال و شکۆیەکی هەبووە. بەهەرحاڵ سانکۆ، پەرێشان و شپرزە، بەدوای ڕۆسی نانتدا دە کەرە بۆزی وەژاند.

378– مەنجەڵی میسری ئاماژەیە بە زۆر و زەوەندیی ڕسق و رۆزی لە وڵاتی میسردا و قەومی بەنی ئیسرائیل پاش بە جێ هێشتنی میسر لە بیابانەکانی سینادا بە ئاخ و ئەفسووسەوە یادیان لێ دەکردەوە. (لوویی ویاردۆ)



## ٢٢

## گێڕانەوەی ڕووداوی گەورەی ئەشکەوتی مۆنتەزینووس هەڵکەوتوو لە دڵی وڵاتی مانشدا کە دۆن کیشۆت، پاڵەوانی دلاوەری مانش، بەشێوەیەکی باش کۆتایی پێ هێنا

بووک و زاوا بەڕێز و حورمەتێکی زۆرە دۆن کیشۆتیان بەخێرهاتن کرد و زۆر بەگەرمی لەو هەموو ئازایەتی و پیاوەتییەی دە لایەنگری لەواندا نیشانی دابوو، سپاسیان کرد. ئەو دوو نەونەمامە، هۆش و تێگەیشتنی دۆن کیشۆتیان بەهاوسەنگ و قورسایی ئازایەتی و بوێرییەکە قەبڵاند، تا ئەو جێگەی ئەویان دە شەڕ و مەعرەکەدا پاش «سید» بەکەسی دووەم و دە قسەکردن و وێژەواریدا وەک «سیسرۆن» لە قەڵەم دا. سانکۆی میهرەبان سێ ڕۆژی تەواو لەسەر سفرەی بووک و زاوا پەزیرایی شاهانەی لە خۆی کرد و لەوێ هەموو تێ گەیشتن کە برینی ساختەیی بازیل بەپێی پلانێک نەبووە کە لە نێوان بازیل و کیتێریادا داڕێژرابێ، بەڵکو بەرهەمی فکر و تازەهزری(*) خۆی بووە و ئەو هیوادار بووە کە بەرهەمی باشی لێ بکەوێتەوە و ئەزقەزا ئاکامەکەی ئەوە بوو کە دیتمان، بازیل ئاشکرای کرد کە ئەم نەخشەیەی خۆی دەگەڵ چەند کەسێک لە دۆستانی گیانیی خۆی باس کردبوو تا لە کاتێ پێویستدا بەدادی بگەن و لە پلانەکەی لایەنگری بکەن. دۆن کیشۆت پێی گوتن: «هەرگیز نابێ و ناتوانین ئامراز و پلان و فکرێک کە بۆ گەیشتن بەئامانجێکی پیرۆز دەکار دەکرێن، بەفێڵ و فریو و مەکری بزانین و ئێمە دەزانین کە بۆ ئەوینداران پێک بڕان ئامانجێکی شەرعی و بەرزە. بەڵام بزانن و ئاگەدار بن کە گەورەترین دوژمنی ئەوین نیاز و نەداریی درێژخایەنە. لە ئەویندا هەموو شت شادی و کەیفخۆشی و حەز و چێژ و ڕەزامەندییە، بەتایبەتی ئەگەر دڵبەر لە تەنیشتت بێ، وە پڕ مەترسیترین دوژمنی ئەوین فەقیری و دەست تەنلگییە. من ئەوەی دەیڵێم بەخاتری ئەوەیە کە جەنابی ئاغای بازیل وادار بکەم لەو هونەر و فەزیلەتانەی کە هەیەتی چاوپۆشی بکا، چون ئەم هونەرانە مومکینە شانازی و ناوبانگی بەدواوە بێ، بەڵام پووڵێکی لێ هەڵناوەرێ، هەروەها دەمەوێ واداری بکەم کە لە ڕێگەی کار و سنعات و پێشەی ئابڕوومەندانەوە، کە بۆ پیاوی عاقڵ و تێبین قاتی نییە، ماڵی دنیا وەدەست بێنێ. بۆ پیاوی فەقیر و ڕێزدار (ئەگەر بتوانین پیاوی فەقیر بەڕێزدار بزانین) ژنی جوان و جحێڵ وەک گەوهەرێکی گرانبایی وایە کە ئەگەر لە دەستی بڕفێنن شەڕافەت و

ئابڕووی دەگەڵ دەڕفێنن. ژنی جوان و شەڕافەتمەند کە مێردی فەقیری هەیە، شایانی ئەوەیە کە تاجی شانازی لە لقوپۆپی داری «غار» و نەخلی سەرکەوتن لەسەرسەری دابنێن. جوانی بەتەنیایی دەتوانێ تەواوی ئەو کەسانەی کە چاویان پێی دەکەوێ بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و بەسیحر و ئەفسوونی خۆی سەریان لێ بشێوێنێ و هەمووشمان دەزانین کە لە هەڵۆی سوڵتانی بگرە تا دەگاتە باز و شەهێن و باڵندە بەرزەفڕەکان هەر وەک بەهەوای نێچیرێکی قەڵەو دەداو دەکەون، بۆ جوانیش گرفتاری بەند و داوان دەبن. بەڵام هەر کات جوانی دەگەڵ فەقیری و چاو لە دەستی تێکەڵاو ببێ، دەکەوێتە بەر پەلاماری قەل و داڵ و کەلاک خۆری نگریس و ناحەز و ژنێک کە بتوانێ لە بەرامبەر ئەو هەموو پەلامارەدا خۆڕاگر بێ، دەبێتە تاجی سەری مێردی خۆی. ئێستا ئەی بازیل، ئەی پیاوی چاکی خۆڕاگر، گوێ بدە بەقسەکانم، یەکێک لە حەکیمانی کەونارا لەسەر ئەم بڕوایە بوو کە لەسەرانسەری دنیادا تەنیا ژنێکی جوان هەیە و ئەو حەکیمە بەهەموو مێردەکانی دەگوت کە هەرکام پێی وابێ ئەو ژنە جوانە ژنەکەی خۆیەتی تا هەموو بتوانن بەشادی و ڕەزامەندی ژیان دەسەر کەن(*). من خۆم ژنم نەهێناوە و تا ئەم سەعاتەش بەفکرمدا نەهاتووە ئەم کارە بکەم، لەسەر ئەوەشڕا هەر کەس لە هەڵبژاردنی هاوسەرێکدا بۆ خۆی ڕاوێژکاریم دەگەڵ بکا، دەتوانم باشترین ڕێگەی لە پێش دابنێم. یەکەم نسحەتی من بۆ پیاوێکی لەم چەشنە ئەوەیە کە بەخۆشناوی و ڕێز و حورمەتی ژن لە لای خەڵک زۆرتر گرینگی بدا تا ماڵ و سامانی ئەو، ژنەی کە دەیەوێ ببێتە هاوسەری. دەبێ لەسەر ئەوەش ورد بێتەوە کە ئەم ناو و ناوبانگە چۆنە و لە کوێوە سەری هەڵداوە، چون ناوبانگی ژنی بەپارێز تەنیا لەبەرئەوە نییە کە بەڕاستی پاک و بەپارێزە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە بەپارێز دێتە بەرچاو. لە ڕاستیدا سووکەسەری و خەتاو هەڵەی ئاشکرا، زۆرتر لە عەیب و ئیرادە ونەکان شەڕافەت و ئابڕووی ژنان دەخاتە مەترسییەوە. تۆ ئەگەر ژنێکی نەجیب و بەپارێز بێنیتە ماڵ، ڕاگرتنی ئەو و گەشە پێدانی ئەو خۆپارێزی و عیفەتە کارێکی ئاسان دەبێ، بەڵام ئەگەر ژنێک بێنی کە مەیلی لادان لە ڕێگەی ڕاستی هەبێ، چاک کردن و لابردنی عەیب و ئیرادەکانی کارێکی زۆر دژوار دەبێ، چون گەیشتن لە دوایین بەشی کۆتاییی هێڵی خراپەوە بەترۆپکی بەشی چاکە، کارێکی زۆر دژوارە، دیارە نامەوێ بڵێم، بەهیچ کلۆجێک هەر نابێ، بەڵام دەڵێم زۆر ئەستەمە.»

سانکۆ کە تەواوی ئەو قسانەی بیستبوو، سەبرێکی بەخۆی گوت: «هەرکات من لە بابەتی گرینگ و بنەڕەتی و بەناوەرۆک قسەدەکەم ئەم ئەربابەی من پێم دەڵێ تۆ دەتوانی میمبەرێک





بەکۆڵتدا بدەی و بەهەموو سوچ و قوژبنی جیهاندا بگەڕێی و مەوعیزە و قسەی باش باش بۆ خەڵک بکەی، بەڵام من دەڵێم کە ئەو هەرکات دەست دەکا بەقسەکردن نە تەنیا دەتوانێ میمبەرێک بەدەستەوە بگرێ، بەڵکو دەتوانێ بەهەر ئەنگوستەیەوە دوو میمبەر هەڵبگرێ و شار بەشار و گوند بەگوندی دنیا بگەڕێ و هەرچی دڵی دەیەوێ بەمەوعیزە و نەسیحەت بەدنیای بڵێ. لەعنەتی شەیتان لەو پاڵەوانە سەرگەردانەی کە ئەو هێندە شتەی دەزانێ. من لە دڵی خۆمدا پێم وابوو ئەم کابرایە گێلە بێجگە لە مەسەلە پاڵەوانییەکان هیچی تر نازانێ، بەڵام ئێستا دەبینم وەک مەلای دوازدە عیلم دەم دە هەموو شتێکی وەردەدا.» سانکۆ بەمجۆرە دەگەڵ خۆی ورتە ورتی هات و پاڵەوان کە هێندێکی گوێ لە قسەکانی بووبوو گوتی: «ها، سانکۆ ئەوە دەڵێی چی؟» سانکۆ گوتی: «هیچ ناڵێم تەنیا لەو فکرەدا بووم کە ئەگەر بەڕێزتان ئەو قسانەتان پێش ئەوەی من ژن بێنم فەرمایش کردبایە، بەعومری خۆم غەڵەتی وام نەدەکرد و ژنم نەدەهێنا و ئاسوودە و ڕەحەت ڕام دەبوارد.» دۆن کیشۆت گوتی: «چۆن سانکۆ، مەگەر خێزانت «ترێز» ژنێکی ناجسنە؟» سانکۆ گوتی: «زۆر ناجسن نییە و زۆریش باش نییە و ڕەنگە ئەو ئەندازەی من دەمەوێ باش نەبێ.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ کارێکی باش نییە وا بەخراپ باسی ژنەکەت دەکەی، چون هەرچی بێ دایکی منداڵەکانتە.» سانکۆ گوتی: «ئەی ئەرباب لەم وارەدا ئێمە هیچ قەرزاری یەکتر نین، چون ئەویش هەرکات بیەوێ بەتایبەتی کاتێک دڵ پیسی و حەسوودی بەمن بکا، بەکەیفی خۆی پاش ملە دەمکوتێ و غەیبەتم دەکا و لەو کاتانەدا شەیتانیش باشاری(*) ناکا.»

بەکورتی ئەرباب و مەیتەر سێ ڕۆژی تەواو لە ماڵی بووک و زاوادا خۆیان بەعەرزیدا دا(*) و لەو ماوەدا وەک پادشایان پەزیراییان لێ کرا. دۆن کیشۆت لە خوێندکاری شمشێرباز خواهیشی کرد، پیاوێکی بەڵەدی ڕەگەڵ بخا تا ئەو بەرێتە غاری مۆنتەزینووس و گوتی چون دەیەوێ بزانێ ئایا عەجایب و غەرایبێک کە لەمەڕ ئەم غارە لەوێدا لەسەر زبانانە ڕاستە یا نە، دەیەوێ بۆ خۆی بڕواتە ناو ئەم غارە و هەرچی هەیە بەچاوی خۆی ببینێ. خوێندکار مزگێنیی پێ دا کە یەکێک لە ئامۆزاکانی خۆی وەک بەڵەد ڕەگەڵ دەخا و ئەو ئامۆزایەشی لاوێکی لێهاتووە و خوێندکارێکی باشە و زۆر ئۆگری کتێبەپاڵەوانییەکانە و گوتی کە ئەم کوڕە پاڵەوان تا دەگاتە زارکی غارەکە ڕێنوێنی دەکا و دەریاچە و باتلاقەکانی «رویدرا» کە لەسەرانسەری مانش و تەنانەت تەواوی ئیسپانیادا بەناوبانگە بەو نیشان دەدا و لەم وارەدا قسەی خۆی ئاوا درێژە پێ دا: «ئێوە دەتوانن دەگەڵ ئەو قسەی

خۆش زۆر بکەن، چون ئەم لاوە نووسەریشە و کتێب دەنووسێ و بەچاپیان دەگەیەنێ و بۆ شازادەکانی دەنێرێ.»

بەڕاستی لە هەمان کاتدا ئامۆزای خوێندکار کە سواری گوێدرێژێکی بەکەیف و دەماغ بووبوو، قاڵیچەیەکی ڕەنگاوڕەنگیشی بەسەر کۆپانەکەیدا دابوو گەیشتێ. سانکۆ ڕۆسی نانتی زین کرد و کورتانی لەسەر پشتی کەرەبۆزی خۆی دانا و خورجینەکەشی لە ئازووقە و تۆشەی سەفەر ئاخنی، بێجگە لە خورجینی ئەو، خورجینی لاوی خوێندکاریش پڕ بوو؛ پاشان هەر سێک خۆیان بەخودا سپارد و لە خانەخوێ خۆیان ئیزنی مەرەخەس بوونیان خواست و بەرەو غاری مۆنتەزینووس وەڕێ کەوتن.

لە بەینی ڕێگەدا دۆن کیشۆت لە ئامۆزای خوێندکاری پرسی، کە کاتی خۆی بەچی تێپەڕ دەکا و لە چ ڕشتەیەکدا دەخوێنێ و کار و شوغڵی چییە. لاو جوابی داوە کە زۆربەی کاتی خۆی خەریکی لێکۆڵینەوەو کار کردن لەسەر زبانە کۆنەکانە و زۆر کتێبان دەنووسێ و بەچاپیان دەگەیەنێ کە هەموویان بۆ جەماوەر بەقازانجن و زۆر کەسیان پێوە سەرگەرم دەبێ. ئەو لەم وارەدا ئاوای گوت: «یەکێک لە کتێبەکانی من ناوی کتێبێ «جلوبەرگ»ە، کە لەوێدا باسی حەوسەدوسێ جۆر لیباس بەئەندازە و ڕەنگ و نیشان و عەلامەتی جۆراوجۆرەوە کراوە و پاڵەوانانی دەرباری هەرکات بیانەوێ دە جێژن و مەجلیسی شادی و بەزم و بۆنەی ڕەسمیدا بەشداری بکەن و لیباسی موناسیبی ئەم وارانە دەبەر بکەن، یەکێک لەو گشتە هەڵدەبژێرن، بێ ئەوەی لە خەڵکی بپرسن یا مێشکی خۆیان دە گوشار و مەنگەنە بنێن کە چ جۆر بەرگ و لیباسێک لەوان دەکاڵێتەوە. دەو کتێبەدا بۆ هەموو جۆرە کەسانێک جلوبەرگی مناسب بەحاڵ و هەیکەل و قیافەی ئەوان پێشبینی کراوە. لەوانە بۆ پیاوی ئازا و بۆ ئەویندارێک کە فەرامۆش کراوە و دڵبەرەکەی دەگەڵی بێ مەیلە. وە ئەم جلوبەرگانە ئەوەندە لەوان دەکاڵێتەوە کە بەزبان ناگوترێ. هەروەها کتێبێکی ترم نووسیوە کە ناوی «بەدگۆڕان»[*] یا ئۆویدی ئیسپانیایی بەسەرەوەیە و لەودا تازەکارییەکی[*] سەیر و عەجایبم دەکار هێناوە. من لەو کتێبەدا لاسای شێوەی پێکەنینی و گاڵتەجاری «ئۆوید»م کردووەتەوە و تاریخچەی «بانوێن»ی[*] سیویل بەناوی «ژیراڵدا» و بانوێنی کلیسای مادلێن، بەناوی فریشتەی مادلێن و ڕەهەندی پیساوەکانی شاری کۆردۆوا بەناوی «واسەنگرا» Va-cinyuerra و وێنەی گایەکانی «ژیراندۆ» و چیاکانی سیرامۆرنا و کانیاوەکانی «لێگانیتۆس» Leganintos و «لاواپس» Larapies و هەروەها باسی کانیاوی «پۆ» Pou لە مادرید و سەرچاوەی لوولە زێڕین tuyau dore و چاوەی «پریۆر» هەموو ئەوانەم باس کردووە و زۆر







بەوردی ڕەسمم کردوون. من بۆ هەر بابەتێک پەند و مەتەڵ و کینایە و ئیستیعارەی مناسبم هێناوەتەوە کە پێوەندییان بەهەمان بابەتەوە هەیە، بەجۆرێک کە ئەم کارەی من لە هەمان کاتدا کارێکی باش و پڕ لەسەرگەرمی و فێربوون لە ئاو هاتووەتە دەر. دیسان کتێبێکی ترم نووسیوە بەناوی ڕیساڵەی تەواوکەری ویرژیل پۆڵیدۆز[٣٧٩] و لەوێدا باسی داهێنان و تازەکاریم کردوووە. ئەم کتێبەشوێنەوارێکی زۆر بەنرخە و لەودا ئەو پەڕی پسپۆڕی و زانایی دەکار هێنراوە، چون من تەواوی ئەو بابەتانەی پۆلیدۆر بێدەنگەی لێ کردوون، لێکم داونەوەو بەشێوەیەکی زانستانە شەرحم کردوون. بۆ نموونە، پۆلیدۆر لە بیری کردووە پێمان بڵێ یەکەمجار کێ تووشی هەڵامەت بووە[*] و یەکەمجار چ کەسێک بۆ مالیجەی نەخۆشی فەڕەنسی[٣٨٠] لە عەتر و بۆنە خۆشەکان کەڵکی وەرگرتووە. من دە کتێبێ خۆمدا ئەو بابەتانەم بەتەواوی باس کردووە و نووسراوەکانی خۆم لەسەر ئاسەوار و نووسراوەکانی زیاتر لە بیست و پێنج کەس لە نووسەرانی ناودار و گەورە دامەزراندووە. جا ئێستا جەنابت سەرنج بدەن کە ئایا من بۆ ئەم کتێبە باشم کار کردووە و زەحمەتم کێشاوە و ئایا کتێبی من بۆ خەڵک بەکار دێن یا خێر؟!

سانکۆ کە زۆر بەوردی گوێی بۆ جەنابی ئامۆزا ڕاداشتبوو، پێی گوت: «جەنابی ئاغا خوداوەند دە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێباندا سەرکەوتووتان بکات، بەڵام ئایا دەتوانی بەمن بێژی کە... وای من دەڵێم چی!... ئەڵبەتە جەنابت هەموو شت دەزانی، کەوابوو دەتوانی بێژی، باش، بڵێ بزانم یەکەمجار لە دنیادا کێ سەری خۆی خوراند؟ بەبڕوای من یەکەم کەس کە سەری خۆی خوراند حەزرەتی ئادەم بوو.» ئامۆزا گوتی: «ڕاستە؛ بەپێی قاعیدە دەبێ ئەو بووبێ چون گومان لەوەدا نییە کە ئەویش سەر و زولفی هەبووە. کەوابوو ئەو چون یەکەم پیاوی دنیا بووە، بێگومان جاروبار سەری خوراندووە.» سانکۆ گوتی: «منیش هەر لەسەر ئەو بڕوایەم بەڵام ئێستا پێم بڵێ کێ یەکەم جار هەڵبەزیوەتەوە لە حەوادا سەرمەقوڵاتی لێ داوە؟» ئامۆزا گوتی: «برا، بەڕاستی من ناتوانم ئێستا وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە دەبێ بچم چاو لە کتێبان بکەم. ئەگەر چوومەوە ماڵ و دەستم بەکتێبەکانم ڕاگەیشت لەسەر ئەم بابەتە لێکۆڵینەوە دەکەم و بەرهەمەکەتان بەعەرز

٣٧٩– Polydor Virgile زانای ئیتالیایی کە ساڵی ١٤٩٩ «ریسالەی داهێنان»ی خۆی بڵاو کردەوە. (مۆریس باردۆن)

٣٨٠– نەخۆشیی فەرانسەوی یا نەخۆشیی «ناپۆلیتەن» جورێک لە رۆماتیسمە کە لە ناپل هەبوو. (مۆریس باردۆن)

دەگەیەنم. چون هیوادارم کە چاو پێکەوتنی ئێستامان دیداری ئاخر نەبێ.» سانکۆ گوتی: «زۆر باشە جەنابی ئاغا، بەڵام زەحمەتی بێهوودە مەکێشن، چون من جوابی پرسیارەکەی خۆم دەزانم. بزانە و ئاگەدار بە یەکەم کەسی کە لە حەوادا سەرمەقوڵاتی لێ دا شەیتان بوو، ئەویش ئەودەمە بوو کە لە بەهەشت دەریان کرد و لە عاسمانانەوە فڕێیان دا خوارەوە و ئەویش بەسەر مەقوڵات لێدان کەوتە نێوەڕاستی زەلکاوەکانەوە.» پسمام گوتی: «سوبحانەڵڵا هاوڕێ! بەڕاستی حەق بەتۆیە.» دۆن کیشۆت هاتە نێو قسان و گوتی: «بەڵام سانکۆ ئەم پرسیار و وەڵامە هی خۆت نییە! بێگومان لە یەکێ ترت بیستووە.» سانکۆ گوتی: «ئەی ئەرباب بێدەنگ بە! بەخودا سوێند دەخۆم ئەگەر دەست بەپرسیار و جواب دانەوە بکەم لە ئێستاوە تا بەیانی بنەی نایە. تۆ پێت وایە بۆ پرسیاری بێ سەر و بن و جوابی پەڕت و نامەڕبووت، پێویستی بەوە هەیە لە جیرانان یارمەتی وەربگرم.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ قسەکانت لە ژووررووی فام و زانیارییەکانی تۆ بوو، چون کەسانێک هەن کە زەحمەتی زۆر دەدەنە بەر خۆیان و زۆر ڕەنج دەکێشن تا بەماکەی هێندێک بابەت بگەن. بابەتگەلێک کە کاتێک ناسران و زانران بۆ بیرگە و فکر و هۆشی خەڵک فلسێکیان بایەخ نییە.»

موسافیرەکانی ئێمە ئەو ڕۆژەیان هەر بەو جۆرە قسانە و قسەی تر کە ئەوانیش شیرین و دڵچەسپ بوون، گەیاندە شەو. کاتێک شەو داهات ئەو سێ کەسە لە گوندێکی چکۆلەدا حەسانەوە و پشوویان دا. ئامۆزا بەدۆن کیشۆتی گوت کە تا غاری مۆنتەزینۆس زۆرتر لە دوو فرسەخ ڕێگە نییە و ئەگەر پاڵەوان بەڕاستی دەیەوێ بچێتە ناو غارەکەوە دەبێ تەنافێک دابین بکا و لە خۆی ببەستێ و بڕواتە بنەبانی غارەکە. دۆن کیشۆت گوتی، تەنانەت ئەگەر بگاتە سەقەرەی ئاخری دۆزەخیش، دەیەوێ بڕواتە بنەبانی ئەو ئەشکەوتە. لەبەرئەوە سەد زەرعی تەناف کڕی و سبەی ئەو شەوە دوو سەعات لە ڕۆژتێ پەڕیبوو کە گەیشتنە زارکی ئەشکەوتەکە. زارکی غار زۆر گوشادە بەڵام بەگوێنی و هەنجیرە کێویلکە و دڕووی بڵند و چڕوپڕ داپۆشراوە و ئەم گیاو گژ و دڕکوداڵە وەها تێک بەزیون کە زارکی ئەشکەوتیان بەجارێک داپۆشیوە.

کاتێک ئامۆزا و سانکۆ و دۆن کیشۆت گەیشتنە نزیک ئەشکەوت لە سوارەبەرەکانیان دابەزین و دوو کەسی یەکەم خەریکی بەستنی تەناف لە کەمەری دۆن کیشۆت بوون. سانکۆ لە کاتێکدا تەنافی لە کەمەری ئەرباب دەبەست گوتی: «ئەربابی عەزیزم، لە جەنابت تکا دەکەم کە ئاگات لە خۆت بێ و بزانە چ دەکەی و عەرزی نۆکەری خۆت قبووڵ کە و مەڕۆ ناو





ئەم ئەشکەوتەوە و بەزیندوویی خۆت کفن و دفن مەکە و وەک ئەو گۆزە ئاوانەی کە وەرزێڕەکان بۆ فێنک بوون ڕۆی دەهێڵنە ناو چاڵاوەکان خۆت، دەو ئەشکەوتەدا هەڵماوەسە. لێکۆڵینەوە و تاقی کردنەوە لەمەڕ ئەم ئەشکەوتە کە زۆرتر لە سیاچاڵەکانی عەرەبی مەغریبی ترسناک و بەسامە، ئەرکی جەنابت نییە.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ تەنافەکەت ببەستە و لەسەری مەڕۆ. چون چارەنووس ئەو شاکارە بوێرانەیەی بەناوی من ڕەقەم لێ داوە.» ئەوجار ڕێنوێن هاتە قسەو گوتی: «بەڕێز دۆن کیشۆت، من تکات لێ دەکەم کە کاتێک گەیشتیتە بنی غار، بەسەدچاو دەوروبەری خۆت تەماشا بکە و دەست بکە بەلێکۆڵینەوە و پشکنین؛ لەوانەیە لە وێ شتی زۆر بەنرخی لێ هەبێ کە بەکاری کتێبی «بەدگۆڕان»ی من بێ.» سانکۆ گوتی: «ماشەڵڵا؛ خاتری مبارەکەت ئاسوودە بێ کە ئەربابی من خۆی هەموو شتێک باش دەزانێ و پێویستی بەفەرمایشتی جەنابت نییە.»

کاتێک تەناف لە دەوری کەمەری دۆن کیشۆت بەسترا (ئەڵبەتە نەک لەسەر لیباسی شەڕ بەڵکو لە بنەوە و لەسەر داوێنی کولەجە) پاڵەوان گوتی: «زۆرمان بێ ئیحتیاتی کرد کە زەنگوڵەیەکمان دەگەڵ خۆمان نەهێنا تا دەگەڵ تەناف لە کەمەرێ خۆمی ببەستم و لە دەنگیڕا دەرکەوێ کە من هێشتا زیندووم و دەچمە خوارەوە. بەڵام ئێستا وەدەستهێنانی زەنگوڵە مومکین نییە و ناچار خۆم بەخودا دەسپێرم.» پاڵەوان ئەوەی گوت و کەوتە سەر ئەژنۆ، ئەوجار دەستی کرد بەپاڕانەوە لەبەر خودا کە لەو کارەدا یارمەتی و ڕەحمەتی خۆی بەسەردا ببارێنێ و کەشفی ئەو غارە بەخێر و خۆشی کۆتایی پێ بێ. پاشان بەدەنگی بڵند هاواری کرد: «ئەی خاتوونی ئامانج و ئارەزووی من، ئەی نازدار کە هەموو کار و بزاڤێکی من بەفەرمانی تۆیە، ئەی دۆلسینە تۆبۆزۆی نێوبەدەرەوەی بێ وێنە، هەرکات مومکین بێ کە دوعا و پاڕانەوەو لالانەوەی عاشقی دڵ بریندارت بەگوێی تۆ بگا، تۆ ئەو جوانی و ئێسک سووکییەی کە هەتە هەمووی قبووڵ بفەرموو! ئێستا کە من نیازمەندی لوتف و ئاوڕلێدانەوەی بەڕێزتانم. مەبەستم لەو تکا و ڕەجا و پاڕانەوە ئەوەیە کە تۆ لوتفی خۆت لە من درێغ نەکەی. من ئێستا دەچمە ناو تاریکستانی ئەشکەوتێکی بەسام و خۆف کە دە بەرامبەرمدا زاری داپچڕیوە و ئەو بێ باکی و بوێرییەم تەنیا لەبەرئەوەیە کە عالەم بزانن و ئاگا بن کە ئەگەر لوتف و مەرحەمەتی تۆم دەگەڵ بێ هیچ ڕووداوێک نییە خۆی تێ هەڵنەقوتێنم و کۆتایی پێ نەهێنم.» دۆن کیشۆت پاش ئەو قسانە لە زارکی ئەشکەوت نزیک بووەوە و زانیی ئەگەر بەزۆر بەنێو ئەو دڕکوداڵ و زەمەندەدا ڕێگەیەک بۆ خۆی نەکاتەوە نە تەنیا ناتوانێ بڕواتە ناو غارەکە بەڵکە تەنانەت ناگاتە زارکی غارەکەش. ناچار پاڵەوان

شمشیری لە کالان دەرکێشا و دەستی کرد بەبڕین و خستنی ئەو دڕکوداڵ و دار و بارەی کە ڕێگەی غارەکەیان ئەستەم کردبوو. لە دەنگی زەبری شمشیر و قەڵتوبڕی دار و قۆپەنە گوێنی و قەڵغان و مۆسک و کیفار و لۆگەنە و دڕوەزەردە و کەرتەشی و دڕکودالّی تر هەزاران قەل و قشقەڵە و قاژوو لە پڕ وەها بەپەلە و لە ناکاو دەرپەڕین کە دۆن کیشۆتیان بەپشتەوەدا خست. وە بێگومان ئەگەر ئەو، بەهەمان ئەندازە کە مەسیحییەکی مۆمن و خاوەن بڕوا بوو، بەهەمان ئەندازەش بڕوای بەفاڵی باش و خراپ بووایە، ئەو ڕووداوەی بەفاڵی خراپ دادەنا و نەدەڕۆیشتە ناو ئەو غارە نەناسراوە. سەرەنجام دۆن کیشۆت لە عەرزی هەستایەوە، سەر پێ و کە دیتی ئیتر نە قەلێک،نە قشقەڵەیەک لە غار دێتە دەر و نە باڵندەکانی شەوفڕ[*] (چون دەگەڵ قەل و قشقەڵەکاندا چەکچەکیلە و کوند و شەمشەمەکوێرەش هەبوون) لە ئامۆزا و سانکۆی ویست کە وردە وردە تەنافەکەی لە دوو بدەن[*] و بەمجۆرە دۆن کیشۆت وردە وردە ڕۆیشتە ناو غارەکەوە. کاتێک دۆن کیشۆت لەبەر چاوان ون بوو، سانکۆ دوعای بەخێری بۆ کرد و هەزار چار عەلامەتی خاچی بەسەریدا کێشا و گوتی: «ئەی گوڵی سەر سەوەتەی پاڵەوانانی سەرگەردان، وە ئەی جەوهەر و ماکەی دلاوەرانی ناوداری جیهان، هیوادارم کە خواوەندی عالەم و پەرستنگەی «رووش فرانس» و کلیسای «گائیت» ڕێنوێن و ئاگەدارت بن! برۆ ئەی قارەمانی قارەمانانی عالەم و ئەی پاڵەوانی دلێر کە دڵت لە پۆڵایە و باسک لە مەفرەغ! دیسان دەڵێم کە خودا ڕێنوێنت بێ و بەساغ و سەلامەتی بتهێنێتەوە دەرەوە، هەرچەند دەچی تا خۆت لەو زوڵماتە بێدەنگەدا کفن و دفن کەی، تۆ بگەڕێنێتەوە ناو ڕووناکیی ژیان. ئامۆزاش هەر ئەم دوعایانەی بۆ دۆن کیشۆت کرد. لە هەمان کاتدا دۆن کیشۆت پەیتا پەیتا هاواری دەکرد کە تەنافەکە شل کەن و لە دووی بدەن[*]. کاتێک دەنگەکانی ناو غار، کە دەتگوت بەلوولەیەکدا دێ، ئیتر بەگوێ نەگەیشت هەر سەد زەرعی تەنافەکەش لە دوا درابوو، ئەوجار سانکۆ و ئامۆزا لێ بڕان کە دۆن کیشۆت هەڵکێشنەوە چون هیچ ئامرازێکیان بەلاوە نەبوو کە زۆرتر لەوە دۆن کیشۆت بنێرنە ناو غارەکە. لەو حاڵەشدا نیو سەعاتێک ڕاوەستان و پاشان تەنافیان هەڵکێشاوە،بەڵام تەناف زۆر بەنەرمی و ئاسانی و بێ ئەوەی قورساییی پێوە بێ، دەهاتە سەر و ئەوە بۆ هەر دووکیان ئەو فکر و دەغدەغەیەی دروست کرد کە مەبادا دۆن کیشۆت دەبنی غارەکەدا بەجێ مابێ. سانکۆ کە پێی وابوو ڕووداوێکی دڵتەزێن ڕووی داوە، هۆل هۆل دەگریا و زۆر بەپەلە تەنافەکەی هەڵدەکێشاوە. بەڵام کاتێک هەشتا زەرعی تەنافەکەیان هەڵکێشاوە لە نەکاو هەستیان بەقورسایی کرد و ئەوە خۆی بوو بەهۆی کەیفخۆشی و شادیی ئەوان. ئاخری کاتێک تەنافەکە دە زەرعێکی مابوو تەواو بێ هەیکەلی





دۆن کیشۆتیش وەدەر کەوت. سانکۆ بەخۆشی و جیفڕک[*] لە خۆدان هاواری کرد کە: «ئەربابی خۆشەویستم خۆش هاتی! ئێمە پێمان وابوو تۆ بۆ منداڵ خستنەوە و بەرهەمهێنانی تۆرەمە لەو بنەدا ماویەوە! بەڵام دۆن کیشۆت هیچی نەدەگوت و کاتێک لە نێو غارەکە هێنایانە دەرەوە دیتیان کە چاوی وەک چاوی کەسێک کە خەوی لێ کەوتبێ بەستراوە. دەستبەجێ دۆن کیشۆتیان درێژ کرد و تەنافیان لە کەمەری کردەوە، بەڵام دیسان نەیانتوانی ئەو لەو خەوە بەخەبەر بێنن، سەرەنجام پاش چەند جار وەرسووڕاندن و جووڵاندنەوە، دۆن کیشۆت هاتەوە سەر خۆ و لە چەشنی کەسێک کە لە خەوێکی قورس ڕاپەڕیبێ خۆی لەبەریەک کێشاوە؛ پاشان وەک کەسێکی زەندەق چووی ترس لێنیشتوو، چاوی بەدەوروبەری خۆیدا گێڕا و سەرەنجام هاواری کرد کە: «دۆستانی من خودا ئێوە ببەخشێ! ئێوە منتان لە تەماشا کردنی دیمەنێکی وەها جوان و دڵبزوێن بێ بەش کرد و لە ژیانێکی وەها شیرین و پڕ لە حەز و خۆشی هەڵبڕی کە وێنەی ئەو لە دنیادا هیچ ڕۆح دەبەرێک نەیدیتووە. من ئێستا بەڕاستی تێ گەیشتووم کە تەواوی شادی و خۆشییەکانی ئەم جیهانە و حەزەکانی لە خەون و خەیاڵێک بەولاوە، هیچی تر نین و وەک گوڵەکانی دەشت و سەحرا سیس دەبن و هەڵدەپرووکێن. ئاخ ئەی مۆنتەزینووسی بەدبەخت! ئەی «دۆراندار» Dorandart کە سەرتاپات بەبرینداری دەبینم! ئاخ ئەی «بێلێڕمە» Belerme ی بێ ئەنوا، ئەی «گوادیانای» چاو بەفرمێسک؛ وە ئێوە ئەی کیژانی بێدەرەتانی «رویدرا» کە ئەسرینی چاوی گریانی خۆتان لە ئاوی دەریاچەکانی خۆتاندا نیشان دەدەن!»

ئامۆزا و سانکۆ بەوردی و بەسەرنجێکی زۆرەوە گوێیان دابووە ئەم قسانە و پاڵەوانیش ئەو واژانەی وەها بەسۆز و سووتانەوە دەردەبڕی کە دەتگوت پیت بەپیتی واژەیەک لە قووڵاییی جەرگێکی ونجڕ ونجڕ دەردەکێشێ. ئەو دووە تکایان لە دۆن کیشۆت کرد کە مەبەستی خۆی ڕوونتر باس بکا و هەرچی لەو دۆزەخەدا بەچاوی خۆی دیتوویەتی بۆیان بگێڕێتەوە.» دۆن کیشۆت بەسەریدا قیژاندن کە: «ئێوە بەو جێگەیە دەڵێن دۆزەخ! نا، نا، مەڵێن دۆزەخ، چون هەر ئێستا دەبینن ئەو ناوە ناحەزە بۆ ئەوێ نابێ.» پاڵەوان تکای کرد کە دەپێشدا شتێکی بدەنێ بیخوا، ئەو زۆر برسی بوو. دەسبەجێ قاڵیچەی سەر کورتانی کەری ئامۆزایان لەسەر چیمەنێکی تەڕ و تازە پان کردەوە و ئەوەی دە خورجینەکاندا بوو دەریان هێنا و هەرسێک پێکەوە بەیەکڕەنگی و دۆستییەوە دەستیان کرد بەخواردن. کاتێک قالیچەیان کۆ کردەوە، دۆن کیشۆت هاواری کرد کە: «کوڕینە، لە جێی خۆتان مەبزوون و بەوردی گوێم بۆ ڕادێرن!»

## ٢٣

## باسی عەجایباتی غاری مۆنتەزینووس لە زبان دۆن کیشۆتی فەرزانەوە کە ئەوەندە سەیروسەمەرەن مرۆڤ پێی وایە ئەفسانەن

سەعات چواری پاش نیوەڕۆ بوو، ڕۆژ خۆی لە پشت هەورەکاندا حەشار دابوو، تەنیا ڕووناکاییی کزی دەپڕژاند و لەبەر ئەم تیشکە کەمڕەنگانەدا، دۆن کیشۆت توانیی، بێ ئەوەی لە گەرما و ماندوویەتی نارەحەت بێ، داستانی سەیاحەتی ناو غاری مۆنتەزینووس و ئەو شتانەی لەوێ دیتبوونی بۆ دوو گوێگری ناوداری خۆی وەک حیکایەت بگێڕێتەوە. بەڵێ جا پاڵەوان بەم شێوەیە دەستی بەقسان کرد:

«لە دوازدە تا چاردە «توازی»(٣٨١) قووڵاییی ئەم غارەدا، لە دەستی ڕاست ئەشکۆنێکی گەورە هەیە کە عارەبەیەکی گەورە بەئێسترەوەی تێدا جێ دەبێتەوە. نوورێکی کز، کە لە قەڵشتەکانییەوە لەسەر عەرزەوە دێتە ناو، هێندێک ڕووناکی دەدا بەو ئەشکۆنە. من کاتێک لە تەماشاکردنی خۆم، بەو حاڵەوە کە بەتەنافەوە هەڵواسرابووم و دەچوومە سەفەری شوێنە زوڵماتەکان، ماندوو بووبووم و داهێزابووم. چاوم بەو ئەشکۆنە کەوت و بڕیارم دا کە بچمە ناوی و هێندێک پشوو بدەم. هەر لەوێوە بانگی ئێوەم کرد و گوتم تەنافەکە ڕابگرن و چی تر لە دوو مەدەن کە ئێوە دەنگی منتان نەبیست. ئەودەم تەنافەکە کە ئێوە هەروا لە دواتان دەدا کۆم کردەوەو لەسەری دانیشتم و چووم دەو فکرەوە کە ئێستا کە کەس نییە من ڕابگرێ چۆن خۆم بگەیەنمە قووڵاییی غار. کاتێک لەو فکرانەدا نوقم بووبووم خەوێکی قورسم بەسەر داهات؛ پاشان بەپێچەوانەی چاوەڕوانی و بێ ئەوەی بزانم کە لەبەر چی و بۆچی وای لێ هاتووە، بێدار بووم و خۆم لە ناو چیمەنێکی سەوز و زەنوێردا دیتەوە کە سروشت ناتوانێ شتی وا جوان بخوڵقێنێ و خەیاڵ بۆی ناکرێ دیمەنی وا دڵبزوێن ڕەسم بکا. لەوێ چاوم کردەوە و چاوەکانم ڕێک گوشین و بەدروستی هەستم کرد لە خەو دانیم و بەتەواوی بێدارم. بەو حاڵەشەوە بەدەستە کوتە دەستم بەسەر و ئەندامێ خۆم داهێنا تا یەقین بکەم کە ئەوە منم لەو شوێنە ڕاوەستاوم یا تاپۆیەکی بەد هەیکەل و ناشیرین کە هاتووەتە بەرچاوم،بەڵام هەست و هۆش و وریایی و ئاگایی کە دەخۆمدا دەمدیت، هەموو

٣٨١– تواز Toise یەکانی درێژایی لە کۆندا و بەرانبەر بە ١/٩٤٩گەز بووە.





پێیان دەگوتم کە من هەر ئەوە بووم کە ئێستا هەم.

زۆری نەخایاند کە لەبەر چاوم قەسرێکی شاهانە وەدەرکەوت، قەسرێک کە دیوارەکانی لەبەر چاوم لە بلووری ڕوون سازکرابوو. دوو دەروازەی گەورە کەوتنە سەر گازەرای پشت و پیرەپیاوێک کە زۆر بەڕێز و بەشان و شەوکەت بوو، بەرەو پیرم هات. ئەو پیرە پیاوە کەوایەکی درێژی پەشمینی دەبەردابوو کە ئاتەگی ڕە عەرزی دەخشا، شانە و سینەی لە ژێر کڵاوێکی گەورە لە ئەتڵەسیی سەوزدا شاردرابووەوە کە وە کڵاوی کەشیشان دەچوو؛ شەوکڵاوێکی لە جیسنی کڵاوی خەڵکی میلان و لە مەخمەری ڕەش لەسەردابوو. ڕدێنی سپی کە وەک بەفری یەکشەوە لەبەر سپییەتی ترووسکەی دەهات، تا سەر کەمەری شۆڕ بووبووەوە. ئەو پیاوە چەکی پێ نەبوو، بەڵام تەسبیحێکی دە دەستیدا بوو کە دەنکەکانی لە گوێز و مەلاکانی(*) لە هێلکە درشتتر بوون. هەیکەل و ڕەفتار و ویقاری ئەو پیاوە جێگەی ڕێز و سەرسوورمان بوو. پیرە پیاو لێم نزیک بووەوە و پێش هەر کارێک دە ئامێزی گرتم و بەسینگی خۆیەوە کوشیم و پاشان فەرمووی: «ئەی دۆن کیشۆتی ناودار، ئەی پاڵەوانی دلاوەری مانش، ماوەیەکی دوورودرێژە کە ئێمەی دانیشتووانی ئەم قەڵا خامۆش و تەلیسم کراوە، چاوەڕوانی قەدەمی تۆین تا تەشریف بێنی و عەجایب و غەرایبی شاراوەی بنەبانی ئەم ئەشکەوتە بەچاوی خۆت ببینی و بەخەڵکی سەر زەوییان بناسێنی، غارێک کە بە«مۆنتەزینووس» بەناوبانگە و تۆ ئێستا پات ناوەتە ناوی. ئەوەش بزانە کە ئەو شاکاری هونەرنوێنییە و ئەم دلاوەرییە گەورەیە تەنیا بۆ دڵ و دەروونی ترس نەناسی تۆ ڕەقەم لێ درابوو، ئێستا ئەی پاڵەوانی فەرزانە، دەگەڵ من وەرە، تا عەجایباتی ئەو قەسرە سەوزەت پێ نیشان بدەم. من بەڕێوەبەر و فەرمانڕەوای هەتا هەتاییی ئەو قەسرەم. چون من «مۆنتەزینووس» بۆ خۆمم و ئەو کەسەم کە ئەم غارە بەناوی من کراوە.»(٣٨٢)

هەر کە پیرە پیاو بەمنی گوت مۆنتەزینووسم دەسبەجێ قسەکەم پێ بڕی و لێم پرسی، ئایا ئەو جۆرەی کە لە دنیای سەرەوە دەڵێن، ڕاستە کە ئەو دڵی دۆستی خۆشەویستی خۆی

٣٨٢– مونتەزینووس کوڕی گریمالووس دلاوەرێکی فەڕەنسی بوو. مۆنتە یەکێک لە دلاوەرانی بەناوبانگ بوو کە دەشەڕی «ڕۆنەوو»دا بەشداریی کرد و مەعمووریان کرد کە دڵی «دۆڕاندار» ئامۆزای خۆی کە دەشەڕی کوژرابوو بۆ «بیلرما» ی خێزانی بەرێتەوە. مونتە زینووس لە ئیسپانیا دەگەڵ کچێکی جوان بە ناوی «دۆزا فلۆریدا» کە خاتوونی قەسری «ڕۆسافریدا» بوو زەماوەندی کرد. بەسەرهاتی ئەو پاڵەوانە بە وردی لە هێندێک کتێبی پاڵەوانیدا باسی کراوە. (مۆریس باردۆن)

«دۆڕاندار» Dorandary بەدەشنەیەکی چووکە لە سینگی دەرهێنا و بۆ ژنەکەی «بێلێرمە» be-lerme ی بردووەتەوە و ئەم ئەرکەش خودی «دۆڕاندار» لەسەرەمەرگدا بۆ ئەوی دیاری کردووە؟ پیرە پیاو گوتی: «بەڵێ ئەوانە هەمووی ڕاستە، مەگەر ئەوەی کە سینگیم بەدەشنە هەڵدڕیبێ، چون من نە دەشنەی گەورەم پێ بوو، نە چکۆلە، وە بۆ ئەم کارە لە چەقۆیەکی تیژم کەڵک وەرگرت کە لە درێشە تیژتر بوو.» سانکۆپانزا گوتی: «بێگومان ئەو چەقۆیە کاری «رامۆن دۆ هۆسە» Ramon do Hoces چەقۆسازی بەناوبانگی سیویل بووە.» دۆن کیشۆت گوتی: «نازانم، بەڵام نە، نە، نابێ وابێ، چۆن ڕامۆن هۆسە تا ئەم ئاخرییانە هەر مابوو، لە حاڵێکدا شەڕی «رۆنەوو» کە ئەم ڕووداوە لەو شەڕەدا هاتە ئاراوە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانێکی زۆر پێش ئێستا. بێجگە لەوەش ئەم مەسەلە هیچ گرینگ نییە و زیانێک بەڕاست بوونی داستان و چۆنییەتی و درێژە پەیداکردنی ناگەیەنێ.» ئامۆزا گوتی: «بێگومان زیانێک ناگەیەنێ و ئێوە جەنابی دۆن کیشۆت، داستانەکە درێژە پێ بدەن چون من بەحەز و تاسەوە گوێ دەدەمە ئەو سەربەهووردە خۆشە.» دۆن کیشۆت گوتی: «منیش زۆر بەئیشتیاوە پێم خۆشە بیگێڕمەوە؛ کەوابوو با پێتان بڵێم کە مۆنتەزینووس منی بۆ ناو قەسری بلوورین ڕێنوێنی کرد. لوێ لە تالارێکی گەورەی ژێر خاکدا کە زۆر فێنک بوو یەک پارچەش لەمەڕ مەڕی سپی دروست کرابوو، تابووتێکی مەرمەڕ دەبیندرا کە دە دروست کردن و تاشینیدا وەستایی و چێژ و سەلیقەیەکی زۆر دەکار کرابوو. من لەسەر ئەو تابووتە پاڵەوانێکم دی کە ڕاکشابوو، بەڵام پێتان وانەبێ، وەک ئەوەی لە گۆڕستاناندا دەیبینن، ئەندامی ئەو پاڵەوانە لە مەفرەق یا بەردی مەڕمەڕ یا یەشمی خەتایی بێ، بەڵکو گۆشت و پێست و ئێسقان بوو. دەستی ڕاستی پاڵەوان (کە لەبەر چاوی من هێندێک ڕەگدار و پڕ موو بوو، ئەوەش نیشانەی زۆر و قەوەت و توانایی زۆرە) لەسەر سینگ و لە لای دڵیەوە جێگەی گرتبوو. پێش ئەوەی من پرسیارێک بکەم، مۆنتەزینووس چون دیتبووی کە من بەسەرسامییەوە چاو لە تابووتەکە دەکەم، گوتی: «ئەوە هەمان دۆستی خۆشەویستی من «دۆڕاندار»ە کە چڵەپۆپەی پاڵەوانانی نەترس و ئازا و دڵ پر لە ئەوینی عەسر و زەمانەی خۆی بوو. وە مێرلێن[٣٨٣] ئەو جادووگەرە فەڕەنسییە کە دەڵێن کوڕی شەیتان بوو، من و ئەو و هەموو پیاوان و ژنانی

٣٨٣– مێرلێن Merlen جادووگەرێکی فەرەنسی نەبوو، بەڵکوو خەڵکی ئینگلستان بوو، داستانی ئەو هی زەمانی سوڵتان ئارتووس و دلاوەرانی مێزی خڕ بوو، نەهی دەورەی شارلمانی و شاسوارانی دوازدەوانە. مۆریس مێترلینگ نووسەری گەورەی بلژیکی لە یەکێک لە ئاسەوارەکانیدا زۆر جوان باسی دەکا. (مۆریس باردۆن)





ناو ئەو غارەی تەلیسم کردوو، هیچ کەس نازانێ و تەنیا تێپەڕ بوونی زەمان و کاتی مناسب کە گومان ناکەم زۆر دوور بێ پەردە لەسەر ئەم ڕازە هەڵدەداتەوە. شتێکی کە زۆرتر لە هەموو شت مایەی سەرسووڕمانی منە ئەوەیە کە هەروەک دەزانم ئێستا ڕۆژی ڕووناکە ئاواش دەزانم کە دۆڕاندار دە ئامێزی مندا گیانی دەرچوو، وە پاش ئەوەی من بەدەستی خۆم دڵیم لە سینگی هێنادەر، دڵێک کە لێم سوورە دوو «لیور» قورساییی بوو. چون وەک زانایان دەڵێن کەسێک کە دڵی گەورە بێ، زۆرتر لە وانەی دڵی چکۆلەیان هەیە، بەزینەتی ئازایەتی و بوێری ڕازاوەتەوە. بەهەڕ حاڵ، ئێستا کە ئاوایە و مەرگی پاڵەوان ڕاستییەکە من بەچاوی خۆم دیتوومە، چۆنە کە ئێستاش وەک مرۆڤێکی زیندوو جاروبار ئاخ هەڵدەکێشێ و دەناڵێنێ؟ بەبیستنی ئەم قسانە دۆڕانداری بێ ئەنوا هاوارێکی لە سینەی دەربڕی و گوتی: «ئاخ ئەی کوڕە مامی ئازیزم مۆنتەزینووس، ئاخرین وەسیەتم لای تۆ ئەوە بوو پاش ئەوەی ڕۆحم جەستەمەی بەجێهێشت بەدەشنە یا چەقۆیەکی تیژ دڵم لە سینگم دەربێنی و بۆ «بێلێرمە»ی بەری.»

کاتێک مۆنتەزینووسی بەڕێز ئەم قسەیەی بیست، لە بەرامبەر جەنازەی پاڵەوانی ڕۆژەڕەش کەوتە سەر ئەژنۆ و لە حاڵێکدا فرمێسک لە چاوانیدا ئاڵقەی لێ دابوو گوتی: «ئەی جەنابی دۆڕاندار، ئەی ئامۆزا خۆشەویستەکەم، من لەسەر وەسیەتی تۆ هەر ئەو ڕۆژەی کە سپای ئێمە پاشەکشەی کرد، بەباشترین شێوە دڵی تۆم لە سینگت دەرهێنا و تەنانەت بەقەدەر پرووکەیەکم تێدا بەجێ نەهێشت، پاشان دڵەکەتم بەدەسماڵێکی تۆڕ خاوێن کردەوە و پاش ئەوەی جەستەی پاکتم بەئامێز هەڵگرت و بەخاکم ئەسپارد، ئەوەندە لەسەر مەزارەکەت گریام کە هەموو ئەو پەڵە خوێناوییانەی کە کاتی دەرکێشانی دڵت کەوتبوونە سەر دەستەکانم، بەفرمێسک شۆرانەوە گەڕامەوە فەڕانسە، بەڵێ ئەی ئامۆزای خۆشەویستتر لە دڵ و گیان. نیشان بەو نیشانەی کە کاتێک لە کەلی ڕۆنەوو هاتمە خوارەوە لە یەکەم گوندی سەر ڕێگە هێندێکم خوێ بەدڵەکەتدا کرد بۆ ئەوەی بۆن نەگرێ تا ئەگەر بەتەڕ و تازەییش نەگاتە دەست «بێلێرمە» لانی کەم با خرا نەبێ و بۆن نەکا و ئێستا ئەو خاتوونە ڕێزدارە، تۆ خۆت و مەیتەرەکەت و گوادیانا و من و نەدیمە «رویدرا» و حەوت کچ و دوو خوشکەزای و تاقمێکی زۆر لە دۆستان و ئاشنایانی ئێمە لەم قەسرەدا، بەدەست مێرلێن، جادووگەری حەکیم، تەلیسم کراوین و باوەکو پێنج سەد ساڵ لەم ڕووداوە تێ پەڕیوە، هێشتا نەمردووین. لە نێو ئێمەدا تەنیا جێگەی «رویدرا» و حەوت کچەکەی و دوو خوشکەزاکەی خاڵییە کە ئەوەندە گریان، مێرلێن دڵی بۆیان سووتا و هەر کامەی کردن

بەدەریاچەیەک کە حاڵی حازر لە دنیای زیندووان و لە وڵاتی مانشدا هەڵکەوتوون و خەڵک ناوی زەل و باتلاغی «رویدرا»یان لەسەر داناون. کچەکانی ڕویدرا ملکی پادشای ئیسپانیان و دوو خوشکەزاکەشی ملکی پاڵەوانێکن کە لە بازنەی پیاوانی ڕۆحانی دان کە پێیان دەڵێن «سێن ژان» مەیتەرەکەی گوادیاناش کە بۆ بەدبەختی و نامرادیی تۆ زۆر دەگریا، بوو بەڕووبارێکی خرۆشان هەر بەو ناوە کە کاتێک گەیشتە سەر زەوی و چاوی بەڕۆژی ئاسمانێکی تر کەوت، ئەوەندە لە غەمی دووریی تۆدا تووشی غەم و پەژارە بوو کە دووبارە ڕۆیشتەوە بن عەرز، بەڵام چون گوادیانا بۆی ناکرێ دژی سروشتی خۆی بجووڵێتەوە، جارجارە سەر لە خاک وەدەر دەنێتەوە تا ڕۆژ و خەڵکی دنیا بتوانن ببینن.[٣٨٤] ئەو دەریاچانەی ناوم بردن ئاوی خۆیان کەم کەمە دەڕژێننە ناو ئەم ڕووبارەوە، کاتێک ڕووبار بەم ئاوانە تەژی بوو لەو لاشەوە ئاوی چەند چۆمی تری ڕەگەڵ کەوتەوە، بەجۆش و خرۆش و جەلال و شکۆمەندییەکی زۆرەوە دەچێتە ناو خاکی وڵاتی پۆرتەقاڵ، بەو حاڵەوە گوادیانا بەهەر شوێنێکدا تێ پەڕێ، غەم و پەژارەی دڵی بەغەمی خۆی دەردەبڕی؛ ئەو چۆمە نەجیبەهەرگیز خۆی بەوە ڕانانێ کە ماسیی خۆش گۆشت لە خۆیدا پەروەردە دەکا، بەڵکو ئێقرار بەوە دەکا کە ماسییەکانی زەلام و ناخۆش گۆشت و تام ناخۆشن بەجۆرێک کە دەگەڵ ماسییە خۆشخۆراکەکانی ڕووباری تاژ، بۆ پێک گرتن نابن، بەڵێ ئەی کوڕەمامی ئازیز، ئەوەی ئێستا پێت دەڵێم هەزاران جاری تریشم پێ گوتووی، بەڵام کە تۆ جوابم نادەیتەوە، پێم وایە قسەکانم نابیستی یا باوەڕت پێیان نییە، وە خودا دەزانێ کە چەندە لەم بارەوە غەم و کەسەر دام دەگرێ. ئێستا دەمەوێ چەند هەواڵ و خەبەرێکت پێ بدەم کە ئەگەر دەرد و غەم و پەژارەت لێ کەم نەکاتەوە لانی کەم شتێکیشی لێ زیاد ناکا. بەڵێ، بزانە و ئاگەدار بە کە ئێستا لە بەرامبەر تۆدا (چاوت بکەوە و بڕوانە) دۆن کیشۆت

٣٨٤– ئیشارەیە بە ڕووباری گوادیانا لە ئیسپانیا کە لە داوێنەکانی چیای ئالکازار لە وڵاتی مانش هەڵدەستێ. جۆبار و چۆماوێک کە لەو کێوانەوە هەڵدەڕژێن، حەوت درەیاچە یا پاشاو بە ناوی «رویدرا» پێک دێنن کە ئاوی یەکیان دەچێ دە ئەوی ترەوە و ئاوی گوادیانا کاتێک وەک ڕووبار وەڕێ کەوت، بۆ مەودای حەوت هەشت فەرسەخ لە بەستێنێکی زۆر قووڵدا دەڕواتە پێش کە دەوروبەری بە قامیشەڵان و گیا و زەمەند داپۆشراوە، بە جۆرێک کە ڕووی ئاوەکە دیار نییە. پاشان دیسان لە دوو دەریاچەی تریش بە ناوی «دەریاچەی چاوان» تێ دەپەڕێ و دووبارە وەدەر دەکەوێتەوە. سێروانتێس لەسەر ئەم سروشتەی ڕووبارەکە چێژی شاعیرانەی خۆی نیشان داوە. (لوویی و یاردۆ)





دلاوەری مانش ڕاوەستاوە کە مێرلێن جادووگەری حەکیم، لەمەڕ ئەو پێش گوتنی کردووە. کەسێک کە بەخەسڵەتی باشتر لە پاڵەوانانی پێشوو ڕەسم و ئاینی پاڵەوانانی سەرگەردانی بۆ ئێستا و داهاتوو زیندوو کردووەتەوە، بەڵکو ئێمە هەموو بەلوتف و یاریدەدان و لە خۆبردوویی ئەم پاڵەوانە گەورەیە لەو تەلیسم و جادووگەرییە ڕزگارمان بێت. چونکە ئەنجامدانی کاری گەورە تەنیا لە دەست پیاوی گەورە دێ. دۆڕانداری بێ ئەنوا بەدەنگێکی کز و لەرزۆکەوە گوتی: «ئاخ، ئەی کوڕەمامی خۆشەویستم، ئەگەر ئەو سەعادەتەش ڕووی دە ئێمە نەکردبایە من ناهومێد نەدەبووم و دیسان هاوارم دەکرد کە؛ دەبێ جارێ سەبر بکەین و وەرەق بکێشین بزانین چە دێتە پێش.[٣٨٥]

لەو ساتەدا هاوار هاوارێکی گەورە بەگوێ گەیشت و دەنگی گریان و زاری تێکەڵ بەناڵەی سووتێنەر و ئاه و هەناسە هەڵکێشانی پچڕ پچڕ بەرز بووەوە. من سەرم وەرسووڕاند و لە پشت دیوارە بلوورینەکانی قەسرەوە چاوم بە دوو ڕیز کیژی جوان و نازدار کەوت کە لە تالارێکی تردا بەدەستە دەخولانەوە و لیباسی عەزا و دەسماڵێکی سپییان بەڕەسمی ژنە تورکەکان لەسەر نابوو. لە پشت ڕیزی کیژەکانەوە خاتوونێکی بەشان و شەوکەت دەڕۆیشت. (یا لانی کەم لە ڕەفتاری خانمانە و بەویقارییەوە وا دەهاتە بەر چاو) ئەویش هەر جلوبەرگی ڕەشی دەبەردا بوو، چادرێکی سپی بەسەرەوە بوو کە دەگەیشتە بەری پێی و بەعەرزیدا دەخشا. دەسماڵی سەری دوو هێندەی دەسماڵی سەر کچەکان گەورە بوو. برۆکانی ئەو خاتوونە تێکەڵ و لووتی هێندێک پان و زارێکی گەورە و لێوی سوور و خۆشڕەنگ بوو. ددانەکانی کە جاروبار دەبینران شاش و بڵاو بوون و وێ دەچوو کە زۆر ڕێکوپێک نەبن بەڵام ئەوەندەی بڵێی سپی بوون، وەک بادامی پێست لێوەکراو. لە دەستیدا دەسماڵێکی حەریری بەقیمەت دەبینرا و ئەو جۆرەی کە من لێکم داوە لە ناو دەسماڵەکەدا دڵێکی مۆمیایی کراوی قرچ هەڵاتوویی تێدا بوو. مۆنتەزینووس پێی گوتم کە تەواوی ئەو کیژانە خزمەتکاری دۆڕاندار و بێلێرمەن و دەگەڵ ئەربابی خۆیان تەلیسم کراون و نەفەری دوایی کە دڵێکی لە ناو دەسماڵدا بەدەستەوەیە، بێلێرمە خۆیەتی، کە هەموو حەوتوویەک چوار جار دەگەڵ ئەو خزمەتکارانە ئەو دەستەیە وەڕێ دەخەن و ئاواز و لۆلۆی دڵبرژێن و بەسۆز و سووتان بەسەر ئەو دڵە و ئەم جەستەیەی ئامۆزای

٣٨٥– پەندێکی بڵاوی سەر زاران بوو، بە تایبەتی قومار بازەکانی ئیسپانیایی زۆریان دەکار دەکرد، ئەو قوماربازانە هەرچەندی زۆریان دۆڕاند با، دیسانیش دەست بەردار نەبوون و درێژەیان بە قومار دەدا و ئەو پەندەیان دەگوتەوە. (مۆریس باردۆن)

خۆشەویستی مندا دەڵێن و دەگرین. مۆنتەزینووس بەدوای ئەم قسانەدا گوتی؛ ئەگەر ئەو خاتوونە لەبەر چاوی تۆ کەمێک ناحەزە، یا لانی کەم ئەوەندەی ناوی دەرکردووە جوان نییە، لەبەر ئەو شەوگار و ڕۆژگارە تاڵەیە کە دە تەلیسمی ئەو سیحربازە حەکیمەدا ڕای بواردووە و ئەو ڕاستییە دە چاوی خەستە و ڕوخساری زەرد و لەشی داتەکاویدا دەبینرێ. ئەو ڕەنگ پەڕیوی و بزرکانەی ڕوخسار و ئاڵقەی شینی دەوری چاوەکانی ئەو خاتوونە لە نەخۆشیی ژنانە و شێواویی حەیز و عادەتی مانگانە نییە، چون چەندین مانگ و بەڵکو ساڵانێکە کە ئەو بابەتە لەودا وەڕاست نەگەڕاوە. هەمووی لە کار تێکردنی ئەو غەمە گیان پڕووکێنەیە کە ئەو لە دیتنی ئەو دڵەی کە بەدەستیەوە گرتووە، دەستی پێ داوە. وە ئەو دڵە سات بەسات بیرەوەریی ئەو ڕووداوە شوومەی کە بەسەر ئەویندارە چارەڕەشەکەی هاتووە، لە لای ئەو زیندوو دەکاتەوە. باوەڕم پێ بکەن، ئەگەر وانەبووایە خاتوون دۆلسینە تۆبۆزۆ، کە لە تەواوی ئەو هەرێمە و سەرانسەری دنیادا ناوبانگی ڕۆیشتووە، بەزەحمەت دەیتوانی لە ڕوانگەی جوانی و جەماڵ و ڕەعنایی و بەنازییەوە، هاوتای ئەو بێتەوە.

من هاوارم کرد کە جەنابی مۆنتە زینووس؛ لێرە ئیدی ڕاوەستە! من لە بەڕێزتان تکا دەکەم کە حیکایەتی خۆت ساف و سادە درێژە پێ بدە و لقوپۆپی بۆ دروست مەکە و بزانە کە هەموو پێکگرتن و هەڵسەنگاندنێک لێرەدا ناپەسەند و ناحەزە. دۆلسینە دۆ تۆبۆزۆی من هەرچی هەیە، هەیە و خاتوون دۆنا بێلێرمەش هەرچی هەیە یا هەرچی بووە با ببێ و زۆرتر لەوە کارمان پێیان نەبێ! مۆنتەزینووس گوتی؛ جەنابی دۆن کیشۆت تکا دەکەم لە من ببوورە! من بەهەڵە چووم و نەدەبووایە بڵێم خاتوون دۆلسینە ناتوانێ بگاتە خاتووون بێلێرمە، چون من دەبووایە تا ئەندازەیەک بۆنی ئەوەم کردبایە کە جەنابت ئەویندارى پاڵەوانی ئەو خاتوونەی. وە ئەی کاش نووکی زبانی خۆم گەزتبایە و خاتوونی پایەبەرزی تۆم بێجگە لە ئاسمان دەگەڵ هیچ شتێکی تر هەڵنەسەنگاندبایە.

ئەم جوابەڕەزامەندیبەخشە کە مۆنتەزینووسی گەورە دایەوە بەمن، دڵی ڕەم کردووی تۆراوی منی ئارام کردەوە و ڕق و قینی منی دامرکاندەوە. سانکۆپانزا گوتی: «من پێم سەیرە کە چۆن خۆت بەو سەگبابەدانەداوە و بەشەق و زللە پشتت نەشکاندووە و پڕت نەداوەتە ڕدێنی و چڵ چڵەی ڕیشیت هەڵنەکەندووە؟!» دۆن کیشۆت گوتی: «نا، نا، هاوڕێ سانکۆ، ڕەفتاری وا لە من ناوەشێتەوە، ئێمە هەموومان دەبێ بۆ پیران، هەر چەند پاڵەوانیش نەبن، ڕێز دابنێین، تا چ دەگا بەوەی کە پاڵەوان بن و دە تەلیسمی جادووگەرانیشدا بەدیل گیرابن. هەر چەند دەزانم دە زۆر پرسیار و وەڵاماندا کە لە





نێوانمان هاتە گۆڕێ، تەواو ڕێک نەکەوتین و ئەو جۆرەی پێویستە حورمەتی یەکترمان ڕانەگرت.»

ئەوجار ئامۆزا هاتە قسە و گوتی: «جەنابی دۆن کیشۆت، ڕاستی من نەمتوانی تێ بگەم کە بەڕێزتان لەو ماوەکورتەدا کە لە نێو غارەکەدا بوون چۆن توانیتان ئەو هەموو شتە سەیر و سەمەرانە ببینن و ئەو گشتە پرسیارە ببیسن و وەڵامیشیان بدەنەوە؟» دۆن کیشۆت پرسی: «بۆ مەگەر چەندە کە من چوومەتە خوار؟» سانکۆ گوتی: «هێندێک لە سەعات زۆرتر.» دۆن کیشۆت گوتی: «شتی وا هەر نابێ، چون من لە وێ دیتم کە شەو هات و ڕۆژ بووەوە و دیسان سێ جاری تریش شەو هات و بوو بەبەیان، تا ئەو جێگەی کە من بەحیسابی خۆم سێ ڕۆژی تەواو لە بن ئەو ئەشکەوتەدا بووم.» سانکۆ گوتی: «وێ دەچێ حەق بەئەربابی من بێ، چون لە وێڕا کە هەموو ڕووداوێکی کە بەسەری دێ بەشێوەی سیحر و جادووە، دوور نییە کە ئەوەی بەلای ئێمەوە سەعاتێکە بەلای بەڕێزیانەوە سێ شەو و ڕۆژ بووبێ.» دۆن کیشۆت گوتی: «بێگومان هەر دەبێ وابێ.» ئامۆزا گوتی: «باشە، ئەربابی خۆشەویست پێمان بڵێ ئایا بەڕێزتان لەم ماوەیەدا شتێکتان خوارد؟» دۆن کیشۆت گوتی: «نا هیچم نەخوارد و هیچ هەستێکیشم بەبرسیەتی نەکرد.» ئامۆزا گوتی: «ئایا کەسانێک کە تەلیسم دەکرێن خۆراکیش دەخۆن؟» دۆن کیشۆت گوتی: «نەخێر، هیچ ناخۆن و دەستیش بەئاو ناگەیەنن(*). بەو حاڵەشەوە دەڵێن کە نینۆک و مووی سەریشیان درێژ دەبێ.» سانکۆ پرسی: «ئەرباب ئایا تەلیسم کراوان، ناشخەون؟» دۆن کیشۆت گوتی: «ئاشکرایە کە ناشخەون، یان لانی کەم ئەو سێ ڕۆژەی کە من لەوێ بووم کەسم نەدی بخەوێ و من خۆیشم خەو لە چاوم نەکەوت.» سانکۆ گوتی: «ئەگەر وایە ئەو پەندە تەواو دروستە کە دەڵێ: بەمن بڵێ هاونشینی چ کەسانێکی تا من بڵێم چ ئینسانێکی. کەوابوو ئەربابی خۆشەویستم بەڕێزتان بڕۆن دەگەڵ ئەو تەلیسم لێدراوانە ژیان بەرنە سەر کە ڕۆژوو دەگرن و شەوبێداری دەکەن، تا دەگەڵ ئەوان لە نەخەوتن و نەخواردنی خۆتان سەرتان سووڕ بمێنێ! بەڵام ئەرباب، من ئەگەر عەرزی حزوورتان بکەم کە ئەو شتانەی فەرمووت یەک وشەم پێ وانییە و بڕوای پێ ناکەم بەلەعنەتی خودا... بببوورە دەمویست بڵێم وەبەر لەعنەتی شەیتان کەوم، تکایە لێم ببوورە و لێم تووڕە مەبە.» ئامۆزا هاواری کرد: «چۆن مەگەر دەبێ کە پاڵەوان درۆیانیش بکا؟ ئایا دەکرێ کە لەو ماوە کورتەدا ئەو هەموو درۆ و دەلەسەی ڕێک خستبێ؟» سانکۆ گوتی: «خێر، خێر، من هەرگیز بەزەینمدا نایە کە بڵێم ئەرباب درۆ دەکا.» دۆن کیشۆت گوتی: «ئەدی ئەتۆ چۆنی بۆ دەچێ؟» سانکۆ گوتی:

«من وای تێ دەگەم کە ئەو مێرلێنە جادووبازە یا ئەو جادووگەرانە کە ئەو هەموو خەڵکەیان لەوێ تەلیسم کردووە و جەنابت دەفەرمووی کە سێ ڕۆژیان دەگەڵ ژیاوی، ئەم داستانە دووروودرێژەیان دە مێشکی جەنابت ئاخنیوە تا پاشان بۆ ئێمەی بەحیکایەت بگێڕیتەوە.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ ئەڵبەت ئەوەی تۆ دەیڵێی وێدەچێ، بەڵام لەم وارەدا وانییە، چون من ئەوەی بۆ ئێوەم گێڕاوە، بەچاوی خۆم دیتم و بەدەستی خۆم هەستم پێ کرد. باش، تۆ چ دەڵێی ئەگەر هەر ئێستا پێت بڵێم کە لە نێوان شتی سەیر و سەرسووڕهێنەر کە مۆنتەزینووس بەمنی نیشان دا (وە من هەمووی ئەو شتانەش وردە وردە بەدرێژایی ڕێگە بۆ تۆ دەگێڕمەوە و ئێستا گێڕانەوەی هەمووی مومکین نابێ، چون هەر کامیان پێوەندیی بەشتێکی تازەوە هەیە.) سێ ژنی دێهاتیشم چاو پێ کەوت کە بەدەشتێکی سەوز و زەنوێردا تێدەپەڕین و دەتگوت بزنن هەڵتۆز دەکەن، یەکێک لەوان دۆلسینە تۆبۆزۆی خۆم بوو. ئەو دووانەکەی تریش هەر ئەو ژنانە بوون کە ئەو ڕۆژە دە خزمەتیدا دەهاتن و ئێمە کاتی دەرکەوتن لە تۆبۆزۆ تووشیان هاتین و قسەمان دەگەڵ کردن. من لە مۆنتەزینووسم پرسی، ئایا ئەو ژنانە دەناسی، ئەویش جوابی داوە کە نایانناسێ، بەڵام وای بۆ دەچم کە خانمی بەڕێز و بەشان و شەوکەت بن کە جادووکراون و زۆرتر لە چەند ڕۆژ نییە کە ڕێگەیان کەوتووەتە ئەو مێرگ و چیمەنە. مۆنتەزینووس گوتی کە ئەم بابەتە نابێ ببێتە هۆی سەرسامی تۆ، چون لەم شوێنەدا زۆر خاتوونی بەناوبانگ هەن کە هی سەدەکانی ڕابردوو یا زەمانی حاڵن و بەشکڵ و شێوەی جۆراوجۆر تەلیسم کراون؛ لەوانە گوتی: «مەلەکە ژنویە» و نەدیمی ئەو «کۆنتانیۆن» دەناسم کە لەو کاتەدا کە لانسلۆت پاڵەوانی ناودار لە بریتانیاڕا هات ئەم نەدیمە مەیگێڕیی بۆی دەکرد.

کاتێک سانکۆ ئەم قسانەی لە ئەربابی خۆی بیست، نزیک بوو لەبەر سەرسوڕمان شێت بێ یا لەبەر پێکەنین بپچڕێ. چون ئەو خۆی باشی دەزانی کە مەسەلەی تەلیسم بوونی خاتوون دۆلسینە لە چ قەرارێکە و باشی لە بیر بوو کە جادووگەری ئەو داستانە درۆیینە ئەو خۆی بووە و خۆی ئەو درۆ و دەلەسانەی لەسەر یەک داناوە. کەوابوو بۆی مسۆگەر بوو کە ئەرباب عەقڵ و شعووری تەواو نییە و بەتەواوی دێوانەیە. هەر بەو دەلیلە ڕووی تێ کرد و گوتی: «ئەربابی عەزیزم! سوور بزانە کە سەفەری بەڕێزت بۆ ئەو دنیا لە سەعاتێکی شووم و مانگێکی نامبارەکدا ڕووی داوە، لەعنەتی خودا لەو ساتەوەختە بێ کە بەڕێزتان دەگەڵ جەنابی مۆنتەزینووس چاوتان پێک کەوت. ئەو جەنابتی بەمجۆرە بۆ ئێمە بەڕێ کردەوە! سوبحانەڵڵا! ئاخر جەنابت کاتێک لەم جیهانەی سەرەوە دەگەڵ ئێمە بووی،





وەزعێکی باشترت هەبوو و لە عەقڵ و شعوورێکی تەواو کە خودا پێی دابووی، کەڵکت وەردەگرت و قسەی بەجێوڕێت دەکرد و هەنگاو بەهەنگاو ڕێنوێنیی جوانت دەکردین و وەک ئەو سەعاتە، قسەی لابەلا و تڕەهاتی ئاوا بێ مەعنا، کە بەمێشکی هیچ کەسەوە نانووسێن، نەقڵت نەدەکردن.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ من چون تۆ دەناسم گرینگی بەقسەکانت نادەم.» سانکۆ گوتی: «منیش قسەکانی تۆم پێ گرینگ نییە، هەرچەند بتەوێ بەخاتری ئەو قسانەی کردوومن یا دەیانکەم لە من بدەی یا بمکوژی، مەگەر ئەوە تامی زارت بگۆڕێ و قسەی جوانتر بکەی. بەهەرحاڵ ئەرباب ئێستا کە نێوانمان خۆشە بڵێ بزانم جەنابت لە ڕووی چ قەرینە و شاهیدگەلێک خاتوونی عەزیزی ئێمەت ناسی؟» دۆن کیشۆت گوتی: «من لەوەیەوە ئەوم ناسی کە جلوبەرگەکەی هەمان جلوبەرگ بوو کە تۆ ئەو ڕۆژە بەمنت نیشان دا. من تەنانەت قسەشم دەگەڵ کرد، بەڵام ئەو یەک وشەی جواب نەدامەوە، بەپێچەوانەوە پشتی تێ کردم و وەها بەهەشتاو هەڵات کە ئەگەر تیرێکت لە چلەی کەوان بەدوایدا هاویشتبا نەیدەگەیشتێ. من دەمویست بەدوایدا هەڵێم و بێ شک ئەو کارەم دەکرد. بەڵام مۆنتەزینووس پێشی پێ گرتم و نسحەتی کردم ئەو کارە نەکەم، چون زەحمەتێکی بێهوودەیە و وەبیری هێنامەوە کە مانەوە لە غاردا زۆرتر لە ئەندازە جایز نییە و سەعاتی وەدەرکەوتنی من بەشێوەیەکی شایستە نیزیکە. پاشان پیرەمێرد گوتی هەر بەو زووانە فێرم دەکا کە بۆ ڕزگار کردنی بێلێرمە و دۆڕاندار و ئەو و باقیی ئەو کەسانەی کە لەوێ تەلیسم کراون دەبێ چ بکەم. بەڵام سانکۆ لەو هەموو شتانەی کە دیتم یەک شت زۆرتر لە هەموو شت دڵی سووتاندم و ئازاری دام. ئەویش ئەوە بوو؛ لە کاتێکدا دەگەڵ مۆنتەزینووس خەریکی قسان بووم، یەکێک لە هاوڕێیانی خاتوون دۆلسینە پەریشان و ڕۆژگارڕەش، بەبێ ئەوە من پێ بزانم، هاتە لام و بەسوزێکی دڵسووتێن بەگوێمی گوت: خاتوون دۆلسینە دۆ تۆبۆزۆ دەستت ماچ دەکا و لە پایەبەرزتان تکا دەکا ئەوی لە حاڵ و باری لەشساغیی خۆتان باخەبەر بکەنەوە و چون نیازێکی زۆر فەوری بەپووڵ و پارە هەیە لە جەنابت تکا دەکا ئەو دامەنە چیتە گوڵدارە بەبارمتە هەڵگرن و مەبلەغی شەش ڕێئاڵ یا کەمتر یا هەر چەندی پێتانە بۆی بنێرن و خاتوون قەولی شەڕەف دەدا هەرچی زووتر بۆتان بنێرێتەوە. سەرم سووڕ ما، ڕووم دە جەنابی مۆنتەزینووس کرد و پرسیم: ئایا مومکینە تەلیسم کراوانی خاوەن ڕێزیش لەبەر نەداری و دەست تەنگی بناڵێن؟ ئەو گوتی: جەنابی دۆن کیشۆت بڕوام پێ بکە ئەوە کە پێی دەڵێن دەردی ئیحتیاج لە هەموو شوێنێک هەیە و دەست داوێژێتە هەموو جێگەیەک و گریبانی هەموو کەس دەگرێ و تەنانەت دەست لە تەلیسم

کراوانیش هەڵناگرێ. ئێستا کە خاتوون دۆلسینە پێداویستیی بەشەش ڕیئاڵ! هەیە و کەسێکی بەدوادا ناردووە، بارمتەکەش خراپ نییە، باشتر ئەوەیە حاجەتەکەی پێک بێنێ، بەتایبەتی کە ئاشکرایە ئەو زۆر دە مەزیقەدایە. من دە جوابدا گوتم: بارمتەی ئەو ڕاناگرم و پووڵەکەشی بۆ نانێرم، چون بێجگە لە چوار ڕیئال زیاترم پێ نییە. (وە ئەو چوار ڕیاڵە، سانکۆ هەر ئەو پووڵە بوو کە تۆ دوێنێ دابووتمێ تا لەسەر ڕێگە بەسەدەقە بیدەم بەسواڵکەران) وە ئەو چوار ڕیاڵەم دا بەڕاسپاردە و گوتم: دۆست و یاری خۆشەویست بەخاتوون بڵێ کە من لە ناخی دڵەوە دە غەمی ئەودا شەریکم و ئارەزووم دەکرد فۆکار[٣٨٦] بام تا نیاز و پێداویستیی ئەو بەتەواوی دابین بکەم. بەخاتوونی خۆت بێژە تا کاتێک لە دیداری ئەو بێ بەشم ناتوانم ساغ و سلامەت بم و هەر بەو زووانە کە دەرفەتی مناسب هەڵکەوت لە حزووری مبارەکی بەتکا دەپاڕێمەوە کە ڕێگەم بدا چاوم پێی بکەوێ و جەماڵی بێ وێنەی خۆی بەمن بنوێنێ و دەگەڵ ئەو عەبد و ئەو پاڵەوانە سەرگەردانەی خۆی قسەیەک بکا. هەروەها بەخاتوونی نازداری خۆت بڵێ کە لەو کاتەدا کە هیچ چاوەڕوانی نییە دەبیستێ کە بەشێوەی مارکی دۆمانتۆ،[٣٨٧] کاتێک بەچاوی خۆی گیان دانی برازاکەی (بۆدۆن)ی لە چیادا چاو پێ کەوت، سوێندی خوارد و پەیمانی دەگەڵ خودای خۆی تازە کردەوە تا تۆڵەی ئەو نەکاتەوە لەسەر سفرە دانەنیشێ و دەست بۆ تەعام نەبا و هەزار جۆر چلەی سەخت و تاقەت پڕووکێن بکێشێ. منیش پەیمان دەبەستم تا ئەو لە تەلیسمی جادووگەران ڕزگار نەکەم، ئارام نەگرم و بەهەمان ئازایەتی و بوێری کە شازادە دۆن دیەگۆ پێدرۆی پرتەقاڵی بەدەوری دنیادا گەڕا، منیش حەوت هەرێمی دنیا دەژێر پێ دەنێم. کیژەکە گوتی: بەڕێزتان بۆ ئەم دلاوەری و هونەرنوێنی و سەدان کاری باڵاتر کە کردووتانە قەرزباری خاتوونی منی، ئەوەی گوت و چوار ڕیئاڵی لە من وەرگرت و بەجێگەی ئەوەی کڕنۆش بکا وەها هەڵبەزییەوە کە دوو نێزە چوو دەحەواوە.» سانکۆ هاواری کرد کە: «یا حەزرەتی مریەم، یانی مومکینە ڕێوڕەسمی دنیا وابێ و قودرەتی جادووگەران و هێزی تەلیسم و جادوو ئەوەندە بێ کە عەقڵ و تێگەیشتنی ئەربابی من بگۆڕێتە سەر شێتییەکی

٣٨٦– فۆکار Fokar بە پێی ریوایەت، دەوڵەمەند و بانکدارێکی گەورەی «ئوکسبۆرگ» بوو کە چون شارلکەن ئێمپراتووری توتریش و ئیسپانیا بوو بە میوانی، لە کوورەدا بە جێگەی داری سووتان داری چینی سووتاند کە لای ئەوروپایی یەکان زۆر گرانبەها بوو. و بۆ هەڵکردنیشی لە رەسیدی ئەو قەرزانەی کە لای ئێمپراتوور هەیبوو کەلکی وەرگرت. (مۆریس باردۆن)

٣٨٧– مارکی دۆمانتۆ بۆدۆن «مام و برازا» دوو پاڵەوان بوون کە لە پێشدا باسمان کردوون





ئاوا سەیر و سەر سووڕ هێنەر؟ ئاخ ئەرباب، تۆ بەخوڵقێنەری دنیا و عەرز و عاسمانان سوێند دەدەم، هێندێک ئاگات لە خۆت بێ و فکر لە شەڕافەت و ئابڕووی خۆت بکەوە و ئەم ترەهاتە بێ مانایە کە عەقڵ و هۆش و شعووری لە دەست دەرهێناوی تووڕ هەڵدە.» دۆن کیشۆت گوتی: سانکۆ چون دەزانم کە تۆ منت خۆش دەوێ و دە فکری من دای ئەوەی دەیڵێی لە ڕووی سەفا و پاکییە و چون ئاگەداری بابەت و ڕووداوی زەمانە نی و ئەزموونت کەمە، هەرچی کە لەبەر چاوت هێندێک دژوار بێ، پێت وایە نامومکینە. بەڵام بزانە کە زەمانە لە گوزەردایە و هەر وەک چەند جار گوتوومە لە داهاتووشدا هێندێک لەوەی دەو دنیایەی بنەوەدا دیتوومە، بۆت دەگێڕمەوە. ئەو دەم تێ دەگەی کە هەرچی گوتوومە دروستە و ئەوەندە دەگەڵ ڕاستی جووتن کە موویان دە بەرەوە ناچێ.

## ٢٤

## لەمەڕ هەزاران نوکتەی سەیر کە هەم پێکەنینی و شاخ و باڵ لێ نراون و هەم بۆ دەرخستنی جەلال و گەورەییی ئەم داستانە بێوێنەیە پێویستن

کەسێک کە ئەم داستانە گەورەیەی لە ڕووی دەسنووسی یەکەمی نووسەری ئەو، یانی سەید حامید کوڕی ئەنجەلی وەرگێڕاوە، دەڵێ کاتێک گەیشتمە بەشی درێژەی ڕووداوەکانی غاری مۆنتەزینووس، ئەم ڕستانەم بەدەسخەتی خودی سەید حامید کوڕی ئەنجەلی لە پەراوێزی کتێبدا چاو پێ کەوت: «من بەهیچ جۆر ناتوانم باوەڕ بکەم کە ئەو ڕووداوانەی بەشی پێشوو بەڕاستی بەسەر دۆن کیشۆت پاڵەوانی مانش هاتبێ، دەلیلەکەی ئەوەیە ڕووداوگەلێکی تا ئێستا باسیان کرا، دەکرا بێژین ڕاستن یا لە ڕاستی نزیک، بەڵام ڕووداوەکانی غاری مۆنتەزینووس ئەوەندە لە عەقڵ و مەنتیق بەدوورن کە من ڕێگەیەک بۆ ئەوەی بەڕاستیان بزانم، نادۆزمەوە. فکری ئەوەی دۆن کیشۆت کە ڕاستگۆترین نەجیبزادە و نەجیبترین پاڵەوانی سەردەمی خۆی بوو، درۆی کردبێ، نامومکینە، چون ئەگەر جەستەیان بەزەبری تیر و شیر کون کونیش کردبایە، درۆی بەسەر زاریدا نەدەهات، لە لایەکیشەوە دەبینین کە دۆن کیشۆت ئەو داستانەی بەو هەموو لقوپۆپەوە کە لەسەرەوە دیتمان گێڕایەوە، بێ ئەوەی لەو ماوە کورتەدا مەجالی ئەو هەموو درۆ هەڵبەستنەی بووبێ. بەپێی ئەوەی گوترا ئەگەر ئەم داستانە وەک ئەفسانە و درۆ بێتە بەر چاو، گوناهی من نییە و من بێ ئەوەی ڕاست و درۆ بوونەکەی تەکەز بکەم، دەینووسم. تۆ ئەی خوێنەر، کە خۆت زانا و تێگەیشتووی، بەهەر جۆرێک دەتەوێ داوەریی خۆت بکە و بزانە کە من ناتوانم و نابێ بێجگە لەوەی کردم کارێکی تر بکەم. دەگەڵ ئەوەشدا هێندێک ئەم خاڵەیان بەمسۆگەر زانیوە کە دۆن کیشۆت لە جێوبانی مەرگدا لە قسەکانی خۆی لەمەڕ غاری مۆنتەزینووس پاشگەز بووەوە و ئیقراری کرد کە چون لە کتێبەپاڵەوانییەکانیدا وێنەی ڕووداوی ئەو غارەی زۆر خوێندبووەوە ئەوانەی بۆ سەربردەی خۆی جەعل کردووە.» بەڵێ جا، دانەری داستان پاش ئەم پەراوێزە ئاوا درێژە بەداستانەکە دەدا:

ئامۆزا ئەوەندەی لە پڕڕوویی و بێ ئەدەبیی سانکۆ سەری سوڕما، دوو ئەوەندەش لە سەبر و خۆڕاگریی ئەربابەکەی سەرسام ما و بەلای خۆیەوە وای دانا کە ئەو خوڵق و ڕوو خۆشییەی دۆن کیشۆت لەو سەعاتەدا لە شادی و خۆشییەکەوە سەرچاوەی دەگرت کە لە





دیداری دۆلسینە تۆبۆزۆ، هەر چەند بەشکڵی تەلیسم و جادووش بووبێ، تووشی بووبوو. دەنا بەو قسە ناحەز و بێ ئەدەبانانەی کە سانکۆ کردبوونی، حەق ئەوە بوو کە ئەڕباب هەزار جووتی شەق تێ هەڵدا و هەموو گیانی تێک بشکێنێ. بەڵێ، ئامۆزا سانکۆی زۆر بێ ئەدەب و ڕوو داماڵاو هاتە بەر چاو، بەو حاڵەشەوە بەدۆن کیشۆتی گوت: «وە بەڵام من، ئەی پاڵەوانی دلاوەری مانش، ئەی جەنابی دۆن کیشۆت، بەیەقین دەو سەفەرە پڕ لە بەختەوەرییە کە دە خزمەت بەڕێزتاندا بووم، لە کاتی خۆم ئەو پەڕی سوود و بەهرەم وەرگرت و چوار شتی زۆر باشم وەدەست هێنا: یەکەم ئەوەی کە دەگەڵ کەسایەتییەکی گەورەی وەک بەڕێزتان ئاشنا بووم کە ئەوە خۆی جێگەی فەخر و شانازییە؛ دووەم ئەوە کە ڕاز و نهێنییەکانی غاری مۆنتەزینووسم بۆ ڕوون بووەوە و لە مێژووی ڕووباری گوادیانا و دەریاچەکانی «رویدرا» ئاگەدار بوومەوە، وە ئەوە بۆ تەواوکردنی کتێبی ئۆویدی ئیسپانیایی کە خەریکم دەینووسم، زۆر بەقازانج و پڕ بایەخە، سێیەم ئەوەی کە کەشفم کرد وەرەقی قومار لە زەمانی زۆر کۆنەوە دەکار هێنراوە یا لانی کەم لەسەردەمی ئیمپراتۆر شارلمانیدا کایەی پێ کراوە و ئەوە لەو قسانەڕا دەردەکەوێ کە بەڕێزتان لە نێو غاردا لە دۆڕاندار بیستتان و فەرمووتان کاتێک مۆنتەزینووس ئەو وتارە دووردرێژەی لەسەر جەنازەی دۆڕاندار خوێندەوە، ئەو چاوی کردەوە و گوتی: «سەیر بکەن و دووبارە وەرەق بکێشن!» وە دیارە قسەی تێدا نییە کە ئەو ئەم پەندەی لە مەودای دە تەلیسم بووندا فێر نەبووە، بەڵکو ئەو کاتی کە هێشتا لە فەڕەنسە بووە و لەسەردەمی ئیمپراتۆر شارلمانیدا ژیاوە، زانیویەتی. من لەو ڕاستەقینە مێژووییە بۆ کتێبێکی تری خۆم بەناوی، «لێکدانەوە لەسەر کتێبی ویرژێل پۆلیدۆر لەمەڕ داهێنانەکانی عەهدی عەتیق کەڵک وەردەگرم، چون ئەو بابەتە بۆ ئەو کتێبەی من زۆر بەکار دێ. من یەقینم هەیە کە ویرژێل پۆلیدرۆ لە بیری چووە لە کتێبی خۆیدا باسی داهێنانی وەرەقی قومار بکا و ئێستا من دە لێکدانەوەی خۆمدا ئیشارەی پێ دەکەم و دەزانم کە ئەو کارە زۆر بەرهەمی باشی لێ دەکەوێتەوە. بەتایبەتی کە سەرچاوەی ئەو قسەیە نووسەری زانا و پسپۆڕێکی وەک سیننۆر دۆڕانداره.[٣٨٨] چوارەم

٣٨٨– وەرەق یا پەڕی قومار یەکەمجار لە وڵاتانی ئیسلامییەوە هاتە ئیسپانیا و یەکەمجار ساڵی ١٣٨٩ لە شاری ویتێرب Viterbe لە ئیتالیا نزیک شاری ڕۆم بیندراوە. لە سەدەی پازدەمدا پیاوێک بە ناوی نیکۆلا پاپن لە ئیسپانیا پەڕی قوماری لە ڕووی ئەو نموونانەی کە لە فەڕەنسەوە دەهات دروست کرد و عەلامەتی «ن – پ» کە دوو پیتی سەرەتی ناوکانی بوو، لە سەر وەرەقەکان دەبیندران. (مۆریس باردۆن)

ئەوەیە کە ئێستا بۆم ڕوون بووەوە سەرچاوەی ڕووباری گوادیانا کە تا ئەمڕۆ کەس پێی نەدەزانی، لە کوێوەیە.» دۆن کیشۆت گوتی: «تەواو، حەق بەتۆیە، بەڵام دەمەوێ بزانم ئەگەر بەلوتف و ڕەحمەتی حەق ئیجازەی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکانت وەرگرت[٣٨٩] (هەر چەند باوەڕ ناکەم لەو کارەتدا سەربکەوی) بەناوی چ کەسیان پێشکەش دەکەی؟» ئامۆزا گوتی: «لە ئیسپانیادا چ زۆرە پیاوی گەورە و جوامێر، بەناوی یەکێک لە وانەی پێشکەش دەکەم.» دۆن کیشۆت گوتی: «خێر، ئەوەندەش زۆر نین، وە ئەڵبەتە نەک لەبەرئەوە کە لێهاتوو نین، بەڵام نایانەوێ قەرزباری منەتی نووسەران بن و ئەرکی قەدرزانی و پاداشیان بکەوێتە سەر مل کە شایستەی نووسەرەکە بێ. من خۆم شازادەیەک دەناسم کە بەتەنیایی دەتوانێ جێی هەموو گەورەپیاوانی ئەم وڵاتە پڕ کاتەوە و ئەوەندەی ئەخلاق و ئاکاری باش هەیە کە ئەگەر من باسیان بکەم لە دڵی زۆرێک لە گەورەکانی تردا هەستی ئێرەیی و حەسوودی دەجووڵێنمەوە.[٣٩٠] بەهەرحاڵ قسەکردن لەم وارەدا دەخەینە دەرفەتێکی گونجاوتر و جارێ با بەدوای شوێنێکی ئاسوودەدا بگەڕێین کە شەو تێیدا بحەسێینەوە.» ئامۆزا گوتی: «لەو نزیکانە نوێژگەیەک هەیە و ڕاهیبێک دە وێدا دەژی کە دەڵێن دەپێشدا سەرباز بووە و زۆر مۆمن و بەدینە و زۆریش عاقڵ و چاکەکار و سەخی و دڵۆڤانە، لە نزیک ئەو نوێژگەیە میوان سەرایەکی چکۆلەی لێهەیە کە ئەو کابرایە خۆی دروستی کردووە و هەر چەند چکۆلەیە بەڵام جێگەی میوانانی دەبێ.» سانکۆ پرسی: «بڵێی ئەو ڕاهیبە مریشکی هەبێ؟» دۆن کیشۆت گوتی: «ئەمڕۆ کەمتر ڕاهیبێک دەبینی کە مریشکی نەبێ، چون ڕاهیبانی ئەمڕۆ هیچ وەک ڕاهیبانی قەدیمی میسر ناچن کە لەو دەشتە گەرم و قاقڕانەدا بەگەڵای دار خۆیان دادەپۆشی و بەڕیشەی گیایان خۆیان تێر دەکرد. بەڵام وا تێ مەگەن ئەگەر من بەباشی باسی هێندێکیان دەکەم، مانای ئەوەیەکە خراپەی ئەوانی تر دەڵێم. بەڵکو ئەوە دەڵێم کە چلەکێشی و عیبادەت لەم ڕۆژانەدا وەک زەمانی قەدیم سەخت و دژوار نییە. بەو حاڵەشەوە هەموو ڕاهیبەکانی ئەم سەردەمە لە ڕوانگەی تەقوا و ئیمان و پارێزکارییەوە دەستی کەمیان لەوانی پێشوو نییە، یا لانی کەم من پێم وایە، وە تەنانەت ئەگەر هێندێک ڕاهیبی درۆزن و کەڵەکبازیش هەبن، دیسان ئەوان باشترن لەو جینایەتکارانە کە لە کۆمەڵگادا گوناه و جینایەت دەکەن.»

---

٣٨٩– لە سەردەمی سێروانتێسدا بە زەحمەت ئیجازەی بڵاوبوونەوەی کتێب دەدرا. (مۆریس باردۆن)

٣٩٠– ئیشارە بە کۆنت دۆ لیورنووس Conte de Leronos کە سێروانتێس بەرگی دووەمی دۆن کیشۆتی پێشکەش بەو کردووە. (مۆریس باردۆن)





دۆن کیشۆت و یاران دەو قسانەدا بوون کە لە نەکاو دیتیان پیاوێک بەهەشتاو بۆ لای ئەوان دێ و بەداردەستێک خۆش خۆش لە ئێسترەکەی دەدا کە نێزە و تەوەرزینی لێ بار کردبوو. پیاوەکە کاتێک گەیشتە حاندی ئەوان سڵاوی کرد و بەپەلە تێپەڕ بوو. دۆن کیشۆت هاواری بەسەردا لێ دا و گوتی: «ئەی جوامێر، هێندێک ڕاوەستە. دەڵێی بۆ ڕۆیشتن لە ئێسترەکەت بەپەلەتری.» کابرا گوتی: «ئەرباب ناتوانم ڕاوەستم چون ئەو چەکوچۆڵەی لەسەر ئەو ئێسترە دەیبینی، دەبێ بگەیەنمە شوێنی خۆی بۆ ئەوەی سبەینێ دەکار بکرێ. لەبەرئەوە مالاواییتان لێ دەکەم، چون مەجالی ڕاوەستانم نییە. بەڵام ئەگەر دەتانەوێ بزانن من ئەو چەکانە بۆچی دەگەڵ خۆم دەبەم پێم وایە ئەمشەو لەو کاروانسەرایەی سەرەوەی نوێژخانە دەمێنمەوە و ئەگەر ئێوەش ڕێگەتان بەوێدایە، من لەوێ دەبیننەوە و ئەودەم شتی واتان پێ دەڵێم کە نە قەت بیستووتانە و نە قەت دیتووتانە. جارێ دیسان مالاوا.» پیاوەکە ئەمەی گوت و دیسان وەها بەهەڕەمە ئێستری لێ خوڕی کە دۆن کیشۆت مەجالی نەبوو لێی بپرسێ، ئەو شتە سەیر و سەمەڕانەی دەیەوێ باسیان بکا چین. پاڵەوان چون هێندێکی هەستی کون پشکنی لەوانی تر زۆرتر هەبوو هەمیشە گوێ قوڵاغ[*] بوو شتی تازە ببیستێ و فێر ببێ، بڕیاری دا کە هەموویان بێ درەنگی کردن بکەونە ڕێ و بێ ئەوەی لە نوێژخانەی ئامۆزا بمێننەوە و خۆ بمێلکێنن، یەکسەر بڕۆنە کاروانسەراکە و شەوەکەیان لەوێ بمێننەوە. لەبەرئەوە هەرسێک سوار بوون و کاروانسەرا بگرە هاتم. ئامۆزا پێشنیاری کرد ساتێک لە نوێژخانە ڕاوەستن و جامێک شەڕاب بخۆنەوە. سانکۆ هەر دەگەڵ ئەو قسەی گوێ لێ بوو سەری کەرەبۆزی بۆ لای نوێژخانە خوار کردەوە و دۆن کیشۆت و ئامۆزاش وەدوای کەوتن؛ بەڵام ئەستێرەی بەختی سانکۆ دە بورجی ڕەشدا بوو، چونکە خزمەتکاری ڕاهیب کە ژن بوو، پێی گوتن کە ڕاهیب لە ماڵ نییە. موسافیران داوای جامێک شەڕاب لە باشترین شەڕابیان کرد. ژن گوتی کە ئەربابەکەی شەڕابی نییە، بەڵام ئەگەر ئاوی خواردنەوەیان دەوێ ئامادەیە هەرچەندی دەخۆنەوە بیانداتێ. سانکۆ لە جوابی ژنەکەدا گوتی: «ئەگەر تینوو بووایەم سەرکانی و چاڵاوم لەسەر ڕێ بوو، دەمخواردەوە. ئاخ! ئەی جێژنی زەماوەندی کاماش، ئەی سفرە و خوانی ڕەنگینی ماڵی دۆن دیەگۆ، یادتان بەخێر، هەی هات دەبێ تا کەی هەر لە یادی ئێوەدا ئاخ هەڵکێشم!»

موسافیران ناچار لە نوێژگە دوور کەوتنەوەو بەرەو کاروانسەرا دە سواربەرەکانیان ڕاخوڕین، هێشتا مەودایەکی وا نەڕۆیشتبوون کە تووشی لاوێک بوون، لاوی ڕێبوار بێ پەلە و ئەجەلە دە پێشیاندا دەڕۆیشت و ئەوان گەیشتنە سەری. لاوە شمشێرەکەی وەک

داردەست هاویشتبووە سەر شانی و بوخچەیەکیشی پێوە هەلاوەسیبوو کە لیباسەکانی خۆی یانی گۆرەوی و شەڵوار و کەوایەکی قوڵە و چەند کراسی تێدا هەڵگرتبوو. لاو کولەجەیەکی لە مەخمەر دەبەر دابوو کە لە چەند جێوە هەڵبڕاوییەکی تێدا بووو کە کراسەکەی تێدا دیار بوو. گۆرەوییەکانی لە پەشم و کەوشەکانی وەک کەوشی دەربارییەکان چوار گۆشە بوو. تەمەنی لاو لە هەژدە نۆزدە زۆرتر نەبوو، ڕوخسارێکی شاد و دەم بەپێکەنین و ڕەفتاری نەرم و چالاکانە بوو، بۆ ئەوەی کە ماندوو نەبێ نەرم نەرم لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەگوت. کاتێک موسافیرەکانی ئێمە گەیشتنە سەری، لاوەکە تازە لە گوتنی یەکێک لەو ئاوازانە تەواو بووبوو، تا ئەو جێگەی کە ئامۆزا توانیبووی هەمووی گوێ بداتێ و شێعرەکانی لەبەر بکا، ئەو ئاوازە بەمجۆرە بوو: «من نیاز دەمباتە شەڕ؛ من ئەگەر پارەم هەبووایە هەرگیز نەدەچوومە شەڕ.»

یەکەم کەس کە دەگەڵ ئەو لاوە قسەی دەست پێ کرد، دۆن کیشۆت بوو؛ پاڵەوان گوتی: «لاوی ئەویندار، چەند ئارام و لەسەرەخۆ دەڕۆی! ئەگەر ئیرادی نییە بڵێ بۆ کوێ دەچی با ئێمەش بزانین.» لاو گوتی: «لەسەرەخۆ ڕۆیشتنم لەبەر گەرمیی هەواو فەقیری و نەدارییە، دەپرسی بۆ کوێ دەچم؟ دەچمە شار.» دۆن کیشۆت گوتی: «بۆ سەبر ڕۆیشتنەکەت بەهۆی گەرمیی هەواوە قبووڵ، بەڵام فەقیری و نەداری چ پێوەندییەکی بەو کارەوە هەیە؟» لاو گوتی: «ئەرباب لەو بوخچەدا کە دەیبینی شەڵوارێکم هەیە لە پارچەی مەخمەر کە دەگەڵ ئەم کولەجەیە دەبنە دەست؛ من ئەگەر شەڵوارەکەم لەبەر کەم لەو ڕێگەیەدا کۆن دەبێ و کەڵکی دەبڕێ و ئیدی ناتوانم لە شاری دەبەری بکەم و پۆزی پێوە لێ بدەم. پووڵیشم نییە کە یەکی تازە بکڕم، کەوابوو بەو دەلیلەی کە عەرزم کردن و بۆ ئەوەش کە قاچەکانم ئارەقە نەکەن و فێنک بن، بەمجۆرە بەڕێدا دەڕۆم، تا بگەمە فەوجی پیادەنیزام کە لە دوازدە فەرسەخیی ئێرەیە و لەو فەوجەدا بۆ خزمەت وەرم بگرن، لەوێشەوە بێگومان دەگەڵ »جێ شۆران»(*) و کارگەرانی کەشتی دەمنێرنە بەندەر و بۆ شوێنێک کە دەڵێن قەرتاجنەیە حەواڵە دەکرێین. من لەوەی کە ئەرباب و وەلی نیعمەتم پادشا بێ و لە شەڕەکاندا خزمەتی ئەو بکەم، زۆرتر خۆشحاڵ دەبم تا ئەوەی لە دەرباردا خزمەتی پیاوێکی پەست و نانەجیب بکەم.» ئامۆزا پرسی: «ئایا مواجیب و مەعاشی باشت پێ دەدەن؟» لاو گوتی: «من ئەگەر خزمەتی یەکێک لە گەورەپیاوانی ئیسپانیا یا کەسێکی ماقووڵ و نێوبەدەرەوەم کردبایە، بێگومان حقووق و مەعاشی باشم وەردەگرت و خزمەتی ئابڕوومەندیش هەر ئەوەیە کە مرۆڤ بەئەربابی ئاوای بکا. خزمەتکار لە خزمەت ئەواندا لە پشت مێزی نۆکەرییەوە دەگاتە





پلەی ئەفسەری دە هێزی دەریایی یا وشکانی دا، یا دەبێتە خاوەنی مۆڵکێک کە داهاتێکی باشی هەبێ. بەڵام منی بەدبەختی چارەڕەش بێجگە لە نۆکەری دەلالان و پیاوی خۆێریلکە کە ڕوون نییە لە کام گەداخانەوە هاتوون خزمەتی کەسی دیکەم نەکردووە. ئەو جۆرە ئەربابانەش ئەوەندت مەعاش نادەنێ کە بتوانی کارێکی پێ بکەی، باوەڕ بفەرموون کە ئەگەر نۆکەرێکی بەدبەخت لەو تاقمە بتوانێ ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەمەند بێ وەک ئەوە وایە موعجیزەیەک ڕووی دابێ.» دۆن کیشۆت گوتی: «دۆستی بەڕێز، تۆ گیانی خۆت، ئایا دەبێ پاش چەند ساڵ خزمەت هێشتا نەتتوانیبێ دەستێک لیباسی جوان بۆ خۆت بکڕی؟» نۆکەر گوتی: «بۆچی، دوو دەستیان جلوبەرگی تازە دابوو بەمن، بەڵام هەر وەک کەسێک کە پێش دان هێنان بەگوناهەکانیدا و قبووڵ کردنی یاسا و قانوونی کلیسا بیەوێ لەوێ دەرکەوێ، لیباسی تەرکە دنیای لەبەر دادەکەنن و لیباسی خۆی دەدەنەوە، ئەربابەکانی منیش پاش ئەوەی کارەکەیان دەیگرت و دەیانتوانی بەو کارەی کردوویانە ڕێیان دە دەربار بکەوێ، ئەو لیباسەی کە تەنیا بۆ خۆڕانان دەیاندا بەمن، لێیان دەستاندمەوە و دەریان دەکردم.» دۆن کیشۆت هاواری لێ بڵیند بووەوە کە: «بەڕاستی چ ڕەزاڵەتێک! بەڵام خۆشحاڵ بە لەوەی کە دەربارت بەجێ هێشتووە و بەنییەتێکی پاکەوە بۆ خزمەت بەپادشا دەچیتە شەڕ، بەڕاستی لەسەرانسەری دنیادا هیچ خزمەتێک لەوە گەورەتر نییە کە مرۆڤ دەپێشدا بەخودای خۆی و پاشان بەپادشا کە وەلی نیعمەت و گەورەی هەموو لایەکە خزمەت بکا، ئەویش لە شوغڵی سپاییگەریدا کە ئەگەر لەو ڕێگەوە بەقەدەر ڕێگەی زانین و خوێندن ماڵ و سامانیش دەست نەکەوێ، لانی کەم زۆرتر لەو شانازی و ناوبانگ بەنسیب دەبێ. هەروەک چەندین جار تا ئێستا لەسەر ئەم بابەتە قسەم کردووە. ئەگەر ڕاست بێ کە خزمەتی دیوانی زۆرتر لە خزمەتی نیزامی مڵک و ماڵ و سامان بەرهەم دێنێ، نازانم چ ڕازێکە کە خزمەتی نیزامیم پێ گەورەتر و خۆشترە لە خزمەتی دیوانی و شەڕافەت و شەوکەتێک لەوەدا دەبینم کە لەبەر چاوی من دەیکاتە شوغڵێکی پیرۆز و لەسەرەوەی هەموو شوغڵەکانی تری دادەنێ. من ئێستا نسحەتێکی تۆ دەکەم کە بەیادگار بەزەینی خۆتی بسپێرە و بزانە کە قازانجی زۆری بۆ تۆ دەبێ و لە کاتێکدا شەکەتی و بێزاری لە شوغڵ بەسەر تۆدا زاڵ دەبێ، ئارامی و هێوری دەدا بەتۆ و ئەویش ئەوەیە کە تا دەتوانی هەرگیز بەخەیاڵی ڕوودانی پێشهاتی شووم خاتری خۆت ئازار مەدە و لە هیچ ڕووداوێک ترس و هەراس بەدڵت ڕێ مەدە. لە دنیادا خراپترین بەلایەک کە ڕەنگە بەسەرت بێ مەرگە، لە حاڵێکدا ئەگەر دەگەڵ شەڕەف و شانازی تێکەڵاوبێ مەرگ لە هەموو شت خۆشترە. لە قەیسەر ژوول سێزار، ئیمپراتۆری

دلاوەری ڕۆمیان پرسی کە باشترین مەرگ کامەیە؛ گوتی مردنی لە نەکاو و چاوەڕوان نەکراو. هەر چەند ئەم جوابە لە زاری کافرێک هاتووەتە دەر کە لە ناسینی خودای ڕاستین غافڵ بووە، دەگەڵ ئەوەشدا بەدەبەر چاو گرتنی ئەوەی لە هەستی سروشتی بەدوورە، زۆر مەنتیقی و بەجێیە. کاتێک لە یەکەم پێکدادانی مەیدانی شەڕدا دەکوژرێی، جا چ بەرەگباری ئاوری تۆپخانە بێ و چ لە تەقینەوەی ئەژدەرێک و پڕیشکەکانی بێ، چ گرینگییەکی هەیە؟! بەهەرحاڵ مەرگ مەرگە و تۆش کارت تەواوە. بەواتەی «تێرانس»[٣٩١] بۆ سەرباز، شەهید بوون لە شەڕدا شانازیی زۆرترە لە وەی هەڵێ و ساغ و زیندوو بمێنێتەوە. سەربازی ڕاستەقینە هەر چەندی زۆرتر ئەمر و فەرمانی ئەفسەران و فەرماندەکانی جێبەجێ بکا و ڕێکوپێک بێ، بەو ئەندازەش ناوبانگی دەڕوا و شانازیی بەنسیب خۆی دەکا. کوڕی من بزانە و ئاگەدار بە کە بۆنی دووکەڵ و باڕووت لەبەر لووتی سەرباز لە بۆنی عەتر و عەبیریش خۆشترە و تۆ کاتێک لەم شوغڵەدا پیر بووی، گریمان جەستەت هەمووی بەشوێنەواری برینان داپۆشرابێ و ئەندامت ئیفلیج و پات شەل بووبێ، لە شەڕەف و شانازی بێ بەش نابی، جا با فەقیر و دەستەنگیش بی، فەقیری ناتوانێ ئەو شەڕەف و شانازییە بشارێتەوە. بێجگە لەوەش ئەمڕۆ ڕۆژێکە کە بەهاواری سەربازانی پیر و پەک کەوتە دەگەن و و مەعاشیان بۆ دابین دەکەن، چون دەزانن ڕەوا نییە وەک ئەو ئەربابانەی کە کاتێک نۆکەرەکانیان پیر و بێ تاقەت بوون وەدەریان دەنێن، دەگەڵ سەربازانی پیریش ئەو کارە بکەن. ئەو ئەربابەبێ ڕوحمانە بەبیانووی ئەوە کە بەندەی خۆیان ئازاد دەکەن لە ماڵێ وەدەریان دەنێن، بەڵام ئەم ئازاد کردنە لە ڕاستیدا لە برسان کوشتنە، حاڵی حازر قسەیەکی ترم نییە بەتۆی بڵێم، تەنیا ئەوەندە نەبێ کە بڵێم وەرە لە پاشتەرکی من سوار بەبا بگەینە کاروانسەرا؛ لە وێ شامی خۆت دەگەڵ من بخۆ و سبەی بەیانی بەڕێی خۆتدا بڕۆ. هیوادارم خودا بەدڵی خۆت دەگەڵ بکا و سەرکەوتوو بی!»

لاوی نۆکەر سواری پاشتەرکی دۆن کیشۆت نەبوو، بەڵام شام میوانی ئەو بوو. دەڵێن سانکۆپانزا لەو ساتەدا بەخۆی دەگوت: «ئەرباب، بەو لەعنەتەی بی کە خودا کردی لە شەیتان! خودایا چۆن دەبێ کەسێک ئەوهەندە نوکتەزان بێ و قسە و گفت و لفتی ئاوا بەڕێ و جێ بێ، پێمان بڵێ کە ئەو هەموو ڕووداوە نامومکین و کەربازارییانەی دە نێو ئەو غارەدا چاو پێ کەوتبێ؟ بەهەرحاڵ بڕۆین و فکرێک لە حاڵی خۆمان بکەینەوە!» بەڵێ جا،

٣٩١– تێڕانس Terance شاعیری شۆخی بازی ڕۆمی کە نۆکەرێکی ئازاد کراو بوو «١٥٩ – ١٩٠ پێش زایین» کە لە شێوازی شێعردا لاسای مامۆستایانی پێشووی یۆنانی دەکردەوە.





موسافیرانی ئێمە لەو کاتەدا کە شەو دادەهات گەیشتنە کاروانسەرا و سانکۆ بێ ئەندازە خۆشحاڵ و کەیفخۆش بوو، چون دەیدیت کە ئەرباب ئەمجارەیان کاروانسەرای بەکاروانسەرا دەدیت و بەقەڵا و دژ و کۆشک و کاخی نەدەهاتە بەرچاو!

یاران هێشتا تەواو دانەبەزیبوون کە دۆن کیشۆت سۆراغی کابرای نێزە و تەوەرزین بەدەستی گرت. کاڕوانسەرادار گوتی کە لە تەویلەیە و خەریکە بەئێسترەکەی ڕادەگا. ئامۆزا و سانکۆش بەکەرەکانیان ڕاگەیشتن و ڕۆسی نانتیان لەسەر باشترین ئاخوڕ بەستەوە.

٢٥

## لەمەڕ ڕووداوی زەڕەزەڕی کەر و داستانی شیرینی بی بی جان خانم و غەیب گوتنی مەیموونی غەییگۆ

دۆن کیشۆت، وەک دەڵێن، لە ئاگری ئەم حەسرەتەدا دەسووتا کە هەرچی زووتر لەو عاجباتییانەی کە کابرای ئەسڵەحەهەڵگر قەولی پێ دابوو ئاگەدار بێ، لەبەرئەوە ڕۆیشتە ئەو شوێنە کە کاڕوانسەرادار گوتبووی و پاش دیتنەوەی کابرا، تکای لێ کرد جوابی پرسیارەکەی نێو ڕێگەی بێ ڕاوەستان، هەر لەو شوێنە بداتەوە. کابرا گوتی: «داستانی سەیروسەمەرە لای من ئەوە نییە کە بەسەر پێوە بەپەلە لێرە بگوترێ و ببیسترێ. کەوابوو باشترە بەڕێزتان ئیزن بدەن دەپێشدا، ئێسترەکەم تاقەت بکەم و ئەودەم شتی وات بۆ دەگێڕمەوە کە تووشی سەرسامی ببی. دۆن کیشۆت گوتی: «ئەگەر گرفتەکە هەر تاقەت کردنی ئەم ئێسترەیە، یارمەتیت دەدەم.» پاڵەوان دەسبەجێ دەستی کرد بەخاوێن کردنەوەی ئاخوڕەکە و جۆی دەبەر ئێسترەکە کرد و ئەم خۆ بەکەم زانین و بەدڵ خزمەت کردنە وای کرد کە کابرای خاوەن ئێستر بەڕووخۆشی و مێهرەبانییەوە داستانەکەی بۆ بگێڕێتەوە. بەڵێ هەردووکیان لە تەنیشت یەک لەسەر بەردێک دانیشتن و ئەوانی تریش لێیان کۆبوونەوە و کابرای تەوەرزین بەدەست بەمجۆرە دەستی پێ کرد:

«بەڕێزان، دەپێشدا پێویستە بزانن کە لە یەکێک لە شارەدێیەکانی نزیک کە لە چوار فەرسەخ و نیویی ئەم کاروانسەرایەدا هەڵکەوتووە، یەکێک لە ڕاوێژکارانی شارەوانی بەهۆی بێ مبالاتی یا بزۆزیی کلفەتەکەی، کە ئەگەر باسی بکەین دەبێتە داستانی دوورودرێژی ئەسکەندەر نامە و شانامە، کەرێکی لی ون بوو و هەرچەندی لێرولەوێ بەشوێنیدا گەڕا نەیدیتەوە. پازدە ڕۆژ بەسەر ون بوون و جاڕکێشان بۆ دۆزینەوەی کەردا تێپەڕیبوو کە ڕۆژێکیان لەسەر مەیدانی گەورەی گوند، ڕاوێژکاری کەر ون کردوو، یەکێ تری لە ڕاوێژکارانی هەر ئەم شارەدێیەی چاو پێ کەوت کە بۆ لای ئەو دەهاتە پێش. کابرا هاتە بەرەوە و گوتی: «هاوکاری خۆشەویست، مزگێنی بدە کە کەرەکەت دۆزراوەتەوە.» ئەوی تر گوتی: «هاوڕێ، مزگێنی تۆ لەسەر چاوم، بەڵام دەپێشدا بفەرموو لە کوێ دۆزراوەتەوە؟» کابرا گوتی: «لە مێشەی خوارەوەی کێو. من ئەمڕۆ بەیانی کەرەکەم دیت کە





کورتان و هەوساری پێوە نەبوو، ئەوەندەش کز بوو کە پیاو جەرگی بۆی دەبوو بەکەباب. دەمویست وەپێش خۆمی بدەم و بۆ تۆی بێنمەوە، بەڵام ئەوەندە سڵ و ڕەوەک بوو تا لێی نزیک بوومەوە دە خۆی نووسا و بەهەڵاتن ڕۆیشتەوە قووڵاییی مێشەکە. ئەگەر دەتەوێ با هەر ئێستا بچینە سۆراغی. من کەرەکەم دەبەمەوە ماڵ و زوو دەگەڕێمەوە.» خاوەنی کەری ون بوو گوتی: «یارمەتیی تۆ دەبێتە هۆی خۆشحاڵی و منەتباریی من و دەبێ بۆ ئەو زەحمەتە پاداشێکی باشت بدەمە خزمەت.»

من ئەو داستانە موو بەموو بەجۆرێک دەگێڕمەوە کە ئاگەدارانی ڕووداوەکە مومکینە بیگێڕنەوە. بەکورتی، ئەو دوو ڕاوێژکارە دەست لە دەستی یەکدا بەپێی پیادە ڕۆیشتنە مێشەکە؛ بەڵام کاتێک گەیشتنە ئەو شوێنەی کە پێیان وابوو کەرەکەی لێ دەدۆزنەوە هەرچی گەڕان هەواڵێک لە کەرەکە نەبوو، ئەو ڕاوێژکارەی کە دەیگوت کەرەکەی دیوە، ڕووی دە هاوکاری خۆی کرد و گوتی: «گوێ بگرە هاوڕێ، فێڵێکم دیوەتەوە کە بەهۆی ئەو دەتوانین کەرەکەت نە تەنیا لە ناو مێشەدا، بەڵکو ئەگەر چووبێتە بنەبانی زەوییش بدۆزینەوە. من زۆر باش دەزانم بزەڕێنم و تۆش ئەگەر هێندێک لەو هونەرە بزانی یەقین بزانە کە کار جێبەجێ دەبێ.» ئەوی تر گوتی: «هاوڕێ دەڵێی هێندێک؟ سەیرە! بڕوام پێ بکە لەو هونەرە هیچ کەس، تەنانەت خودی کەرەکانیش بەمن ناگەن!» ڕاوێژکاری دووەم گوتی: «با بزانین، بڕیاری من ئەوەیە من بەلایەکداو تۆ بەلایەکی تردا وەڕێ دەکەوین و مێشەکە دەور لێ دەدەین. دەگەڵ ڕۆیشتندا جاروبار تۆ بزەڕێنە و جارجاریش من و ئەگەر ئەو کەرە ئێستاش دەو مێشەدا بێ مومکین نییە، جوابمان نەداتەوە.» خاوەن کەر گوتی: «هاوڕێی خۆشەویست، ئەلحەق کە نەخشەکەت بێوێنەیە و لە زانایی و زیتی و وشیاریی تۆ دەکاڵێتەوە.» دەسبەجێ ئەو دوو کەسە لە یەک جوێ بوونەوەو هەر کامیان بەلایەکدا کەوتنە ڕێ؛ پاشان هەردووک لە یەک ئان و ساتدا دەستیان کرد بەزەڕەزەڕ و چون هەردووک فریوی زەڕەزەڕی ئەوی تری خواردبوو گەڕانەوە لای یەک و لایان وابوو کە کەرەکەیان دۆزیوەتەوە. خاوەن کەر کاتێک هاوکاری خۆی دیت گوتی: «هاوڕێ، یانی دەکرێ ئەو زەڕەزەڕەی بیستم هی کەرەکەم نەبێ؟» ئەوی تر گوتی: «نەخێر دەنگی من بوو.» یەکەمی گوتی: «باشە هاوڕێ، من تەسدیق دەکەم کە لە لانی زەڕەزەڕەوە بەهیچ کلۆجێک لە نێوان تۆ و کەردا جیاوازی نییە، چون من بەعومری خۆم نە دیتوومە و نە بیستوومە کە کەسێک بەو بارستایە وێکچوونە، لاسای زەڕینی کەر بکاتەوە.» ڕاوێژکاری زەڕیو گوتی: «هاوڕێ، بێ تەعاروف و بێ گەزافە و پێهەلاگوتن خۆت زۆرتر لە من لایقی ئەو تاریف و پەسن(*)

کردنەی. سوێندم بەخودای مەزن کە منی ئافەریدە کردووە تۆ لە هەموو زەڕەزەڕکەرانی دنیا دوو پلە سەرتری. دەنگی تۆ بڵند و بۆڕ و بەهێزە و مەودای هەر ئاهەنگێکی زەڕین بەئەندازەی سروشتیی خۆی ڕادەگری و خاڵی ڕاوەستان و بێدەنگ بوونیشت زۆر و بەئەژمارە. کەوابوو من ئیقرار دەکەم لە بەرامبەر تۆدا بەزیوم و نەخلی سەرکەوتن و بردنەوە لەم کیبەرکێ و هونەرە بەرزەدا پێشکەش بەتۆ دەکەم.» خاوەن کەر گوتی: «زۆر باشە هاوڕێ، من لەمەو پاش قەدر و قیمەتی خۆم زۆرتر دەزانم و یەقین دەکەم دە زاتی مندا هونەرێک شاردراوەتەوە. ڕاستییەکەی من خۆم پێم زانیبوو کە زەڕەزەڕ بزانم بەڵام هەرگیز پێم وانەبوو بەو جۆرەی کە تۆ پێم هەڵادەڵێی بیزانم.» دووەمی گوتی: «ئەم نوکتەیەش بەعەرزەکانی خۆمەوە دەلکێنم کە لە دنیادا بەهرەی شاراوە زۆرن، بەڵام خاوەنەکانیان ناتوانن ئەو جۆرەی دەبێ لە جەوهەری بەهرەی خۆیان کەڵک وەربگرن.» خاوەن کەر گوتی: «بەڵام ئەو بەهرە و هونەرەی من و تۆ بێجگە لە جارێکی وەک ئەم جار کە بۆمان هاتووەتە پێش، بەکاری چی تر نایە. دیسانیش جێگەی شوکرە کە سەرەنجام بەکار هات.» پاش ئەم وتووێژە دیسان ئەو دوو هاوکارە لێک جودا بوونەوە و دەستیان کردەوە بەزەڕەزەڕ، بەڵام هەر جارەی چەند هەنگاوێک نەدەڕۆیشتن کە دەگەڕانەوە لای یەک و ئەو کارە ئەوەندە دووپات بووەوە کە سەرەنجام تێ گەیشتن کە ئەم زەڕەزەڕە لە خۆیانەوەیە نەک لە کەرەکە. بەڵێ جا، ئەم دوو هاوڕێیە لە کاتێکدا هەر جار دەنگی زەڕینی خۆیان بەرز دەکردەوە تەواوی ئەو مێشەیە گەڕان، بەڵام کەر نە جوابی داوە و نە شوێنیان دۆزییەوە، ئەو بەستەزمەنە چۆن دەیتوانی جوابیان بداتەوە، چون هەردووک هەواڵ بەسەر کەلاکەکەیدا کەوتن کە گورگ هەڵدڕ هەڵدڕی کردبوو. کاتێک خاوەن کەر ئەو دیمەنەی چاو پێ کەوت گوتی: «بەڕاستی پێم سەیر بوو کەرەکەم جواب ناداتەوە، چون بێجگە لە حاڵەتی مردوویيدا دە هەر حاڵێکدا بایە کاتێک دەنگی ئێمەی بیستبا، جوابی هەر دەدایەوە. بەڵام هاوڕێ ئێستا کە من وەستایی و لێهاتوویی ئێوەم دە زەڕەزەڕدا تا ئەو ڕادەیە گوێ لێ بوو ئیقرار دەکەم کە وەختەکەمان لەو بەدوای کەر گەڕانەدا بێهوودە بەفیڕۆ نەداوە و هەر چەند کەرم گورگ خواردوویە، بەڵام ئەوەندە خۆشحاڵم کە دەڵێی دیتوومەتەوە.» ئەوی تر گوتی: «هاوکاری عەزیزم، ئەم بابەتە لەمەڕ هەر دووکمان، ڕاستە و بەڕاستی شەندە لە مەندەی(*) کەمتر نییە.»

پاش ئەوە، هەر دووک هەواڵ، غەمگین و خەمۆک گەڕانەوە گوند و بەوردی باسی ڕووداوی ون بوونی کەر و بەدوادا گەڕانەکەیان بۆ دەر و جیران گێڕاوەو هەر کام وێڕای گێڕانەوە، لە





تاریفی زەڕاندنی خۆیاندا بەهەراوی قسەیان کرد. ئەم هەواڵە لە گوندەکانی دەوروبەریشدا بڵاو بووەوەو بەوردی بەگوێی هەموو کەس گەیشت. جا شەیتان کە هەرگیز خەو لە چاوی ناکەوێ و هەمیشە بەدوای شەڕ و هەرادادەگەڕێ و تۆمی جودایی و لێکهەڵبڕان و شەڕ و مەعرەکە دەچێنێ، ئەوجاریش هەر ئەو کارەی کرد و هەر کات خەڵکی گوندەکانی تر بەلاماندا تێ دەپەڕن، دەست دەکەن بەزەڕەزەڕ و بەم جۆرە داستانی زەڕەزەڕی ڕاوێژکارانی شارەوانیمان وەبیر دێننەوە. گەدە و گودەش(*) ئێستا خۆیان تێ هەڵقوتاندووە و ئەوەش سەد جار لەوە خراپترە کە تەواوی شەیتانەکانی دۆزەخ بێنە ناو ئەم مەعرەکە؛ کورتی ببڕمەوە داستانی زەڕەزەڕی کەر گوند بەگوند ڕۆیشتووە و خاس و عام لێی ئاگەدارن و خەڵکی گوندی ڕاوێژکارانی زەڕەزەڕی کەر بوونەتە گای نێوچاوان سپی(*) و هەر وەک ڕەش پێستەکان لە نێو سپی پێستەکاندا زەق و بەر چاون، ئەوانیش لە نێو هەموو کەسدا ناسراون. دواهاتەکانی(*) ئەم گاڵتەجاڕییە ڕشقەنە بووەتە شتێکی داگر و زۆر جار وای لێ هاتووە خەڵکی ئەو گوندە ئیهانە پێ کراوە، ڕاپەڕیون و فەوج و دەستەیان پێکهێناوە و چەکدارانە دەگەڵیان بەشەڕ هاتوون و هیچ شتێک نە شەرم و نە حەیا و نە قانوون و نە پادشا نەیانتوانیوە پێش بەوانە بگرن. من وای تێ دەگەم سبەی یا دوو سبەی خەڵکی گوندی من یانی گوندی ڕاوێژکارانی زەڕەزەڕکەر، دەگەڵ خەڵکی گوندێک لە دوو فەرسەخیی گوندی خۆمان شەڕ و پێکدادانمان هەبێ، چون زۆرمان گاڵتە پێ دەکەن و هەراسانیان کردووین. من ئەم چەکوچۆڵ و نێزە و تەوەرزینانەم بۆ چەکدار کردنی هاو ماڵەکانم کڕیوە. بەڵێ جا ئەوە بوو ئەو شتە سەیرانەی دەمویست بۆ بەڕێزتانی باس بکەم و ئەگەر بەلاتانەوە سەیریش نییە، بەداخەوە هیچی ترم بەلاوە نییە بیگێڕمەوە.» وە بەمجۆرە کابرای سادە دڵ حەکایەتی خۆی کۆتایی پێ هێنا.

لەو کاتەدا پیاوێک لەبەر دەرگای کاروانسەرا دەرکەوت کە لە گۆرەوییەکانیڕا بگرە تا دەگاتە کولەجە و شەڵوارەکەی هەموویان لە پێستی بزن دروست کرابوون، تازە هاتوو بەدەنگی بڵند گوتی: «ئاغای کاروانسەرادار، ئایا جێگەیەک بۆ مانەوەی شەوی ئێمە هەیە؟ هەر ئێستا مەیموونی غەیبزان و دەستەی شانۆی نەجاتی «مێلیزاندر» Melisander دەگەنە جێ.» کاروانسەرادار شاد و خۆشحاڵ گوتی: «ئەی گیان! ئێستاکانە کە مامۆستا «پییەر» Pierre هات یەقینم هەیە کە شەوێکی خۆش ڕادەبوێرین.». من لە بیرم چوو کە بڵێم مامۆستا پییەر، چاوێکی خێل و نیوێک لە دەم و چاوی هەمیشە دە ژێر نیقابێکی سەوزدا شاراوەتەوەو ئەوەش مانای ئەوەیە کە نیوەی ڕوخساری عەیبدارە. کاروانسەرادار قسەکەی

درێژە پێ دا و گوتی: «بەهبەه مامۆستا پییەر خۆش هاتی سەرچاوان. پێلاوت لەسەر سەرم! ئەدی مەیموون و داوودەزگای شانۆگەرییەکەت کوان؟ من کە هیچ نابینم.» کابرای پێستە بزن لەبەر، گوتی: «ئەوانیش هەر ئێستا دەگەنە جێ، من هێندێک زووتر هاتم، بزانم جێگەتان هەیە یا خێر.» کاروانسەرادار گوتی: «فەرمایش دەفەرمووی! من لە خودی «دووکدالْبیش» ئەگەر جێگەم نەبووایە وەتاغم دەستاندەوە تا بیدەم بەوەستا پییەر. دەزگای شانۆگەری و مەیموونەکەت بێنە! ئەمشەو کەسانێک لە کاروانسەرا میوانن کە بۆ تەماشای شانۆ و دیتنی هونەرنوێنییەکانی مەیموونی تۆ پووڵی باش خەرج دەکەن.» کابرای نیقابدار گوتی: «بەسەر چاوان، هەر ئێستا داوودەزگاکەم دێنم و لە قیمەتی شانۆگەرییەکەش بۆتان دادەشکێنم و هەر خەرجی ئەوشۆم بۆ دەربێ، بەزیاد بێ، چی ترم ناوێ، وا ئێستا دەڕۆم پێیان دەڵێم پەلە بکەن و عارەبەی هەڵگری مەیموون و دەزگای نومایشت توندتر بگەیەننە ئێرە.» ئەوەی گوت و لە کاروانسەرا وەدەر کەوت.

دۆن کیشۆت هەر کە کابرا وەدەر کەوت لە کاروانسەراداری پرسی ئەم مامۆستا پییەرە کێیە و مەسەلەی مەیموون و دەزگای شانۆگەری کە دەگەڵ خۆی هێناویەتی لە چ قەرارە. کاروانسەرادار گوتی: «ئەم پیاوە تەردەس[*] بازێکی بەناوبانگە کە لەم دواییانەدا بەناوچەی «مانش ئاڕاکۆن»دا دەخولێتەوە و داستانی ڕزگار کردنی «ملیزاندر» بەدەست «گایفرۆس» Gaiferos کە یەکێکە لە باشترین داستانەکان و تا ئێستا لەم بەشەی وڵاتدا هیچ داستانێک بەو جوانییە نەچووەتە سەر شانۆ بەتەڕدەس بازی نیشانی دەدا. ئەو پیاوە مەیموونێکیش دەگەڵ خۆی دەگێڕێ کە تا ئەمڕۆ هیچ کەس گیانلەبەری ئاوا بەهۆش و تەڕدەستی لە نێو مەیموونەکان نەدیتووە و لە نێو مرۆڤەکانیشدا شتی وا هەر نەبینراوە. کاتێک پرسیاری لێ دەکەن زۆر بەسەرنجەوە گوێ دەداتێ و جوابی پرسیارەکە دەداتەوە و مامۆستا پییەریش دەسبەجێ جوابەکەی ئەو بەدەنگی بڵیند ڕادەگەیەنێ و ئەم مەیموونە باسی ڕابردوو زۆرتر لە داهاتوو دەکا و هەرچەند جوابی هەموو پرسیارەکان بەدروستی ناداتەوە، بەڵام ئەغڵەب دروست دەڵێ و ئەوەندە سەیرە پیاو پێی وایە شەیتان چووەتە ناو کڵێشەیەوە. لە بەرامبەر هەر پرسیارێکدا دەبێ دوو ڕێئال پووڵ بدەی بەو مەرجەی مەیموون جواب بداتەوە... ببوورن، یانی خاوەنەکەی پاش ئەوەی مەیموون سەری بردە بن گوێی لە جیات ئەو جواب بداتەوە. بەمجۆرە خەڵک وا تێ دەگەن ئەم مامۆستا پییەرە زۆر دەوڵەمەندە. ئەو پیاوە بەواتەی ئیتالیاییەکان پیاوێکی مەجلیس خۆش و هاوڕێیەکی میهرەبان و دڵسۆزە و هەمیشە باشترین ژیانی دنیای هەیە، زۆر قسە دەکا و شەڕاب زۆر





دەخواتەوە و بۆ ئەم بابەتە قەرزباری زبان پاراویی خۆی و مەیموونە بەهۆشەکەی و داوودەزگای شانۆگەرییەکەیەتی.

لەو ساتەدا مامۆستا پییەر بەعارەبەی داوودەزگای شانۆگەری و مەیموونەکەیەوە گەڕاوە؛ مەیموونەکەی لەو مەیموونە گەورە بێ کلکانە بوو کە قوونی وەک لباد دەچوو. (بەکوردی قوون سووریان پێ دەڵێن) بەڵام دەم و چاوی نیشانی دەدا کە یانی[*] گر و بەدفەڕ نییە. دۆن کیشۆت هەر کە مەیموونەکەی چاو پێ کەوت لێی پرسی: «باشە جەنابی مەیموون فەرموو بزانم ئێمە چیمان بەسەر دێ؟ ئەوەش دوو ڕێئالەکەت.» وە دەسبەجێ بەسانکۆپانزای ئەمر کرد پارەکە بدا بەمامۆستا پییەر. مامۆستا پییەر بەجێی مەیموون جوابی داوە: «قوربان ئەم حەیوانە ناتوانێ باسی داهاتوو بکا و لەمەڕ ڕابردووشەوە زۆر نازانی، بەڵام لەمەڕ ئێستا و حاڵی حازر زۆر شت دەزانێ.» سانکۆپانزا هاواری لێ بڵیند بوو: «بەه! ماشەڵڵا! بەو خودایە من حازر نیم بۆ بیستنی بەسەرهاتی خۆم دینارێکیش بدەم! ئاخر چ کەسێک بەسەرهاتی من لە خۆم باشتر دەزانێ؟ پووڵ خەرج کردن بۆ شتێکی کە من خۆم لە هەموو کەسی باشتر دەزانم کەریەتییەکی تەواوە. بەڵام چون گوتت ئەم مەیموونە شتی لەمەڕ ئێستا دەزانێ، فەرموو ئەوە دوو ڕێئالی من، جا جەنابی مەیموون فەرموو بزانم ئێستا خێزانی من ترێز پانزا خەریکی چ کارێکە؟» مامۆستا پییەر پووڵەکەی وەرنەگرت و گوتی: «من دە پێشدا پووڵ وەرناگرم و تا ئەرکی خۆم ئەنجام نەدەم، حەقەکەی ناستێنم.» ئەوەی گوت و بەدەستی ڕاست دوو زەبری لە شانی چەپی خۆی دا. مەیموون بەیەک هەڵبەز خۆی هاویشتە سەر شانی چەپی مامۆستا و زاری بردە بن گوێی و پاشان لێوەکانی کردەوە و چەند جار ددانی پێک دادا. پاش ئەوەی ئەدا و ئەتواری مەیموون بەئەندازەی خوێندنەوەی دوعایەکی کورت درێژەی پەیدا کرد، بەقەڵەمبازێک خۆی فڕێ دا خوارەوە. ئەودەم مامۆستا پییەر بەپەلە خۆی گەیاندە لای دۆن کیشۆت و لە بەرامبەریدا کەوتە سەر ئەژنۆ و گوتی: «ئاخ ئەی زیندووکەرەوەی ئاینی لە بیر کراوی پاڵەوانانی سەرگەردان، ئەی دۆن کیشۆت پاڵەوانی ناوداری مانش کە هەرگیز کەس نەیتوانیوە ئەو جۆرەی شانت هەڵیدەگرێ باسی تۆ بکا، ئەی پەناگەی داماوان، ئەی پاڵپشتی ئەو بێ دەرەتانانەی خەریکن دەکەون، ئەی پشتیوانی تێکشکاوان و ئەی مایەی هاتنەوە سەرخۆی دڵی بێ ئەنوایان، من ئێستا قاچە بەتواناکانی تۆ دە ئامێز دەگرم، کە هەر دەڵێی ئەستوونەکانی هێرکوولم دە باوەش گرتووە!»

دۆن کیشۆت گێژ و وڕ، سانکۆ سەرسام و ئامۆزا غەرقی ئافەرین و تەحسین بوون،

نۆکەریش لە ترسان لەسەر جێگەی خۆی وشک هەڵاتبوو. کاروانسەرادار بێ جووڵە و زاری کابرای کە داستانی زەڕەزەڕی گێڕابووەوە، بوو بەتەڵەی تەقیو و هەروەها مووی سەر و ڕیشی تەواوی ئەوانەی کە قسەکانی تەڕدەسبازیان گوێ لێ بوو، ڕاست بووەوە. کابرا بێ ئەوەی دەستوپێی خۆی لێ ون بێ، قسەکانی بەم جۆرە درێژە پێ دا: «وە تۆ ئەی سانکۆپانزا، ئەی باشترین مەیتەری گەورەترین پاڵەوانی دنیا، شاد بەو غەمت نەبێ کە ترێز پانزا ساغ و سلامەتە و هەر ئێستا خەریکی خاوێن کردنەوەی «لیور»ێک شادانەیە، نیشان بەو نیشانەی کە لە لای چەپی گۆزەیەکی لێو پەڕیو هەیە کە یەک «پێنت» شەڕابی زۆر باشی تێدایە و ترێز جاروبار بۆ دەرکردنی ماندوویێتی بڕێکی لێ دەخواتەوە و ئەم شەڕابەخۆشە یار و هاوڕێی ئەوە تا کارەکەی تەواو دەکا.» سانکۆ گوتی: «ئاخ! بەڕاستی ئەوجار زانیم ڕاست دەکەی چون ترێز ژنێکی زۆر خۆشگوزەرانە و ئەگەر حەسوود نەبووایە من حازر نەدەبووم ئەوی تەنانەت دەگەڵ دێڵە دێوێکی وەک ئاناندۆناش[۳۹۲] کە بەگوتەی ئەربابەکەم کەیبانوویەکی زۆر زانا و لێهاتوو بووە، ئاڵوگۆڕ پێ بکەم. خێزانم ترێز لەو ژنانەیە کە بەخۆیان ڕادەگەن و لە بەشە میراتی خۆشیان بێ ناهێڵن دە ژیاندا کەموکوڕییان هەبێ.» دۆن کیشۆت هاواری کرد: «دیسان دووپاتی دەکەمەوە کە هەر کەس زۆر کتێب وەخوێنێ و سەفەر بکا، زۆر شتان فێر دەبێ و زۆر شتان دەبینێ. ئاخر پێش ئێستا کێ دەیتوانی پێم بسەلمێنێ کە مەیموونی غەیبزان هەیە؟ کە چی ئەوەتا ئێستا بەبەر چاوی خۆمەوە دەیبینم. بەڵێ ئەم مەیموونە غەیب دەزانێ، چون من هەمان دۆن کیشۆتم کە ئەو ناوی برد، بەڵام هێندێک زۆری پێوە نا و زۆری بەشان و باڵم هەڵگوت. بەڵام من هەرچی بم شوکری خودا دەکەم کە خولق و خووی نەرمی پێ داوم و وای دروست کردووم کە دەمەوێ چاکە دەگەڵ هەموو کەس بکەم و ئازارم بەمێرووولەش نەگا.» لاوی نۆکەر گوتی: «ئەگەر پووڵم بووایە دەمدا بەو مەیموونە بۆ ئەوەی بزانم لەو سەفەرەدا چم بەسەر دێ.» مامۆستا پییەر گوتی ئەم بەستەزمانە ناتوانێ باسی داهاتوو بکا، ئەگەر بیتوانیبایە، بێ پووڵیی تۆ ئەوەندە گرینگ نەبوو، چون من لێرە دە خزمەت دۆن کیشۆتدا هیچ شتێکم بۆ خۆم ناوێ و سەرم دە ڕێی دایە. ئێستا بۆ خۆشی ئەو گەورەوارە دەمەوێ داوودەزگای تەڕدەسبازی بخەمە گەڕ و تەواوی ئەوانەی لێرە دەخزمەتیان دام، بەخۆڕایی سەرگەرم بکەم.» بەبیستنی ئەو قسانە کاروانسەرادار لە خۆشیان هەر شینگڵی[*] لە خۆی دەدا و

۳۹۲– ئاناندۆنا Anandona دێڵە دێوێک بوو کە دەیویست بە نێزەی خۆی پاڵەوانی ناودار ئامادیسی گۆڵ بکوژێ و گاندالین Gandalin مەیتەری ئامادیس سەری بڕی. (مۆریس باردۆن)







جێگەیەکی باشی بۆ بەرنامەی پییەر دیاری دەکرد. وەها کە زۆر زوو داوودەزگا ئامادەکرا.

دۆن کیشۆت لەو غەیب گوتنەی مەیموون ڕازی نەبوو. چون بەبڕوای ئەو نەدەکرا مەیموونێک هەموو شت لەمەڕ ئێستا بزانێ، بەڵام نەتوانێ لە ڕابردوو یا داهاتوو هەواڵێک بدا؛ لەبەرئەوە لەو کاتەدا کە مامۆستا پییەر خەریکی دامەزراندنێ داوودەزگای شانۆگەری بوو، دەگەڵ سانکۆ ڕۆیشتنە قوژبنێکی تەویلە و لەوێ بێ ئەوەی کەس گوێی لە قسەکانیان بێ، بەمەیتەری خۆی گوت: «گوێ بگرە سانکۆ، من لە هۆش و بەهرەی ئەم مەیموونەدا بەتەواوی ورد بوومەوە و لێکم داوەتەوە و ئەوەی بەفکرم دەگا ئەوەیە کە ئەو مامۆستا پییەرەی خاوەن ئەم مەیموونە، دەبێ عەهد و پەیمانێکی تەواوی دەگەڵ شەیتان بەستبێ.» سانکۆ گوتی: «یانی خاوەن مەیموون دەگەڵ شەیتان پەیمانە هەڵدەگرن و دەخۆنەوە؟» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ، تۆ دیارە لە قسەکەم حاڵی نەبووی. مەبەستم ئەوەیە کە مامۆستا پییەر دەگەڵ شەیتان قەراری داناوە کە شەیتان ئەم هۆش و بەهرەیە بخاتە ناو مێشکی ئەم مەیموونەوە تا مامۆستا پییەر لەم ڕێگەوە بتوانێ بەڕێ بچێ و ئەویش کاتێک دەوڵەمەند بوو، لە دنیادا بەخۆشی و دەوڵەمەندی ژیا و هاتە سەر مردن، ڕۆحی خۆی بدا بەشەیتان؛ وە ئەوە ئامانج و مەبەستێکە کە ئەو مەلعوونە، ئەو دوژمنی بەرەی مرۆڤە هەموو کات بەدوایدا هەڵدێ. شتێکی کە من لەم بۆچوونەدا پتەوتر دەکا ئەوەیە کە دەبینم مەیموون تەنیا ڕووداوی ئێستا و ڕابردوو دەزانێ کە زانست و ئاگاییی شەیتانیش لەوە زۆرتر بڕ ناکا. شەیتان لە کاروباری داهاتوو مەگەر بەشێوەی مەزەندەکردن و گومان، ئەویش زۆر بەدەگمەن، ئاگایی نییە و ئاگایی لە زەمانە جۆراوجۆرەکانی حاڵ و ئایندە و ڕابردوو تەنیا بۆ خودا دەست دەدا. کەوابوو زۆر ئاشکرایە کە ئەم مەیموونە ناتوانێ هیچ بلێ مەگەر بەیارمەتیی شەیتان و من سەرم لەوە سوڕماوە چۆنە تا ئێستا نەیانبردۆتە بەر مێزی عەداڵەتی دیوانی »سێنت ئۆفیس« و مەحاکەمەی بکەن تا بەو بابەتە گرینگە ڕابگەن و ڕوونی بکەنەوە کە ئەم مەیموونە بەهێزی کام فەزیلەت دەتوانێ لە غەیب قسە بکا. من بێ شک و گومان دەزانم کە ئەم مەیموونە ئەستێرەناس نییە و دەگەڵ خاوەنەکەی هیچ کامیان لە توستورلاب و شکڵ و بورجە فەلەکییەکان سەر دەر ناهێنن و تێناگەن، هەر چەند ئەمڕۆ لە ئیسپانیادا وای لێ هاتووە کە هەر پینەچی و دەڵقەکێک و کەرلەوەڕێن و هەتیو مەتیوی ڕیش نەهاتووی بەڕەڵلا دەڵێن کە دەتوانن وەک ئاو خواردنەوە شکڵە فەلەکییەکان بکێشن و لەمەڕ ڕەمڵ و ئوستوڕلاب ڕا دەرببڕن، وە بەڕاستی کە ئەم دەستەیە بەدرۆ و دەلەسەکانی خۆیان ڕاستییەکانی زانست و لایەنە جۆراوجۆرەکانی زانیارییان لە ناو بردووە. من

خاتوونێک دەناسم کە لە یەکێک لەو ئەستێرە ناسە درۆزنانەی ویست تا لە ڕووی ڕەمڵ و ئوستورلاب بۆی ڕوون کاتەوە ئایا دێڵە سەگەکەی ئاوس دەبێ و دەزێ و چەند تووڵەی دەبێ و ڕەنگی تووڵەکان چ دەبێ. جەنابی ئەستێرەناس پاش ئەوەی ڕەملّی هاویشت، جوابی داوە کە بەڵێ سەگەکەی خاتوون ئاوس دەبێ، سێ تووڵەی جوان دەزێ کە یەکیان سەوز و ئەوی تر سوور و سێیەمیش ڕەنگاوڕەنگ دەبێ، بەو مەرجەی ڕۆژی ترەکینی سەگەکە شەممە یا دووشەممە و سەعاتی ترەکینەکەش نێوان یازدە و دوازدەی شەو یا ڕۆژ بێ، کەچی وا کەوتەوە کە پاش سێ ڕۆژان سەگ تۆپی. ناوبانگی جەنابی غەیب وێژیش وەک هەموو هاوکارەکانی لەو شوێنەدا مایەوە.» سانکۆ گوتی: «بەو حاڵەشەوە پێم خۆشە جەنابت لە مامۆستا پییەرت بوێ لە مەیموونەکەی بپرسێ ئایا ئەو شتانە لە غاری مۆنتەزینووسدا بەسەرتان هات، ڕاستە یا ڕاست نییە. چون بەبڕوای من ئەگەر جەنابت بەدڵێ نەگری، تەواوی ئەو داستانە لاف و گەزاف و درۆ، یا لانی کەم خەون و خەیاڵ بوو.» دۆن کیشۆت گوتی: «ئەڵبەت، هەموو شتێک مومکینە، وە هەر چەند ئاکامی ئەو کارە بۆ منیش ببێتە هۆی شک و گومان، بەڵام بەقسەت دەکەم.»

قسەی دۆن کیشۆت و سانکۆ گەیشتبووە ئێرانە کە مامۆستا پییەر هاتە لای پاڵەوان تا پێی بڵێ کە بەزمی تەڕدەسبازی ئامادەیە و تکای لێ بکا کە بۆ دیتنی شانۆ تەشریف بێنێ و زۆریش بەجەختەوە گوتی کە ئەو شانۆگەرییە زۆر خۆش و سەرنجڕاکێشە. دۆن کیشۆت ئەوەی لە دڵیدا بوو پێی گوت و تکای لێ کرد تا بێ درەنگی کردن لە مەیموونەکەی بپرسێ، ئایا ڕووداوەکانی غاری مۆنتەزینووس کە بەسەر پاڵەوان هاتوون ڕاستن یا خەون و خەیاڵن، چون دۆن کیشۆت خۆی وای بۆ دەچێ کە بەرهەمی هەم ڕاستی و هەم خەیاڵ بوون. مامۆستا پییەر بۆ ئەوەی قسەیەک بکا ڕۆیشتە سۆراغی مەیموونەکەی و پاشان لە بەرامبەر پاڵەوان و سانکۆ ڕاوەستاو بەحەیوانەکەی گوت: «باشە جەنابی مەیموونی بەڕێز، سەرنج بدە، ئەم گەورەوارە دەیەوێ بزانێ ئەوەی لە یەکێک لە غارەکاندا بەناوی غاری مۆنتەزینووس بەسەری هاتووە، ڕاستە یا درۆ؟» پاشان نیشانی ئاساییی خۆی بەمەیموون نیشان دا؛ مەیموونیش خۆی هاویشتە سەر شانی چەپی و وای نواند کە خەریکە شتێک بەخاوەنی خۆی دەڵێ. وە مامۆستا پییەر ساتێک دواتر گوتی: «مەیموون دەڵێ ئەوەی لەو غارەدا بەڕێزتان دیتووتانە یا کردووتانە هێندێکیان درۆن و دژی ڕاستین و بەشێکیشی دەگەڵ واقیع جور نایەنەوە و دەگەڵ عەقڵ یەک ناگرنەوە. ئەوەش بزانن کە مەیموونەکەم لەوە پتر هیچ نازانێ و لە جوابی ئەو پرسیارەدا هەر ئەوەندەی پێ بوو کە عەرزم کردن.





بەڵام ئەگەر بەڕێزتان ئاگادارییی زیاترتان دەوێ، ڕۆژی هەینیی داهاتوو وەرنەوە، ئەو دەم هەرچی بپرسن ئەو مەیموونە جوابتان دەداتەوە؛ ئێستا توانای غەیب گوتن لەو بەستەزمانە دوور کەوتووەتەوە و تا ڕۆژی هەینی وەک خۆی لێ نایەتەوە.» سانکۆ گوتی: «ها، مەگەر من نەمگوت نیوەی ئەم ڕووداوانەی بەسەرتان هاتووە ڕاست نییە؟» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ، داهاتوو دروستیی قسەکانی من ڕوون دەکاتەوە چون تێپەڕ بوونی زەمان پەردە لەسەر ڕاز و نهێنییەکان هەڵدەداتەوە و هەرگیز ناهێڵێ ڕاستی، ئەگەر دە بن عەرزیشدا بێ، بەشاراوەیی بمێنێتەوە. بەهەرحاڵ جارێ با لەو باسە بگەڕێین؛ با بڕۆین بزانین مامۆستا پییەر چمان نیشان دەدا. من پێم وایە لەو شانۆگەرییەدا دەبێ شتی سەیروسەمەرە هەبێ.» مامۆستا پییەر گوتی: «چۆن؟ ئەوە چ فەرمایشتێکە؟ لەو نومایەشتەدا یەک شتی سەیر، کە ئاسانە بەڵکو شەست هەزار شتی سەیروسەمەرەتان نیشان دەدەم. من بەسەروەری بەڕێزی پایەبەرز، دۆن کیشۆتی مانش، عەرز دەکەم کە ئەم شانۆگەرییە لە تەواوی ئەو شتانەی ئەمڕۆ لە جیهاندا هەیە، تەماشاییترە. زووتر با بچین دەس بەکار بین! کات کەمەو ئێمە دەبێ زۆر کاران بکەین و زۆر شتان بێژین و زۆر شتانیش نیشان بدەین.»

دۆن کیشۆت و سانکۆ کە دەعوەتی مامۆستا پییەریان قبووڵ کردبوو، چوونە ئەو شوێنە کە داوودەزگای تەڕدەسبازانی لێ بەرپا کرابوو و دیتیان کە دەزگای شانۆ بەشەمی هەڵکراوی زۆر زینەتدارەوە و ڕووناکی ئەو شەمانە، جەلال و شکۆیەی بێوێنەیان داوە بەو داوودەزگایە. مامۆستا پییەر لە پشت دەزگای شانۆگەری، خۆی شاردەوە، چون هەر ئەو بوو کە بی بی جان خانمەکانی(*) وەگەڕ دەخست، بەڵام لە دەرەوەی داوودەزگا، کوڕێک ڕاوەستا کە شاگردی مامۆستا پییەر بوو. ئەو کوڕە دەبووایە ئەوەی دەگوترێ تەرجەمەی بکا و خاڵە دژوار و ڕەقەکانی شانۆکە لێک داتەوە و شەرحیان بکا. ئەم لاوە دارێکی باریکی بەدەستەوە بوو کە بەو دارە بی بی جانەکانی کە دەهاتنە سەر شانۆ، دەیناساندن. بەڵێ جا کاتێک هەموو دانیشتوانی کاروانسەرا لە بەرامبەر دەزگای تەڕدەسبازیدا جێگر بوون و هێندێکیش بەپێوە ڕاوەستان و دۆن کیشۆت و سانکۆ و نۆکەری لاو و ئامۆزا باشترین جێگەیان پێ درا، وەرگێڕ دەستی بەقسە کرد و زۆر بابەتی باس کرد کە هەر کەس بەشی داهاتوو بخوێنێتەوە یا ببیسێ، تێ دەگا، چ گوترا و چ کرا.

## ٢٦

## درێژەی داستانی شیرینی تەڕدەسباز و لەمەڕ زۆر بابەتی زۆر باش

«تیری»یان و «ترۆوایی»یان هەموو کڕوکپ ڕاوەستان.[٣٩٣] یانی تەواوی ئەوانەی کە چاویان دە داوودەزگای شانۆ بڕیبوو، وەها بەمەیل و شەوقەوە تەماشایان دەکرد کە بەواتەی مەشهوور یەکجاری چوو بوون دەزاری وەرگێڕەوە؛ لەو چرکەساتەدا لە نەکاو دەنگی تەپڵ و زیقەی شەیپوور و گرمەی تۆپ بەگوێ گەیشت و ساتێک دواتر هەموو دەنگێک بوو بەبێدەنگی. ئەودەم کوڕی وەرگێڕ دەنگی ناسکی خۆی بەرز کردەوە و گوتی: «ئەم داستانە ڕاستینە کە ئێستا لە بەرامبەر ئێوەی بەڕێزدا دێتە سەر شانۆ، واژە بەواژە لە سەرچاوە مێژووییەکانی فەڕەنسەوی و تەرانە و مەقامی ئیسپانیایی وەرگیراوە کە هێشتاش لەسەر زاری هەموو کەسەو منالانی کۆڵان و شەقام دەیلێنەوە. بابەتی داستانەکە ئەوەیە کە «ستێوردەن گایفرۆس» ژنی خۆی بەناوی «ملێزاندر» کە لە ئیسپانیا و شاری «سانسائونا»دا بەدەست عەرەبەکانی مەغریبی بەدیل گیراوە، ڕزگار دەکا. سانسائونا نێوی قەدیمی ی ئەو شارەیە و هەر ئەوەیە کە ئێستا پێی دەڵێن «ساراگووس». ئێستا بڕوانن کە چۆن دۆن دیەگۆ گایفرۆس بەپێی ئەو باسەی کە لە ئاوازەکاندا لەسەری کراوە، تەختە نەرد دەکا؛ ئاوازەکە دەڵێ: «نەرد کایە دەکا، دۆن گایفرۆس و ملیزاندری لە بیر کردووە.» ئەو کایەرەی کە لەوێ دەیبینن و تاجێکی لەسەر و عەسایەکی زێڕکفتی بەدەستەوەیە، شارلێمانی ئیمپراتۆری فەڕەنسە و زڕباوکی خاتوون ملێزاندرە و چون لە بێ هەستی و تەوەزەلی و سستیی زاوای خۆی تووڕەیە خەریکە دێ تا ئەو لۆمە بکا. تەماشا کەن کە ئیمپراتۆر بەچ تووڕەیی و گۆڕانێکەوە هێرشی بۆ دەبا و بەسەریدا دەگوڕێنێ، وەک بیەوێ بەوەکازەکەی سەر و شان و ملی تێک بکاتەوە و تەنانەت هێندێک لە نووسەران گوتوویانە کە ئیمپەڕاتوور ئەو کارەی کردووە و سەر و شانی بەوەکازی خۆی کوتاوە. بەکورتی پاش ئەوەی ئیمپراتۆر زۆر قسە بەزاواکەی دەڵێ و بیری دەخاتەوە کە شەڕەف و

٣٩٣– «تیری» یان «ترۆوایی» یان یانی خەڵکی شاری «تیر» و «ترۆوا» دوو شاری بەناوبانگی ئاسیای گچکەن و، ئەم رستەیەش وەرگێڕاوی شێعری یەکەم «ئەنید» شاکاری ویرژیلە. (مۆریس باردۆن)





ئابڕووی دە مەترسیدا یە، بەواتەی مێژوونووسان، سەرەنجام پێی دەڵێ کە: «من ئەوەی دەبێ پێت بڵێم، گوتم؛ تۆ خۆت ئاگاداری خۆت بە!» ئێستا تەماشا کەن کە چۆن ئیمپراتۆر ڕوو لە زاوای خۆی وەردەگێڕێ و ئەوی لە حاڵێکدا کە زۆر قینی هەڵگرتووە بەجێ دێڵێ و چۆن دۆن گایفرووس لە حاڵێکدا لەبەر تووڕەیی و غیرەت ئاوری تێ بەربووە مێز و تەختە نەرد سەرەوبن دەکا و بەپەلە داوای جلوبەرگی شەڕ دەکا و لە دۆن ڕۆلان ئامۆزای خۆی دەوێ کە شمشیری ئاودار و بێوێنەی خۆی کە ناوی «دۆڕاندڕاڵ»ی لەسەرە، بەئەمانەت بۆی بێنێ. ڕۆلان شمشیری خۆی پی نادا و پێشنیار دەکا لەو سەفەرەدا کە زۆر پڕمەترسییە، ئەویش دەگەڵ خۆی بەرێ. بەڵام گایفرۆسی ئازا و تووڕە ناچێتە ژێر باری ئەم پێشنیارە و دەڵێ ئەگەر خێزانی دە قووڵاییی عەرزیشدا بێ تەنیا خۆی دەتوانێ ڕزگاری بکا. پاشان بۆ پۆشینی جلوبەرگی شەڕ دەڕوا تا زۆر زوو ئامادە بێ و بکەوێتە ڕێ.

ئێستا لە ئامادە بووان تکا دەکەم کە ڕوو بۆ ئەم لایە وەرگێڕن و چاو لەو بورج و قەڵایە بکەن کە لەو لاوە دیارە. دەڵێن ئەوە یەکێک لە بورجە بەناوبانگەکانی کۆشکی «ئەلخەزرای» ساراگووسە کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن بورجی جەعفەریە. خاتوونێک کە لەبەر هەیوان دیارە و کراسی عەرەبیی دەبەر دایە هەمان ملێزاندری بێ هاوتایە کە هەزاران جار هاتووەتە ئەو شوێنە بەرچاوە و چاوی دە ڕێگەی فەڕەنسە بڕیوە و مەلی خەیاڵی خۆی دە فەزای پاریس و دە هەوای مێردە خۆشەویستەکەیدا هەڵفڕاندووە و بەم بیانووە دەرد و ڕەنج و پەژارەی خۆی کەمێک دامرکاندووەتەوە. ئێستا ڕووداوێکی تازە دەبینن کە ڕەنگە بەعومری خۆتان هەرگیز وێنەتان نەدیتبێ. ئایا ئێوە ئەو پیاوە عەرەبە کە بێدەنگ و ئارام دەڕوا و لە پشت سەری ملێزاندرەوە هەنگاو بەهەنگاو دێتە بەرەوە و قامکی لەسەر لێوان داناوە نابینن؟ ئاه، ببینن کە چۆن ئەو پیاوە لێوەکانی ملێزاندر ماچ دەکا و چۆن ئەو ژنە بەناموسە تف فڕێ دەداتەوە سەر ئەرز و بەقۆڵە سپییەکانی کراسەکەی دەمی خۆی و لێوەکانی خاوێن دەکاتەوە، چۆن گریان و هاوار دەست پێ دەکا و قژە جوانەکانی دەڕنێتەوە. وەک بڵێی لەم ڕۆژەڕەشی و گرفتارییەدا ئەو قژە جوانانە خەتابارن. دیسان چاو لێ کەن چۆن ئەو پیاوە بەشکۆیە عەمامە بەسەرە کە لە دالانەکانی کۆشکدا پیاسە دەکا و مورسەڵ شای پادشای سانسائونایە و بێ شەرمی و بێ حەیایی کابرای عەرەب تەماشا دەکا و باوەکوو ئەو کابرایە لە نزیکانی خۆیەتی دەسبەجێ دەستوور دەدا تا بیگرن و دووسەد زەبری تازیانەی لێ بدەن و لە کووچە و کۆڵاناندا بیگێڕن و جارچییەکان لە پێش و خزمەتکارەکان بەدوایدا هەڵبێن. دیسان لەو لایەوە چاو لێ کەن کە چۆن خزمەتکارەکان لە هەر لاوە دەردەپەرن و

دێن و دەچن تا فەرمانی پادشا دە کار بکەن، لە حاڵێکدا خەتای تاوانبار مسۆگەر نەبووە، چون لە نێو عەرەباندا ڕووبەڕوو کردنەوەی دوو لایەن و گوێ گرتن بۆ قسەی شایەدان و دادگایی کردن و دەرفەتدان بەتاوانبار کە داوای پێداچوونەوەی دادگاییەکەی بکاتەوە لە ئارادا نییە، وەک لە ناو ئێمەدا هەیە.» لێرەدا دۆن کیشۆت بەسەر کوڕە وەرگێڕەکەیدا گوڕاند کە: «کورێژگە! تۆ چیت بەو باسانە داوە! تۆ حیکایەتی خۆت بگێڕەوە و تێ پەڕە و خۆت بەقسە و باسی زیادییەوە مەشغوڵ مەکە! بۆ مسۆگەر کردنی ڕاستییەک دەلیل و بەڵگە و گوێ گرتن لە قسەی تاوانبار پێویستن.» ئەو دەم مامۆستا پییەر لە نێو داوودەزگاکەوە دەنگی بەرز کردەوە و گوتی: «ئاهای هەتیوە، لە کارێکدا کە پێوەندیی بەعالەمی تۆوە نییە، دەخالەت مەکە و هەرچی ئەو بەڕێزە دەفەرموێ بەقسەی بکە، چون ئەوە شەرتی عەقڵ و باشترین کارە. ئێستا درێژەی داستان بەدەنگ بڵێ و تێ بکۆشە لە چوارچێوەی ئاهەنگ نەچیتە دەرەوە، دەنا بەچکۆلەترین تلاسا بوون هەودای داستان دەپچڕێ.» کورێژگە گوتی: «بەسەر چاو، هەرچی بفەرمووی وا دەکەم.» وە بەمجۆرە درێژەی بەداستانەکەی دا؛

ئەو کایەرەی(*) کە بەسواریی ئەسپ لەو قوژبنە ڕاوەستاوە بەشێوەی خەڵکی گاسکۆن کەوای درێژی دەبەر دایە خودی دۆن گایفرۆسە و چاوەڕوانی هاوسەرەکەیەتی. ژنەکەشی پاش ئەوەی ئەمیر تۆڵەی بێشەرمییەکەی لە لاوی عەرەب ئەستاندەوە، ئێستا بێدەنگ و ئارامە و بەروخسارێکی شادەوە گەڕاوەتەوە شانشینی بورجەکە. ئەو دەگەڵ مێردی خۆی قسان دەکا، بەڵام نازانێ کە مێردیەتی و پێی وایە کە ڕێبوارێکە و ئەو قسانەی کە لەم ئاوازەدا هاتووە بۆ ئەو دەڵێ: «ئەی سوار! ئەگەر دەچیتە فەڕەنسە بزانە حاڵی گایفرۆس چۆنە.» وە من لەوە زیاتر قسەکانی ئەو ناگێڕمەوە، چون دەبێتە هۆی درێژ بوونەوەی داستان و ئێوە ماندوو دەکا. ئەوەندە بەسە بزانین گایفروس چۆن خۆی بەژنەکەی دەناسێنێ و لە ڕووی خۆشحاڵی و شادمانییەکی زۆرەوە کە خاتوون لە خۆی نیشان دەدا شووی خۆی ناسیوەتەوە، بەتایبەتی ئێستا کە دەبینین خاتوون خۆی لە شانشینەوە هەڵدەدێرێ تا لە پاشتەرکی مێردەکەی خۆی بگرێتەوە، بەڵام بەد بەحاڵی ئەو بێ ئەنوایە! ئەوەتا داوێنی کراسەکەی لە یەکێک لە میلەکانی لێواری هەیوانی شانشین ئاڵقاوە و خۆی لە نێو عەرز و عاسماندا هەڵواسراوە و ناتوانێ بگاتە سەر زەوی. بەڵام هەر ئێستا دەبینین کە خودای عالەمیان چۆن لە حاڵی بێچارەییدا بەهاواری دەگا و لە یارمەتیی داماواندا درێغی ناکا و دۆن گایفروس نیزیک دەبێتەوە، بێ ئەوەی دە غەمی هەڵدڕانی کراسی





بەقیمەتی خاتووندا بێ، دەیهێنێتە خوار و لەسەر زەوی دادەنێ و پاشان بەیەک سووڕی دەست لە پاشتەرکی خۆی قایم دەکا و بەرەسمی پیاوان کە دوو قاچیان بەو لاولای زیندا دێننە خوار سواری دەکا و پێی دەڵێ کە بەهەر دووک دەستان کەمەری بگرێ. دەستەکانی وەک خاچ لە سینگی ئەو گرێ بدا بۆ ئەوەی لە زین نەکەوێتە خوارەوە. ئەو هەمووەش بۆ ئەوەیە چون ملێزاندر عادەتی بەم جۆرە سەفەر و سوار بوونانە نەگرتووە. هەروەها بڕوانن کە ئەسپی گایفروس چۆن بەحیلاندنی خۆی نیشان دەدا کە بەهەڵگرتن و بردنی باری جوانی و بوێری کە دە وجوودی خاتوون و دڵدارەکەیدا خۆ دەنوێنن، چەندە خۆشحاڵە و هەست بەشانازی دەکا. ئێستا چاو لێ کەن کە ئەم دووانە جڵەوی ئەسپ وەردەگێڕن تا لە شار دوور کەونەوە و ڕێگەی پاریس بگرنە بەر. ئەهای ئەی جووتە عاشقی وەفادار، بڕۆن بەئەمانی خودا! هیوادارم ساغ و سلامەت بگەنەوە نیشتمانی خۆشەویستی خۆتان و بەردی سارد و گەرمتان لەم ڕێگەیەدا نەیەتە بەر پێ! هیوادارم چاوەکانی دایک و بابتان بەدیدارتان ڕوون بێتەوە و لەو سالانەی تەمەنی دوورودرێژی خۆتاندا کە وەک نەستۆر[٣٩٤] لە تەمەنتان ماوە، بەختەوەر بن و بەگەورەیی و ڕێز و حورمەتەوە بژین و بمێنن!»

لێرەدا دیسان مامۆستا پییەر دەنگی خۆی بەرز کردەوە و گوتی: «کورێژگە! باسی ئەسڵی بابەتەکە بکە و لە پەراوێز بگەڕێ! دەربڕینی غەم و پەژارە لەم وارەدا کارێکی بێجێیە.» وەرگێڕ بێ ئەوەی جوابی وەستای خۆی بداتەوە درێژەی بەقسەکانی دا و گوتی: «لەو شوێنە خەڵکی بێ کارە و چاوانی کون پشکن زۆر بوون کە هەموشیان خستبووە ژێر چاوەدێری و هەر ئەوان بوون کە هاتنە خوار و سوار بوونی ملێزاندریان چاو پێ کەوت و هەواڵیان دا، بەمورسەڵ پاشا و ئەویش دەسبەجێ فەرمانی دا شەیپووری خەتەر لێ بدەن. ئێستا تەماشا کەن کە خەڵک چۆن بەهەشتاو فەرمانی پادشا لەسەر چاو دادەنێن و چۆن دێتە بەر چاو کە تەواوی شار بەدەنگی شەیپوور و ناقووسی(*) مونارەی مزگەوتەکان خەریکە تێک تەپێ! دۆن کیشۆت لە نەکاو دەنگی هەڵبڕی کە؛ لێرەدا مامۆستا پییەر تووشی هەڵەیەکی گەورە بوو، چون موسڵمانان لە مزگەوتەکانیاندا ناقووسیان نییە بەڵکو لە دەهۆڵ و تەپڵ و بووق(*) کەڵک وەردەگرن و گوتنی ئەوەی کە لە «سانسائۆنا»دا ناقووسەکان وەدەنگ هاتن، بێگومان هەڵەیەکی گەورەیە کە حیکایەت لە نەزانی و بێخەبەریی وێژەر دەکا.» مامۆستا پییەر کە ئەو قسانەی گوێ لێ بوو دەستی لە زەنگ لێدان هەڵگرت و

٣٩٤– نەستۆر Nestor پاشای پیلووس و بە تەمەنترین شازادەی شەڕی تڕووا بوو. ئەو شازادەیەکی زاناو بەناوبانگ بوو کە بە پەیڤین و قسەکانی سەربازەکانی هان دەدا.

گوتی: «حەزرەتی دۆن کیشۆت باشترە جەنابت لەو ڕەخنە منالانە و بێ کەڵکانە دەست هەڵگری و کارێکی وا نەکەی سەرەداوی داستان لە دەست ئێمە بێتە دەر و کارەکەمان فەشەل بێ. مەگەر هەر لەم وڵاتەدا هەزاران شانۆی کۆمێدی ناهێننە سەر سەکۆی نومایشت کە هەمووی پڕن لە درۆ و دەلەسەی سەیروسەمەرە و ئەحمەقانە، بەو حاڵەشەوە خەڵک گوێیان بۆ ڕادەگرن و پێیان سەرمەست دەبن و چەپڵەیان بۆ لێ دەدەن؟!... باشە، کوڕی چاک، کاری خۆت بکە و گوێ مەدەیە هەرچی دەیڵێن با بیڵێن؛ لێگەڕێ با ئەوەندەی دە ڕۆژدا بڕووکە و پرووکە هەیە دە شانۆگەریی منیشدا هەڵە و پەڵە هەبێ و من گرینگیی پێ نادەم بەو مەرجە کە باغەڵم پڕ بێ لە پووڵ.» دۆن کیشۆت گوتی: «سوبحانەڵڵا! وێ دەچێ حەق بەو پیاوە بێ.» وە کوڕەکە قسەکانی خۆی درێژە پێ دا: «ئێستا چاو لێ کەن کە چۆن سەدان سواری بۆشناع لە شار وەدەر دەکەون و وەدوای ئەو دوو عاشقە مەسیحییە دەکەون. تەماشا کەن کە چۆن شەیپوورەکان دەتووڕێنن و زوڕناکان دەنگیان دە هەوادا دەتەنێتەوە و دەهۆڵ و تەپڵەکان نرکەیان دێ! من لەوە دەترسم کە سوارەکان بگەنە سەر دەربازبووەکان و لە کلکی ئەسپی خۆیانیان بخەن و بیانگەڕێننەوە شاری خۆیان و ئەمە خۆی دەبێتە دیمەنێکی زراوتۆقێن و هەترەشبەر!»

دۆن کیشۆت هەر دەگەڵ ئەو هەموو سوارە عەرەبەی دیت و ئەو هەموو زەنا زەنا و بانگ و خرۆشەی گوێ لێ بوو، بەدەرفەتی زانی کە بگاتە هاواری هەڵاتووەکان، لەبەرئەوە لە جێی خۆی ڕاستەوە بوو، هەڵی کێشا شمشێر و بەدەنگێکێ وەک هەورە تریشقە گرماندی کە؛ من هەرگیز ئیجازە نادەم لە دەورانی ژیانی مندا و لەبەر چاوی من زوڵمێکی ئاوا گەورە لە پاڵەوانێکی ئەویندار وەک گایفرۆس بکرێ. ئەهای! ئەی جەردەی حیز و خوێڕێ! دەست لە ڕاوەدوونانی ئەو هەڵگرن و لێی گەڕێن با بڕوا دەنا بەگژتاندا دێم و خراپیشتان بەسەر دێنم!» دۆن کیشۆت دەگەڵ ئەو قسانەدا بەشمشێری هەڵکێشراو لە داوودەزگای تەڕدەسبازی نزیک بووەوە و بەرق و قینێکی هەوسار پساو لە ڕاست و چەپ و سەر و خوار بەشمشێر کەوتە گیانی لەشکری عەرەب و قەڵتوبڕی کردن و بووکە شووشە و بی بی جانی تەڕدەسبازی هەر یەکەی بەلایەکدا کەوتن، یەک لاقی بڕا یەک دەستی شکا. زۆریان سەریان پەڕی و سینگیان دڕا، یەکیان لە تۆقی سەریەوە تا بەر پێی، بوو بەدوو شەقـقە و نووکی تیژی شمشێری پاڵەوان پەردەی شانۆی دڕی و ئەگەر مامۆستا پییەر لە بنەوە سەری خۆی نەدزیباوە و خۆی بەعەرزیدا نەدابا و لە بن تەختەبەندی شانۆدا خۆی مات نەکردبایە، وەها سەری قاش دەبوو کە دەتگوت کاڵەکی ڕزیوە! مامۆستای چارەڕەش یەک بەخۆی هاواری





دەکرد و دەیگوت: «ئەمان، نەکەی پاڵەوان، پیاوی چابە نەکەی! ئەوانەی تۆ سەر و دەستیان دەپەڕێنی عەرەب نین، بەڵکو بووکە بی بی جانی مقەبایین. پیاوی چاک بە، ڕوحمت بەمنی تاوانباری چارەڕەشدا بێ، کوڕە ماڵ وێرانت کردم. هەرچی هەمە و نیمە لە ناوت برد.» دەگەڵ ئەو هەموو هاوارەشدا دۆن کیشۆت لە کوشتن و برین و قەڵتوبڕ کردن ڕانەدەوەستا و بارانی زەبری شمشیر بەسەر داوودەزگای شانۆگەریدا دەباری. سەرەنجام دۆن کیشۆت لە ماوەیەکی کورتتر لە مەودای خوێندنی دوعایەکی زۆر کورتدا، داوودەزگای شانۆگەریی وردوخاش کرد و داری لەسەر بەردی نەهێشت و تەواوی بووکەکانی تێک شکاند و موڕسەڵ شای بریندار کرد و ئیمپراتۆر شارلێمانی کردە دوو لەت. بەدیتنی ئەو کارەساتە تەماشاکەرەکان شپرزە و سەر لێشێواو تێکیان داویشت و مەیموونی غەیبزانیش هەلاتە سەربانی کاروانسەرا و ئامۆزا ترسی ڕێ نیشت و لاوی نۆکەر زەندەقی چوو، تەنانەت سانکۆپانزاش لە دڵی خۆیدا تووشی هەراسێکی گەورە بوو، چون ئەو پاش ئەوەی تۆفان دامرکایەوە، سوێندی خوارد کە دە عومری خۆیدا ئەربابی ئەوەندە بەتووڕەیی چاو پێ نەکەوتووە.

دۆن کیشۆت پاش ئەوەی داوودەزگای شانۆگەریی سەروبن کرد، کەمێک هێور بووەوە و گوتی: «ئەی کاش و خۆزیا ئێستا بمتوانیبایە تەواوی ئەو کەسانەی کە دە بەکەڵک بوونی پاڵەوانانی سەرگەداندا شک و گومانیان هەیە و نایانەوێ بسەلمێنن کە بوونی پاڵەوانانی سەرگەردان چەند پێویستە، لێرە کۆم کردبانەوە، دە حزووری خۆمدا لەسەر پێ ڕامگرتبان. تۆخوا ئێوە چاو لێ کەن و بڕوانن ئەگەر من لێرە نەبووایەم دۆن گایفرۆس و ملێزاندر چییان بەسەر دەهات؟ بێگومان ئەو سەعاتە دەهات کە ئەو عەرەبەسەگانە، بگەنە سەریان و بەلایەکیان بەسەر بێنن. بەهەرحاڵ، دە نێو هەموو بوونەوەرانی عالەمدا دیسان بژین پاڵەوانانی سەرگەردان! لەو ساتەدا مامۆستا پییەری پەرێشان و داماو گوتی: «منیش دەڵێم هەر بژین پاڵەوانانی سەرگەردان و بمرێ پییەری چارەڕەش، چون من ئێستا گەیشتوومەتە پلەیەک لە فەقیری و بەدبەختی کە دەتوانم وەک سوڵتان «دۆن دیەگۆ ڕۆدریک» Don Roderic بڵێم: «تا دوێنێ خاوەنی بێ ڕەقیبی سەرانسەری ئیسپانیا بووم و ئەمڕۆ خاوەنی تاقەبەردێک یا خشتێک نیم کە بەتێرادیوی بڵێم ئەوە مڵکی منە.» من تا نیو سەعات، تەنانەت تا پێنج دەقیقە پێش، خۆم بەخاوەنی چەندین بەهاربەندی(*) پڕ لە ئەسپ و چەندان سندووقچەی پڕ لە جەواهێرات دەزانی و خۆم بەپادشای هەموو پادشایان نەدەگۆڕییەوە. بەڵام ئێستا خۆم بەفەقیر و دڵ بەغەم و بێ کەس و بێچارە دەزانم. بەتایبەتی

که مەیموونەکەشم نەماوە، یانی ئەو بەستەزمانە هەلاتووە و ئەگەر بمەوێ بیگرمەوە دەبێ، تا بنی دنیا بەدوایدا هەڵبێم و دە ئارەقە ڕژتندا حەیاتی ڕەشم لێ ببڕێ! من ئەو هەموو بەدبەختییەم لەو پاڵەوانە پێ گەیشتووە کە دەڵێن بەهاواری هەتیوان و داماوان دەگا و ناهێڵێ کەس زوڵم و ستەم لە مەزلوومان بکا، بەڵام ئەفسووس هەر من، منی کڵۆڵ لە پیاوەتی و جوامێریی ئەو بێ نسیب مامەوە. ئاخ ئەی خودای عالەمیان کە لە سەرەوەی عەرشی ئەعلا ماڵە خۆت داناوە، سپاسی تۆ دەکەم و ستایشی تۆ دەڵێم و ڕازیم بەڕەزای تۆ کە سەرەنجام بەدەست پاڵەوانی غەمگین ڕوخسار، ڕوخساری منیشت غەمگین کرد!»

سانکۆ بەقسەکانی مامۆستا پییەر بەزەی بزووت و پێی گوت: «ئەی مامۆستا پییەر، بۆ خاتری خودا شیوەن وناڵە مەکە کە جەرگمت کردە کەباب! تۆ ئەوە بزانە کە ئەربابی من لە دینی مەسیح و ئاینی کاتۆلیکدا ئەوەندە بەئیمان و مۆمنە، دەگەڵ هەست بکا کە زەرەر و زیانی بەتۆ گەیاندووە، دەسبەجێ بۆت قەرەبوو دەکاتەوە و تاوانەکەی بەدوو قات زیادی دەداتەوە.» مامۆستا پییەر گوتی: «جەنابی دۆن کیشۆت ئەگەر پارەی هێندێک لە بووکەکان کە تێکی شکاندوون، بداتەوە بەمن ڕازی و خۆشحاڵ دەبم و گەردنی ئازا دەکەم تا ویژدانی دە عەزاب نەکەوێ، چون هەر کەس ماڵی کەسێک ڕابگرێ یا زیانی پێ بگەیەنێ ئەگەر نەیداتەوە یا بەپووڵ مەزەندەی نەکا، ڕووی خۆشی و ڕزگاری نابینێ.» ئەوجار دۆن کیشۆت وەدەنگ هات و گوتی: «ئەم قسەیە بەتەواوی لە جێی خۆیدایە، بەڵام ئەی مامۆستا پییەر من پێم وانییە کە تا ئێستا هیچ قەرزێکی تۆم لەسەر بێ و ماڵێکی تۆم لە لا بێ.» مامۆستا پییەر گوتی: «چۆن دەفەرمووی کە من قەرزم لەسەر تۆ نییە؟ ئەدی ئەم داوودەزگا سەرەوبن کراوە و ئەو بووکە بی بی جانانە کە هەمووی قەڵتوبڕ کراون و تازە بەکاری هیچ نایەن، بەکام هێز بێجگە لە هێزی شان و باهۆی زراو تۆقێن و لە شکان نەهاتووی ئێوە ئاوایان بەسەر هاتووە؟ ئەم داوودەزگایە بێجگە لە من هی چ کەسێکە؟ من بێجگە لەوانە بەچی تر بەڕێ دەچووم؟» دۆن کیشۆت گوتی: «ئەوجاریش وەک سەدان جاری تر کە پێش ئێستا ڕووی داوە کەم کەم تێ دەگەین کە ئەو جادووگەرانەی کە بەشەو و بەرۆژ بەدوای ئازاردانی مندان، ئەوجاریش لێیان گۆڕیوم و ئەوەی خۆیان ویستوویانە بەمنیان نیشان داوە. ئەی ئەو کەسانەی لێرە ئامادەن و قسەکانی من دەبیسن، من بەمتمانەوە عەرزتان دەکەم کە ئەوەی لەسەر سەکۆی شانۆ ئەنجام دەدرا لەبەر چاوی من وەک ڕووداوێکی ڕاست و درووست وا بوو کە لە دنیایەکی تردا ڕووی دەدا و بڕوام وابوو کە ملێزاندر هەمان ملێزاندری ڕاستی و گایفرووس هەمان گایفرووس و مورسەڵ شا هەمان مورسەڵ شا و شارلێمانی هەمان





شارلێمانی بوون. من ئەگەر تووشی حاڵەتی ڕق و تووڕەیی بووم، هەر بەو دەلیلە بوو. ئەوجار بەخاتری ئەنجامدانی ئەرکی پاڵەوانەتیی خۆم بڕیارم دا یارمەتیی هەلاتووەکان بدەم، کەوابوو ئەوەی کە من کردم و ئێوە چاوتان پێ کەوت بەرهەمی نییەت خێریی من بوو، جا ئێستا ئەگەر کاری من بەرهەمی پێچەوانەی هەبووە، تاوانی خۆم نییە، بەڵکو خەتای جادووگەرانی خەتاکارە کە لە هەموو دەرفەتێکدا دەیانەوێ تەگەرەم بۆ بنێنەوە. بەهەرحاڵ هەر چۆنێک بووبێ من خۆم بەئەرکدار دەزانم کە ئەم زیان و زەرەرە قەرەبوو بکەمەوە. ئێستا با مامۆستا پییەر زەرەر و زیانەکان بەراورد بکا و پارەی بووکە بی بی جانە شکاوەکانی بەمن بڵێ تا من بەپارەی ڕەواجی کاستیلی هەمووی ببژێرم.»

مامۆستا پییەر کڕنۆشێکی تەواوی کرد و گوتی: «من لە لوتف و ئیحسانی بێوێنە و لە دینداری و خۆپارێزیی مەسیحییەکی مۆمن وەک جەنابی دۆن کیشۆت، دلاوەری مانش کە پشتیوانی تەواوی بێ ئەنوایانی سەرگەردانە، بێجگە لەوە چاوەڕوانییەکم نەبوو؛ ئێستا جەنابی کاروانسەراداری پایەبەرز و حەزرەتی سانکۆپانزای گەورە با ببنە نێوانجی و زەرەر و زیانەکان مەزەندە بکەن و قیمەتێک بۆ ئەو بووکە بی بی جانانە شکاوانە دابنێن. کاروانسەرادار و سانکۆ ئامادەیی خۆیان بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە ڕاگەیاند. دەسبەجێ مامۆستا پییەر بووکە بی بی جانێکی بێ سەری لە عەرزی هەڵگرتەوە کە نوێنەری مورسەڵ شا بوو کە سەری پەڕیبوو و گوتی: «تەماشا کەن کە دانانەوەی سەری پێشوو لەسەر جەستەی ئەم پادشا بێ سەرە چەندە دژوارە! کەوابوو ئەگەر ئاغایانی داوەر بڕوای دژیان نەبێ، دەبێ بۆ مەرگ یا شەهید بوون یا سەقەت بوونی ئەم پادشایە چوار ڕێئاڵ و نیو بدەن بەمن.» دۆن کیشۆت گوتی: «ڕازیم، ئەوانی تر بڵێن.» مامۆستا پییەر بووکە بی بی جانێکی تری کە هەمان ئیمپراتۆر شارلێمانی بوو دە نێوەڕاستیشدا شەققە کرابوو بەدەستەوە گرت و گوتی: «بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم داقەلاشتنە، زۆر نییە ئەگەر بڵێم پێنج ڕێئاڵ و چارەگە ڕێئاڵێکم دەوێ.» سانکۆ گوتی: «ئەو مەبلەغە کەم پووڵێک نییە.» کاروانسەرادار گوتی: «زۆڕیش نییە، بەڵام با بڕێکی دابشکێنین و هەر پێنج ڕێئاڵە کە بێ.» دۆن کیشۆت گوتی: «نا، نا. با هەمان پێنج ڕێئاڵ و چارەگە ڕێئاڵە کە بێ.» زەرەرە و زیانەکە ئەوەندە زۆرە کە بەو چارەگە ڕێئاڵە زیاد یا کەم نابێتەوە. بەهەرحاڵ با مامۆستا پییەر هێندێک پەلە بکا و کارەکە کۆتایی پێ بێنێ. چون وەختی شام خواردنە و من خەریکم لە برسان هەڵدەلەرزم.» مامۆستا پییەر گوتی: «بۆ ئەم بی بی جانە کە چاوێکی کوێر بووە و هەمان ملیزاندرە دوو ڕێئاڵ و دوازە «ماراودی» دەخۆازم.» دۆن کیشۆت هاواری لێ بڵند بوو:

«ئەوە زۆر سەیرە! بەو ئەسپە کە من دەژێر ڕکێفی ملیزاندردا دیتم، ئەگەر نەگەیبێتە سنووری فەڕەنسە، بێگومان شەیتان نەیهێشتووە، مێردەکەشی هەروەها، چون من چاوم پێوە بوو ئەسپەکانیان بەجێی تەقڵە کوت، هەڵدەفڕین. بەهەرحاڵ کڵاوم ناچێتە سەر[*] و ناتوانن پشیلەم بەسەمۆرە بەسەردا قالب بکەن! یانی پێم بقەبووڵێنن کە ئەو بووکە لووت کورتە یەک چاوە ملیزاندرە کە لێرە کەوتووە. لە حاڵێکدا من دەزانم ملیزاندر دەگەڵ مێردەکەی ئەم سەعاتە لە فەڕەنسەدان و لە ژێر لێفەیەکدا خەریکی عەیش و نۆشی خۆیانن. ئەی مامۆستا پییەر لە خوا داوا بکەین کە هەرچی بەهەر کەسی داوە پێی بێڵێ و هەمیشە بۆی ڕابگرێ، ئێمەش هەمیشە زەحمەت بکێشین و بەهەنگاوی مەردانە بەرێگەی نییەتی پاک و فکری خاوێنەوە بەرەو پێش بچین. ئێستا جەنابت دەتوانن درێژە بەقسەکانتان بدەن.» مامۆستا پییەر کە دیتی دۆن کیشۆت دیسان هەوساری پساندووە و دەیەوێ بیکاتەوە غارەکەرەکەی[*] خۆی بڕیاری دا هەوسارەکەی بەرنەدا و ئیزنی پێ نەدا دەرباز بێ. لەبەرئەوە گوتی: «ڕاستە، ڕەنگە ئەوە یەکێک لە نەدیمەکانی خاتوون ملێزاندر بێ. کەوابوو لە جیاتی ئەوە بەشێست ماڕاودی ڕازی دەبم.» بەڵێ هەروا بەم جۆرە بوو کە بی بی جانەکان مەزەندە دەکران و هێندێک خوار و ژووری قیمەتیان دەکرا و لە ئاخریدا سەرجەم زیان و زەرەری هەموویان بوو بەچڵ ڕیئال و سێ چارەگە ڕیئال. سانکۆ هەر لە جێوە ئەم پارەیەی دا، بەمامۆستا پییەر و ئەو پیاوە بۆ دۆزینەوەی مەیموونەکەی دوو ڕیئالی داوا کرد.» دۆن کیشۆت گوتی: «ئەوەشی پێ بدەن بەڵام نە بۆ مەیموون، بەڵکو بۆ مێیە مەیموون.[٣٩٥] ئەوەش بڵێم کە هەر کەس هەواڵی بەسڵامەت گەیشتنەوەی ملێزاندری جوان و جەنابی دۆن گایفروس بەفەڕەنسە و نێو خزم و قەومەکانیان بۆ من بێنێ، حازرم دووسەد ڕیاڵی مزگێنی بدەمێ. مامۆستا پییەر گوتی: «هیچ کەس ناتوانێ باشتر لە مەیموونی من ئەم مزگێنییە بداتە بەڕێزتان، بەڵام لە چارەڕەشیی ئێستا هیچ شەیتانێک نییە کە بتوانێ دووبارە ئەو بگەڕێنێتەوە. بەو حاڵەشەوە لام وایە کە ئەم بەستەزمانە لە برسان و بەخاتری ئۆگری بەمنەوە، هەر ئەمشەو بگەڕێتەوە لام. خوا بکا هەرچی زووتر ڕۆژ بێتەوە با بزانین چۆن دەبێ.»

٣٩٥- سێروانتێس لێرەدا بە دوو واژە Mono بە مانای مەیموونی نێر و Mon کە هەم بە مانای مەیموونی مێ و زۆر شەڕاب خواردنەوەیە کایەی کردووە لە ڕاستیدا ویستوویە قسەیەکی خۆش بکا کە دوو مانای هەبێ و لە ڕاستیدا مەبەستی ئەوەیە کە ئەنعامێکی زیادی بدرێ بە مامۆستا پییەر کە مەستی پێ بکاو سەر خۆش بێ. (مۆریس باردۆن)





سەرەنجام تۆفان نیشتەوە و تەواوی ئامادەبووانی کاروانسەرا دە ئارامی و ئاشتییەکی تەواودا لەسەر خەرجی دۆن کیشۆت کە یەکجار زۆر سەخی و دەست بڵاو بوو، شامیان خوارد. ئەو کابرایەی کە بارێ نێزە و تەوەرزینی پێ بوو، پێش داهاتنی ڕووناکی، کاروانسەرای بەجێ هێشت و هەر کە ڕۆژ سەری لە کەل دەرهێنا ئامۆزا و لاوی نۆکەریش هاتنە خزمەت دۆن کیشۆت و ئیجازەی مەرەخەس بوونیان وەرگرت تا یەکیان بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی و ئەوی تر بەرێی خۆیدا بڕوا، وە دۆن کیشۆت بۆ خەرجی ڕێگە دوازدە ڕیئالی دا بەلاوی نۆکەر. بەڵام مامۆستا پییەر حەوسەلەی دەمەتەقەی دەگەڵ دۆن کیشۆت نەبوو، چون پاڵەوانی باش ناسیبوو، لەبەرئەوە پێش ڕۆژهەلات لە خەو هەستا و داوودەزگای تێکشکاوی خۆی کۆ کردەوە و مەیموونەکەی دووبارە گرتەوە و بەدوای کاری خۆی کەوت. کاروانسەراداریش باوەکوو دۆن کیشۆتی باش نەدەناسی لە کارە شێتانەکانی و هەروەها دەست بڵاوی و تەخشان و پەخشانەکەی کەمتر لەوانی تر سەری سوڕ نەمابوو. سەرەنجام سانکۆپانزا بەئەمری دۆن کیشۆت حیسابی کاروانسەرا داری بەتەواوی بژارد و هەر دووکیان پاش مالاوایی، نزیک سەعاتی هەشتی بەیانی لە کاروانسەرا هاتنە دەر و کەوتنە ڕێ.

ئێستا، ئێمە لەوان دەگەڕێین بەرێی خۆیاندا بڕۆن، وە ئەم هەڵبڕانە، خۆی زۆر پێویستە چون مەجالی ئەوەمان دەداتێ بپەڕژێینە سەر لایەنەکانی تر و بتوانین بابەتگەلێکی تر کە پێوەندییان بەلایەنی نوێ ئافەرینی ئەم داستانە گەورەوە هەیە، حیکایەت بکەین.

٢٧

## لەمەڕ ئەوەی پییەر و مەیموونەکەی کێ بوون و لەمەڕ سەرەنجامی شوومی زەڕەی کەر و دۆن کیشۆت، ڕووداوێک کە دۆن کیشۆت نەیتوانی ئەو جۆرەی دەیویست کۆتاییی پێ بێنێ

سەید حامید کوڕی ئەنجەلی، ڕووداو نووسی ئەم تاریخە گەورە، کاتێک دەگاتە ئەو بەشە بەمجۆرە دەست بەقسان دەکا: «من وەک مەسیحییەکی کاتۆلیک سوێند دەخۆم...» وە وەرگێڕی مێژووی ئەو لەم بارەوە دەڵێ لەوەی کە نووسەر وەک مەسیحییەکی کاتۆلیک سوێند دەخوا (لە حاڵێکدا کە هەموو دەزانین کە ئەو عەرەبی مەغریبی و موسڵمان بووە) مەبەست و مەنزوورێکی بێجگە لەوەی نەبووە کە پێمان بڵێ هەر وەک مەسیحییەک، کاتێک سوێند بخوا کە بێجگە لە ڕاستی قسە ناکا، بەڕاستی هەر چی بیڵێ ڕاستە و ئەویش وەک ئەوەی هاتبێتە سەر دینی مەسیح و سوێندی مەسیحییانەی خواردبێ، بەڵێنی دەدا کە هەرچی لەمەڕ دۆن کیشۆت بینووسێ ڕاستییەکی ڕووت و بێ کەم و زیاد بێ، بەتایبەتی لەمەڕ مامۆستا پییەر و مەیموونە غەیبزانەکەی کە تەواوی خەڵکی ئەو مەڵبەندەی بەغەیب گوتنەکانی خۆی تووشی سەر سووڕماوی کردبوو، بێجگە لە ڕاستی هیچ نەڵێ. بەڵێ سەید حامید دەڵێ کە هەر کەس بەشی یەکەمی ئەم داستانەی خوێندبێتەوە «ژێنیس دۆپاسامۆن» یانی ئەو دزە بەناوبانگەکەی زۆر باش لە بیر ماوە، دزێک کە دۆن کیشۆت ئەوی دەگەڵ باقیی سزادراوەکان بەکاری دژواری لە چیاکانی سیرامۆرنا، ئازاد کرد و ئەو خەتاکارە دەروون ڕەشانە کە ڕواڵەتێکی بەدزیوی و نگریسیی دەروونی خۆیان هەبوو، ئەو چاکەیان لە بیر کرد و پاداشێکی بێشەرمانەیان داوە بەدۆن کیشۆت. ئەم «ژینیس دۆ پاسامۆن»ە کە دۆن کیشۆت ناوی ژینزێل پاراپێلای لەسەر دانابوو، هەر ئەو کەسە بوو کە گوێدرێژی سانکۆی دزی، وە چون لە بەشی یەکەمی ئەم داستانەدا بەهۆی هەڵەی ئەوانەی ئەم کتێبەیان چاپ کردووە، مێژووی ئەم کەر دزینە و چەند و چۆنییەکەی لە قەڵەم کەوتبوو، هەر ئەوە بیانووی دا بەدەست جەماوەرێکی زۆر کە تاوانی چاپخانەیان خستبووە سەر نووسەر تا دەست بکەن بەعەیب و ئیراد گرتن. بەکورتی بیگێڕمەوە، ژینیس کەری سانکۆی لە حاڵێکدا دزی کە سانکۆ لەسەر پشتی کەرەکە خەوی لێ کەوتبوو، بۆ ئەم کارەش فێڵێکی دە کار کرد کە «برۆنیل» لە کاتی گەمارۆدانی قەڵای «ئاڵبراک»دا بۆ دەرکێشانی ئەسپ لە ژێر





پێی «ساکریپان» دەکاری کردبوو. بەڵێ جا وەک لە پێشدا گوتمان، سانکۆ گوێدرێژەکەی وە دەست کەوتەوە. ژینیس ژی لە ترسی ئەوەی کە مەبادا جارێکی تر بکەوێتەوە دەست دیوانخانەی عەداڵەت کە بەدوایدا گەڕان تا لەبەر دزی و کەڵەک و فێڵبازییەکانی سزای بدەن (ئەو کابرایە ئەوەندی جینایەت و پیاو کوژی و ڕەشەدزی کردبوو کە خۆی کتێبێکی ئەستووری لەسەر نووسیبوو) لێ بڕا کە تەرکە وەتەن بێ و بچێتە وڵاتی ئاراگۆن و چون فەن و فێڵی تەردەسبازی و چاو بەستن و شیرین کارییەکانی عەیاران و ئەم جۆرە کارانەی باش دەزانی، چاوی چەپی خۆی بەست و ڕۆیشتە ئەم وڵاتە. وا هات کە لەو مەسیحییانەی کە لە وڵاتی بەربەڕ دەگەڕانەوە، مەیموونێکیشی کڕی و فێری کرد کە هەر کات ئیشارەی پێ کرد خۆی باوێتە سەر شانی و وا بنوێنێ کە خەریکە چپەی دەگەڵ دەکا و شتێکی پێ دەڵێ. ژێنیس پاش تەواوکردنی ئەو کارە و پێش ئەوەی بچێتە گوندێک و داوودەزگای تەڕدەسبازی و چاو بەستن پان کاتەوە و هونەرنوێنییەکانی مەیموونی خۆی نیشان بدا، لە دەوروبەری ئەو گوندە دەستی دەکرد بەلێکۆڵینەوە و بەتایبەتی سۆراغی کەسانێکی دەگرت کە جوانتر بیانتوانیبایە وەڵام بدەنەوە، وە لەو کەسانە لەمەڕ ڕووداوی تازەی گوند یا ئەو مەڵبەندەی گوندەکەی تێدا بوو، پرسیاری دەکرد و ناوونیشانی ئەو کەسانەی کە دە ڕووداوەکاندا دەوریان هەبوو، زۆر بەوردی فێر دەبوو. کاتێک ژێنیس ئەم بابەتانەی بەتەواوی بەزەینی خۆی دەسپارد، ئەوجار دەهاتە ناو گوند و یەکەم کاری ئەوە بوو کە داوودەزگای تەڕدەسبازی و چاوبەستی دادەمەزراند و ئەغلەب چەند داستانی کۆن و ناسراوی بەنۆبە بەیارمەتیی داوودەزگاکەی بەخەڵک نیشان دەدا. پاش شانۆگەری، لەمەڕ هونەرنوێنییەکانی مەیموونی خۆی بەدوورودرێژی دەستی دەکرد بەقسە و بەحازرانی دەگوت کە ئەو حەیوانە خەبەری ئێستا و ڕابردووی حاڵ و ئەحواڵی ئەوانی بەلاوەیە. بەڵام کەمتر خۆی لە قەرەی ئەوە دەدا باسی ئایندە بکا. ژینیس بۆ وەڵامی هەر پرسیارێک دوو ڕیئالی داوا دەکرد و ئەگەر ئاگادارییەکی باشی لەمەڕ پرسیارکەرەکانەوە هەبووایە هێندێکی بۆ دادەشکاندن. هەروەها چۆن ژێنیس زۆرتر دەڕۆیشتە ئەو ماڵانە کە ئەحواڵی دانیشتوانەکەی دەزانی، ئەگەر ئەندامانی ئەو بنەماڵە نەشیانویستبا بۆ ئەوەی پووڵێکی پێ نەدەن پرسیاری لێ بکەن و ئەو بەئەنقەست ئیشارەی بەمەیموونەکەی دەدا و پاشان دەیگوت کە مەیموون فلان بابەت و فلان مەسەلەی بەگوێدا چرپاندووە. ئەو بابەتانەش هەر ئەوانە بوون کە بەتەواوی دەگەڵ باری ژیان و وەزعی ئەندامانی ئەو ماڵە یەکیان دەگرتەوە. ژینیس بەم جۆرە ناوی دەرکرد و خەڵک دەرک بەدەرک بەدوای دەکەوتن. لە هێندێک

وارانیشدا کە زۆر ئاگەداری بابەت نەدەبوو بەجۆرێکی جواب دەداوە کە پێوەندیی بەپرسیارەکەوە هەبووایە. وە چون هیچ کەس نەبوو بپرسێ مەیموون چۆن غەیب دەزانێ و غەیب دەڵێ، سواری کەری مراد بووبوو، بەساویلکەیی و کەریەتیی ئەو خەڵکە پێدەکەنی و گیرفانی لە پووڵ دەئاخنی. بەڵێ جا کاتێک ژینیس لە کاروانسەرا وەژوور کەوت هەر لە جێ دۆن کیشۆت و سانکۆی ناسییەوە و هەر ئەم ناسیاوییە بوو بەهۆی ئەوەی کە ئاسانتر بەئامانجی خۆی بگا و دۆن کیشۆت و سانکۆ و حازران نوقمی سەرسوڕماوی بکا، بەڵام هەروەک لە بەشی پێشوودا گوترا لەو کاتەدا کە دۆن کیشۆت سەری مورسەڵ پاشای بەشمشێر پەڕاند و تەواوی سوارەکانی قەڵتوبڕ کرد، ئەگەر هێندێک بەقەوەتتر شمشیرەکەی داوەشاندبا، ئەم کایەکارییە زۆر گران بۆ ئەو تەواو دەبوو و گیانی خۆی لە دەست دەدا. بەڵێ جا، ئەوە بوو ئەوەی دەمویست لەمەڕ مامۆستا پییەر و مەیموونەکەی بیڵێم.

ئێستا دەگەڕێینەوە سەر داستانی دۆن کیشۆتی مانش و دەڵێین کە ئەو پاڵەوانە هەر دەگەڵ لە کاروانسەرا وەدەر کەوت، بڕیاری دا کە چون تا ڕۆژی کێبەرکێ هێشتا وەخت مابوو، پێش ئەوەی بڕواتە شاری ساراگووس، سەرێکی لێوارەکانی ڕووباری ئێبرە Ebre و دەوروبەری بدا. بەم ویستەوە کەوتە ڕێ و تا دوو ڕۆژی تەواو بێ ئەوەی ڕووداوێکی گرینگ تووش ببێ،بەرێدا ڕۆیشت. ڕۆژی سێیەم لە کاتێکدا لە هەورازێک وەسەر دەکەوت بانگی شەیپوور و دەنگی شمخاڵی گوێ لێ بوو، پێی وابوو فەوجێک سەرباز بەوێدا تێپەڕ دەبن، لەبەرئەوە دەنگی ڕۆسی نانتی دا، تا بۆ تەماشا بگاتە سەر ئەو تەپکە. کاتێک گەیشتە سەر تەپکەکە لە داوێنی ئەوبەریدا چاوی بە زیاتر لە دوو سەد پیاوی جەنگاوەر کەوت کە دەتگوت هەموو جۆرە چەکێکی وەک نێزە و تیروکەوان و تەوەرزین و چەند شمخاڵ و ژمارێکی زۆریان مەتاڵ بەدەستەوەیە. دۆن کیشۆت لەو سەرەوە کەم کەم داکشا خوارەوە و ئەوەندە نزیک بووەوە کە بەباشی ئاڵاکانیانی دەدیت و ڕەنگی ئاڵا و نووسراوەکانی لێک دەکردەوە. بەسەرەنجەوە دە ئاڵاکان دەفکری و بەتایبەت یەکیانی کە لە حەریری سپی و بەرزتر لە هەموان بوو خستە ژێر چاوەدێری. لەسەر ئەو پەرچەمە کەللەی کەرێک زۆر بەجوانی کێشرابووەوە کە حاڵەتی زەڕینی بەخۆوە گرتبوو، یانی گوێی ڕاست کردبووەوە و سەری هەڵێنابوو، لیچی کردبووەوە و زبانیشی لە دەرێ بوو، لە دەوروبەری ئەم وێنەیەش بەخەتی درشت و خوانا ئەم دوو نیوە شێعرە نووسرابوون «بێهوودە نییە کە دوو قازی ڕووبەڕووی یەک بزەڕێنن!»





دۆن کیشۆت بەدیتنی ئەم نووسراوەیە تێگەیشت کە ئەو پیاوە چەکدارانە دەبێ خەڵکی ئەو گوندە بن کە داستانی زەڕەزەڕی کەر لە وێ ڕووی داوە و مانای شێعرەکەشی بۆ سانکۆ ڕوون کردەوە و گوتی کە ئەو کەسەی داستانەکەی گێڕاوەتەوە باسی دوو ڕاوێژکاری شارەوانیی کردووە بەهەڵە چووە و ئەوانەی زەڕاندوویانە، بەپێی ئەو شێعرە دوو قازی بوون.» سانکۆ دە جوابی ئەربابی خۆیدا گوتی: «قوربان پێویست ناکا هێندە وردی بخوێنییەوە، لەوانەیە ئەوانەی زەڕاندوویانە ئەودەم ڕاوێژکار بووبن و پاشان بەتێپەڕ بوونی زەمان بووبن بەقازی گوندەکەی خۆیان و لە پاشان خەڵکەکە توانیویانە بەهەر دووک عینوان ناویان بەرن. بێجگە لەوەش گرینگ ئەوەیە کە ئەو دوو کەسە زەڕاندوویانە، جا چ ڕاوێژکار بن، چ قازی، چ کارتێکردنێکی لەسەر ئەسڵی داستان هەیە؟ بۆ زەڕاندن قازییەکانیش دەستی کەمیان لە ڕاوێژکار و باقیی ئەو خەڵکە نییە!»

سەرەنجام دۆن کیشۆت و سانکۆ تێ گەیشتن و ئاگادار بوونەوە کە دانیشتووانی ڕشقەن پێکراو دەستیان داوەتە چەک و دەیانەوێ بەسەر گوندی جیراندا بدەن، چونکە خەڵکی ئەو گوندە بەپێچەوانەی حەق و حقووقی جیرانەتی زۆرتر لە خەڵکی گوندەکانی تر ئەوانیان ڕشقەن دەکرد. دۆن کیشۆت بەپێچەوانەی سانکۆ کە هەرگیز ئیشتیای خۆ تێهەڵقوتاندنی لەم جۆرە بابەتانەدا نەبوو، لە وان نزیک بووەوە. فەوجی سوارەکان بەخەیاڵی ئەوەی کە دۆن کیشۆت شەرکەرێکی پاڵەوانە و هاتووەتە یارمەتیی ئەوان بەئامێزی ئاواڵە پێشوازییان لێ کرد. دۆن کیشۆت بەویقارێکی پیاوانە نیقابی لەسەر ڕوخساری خۆی هەڵگرت و تا بن ئەو پەرچەمەی کەللەکەری لەسەر بوو، ڕۆیشتە پێش و لەوێ سەرقۆڵ و پێشەنگ و پیاو ماقووڵان دەوریان گرت و وەک هەموو ئەو کەسانەی کە بۆ یەکەمجار چاویان بەدۆن کیشۆت دەکەوت، بەسەرسوڕماوی و ئافەرینەوە تەماشایان دەکرد. پاڵەوانیش کە پێی زانی کە هیچ کەس هیچ ناڵێ و پرسیارێکی لێ ناکەن لە دەرفەت کەڵکی وەرگرت و بێدەنگیی شکاند و بەدەنگی بڵیند ئاوای گوت: «ئەی خەڵکی ئازا و نەبەرد، تکاتان لێ دەکەم زۆر بەوردی گوێم بۆ ڕادێرن و باسێکی حەکیمانەی کە دەمەوێ دەستی پێ بکەم، هەڵمەبڕن، مەگەر ئەوەی ببێتە هۆی بێزاری و ماندوویتان و خۆشتان لێی نەیا.» هەموویان گوتیان کە ئەو ئازادە هەرچی بیڵێ و زۆر بەمەیل و تاسەوەش گوێگری قسەکانی دەبن. دۆن کیشۆت پاش وەرگرتنی ئەم ئیجازەیە، قسەکانی خۆی بەم چەشنە درێژە پێ دا: «ئەی سەروەرانی دەروون خاوێن، من پاڵەوانی سەرگەردانم، شوغڵی من سپاییگەری و کاری من پشتیوانی لە کەسانێکە کە لایەنگرییان پێویستە و یاری گەیاندن بەنیازمەندان کە یاریدەی منیان پێ

دەوەێ. من چەنای چەن ڕۆژە لە گرفتاریی ئێوە هەواڵم پێ گەیشتووە و دەزانم بۆچی ناچارن هەر کات و سات چەک هەڵگرن و بەئەزمی شەڕ و تۆڵەسەندنەوە لە دوژمنەکانتان دەست بۆ چەک بەرن. من نە جارێک و دوو جار، فکرم لە کاری ئێوە کردووەتەوە بەڵکو سەد جار زەینی خۆم پێوە مەشغووڵ کردووە و بەو ئاکامە گەیشتووم کە پێ وابوونی[*] ئێوە لەم وارەدا کە تەوهین و ڕشقەنتان پێ کراوە بەپێی دابونەریتی شەڕی تەن بەتەن (دۆئێل) هیچ بنەمایەکی دروستی نییە و ئێوە لەو بۆچوونەدا بەهەڵە چوون. لە ڕاستیدا ئەگەر کەسێک کۆمەڵگایەکی تەواو بەبیانووی ئەوەی کە یەکێک لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە کارێکی خراپی کردووە، بۆ بەرەنگاری کردن بانگهێشت بکا و بەزمی شەڕیان پێ بگرێ، ئەو کارەی ئەو بەڕاستی ئیهانە و سووکایەتی بەو کۆمەڵگایە نییە. ئێمە لەم وارەدا نموونەیەکمان هەیە ئەویش داستانی «دیەگۆ ئۆردۆێنز دۆلاڕا» Diego Ordemz delera یە کە چون نەیدەزانی «ولیدۆ دۆلفوس» Wellido dolfs لە دانیشتوانی شاری زامۆڕا پادشای ئەوێی بەفێڵ و خەیانەت کوشتووە، تەواوی خەڵکی ئەو شارەی بەخەیانەت تاوانبار کرد و بەگژیاندا چوو. بەمجۆرە تەواوی خەڵکی شارەکەی بانگهێشتی مەیدان کرد و هەموویانی بەبەرپرس و وەڵامدەرەوە زانی کە دەبێ تۆڵەیان لێ بکرێتەوە. لە ڕاستیدا دۆن دیەگۆ تا ئەندازەیەک لە خۆبایی بووبوو کە لە سنووری ئاین و یاسا و ڕێسای بەربەرەکانێ دەرچووبوو. دەنا چ خێری خودای بوو، چ پێویست بوو کە تەواوی ئەو عالەمە بەژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە و دار و دیوارەوە بەو جۆرەی کە لە داستانەکەیدا هاتووە بۆ شەڕ و پێکدادان بانگهێشتی مەیدان بکا؟[٣٩٦] بەڵام کاتێک کاسەی تووڕەیی و غەزەبی ئادەمیزاد لێوڕێژ دەبێ، هەرچی

٣٩٦– ئەم باسە لە داستانی دۆن دیەگۆدا بەم جۆرەیە: دیەگۆ ئۆدێن – کاتێک لە خێوەت وەدەرکەوت، سەرتاپا غەرقی ئاسن و پۆڵا سواری ئەسپی شین بۆرە بوو هاتە مەیدان و داوای لە خەڵکی «زامۆڕا» کرد ئەگەر خۆیان بە پیاو دەزانن بێنە مەیدان تا تۆڵەی کوڕە مامی خۆی «سانکۆی دلاوەر» کە بە دەستی ولیدۆ دۆلفۆس کوڕی دۆلفۆس و ولیدۆ کوژرابوو، لە وان بستێنێتەوە. ئەو پیاوە ئاوای بە خەڵک گوت: «ئەی خەڵکی زامۆڕا، من ئێوەی غەیان و ڕێگر و جەردە و ناپیاو بۆ بەرەنگاوی گاس دەکەم. من مردووەکانتان و ئیسک و پرووسکی باب و باپیرانتان لە قەبرەکانیان دێنمە دەر. ژن و پیاو مناڵەکانیان و تەنانەت ئەوانەی دەسکی دایکیان دان یا ئەوانی لەمەو پاش لە لەدایک دەبن بانگهێشت دەکەم بێنە سەرە جەنگی من. گەورەکانتان، چووکەکانتان ماسیی نێو ئاوەکانتان و تەنانەت ئاوی ڕووبارەکانیشتان بۆ شەڕ گاس دەکەم.... (مۆریس باردۆن)





بەسەر زاریدا دێ دەیڵێ و هیچ شتێک ناتوانێ دەمی ببەستێ. ئێستا کەوایە، یانی بێ حورمەتیی تەنیا کەسێک بەوڵات، بەکۆمار، بەشار بەناحیە و گوند بەسووکایەتی لە قەڵەم نادرێ، ئاشکرایە کە چەک هەڵگرتن و لەشکرکێشان بۆ تۆڵە وەرگرتنەوە لە شتێکی بێ بنەتا، کارێکی بێهوودە و ناڕەوایە. بەڕاستی تەماشا کردنی ئەو دیمەنە چەندە پێکەنینی و گاڵتەیە کە گۆزەکەران[٣٩٧] و تەماتە فرۆشان[٣٩٨] و حەماڵان[٣٩٩] و سابوون کەران[٤٠٠]، بچنە شەڕی ئەوانەی کە دەڵێن ئێوە زەڕاندووتانە و یەکتری قەڵتوبڕ بکەن. یا کەسانێک کە مناڵانی کووچە و کۆڵان وەدوایان دەکەون و شتێکیان پێ دەڵێن وەخۆ کەون و ئەو مناڵانە قەتڵی عام یا کوتەککارییان بکەن! بەڕاستی دیتنی ئەم شانۆگەرییە چەندە دڵهەژێنە کە خەڵکی ئەم شارە پێشکەوتووانە هەموو کات ڕقیان لێک بێ و دە فکری تۆڵە سەندنەوە لە یەکتردابن و دەست بۆ شمشیر بەرن. بەبۆچوون و بڕوای من تەنیا چوار شت هەن کە دەبێ کۆمارەکان و مرۆڤە زاناکان بەخاتری ئەوان دەست بۆ شمشێر بەرن و گیان و ماڵی خۆیان لە ڕێیاندا فیدا بکەن. یەکەم؛ بەرگری لە دینی کاتۆلیک، دووەم؛ پاراستنی گیان کە ئەرکی شەرعی و عورفیی هەموو مرۆڤێکە، سێیەم؛ پاراستنی شەڕەف و ئابڕوو و ژن و منداڵ، چوارەم؛ لە خزمەتی سوڵتاندا و لە شەڕێکی بەرحەقدا، وە ئەگەر بمانەوێ پێنجەمیشی لێ زیاد بکەین، وڵاتپارێزی و بەرگریکردن لە نیشتمانە کە دەتوانین لە ڕەدەی دووەمدا جێی بۆ بکەینەوە. هێندێک واری کەمبایەختریش هەن کە دەکرێ شەڕیان بۆ بکەی. بەڵام بەڕاستی شەڕ کردن لەسەر شتێکی مناڵانە و بابەتێک کە هیچ باری سووکایەتیی تێدا نییە، باری سەرگەرمی و گاڵتە و پێکەنینی هەیە، کارێکی دوور لە عەقڵ و مەنتیقە. لە لایەکی تریشەوە تۆڵە ئەستاندنەوەیەکی بێجێ (هەر چەند هیچ تۆڵە کردنەوەیەک بەجێ نییە) کارێکە پێچەوانەی دینی مەسیح و دەگەڵ ڕێباز و تەریقەتی ئێمە یەک ناگرنەوە. دینێک کە بەئێمە ئەمر دەکا دەگەڵ دوژمنانی خۆشمان چاکە بکەین و ئەوانەی نەفرەتیان لێمان هەیە، خۆشمان بوێن. ڕەنگە دەکار کردنی ئەم فەرمانە ئاینییانە هێندێک دژوار بن، بەڵام مەگەر بۆ ئەوانەی خودایان وەلاناوە و بەدنیاوە نووساون، دەنا

٣٩٧– مەبەست لە گۆزەکەران، خەڵکی شاری والادۆلیدە کە سەنعەتی سواڵەت سازی و گۆزە و دیزە دروست کردنیان هەبوو.

٣٩٨– تەماتە فرۆش لە قەبی خەڵکی «تۆلید» ە کە لە مەزراکانیاندا زۆریان تەماتە بەرهەم دێنا.

٣٩٩– حەماڵان نازناوی خەڵکی مادرید بوو.

٤٠٠– سابوون کەرانیش بە خەڵکی سیویل دەگوترا. (مۆریس باردۆن)

ئەوەندەش دژوار نییە. لە ڕاستیدا عیسا مەسیح کە خودای ئێمەیە، مرۆڤێکی بەڕاستی بوو، کەسێکیش بوو کە هەرگیز درۆیەکی بەسەر زاریدا نەهات. لە شەریعەتێکدا کە بۆ ئێمەی بەجێ هێشت، ئاوای گوت کە من نیرێکی کە دەکریێ بیکێشی، لەسەر ملمە و بارێکی سووکم لەسەر شانە. کەسێکی لەم چەشنە نەیدەتوانی ئەمرێک بەئێمە بکا کە دەکار هێنانەکەی دژوار بێ. کەوابوو ئەی بەڕێزان، ئێوە ئەرکی سەرشانتان ئەوەیە کە بەپێی قانوونی شەرع و عورف تووڕەییی خۆتان قووت بدەنەوە و ئارام بگرن و چەک دابنێن.» سانکۆ لەم ساتەدا وەقسە هات و گوتی: «لەعنەتی شەیتان لە من، ئەگەر ئەم ئەربابەی من موجتەهیدی[*] (جامع الشرایط) نەبێ و ئەگەر نەشبێ وەها وێک دەچن کە دەڵێی سێوێکن و لە نێوەڕاستدا لەت کراون.»

دۆن کیشۆت ساتێک بێدەنگ بوو، بۆ ئەوەی پشووی بێتەوە سەرخۆ. کە دیتی ئامادە بووان هەروا بێدەنگ و کڕ و ماتن و بەئیشتیاوە چاویان دەو بڕیوە، ویستی لەو دەرفەتەش کەڵک وەربگرێ و لەسەر قسەکانی خۆی بڕوا. بێگومان ئەگەر سانکۆ سەگیەتیی نەکردبا و خۆی ناویشتبایە نێو قسان، پاڵەوان دیسان دەستی دەکردەوە بەمەوعیزە و نوتق کردن. بەڵام سانکۆ کە دیتی ئەرباب بێدەنگە، خۆی دەستی پێ کرد و گوتی: «ئەربابی گەورەواری من دۆن کیشۆتی مانش کە ڕۆژگارێک بەناوی پاڵەوانی خەمگین ڕوخسار دەناسرا و ئەمڕۆ ناوی پاڵەوانی شێرکوژی لەسەرە، نەجیب زادەیەکی عاقڵ و فەرزانەیە کە زبانی لاتین و زبانی ئیسپانیایی وەک خوێندکارێکی زانکۆ دەزانێ. ئەو پاڵەوانە هەر بەڵێنێکی بیدا یا هەر ڕێنوێنی و نسحەتێکی بیکا خۆی ئەنجامی دەدا و تەواوی ڕێوڕەسم و یاسای شەڕی تەن بەتەن دەزانێ. کەوابوو هیچ کارێک لەوە باشتر نییە کە هەرچی ئەو دەفەرموێ بەقسەی بکەن و ئەگەر زەرەرتان کرد، ئەوە پشتی[*] من و داری ئێوە. لەوەش تێ پەڕێ، شەڕ کردن و تووڕە بوون بەخاتری بیستنی زەڕەی کەرێک کەریەتییەکی گەورەیە. من باشم لە بیرە کاتێک منداڵ بووم هەرکات وازم لێ با، دەستم دەکرد بەزەڕین، بێ ئەوەی کەس شتێک بڵێ یا لۆمەم بکەن. ئەو کارەشم ئەوەندە بەتەواوی ئەنجام دەدا و ئەوەندە ئاهەنگی زەڕینەکەم سروشتی بوو کە دەگەڵ بیستنی دەنگی من هەموو کەرەکانی گوندیش دەستیان بەزەڕین دەکرد. بەو حاڵەشەوە من هەر ئەوە بووم کە بووم و هەر کوڕی دایک و بابی خۆم بووم و ئەوانیش خەڵکێکی بەڕێز و شەڕافەتمەند بوون. من هەر بەم تاقە هونەرەی خۆم چەند کەس لە پیاوانی ناسراو و بەڕێزی دێ ئێرەییان پێ دەبردم کە من هیچ بایەخم بۆ دانەدەنا. ئەوجار بۆ ئەوەی بزانن کە من ڕاست دەڵێم و درۆ ناکەم سەرنج بدەن، گوێ بگرن





کە ئەم هونەرەش وەک هونەری مەلەوانی وایە، یانی مرۆڤ کە فێری بوو هەرگیز فەرامۆشی ناکا.

سانکۆ ئەوەی گوت و دەسبەجێ کەپۆی خۆی گرت و بەدەنگی بڵیند دەستی کرد بەزەڕین، بەجۆرێک کە دەنگی زەڕەزەڕی لە تەواوی دۆڵ و دەرەی ئەم دەڤەرەدا دەنگی دایەوە. بەڵام یەکێک لە پیاوانی گوند بەپێ وابوونی ئەوەی کە سانکۆ گاڵتە بەئەوان دەکا، بەچۆماغی دەستی وەهای لە تەپڵە سەری دا کە ئەو چارەڕەشە بەعەرزیدا کەوت. دۆن کیشۆت کە سانکۆی بەو حاڵەوە چاو پێ کەوت نێزەی بەحاڵەتی هێرش بردن بەرەو کابرا ڕاگرت و بۆی چوو، بەڵام جەماوەرێکی زۆر خۆیان خستە نێوانی و نەیانهێشت دۆن کیشۆت تۆڵە لە کابرا بکاتەوە. بەپێچەوانەوە، پاڵەوان کە دیتی بارانی بەردی بەسەردا دەبارێ و کەوانەکانیان بەرامبەر بەو کێشاوە و بەشمخاڵ سیرەیان تێ گرتووە، جڵەوی ڕۆسی نانتی باداوە و بەوەندەی کە ڕۆسی نانت توانا و تاقەتی بوو تێی قووچاند و هەڵات. لە حاڵێکدا کە پشتی کردبووەوە و دوور دەکەوتەوە لەبەر خودا دەپاڕاوە کە گوللەی شمخاڵێک وە گازەرەی پشتی نەکەوێ و لە سینگی نەیەتە دەر. پاڵەوان جارجار ساتێک ڕادەوەستا و خۆی دەحەساندەوە، بەڵام چەکدارانی فەوجە کە وەدوای نەکەوتن و شمخاڵیشیان بۆ دەکار نەکرد.

لەو لاش سانکۆ دەگەڵ وەهۆش هاتەوە، پیاوانی فەوجەکە سواری کەرەکەیان کردەوە و ئازادیان کرد تا بگەڕێتەوە لای ئەربابەکەی؛ ئەڵبەتە حاڵی سانکۆ ئەوەندە خراپ بوو کە خۆی نەیدەتوانی کەرەکەی بۆ لای ئەرباب لێ خوڕێ، بەڵکو کەرە بۆز بوو کە بەپێی عادەتی هەمیشەیی خۆی وەدوای ڕۆسی نانت دەکەوت و نەیدەتوانی لەو هاوڕێ خۆشەویستەی جیا بێتەوە. کاتێک دۆن کیشۆت ئەوەندە دوور کەوتەوە کە دوژمنان دەستیان پێ ڕانەگا، ئاوڕێکی بۆ دواوە داوە و چون سانکۆی بەتەنیا چاو پێ کەوت و کەسیشی بەدواوە نەبوو لەسەری ڕاوەستا. پیاوانی فەوجەکە تا داهاتنی شەو ڕاوەستان و چون دوژمنانی ئەوان خۆیان تێ نەگەیاندن و بۆیان نەچوونە مەیدان، هەموو بەکەیف و خۆشحاڵی بەرەو گوندی خۆیان گەڕانەوەو ئەگەر لە عادەت و ڕەسم و دابونەریتی یونانییانی قەدیم ئاگادار بووبووایەن لەوانە بوو تەنانەت لە مەیدانی ئاواییدا بینایەی گەورەیان بۆ یادگاریی ئەو سەرکەوتنە دروست کردبایە!

٢٨

## لەمەڕ ئەو بابەتانەی کوڕی ئەنجەلی دەیانڵێ و هەر کەس بەوردی بیانخوێنێتەوە لێیان تێ دەگا

کاتێک پیاوی ئازا و بوێر ڕێگەی هەڵاتن دەگرێتە بەر، لەبەرئەوەیە کە دوژمن بەحەشارگەی ئەوی زانیوە و ئاشکرایە کە پیاوی تێبین و کارزان دەبێ خۆی بۆ دەرفەت و هەڵکەوتی باشتر ڕابگرێ. ئەم ڕاستییە ئاشکرا لە جەنابی دۆن کیشۆتدا وەڕاست گەڕا، دیتمان کە ئەو پاڵەوانە ناودارە مەیدانی بۆ جۆش و جەولەی ڕق و تووڕەیی خەڵکی گوندی ڕشقەن پێکراو چۆڵ کرد و لە دەست جەماعەتێک پیاوی دەروون ناپاک و بەرقدا چوو کە قەستی سەریان کردبوو، خۆی دەرباز کرد، بێ ئەوەی دەروەستی سانکۆپانزا و ئەو مەترسییە بێ کە ئەوی تێکەوتبوو، بەمجۆرە تا ئەو جێگەی پێویست بوو دوور کەوتەوە تا خۆی لە مەترسی دوور بخاتەوە. سانکۆش وەک گوتمان بەدوای ئەربابدا دەڕۆیشت و دوژمنان ئەویان پشتەوپێش سواری کەرەکەی کردبووەوە. کاتێک گەیشتە لای ئەرباب تەواو هاتبووەوە سەرخۆ، وە لە حاڵێکدا جەستەی شەکەت و کوتراو بوو، لەبەر ئێش و ئازاریش هەناسەی سوار بووبوو، خۆی هاویشتە بەر پێی ڕۆسی نانت. دۆن کیشۆت دەسبەجێ خۆی لە ئەسپەکەی فڕێ دا خوار و دەستی کرد بەپشکنینی حاڵ و ڕۆژی سانکۆ و کە دیتی عەلەمی(*) خودای لێ نییە، بەتووڕەیی و غەزەبەوە تێی ڕاخوڕی و گوتی: «سانکۆ، پیاوی چاک، ئەوە وەخت بوو تۆ دەست بکەی بەزەڕاندن! ئاخر خانە خراپ! لە کوێت بیستووە لە ماڵە کەسێک کە مار پێوەی داوە، باسی جوانیی مار بکەی و تەنافی ڕەش و سپی بڵاو کەیەوە؟ بۆ هاوئاهەنگی دەگەڵ مۆسیقای زەڕینی گوێدرێژێک کە تۆ بێ،چ شتێک لە زەرب و زرمە و کوتەی کوتەکی ئەو بێ عەقڵانە باشتر بوو؟ دەبێ بچی شوکری خودا بکەی کە بەجێگەی پەیاغ و چۆماغ بەنووکەڕمب و شمشیران ئەنجن ئەنجنیان نەکردووی.» سانکۆ گوتی: «من توانای وەڵامدانەوەم نییە، چون دەردی دەروونم دەبێ لە شان و پیلم بپرسی. هەرچی بوو ڕابرد، با سوار بین و لێرە دوور کەوینەوە. من لەمەو دوا تێ دەکۆشم هەوای زەڕاندن نەکەوێتە سەرم، بەڵام ناتوانم ئەوەش نەڵێم کە پاڵەوانانی سەرگەردان لە مەعرەکە هەڵدێن و مەیتەرانی دەروون پاک و بێ فێڵ و تەڵەکەی خۆیان بەبرینداری و کوتراوی لە دەست دوژمناندا بەجێ دێڵن.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ، پاشەکشە هەڵاتن نییە و تۆ





دەبێ بزانی ئەگەر ئازایەتی دەگەڵ تێبینی و ئیحتیات تێکەڵ نەبێ، دەبێتە هەڵەشە بوون و جەسارەت و ئەگەر ئەم هەڵەبازانە فەتح و سەرکەوتنیشیان بەنسیب بێ، بەهەڵکەوت و سوتفە دادەندرێ و بەخت و نێوچاوان یاریدەی کردوون نە ئازایەتی و بوێریی زاتی و سروشتی. کەوابوو من ددان بەوەدا دەێنم کە لە مەیدان پاشەکشەم کرد، بەڵام قبووڵ ناکەم ناوی لێ بنێین هەڵاتن و پشت کردنەوە. سەرمەشقی من لەم کارەدا تاقمێکی زۆر لە مێرئازایان و بوێرانن کە خۆیان بۆ دەرفەتی باشتر ڕادەگرت و لاپەڕەکانی مێژوو لە باسی ئەو جۆرە پاشەکشە و خۆڕاگرتنانە تەژین، بەڵام چون ئێستا گێڕانەوەیان، نەخۆشییەکی بۆ من تێدایە و نە قازانجێکیشی بۆ حاڵی تۆ هەیە، لێی دەگەڕێم.»

بەڵێ جا، سانکۆ بەیارمەتیی دۆن کیشۆت سواری کەرە بۆز بووەوە و پاڵەوانیش لەسەر پشتی ڕۆسی نانت قیت و قنج دانیشت و هەر دووکیان نەرم نەرم وە ڕێ کەوتن تا گەیشتنە قەڵەمستانێک لە داری سپیندار(*) کە لە مەودای چارەگە فەرسەخێکدا لێیان وەدەر کەوتبوو. سانکۆ جاروبار هەناسەیەکی پڕ لە ئێش و ئازاری هەڵدەکێشا. دۆن کیشۆت هۆی ئەم هەناسەساردی و ئێش و ئازارەی لێ پرسی. سانکۆ گوتی کە لە بنەبانی تیغەرەی پشتیەوە تا پشت ئەستۆی ژانێکی وەهای تێ وەستاوە(*) کە بڕستی لێ بڕیوە و لەوانەیە کە لەبەری بێ هۆش بێ. دۆن کیشۆت گوتی: «دەبێ هۆی ئەم دەردە زۆرە ئەوە بێ کە ئەو کوتەکەی وێت کەوتووە، بەدارێکی درێژ بووبێ کە هەموو پشتی تۆی گرتبێتەوە. بۆیە هەموو تیغەرەی پشتت ژان دەکا. دەنا ئەگەر دارەکە هەر وەجێگەیەک کەوتبایە هەر ئەوێ دێشا و ژانی دەکرد.» سانکۆ هاواری لێ بەرز بووەوە: «ڕاستی کە جەنابت چاکت چارەی دەردم کرد و سەیر ئەو مەسەلەیەت شی کردەوە! خودا ئەمن بکوژێ و بۆ خۆی بەرێتەوە! ئاخر پیاوی چاک ئێش و ئازاری من ئەو لێکدانەوەی بۆ چییە و جەنابت دەبێ حەتمەن بفەرمووی ئەو جێگەیەی داری وێ کەوتووە دێشێ؟ ئەگەر گوێزینگی لاقم ئێشابایە، جێگەی خۆی بوو کە جەنابت لەوە بکۆڵییەوە کە بۆ دێشێ، بەڵام تێگەیشتن لەوەی کە بۆچی ئەو شوێنەی داری وێ کەوتووە ئازارم دەدا لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی بۆ چییە؟ ئەربابی خۆشەویستم، باوەڕ بفەرموو کە ئیدی لەم جیهانەدا هیچ کەس دە فکری هیچ کەسدا نییە و من کەم کەم لێم حاڵی بووە کە هەرچی زۆرتر دە خزمەت بەڕێزتاندا تەمەنی خۆم بەبا بدەم، کەمتر لە لێواری دەریای بەختەوەری و حەسانەوە نزیک دەبمەوە. ئەگەر ئەمجار منت دە ژێر بارانی کوتەک و گۆپاڵی دوژمندا بەجێ هێشت دەزانم جارێک و سەد جاری تریش لەو حاڵەتەدا بەجێم دەهێڵی و داستانی سەر لێفەم بۆ دووپات دەکەیتەوە و هەزار بەڵای ترم بەسەر دێنی

و ئەگەر ئەمڕۆ زەبری دار و گۆپاڵ گەیوەتە نێو شانم، بەدووری نازانم جارێکی تر سەر و گۆیشمی دەگەڵ بهارن. لە ڕاستیدا حەق ئەوە بوو من فکرێکی باشتر بۆ حاڵی خۆم بکەمەوە، بەڵام من لە کوێ و فکر کردنەوە لە حاڵی خۆم لە کوێ؟ من پیاوێکی کەر و نەفام و بێ شعوورم و قەت ناتوانم فکرێک لە حاڵی خۆم بکەمەوە. بەڵێ حەق ئەوە بوو کەمن فکرێکی باشترم لە حاڵی خۆم کردبایەوە، یانی گەڕابامەوە ماڵێ خۆم و ژن و منداڵە خۆشەویستەکانی خۆم بدیبایەوە و بەهەر چی خودا بۆی دیاری کردبایەم، ژن و منداڵی خۆم بەخێو کردبایە و منداڵەکانم بەخێو دەکرد و ئیدی بەدوای بەڕێزتاندا بەو دۆڵ و دەشت و چۆلوهۆڵانەدا حۆل حۆل نەدەخولامەوە و ئاوا بۆ پاروە نانێک بەحەوایدا نەدەچووم(*). باسی شوێن و جێگەی حەسانەوە و خور بکەم؟ هەر کە پرسیم ئەرباب من لە کوێ بخەوم، دەڵێ؛ ئەی مەیتەری من، بەئەستۆی شکاوتەوە شەش زەرع(*) لەم عەرزە بپێوە و بۆ خۆت لەسەری وەرکەوە و جینگلان بدە! بەهبەهـ، عومر و خۆشگوزەرانی بەوە دەڵێن! خودایە خۆڵەمێشی ئەو کەسە بەبا بدە و ئاور دە گیانی بەر بێ کە یەکەمجار مەیتەریی پاڵەوانانی سەرگەردانی پێشووی، کە بێگومان بێ عەقڵترین و کەرترین تاقمی زەمانی خۆیان بوون، وە عۆدە گرت! من باسی پاڵەوانانی سەرگەردانی ئەم سەردەمەی خۆمان ناکەم، چون بەڕێزتان لە زومرەی(*) ئەو دەستەیەن و لەبەرئەوە من ناچار ڕێزیان بۆ دادەنێم؛ بێجگە لەوەش بەڕێزتان پاڵەوانێکی زانا و لە هەرچیدا دەیکەی و دەیڵێی لە شەیتان ئاگادارتری.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ من مەرجت دەگەڵ دەبەستم، ئەویش ئەوەیە ئێستا کە بێ پەروا شووت لێ هەڵکێشاوە و ئەوەی دەیڵێی نایڵێیەوە و هەرچی بەسەر زبانتدا دێ و بەزەینت دەگا بێ ترس و واهیمە بەمنی دەڵێی، حازرم بەو خودایە سوێند بخۆم ئەوەی ئێش و ئازار بێ، دە جەستەتدا نییە و لەخۆڕا خۆت لێ هێناومەتە حاڵی جاوی(*). زۆر چاکە کوڕی باش، هەرچی دڵت دەیەوێ بیڵێ، هەرچی هەیە هەڵی ڕێژە و من هیچ بەدڵی ناگرم(*) و ئەو هەموو بێ شەرمی و قەرەچەناغییەی تۆ قبووڵ دەکەم بەو مەرجەی تۆ هیچ جێگەیەکت نەهێشێ؛ زۆر باشە، بەڕاستی ئەگەر پێت خۆشە بگەڕێیتەوە ماڵ و چاوت بەژن و منداڵی خۆت بکەوێ، خودا ڕووم ڕەش بکا ئەگەر بمەوێ پێشت پێ بگرم، تۆ قەرزت لەسەر من هەیە، کەواتە دابنیشە و حیسابی بکە، بزانە لە دەرکەوتنی سێیەمەوە تا ئێستا دەبێتە چەند ڕۆژ و پاشان بزانە لە ڕووی ویژدانەوە مووچەی مانگانەت چەندە و دەبێ چەندەم لێ وەربگری، پاشان پووڵی منت بەلاوە هەیە، قەرزی خۆتی لێ هەڵبگرە.» سانکۆ گوتی: «ئەو زەمانی کە بەلای «تۆمە کاراسکۆی» باوکی سامسۆن کاراسکۆی خوێندکارەوە کارم دەکرد، بێجگە لە





شام و نەهار مانگانە دوو «دۆکا»م وەردەگرت، بەڵام نازانم جەنابت دەتەوێ چەندەم بدەیتێ، تەنیا ئەوەندە دەزانم کە خزمەت کردن یا مەیتەریی پاڵەوانانی سەرگەردان، زۆر لە کار کردن لە مەزرادا زەحمەتترە؛ ئاخر هەر چی بێ ئێمە خۆمان وەرزێرین و دەزانین هەرچەندی کارەکەمان لە مەزرادا سەخت و دژوار بێ و ڕۆژانە هەرچەندی کوێرەوەری بکێشین، شەوێ خۆراکێکی گەرم و خۆش دەخۆین و دە نوێنوبانێکی نەرم و پاک و خاوێندا دەخەوین، بەڵام لەو ڕۆژەوە کە دە خزمەت بەڕێزتاندا دێم و دەچم بێجگە لەو چەند ڕۆژەی لە ماڵی نەجیبزادە دۆن دیەگۆ میراندادامیوان بووین و ئەو چەند پاروە بەلەزەتەی لە مەنجەڵەکانی بەزمی زەماوەندی کاماشدا وەگیرم کەوت و بێجگە لەو نان و خوان و شەڕابەی لە ماڵی بازیل چاوم پێ کەوت باقیی ڕۆژەکان و شەوەکان لەسەر عەرزی ڕەق نووستووم و وەبەر زەبری باو بۆران و هەزار شتی تر کەوتووم کە بەڕێزتان ناوی بێ لوتفی و ناسازگاریی سروشتتان لەسەر داناوە. خۆراکیشم نانی وشک و پەنیری کەڕوو لێ نیشتوو بووە و بەجێگەی شەڕابیش لە ئاوی جۆگە و جۆبار و کانیاوەکان کە دەو بیابانانەدا تووشیان هاتووین، خواردومەتەوە.» دۆن کیشۆت گوتی: «باشە سانکۆ، گریمان هەر چی گوتت با ڕاست بێ، ئێستا فەرموو بزانم دەبێ چەندت لەوە زیاتر بدەمێ کە تۆمە کاراسکۆ پێی دەدای؟» سانکۆ گوتی: «پێم وایە ئەگەر بەڕێزتان بتانتوانیبایە دوو ڕیاڵ زۆرتر لەوەی ئەو دەیدامێ، بەمن بدەی زۆر ڕازی دەبووم و ئیتر لە بواری مووچە و بەراتەوە نیگەرانیم نەدەما، وە بەڵام بۆ قەرەبووکردنەوەی بەڵێنی حکوومەتی دوورگە کە بەمنت داوە، حەق ئەوەیە کە شەش ڕیاڵم زۆرتر بدەیتێ تا سەرجەمی مووچەکەم ببێتە سی ڕیاڵ.» دۆن کیشۆت گوتی: «باشە سانکۆ، ئەوڕۆ دروست دەبێتە بیست و پێنج ڕۆژ کە لە گوندی خۆمان وەدەر کەوتووین، کەوابوو بەپێی ئەوەی گوتت بزانە دەکاتە چەند و بەدەستی خۆت مووچەی خۆت بدە بەخۆت.» سانکۆ گوتی: «یا حەزرەتی مریەم، بەڕێزتان لەو حیساب کردنەدا چەندە بەهەڵەدا چوون! لەمەڕ دەسەڵاتداریی دوورگەوە لەو ڕۆژەوە کە بەڵێنیت پێداوم تا ئێستای حیساب بفەرموو.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ تۆ پێت وایە زۆر لە مێژە گفتی دەسەڵاتی دوورگەم پێ داوی؟» سانکۆ گوتی: «ئەگەر باشم لە بیر بێ دەبێتە بیست ساڵ سێ ڕۆژ کەمتر یا زۆرتر.» بەبیستنی ئەم قسەیە دۆن کیشۆت دەستی بەنێوچاوانی خۆی دادا و قاقا دەستی کرد بەپێکەنین و گوتی: «سەیرە! سەیرە! لەو ڕۆژەوە کە ئێمە پامان ناوەتە ئەم ڕێگەیە و من لە کێوەکانی سیرامۆنادا بووم، زۆرتر لە دوو مانگ تێ نەپەڕیوە و تۆ سانکۆ، دەڵێی بیست ساڵە بەڵێنی دوورگەم بەتۆ داوە؟ لەو قەرارە دەتەوێ

هەرچی پارەی بەلای تۆمەوە هەیە هەڵی گری و برۆی؟ ئەگەر خواستی تۆ ئەوەیە، هەر ئێستا هەرچی بەلای تۆوە هەمە ئەوە پێم بەخشی و پووڵی خۆت هەڵگرە. ئەمن بەخێر و تۆ وەسلامەت! چون من پێم باشترە وە سواڵ کەوم و یەک فلسم پێ نەبێ، بەڵام لە شەڕی مەیتەرێکی وەک تۆ ڕزگارم بێ! ئاخر ئەی تێکدەری یاسا و دابونەریتێک کە پاڵەوانانی سەرگەردان بۆ مەیتەرانیان داناوە، بڵێ بزانم لە کوێت دیتووە یا خوێندووتەوە کە مەیتەری پاڵەوانی سەرگەردان دەگەڵ ئەربابی خۆی باسی حیساب و کیتاب بکا و بڵێ دەبێ لە مانگدا ئەوەندەم بدەیتێ تا خزمەتی تۆ بکەم؟ ئاخر، ئەی دز، ئەی ڕێگر، ئەی دڕندە، ئەی ئەو کەسەی وە هەرچی گوتم دەچی، بڕۆ بپرسە و لێکۆڵینەوە بکە و بەخوارە پێچەکەی داستانە پاڵەوانییەکاندا بڕۆ خوار، وە ئەگەر دیتت کە جارێک لە جاران مەیتەرێک ئەو قسانەی بەئەربابی خۆی گوتبێ یا فکرێکی ئاوای کردبێتەوە وەرە بزمارێک لە نێوچاوانی من دابکوتە و چوار شەپلاغەشم لێ ڕاکێشە. بەهەرحاڵ، هەوساری کەرت وەرگێڕە و بەرەو ماڵ بەغاردان وەڕێ کەوە و بزانە کە حەقت نییە یەک هەنگاوی تر دەگەڵ من بەرێدا بڕۆی. نمەک بەحەرام! حەیف بۆ ئەو گفتەی بەتۆم دا! بڕۆ ئەی خوێڕی کە زۆرتر وە جانەوەر دەچێ تا مرۆڤ! ئێستا کە دەمویست تۆ بەرەو پلە و پایەی بەرز بەرم و بتگەیەنمە جێگەیەک کە بەپێچەوانەی ژنەکەت خەڵک بەخان و جەنابی حاکم ناوت بەرن، من بەجێ دێڵی؟ ئێستا کە بڕیارم داوە بتکەمە فەرمانڕەوای باشترین دورگە وەدوای کاری خۆت دەکەوی؟ بەڵێ، هەر وەک زۆر جار خۆت گوتووتە، حەیفە سێوی سوور بدەیتە دەستی شکاو! تۆ لە بنەڕەتدا بەکەری لە دایکت بوویت و بەکەریش لە دنیا دەڕۆی. چون لێم سوورە پێش ئەوەی لە کەریەتیی خۆت حاڵی بی، دەتۆپی و دەمری!»

لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە دۆن کیشۆت سانکۆی بەو قسە تاڵ و ناحەزانە دەکوتا، ئەو بێدەنگ و هەست و خوست گوێی ڕاگرتبوو و خیرە خیرە دە ئەرباب دەفکری؛ بێچارە سانکۆ هەستی بەپەشیمانییەکی گیان هەژێن دەکرد و فرمێسک دە چاوانیدا شەپۆلانی دەکرد. سەرئەنجام دەستی بەقسان کرد و گوتی: «ئەربابی عەزیز و دڵۆڤانم، بەو خودایە کە من لە کەر تەنیا کلکم کەمە و ئەگەر بەڕێزتان ئەمر بفەرموون کلکێکم وە پاشەڵێ بێخن بەمەیل و ڕەزامەندی قەبووڵی دەکەم و تا عومرم هەبێ حازرم وەک گوێدرێژێکی فەرمانبەر، دە خزمەتتدا بم. لە ئێوەی پایەبەرز تکا دەکەم عەفووم بکەن و بەزەییتان بەلاوەتیی مندا بێت. سەرەنج بدەن کە من بنیادەمێکی نەفام و بێ عەقڵم و شتێک لە ژیان تێناگەم و ئەگەر زۆرتر لە سنووری خۆم قسە دەکەم لەبەر نەفامی و بەدبەختی و چارەڕەشیی خۆمە نە لە





شەیتانی و بەدفەڕی؛ ئەوەش بزانە کە هەر کەس گوناه بکا و کەفارەی گوناهی خۆی بدا، دەتوانێ چاوەڕوانی بەزەیی و ڕەحمەتی خودا بێ.» دۆن کیشۆت گوتی: «ڕاستی سانکۆ، تۆ ئەگەر پەندێکی هەر چەند چکۆلە و بێ بایەخیش، دە قسەکانی خۆتدا نەهێنابایە دەبوویە هۆی سەرسوڕمانی من. بەهەرحاڵ بڕۆ ئەوە بەخشیمی، بەو مەرجە کە خۆت چاک بکەی و لەمەودوا هێندە خۆت پابەندی پارە و ماڵی دنیا نیشان نەدەی. بڕۆ خاتر جەم بەو هیوا و ئازایەتی بخە ناو دڵت و بەسەبر و حەوسەلەوە چاوەڕوان بە کە من بەوەعدەکانی خۆم وەفا بکەم، وەعدەکانی من ڕەنگە وەپاش کەون، بەڵام هەرگیز لە بیر ناکرێن.» سانکۆ جوابی داوە کە بەرەزامەندی ئامادەیە ملکەچی ئەمر و فەرمانی ئەربابی خۆی بێ، هەرچەند بەمرادیش نەگا. پاش ئەو قسانە هەردووکیان چوون دە مێشەوە. دۆن کیشۆت لە بن دارە ناروەنێک ڕاکشا و سانکۆش پەنای بردە بەر سێبەری دارە بووزێک کە سایە و سێبەریان لە داری تر زۆرترە. سانکۆ ئەو شەوەی زۆر بەناڕەحەتی ڕابوارد چونکە سۆز و نمی شەوانە ئێش و ئازاری جەستەی دارکاری کراوی زۆرتر کردبوو. بەو حاڵەشەوە هەر دووکیان خەوتن و بەیانی هەستان و بۆ دۆزینەوەی ڕەخەکانی(*) ڕووباری «ئێبەر» کەوتنە ڕێ.

## ٢٩

## لەمەڕ ڕووداوی بەناوبانگی بەلەمی جادوو

دۆن کیشۆت و سانکۆ پاش دەرکەوتن لە جەنگەڵ، دوو ڕۆژی تەواو بەڕێگادا ڕۆیشتن تا سەرەنجام گەیشتنە لێوارەکانی ڕووباری «ئیبەر». دیتنی ئەو ڕووبارە کەیف و سەرخۆشییەکی تایبەتی دا بەدۆن کیشۆت. پاڵەوان بەدیتنی دیمەنە جوانەکانی قەراخ چۆم و ساغی و زولاڵیی ئاوەکە و ئارامی و شکۆی ڕۆیشتنی ئەو ئاوە و زۆری و زەوەندیی ئەو بلوورە بێ گەردە ڕەوانە، سەد هەزاران خەیاڵی شیرین و دڵدارانەی تێدا زیندوو بووەوە؛ بەتایبەت ڕووداوەکانی ئەشکەوتی مۆنتەزینووسی کەوتەوە بیر و هەرچەند مەیموونی غەیبزانی مامۆستا پییەر پێی گوتبوو کە نیوەی ئەو شتانەی لەوێ دیتبووی ڕاستن و نیوەشی درۆن، بەپێچەوانەی سانکۆ کە هەمووی هەر پێ درۆ بوو، ئەو خۆی، ئەو ڕووداوانەی بەتەواوی بەدروست و ڕاست دەزانی.

دۆن کیشۆت هەروا کە بەقەراخ ڕووبارەکەدا دەڕۆیشت، بەلەمێکی گچکەی چاو پێ کەوت کە بایەوان و سەوڵ و شوراعی(*) نەبوو و لە گۆشەیەکی لێواری ڕووبار بەدارێکەوە بەسترابووەوە. چاوی بەهەموو لایەکدا گێڕا، بەڵام کەسی چاو پێ نەکەوت. پاڵەوان دەسبەجێ لە ڕۆسی نانت دابەزی و بەسانکۆشی کوت لە کەرە بۆز دابەزێ و هەردووک سوارەبەرەکان لە سپی دار یا پۆلە بییەک ببەستێتەوە. سانکۆش هۆی ئەو کارەی لە ئەرباب پرسی. دۆن کیشۆت لە وەڵامدا گوتی: «سانکۆ بزانە و ئاگا بە ئەم کەشتییە کە هەر ئێستا بانگم دەکا و ئەمری سوار بوونم پێ دەدا، بێگومان بۆ ئەوەی لێرە داندراوە کە من تێیدا دابنیشم و بەیارمەتیی ئەو، بەو ڕووبارەدا بپەڕێمەوە و بەپاڵەوانی سەرگەردان یا پیاوێکی نەجیب و ماقووڵی تر کە لێی قەوماوە و تووشی بەڵا و موسیبەت بووە، یارمەتی بگەیەنم. بەڕاستی ئەم مەسەلەیە دەگەڵ ئەو بابەتانەی کە دە کتێبەپاڵەوانییەکاندا هاتوون بێ کەموزیاد یەک دەگرنەوە و کار، کاری ئەو جادووگەرانەیە کە ناویان زۆر جار دەو کتێبانەدا دەبیندرێ؛ بەپێی بابەتێک کە دەوان کتێبانەدا نووسراوە، دەگەڵ یەکێک لە پاڵەوانانی سەرگەردان تووشی موسیبەتێک بوو کە ڕزگار بوون لەو بەڵایە تەنیا بەدەست پاڵەوانێکی سەرگەردانی تر دەتوانێ ئەنجام بدرێ، هەرچەند ئەم دووە مەودای دوو یا سێ هەزار فەرسەخیش لێک دوور بن، سیحرەکاران و جادووگەران پاڵەوانی یارمەتیدەر سواری





پەڵە هەورێک دەکەن یا بەلەمێکی بۆ ئامادە دەکەن تا پاڵەوان تێیدا دابنیشێ و بەمجۆرە دە چاو تروووکانێکدا، لە ڕێگەی هەوا یا دەریا دەیبەنە ئەو شوێنە کە یارمەتی و پاڵەوانەتیی ئەو بۆ ڕزگار کردنی لێقەوماو پێویستە. ئێستا ئەی سانکۆ، ئەم بەلەمە بێ هیچ شک و گومانێک، بەو مەبەستەی کە گوتم لێرە داندراوە و ئەم شتە ئەوەندە ئاشکرایە وەک ئەوە وایە بڵێم ئێستا ڕۆژە. کەوابوو تا شەو دانەهاتووە ڕۆسینانت و کەرەبۆز لە دارێک ببەستەوە، چون من بەیارمەتیی خودا سواری ئەم بەلەمە دەبم. دەو کارەشمدا ئەوەندە لێ بڕاوم کە ئەگەر ڕۆحانییەکان هەموویان بەپای پەتی بێن و تکام لێ بکەن، ئەو کارە نەکەم، گۆییان پێ نادەم.» سانکۆ گوتی ئێستا کە وایە و جەنابت هەر دەڕۆی، کە بەلای منەوە شێتبازییەکی تەواوە، ناچارم ئەمری تۆ بەڕێوە بەرم و دە خزمەتتدا بێم و بەپێی پەندێکی مەشهوور ڕەفتار بکەم کە دەڵێ: «مەولای تۆ هەر چی پێی گوتی وا بکە و لە تەنیشتی لەسەر سفرە دابنیشە.» بەو حاڵەشەوە بۆ ئەوە ویژدانم عەزاب نەکێشێ و مشکولۆزمەی کەس نەبم، دەمەوێ بەڕێزتان ئاگادار کەمەوە کە ئەم بەلەمە جادووباز و سیحرکار لێرەیان بەجێ نەهێشتووە و بێگومان هی یەکێک لە ماسیگرەکانی لێواری ئەم ڕووبارەیە کە باشترین ماسیی دنیای تێدا هەیە.»

سانکۆ دەگەڵ ئەم قسانەیدا ئەسپەکە و گوێدرێژەکەی دەبەستەوە و لەوەی کە دەبووایە ئەم بەستەزبانانەی بەهیوای جادووگەران لەو شوێنە چۆلوهۆلەدا جێ بهێڵێ، لە تاوان جەرگی کەباب بوو. دۆن کیشۆت لەو بابەتە تێ گەیشت و گوتی: «سانکۆ، غەمی وڵاغەکەت نەبێ و بزانە ئەوەی کە ئێمە لە شوێنگەلێکی ئاوا دوورکەوتەدا ڕێنوێنی دەکا، دە فکری ئالیک و کا و وێنجەی ئەوانیشدا هەیە.» سانکۆ گوتی: «باشە ئەرباب، ئەوا من وڵاغەکانم بەستەوە، ئێستا دەبێ چ بکەین؟» دۆن کیشۆت گوتی: «چۆن دەبێ چ بکەین؟ دوعای خۆت بخوێنە و ناوی خودا و پێغەمبەران بەیاد بکە و با بڕۆین. یانی تەنافی بەلەم بپسێنە و شوراعی لێ بکێشە و سوار بە.» دۆن کیشۆت ئەوەی گوت و بەهەشتاو خۆی هاویشتە ناو بەلەم و سانکۆش بەدوایدا سوار بوو؛ پاشان تەنافی بەلەمی بڕی و بەلەم نەرم نەرم وە جووڵە کەوت و لە لێوار دوور کەوتەوە. کاتێک سانکۆ خۆی دە نێو ئاودا و هێندێک دوور لە لێوار چاو پێ کەوت سەرتاپای وە لەرزین کەوت و مەرگی خۆی بەحەتمی زانی. بەڵام شتێکی کە زۆرتر ئازاری دەدا ئەوە بوو کە کەرەکەی دەستی کرد بەزەڕەزەڕ و ڕۆسی نانتیش خەریک بوو خۆی لە دارەکە بکاتەوە. مەیتەر بەئەربابی خۆی گوت: «کەرەکەم لە غەمی دوور کەوتنەوەی ئێمە دەگری و ڕۆسی نانتیش دەیەوێ هەوسار بپسێنێ و

بەدوامـاندا بێ. ئاخ ئەی دۆسـتـانی وەفـاداری ئێمـە ئارام بگرن و بێ ئۆقـره مـەبن، بەڵکو شێتییەکی کە ئێمە دەگەڵ خۆی دەبا و لە ئێوەمـان دوور دەخاتەوە، ئاخری بەهەڵە و خەتای خۆی بزانێ و ئێمە بگەیەنێتەوە خزمـەت ئێوە.» سـانکۆ پاش ئەو قسەیە هۆل هۆل دەسـتی بەگریان کرد تا ئەو جێگەی کە دۆن کیشۆت هەوساری عەقڵی لە دەست دا و گوتی: «هان! ئەی بوونەوەری ترسەنۆکی خوێڕی! لە چی دەترسی؟ ئەی تۆ کە دڵت لە شەکرە نان دروست کراوە، بۆ دەگری؟ ئەی ئەو کەسەی کە دڵ و غیرەتت لە مشکی عەمباران کەمترە، ئاخر مەگەر کەسێک ڕێت کەوتووە و دەیەوێ بتکوژێ؟ ئەی ئەو کەسەی کە لە کاتی زۆری و ڕسق و ڕۆزی و نیعمەتیشدا وەختە لە برسان بمری و هەر سوالکەری، ئاخر مەگەر لە چیت کەمە؟ مەگەر بەپای پەتی خەریکی بەنێو بەردەڵانەکانی چیای «ریفە»دا دەڕۆی؟ مەگەر وەک «ئارشیدووکە»(*) گەورە و ماقووڵەکان لەسەر نیمکەتی دارینی بەلەم دانەنیشتووی و بەسەر ئەو ڕووبارە ئارام و دڵبزوێنەدا بەرەو دەریای بێ سنوور بەڕێوە نی؟ بەڵام سەیرە دەبووایە ئێستا گەیباینە دەریا، چون زۆرتر لە حەوسەد یا هەشسەد فەرسەخ بەرێگادا هاتووین. ئەی کاش لێرە ئوستورلابێکم پێ بووایە تا بمتوانیبایە بەرزایی نوختەی قوتبی دیاری بکەم و بەتۆم گوتبایە کە چەندەمان ڕێگە بڕیوە! بەڵام هەر بەو زانیارییە کەمەش کە هەمە دەتوانم پێت بڵێم ئێمە یا لە هێڵی ئوستوا تێ پەڕیوین یا خەریکین لێێ تێ دەپەڕین و هێڵی ئوستواش ئەو هێڵەیە کە دوو جەمسەری (قطب) بەرامبەر بەیەکی گۆی زەوی بەمەودای یەکسان لێک جیا دەکاتەوە.» سانکۆ گوتی: «کاتێک بگەینە ئەو هێڵەی کە جەنابت ناوی دەبەی چەند ڕێگە هاتووین؟» دۆن کیشۆت گوتی: «کاتێک بگەینە ئەو هێڵە مەودایەکی زۆر هاتووین، چونکە بەپێی تەقویمێک کە بەتلەمیووس گەورەترین ئەستێرەناس و جوغرافیزان دەری هێناوە، زەوی بەسێسەد و شێست دەرەجە دابەش دەکرێ و لەو هێڵەدا کە من باسم کرد دروست نیوەی ئەم مەودایە دەپێورێ.» سانکۆ گوتی: «سوبحانەڵڵا ئەرباب، ئەستەغفیرەڵڵا ئەرباب! چۆن جەنابت باوەڕ بەقسەی کافرێکی بوت پەرست دەکەی کە ناوەکەی بۆ گەنی لێ دێ؟» دۆن کیشۆت بەو لێکدانەوەی کە سانکۆ لە تەقویمی بەتلەمیووسی بەدەستەوە دابوو پێکەنی و گوتی: «سانکۆ تۆ لە داهاتوودا تێ دەگەی کە ئیسپانیاییەکان و باقیی ئەو خەڵکەی کە لە قادسڕا بەعەزمی سەفەر بۆ هیندی ڕۆژهەلات سواری کەشتی دەبن، بۆ ئەوەی بزانن گەیشتوونەتە هێڵی ئوستوا یا خێر، نیشانەیەکیان هەیە؛ ئەویش ئەوەیە کە چاو لە بەدەنی موسافیرەکانی کەشتی دەکەن، ئەگەر ئەسپێ کانی لەشی موسافیرەکانیان هەمووی مردبن و ئەسپێیەک بەمسقاڵێک زێڕ دەست نەکەوێ، ئەوە





دەزانن گەیشتوونەتە هێڵی ئوستوا. تۆش ئەی سانکۆ، دەستێک بەسەر ڕانت بکێشە،ئەگەر هیچ زیندەوەرێکت دیتەوە بزانە ماومانە بگەینە هێڵەکە، ئەگەر بەپێچەوانەش بوو ئەوە بزانە لێی تێ پەڕیوین.» سانکۆ گوتی: «من بڕوام بەو قسانە نییە، بەڵام ئەمری جەنابت بەجێ دێنم؛ لە لایەکیشەوە هیچ نیازێک بەو تاقی کردنەوەیە نییە چون من بەچاوی خۆم دەبینم کە مەودای نێوان ئێمە و لێواری چۆم لە پێنج «تواز» زۆرتر نییە و لەو شوێنە کە بارەبەرە بەستە زبانەکانمان لێ بەستەوە دوو تواز زۆرتر دوور نەکەوتووینەتەوە؛ ئەوەتا من لە دوورەوە ڕۆسی نانت و کەرە بۆزی خۆم دەبینم و بەو هەشتاوەی کە ئێمە دەڕۆین بەو خودایە سوێند دەخۆم کە مێرووله توندتر لە ئێمە دەڕوا.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ، هەمان تاقی کردنەوەی پێم گوتی ئەنجامی بدە و کارت بەهیچی تر نەبێ. تۆ هیچ شتێک لەمەڕ ئاسمان و فەلەک و ئوستوا و مەدار و نیسفونەهار و مەکۆی ئەستێران و پێوەرە و پێوانە جوغرافیاییەکان نازانی کە ئەوانە وێکرا گۆیە ئاسمانییەکان پێک دێنن. تۆ ئەگەر هێندێکت لەم شتانە زانیبا ئێستا بەروونی دەتزانی لە چەند مەدار تێ پەڕیوین و چەند کۆ ئەستێرەمان لە پشت سەرمانەوە بەجێ هێشتووە. بەهەرحاڵ دیسان دووپاتی دەکەمەوە و ئەمرت پێ دەکەم کە ئەو تاقی کردنەوەیە، ئەنجام بدە و لەشت بدۆزە، هەر چەند من وای بۆ دەچم کە لەشت ئێستا لە وەرەقی کاغەزی سپی خاوێنترە.»

سانکۆ بەدوای ئەسپێدا دەستی کرد بەدۆزینی لەشی خۆی و کەمێک دواتر دەستی کێشا ژێر بەلەکی لاقی چەپی و سەری هەڵبڕی و بەچاوی زەقەوە دە ئەرباب ڕاما و گوتی: «یا ئەم ئەزموونە هەڵەیە، یا ئێستا نەگەیشتووینە ئەو شوێنە کە جەنابت فەرمووت و بەڵکە چەندین فەرسەخی ماوە بگەینێ.» دۆن کیشۆت گوتی: «چۆن؟ چما شتێکت دە بەدەنی خۆتدا دیوەتەوە؟» سانکۆ گوتی: «شت کە ئاسانە، زۆر شتم دیوەتەوە.» پاشان قامەکەکانی خۆی ڕاوەشاند و دەستی خۆی لە ئاوی چۆمەکەدا کە بەلەم بەئارامی پێیدا تێ دەپەڕی شووشتەوە. بەلەمێک کە تەنیا بەرۆیشتنی ئارامی ئاو دەڕۆیشت و بەهیچ کلۆجێک هێزێکی ڕەمزاوی یا جادووگەرێکی نەناسراوی لەبەرچاوان ون، دە بردنی ئەودا بەشدار نەبوون.

لەوکاتەدا چاویان بەئاشێکی گەورە کەوت کە لە نێوەڕاستی ڕووباردا دامەزراندرا بوو، دۆن کیشۆت هەر کە چاوی پێی کەوت هاواری لێ بەرز بووەوە کە: «هان! هاوڕێ سانکۆ، چاو بکەوە و تەماشا کە، ئەوەتا ئەو قەلا یا کاخ یا شارێک کە پاڵەوانێکی زۆر لێکراو یا مەلەکە یا شازادە یا شاژنێک یا شادۆتێکی چارەڕەش کە دەژێر جەور و ستەمی دوژمناندایە، لەوێدا ڕۆژگارێکی تاڵ تێ دەپەڕێنن و من بۆ یارمەتیدانی ئەوان بۆ ئێرە

ڕێنوێنی کراوم.» سانکۆ گوتی: «ئەی ئەرباب، لەعنەتی خودا لە شەیتان. ئاخر غەزەب لێگیراو! کوا قەلا، کوا شار، کوا کاخ، مەگەر کوێری نابینی کە ئەوە ئاشی ئاوە و لە نێوەڕاستی چۆمدا بۆ لێکردنی گەنم دروست کراوە؟» دۆن کیشۆت گوتی: «خەفە، بێدەنگ بە سانکۆ! گەرچی ئەو بینایە وە ئاش دەچێ، بەلام ئاش نییە. مەگەر من دە پێشدا پێم نەگوتی کە جادووگەران و سیحرکاران هەموو شتێک لە شکڵ و بێچمی سروشتی خۆی دێننە دەر و بەشێوەیەکی تر نیشانی دەدەن؟ ئەڵبەتە مەبەستم ئەوە نییە کە ئەوان ماک و هەویەی شتەکان دەگۆڕن، بەڵکو تەنیا شکڵی ڕواڵەتی دەگۆڕن و لە شکڵێکرا دەیبەنە سەر شکڵێکی تر. هەر وەک ئەم ئاڵوگۆڕەی شکڵ و قیافەیە لەسەر خاتوو دۆلسینە دۆ تۆبۆزۆ، هەوەڵین و ئاخرین پەناگە و ڕووگەی هیوا و تاسەکانم ئەنجام دراو ئێمە بەچاوی خۆمان دیتمان.»

لەو ماوەدا کە ئەوان بەو قسانە خافڵبوون، بەلەم کەوتە ناوەڕاستی ئاوی ڕووبار و سورعەتەکەی زۆر بوو. ئاشەوانانی ئاشەکە کە دیتیان بەلەم بەرەو ئاش دێتە پێش و هەر ئێستا دە ژێر چەرخەکانی ئاسیاو دا هەڵدەگەڕێتەوە، دەستیان دا داری درێژ تا بەلەمەکە ڕابگرن و چون هەموو گیانیان لەسەر تا خوار بەئارد سپی بووبوو، زۆرتر وە تاپۆیان دەچوون. ئاشەوانەکان هاواریان لێ بڵند بوو کە: «ئای، ئێوە کە شەیتان چووەتە کلێشەتانەوە، بۆ کوێ دەچن؟ مەگەر لە گیانی خۆتان تێر بوون؟ مەگەر دەتانەوێ خۆتان غەرق بکەن یا دە ژێر چەرخی ئاشدا لەتوپەت بن؟» دۆن کیشۆتیش دەنگی بەرز بووەوە کە: «ئەی سانکۆ مەگەر بەتۆم نەگوت کە گەیشتووینە جێگەیەک کە من دەبێ هێزی شان و باهۆم بەتاقی بکەمەوە؟ باش بڕوانە بزانە چەند دز و جەردە وا بۆ لای من دێن؟ چەند دێوی سەیر خوڵقاو، سەرە ڕێم لێ دەگرن و چەند کەس تاپۆی هەترەشبەر بەروخساری ناحەز و نگریسەوە بۆ ترساندنی من و تۆ دێن؟ بەلام ئەی دزانی بێ شەرم و ئەی ڕێگرانی بەدکارە، هەر ئێستا تێ دەگەن دنیا چ باسە.» پاڵەوان دەسبەجێ لە ناو بەلەمدا بەپاوە ڕاوەستا و بەهەڕەشە و گوڕەشە دە ئاشەوانان خوڕی و گوتی: «ئەی دزانی حەرامزادە کە سەرتان لێ شێواوە، لە ئێوەم دەوێ هەر ئێستا زیندانی ئازاد بکەن و بەو کەسەی کە لە زیندانی ئێوەدا بەدیل گیراوە، چ شەریف بێ و چ نەبێ، باش یا خراپ، دەوڵەمەند یا فەقیر، ئازادی و سەربەستیی خۆێ پێ بدەنەوە؛ من دۆن کیشۆتی مانش و ناسراو بەپاڵەوانی شێرکوژم و هەمان کەسم کە بەفەرمانی خوداوەند کۆتاییهێنان بەو گۆنگەڵە بێوێنەیە بەناوی من قەڵەم زدە کراوە.»







دۆن کیشۆت پاش ئەو قسانە شمشێری بەدەستەوە گرت و وەک ئەوەی دڕ بەسەفی دوژمن بدا، شمشیرەکەی دە هەوادا هەڵدەسووڕاند. ئاشەوانەکان کە هەرا و هوریای دۆن کیشۆتیان دەبیست و لێی حاڵی نەدەبوون، بۆ ڕاگرتنی بەلەم دارەکانیان درێژ کرد. سانکۆ کەوتبووە سەر ئەژنۆ و زۆر بەدڵێکی خاوێن و پاکەوە لەبەر خودا دەپاڕاوە کە لەو مەهلەکەیە ڕزگاریان بکا، وە خۆیان و بەختیان، و ئاشەوانەکان بەلێهاتوویی و کارزانیی خۆیان کارێکی وایان کرد کە دوعا و پاڕانەوەی سانکۆ لە لای باریتەعالا قبووڵ بکرێ، چون ئەوان دارەکانیان لە پێش بەلەمەکە ڕاگرت تا ڕای گرن، بەلام نەیانتوانی کارەکە بەباشی ڕاپەڕێنن، چون سانکۆ و دۆن کیشۆت دە نێوەڕاستی چۆمەکەدا کەوتنە ناو ئاو و بەلەمەکەش وەرگەڕا. بەخت و ئیقباڵی دۆن کیشۆت بڵیند بوو کە دەیتوانی وەک مراوی مەلە بکا و بەو حاڵەشەوە پاڵەوان دووجار تابن گۆم نقوم بوو، چون چەک و جلوبەرگەکەی ئەوەندە قورس بووبوون کە نەیاندەهێشت باش مەلە بکا. ئەگەر ئاشەوانەکان خۆیان دە ئاو نەهاویشتبا و بەدادیان نەگەیشتبان، هەردووکیان دەخنکان. کاتێک ئاشەوانان ئەوانیان هێنا سەر لێواری چۆمەکە، هەر دووک ئاویان لەبەر دەچۆڕا، بەلام لە تینوان خەریک بوون دەمردن؛ سانکۆ دیسان زۆر پاڕاوە کە خودای تەعالا لەمەو دوا لە شەڕی شێتبازییەکانی ئەرباب بیپارێزێ.

لەو حاڵەتە و لەو کاتەدا ماسیگرانی خاوەن بەلەم گەیشتنە، سەریان و کاتێک دیتیان بەلەم لە ژێر چەرخەکانی ئاشدا لەتوپەت بووە، ڕژانە سەر سانکۆ کە ڕووتی بکەن و داوای زەرەر و زیانیان لە دۆن کیشۆت کرد. دۆن کیشۆت بەپشووی لەسەرەخۆ وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ، ڕووی دە ئاشەوانەکان کرد و گوتی حازرم زیانی بەلەمەکە بەتەواوی قەرەبوو بکەمەوە بەو شەرتەی کە ئێوەش ژن یا ئەو پیاوەی کە دە زیندانی قەسری خۆتاندا بەدیلتان گرتووە، ئازاد بکەن و چی تر زەجر و ئەشکەنجەیان نەدەن. یەکێک لە ئاشەوانەکان گوتی: «کابرای بێ مێشک، باسی کام کەس و کام قەسر دەکەی؟ ئایا مەبەستت بەدیل گرتنی ئەو کارگەرانەیە کە بەئارد کردنی گەنمەوە خەریکن؟» دۆن کیشۆت لەو کاتەدا بەخۆی گوت: «ئیتر بەسە، چۆن ئەو کابرا بێ سەر و پایە حازر نابێ بەزبانی خۆش کاری چاک بکا و لەبەر پاڕانەوە خۆ ماندوو کردنە، لە لایەکی تریش دەبێ لەم کارەدا دوو جادووگەر دەستیان هەبێ کە یەکیان دژی ئەوی تر دەجووڵێتەوە و پێش بەکارەکانی دەگرێ؛ یەکیان بەلەم بۆ من دەنێرێ و ئەوی تریان دە چۆمم دەخا. وا باشترە خودا خۆی چارەی ئەم دەردە بکا و ڕێگەیەکی بۆ بدۆزێتەوە، چون ئەو دنیایە سەراپا مەکر و حیلە و فریوە و کاروباری هەمووی

دڕ بەیەکە و ئاشکرایە کە کارێک لە دەست من نایە» دۆن کیشۆت پاش ئەم دەگەڵ خۆ بوونە(*) دەنگی خۆی بەرز کردەوە و ڕوو بەئاشەوانەکان گوتی: «ئەی یارانی من کە لەم زیندانەدا ئەسیرن، هەر کەسن لە من ببوورن، بەختی نامبارەکی من و چارەڕەشیی ئێوە وای ویستووە کە من نەتوانم بگەمە فریاتان و ئێوە لەم موسیبەتە، لەم ڕۆژەڕەشییە ڕزگار بکەم، وە بێ شک هۆیەکەی ئەوەیە کە دەستی چارەنووس ئەو کارەی بەپاڵەوانێکی دیکە ئەسپاردووە.»

دۆن کیشۆت پاش ئەو هاتەران پاتەرانە بۆ قەرەبووکردنەوەی زەرەر و زیان دەگەڵ ماسیگرەکان کەوتە گفتوگۆ، سەرەنجام هەر دووک لا لەسەر پەنجا ڕێئاڵ ساغ بوونەوە و سانکۆ پانزا زۆر بەلالووتی(*) ئەم پارەیەی پێدان و پاشان گوتی: «ئەگەر دوو جاری تر لەم چەپکە گولانە بەئاودا بدەین، هەرچی نەغدینەی هەمانە دەچێ دە بنی گۆمەوە.» ماسیگران و ئاشەوانان بەسەرسوڕماوی و چاوی زەقەوە تەماشای سەر و پۆتەڕاکی ئەو دوو کەسەیان دەکرد کە دەگەڵ خەڵکی ئاسایی زۆریان جیاوازی هەبوو. ئەوان نەیاندەتوانی دە مانای پرسیار و قسەکانی دۆن کیشۆت بگەن و چون پێیان وابوو هەردووکیان شێتن بەدوای کاری خۆیان کەوتن. یانی ئاشەوانەکان چوونە ناو ئاش و ماسیگرەکان ڕۆیشتنەوە لای کۆختەکانی خۆیان، دۆن کیشۆت و سانکۆش هاتنەوە لای سوارەبەرەکانیان و هەروەک جاران بەکەریەتی مانەوە. وە ئەوە بوو ڕووداوی بەلەمی جادوو.



٣٠

## لەمەڕ ئەوەی بەسەر دۆن کیشۆت و خاتوونێکی لەباری ڕاوچیدا هات

پاڵەوان و مەیتەر بەحاڵەتێکی غەمین و داماو، بەسەر شۆڕی و نێوچاوان گرژ و ڕووترش، هاتنەوە لای سوارەبەرەکانیان، بەتایبەتی سانکۆ کە دەگەڵ فلسێک گیانی دەردەچوو، ئەو مەیتەرەی پێی وابوو پووڵ دەرکێشان لە خورجینەکەی لە ڕۆح کێشان یا گلێنەی چاو دەرێنان ناخۆشترە. بەڵێ جا، ئەو دوو کەسە بێ ئەوەی یەک قسە دەگەڵ یەکتری بکەن سوار بوونەوە و پشتیان لە قەراخەکانی ئەو ڕووبارە کرد. لە حاڵێکدا دۆن کیشۆت سەرگەرمی خەیاڵاتی دڵداری بوو، سانکۆ پانزا فکری لە دابینکردنی داهاتێک بۆ ئایندەی خۆی دەکردەوە، بەڵام ئاسۆی ئەمەل و ئارەزووی خۆی زۆر لە جاران دوورتر و تاریکتر دەهاتە بەرچاو. سانکۆ لەسەر کەریەتیی خۆیڕا دەیزانی کە زۆربەی کارەکانی ئەربابەکەی شێتبازی و بێ مانایە و هەر بەو دەلیلەش هەموو کات چاوەڕوانی دەرفەتێک بوو کە بێ ئەوەی بیەوێ حیساب و کیتابێکی دەگەڵ بکا، بێ مالاوایی لە ڕۆژێکی خۆشدا هەڵبێ و بگەڕێتەوە ماڵی خۆی؛ بەڵام ترس و نیگەرانیی ئەو لە داهاتوو بێجێ بوو، چون چارەنووس بەپێچەوانەی ئەوەی ئەو فکری لێ دەکردەوە کارەکانی ڕێکوپێک دەکرد.

وا هات ڕۆژی دوایی کاتی ڕۆژاوابوون کە هەردووکیان لە مێشەیەک دەهاتنە دەر، دۆن کیشۆت چاوی بەچیمەن و مێرگێکی گەورە کەوت و لە وێدا جەماوەرێکی زۆری دیت کە خەریکی سەیر و سەیاحەت و ڕابواردن بوون، کاتێک زۆرتر لێیان نزیک بووەوە تێ گەیشت کە ئەوانە جەماعەتێکی ڕێزدار و ماقووڵن و خەریکن بەبازی ڕاوێ، باڵندە ڕاو دەکەن. دۆن کیشۆت هێندێکی تریان لێ نزیک کەوتەوە و لە نێو ئەو جەماعەتەدا خاتوونێکی زۆر جوان و بەشان و شەوکەتی چاو پێ کەوت کە سواری ماینێکی خۆشبەز و بەرزەدەماخ بووبوو؛ ماینی خاتوون سپی یەکدەست و زین و بەرگەکەی سەوز و قەڵپووزی زینەکەش تەواو لە زیۆ بوو. جل زێوو بەرگی خاتوونیش هەروا لە پارچەی سەوزی زۆر بەقیمەت دروابوو کە زۆری لێ دەکاڵاوە و دیار بوو کە ئەو خاتوونە نازدارە لەوانی هەرە خۆش سەلیقە و ڕازاوەی ئەو جەماعەتەیە. لەسەر جمگەی چەپی خاتوون بازێک نیشتبوو، ئەوەش خۆی حیکایەتی ئەوەی دەکرد کە خاتوون ژنێکی بەڕێز و شان و شکۆیە و ئەو هەموو ڕاوچییە دە خزمەت ئەودا هاتوون و ئەو سەرکردەی هەموویانە، هەرواش بوو. دۆن کیشۆت کە لەو بابەتە ئاگەدار

بووبووەوە ڕووی دە سانکۆ کرد و گوتی: «هەڵێ سانکۆ، ڕۆڵەی من، پەلە بکە و بچۆ لای ئەو خاتوونە نازدارە کە سواری ماینی سپی بووە و بازی ڕاوێی لەسەر دەستە، بڕۆ خزمەتی و پێی بڵێ کە پاڵەوانی شێرشکێن عەرزی سلاوی هەیە لە خزمەت ئێوە و دەستتان ماچ دەکا و ئەگەر حەزرەتی خاتوون ئیزن بدا خۆی دێتە خزمەتتان بۆ سەلام و دەست ماچ کردنی و تا ئەو جێگەی کە زۆری شان و باهۆی لە دووی بدا بەئێوە خزمەت دەکا و هەرچی فەرمانی ئێوەی لەسەر بێ، تا ئەنجامی نەدا ناسرەوێ. بەڵام سانکۆ، ئامان کە دە ڕاگەیاندنی ئەم پەیامەدا وریای قسەکانت بەو بەپێی عادەت پەند و مەتەڵی بێجێ و بێ تام و خوێ دەگەڵ قسەکانت تێکەڵ نەکەی.» سانکۆ گوتی: «ئەی ئەرباب، وا وێ دەچی نۆکەری خۆت باش ناناسی! ئاخر چ لازمە ئەوەم پێ بڵێی؟ مەگەر جاری یەکەمە کە من بۆ خاتوونانی بەڕێز پەیام دەبەم؟» دۆن کیشۆت گوتی: «بێجگە لەو پەیامەی لە منەوە بۆ خاتوون دۆلسینەت برد، هیچی ترم پێ شک نایە، یا لانی کەم لەو ماوەیەدا کە لە لای من بووی، بێجگە لەو پەیامە پەیامێکت نەبردووە.» سانکۆ گوتی: «ڕاستە، بەڵام ئەوەی کە حیسابی پاکە لە حیساب کێشانێی چ باکە، هەروەها گوتوویانە؛ لەو ماڵەدا کە کەیبانووی کارزان هەیە، هەموو شتێک دەسبەجێ ئامادە دەکرێ. بەهەرحاڵ ئەربابی عەزیزم، من لە هەر شتەی کەمێک دەزانم و بۆ هەر کارێکیش بەڕێژەی خۆم بەکار دێم.» دۆن کیشۆت گوتی: «دەتناسم سانکۆ، کەوابوو هەر ئێستا بڕۆ و خۆت وەدرەنگی مەخە، کە دەستی خودات دەگەڵ بێ.»

سانکۆ وەک برووسکە دەرپەڕی و بەچوار ناڵە کەرەبۆزی بەرەو خاتوونی نازداری ڕاوچی وە چەقڵەسەما خست[*]. لەوێ دابەزی و لە بەرامبەر خاتووندا بەکڕنۆش کەوتە سەر ئەژنۆ و گوتی: «ئەی خاتوونی جوانی بەشان و شەوکەت، ئەو پاڵەوانە کە لە دوور دەیبینی ئەربابی منە و من مەیتەری ئەوم. ئەو خۆی پاڵەوانی شێرشکێنە و منیش لە لای ئەو سانکۆپانزام ناوە. ئەم پاڵەوانە شێرشکێنە کە چەندێک لەمەوبەر پاڵەوانی خەمگین ڕوخساری ناو بوو منی ناردووە تا لە حزووری خاوەن شکۆی ئێوە تکا بکەم کە ئیزن بفەرمووی بێتە خزمەتت و شانازیی ناسینی ئێوەی گەورەواری بەنسیب بێ و ئامادەیی خۆی بۆ خزمەت و فیداکاری بەبارەگای جوانی و جەماڵی ئێوە ڕابگەیەنێ. ئەگەر حەزرەتی خاتوون ئیجازەی پێ بدەن، کارێکی باشتان کردووە کە هەم بەسوودی ئێوەیە و هەم ئەربابی من نوقمی بەحری کەرەم و ئیحسان و دەگەڵ شادی و بەختەوەری تێکەڵاو دەبێ.» خاتوون گوتی: «ئەی مەیتەری نەجیب، ئاشکرایە کە تۆ ئەرکی سەر شانی خۆت زۆر بەجوانی ڕاپەڕاند و ئێستە هەستە و ئاوا بەسەر عەرزەوە مەمێنە، چون شایستە نییە کە





مەیتەری بەنرخی پاڵەوانێکی ئەوا گەورە – پاڵەوانێک بەناوداریی پاڵەوانی خەمگین ڕوخسار کە دەنگی ناوداریی ئەو لەو هەرێمەدا تەنیوەتەوە و بەگوێی ئێمەش گەیشتووە – دە بەرامبەر ئێمەدا چۆک دابدا. هەستە هاوڕێ، وە بەئەربابی خۆت بڵێ کە قەدەمی لەسەر سەرانە و جەنابی «دووک» هاوسەری من و منیش خۆم لە ڕابواردنگەیەک[*] کە لەو نزیکانە هەمانە پەزیراییی لێ بکەین و دەخزمەتیدا بین.

سانکۆ کە هەم لە جوانی و نازداری و هەم لە ئەدەب و نەزاکەتی زێدە لە چاوەڕوانیی ئەو خاتوونە خوێن شیرینە سەری سوڕمابوو لە عەرزی هەستا، وە سەرسوڕماویی ئەو زۆرتر لەو لایەنەوە بوو کە نێوبانگی ئەربابەکەی لە زبان ئەو خاتوونەوە دەبیست، ئەویش بەناوی پاڵەوانی خەمگین ڕوخسار، نە پاڵەوانی شێرشکێن، وە ئەوەش لەبەرئەوە بوو کە دۆن کیشۆت ئەم نازناوەی تازە بۆ خۆی دانابوو. بەڵێ جا، دۆشێس[*] (کە بەداخەوە بێجگە لەم عینوانە ناوێکی جوانتر لەومان وە دەست نەکەوتووە و ناوی ڕاستەقینەی ئێستا بۆ ئێمە نەناسراوە)[٤٠١] لە سانکۆی پرسی: «باشە برا، ئەی مەیتەری نەجیب، بڵێ بزانم، ئایا ئەم پاڵەوانە کە ئەربابی تۆیە هەر ئەوە نییە کە باسی سەرگوزەشتەکەی لە کتێبێکدا نووسراوە و بەچاپ گەیشتووە؟ هەر ئەوە نییە بەنەجیب زادە دۆن کیشۆتی مانش ناودارە و دڵبەرە جانانەکەی خاتوون دۆلسینە تۆبۆزۆی ناوە؟» سانکۆ گوتی: «بەڵێ ئەی خاتوونی من، ئەو هەمان پاڵەوانە کە بەڕێزتان فەرمووتان و مەیتەرەکەی کە دەبێ ناوی لەم کتێبەدا هاتبێ منم، کە ئێستا دە خزمەت ئەمر و فەرمانی ئێوەدا ئامادەی خزمەتم و ناوم سانکۆپانزایە، مەگەر ئەوەی لە چاپخانەدا نێوێکی تریان لەسەر دانابم و لێیان گۆڕیبم.» خاتوون گوتی: «من لە ئاگەدار بوون لەو گشتە بابەتانەدا زۆر خۆشحاڵم. کەوابوو، ئەی برای من پانزا، بڕۆ بەئەربابی خۆت بڵێ کە قەدەمی لە ملک و ئەملاکی مندا مبارەک بێ و هیچ ڕووداوێک مومکین نەبوو بەبارستای چاوپێکەوتنی ئەو زاتە ئێمە شاد بکا.»

سانکۆ بەم وەڵامە دڵنشینە کە لە خاتوونی دۆشێسی بیستبوو، شاد و بەرزە دەماخ گەڕاوە لای ئەربابی خۆی و هەرچی لەو خاتوونە بەشەوکەتەی بیستبوو، بۆ دۆن کیشۆتی گێڕاوە و بەتایبەتی ئەوەندەی لەمەڕ جوانی و لە باری و نازداری و ئەدەب و نەزاکەتی ئەو بەزبانی ئاسایی و دێهاتییانەی خۆی بۆ باس کرد کە گەیاندییە تەشقی ئاسمان. دۆن

٤٠١– لێرەدا بە گوتەی کولمانسۆن و رودریگزمارن، شیکاری بە ناوبانگ، مەبەستی سێروانتێس لە دووک و دۆشێش، دۆن کارلۆس دۆبۆرژا don Carlos de Borja دۆنا ماریالویزا دۆئارگۆن dona Maria luisade Aragon دووک و دۆشێشی ویلاهۆرموزا بووە. (مۆریس باردۆن)

کیشۆت شکۆمەندانە لەسەر خانی زین ڕۆنیشت و پێی دە ڕکێف نا و نیقاب و کڵاوخوودی خۆی ڕێکوپێک کرد و مامزەی لە کەلەکەی ڕۆسی نانت دا و قیافەیەکی پیاوانە و وێچووی بەخۆوە گرت و بەئەزمی دەسبۆسیی دۆشێس بەهەشتاو کەوتە ڕێ. لەو لاشەوە خاتوون لەو ساتانەدا کە دۆن کیشۆت بەرەو پێش دەهات، شووی خۆی بانگ کردبووەوە و باسی پەیامی پاڵەوانی بۆ دەگێڕاوە. دووک و دۆشێس هەر دووکیان بەشی یەکەمی داستانی دۆن کیشۆتیان خوێندبووەوە و لە ڕووی ناوەرۆکی ئەو کتێبەوە ئاگاییان لە ئاکار و ڕەفتاری شێتانەی ئەو بەدەست هێنابوو، لەبەرئەوە زۆر بەتاسەوە چاوەڕوانی ئەم دیدارە بوون و زۆریان ئیشتیا لەوە بوو لە نزیکەوە بیناسن، وە مەبەستیان لەم ئاشناییە ئەوە بوو کە ئەخلاق و ڕەفتار و کرداری ئەو بکەنە ئامرازی سەرگەرمی و ڕابواردنی خۆیان و ماوەیەک بەقسەکانی سەرگەرم بن و کەڵکی لێ وەربگرن و تا چەند ڕۆژێک لە لای خۆیان ڕای بگرن و وەک پاڵەوانێکی سەرگەردانی ڕاستین هەڵسوکەوتی دەگەڵ بکەن، وە سەرەنجام چون خۆیان هۆگر و لایەنگرانی کتێبی پاڵەوان بوون و زۆر کتێبی لەو چەشنەیان خوێندبووەوە بڕیاریان دابوو کە هەموو ڕێوڕەسم و دابونەریتێک کە بۆ پەزیرایی و هەستان و دانیشتن دەگەڵ پاڵەوانان پێویستە، دەبەر چاو بگرن، شەرحی ئەم شتانەشیان بەتەواوی لەو کتێبانەدا خوێندبووەوە، وە وایان دانابوو هەموویان بەنیسبەت دۆن کیشۆت ڕەچاو بکەن.

لەو کاتەدا دۆن کیشۆت، کە نیقاب و کڵاوخوودی لابردبوو، وەدەرکەوت و کە هات دابەزێ، سانکۆ دەسبەجێ ویستی لە کەرەکەی دابەزێ تا بچێ ڕکێفی بۆ بگرێ و لە دابەزیندا یارمەتیی بدا، بەڵام لە چارەڕەشیی لاقی دە تەنگەی کەرەبۆزدا گیری کرد و وای لێ هات کە کەر ڕۆیشت و ئەویش بەهەڵاوەسراوی مایەوە و کەرەکەی بەسەر زەویدا ڕای کێشا. دۆن کیشۆت کە بەپێی عادەت تا کەسێک ڕکێفی بۆ دانەگرتبا دانەدەبەزی بەو پێوابوونە (تصور) کە سانکۆ ڕکێفی بۆ داگرتووە لە ڕۆسی نانت خۆی هاویشتە خوار و ئەم بێ ئیحتیاتییە بوو بەهۆی ئەوە کە زینی ڕۆسی نانتیش کە باش قایم نەکرابوو بکەوێتە خوارەوە؛ پاڵەوان بەو پێشهاتە زۆر شەرمی کرد و لە ژێر لێوی دەستی کرد بەپرتە و بۆڵە و هەزار جنێوی بەسانکۆی چارەڕەش دا. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە لاقی ئەو بەدبەختە هێشتا هەر دەپاڵان و تەنگەکەدا مابووەوە، دووک ڕاوچییەکانی خۆی ناردە هاواریان. ڕاوچێیەکان دۆن کیشۆتیان لە عەرزی بەرز کردەوە و پاڵەوان کە لەو بەعەرزدا کەوتنە زۆری سەدەمە پێ گەیشتبوو، لەنگان لەنگان بۆ لای دووک و هاوسەری جوانی ڕۆیشتە بەرەوە تا لە بەرامبەریاندا چۆک دابدا، بەڵام دووک بەو کارەی ڕازی نەبوو، خۆی لە ئەسپەکەی





هاویشتە خوارەوە و دۆن کیشۆتی دە ئامێز گرت و گوتی: «ئەی جەنابی پاڵەوانی خەمگین ڕوخسار، زۆرم پێ ناخۆش بوو کە یەکەم دیداری بەڕێزتان لە ماڵ و مڵکی من دەگەڵ ئەم پێشهاتە ناخۆشە تێکەڵاو بوو. بەڵام هیچ ناکرێ، تەمبەڵی و کەمترخەمیی مەیتەران زۆر جار بووەتە هۆی ڕووداوی زۆر ناخۆش.» دۆن کیشۆت گوتی: «ئەی شازادەی پایەبەرز، ڕووداوێک کە منی گەیاندووەتە خزمەت ئێوەی بەڕێز، هەرگیز ناکرێ بەناخۆش و نالەبار لە قەڵەم بدرێ و تەنانەت ئەگەر لەم کەوتنەمدا بەقووڵاییی گێژاوی مەرگاویشدا(*) چووبایەمە خوارەوە، یەقینم هەیە کە شانازی و حەزی دیداری ئێوە بەس بوو کە من لە خول و سووڕی ئەم گێژاوە ڕزگار بکا، مەیتەری من، ئەم خودا غەزەب لێگرتووە کاتێک بکەوێتە قەرەچەناغی زبانی گەزێک درێژە، بەڵام کیفایەتی ئەوەی نییە کە تەنگەی ئەسپێک بەتەواوی بکێشێ و توندی بکا تا زین نەسووڕێ و سوارەکەی لێ نەکەوێتە خوارەوە. بەڵام من بەهەر بارێکدا ،یانی کەوتبم یا ڕاوەستابم، سوار بم یا پیادە، هەموو کات لە خزمەت ئێوەی خاوەن شکۆ و خاتوونی جوان و بەشان و شەوکەتی ئێوەدا دۆشێسی بەڕێز، کە لە جوانی و جەماڵدا لە هەموو کەس سەرتر و لە نەزاکەت و ئەدەبدا یەگانە شازادەخانمی جیهانە، ئامادە و سەر لە ڕێ دام.» دووک گوتی: «ئەی حەزرەتی دۆن کیشۆت، لەسەرەخۆ بەو توند مەڕۆ، چون لەو شوێنەدا کە هەرێمی گەورەیی و جوانی و جەماڵ و کەماڵی خاتوون دۆلسینە دۆ تۆبۆزۆیە، هیچ کەس ڕێی ناکەوێ، بگاتە ئەو دڵبەرە و ڕەوا نییە کە باسی جوانی و جەماڵی کەسێکی تر بکرێ.»

لەوکاتەدا کە سانکۆپانزا لاقی لە ئاڵقەی تەنگەی کورتانەکەی هێنابووە دەرەوە و خۆی گەیاندبووە خزمەتیان، پێش ئەوەی ئەرباب مۆڵەتی جواب دانەوە بەدەست بێنێ، هەڵی دایە و گوتی: «ئەڵبەتە حاشاهەڵنەگرە کە خاتوون دۆلسینە دۆ تۆبۆزۆ لە ڕادەبەدەر جوان و نازدارە و تەنانەت من ئامادەم سوێندی لەسەر بخۆم، بەڵام وەک پەندێکی زۆر ناسراو دەڵێ: «لە جێگەیەک کە هیچ پێت وانییە نێچیرێک هەیە، کەروێشک دەردەپەڕێ» هەروەها من بیستوومە کە ئەو هۆکارەی ناوی «سروشت»ە وەک گۆزەکەرێک وایە کە کاسە و گۆزە و دیزەی زۆر دروست دەکا و ئاشکرایە کەسێک بتوانێ کاسەیەک دروست بکا، دەتوانێ دوو، سێ یا سەت کاسەی تری لەو چەشنە دروست بکا. بەهەرحاڵ مەبەستم ئەوەیە عەرزتان بکەم کە خاتوونی ئێوە هیچ لە خاتوون دۆلسینە دۆ تۆبۆزۆ نامێنێتەوە و زۆر جوانە.» لەوکاتەدا دۆن کیشۆت سەری بۆ لای دۆشێس وەرگێڕاو گوتی: «دەبێ حەزرەتی خاتوون ئاگەدار کەمەوە کە لە دنیادا هیچ پاڵەوانێکی سەرگەردان هەرگیز مەیتەرێکی بەشیرین

زبانی و پیتۆڵیی مەیتەری من نەبووە و ئەگەر بەڕێزتان چەند ڕۆژێک ئێمە لە خزمەت خۆتان ڕابگرن، ئەوەتان بەباشی بۆ ڕوون دەبێتەوە.» دۆشێس گوتی: «سانکۆی میهرەبان هەرچەندی زۆرتر قسەخۆش و جەفەنگباز و شۆخ بێ، من زۆرترم خۆش دەوێ و زۆرتر ئۆگری دەبم و ئاگەداری لێ دەکەم، چون قسە خۆشی و شۆخی بازی نیشانەی هۆش و زانایی ئەوە. قسەخۆشی و لەتیفە و شۆخیی بەجێوڕێ، وەک بەڕێزتان باش دەزانن، کاری پیاوی وشک و بێ زەوق و سەلیقە نییە و چون سانکۆی خۆشەویست گەش سروشت(*) و ڕوو بەخەندە و قسە خۆشە من لەمەودوا بەپیاوێکی بەهۆش و خاوەن چێژ و سەلیقەی دەزانم.» دۆن کیشۆت گوتی: «هەروەها چەنەدرێژیشە(*) و زۆری دەڵێ.» دووک گوتی: «چ باشتر کە زۆر بڵێش(*) بێ، چون زۆربەی قسەی خۆش و نوکتەی بەتام لە قسە کورتی و کەم وێژیدا ناگونجێ و پێویستی بەزۆر بڵەیی هەیە. بەهەرحاڵ بۆ ئەوەی کە ئێمە کاتی خۆمان بەفرەوێژی تێپەڕ نەکەین، باشتر وایە ببزووین و جەنابی پاڵەوانی خەمگین ڕوخساریش...» سانکۆ قسەی دووکی بڕی و گوتی: «لەمەودوا جەنابی بەڕێزتان دەبێ بەئەربابی من بڵێن «شێرشکێن» چون بەڕێزیان ئیدی سیمای خەمگین یان نییە و نیشانی ئەو بەڕێزە لەمەودوا «شێر»ە.» دووک لە درێژەی قسەکانی خوێدا گوتی: «بەڵی پاڵەوانی «شێرشکێن»یش هاوڕێ دەگەڵ ئێمە دێتە قەسرێک کە لەو نزیکانە هەمانە و گەورەمان دەکا. لەو قەسرەدا پەزیرایی و پێشوازییەکی کە دەشان و شکۆی ئەو پایەبەرزەدا بێ و ئەنجام دەدرێ و لە بنەڕەتدا من و دۆشێس لە پێشکەش کردنی هیچ جۆرە خزمەتگوزاری و فیداکاری و پەزیراییەک بۆ ئەو پاڵەوانە سەرگەردانەی تەشریفی دێنێتە ئەو قەسرە و لەوێ دادەبەزێ کۆتایی ناکەین.»

لە مەودای ئەو ساتانەدا سانکۆ زینی ڕۆسی نانتی لە عەرزی هەڵگرتبووەوە و لەسەر پشتی دانابووەوە و تەنگەشی مەحکەم کێشابوو. پاڵەوان سواری سوارەبەری خۆی و دووکیش سواری ئەسپێکی بەرزە دەماخ و شۆخ و شەنگ بوو و هەر دووکیان خاتوون دۆشێسیان دە نێوان گرت و ڕێگەی قەسریان گرتەبەر. دۆشێس سانکۆی بانگ کردە لای خۆی و خواهیشی لێ کرد شان بەشانی بڕوا و قسەی خۆشی بۆ بکا، چون دۆشێس زۆری پێ خۆش بوو، قسەی خۆش و گاڵتە بازییەکانی سانکۆ ببیسێ. سانکۆ دەسبەجێ ئەمری خاتوونی بەجێ هێنا و خۆی هاویشتە نێوان ئەو سێ نەجیب زادەیە و دە قسەکانیاندا بوو بەبەشدار و دۆشێس و دووکیش لەو فەیز و بەرەکەتە گەورەی کە دە قەسری خۆیاندا لە پاڵەوانێکی سەرگەردان و مەیتەرەکەی پەزیرایی دەکەن، زۆر خۆشحاڵ بوون.



٣١

## لە مەڕ زۆر بابەتی گرینگ و سەرنجڕاکێش

سانکۆ بەم دڵخۆشییە کە هەر چی لە نیعمەت و ئاسوودەیی لە ماڵی دۆن دیەگۆ و بازیلی ئەویندار دیتوویەتی لە ماڵی دۆشێسیشدا دەیبینێ و لە خۆشیی ئەوەی کە خاتوون بەگەرمی وەریگرتووە و خۆی لێ نزیک کردووەتەوە ئاگای لە خۆ بڕابوو، وە چون هەموو دەم شێت و شەیدای حەز و خۆشی ژیانێکی ئاسوودە بوو دەگەڵ دۆشێس لوتفێکی دەگەڵ دەکرد و ڕووی خۆی دەدایە، ئەو پێوە دەنووسا و ئەوەندەی دەستی دابا کەڵکی لە دەرفەت وەردەگرت. لە داستاندا هاتووە کە پێش ئەوەی سوارەکان بگەنە ڕابواردنگەی دووک و دۆشێس، دووک بەپەلە خۆی گەیاندەوە قەسر و هەموو خزمەتکارەکانی لە خۆی خڕ کردەوە و پێی گوتن دەبێ چۆن ڕەفتار و چۆن پەزیرایی بکەن. هەر کە دۆن کیشۆت و دۆشێس گەیشتنە بەر دەرگای قەسر و دوو کەس لە مەیتەرانی تایبەت کە لیباسێکی حەریری سووریان تا بەری پێ، دە بەر دابوو، لە دەروازەی قەسر وەدەر کەوتن و دۆن کیشۆتیان دە ئامێز گرت و دایان بەزاند و پێیانگوت: «ئێستا حەزرەتی بەڕێزتان دەبێ زەحمەت بکێشن و خاتوون لە ماین دابەزێنن. دۆن کیشۆت ئیتاعەتی ئەمری کرد و بۆ لای ماینی خاتوون ڕۆیشتە بەرەوە. بەڵام پاش تەعاروف و تەقەلای زۆر و هەزار جار تکا و ڕەجای دۆن کیشۆت دۆشێس نەیهێشت پاڵەوان دە ئامێزی بگرێ و دای بەزێنێ. دۆشێس نەیدەویست بێجگە لە ئامێزی مێردی خۆی، دووک، دە ئامێزی کەسێکی تردا لە سوارەبەر بێتە خوار و لەم وارەدا بیانووی هێناوە کە ڕەوا نییە بارێکی ئاوا قورس و بێ بایەخ بکەوێتە ئەستۆی پاڵەوانێکی بەو پلە و پایە بەرزە. سەرەنجام دووک هاتە بەرەوە و خاتوونی لە ماین هێنا خوار، وە کاتێک هەموویان هاتنە ناو حەوشێکی گەورە و ڕازاوە دوو کیژی نازدار و لەبار نزیک بوونەوە و شنێلێکی(*) ناسک و درێژی ئەرخەوانی ڕەنگیان بەشانی دۆن کیشۆتدا دا. لە نەکاو لە هەر چوار لای حەوشەکەوە لەسەر هەیوانەکانەوە، نۆکەران و خزمەتکارانی دووک وەدەرکەوتن و بەدەنگی بڵیند گوتیان: «پێڵاوی گوڵی سەرچڵی هەموو پاڵەوانانی سەرگەردانی جیهان لەسەر سەران و لەسەر چاوان!» وە پاشان بەگولاوپاشان گوڵاویان بەسەر میوانان و خاوەن ماڵاندا پژاند. ئەم ڕێوڕەسمە بەشکۆیە بوو بەهۆی شادی و بەرزەدەماخیی لە ڕادەبەدەری دۆن کیشۆت و ئەو ڕۆژە بۆ یەکەم جار لە تەمەنی خۆیدا

دەیدیت کە پەزیرایی لەو، بەرێورەسمی سەردەمی کۆن و بەهەمان شێوە دەکرێ کە دە کتێبەپاڵەوانییەکاندا خوێندبوویەوە و لە پاڵەوانانی سەرگەردانی کەونارا دەکرا و هەر بەو دەلیلە یەکەمجار بوو کە خۆی وەک پاڵەوانێکی سەرگەردانی ڕاستین دەهاتە بەر چاو و لە خەون و خەیاڵ هەواڵێک نەبوو.

سانکۆ کەرەبۆزی بەهەوای خۆی بەرەڵلا کردبوو و خۆی بەدۆشێسەوە هەڵواسیبوو و هاتە ناو کۆشک؛ بەڵام زۆری درێژە نەکێشا کە بەلای ویژدانی خۆیەوە خەجاڵەت بووەوە و لەوە کە کەرەکەی بەتەنیا و بێ خاوەن بەجێ هێشتووە شەرم گرتی و لە یەکێک لە نەدیمە بەشان وشەوکەتەکانی خاتوون کە هاتبووە پێشوازیی، نزیک بووەوە و بەسرتە بەگوێیدا چرپاند: »ئاهای، خاتوون «گۆنزالێز» Gonzalez وە یا خاتوون فلان ... ببوورە کە ناوتان نازانم...» نەدیمە گوتی: «ناوی من «دۆنا ڕۆدریگێزدۆ گریژاڵوا» Dona Rodriguez de Grijalva یە، بەڵام براکەم چ کارێکت بەمنە؟» سانکۆ گوتی: «دەمویست لە حەزرەتی بەڕێزتان تکا بکەم کە لە ڕێگەی لوتفەوە تا بەر دەرگای قەسر تەشریف ببەن، لەوێ کەرێکی لێ هەیە کە کەری منە. لەوێ ئەمر بفەرموو کە یەکێک بچێ تاقەتی[*] بکا یا حەزرەتی بەڕێزتان خۆتان بیبەنە تەویلە، چون کەرەکەم زۆر شەرمێون و کەم ڕووە[*] و کاتێک تەنیا بێ، سەری لێ دەشێوێ و نازانێ چ بکا.» نەدیمە گوتی: «ئەگەر ئەربابیش وەک مەیتەر قسەزان و پیتۆڵ و شۆخ بێ ئەمڕۆ شتێکی خراپمان دەست نەکەوتووە، بڕۆ کابرا! ملت بشکێنە و دوای کەرت کەوە! قوڕم بەدمی ئەو کەسەدادا تۆی بۆ ئێمە هێناوەتە ئێرە! بۆخۆت بڕۆ بەکەرەکەت ڕابگە. ئێمە، نەدیمەکانی ئەم قەسرە بۆ ئەم کارە پیس و پەستانە ئافەریدە نەبووین.» سانکۆ گوتی: «زۆر باشە، بەڵام من لە ئەربابی خۆم کە زانیاریی تەواوی لە مێژووی پاڵەوانانی سەرگەردان هەیە لەو کاتەدا کە داستانی لانسلۆتی دەگێڕاوە بیستم کە دەیگوت کاتێک ئەو پاڵەوانە لە بێرنانییەوە هات خاتوونەکان خۆیان ئاگەداری و خزمەتی ئەویان دەکردو نەدیمەکانیان دەچوون کا و جۆیان بۆ سوارەبەرەکەی دەهێنا و پێی ڕادەگەیشتن، کەری منیش لەو کەرانەیە کە بەسەت بارگینی لانسلۆتی ناگۆڕمەوە.» نەدیمە گوتی: «برا، ئەگەر تۆ لۆتی[*] چەقۆ یا گاڵتەبازی، قسە قۆڕەکانت هەڵگرە بۆ دەرفەتێکی باشتر و سەبر بگرە تا موشتەری و کڕیارت بۆ پەیدا بێ و لە بەرامبەر ئەو قسانەدا شتێکت گیر کەوێ، دەنا ئەرخەیان[*] بە لەمنەوە بێجگە لە دەنکە هەنجیرێک هیچ شتێکی ترت دەست ناکەوێ.» سانکۆ گوتی: «لانی کەم ئەو هەنجیرەی لە جەنابتان بەمن دەگا بەتەواوی شیرین و گەیشتووە و تێپەڕینی مانگ وساڵ باشی پوختە کردووە.» نەدیمە کە زۆر تووڕە بووبوو،





بەسەریدا قیژاندی و گوتی: «جسنە سەگی زۆڵی حەرامزادە! من ئەگەر پیر بم یا جحێڵ کاری خودایە و حیسابی مانگ و ساڵی خۆم دەبێ بدەمەوە بەو، نە بەتۆی دێهاتی سیرخۆری زار بۆگەنیو!» ئەو جنێوانە ئەوەندە بەدەنگی بڵیند گوتران کە بەگوێی دۆسێش گەیشت. ئاوڕی داوە و کاتێک نەدیمەکەی خۆی ئاوا تووڕە و سوورهەڵگەڕاو چاو پێ کەوت لێی پرسی بۆ چی وا تووڕەیە و شەڕ و چەقە چەقی دەگەڵ چ کەسێکە. نەدیمە گوتی: «من لەو کابرا ڕووتەڵە سەیانی یە تووڕەم کە بەمن ئەمر دەکا بچمە دەرەوە و کەری بۆ بەرمە تەویلە و شاهید و بەڵگەم بۆ دێنێتەوە کە نازانم لانسلۆت ناوێک بووە کە خاتوونان خزمەتی خۆیان کردووە و تیماریان کردووە و شێلاویانە و نەدیمەکانیش بارگینەکەیان تاقەت کردووە و چی و چی و لە ئاخری قسەکانیشیدا تەشەرم پێدادەدا و بەداچەکاو[*] و پیرم ناو دەبا.» دۆشێس گوتی: «ئاخ، ئەوە سووکایەتی پێ کردنە، ئەگەر کەسێک ئەوە بەمن بڵێ جەرگم هەڵدەقرچێ!» ئەوجار ڕووی دە سانکۆ کرد و گوتی: «ئای، هاوڕێ سانکۆ، بزانە و ئاگەدار بە کە دۆنا ڕۆدریگێز هێشتا زۆر جحێڵە و ئەم کڵاوە بڵندەی کە بەسەریەوە دەیبینی زۆرتر بەحوکمی ئەرک و بەرپرسیارەتییەک کە هەیەتی لەسەر خۆی دەنێ و پێوەندییەکی بەپیری و جحێڵییەوە نییە.» سانکۆ گوتی: «قوربان خودا ئەمن مەفع کاتەوە ئەگەر بەو مەبەستە شتێکم پێ گوتبێ، بێجگە لەوەش ئەگەر بێ ئەدەبییەکم کردبێ لەبەرئەوە بوو کە کەرەکەم لە باوکم خۆشتر دەوێ و پێم وانەبوو کەسێکی باشتر لەو خانمەم گیر دەکەوێ کە کەرەکەی پێ بسپێرم.» دۆن کیشۆت کە تەواوی ئەم قسانەی گوێ لێ بوو، لەبەر ناڕەحەتی نەیتوانی خۆی ڕاگرێ و گوتی: «سانکۆ، ئەم قسانە بۆ ئێرە نابن، ئێرە شوێنێکی گەورە و شەریفە، مەگەر نازانی؟» سانکۆ گوتی: «ئەرباب، بەپێی قاعیدە هەر کەس لە هەر چی پێداویستی پێی هەیە قسە دەکا. من لێرە کەوتمە بیری کەرەکەم و هەر بەو دەلیلەش باسی دەکەم، وە ئەگەر لە تەویلەدا بیری کەوتبامەوە لەوێ باسم دەکرد.» دووک گوتی: «قسەکانی سانکۆ لە جێی خۆی دایە و من شتێک نابینم کە جێگەی سەرکۆنە و ئیراد گرتن بێ. بەڵام لە بابەت کەرەکەوە، با سانکۆ ئەرخەیان بێ کە بەشی کا و جۆی خۆی پێ دەگا و هیچ نیگەران نەبێ و بزانێ کە لە کەرەکەشی وەک خۆی پەزیرایی دەکرێ.»

دەگەڵ ئەو قسانەدا کە بێجگە لە دۆن کیشۆت تەواوی ئامادەبووانی خۆشحاڵ کردبوو، هەموو گەیشتنە نهۆمی دووەم و دۆن کیشۆتیان بۆ ناو تالارێکی گەورە ڕێنوێنی کرد کە دیوارەکانی بەکاغەزی زێڕین و زێڕباف ڕازاندرا بووەوە. شەش کیژی لەبار و نازدار وە ژوور کەوتن و چەکوچۆڵیان لە پاڵەوان کردەوە و وەک خزمەتکار کەوتنە ژێر ئەمر و فەرمانی

ئەو، دووک و دۆشێس دە پێشدا ئەو کیژانەیان ڕێنوێیی کردبوو کە دەبێ چ ڕەفتار و هەڵسوکەوتێکیان هەبێ و بەتەواوی فێر کرابوون کە چۆن پەزیرایی بکەن تا دۆن کیشۆت پێی وابێ کە وەک پاڵەوانانی سەرگەردانی ڕاستین ڕەفتاری دەگەڵ دەکرێ.

کاتێک چەکوچۆڵی شەڕیان لە دۆن کیشۆت کردووە، تەنیا جلوبەرگێک کە دەبەریدا مایەوە، شەڵواری تەنگ و کولەجەی پێستەبزن بوو. وە پاڵەوان، بەو چڕ و چاوە وشک هەلاتووە و لەشی کز و ئێسقانی و بەژن و بالآی بڵند و باریک و لەڕ و لاواز و شەویلاکەی پێکەوە نووساو و کوڵمەی وەها تێکقووپاو کە هەر دووک دە نێو زاریدا یەکتریان ماچ دەکرد، قیافەیەکی وەها سەیروسەمەرە و بەزەبزوێن(*) و داتەکاوی بەخۆوە گرتبوو کە ئەگەر ئەو کچانەی دە خزمەتیدا بوون بەئەمر و فەرمانی ئەربابی خۆیان بەئەدەب نەجوولابانەوە، لەبەر پێکەنین لەوانە بوو بتەقن. کچەکان تکایان لە دۆن کیشۆت کرد کە جلوبەرگی سەفەریش دابکەنێ تا کراسی تازەی دەبەر بکەن، بەڵام دۆن کیشۆت ئەم کارەی نەکرد و گوتی: «بەهەمان ئەندازە کە دلاوەری و ئازایەتی لە پاڵەوانانی سەرگەردان جوانە، ئەدەب و نەزاکەتیش هەر لەوان دەکاڵێتەوە؛» بەڵام ئەمری کرد کە کراسەکە بدەن بەسانکۆ تا ئەو دەبەر ئەربابی خۆی بکا و کاتێک ڕۆیشتە ژوورێک کە تەختە خەوێکی زۆر جوان و جێوبانێکی شاهانەیان بۆ ڕازاندبووەوە، لیباسی خۆی داکەند و کراسەکەی دەبەر کرد. پاڵەوان کاتێک دەگەڵ سانکۆ تەنیا مایەوە پێی گوت: «باشە، ئەی لاساکەرەوەی مەسخەرە و ئەی نەزانی بێ مێشک، کە باب و باپیرت لە جسناتی کەر بوون، بڵێ بزانم ئایا ڕەوا بوو کە بەنەدیمەیەکی ڕێزداری وەک ئەو خانمە بەشان و شەوکەتە سووکایەتی بکەی و نارەحەتی بفەرمووی؟! ئایا کاتی ئەوە بوو وەبیر کەری خاوەن مردووت بکەویتەوە؟ ئایا ئەو بەڕێزانە کە وەک پادشا لە خۆمان پەزیرایی دەکەن، پێت وابوو سوارەبەرەکانمان فەرامۆش دەکەن و ئالیک(*) و ئاویان نادەنێ؟ سانکۆ بۆ خاتری خودا هێندێک عاقڵ بەو جسناتی پەستی خۆت ئەوەندە نیشان مەدە کە بێن و ببینن تۆ لە قوماشێکی زۆر نەعاملاوی(*) و ئەوەندە نانەجیبی. کەوابوو ئەی تاوانباری دڵڕەق بزانە و ئاگەدار بەکە ئەرباب هەرچەندی مەیتەری بەڕێز و نەجیب و تێگەیشتووی زۆر بێ، ئەوەندەش ڕێز و پایەی دەچێتە بان، وە سەرەتی گەورەی شازادەکان بەسەر باقیی ئەو خەڵکەدا ئەوەیە کە خزمەتکاران و مەیتەرانی ئەوان لە هیچ بارێکەوە دەستی کەمی لە خۆیان نییە. ئەی بێ عەقڵ کە ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر من لە خۆت ناهومێد دەکەی، مەگەر نازانی کاتێک ئەو خەڵکە تۆ بەپیاوێکی کەر و نەفام تێ بگەن، هەرواش دە من دەگەن و لایان وا دەبێ منیش هەر وەک تۆ کەرێکم لەو





دەشتە و بەدرۆ خۆم بەپاڵەوان لە قەڵەم داوە؟ ئامان سەد ئامان، کاکە سانکۆ! وریا بە چی تر لەو ڕەوەزەبەردانە بەر نەدەیتەوە خوار با ملت نەشکێ. کەسێک کە زۆری دەڵێ و پێشی زمانی خۆی بۆ ناگیرێ و خەڵک بەگەمژە و بێ عەقڵ و نەفامی تێ گەیشتن زۆر زوو تێدا دەچێ و لەبەر چاو دەکەوێ، کەوابوو هەمیشە زبانت دە ژێر دەسەڵاتی خۆتدا ڕابگرە و پێش ئەوەی قسەیەک بکەی، فکری لێ بکەوە و هەموو لایەنەکانی هەڵسەنگێنە و کورد گوتەنی: «قسە بی چێژە، بی پێژە، بێ بێژە» و ئەم نوکتەت لەبەر چاو بێ کە ئێمە گەیشتووینە جێگەیەک کە بەلوتف و کەرەمی خودای مەزن و بەهێزی شان و پیلی من دەبێ هەم لە باری ناوبانگ و ناوبەدەرەویی و هەم لە باری ماڵ و سامان و دەوڵەمەندییەوە بگەینە جێگەیەک و قازانجی زۆر بکەین.»

سانکۆ زۆر بەدڵ و پڕ بەدڵ بەڵێنی بەئەربابی خۆی دا کە هەروەک ئەو دەفەرموێ لەمەولا زبانی گرێ بدا و پێش ئەوەی قسەیەکی بێجێ لە زاری بێتە دەر، زبانی خۆی بگەزێ و دە پێداگری لەسەر ئەم مەبەستەدا گوتی: «ئێوە دەتوانن لەمەودوا بەتەواوی ئەرخەیان بن و نیگەرانی لە دڵ وەدەر بنێن. من هەرگیز نابمە هۆی ئەوە کە کەس دە عەسڵ و نەسەبمان بگا.»

دۆن کیشۆت لێرەدا لە کاری لیباس دەبەر کردن تەوا، بووبوو؛ بەندی شمشیری حەمایەڵ(*) کرد و شمشیری لە کەمەر بەست و شنێلی ئەرغەوانی ڕەنگی بەسەر شانی دادا و شەوکڵاوێکی حەریری سەوز کە کیژەکان پێیان دابوو لەسەر خۆی دانا و بەو سەر و پۆتراکەوە ڕۆیشتە ناو تالارێکی گەورە کە هەمان کیژەکان لە دوو ڕیزی سێ بەسێدا ڕاوەستابوون و هەموو گولاوپاشیان بەدەستەوە بوو کە پاش سڵاو کردن و کڕنۆش بردن بەرێوڕەسمی تایبەت گولاویان لە دەستی دۆن کیشۆت کرد، هەر پاش ئەو کارە دوازدە کەس کە لە سەرووی هەمووانەوە سفرەدار ڕاوەستابوو، لە دەرگا هاتنە ژوورەوە تا دۆن کیشۆت بۆ سەر سفرە ڕێنوێنی بکەن و عەرزیان کرد کە خواوەندگارانی کۆشک لەوێ چاوەڕوانی پاڵەوانن. ئەم دەستەیە پاڵەوانیان دە نێو خۆیان گرت و بۆ تالارێکی تر ڕێنوێنییان کرد کە لەوێدا میزێکی گەورەی ڕەنگاوڕەنگ چندرابوو. لەسەر مێزەکەش زۆرتر لە چوار دەوری دانەندرابوو. دووک و دۆشێس تا دەرگای تالار بۆ پێشوازیی پاڵەوان هاتنە بەرەوە، هاوڕێی ئەوان ڕۆحانییەکی وێچووی بەشان و شکۆ دەهاتە پێش، ئەویش لەو ڕۆحانییانە کە چون خۆیان عەسڵ و نەسەبێکی گەورەیان نییە لە ئاکامدا ناتوانن ڕێ و شوێنی ڕەسەنایەتی و نەجیبی و گەورەیی فێری ئەو کەسانە بکەن کە عەسڵ و نەسەب

دارن. لەو ڕۆحانییانە کە دەیانەوێ گەورەیی گەورەپیاوان دەگەڵ فکری چووکەی خۆیان هەڵسەنگێنن، وە سەرەنجام لەو ڕۆحانییانە کە کاتێک دەیانەوێ ڕێورەسمی پیاوەتی و دەستکراوەیی فێری مندالانی گەورەپیاوان و گەورەماڵان بکەن و ئەوجار فێریان بکەن کە چون لە دەست بڵاویی زۆر و تەخشان پەخشان خۆ بپارێزن، شاگردەکانی خۆیان وەک تاقمێکی ڕژد و خەسیس و دەست قووچاو و گەدا سروشت بار دێنن.(٤٠٢) یەکێک لەو کەسانە، هەمان ڕۆحانی خۆ پێ لە کن زۆر و بەویقار بوو کە دەگەڵ دووک و دۆشێس هاتنە پێشوازیی دۆن کیشۆت. هەر دووک لا هەزار جۆر تەعاروف و خۆش هاتنیان پێکەوە گۆڕییەوە و مەرجی حورمەت و ڕێز گرتنیان ئەنجام دا سەرەنجام میوانداران دۆن کیشۆتیان دە نێو خۆیان گرت و لەسەر مێزی شام دانیشتن. دووک سەرەوەی مێزی بۆ دۆن کیشۆت پاوان کرد، وە هەرچەند پاڵەوان دە پێشدا لە قبووڵ کردنی ئەو شانازییە عوزری خواست، بەڵام پێ چەقاندنی دووک ئەوەندە زۆر بوو کە دۆن کیشۆت ناچار قبووڵی کرد. کابرای ئاینی بەرامبەر بەپاڵەوان و دووک و دۆشێس لەم لا و ئەو لای مێز دانیشتن. سانکۆ ئاگەداری تەواوی ئەم هەڵسوکەوتە بوو و لەو گشتە ڕێز و حورمەتە کە لە ئەربابەکەی دەگیرا سەری سوڕ مابوو. ئەو لەوکاتەدا کە دووک زۆر پێداگری دەکرد کە دۆن کیشۆت لە سەرووی هەمووان دابنیشێ، هەودای قسەی بەدەستەوە گرت و گوتی: «ئەگەر بەڕێزان ئیزنم بدەن من داستانێکتان لەمەڕ ئەو لە سەروو دانیشتنە کە لە گوندی ئێمە ڕووی داوە، بۆ ئێوەی خاوەن ڕێز دەگێڕمەوە.»

هێشتا سانکۆ قسەکەی تەواو نەبووبوو کە دۆن کیشۆت لە ترسی ئەوەی دیسان مەیتەر قسەی بێ تام و نابەجێ بکا و ئابڕووی ئەوی پێ بچێ، زەرد هەڵگەڕا و تووشی لەرزین و ناڕەحەتی بوو. سانکۆ کە بەحاڵی ئەربابی زانی و فکر و خەیاڵی خوێندەوە ڕووی تێ کرد و گوتی: «ئەربابی عەزیزم، نیگەرانی بەدڵت ڕێ مەدە و پێت وا نەبێ کە من لە خۆ دەردەچم و قسەیەکی بێجێ دەکەم. من هێشتا نسحەت و ڕێنوێنییەکانی جەنابتم لەمەڕ کەم گوتن و چاک و خراپ گوتن، کە چەند سات لەمەوبەر فەرمووتان، لە بیر خۆم نەبردووەتەوە.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ، من خۆم شتێکم لەبیر نەماوە و تۆش هەر چی دەتەوێ بیڵێ، بەو شەرتە زوو کۆتایی پێ بێنی.»

٤٠٢- دە زەمانی سێروانتێسدا لەم جۆرە ڕۆحانییانە هەبوون کە گەورە ماڵەکانیان بەڕێوە دەبرد، لەو لۆمە وتانووت و تەشەرەی لێرەدا سێروانتێس دە کاری هێناوە وێ دەچێ دەگەڵ یەکێک لەو ڕۆحانییانە وردە حیسابی هەبێ. (مۆریس باردۆن)





سانکۆ گوتی: «ئەوەی من دەمەوێ عەرزتان بکەم، ئەوەندە ڕاست و دروستە کە بەیەقین دەزانم ئەرباب کە تەشریفی لێرەیە وەدرۆم ناخاتەوە.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ، بۆ من چ بایەخێکی هەیە تۆ درۆ بکەی یا نەکەی؛ تۆ هەر چەندی دەتەوێ درۆ بکە، من پێش بەو کارەی تۆ ناگرم؛ من تەنیا ئەوەندە دەڵێم ئاگات لە قسەکانت بێ.» سانکۆ گوتی: «من ئەوەندەم ئاگا لە قسەکانی خۆم هەیە و ئەوەندەم سەنگ و سووک کردوون و هەموو لایەنەکانیم وەبەر چاو گرتووە کە ئەمجار بەراشکاوی دەتوانم بڵێم کە خاتری جەنابت ئاسوودە بێ، هەر وەک بەکردەوەش دەیبینین.» دۆن کیشۆت ڕووی دە میوانان کرد و گوتی: «بەبڕوای من ئێوە بەڕێزان ئەو گەمژەیە لێرە وەدەر بنێن، دەنا لەوانەیە هەزاران قسەی قۆڕ و بێ سەر و بن هەڵڕێژێ .دۆشێس گوتی: «بەگیانی دووک سوێند دەخۆم کە سانکۆ نابێ هەنگاوێک لە من دوور بکەوێتەوە. من ئەوم زۆر خۆش دەوێ، چون دەزانم پیاوێکی بەهۆش و قسە خۆشە.» سانکۆ هاواری بەرز بووەوە کە: «گیانی خاتوونی پایەبەرزم سلامەت بێ؛ هۆش و زانایی و تێگەیشتن تایبەتی زاتی ئەو خاتوونە پیرۆزەیە و من هەر چەند لایقی ئەو تەعریف و پەسن دانە نیم، بەڵام لە لوتفی بەرز و بێ پایانی ئێوە زۆر سپاس دەکەم. بەهەرحاڵ ئەو حیکایەتەی کە دەمگوت ئەوەیە: «ڕۆژێک لە ڕۆژان یەکێکلە نەجیب زادەکانی گوندی ئێمە کە پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند و بەشان و شکۆ بوو و بنەچەکی دەچووەوە سەر بنەماڵەی «ئالامووس دۆ مێدینا – دێل کامپۆ Alamos de Medina del campo و دەگەڵ «دۆنا مێنسیادۆ کوییۆنیس» Dona Mencia de quiones کچی یەکێک لە پاڵەوانانی تایفەی «سێن ژاک» بەناوی «دۆن ئالۆنزۆدۆمارانۆن» زەماوەندی کردبوو و ئەم پاڵەوانەش هەمان کەسە کە لە دورگەی هێرادۆڕادا خۆی دە ئاو هاویشت تا غەرق بێ و بمرێ. بەڵێ جا، چەند ساڵ لەمەوبەر لە گوندی ئێمە شەڕێک لەسەر ئەم نەجیب زادە بەشەوکەتە هەڵایسا و ئەگەر بەهەڵە نەچووبم ئەربابی من دۆن کیشۆتیش لەم شەڕەدا بەشدار بوو، لەم شەڕە گەورە و گرانەدا هەتیوێکی ڕووتەڵەی خوێڕی بەناوی «تۆما زیلۆ» Toma Sillo کە کوڕی «باڵباسترۆ Balbastro ی ناڵبەند بوو زۆر بەسەختی بریندار بوو... باشە، ئەربابی خۆشەویستم ئایا ئەوەی گوتم هەمووی ڕاست» نییە؟ تۆ گیانی خۆت بفەرموو وایە یا وا نییە؟ ئەگەر ڕاست دەکەم بفەرموو با ئەو زاتە بەڕێزانە لایان وانەبێ من بابایەکی درۆزنم.» پیاوی ئاینی گوتی: «تا ئێرە من زۆر بڵەیی زۆرتر لە درۆزنی دە تۆدا دەبینم. ئیدی نازانم دوایە چ بڕوایەکم لەسەر تۆ دەبێ.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ تۆ ئەوەندەت ناوی کەسان لە قسەکانتدا بەشاهید و بەڵگە هێناوە کە ناتوانم لە ڕاستیی قسەکانتدا شک بکەم و ناچار دەبێ بڵێم

هەر چی گوتت ڕاستە و درۆی تێدا نییە. فەرموو حیکایەتەکەت بگێڕەوە، بەڵام تا دەتوانی بەکورتی، چون ئەو جۆرەی تۆ دەستت پێ کردووە لەوانەیە دوو ڕۆژی تریش تەواو نەبێ.» دۆشێس گوتی: «نە، نە، ئەگەر سانکۆ دەیەوێ کە من لە قسەکانی حەز و خۆشی وەربگرم با بەتەواوی قسەی خۆی بکا و کورتی نەکاتەوە، ئەگەر شەش ڕۆژیش دەکێشێ با بکێشێ، چون ڕۆژانێکی کە سەرفی بیستنی قسە و بەسەرهاتی خۆش دەبێ لە شیرینترین ڕۆژەکانی تەمەنی منە.» سانکۆ لە درێژەی داستانی خۆیدا گوتی: «عەرزم بەحزووری سەروەرانی بەڕێز کە ئێوە بن، ئەو نەجیب زادە دەوڵەمەندە کە من ئەوی زۆر باش دەناسم – چون لە ماڵی ئێمە تا ماڵی ئەوان لە مەودای تیرهاوێژێکی تفەنگ زۆرتر نییە – ڕۆژێک جووت بەندێکی[*] هەژار، بەڵام پیاوچاکی بۆ شام خواردن بانگهێشت کرد...» کابرای ئاینی هاواری بەرز بووەوە کە؛ برا برۆ سەر ئەسڵی بابەت، دەنا تا هەستانەوەی قیامەت ناگەیتە کۆتاییی نەزیلەکەت.» سانکۆ گوتی: «ئەگەر خودا بخوازێ لە نیوەی ئەم ڕێگەیەی فەرمووت داستانەکەم تەواو دەبێ؛ کەوابوو بەعەرزتان دەگەیەنم کاتێک جووت بەندە لە ماڵی نەجیب زادە کە خودا غەرقی ڕەحمەتی خۆی بکا وەژوور کەوت... وە ئەڵبەتە دەبێ بڵێم کە ئەو نەجیب زادەیە عومری درێژی بۆ ئێوە جێ هێشتووە، نیشان بەو نیشانەی کە دەڵێن لە گیانەڵلاداروخسارێکی وەک ڕوخساری فریشتەی هەبوو، بەڵام من لەو کاتەدا بەلایەوە نەبووم، چون لە گوندی «تام بلێک» Tamblequeسەپان[*] بووم و دروێنەی گەنمم دەکرد...» کابرای ئاینی دیسان هاواری لێ بڵیند بوو کە: «تۆ قەبری ئەو باوکەت لە سەفەری تام بلێک بگەڕێوە و ئەگەر دەتەوێ زیندە بەگۆڕمان نەکەی لە داستانی بەخاک ئەسپاردنی نەجیبزادەش بگەڕێ و لە گێڕانەوەی باقیی داستانەکەشتدا پەلە بکە.» سانکۆ گوتی: «ئەسڵی داستان ئێرەیە کە ئەو کاتەی میوان و میواندار دەیانویست لە پشت مێزی شام دابنیشن... سوبحانەڵڵا! من ئەو دیمەنەم ئەوەندە جوان لە بیر ماوە هەر دەڵێی ئێستا لەبەر چاومە و ئەوەتا ئەوان لەبەر دەمم دانیشتوون...» دووک و دۆشێس لەوەی کە کابرای ڕۆحانی بەفرە وێژی و لادانی سانکۆ لە ئەسڵی بابەت زۆر تووڕە و ناڕەحەت دەهاتە بەرچاو و لە حەرەکات و ئەدا و ئەتوار و ڕاوەستان و ڕاگرتنی حیکایەتەکە لە لای سانکۆوە زۆر کەیف ساز بوون و حەزیان دەبرد و بەتووڕەیی و قین و غەزەبی دۆن کیشۆتیش کە ناچار تووڕەییی خۆی قووت دەداوە و هیچی نەدەدرکاند، هێندەی تر کەیفیان ساز دەبوو و ڕایان دەبوارد. سانکۆ درێژەی بەقسەکانی خۆی دا و گوتی: «عەرزی خزمەتی ئێوە بکەم ئەو دوو کەسە وەک گوتم کاتێک دەیانویست لەسەر مێزی شام دابنیشن، جووت بەندە بەپێداگری و







تکا و ڕەجای زۆرەوە لە نەجیب زادەی ویست لە لای سەرەوە دابنیشێ و نەجیب زادەش بەبیانووی ئەوە کە ئەمری ئەو دەبێ لە ماڵدا دە کار بکرێ لە جووت بەندەی ویست کە لە لای سەروو دابنیشێ. بەڵام جووت بەندە کە زۆر بەئەدەب بوو بەهیچ جۆر ئیجازەی بەخۆی نەدەدا کە وەسەرەوەی میواندار بکەوێ، سەرەنجام سەبر و حەوسەڵەی نەجیب زادە بەسەر چوو و هەردووک دەستی لەسەر شانی میوان دانا و بەزۆر لەسەر کورسییەکەی دانا و گوتی: «وای، کابرای خەرفاوی نەزان، دانیشە ئیدی! ئاخر من لە هەر شوێنێک دانیشم دیسان هەر لە سەرووی تۆ دەبم.» ئەوە بوو داستانی من و بەیەقین دەزانم کە گێڕانەوەی لێرەدا جێگەی خۆی بوو.»

دۆن کیشۆت سوور هەڵگەڕا. و ڕەنگی هێنا و برد و ڕەش هەڵگەڕا، دووک و دۆشێس بەزەحمەت پێشی پێکەنینی خۆیان گرت تا مەبادا دۆن کیشۆت دەرهەڵبێ[*] چون هەردووک دەیانزانی سانکۆ خەریکی سەگیەتی و ناجسنییە، بۆ ئەوەی قسەکان بگۆڕن و چی تر مەجالی کەرەکەر و قسەی ناحەزی پێ نەدەن، دۆشێس ڕووی دە دۆن کیشۆت کرد و لێی پرسی کە چ خەبەرێکی تازەی لە خاتوون دۆلسینە دۆ تۆبۆزۆ هەیە و ئایا لەو دواییانەدا دیاری و بارمتەیەکی لە دێوان و غوولان و ڕێگران و دز و درۆزنی شکست خواردووی ناردووەتە خزمەت ئەو خاتوونە یا خێر، وە هیچ جێگەی شک و گومان نییە کە پاڵەوان لەو ماوەیەدا چەنای چەن[*] غوول و خراپەکاری تری سەرکوت کردووە. دۆن کیشۆت لە وەڵامی دۆشێسدا گوتی: «خاتوون هەر چەند چارەڕەشی و بەدبەختییەکانی من بێگومان سەرەتایەکیان هەبووە، بەڵام هیچ کۆتاییەکیان نییە و نابێ. بەڵێ من لەم دواییانەدا چەند کەسێکم لە دێو و درنجان بەزاندووە و تەزاندووە و جەماوەرێکم لە ڕێگر و غوولی بەردەست کردوو، ناردووەتە خزمەت خاتوون دۆلسینە، بەڵام چما ئەوانە توانیویانە ئەو دڵبەرە نازدارە بدۆزنەوە؟ چون ئەو لەو دواییانەدا تەلیسم کراوە و بەشکڵی ژنە دێهاتییەکی وەها ناحەز و دزێو دەرهاتووە کە کەس نایناسێتەوە. سانکۆ هاتە نێو قسەکان و گوتی: «یانی چی؟ من هیچ نازانم ئێوە دەڵێن چی! لەبەر چاوی من خاتوون دۆلسینە وەک جوانترین ئافەریدەی خودا خۆی نواند. وە یا لانی کەم دەزانم کە لە باری چابوکی و سووکی و خۆ سووڕاندن و هەڵبەزینەوە دەگەڵ ژنێکی سەماکاری بەندباز[*]، بەرامبەری دەکرد و لە ئاستێکدا بوون، ڕاستی خاتوون دۆشێس بەو خوایە ئەو دۆلسینە نازدارە وەها خۆی داوێتە سەر زین بەمەعان[*] وەک گورپەی چالاک دەچوو.» دووک پرسی: «سانکۆ تۆ هیچ کات دۆلسینەت لە کاتی تەلیسم کراویدا دیتووە؟» سانکۆ گوتی: «هەڵبەت دیتوومە و لە ئەسڵدا بێجگە لە من

کێیە کە یەکەم جار لە کاری سیحر و جادوودا موتالای کردبێ؟ بەڵێ دۆلسینە هەر ئاوا تەلیسم کراوە کە باوکی من کراوە.» کابرای ئاینی کە باسی غوول و دێو و درنج و سیحر و جادووی گوێ لێ بوو لە نەکاو شکی لێ پەیدا بوو کە نەکا ئەم میوانە تازە هاتووە، هەمان دۆن کیشۆتی مانش بێ کە جەنابی دووک زۆر جار داستانی ئەوی دەخوێندەوە و ئەویش بەبیانووی ئەوەی کە خوێندنەوەی کتێبی ئاوا پڕ و پووچ و بێ بنەما کارێکی بێهوودە و زیانبارە(*) ئەوی سەرکۆنە دەکرد. بەڵێ جا هەر کە شک و گومانی پیاوی ئاینی بوو بەیەقین، بەتووڕەیی و دەرهەڵبوونێکی زۆرەوە ڕووی دە دووک کرد و گوتی: «پایەبەرز تۆ لە ڕۆژی قیامەت و لەبەر بارەگای خودای ئێمە عیسا مەسیحدا بەرپرسی کار و ئاکاری ئەم پیاوە بێچارە دەبی. ئەم دۆن کیشۆت یا «دەنکەنۆک» یا دۆن قوزەڵقۆرت یا نازانم چیت عەرز کەم، ئەوەندەی تۆ پێت وایە دێوانەش نییە، بەڵام تۆ وای لێ دەکەی کە خۆی لە عالەمی شێتی بدا، وە دەرفەت و مەجالی ئەو کارەی بۆ پێک دێنی و دنەی دەدەی هەوسار بپسێنێ و بەقسە بێ مانا و هیچ و پووچەکانی درێژە بدا.» پاشان ڕووی بۆ لای دۆن کیشۆت وەرگێڕاو گوتی: «وە تۆ ئەی کابرای شێتی بێ مێشک! چ کەسێک، چ سەگبابێک ئەوەی دە مێشکی تۆ ڕۆ کردووە کە پاڵەوانی سەرگەردانی و غوول و دێوەزمان دەبەزێنی و دز و جەردە و ڕێگران قۆڵبەست دەکەی؟ هیوادارم خوداوەند بۆ ڕێگەی ڕاست ڕێنوێنیت بکا! بڕۆ بگەڕێوە ماڵی خۆت و ئەگەر مناڵت هەن بەوان ڕابگە و پەروەردەیان بکە و ئاگات لە ملک و ماڵ و سامانی خۆت بێ و زوورتر لەوە وەک وێڵگەردان(*) و بەرەڵلایان ئاوارەی چۆڵ و بیابان مەبەو عومری عەزیزی خۆت بێهوودە خەسار مەکە و مەبە شقەن و گاڵتەجاری ئەو خەڵکە! ئاخر تۆ لە کوێ دیوتە یا بیستووتە کە لە ڕۆژگاری کۆن و ئێستادا پاڵەوانانی سەرگەردان لە دنیادا بووبن یا هەبن؟ لە کام شوێنی ئیسپانیادا غوول و دێوەزمە دەبیندرێن یا لە کام جێگەی وڵاتی مانشدا جەردە و ڕێگر لە ئارادا هەن؟ ئەم دۆلسینە تەلیسم کراوە لە کوێیە و ئەو هەموو داستانە ڕشقەن و بێ سەروبنە چییە کە لە تۆی دەگێڕنەوە و مانای چییە؟»

دۆن کیشۆت قسەکانی ئەم پیاوە بەڕێزەی بەسەرنجدان و بەوردی لە بێدەنگیی تەواودا گوێ دایە، بەڵام چون ئاخری ئەوی بەبێدەنگی و خامۆش چاو پێ کەوت بێ ئەوەی، حورمەتی میوانداری بەڕێزی خۆی ڕابگرێ، بەحاڵەتێکی هەڕەشە و بەروخسارێکی کە لەبەر تووڕەیی و کین داگیرسابوو، لە جێگەی خۆی ڕاست بووەوە و تەواو قەد ڕاوەستا و هاواری کرد... بەڵام جوابی دۆن کیشۆت بۆ ئەوە دەبێ لە بەشێکی تایبەتیدا بگوترێ.



٣٢

## لە مەڕ جوابی دۆن کیشۆت بۆ دژەکەی و ڕووداوی گرینگ و شیرینی تر

بەڵی دۆن کیشۆت کە تەواو قەد هەستابووە سەر پێ، وەک فێی لێ هاتبێ، سەرتاپا دەلەرزی و بەدەنگێکی پڕ لە قین و داخەوە بەئاهەنگێکی توند و ناشیرین گوتی: «بەدبەختانە ڕێز و حورمەتی ئەو شوێنە کە ئێستا لێی ڕاوەستاوم و پلە و پایەی ئەو بەڕێزانە کە دە حزووریان دام و ڕێز و حورمەتێک کە هەموو کات بۆ پلە و پایەی ئاین و وەکانی(*) تۆ بوومە و ئێستاش هەمە، دەست و پای هەستەکانمی بەستووە؛ کەوابوو بەو دەلیلانەی کە ئێستا عەرزم کردی و بەخاتری ڕوون کردنەوەی نوکتەیەک کە هەموو خەڵک دەیزانن، وە ئەویش ئەوەیە کە تەنیا چەکی کەشیشان و عەبا پۆشان وەک ژنان زبانیانە و بەس، منیش لەبەربەرەکانێ دەگەڵ جەنابت تەنیا لە چەکی زبان کەڵک وەردەگرم تا چەکی هەردووک لامان، وەک یەک بێ، وە ئەوە جێگەی داخێکی گەورەیە، چون زبانێک کە دەبێ لە ڕێگەی ڕێنوێنی و هیدایەتی خەڵکدا وەکار بکەوێ و پەند و نسحەتی جوان و بەکەڵکی لێ دەرپەڕێ ئێستا بۆ تانە و تەشەر و جوێن و قسەی سووک و ناحەز کەڵکی لێ وەردەگیرێ. لۆمە و تانە و تەشەرێک کە بۆ مەبەستێکی پیرۆز و پاک و خاوێن دەبێ لە جێگەی تایبەتی خۆیدا و بەشێوە و شکڵێکی تر، جیاواز لەوەی تۆ کردت ئەنجام بدرێ، وە یا لانی کەم دەبێ بڵێم کە تۆ، کە من لەبەر چاوی عالەمێک و بەو ناحەزی و نالەبارییە لۆمە دەکەی، لە چوارچێوەی هیدایەت و ڕێنوێنی و ئاگەدار کردنەوە کە کارێکی واجیبەو دەکارهێنانی بەزبانی نەرم و خۆش باشتر بەڕێوە دەچێ، لەوەی قسەی ترش و تاڵ هەڵبڕێژێ، چوویتە دەر. ئەوە شایستەی پیاوێکی وەک تۆ نییە کە بێ ئەوەی لە چۆنیەتیی تاوان و گوناهی من ئاگەدار بی، بەتاوانبارم لە قەڵەم بدەیت و بەکەر و شێت و پەیتارەم بزانی. ئاخر فەرموو بزانم تۆ تا ئێستا چ کارێکی شێتانە و کەرانەت بەمنەوە دیوە کە بەخاتری ئەو کارە من سەرکۆنە دەکەی و بەشێت و بێ عەقڵم دەزانی و بەمن ئەمر دەکەی کە بگەڕێمەوە ماڵی خۆم و بەژن و منداڵ و ماڵ و ملکم ڕابگەم، ئەوەش لە حاڵێکدا کە نازانی ژن و منداڵم هەیە یان نا؟ ئایا بێجگە لەوە کارێک بۆ تۆ دەست نەدەکەوت کە بێهوودە و لە ڕووی ناچارییەوە خۆت دەماڵی خەڵک باوێیت و کاروباری خاوەن ماڵەکان بەڕێوە بەری؟ تۆ کە دە

حوجرەیەکی تەنگ و تاریکی مەکتەبدا ژیاوی و بێجگە لەو خەڵکەی کە بیست یا سی فەرسەخ دوور لە شار دەژین کەسی ترت نەدیتووە، ئایا سزاوارە پێ لە بەرەی خۆت زۆرتر ڕاکێشی و قسەی زیادی بکەی و بۆ شوغڵی پاڵەوانی یاسا و ڕێوشوێن دیاری بکەی و لەسەر پاڵەوانانڕا دەربڕی و داوەری بکەی؟ مەگەر پێت وایە کاری پاڵەوانەتی شتێکی هەروا سووک و ئاسانە؟ مەگەر ئەو کاتانەی لە عومری ئادەمیزاد دە سەفەر و دیتندا تێ دەپەڕێ زایە کردنی وەخت و دەرفەتە؟ ئەویش نە بەخاتری حەز و خۆشی وەرگرتن، بەڵکو بۆ هەڵگرتنی باری کوێرەوەری و تێپەڕین بەناو دڕکە زێ و کەندولەندی ژیاندا کە پیاوچاکان و گەورە گەورەکان بۆ گەیشتن بەترۆپکی بەختەوەریی هەتا هەتایی ڕێگەی ئاوا چڕ و ئەستەم دەگرنە بەر. ئەگەر پیاوانی ئازادە و نەجیب زادە و خەڵکی بەشان و شکۆی ڕەسەن و گەوهەر پاک منیان سەرکۆنە کردبا، دڵم دەسووتا و هەستم دەکرد کە سووکایەتییەکی قورسم پێ کراوە، بەڵام لەوەی کە کەسانێکی خۆ پێ گەورە و خۆ بەزانا زان و نانەجیب کە هەرگیز هەنگاوێکیان لە ڕێگەی پاڵەوانەتیدا هەڵنەگرتووە من بەدێوانە بزانن، پێکەنینم پێیان دێ و بەکەریشیان نازانم و بەقەدەر سەرە دەرزییەک بایەخ بۆ قسەکانیان دانانێم. من پاڵەوانی سەرگەردانم و ئەگەر ئیرادەی خودای مەزن لەسەر ئەوە بێ، هەر دەو کارەدا دەمرم. دەستەیەک لە خەڵک بەرێگەی پان و بەرینی پێگەیشتن بەپلە و پایەی بەرزدا دەیکوتن و دەعیە و ئیفادە و خۆبەزلزانی دەفرۆشن، تاقمێک ڕێگەی کلکە سووتە و جامە لووسکێ دەگرنە بەر و خۆیان بەنۆکەر و غولامی ئەم و ئەو دەزانن، هێندێک بەریابازی و دەغەڵکاری و ساختەچێتی تەمەن تێپەڕ دەکەن و نانی فریو و کەر کردنی خەڵک دەخۆن و لەو نێوەشدا هێندێک ڕاست و دروستکارن و ڕێگەی دین و ئاین دەپێون. بەڵام من بەرێنوێنیی ئەستێرەی بەختی خۆم، دە کوێرەڕێی تەنگ و باریکی پاڵەوانانی سەرگەرداندا هەنگاو هەڵدەگرم و بۆ ئەوەی بتوانم سەرکەوتوو بم سەروەت و نیعمەتی دنیا بەهیچ دەگرم و گەورەیی و شەڕەف بەگرینگ دەزانم، وە هەر بەو دەلیلەیە کە تا ئێستا توانیومە تۆڵەی زۆر کەسان بکەمەوە و دەلابردنی زوڵم و بێدادگەریدا سەر بکەوم، بێشەرمی و بێ حەیایی و ڕەفتاری ناپیاوانە سزا بدەم و غوولان و دێوان سەرکوت بکەم و دەگەڵ جانەوەری دڕندە و تاپۆی زراوتۆقێن ململانێ بکەم. من ئەویندارم، ئەوەش لەبەرئەوەیە کە هەموو پاڵەوانێکی سەرگەردان دەبێ عاشق بێ و دڵ بەستەی دڵبەرێک بێ؛ ئەوەش بزانی باشە کە من ئەگەر ئەویندارم لەو کەسانە نیم کە هەوەسباز و بێ بەند و بارن، من ئەویندارێکی داوێنپاکی ئەفلاتوونیم. نییەتی من هەموو دەم لەسەر بنەمای خێر و





مەسڵەحەتە، یانی ئارەزووم ئەوەیە چاکە دەگەڵ هەموو کەس بکەم و ئازارم بەهیچ کەس و هیچ بوونەوەرێک نەگا. ئێستا ئەگەر کەسێک ئاوا فکر بکاتەوە و ئاوا ڕەفتار بکا و هەردەم تێ دەکۆشێ نییەت و ئارەزووی باشی خۆی بەکردەوە دەکار بێنێ، سزاواری ئەوەیە کە بەکەر و شێتی بزانن. من هیچت پێ ناڵێم و عەرزێکی ترم نییە و داوەری دەخەمە سەر ئینساف و مروەتی بەڕێزانی گەورە، حەزرەتی دووک و دۆشێس.»

سانکۆ هاواری کرد: «بژی، بژی! ئەی ئەرباب و وەلی نیعمەتی گەورەواری من، ئیدی لەوە زۆرترڕ بۆ بەرگری کردن لە خۆت بەو زبانە پاراوە و بەو گفت و لفتە جوانە درێژە بەفەرمایشەکانت مەدە. چون ئیدی قسەیەک نەماوە نەتگوتبێ و فکرێک نەماوە نەتکردبێتەوە و شتێک لە دنیادا نییە کە لایەنگریت لێ نەکردبێ. لەوەش تێ پەڕێ، ئەگەر ئەو پایەبەرزە پلە، و پایەی پاڵەوانانی سەرگەردانی حاشا لێ کرد و گوتی کە هەرگیز پاڵەوانێکی سەرگەردان دە عالەمدا نەبووە و نییە، هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە، چون ئەو بۆ خۆی یەک واژە لەوەی دەیڵێ تێی ناگا.» پیاوی ئاینی لە سانکۆی پرسی: «برا، تۆ هەمان سانکۆپانزای مەشهوور نی کە ئەربابەکەت بەڵێنی دوڕگەیەکی پێ داوی؟» سانکۆ گوتی: «بەڵێ هەر ئەوەم کە دەڵێی؛ هەر ئەوەم کە وەک هەموو کەس لێم دەوەشێتەوە خاوەنی ئەو دوڕگەیە بم. هەر ئەوە کە گوتوویانە: «هەر کەس دەگەڵ چاکان دانیشێ ئاخری چاک دەبێ»، هەروەها گوتوویانە: »هەر کەس لە ژێر داری گەورە دانیشێ، سێبەری گەورەشی بەسەر دەکشێ» وە من ئێستا دەگەڵ ئەربابێکی مەزن هاونشینم و چەندین مانگە دە ژێر سایەی ئەودا دێم و دەچم و بەهیوای خودا دەبم بەیەکێکی وەک ئەو. بژی ئەربابی من و بژی بۆ خۆم! چون من بەیەقین دەزانم کە نە بۆ ئەو، قاتی ئیمپراتۆری و وڵاتانە تا سەڵتەنەتیان بەسەردا بکا و نە بۆ من قاتی دوڕگە و جەزیرانە تا دەسەڵاتدارییان بەسەردا بکەم.» دووک بەهاوارەوە گوتی: «هاوڕێ سانکۆ، بێگومان بۆ هیچکام لە ئێوە قاتی وڵات و دوڕگە نییە و من ئامادەم بەناوی ناوبەدەرەوەی دۆن کیشۆت، دەسەڵاتی دوڕگەیەک لە مڵکەکانی خۆم کە حاڵی حازر بێ دەسەڵاتدارە و داهاتیشی کەم نییە، بدەمە دەستی تۆ.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ، بڕۆ لە خزمەت حەزرەتی دووکدا بکەوە سەر چۆک و بەپاسی(*) ئەو مەڕحەمەتەی کە دەرحەق تۆ دەیکا پای ماچ بکە.»

سانکۆ بۆ جێبەجێکردنی ئەمری ئەربابی خۆی وە پەلە کەوت. بەچاو پێکەوتنێکی ئەو دیمەنە کابرای ڕۆحانی کە بووبووە یەکپارچە ڕق و تووڕەیی و نەفرەت لە پشت مێز هەستا و ڕوو بەجەنابی دووک، بەزیقە زیق گوتی: «بەو لیباسە پیرۆزە کە لە بەرمدایە تۆش وەک

ئەوانە شێتی و مێشکت دە سەریدا نییە. ئاخر لە جێگەیەک کە عاقڵان فتوای شێتی و دێوانەییی ئەوانەیان داوە، چۆن دەکرێ دێوانە نەبن؟ هەروا باشترە کە بەڕێزتان دەگەڵ ئەوانە لێرە بمێننەوە؛ تا کاتێک ئەم شێت و ماخولیایانە لێرەن من لە ماڵی خۆم یەک هەنگاو نایەمە دەر و لە درێژەدان بەئەنجامی کاروبارێک کە ئیدی دە تاقەتی مندا نییە، سەرکێشی دەکەم.» کابرای ڕۆحانی ئەوەی گوت و بێ ئەوەی یەک پارووی تر بخوا لە تالار وەدەرکەوت و هەرچی حازرانی مەجلیس تکایان لێ کرد و دە بەریدا مردن و پسان[*] و ئەخت و چاریان کرد[*]، ڕانەوەستا و وەدەرکەوت. گوتنی پێ ناوێ کە جەنابی دووک بۆ گێڕانەوەی کەشیش زۆر پاپا نەبوو، چون ئەو لەو تووڕەیی و دەرهەڵبوونە و بێ ئەدەبییەکانی ئەو پایەبەرزە وە پێکەنین کەوتبوو و دەیویست بەمەیلی خۆی پێ بکەنێ.

بەڵێ جا، کاتێک دووک بەدڵی خۆی پێکەنی، ڕووی دە دۆن کیشۆت کرد و گوتی: «جەنابی پاڵەوانی شێرشکێن، ئەلحەق کە بەڕێزتان جوابێکی وەها سەرکەوتوانەت بەحەریفی خۆت دایەوە کە ئیدی هیچ مەجالێکت بۆ نەهێشتەوە و تۆڵەی خۆت زۆر باش لێ وەرگرتەوە، وە ئەڵبەتە قسەی ناحەز و جنێوەکانی ئەو کابرایە ڕەنگە بەرواڵەت جنێو، یا سووکایەتی بن، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە و قسەکانی باری سووکایەتییان نییە، چون هەر وەک هەرا و هوریا و جنێودانی ژنان وایە کە بەتەوهین و سووکایەتی ناژمێردرێ.» دۆن کیشۆت گوتی: «ڕاست دەفەرمووی و دەلیلی ئەو مەسەلەش ئەوەیە کە هەر کەس لە زاتی خۆیدا سووکایەتی هەڵگر نەبێ، وتار و کرداریشی باری سووکایەتیان نابێ. ژنان و منداڵان و کەشیشان چون ناتوانن، تەنانەت ئەگەر دەستدرێژیشیان پێ بکرێ، لە خۆیان بەرگری بکەن، کەوابوو هیچ کارێک بەنیسبەتی ئەوان بەتەوهین دانانارێ. هەر وەک بەڕێزتان زۆر باشتر لە من ئاگەدارن لە نێوان تەوهین و دەستدرێژیدا، ئەم جیاوازیە بەرچاوە هەیە کە تەوهین لە کەسێک سەر هەڵدەدا کە دەتوانێ ئەنجامی بدا و دەیکا و لە پاشی[*] ڕادەوەستێ؛ دەستدرێژی لە هەر کەسێک دەتوانێ ڕوو بدا، بێ ئەوەی کاری دەستدرێژکەر بۆ دەستدرێژی پێکراو، هەموو دەم بەتەوهین بزاندرێ. بۆ نموونە عەرزتان دەکەم کە مەسەلەن کەسێک لە کوڵاندا بێ فکر و خەیاڵ بەرێی خۆیدا دەڕوا؛ دە پیاوی چەکدار لە نەکاو تێی بەردەبن و دەیکوتن، کابرا بۆ بەرگری لە خۆی دەست دەداتە شمشیر و بەئەرکی خۆی هەڵدەستێ. بەڵام ژماری دوژمنان لەوە زۆرترە کە ئەو بێچارەیە بەئارەزووی خۆی بگا، یانی ئەو جۆرەی لازمە تۆڵەی خۆی بکاتەوە. دەبێ بێژین ئەم پیاوە دەستدرێژیی پێ کراوە نە تەوهین. نموونەیەکی تر ئەم ڕاستییە باشتر ڕوون دەکاتەوە. کابرایەک بەرێدا دەڕوا،





یەکێ تر لە پشتەوە دارێک لەسەری ڕادەکێشێ؛ ئەوەی دارەکەی وەشاندووە دەرباز دەبێ و لەسەر پەرچەکرداری[*] حەریف ڕاناوەستێ. ئەوەی داری وێ کەوتووە دەستدرێژی پێ کراوە نە تەوهین و بۆ ئەوەی ئەو کارە بەتەوهین دابندرێ، دەبووایە کابرای وەشێنەر لە پای کاری خۆی ڕابوەستێ و دەرباز نەبێ. ئێستا ئەگەر وەشێنەر، با حەریفی خۆیشی غافڵگیر کردبێ و زەبری ناجوامێرانەی خۆی وەشاندبێ، ئەگەر دەرباز نەبێ و هەڵکێشێتە شمشیر و پیاوانە لە بەرامبەر حەریفدا ڕاوەستێ، ئەوەی زەبری وێ کەوتووە هەم دەستدرێژیی پێ کراوە و هەم تەوهین. بەپێی ئەوەی عەرزم کردی، بەپێی یاسا و ڕەسم و ڕێسای شەڕی تەن بەتەن (دۆئێل) من لێرە دەستدرێژیم پێ کراوە نە تەوهین. لە ڕاستیدا منداڵان و ژنان هیچکام هەست بەتەوهین ناکەن؛ ئەوان توانای دەرباز بوون لە دەست حەریفیان نییە و بەو حاڵە دەلیلێکی نییە کە چاوەڕوانی دەست کردنەوەیەک لە لایەن ئەوان بی. لەمەڕ ڕۆحانی و دینییەکانی ئێمەشدا ئەوە ڕاستە، چون ئەم سێ تاقمە چەکی پەلامار دانیان نییە. کەوابوو هەر چەند ژنان و مناڵان بەپێی مافی سروشتیی خۆیان مەجبوورن لەسەر خۆیان بکەنەوە، هەرگیز مەجبوور نین کە دەستدرێژی بۆ کەس بکەن. بەڵێ جا، هەر چەند ئێستا عەرزم کردی کە ڕەنگە بەمن تەوهین کرابێ، بەڵام ئێستا قسەی خۆم وەردەگرمەوە و دەڵێم کە بەهیچ کلۆجێک تەوهینم پێ نەکراوە، چون کەسێک کە خۆی تەوهین وەرگر نەبێ، ناشتوانێ بەکەسێک تەوهین بکا. بەپێی ئەو شتانەی کە عەرزم کردی من پێم وانییە ئەو پایەبەرزە هیچ تەوهینێکی پێ کردبم. من تەنیا دەمویست هێندێک ڕاوەستابا تا تێی بگەیەنم کە لەم وارەدا کە پێی وایە پاڵەوانانی سەرگەردان هەرگیز نەبوون و ئێستاش هەر لەسەر دنیا بوونیان نییە، تووشی هەڵەیەکی گەورە بووە. ئەگەر ئامادیس یا یەکێک لە هەزارەزیلەی[*] تۆرەمەی ئەو، ئەم کفر و قسە ڕەقانەی بیستبایە، پێم وایە ئەم پایەبەرزە تووشی تێهەڵدان و گۆڵمەز[*] دەهات.» سانکۆ گوتی: «من سوێند دەخۆم کە بەشمشیرێکی وەهایان لە تەپڵی سەری دەدا کە وەک هەنار یا کاڵەکی گەیشتوو لە تۆقی سەریەوە تا بەری پێی دەیانکرد بەدوو لەت. ئەوان بەبڕوای من کەسێک نەبوون کە هیچ کەس بوێرێ گاڵتەیان پێ بکا یا خۆیان تێ بگەیەنێ. بەنیشانەی خاچ سوێند دەخۆم کە ئەگەر پاڵەوانی ناودار «ڕێنۆ مۆنتۆبان» ئەو قسە قۆڕانەی لەم کابرا دەم هەراشە بیستبایە، مستێکی وای لە دەمی دەکوتا کە نەیتوانیبا تا سێ ساڵ ورتەی لێ بێ. ئەگەر باوەڕ ناکەن، ئەمر بکەن با جەنابی بەڕێزیان ئەو جەفەنگانە دەگەڵ ئەو لێبدا تا بزانێ دەتوانێ بەسلامەتی لە دەستانی ڕزگار بێ یا خێر.» دۆشێس بەو قسانەی سانکۆ یەک بەخۆی پێدەکەنی و قاقای لێ دەدا. ئەو

خاتوونە پایەبەرزە لای وابوو کە سانکۆ زۆر لە ئەربابی خۆی شۆختر و شیرینتر و شێتترە، لەو ڕۆژانەدا زۆر کەسی تریش لەسەر ئەم باوەڕە بوون.

سەرەنجام دۆن کیشۆت ئارام بووەوە و نەهار لە بارودۆخێکی ئارام و بێ دەردەسەردا خورا. لە کاتی کۆ کردنەوەی سفرەدا چوار کیژی جوان و ڕەزاسووک لە دەرگا هاتنە ژوورەوە؛ یەکیان لەگەنی زێوی بەدەستەوە بوو، ئەوی تریش ئافتاوەی زێوین؛ کیژی سێیەم، دوو خاولیی سپی و بەقیمەتی بەسەر شانییەوە بوو و کیژی چوارەم کە قۆڵی کراسی تا ئانیشکی هەڵماڵیبوو لە دەستە سپییەکانی خۆیدا (کە بێگومان دەبێ زۆر سپی بووبن) قاڵبەسابوونێکی کاری ناپلی پێ بوو. کچی یەکەم نزیک بووەوە زۆر بەئارامی و بێ ترس و سڵەمینەوە لەگەنی بردە بەر چەناگەی دۆن کیشۆت، بەڵام پاڵەوان بێ ئەوەی هیچ بڵێ سەری لێ شێوا بوو، پێی وابوو کە ڕەنگە لێرە ڕەسم وابێ بەجێگەی دەست ڕیشی میوان بشۆن. بەڵێ جا، دۆن کیشۆت تا ئەو جێگەی بۆی دەکرا ڕیشی بردە بەرەوە و کچی ئافتاوە بەدەست ئاوی پێدا کرد، کیژی سابوون بەدەستیش سابوونی لە ڕیش و چەناگەی پاڵەوان دا و مووی ڕدێنی وەک بەفری پێداباریبێ بەکەفی سابوون سپی هەڵگەڕا، پاشان بەوەندە ڕانەوەستا و کەم کەم تەواوی دەم و چاوی سابوون لێدا بەجۆرێک کە پاڵەوان ناچار چاوی خۆی قووچاند. دووک و دۆشێس کە دە پێشدا ئاگایان لەو کارە نەبوو، بەسەرنج و سەرسوڕمانەوە چاوەڕوانی سەرەنجامی ئەم شت و شۆیە بوون. ئەو کچەی کە ڕیشی دۆن کیشۆتی دەشووشت، کاتێک هەموو دەم و چاوی ئەو بێچارەیەی بردە ژێر کەف، بەبیانووی ئەوەی کە ئاو تەواو بووە، کچی ئافتاوە بەدەستی بەدوای ئاودا نارد و تکای لە پاڵەوان کرد هێندێک سەبر بگرێ. کچی ئافتاوە بەدەست بەدوای ئاو کەوت و دۆن کیشۆت بەو سەر و گوێلاکە سەیر و پێکەنینییەوە کە کەس شتی وای تا ئێستا نەدیتبوو چاوەڕوان مایەوە، دانیشتوانی مەجلیس بەچاوی زەق و دەرپەڕیو دە پاڵەوان ڕامابوون و لەوەی کە ئەویان بەو ملە باریک و کێشراوە ڕەشەوە و بەچاوی قووچاو و سەر و ڕیشی کەفاوییەوە دەدیت، بەڕاستی موعجیزە بوو کە خۆیان ڕادەگرت و لەبەر پێکەنین نەدەپچکڕان. کچە خزمەتکارەکان کە مەعمووری گاڵتە و پێکەنین بوون، چاویان بەردابووەوە و زاتیان نەبوو چاو لە ئەربابەکانی خۆیان بکەن. ئەربابەکانیش لەبەر تووڕەیی و پێکەنین خنکابوون و نەیاندەزانی بێ ئەدەبی و بێ شەرمیی ئەو کچانە سزا بدەن یا بۆ ئەو دیمەن و حاڵەتە ڕشقەنەی کە پێکیان هێنابوو، خەڵاتیان بکەن.

سەرەنجام کچی ئافتاوە بەدەست ئاوی هێنا و شووشتنی ڕدێنی دۆن کیشۆت تەواو بوو.





پاشان کچی خاولی بەدەست بەئەدەبەوە سەر و ڕدێنی پاڵەوانی وشک کردەوە و هەر چوار کچ بەکڕنووشەوە لە تالار دەرکەوتن. بەڵام دووک لە ترسی ئەوەی دۆن کیشۆت وابزانێ ئەم کارە بۆ ڕشقەن کردنی ئەو کراوە، کچی لەگەن بەدەستی بانگ کرد و گوتی: «وەرە منیش بشۆ، بەڵام ئاگات لێ بێ ئاو تەواو نەبێ.» کچەکە کە هەم زۆرزان و هەم چالاک و تەڕدەست بوو، بەپەلە لەگەنی لە بن ڕدێنی دووکیش ڕاگرت و هەر چواریان بەپەلە سەر و ڕدێنیان بۆ شوشت و پاک و خاوێن وشکیان کردەوە و کڕنۆشیان کرد و لە تالار چوونە دەرەوە. پاشان ڕوون بووەوە کە دووک سوێندی خواردبوو کە ئەگەر کچەکان ئەویشیان وەک دۆن کیشۆت نەشوشتبایە هەموویانی بەخاتری تەوهین بەمیوان بەسەختی تەمێ دەکرد، بەڵام کچەکان بەسابوون لێدان و شوشتنی ڕیش و ڕوخساری دووک خەتای خۆیان قەرەبوو کردەوە.

سانکۆ زۆر بەسەرنجەوە تەماشای ڕەسمی سابوون لێدانی سەر و ڕدێنی ئەربابی خۆی دەکرد؛ بەخۆی گوت: «یا حەزرەتی مریەم، بڵێی لەم وڵاتە داب وا بێ کە ڕیشی مەیتەرانیش وەک ڕیشی ئەربابەکانیان بشۆن؟ بەخودا قەسەم من زۆرم پێداویستی بەم کارە هەیە و تەنانەت ئەگەر تیغێکیشم بەریشی دابێنن و لووس لووس بیتاشن زۆرم پێ خۆش دەبێ.» دۆشێس گوتی: «ها، سانکۆ لەبەر خۆتەوە دەڵێی چی؟» سانکۆ گوتی: «خانم، من عەرزت دەکەم کە دیتوومە و بیستوومە کە لە کۆشک و سەرای پادشایان و شازادەکاندا، پاش خواردن ئاو بەدەستی میوانان دادەکەن بەڵام لێرە دەبینم کە ڕیشی میوانەکان سابوون لێ دەدەن. پەندێک هەیە دەڵێ: «چەند خۆشە پیاو زۆر بژی بۆ ئەوەی شتی سەیروسەمەرە زۆر ببینێ. هەروەها گوتوویانە؛ هەر کەس زۆر لە دنیادا بمێنێ، سات و کاتی دژوار زۆر دەبینێ. بەڵام ئەم سەر و ڕدێن شوشتنە نە تەنیا دژوار نییە، بەڵکو زۆریش خۆشە.» دۆشێس گوتی: «هاوڕێ سانکۆ، نیگەران مەبە، من بەخزمەتکارەکان دەڵێم بێن سەر و ڕیشی تۆش بشۆن، تەنانەت ئەگەر پێویست بێ بەدەنیشت دەشۆن.» سانکۆ گوتی: «جارێ با بێن سەر و ڕیشم بشۆن بۆ باقیی بەدەنم خودا گەورەیە و ئەو خۆی دەزانێ چ دەبێ و چ نابێ.» دۆشێس ڕووی لە سفرەدار کرد و گوتی: «ئای سفرەدار، وەرە بزانە سانکۆ چ کارێکی هەیە بێ مەحتەلی بۆی جێبەجێ بکەن.» سفرەدار عەرزی دۆشێسی کرد کە هەرچی جەنابی سانکۆ ئەمر بکا بەباشترین شێوە ئەنجام دەدرێ؛ ئەوەی گوت و دەسبەجێ لە تالار وەدەرکەوت و سانکۆشی دەگەڵ خۆی برد، بەڵام دۆن کیشۆت و میوانداران لە ساڵۆنی خواردندا بەجێ مان و لە هەر بابەتێک دەدوان و زۆرتری قسەکانیان باسی چەکوچۆڵ و شوغل و کاری پاڵەوانانی سەرگەردان بوو.

دۆشێس لە دۆن کیشۆت تکای کرد کە چون بیرگەیەکی بەهێز و توانای هەیە جوانی و نازداریی خاتوون دۆلسینە دۆ تۆبۆزۆ و تایبەتمەندییەکانی هەیکەل و بەژن و باڵای هێندێک باس بکا و لەم وارەدا گوتی: «بەپێی ناوبانگ و دەنگ و باسێک کە لەمەڕ جوانی و دڵبەریی ئەو خاتوونە کەوتووەتە سەر زاران، من هاتوومە سەر ئەو بڕوایە کە ئەو بێگومان جوانترین ئافەریدەی عالەم و تەنانەت جوانترین کەسی وڵاتی مانشە.» دۆن کیشۆت کاتێک داخوازی دۆشێسی بەڕێزی گوێ لێ بوو ئاخێکی هەڵکێشا و لە وەڵامدا گوتی: «من ئەگەر بمتوانیبایە دڵی خۆم لە ڕکەی سینە دەرکێشم و لەسەر دەورییەکی دابنێم و لەبەر چاوی دۆشێس لەسەر ئەو مێزە بەجێی بێڵم، زبانی خۆم لە زەحمەتی شەرح و بەیانی ئەو شتەی کە دە چوارچێوەی مەزەندە و گوماندا ناگونجێ ڕزگار دەکرد، چون بەڕێزتان دەتانتوانی وێنەی دڵبەرە خۆشەویستەکەم لەو دڵە شێتەدا تەماشا بکەن. بەڵام من ئێستا بۆ چی دەبێ ئەو کارە دژوارە ئەنجام بدەم، یانی جوانی و دڵبەریی نازەنینی بێ هەوتای خۆم دۆلسینە، یەک بەیەک باس بکەم؟ حاشا کە هەڵگرتنی ئەو بارەگرانە دە تاقەتی شانە بێ هێزەکانی مندا نییە و دەبێ لەسەر شانی کەسێکی تر بار بکرێ؛ ئەوە کارێکە کە بەقەڵەم مووی وێنە گەرانێکی(*) وەک «پاراسیووس» و «تیمانت»[٤٠٣] و «ئاپێل»[٤٠٤] ئەنجام دەدرێ تا لەسەر پارچە یا تەختە ڕەسمی بکەن وە یا لە قەڵەمی ئاسنینی «لێزێت»[٤٠٥] دەوەشێتەوە کە لەسەر مەڕ مەڕ یا مەفرەق هەڵی کەنێ وە یا توانای بەیانی و پەیڤەریی(*) «سیسرۆنی» و «دێمۆستینی»ی پێویستە تا بتوانێ باسی دڵبەری من، ئەو جۆرەی کە هەیە بکا.» دۆشێس

٤٠٣– Parrhasius وێنەگەری کۆنی یۆنانی کە لە شاری «ئەفیز» لە دایک بوو. «کۆتاییی سەدەی پێنجەمی پێش زایین» ئەو یەکێکە لە نوێنەرانی مەکتەبی «ئەیۆنین» و ئاسەوارەکەی لە روانگەی دەبەر چاو گرتنی راستییەکان ناوبانگی هەیە. Timanthe وێنەگەری یۆنانی کۆن «سەدەی چوارەمی پێش زایین» کە رەقیبێکی سەر سەختی پاراسیووس بوو.

٤٠٤– Apelle گەورەترین و بەناوبانگ ترین وێنەگەری دنیای کۆن لە یۆنان کە لە دەرباری ئەسکەندەردا دەژیا و وێنەی ئەو پاشایەی کێشاوەتەوە. ئاپێل زۆر جار پەردەی وێنەکانی لە مەیدانی شار هەڵداوەسی و خۆی لە بن پەردەکەدا حەشار دەدا تا رای خەڵک ببیستێ. رۆژێک کەوشی دارینی یەکێک لە کەسەکانی نێو پەردەی وێنەگەری ئیرادی گرت و مامۆستای وێنەگەر ئەم ئیرادەی لابرد. رۆژی دوایی هەمان کەوش دروو ئیرادی لە جێگەی تری وێنەکە گرت، مامۆستای وێنەگەر لە بن پەردە هاتەدەر و گوتی: «کاکە، حەقت نییە بێجگە لە کەوش باسی بەشەکانی تر بکەی».

٤٠٥– لە وێنەگەرانی یۆنانی قەدیم





پرسی: «جەنابی دۆن کیشۆت «دێمۆستینی» مانای چییە؟ من ئەم واژەیەم بەعومری خۆم نەبیستووە.» دۆن کیشۆت گوتی: «هێزی بەیانی دێمۆستینییانی قودرەتی پەیڤینی کەسێک بەناوی «دێمۆستین» هەر وەک قودرەتی پەیڤینی سیسرۆنی ژی بەواتای توانای بەیان و پەیڤینی کەسێکە بەناوی سیسرۆن و ئەم دوو کەسەش گەورەترین پەیڤەرانی عالەم بوون.» دووک گوتی: «خاتوون، مەتڵەب هەر ئەوە بوو کە بەڕێز دۆن کیشۆت فەرموویان و جەنابیشت پرسیارەکەت بێجێ و نیشانەی گێژ و وڕی بوو؛ بەڵام بەهەرحاڵ ئەگەر دۆن کیشۆتی بەڕێز باسی جوانیی خاتوون دۆلسینەمان بۆ بکا، جێگەی خۆشحاڵییە و یەقینم هەیە ئەگەر زۆر بەکورتیش ئەو باسەمان بۆ بکەن باش دەبێ و جوانترین ژنانی عالەم تووشی حەسوودی و ئێرەیی بردن دەکا.» دۆن کیشۆت گوتی: «ئەگەر ئەو بەدبەختییە گەورەیەی لەم دواییانەدا ڕووی دە دڵبەری نازداری من کردووە، نەخشی ڕوخساری جوانی ئەوی لە ئاوێنەی دڵمدا پاک نەکردباوە، بەتەواوی مەیلەوە ئامادە بووم باسی جوانیی ئەوتان بۆ بکەم. ئێوەی بەڕێز بزانن کە من چەند ڕۆژ لەمەوبەر ڕۆیشتم تا دەستی گراویی خۆم ڕاموسم و تکای لێ بکەم ئیزنم بدا و دوعای بەخێرم بۆ بکا کە «دەرکەوتنی سێیەم» ئەنجام بدەم و هەر فەرمانێکی هەیبێ جێبەجێی بکەم. بەڵام لە چارەڕەشیی خۆم بەجێگەی ئەو کەسێکی ترم چاو پێ کەوت. من گراویی خۆم بەشکڵێک دیتەوە کە تەلیسم کرابوو یا باشترە بڵێم شکڵ و هەیکەلی گۆڕدرابوو، یانی لە شازادە خانمێکەوە هاتبووە سەر شکڵی کچە دێهاتییەک، لە نوێنگەی جەماڵ و جوانییەوە بۆ ناحەزی و نالەباری لە فریشتەوە بۆ شەیتان و لە خاتوونێکی بۆنخۆش و عەتراویڕا بۆ ژنێکی بۆگەن و دافەتاو، وە لە خانمێکی ئادابزان و بەشەوکەتڕا بۆ قەرەچییەکی وەحشی و دڕندە و لە مرۆڤێکی سەنگین و بەویقارەوە بۆ بوونەوەرێکی جلف و سووک و چرووک و لە نوورەوە بۆ تاریکی و سەرتان نەیەشێنم لە دۆلسینە دۆ تۆبۆزۆڕا بووبوو بەکچەتیوێکی پەتیارەی «»سایاگۆیی». دووک هاوارێکی لە سینگی دەربڕی و گوتی: «یا حەزرەتی مەریەم، کێیە ئەو وەحشییە پەست و نانەجیبەکە ئەو کارەی کردووە؟ کێیە کە جوانی و جەماڵ یانی مایەی شادیی ئەو، عەقڵ و زانایی یانی ئامڕازی حەز و خۆشیی ئەو، عیسمەت و پارێزی ئەو، یانی هۆی سەربەرزی و شانازیی ئەویان، بەتاڵان بردووە؟» دۆن کیشۆت گوتی: «دەفەرمووی کێیە ئەوەی کردووە؟ بێجگە لە جادووگەرێکی نگریسی ناپاک، لەو تاقمە زۆرەی کە هەموو کات بەدوای منەوەن، دەتوانێ کێ بێ؟ یەکێک لەو ڕەگەزە گڵاوەی کە هاتوونەتە سەر دنیا تا دلاوەری و هونەرنوێنییەکانی چاکان و دلاوەران ڕەش بکەن و لە ناو بەرن و ڕەنگ و بریقە بخەنە سەر،

ڕەشکاری[*] و خراپەکاریی نابەکاران و نییەت پیسان و شکڵی شانازی و گەورەییان پێ بدەن. بەڵێ جادووگەران هەردەم خەریکی ئازار و ئەزیەتی منن و لە مەو پاشیش هەر ئەو کارەیان دەبێ تا ڕۆژێک کە هەموو شانازی و هونەرنوێنییەکانی من بخەنە گێژاوی فەرامۆشی. ئەوان باش دەزانن زەبری خۆیان چون بوەشێنن و لە کوێی جەستەمی بدەن تا زۆرتر لە هەر شوێنێک هەست بەژان و ئێش بکەم، چون دڵبەری خۆشەویستی پاڵەوانێکی سەرگەردان لە دەست ئەو دەرهێنان وەک ئەوەیە چاوی بکۆڵن و لە ڕووناکی بێ بەریی بکەن و لە خۆراکێک کە ژیانی ئەو دابین دەکا بێ بەشی بکەن. نوکتەیەک هەیە کە من زۆر جار گوتوومە و ئەوجاریش دووپاتی دەکەمەوە کە پاڵەوانی سەرگەردانی بێ گراوی، وەک داری بێ بەرگ و بەر و وەک ساختومانی بێ سایە و سێبەر و بناغە وایە.» دۆشێس گوتی: «ئەلحەق تۆ ئەوەی دەبا بگوترێ گوتت و هیچت تێدا نەهێشتەوە. بەو حاڵەشەوە، ئێمە ئەگەر داستانی جەنابی دۆن کیشۆت کە چەند ڕۆژ لەمەوبەر بڵاو بووەتەوە و لە لایەن جەمبوورەی[*] جەماوەرەوە پێشوازیی لێ کراوە بە موعتەبەر بزانین، دەبێ وەک پاڵپشت بابەتەکانی بەگرینگ بزانین. کەوابوو ئەگەر بەهەڵە نەچووبم لەو کتێبەدا نووسراوە کە بەڕێزتان بەعومری خۆتان چاوتان بەخاتوون دۆلسینە نەکەوتووە و لە بنەڕەتدا ئەو خاتوونە خەڵکی ئەم جیهانە نییە و شکڵی واقیعیی نییە و بەڕێزتان لە دنیای خەیاڵیدا ئەو پەیکەرە جوانەتان داڕشتووە و هەموو جیلوەی جوانی و جەماڵی دنیاتان تێدا کۆ کردووەتەوە.» دۆن کیشۆت گوتی: «لەم وارەدا قسە زۆرن. خودا خۆی دەزانێ کە لەم جیهانەدا ژنێک بەناوی دۆلسینە هەیە یا نییە وە ئایا ژنێکی لەو حاڵە و لەو ڕەنگە واقیعییە یا خەیاڵی، وە زۆرتر لەم جۆرە بابەتانەدایە کە قووڵبوونەوە و ئاژنینەوەی زۆر پێویست ناکا. من دڵبەری خۆشەویستی خۆم نەئافراندووە، بەڵکو ئەوی وەک چۆن بووە و هەیە دەبینم و تەماشا دەکەم و وەک خاتوونێکی شایستە و بەشەوکەت دەیناسم کە لە کاتێکدا هیچ شتێکی لە جوانی و جەماڵ کەم نییە، هیچ پەڵەی شەرم و شوورەییەکی لەسەر داوێنی نەنیشتووە، مەتین و بەویقار، بەڵام دوور لە ئیفادە و خۆ بەزل زانی، عاشق بەڵام داوێنپاک و خاوێن، حەقناس و بەنەزاکەت، بەئەدەب و خاوەنی هەستی پاک و بێ گەردە. وە لەوانەش تێ پەڕین گەورە و گەورەزایە، چون جوانی و جەماڵ لەسەر ڕوخساری ئینسانی ڕەسەن و نەجیب، جەلا و جیلوەی زۆرترە لەوەی کە تۆرەمە پەست و نارەسەن و نانەجیبە. دووک گوتی: «ئەوانە هەمووی ڕاست، بەڵام جەنابی دۆن کیشۆت ئیزنم پێ بدەن تا هەستێک کە من لە خوێندنەوی داستانی ئەوان وەدەستم هێناوە و فکرێک کە لە خوێندنەوەی ئەو کتێبەدەستی





پێ داوم بەعەرزی ئێوە بگەیەنم. ئەڵبەتە لە هەمان کاتدا کە قبووڵ دەکەم، خاتوونێک بەناوی دۆلسینە لە شاری دۆتۆبۆزۆ یا لە دەرەوەی تۆبۆزۆ هەیە و بەو ئەندازەش کە جەنابت فەرمووت جوان و نازدارە، دەگەڵ ئەوەشدا دەبێ وەک بەڵگە و بەپاڵپشتی ئەو کتێبە بڵێم کە ئەو خاتوونە لە ڕوانگەی عەسڵ و نەسەبەوە دەگەڵ ژنانێکی وەک «ئۆریان»[٤٠٦] و «ئالاستراژارە»[٤٠٧] و «مادازیم»[٤٠٨] و هەزاران خاتوونی نەجیب زادەی تر کە ناویان دە کتێبەپاڵەوانییەکاندا هاتووە و جەنابیشت هەموویان دەناسی، هەرگیز قابیلی هەڵسەنگاندن نییە.» دۆن کیشۆت گوتی: «لەم وارەدا دەبێ وەڵامی بەڕێزتان ئاوا بدەمەوە کە خاتوون دۆلسینە ڕۆڵەی خەسڵەتەکانی خۆیەتی و شەڕەف و تەقوا و ئیمانداری، عەیب و ئیرادی عەسڵ و نەسەب دادەپۆشێ و لە بنەمادا کەسێک کە ڕەگەزی پەست و نارەسەن، بەڵام شەریف و گەورە و خۆپارێز بێ، زۆرتر لە کەسێک کە ڕەسەن و نەجیب بەڵام فاسید و لاڕێیە شایستەی قەدر گرتن و ڕێز لێ نانە. لە لایەکیشەوە خاتوون دۆلسینە خاوەنی فەزیلەت و ئاکار و ڕەفتاری ئەوەندە بەرزە کە جێگەی خۆیەتی بگاتە پلە و پایەی شاژنێکی خاوەن تەخت و تاج و گۆچانی سەڵتەنەتی، چون فەزیلەت و لێهاتوویی ژنێک ڕەنگە تا ئەو جێگەیە بێ کە موعجیزەی گەورەی لێ ڕوو بدا و پلە و پایە و پێگەی بەرز بۆ ئەو مسۆگەر بکا.» خاتوون دۆشێس گوتی: «جەنابی دۆن کیشۆت، من بەڕێزتان خاترجەم دەکەم کە لە تەواوی ئەو فەرمایشانەدا حەق بەجەنابتانە و وەک دەڵێن لە گوتەکانتاندا جێگەی چۆن و بۆچی و شک و گومان نییە. کەوابوو من لەمەودوا باوەڕ دەکەم کە خاتوونێک بەناوی دۆلسینە لە شاری تۆبۆزۆ هەیە و لە حاڵی حازردا لە ژیاندایە و زۆریش جوان و نازدارە و لە بنەماڵەیەکی بەرز و ڕەگەز پاکە و شانی هەڵدەگرێ کە پاڵەوانێکی وەک دۆن کیشۆت دە خزمەتیدا بێ و خزمەتی پێ بکا و ئەوەش ترۆپکی ستایش و تاریفێکە کە دەتوانم لێی بکەم و حازرم ئەو بڕوایە خۆشم بەهەموو ئەندامانی بنەماڵە و تەنانەت جەنابی دووکیش بسەلمێنم. بەو حاڵەشەوە گرێیەک لە دڵمدا هەیە کە تا ڕادەیەک پێوەندیی بەسانکۆپانزاوە هەیە. وە بەڵام گرێی دڵم ئەوەیە کە ئەگەر بەپێی گێڕانەوەی داستان کە باسمان کرد بڕوا بکەین کە سانکۆپانزای ناوبراو لەو کاتەدا کە نامەیەکی بۆ دۆلسینە، ئەو خاتوونە ناوبراوە، بردووە، ئەوی لە حاڵێکدا چاو پێ کەوتووە کە خەریکی خاوێن کردنەوەی جەواڵێک گەنم

---

٤٠٦– Oriane گراویی ئامادیسی گول

٤٠٧– Alastrajaaree کچی پاڵەوانی ناودار ئامادیسی یۆنان کە دایکی زۆر جوان بوو.

٤٠٨– مادازیم Madasime کچی فامانگو مادانی دێوی دەریاچەی جۆشان بوو. (مۆریس باردۆن)

بووە، نیشان بەو نیشانەی کە دەڵێن گەنمەکە گورگەشی(*) هەبووە، ئەم بابەتە من لە ئاستی ڕەسەن و بنەماڵەبوونی ئەو خاتوونە دەخاتە شک و گومانەوە.» دۆن کیشۆت گوتی: «خاتوونی خۆشەویست، بەڕێزتان دەبێ بزانن کە تەواو یا بەشێک لەو ڕووداوانەی کە بۆ من دێنە پێش، بەو شێوە ئاساییە نییە کە بۆ باقیی پاڵەوانانی سەرگەردان دێتە پێش؛ وە ئەوە یا لە ئیرادەی نەگۆڕ و تۆکمەی تەقدیر و چارەنووسەوە سەرهەڵدەدا یا هۆیەکەی ئەوەیە کە جادووگەرێکی چەپەڵ و نگریس دەست دە کاروبارم وەردەدا و ئەو ڕووداوانە بەکەیفی خۆی بەڕێوە دەبا. ئەم نوکتەیە بۆ هەموو لایەک ڕوون بووەتەوە کە هەر کام لە پاڵەوانانی سەرگەردانی جیهان فەزیلەتێکی تایبەت بەخۆیان هەبووە؛ بۆ نموونە پاڵەوانێک هەبووە کە کەس نەیتوانیوە تەلیسمی بکا، یەکێکی تر جەستەی پۆلایین بووە و برینی هەڵنەگرتووە، وەک ڕۆلانی ناودار، یەکێک لە دوازدە سوارەی فەڕەنسی کە ئەو فەزیلەتەی بوو و دەڵێن تەنیا لەبەری پێی چەپییەوە، ئەویش بەدەرزییەکی ئەستوور، دەکرا بریندار بکرێ، دەنا هیچ چەشنە چەکێکی تر کاری لێ نەدەکرد. هەر لەبەرئەوە کاتێک کە «بێرناردێل کاریپۆ» ویستی لە کەلی «ڕۆنسەدو»دا بیکوژێ چون دەیزانی کە پەیکان کاری لە جەستەی ناکا، شێوەی کوژرانی «ئانتیئۆن»Antieon، ئەو دێوە ترسناکە، بەدەست هێرکوولی کە بەرۆڵەی زەوی ناودار بوو، وەبیر هاتەوە و ڕۆلانی هەڵگرت و دەبن هەنگڵی(*) خۆی نا و خنکاندی. بەڵێ جا، لەوەیڕا کە گوتم دەمەوێ بەو ئاکامە بگەم کە ڕەنگە منیش خاوەنی یەکێک لەو فەزیلەتانە بم و ئەڵبەتە ئەو فەزیلەتە ئەوە نییە کە هەرگیز بریندار نەبم، چون زۆر جار بەتاقی کردنەوە بۆم ڕوون بووەتەوە کە بەدەنم لە گۆشتی نەرم و ناسک دروست بووە و بەهیچ کلۆجێک حاڵەتی پۆلایینی نییە؛ بێجگە لەوانە واش نیم کە هەرگیز تەلیسم نەکرێم، چون من، ماوەیەک لەمەو پێش بەچاوی خۆم دیتم کە دە قەفەسیان کردم و ئەگەر ئەم کارە بەهێزی سیحر و جادوو نەکرابایە تەواوی عالەمیش کۆ بووبوونایەوە نەیاندەتوانی دەست و پێم ببەستن؛ بەڵام چون سەرەنجام لەو بەندە ڕزگاریم هات، یەقینم هەیە تازە هیچ هێزێک لە جیهان ناتوانێ ئەسیرم بکا. بەهەرحاڵ ئەم جادووگەرانە چون دەبینن کە ناتوانن تینەتی(*) چەپەڵی خۆیان و کارە ئەهریمەنییەکانیان دەگەڵ شەخسی خۆم ئەنجام بدەن، تۆڵەی خۆیان لەو شتانە دەکەنەوە کە من خۆشم دەوێن. مەسەلەن بەژەهراوی کردنی ژیانی دۆلسینە کە تەنیا دڵخۆشیی من لەسەر ئەم جیهانەیە و بەخاتری ئەوە کە زیندووم، دەیانەوێ من بکوژن و لە ناوم بەرن. کەوابوو لێم سوورە کاتێک مەیتەرەکەم پەیامی منی بۆ برد، جادووگەران فەورەن شکڵ و قەیافەیان گۆڕی و بەشکڵی





ژنە دێهاتییەکیان دەرهێنا کە بەکارێکی ئاوا پەستەوە، یانی خاوێن کردنەوەی گەنمەوە خەریک بوو، لەوەش بگەڕێین من لەمەو پێش گوتوومە کە ئەو گەنمە نە گورگە بوو، نە چێودان و نە گەنمی سپیی بەقیمەت، بەڵکو هەمووی دەنکی مرواری و دوڕی ڕۆژهەڵات بوون. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە دەمەوێ عەرزی حزووری بەڕێزان بکەم کە چەند ڕۆژ لە مەو بەر کاتێک بەشاری تۆبۆزۆدا گەڕام، هەرچی هەوڵم دا و چاوم گێڕا کۆشکی بەشکۆی دۆلسینەم نەدۆزییەوە. ڕۆژی دوایی باوەکو مەیتەری من سانکۆ ئەوی لەسەر شکڵی ڕاستینی خۆی کە جوانترین ڕوخساری عالەمی هەیە تەماشا دەکرد، لەبەر چاوی من ژنە دێهاتییەکی چڵکن و قێزەوەن بوو کە بێزم لێی هەڵدەستا و لەوەش خراپتر ئەو کە ماکەی ڕەسەنی و نەجیبییە، وەک ژنەتیوێکی جلّف و بێشەرم و حەیا هاتە بەر چاوم. بەڵێ جا من چون یەقینم هەیە کە خۆم جادوو نەکراوم و هیچ دەلیلێکیش نییە کە کەسێک بتوانێ من تەلیسم بکا، کەوابوو ئەوە کە تەلیسم کراوە و کەوتووەتە ژێر ئازار و ئەشکەنجەی جادووگەران و بەدگۆڕ(*) بووە و کراوەتە بوونەوەرێکی تر، هەموو تۆڵەیەکی من لەو دەکەنەوە و تا ڕۆژێک من ئەو نازدارە بەشکڵ و بێچمی جاران نەبینمەوە لە شیوەن و گریان دەست هەڵناگرم. من ئەو هەموو قسەیەم بۆ ئەوە کرد کە خەڵک زۆر بڕوا بەقسەکانی سانکۆ نەکەن و بڕوا بەبێژینگ و گەنم خاوێن کردنەوە و شتی وا نەکەن، چون کاتێک قبووڵ کەین کە جادووگەران ڕوخساری دۆلسینە دەگۆڕن و من بەچاوی خۆم ئەو گۆڕینە دەبینم جێگەی سەر سووڕمان نییە کە لەو کاتەدا ئەویان لەبەر چاوی سانکۆش گۆڕیبێ. دۆلسینە ژنێکە نەجیب و خاوەن سیفەتی باش و ڕەفتاری جوانە، ئەو یەکێکە لە بنەماڵە کۆن و ڕەسەنەکانی تۆبۆزۆ. ئەو خانەدانە هەموویان کۆن و ڕیشەدار و قەدیمین. ڕاستە کە لە خۆشناوی و ناوبانگی ئەو خانەدانە ئەوەندووکەش وەبەر دۆلسینەی بێ هاوتای من ناکەوێ، بەڵام هەروەک چون شاری تڕۆوا بەهێلێن و وڵاتی ئیسپانیا بە«کاوا» Cara ناوبانگیان ڕۆیشتووە، شاری تۆبۆزۆش لە سەدەکانی داهاتوودا بەناوی دۆلسینەوە ناوبانگ دەردەکا و ئەم ناوبانگەش بەناو و عینوانی باشترەوە دەبێ، لە لایەکیشەوە من دەمەوێ بەڕێزانی پایەبەرز بەتەواوی خاترجەم بن کە سانکۆپانزا یەکێک لە شۆخی بازترین و نوکتەزانترین مەیتەرانی ئەو دنیایەیە کە دە خزمەت پاڵەوانانی سەرگەردانادا بوون. ئەو پیاوە جاری وایە ئەوەندە ساویلکەیی و گەمژەیی لە خۆی نیشان دەدا کە هەموو کەس واقی وڕ دەمێنێ و لە خۆیان دەپرسن کە بەڕاستی ئەم پیاوە یا کەرە یا زۆر سەگ و حەرامزادەیە. سانکۆ کاری شەیتانیی تایبەت بەخۆی هەیە کە بەهۆی ئەوانەوە زۆر کەس

بەفێڵباز و چاوبەستی دەزانن و جاری واشە بێ مبالاتی و ئاگا لە خۆ نەماویی وا لە خۆی نیشان دەدا کە هەموو بەگێل و حۆل و بێ عەقڵی لە قەڵەم دەدەن. ئەو بەنیسبەت هەموو شتێک دڕدۆنگ و بەشکە و لە هەمان کاتدا هەموو شتێکیش زوو باوەڕ دەکا، بەشکڵێک کە لەو حاڵەتەدا کە دەبینی نوقمی گەمژەیی و کەریەتی بووە، قسەی وا بەکاکڵ لەو دەبیسی کە لەو کەریەتییە دەری دێنێ و دەیگەیەنێتە ئاسمان.

بەکورتی ئەگەر سەرانەی شارێکیشم پێ بدەن، من ئەو مەیتەرەی خۆم دەگەڵ هیچ مەیتەرێک لەو جیهانەدا ناگۆڕمەوە. بەپێی ئەو قسانەی عەرزم کردن، هەر چەند هێندێک دوو دڵم کە ئەو بنێرمە سەر ئەو دوڕگەیەی کە بەڕێزتان پێتان مەرحەمەت کردووە یا نەینێرم، دەگەڵ ئەوەشدا ئەو لێهاتووییەی تێدا دەبینم کە بتوانێ دەسەڵاتداری بکا و وای تێ دەگەم ئەگەر هێندێک هەستی هۆش و زیرەکیی ئەو دنە بدەین، بتوانێ وەک سوڵتانێک کە دەکاری هەڵسووڕانی ڕەعیەتەکانی خۆیدا ئاگا و زانایە، لە عۆدەی کاری دەسەڵاتداری خۆی بێتە دەرێ. لە لایەکی ترەوە ئێمە هەموومان بەحوکمی ئەزموون و تاقیکاریی زۆر کە هەمانە دەزانین کە دەسەڵاتداری نە پێداویستیی بەهۆش و هۆشیاریی زۆر هەیە و نە زانیاری و زانستی زۆر. ئێمە هەر لەم دەوروبەرانەدا سەدان حاکم و دەسەڵاتدار دەناسین کە بەزەحمەت کۆلکە سەوادێکیان هەیە یا نییە و بەو حاڵەشەوە وەک هەڵۆ بەسەر کاروباری خۆیاندا زاڵن. ئەسڵی مەتڵەب ئەوەیە کە دەسەڵاتداران لە ڕێی ڕاست لانەدەن و نییەتی خێریان هەبێ و بیانەوێ خزمەتی خەڵک بکەن و بەیەقین هەمیشە ڕاوێژکاری ڕاستگۆ و چاو کراوەیان دە خزمەتدا دەبێ کە ڕێنوێنییان بکەن و لە هەر کارێکدا بۆچوونی خێر و چاکیان هەبێ و ببنە هۆکاری ئەوە کە دەسەڵاتدارەکان جوامێر و لێهاتوو بن، وە ئەڵبەتە نەوەک قازییەکان کە بەدەست جێ نشینەکان و ئەندامە بەدەڵەکانی داوودەزگای خۆیان داوەری دەکەن و حوکم دەدەن. من نەسیحەتی دەکەم کە هەرگیز ڕیشوە نەستێنێ و زۆرتر لە مافی خۆی داوا نەکا و لە هەمان کاتیشدا لە هیچ مافێکی خۆی چاوپۆشی نەکا. زۆر وردە ڕێنوێنی تریشم بەلاوەیە کە لە پاشان دەیکەم و فێری دەکەم کە چۆن بەسەر ئەو دوڕگەیەدا کە پێی دراوە، دەسەڵاتداری بکا.»

قسە و باس لە نێوان دۆشێس و دووک و پاڵەواندا گەیشتبووە ئێرە کە لە نەکاو هەرا و هورياياەک بەگوێ گەیشت و دەنگی جەماعەتێک کە لە ژووری کاخدا زرم و کوتیان بوو، دەبیسترا. لە پڕ سانکۆپانزا لە حاڵێکدا کە کوتە تەلیسێکی چڵکنی بەبەر گەردنییەوە هەڵاوەسرابوو بەترس و لەرزەوە لە دەرگای تالار هاتە دەر و بەدوایدا عالەمێکی زۆر یا







باشترە بڵێم شاگردانی بێ ئەدەب و ڕووداماڵاوی ئاشپەزخانە هاتنە دەرەوە و یەکێک لە وان تەشتێکی چڵکاوی چەور و چڵێکی ئاشپەزخانەی کە دیار بوو قاپ و کەوچکی تێدا شۆراوە، بەدەستەوە بوو. شاگرد ئاشپەزی تەشت بەدەست وەدوای سانکۆ کەوتبوو و دەیویست ئەو تەشتە چڵکاوە لە بن چەنەگەی سانکۆ ڕابگرێ و یەکێکی تر وای دەنواند کە دەیەوێ سەر و ڕدێنی بشوا. دۆشێس پرسی: «برا ئەوە چ بەزمێکە، چیتان لەو پیاو بەڕێزە گەرەکە؟ مەگەر نازانن ئەو هەر ئێستا بۆ دەسەڵاتداریی دوڕگەیەک دەبەر چاو گیراوە؟» شاگرد ئاشپەزی ڕدێن شۆر گوتی: «ئەم بەڕێزە ئیجازە نادا ئێمە سەر و ڕیشی بەمجۆرە کە ڕەسمە و بەو شێوە کە ئەربابەکەی و جەنابی دووکیش شوشتیان، بشۆین؟» سانکۆ کە تووڕەیی و قین گەرووی گرتبوو گوتی: «بۆ چی، بۆ چی، من دەمەوێ و زۆریشم پێ خۆشە، بەڵام نە بەمجۆرە، بەڵکو بەخاولیی خاوێن و ئاوێکی ساف و پاک و تەشتێکی خاوێنتر و دەستێک کە ئەوەندەش چڵکن و چەور نەبێ. لە نێوان من و ئەربابمدا هێندە جیاوازی نییە کە ڕیش و ڕوخساری ئەو بەگولاوی فریشتە[٤٠٩] بشۆن و ڕیشی منیش بەچڵکاوی ئاشپەزخانە، کە ئەو شەیتانانە قاپ و کەوچکیان تێدا شووشتووە، بشۆن. دابونەریتی وڵات و کاخی شازادەکان زۆر باشتر و بەرزتر لەوەیە کە ببێتە هۆی نەفرەت و بێزاریی میوانان، بەڵام ئەو ڕەسمی شوشتنە کە لە ماڵی ئێوە بەڕێوەدەچێ زۆر خراپترە لە ئەشکەنجەی زیندانی و تۆبەکارانی سزادراو بەکاری دژوار. ڕیشی من پاک و خاوێنە و نیازی بەم شوشتنە نییە. هەر کەس بێتە بەرەوە کە بمشوا، یا دەست لە یەک مووی سەرم... ببوورە مووی ڕدێنم بدا، مستێکی وای لە تەپڵی سەری دەدەم کە دەستم بچێتە نێو کاسەی سەری، چون ئەم سابوون لێدان و ئەم تەشریفاتە بێ مانایە زۆرتر وە کەڵەک و گاڵتەی سەگانە دەچێ تا بەرێوڕەسمی میوانداری و ڕێز گرتن.»

دۆشێس بەدیتنی ئەو حاڵەتەی تووڕەیی و دەر هەڵبوویی سانکۆپانزا و بەبیستنی قسەکانی لەبەر پێکەنین خەریک بوو بەعەرزیدا بکەوێ، بەڵام دۆن کیشۆت لەوەی کە دەیدیت ئەو هەڵسوکەوتە خراپە دەگەڵ مەیتەرەکەی کراوە و تەلیسە کۆنی چەور و پیس و پۆخڵیان بەملیەوە هەڵواسیوە و ئەو هەموو گەدە و گودەی ئاشپەزخانە لە دەوری کۆ بوونەتەوە و

٤٠٩- «گولاوی فریشتە» گولاوێکی زۆر بۆن خۆش و دە زەمانی سێروانتێسدا زۆر دەکار دەکرا. ئەو گولاوە لە گوڵەباخ و سوورە گوڵ و گژنیژ و سیوەرە و ریشەی عەشقیە و ئوستۆخودووس و پێچەک و بەهار نارنج و پنگەی سەحرا و سوێسنە و میخەک و پێستی پورتەقاڵ و نارنج دروست دەکرا. (مۆریس باردۆن)

جارزیان کردووە، زۆری پێ تێک چوو، لەبەرئەوە بەرواڵەت بەناوی ئەوەی کە دەیەوێ لە دووک و دۆشێس ئیجازەی قسە کردن وەربگرێ کڕنۆشێکی تەواوی بۆ ئەوان کرد و پاشان ڕووی دە شاگرد ئاشپەزەکان کرد و گوتی: «ئاهای ئەی بەڕێزان، لە ئێوەی بەڕێز تکا دەکەم دەست لەو لاوە هەڵبگرن و بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان یا هەر جێگەیەکی خۆتان پێتان خۆشە. مەیتەری منیش وەک هەموو کەسێکی تر پاک و خاوێنە و ئەو تەشتە بۆ ژێر چەنەی ئەو نابێ. نەسیحەتی من عاقڵانە گوێ بدەنێ و دەستبەرداری بن چون من و ئەو هیچکاممان ئەهلی ئەم شۆخییە کەرانە و گاڵتەبازییانە نین.» سانکۆ قسەی زاری ئەربابی قۆستەوە و گوتی: «دەنا ئەگەر ڕاست دەکەن فەرموون وەرن دەگەڵ منی وەک ورچ و بەراز بچین دە جەواڵێکەوە تا هەمووتان تێک بشکێنم. ئاخر ئێوە شانەیەک بێنن و ڕیشی من بەشانە کەن، ئەگەر شتێکتان تێدا دیتەوە کە نیشانەی پیسی و ناپاکی بێ، تەواوی مووی بەدەنم بەمقاش(*) هەڵبکەنن.»

لەو کاتەدا دۆشێس کە هێشتا دەستی لە شۆخی و پێکەنین هەڵنەگرتبوو، هاتە نێو قسەکانیان و گوتی: «سانکۆپانزا لەو قسانەی کە تا ئێستا کردوویەتی و لەمەوپاش دەیکا بەتەواوی بەرحەقە؛ ئەو پیاوێکی خاوێن و تەمیزە و شوشتنی پێ ناوێ و ئەگەر دابونەریتی ماڵی ئێمە بەمەیلی ئەو نییە، ئیختیار بەخۆیەتی و دەتوانێ گوێیان نەداتێ. ئێوەش، ئەی ئەوانەی دەبێ خاوێنی ڕابگرن، زۆرتان تەمبەڵی و کەمتر خەمی کردووە و تەنانەت ئەگەر پێویست بێ دەڵێم کە بێ ئەدەبی و بێشەرمیتان نواندووە، چۆن بۆ شوشتنی ڕیشی ئاغایەکی ئاوا بەڕێز بەجێگەی ئەوەی ئافتاوەی زێڕین و خاولیی هولەندی بێنن، تەشتی دارینی ئاشپەزخانە و تەلیسی چەور و چەپەڵی عەمبارتان هێناوە. بەهەرحاڵ ئێوە تاقمێکی پەست و بێشەرم و بێ تەربیەتن و وەک جەردە و ڕێگران ناتوانن ڕق و تووڕەیی خۆتان لە مەیتەرانی پاڵەوانانی سەرگەردان بشارنەوە.»

شاگرد ئاشپەزەکان و سەر ئاشپەزباشی بۆ خۆشی کە ئەو عالەمەی کۆ کردبووەوە و دە گیانی سانکۆی بەردابوون وا تێ گەیشتن کە ئەم توند و تیژییەی دۆشێس بەڕاستییە، لەبەرئەوە زۆر بەپەلە تەلیسیان لە ملی سانکۆ کردەوە و خەجاڵەتبار و شەرم گرتوو، سەریان بەرداوە و بۆی دەرباز بوون و ئەویان بەتەنیا لە تالارەکەدا بەجێ هێشت.

سانکۆ کاتێک لە دەست ئەو گەدە و گودەیە و گاڵتە بازییەکەیان ڕزگاریی هات، ڕۆیشتە بەرەوە و لە بەرامبەر دۆشێسدا کڕنۆشی کردو گوتی: «لە خاتوونانی گەورە هەردەم لوتف و ئاورِ وێدان چاوەڕوان دەکرێ. ئەو لوتفەی بەڕێزتان دەگەڵ منتان کرد، هەرگیز لە بیر





ناچێتەوە و بۆ من قەرەبوو ناکرێتەوە، مەگەر ئەوەی لەبەر خودای گەورە بپاڕێمەوە کە بمکاتە پاڵەوانی سەرگەردان و ڕۆژانی تەمەنم دە خزمەت ئێوە خاتوونی پایەبەرزدا بەرمە سەر. بەدبەختانە من وەرزێرم و ناوم سانکۆپانزایە، من ژن و منداڵم هەیە و کارم مەیتەرییە؛ ئێستا ئەگەر بەو ناسیاوییە کە لە منت هەیە کارێکم لە دەست دێ بفەرموو تا دەسبەجێ وەخۆ کەوم و ئەمری ئێوە جێبەجێ بکەم.» دۆشێس گوتی: «سانکۆ، تۆ لەبەر دەستی پیاوێکی نەجیبی وەک جەنابی دۆن کیشۆت، کە خۆی شیرەی شارستانەتی و گوڵی گوڵزاری نەزاکەت و تەشریفاتە، تێ گەیشتنی، خودا ئەرباب و نۆکەری ئاوا هەر بپارێزێ. یەک لەبەرئەوەی کە قوتب نومای پاڵەوانانی سەگەردانی عالەمە و ئەوەی تر لەبەرئەوەی سەرتۆپی مەیتەرانی وەفاداری جیهانە، باشە، هاوڕێ سانکۆ، لە عەرزی هەستە و بزانە کە من بەپاسی ئەو حەیا و ئەدەبەی تۆ کارێکی وا دەکەم کە جەنابی دووک، وەلی نیعمەتی من، بەقەولی خۆی لەمەڕ پێدانی دوڕگە بەئێوە هەرچی زووتر وەفا بکا.»

وتووێژ لێرەدا کۆتاییی پێ هات و دۆن کیشۆت بەئەزمی خەوتن و پشووودانی پاش نیوەڕۆ، ڕۆیشتە ژووری خۆی. دۆشێس بەسانکۆی گوت کە ئەگەر خەوی نایە، بێتە تالارێکی زۆر فێنک و چەند ساعەتێک دەگەڵ ئەو و خانمەکانی خزمەتکاری ئەودا تێپەڕ بکا. سانکۆ جوابی داوە کە هەرچەند عادەتی بەخەوی پاش نیوەڕۆکانی هاوین گرتووە و هەموو ڕۆژێ چوار تا پێنج سەعات دەخەوێ، بەڵام بەپاسی چاکە و لوتفی جەنابی خاتوون دۆشێس ئەمڕۆ ئامادەیە نەهێڵێ بۆ یەک ساتیش بێ، خەو دە چاوی بشکێ و بەگیان و دڵ ئامادەی خزمەتە. سانکۆ ئەوەی گوت و لە ژوورەکە وەدەرکەوت. دووک ئەمری تازەی بۆ پەزیرایی لە دۆن کیشۆت وەک پاڵەوانێکی سەرگەردانی ڕاستین دەرکرد، هەموو تەقەلای دووک ئەوە بوو لە ڕێوڕەسمی میوانداری بۆ دۆن کیشۆت پڕووکەیەک کۆتایی نەکا و تەشریفات و ڕێوڕەسمێک کە لە کتێبەپاڵەوانییەکاندا لەمەڕ پەزیرایی لە پاڵەوانانی سەرگەردانی پێشوو خوێندبوویەوە، موو بەموو دەکار بێنێ.

## ٣٣

## لە مەڕ وتووێژی شیرینی خاتوون دۆشێس و ژنە خزمەتکارەکانی دەگەڵ سانکۆپانزا کە دەبێ هەموو وەیخوێنین و لە بیرمان بمێنێ

بەڵی جا، لە داستانەکەدا هاتووە کە سانکۆپانزا پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە نەخەوت. بەڵکو بەبردنە سەری بەڵێنەکەی، پاش نەهار ڕۆیشتە خزمەت دۆشێس و خاتوونیش ئەوەندەی قسەی سانکۆ پێ خۆش بوو کە لە تەنیشت خۆی لەسەر کورسییەک دای نیشاند و هەر چەندی سانکۆ، بۆ دەبەر چاو گرتنی ئەدەب و نەزاکەت، نەیویست لە بن دەستی دابنیشێ، سوودێکی نەبوو. دۆشێس ئەمری پێ کرد کە وەک حاکمی دوڕگە لە خزمەتیدا دابنیشێ، بەڵام وەک مەیتەر قسە بکا و بۆی ڕوون کردەوە کە بەپێی ئەم دوو عینوانە، ئەو شایستەی ئەوەیە لەسەر کورسیی «سیدرووی دیاز»[٤١٠]یش پاڵ بداتەوە. سانکۆ شانی دانەواند و ئەمری دۆشێسی بەجێ هێنا و دانیشت. تەواوی ژنە خزمەتکارەکان و نەدیمەکانی دۆشێس بەبێدەنگییەکی پڕ لە ڕێز و حوڕمەتەوە لە دەوری بەئاڵقە دانیشتن و بەسەرنجەوە چاویان دە زاری بڕیبوو تا قسەکانی ببیسن، بەڵام یەکەمجار دۆشێس هاتە گۆ و گوتی: «ئێستا کە خەڵوەتمان کردووە و کەس گوێی لە قسەکانمان نییە، من دەمەوێ کە جەنابی دەسەڵاتدار، هێندێک لە شوێنە تاریک و مژاوییەکانی داستانی چاپ کراوی حەزرەتی دۆن کیشۆتی گەورە کە من لە خوێندنەوەی داستانەکەدا تووشیان هاتووم و لێیان دڕدۆنگم، بۆ من ڕوون بکەنەوە و ئەوەش یەکێکە لەو خاڵە تەم و مژاوییانە کە لەو داستانەدا هەیە: چون سانکۆی میهرەبان بەعومری خۆی دۆلسینە... ببوورە، خاتوون دۆلسینە دۆ تۆبۆزۆی نەدیتووە و نامەی جەنابی دۆن کیشۆتی بۆ نەبردووە و ئەو نامەیە دەباغەڵی دۆن کیشۆت لە چیاکانی سیڕامۆرنادا بەجێ مابوو. چۆن زاتی کرد جوابێکی ئاوا سەیر لە مێشکی خۆیدا بۆ دۆن کیشۆت ڕێک بخا و بڵێ کە خاتوونی لە حاڵی بێژینگ دانی گەنمدا چاو پێ کەوتووە؟ ئەوەش لە حاڵێکدا کە ئەو جوابەهەمووی درۆ و گاڵتەجاڕی بووە و زۆری زیان و سەدەمە لە کەسایەتیی دۆلسینە داوە و ئابڕووی بۆ نەهێشتووە و ئەو کارەش پێچەوانەی ئەرکی

٤١٠– ئەم کورسییە لە عاج دروست کراوە کە وەک دەڵێن سیدروو بە زۆر لە عەلی مەئموون پاشای عەڕەبی وڵاتی مانشی ئەستاندبوو. (مۆریس باردۆن)





مەیتەرداری وەفادار و دڵسۆز بووە.» دەگەڵ بیستنی ئەو قسانە، سانکۆ بێ ئەوەی جواب بداتەوە، سەرەتا لەسەر کورسی هەستا و بەپشتی چەماوە و قامک لەسەر لێو، بێ هەست و خوست بەژوورەکەدا گەڕاو پشت پەردەکانی چاو لێ کرد و هەموو سووچ و قوژبنی پشکنین و پاشان گەڕاوە سەر جێی خۆی و گوتی: «خاتوونی من، ئێستا کە هەموو شوێنێکم پشکنی و زانیم کەس گوێی هەڵنەخستووە و بێجگە لەو خانمانە کە تەشریفیان لێرە حازرە، کەس گوێی لە قسەکانمان نابێ، بێ ترس و نیگەرانی جوابی ئەم پرسیارە و هەر پرسیارێکی تری لێم بکەن، دەدەمەوە، یەکەم بابەتی کە دەبێ بەعەرزی ئێوەی بگەیەنم ئەوەیە کە من ئەربابی خۆم، دۆن کیشۆت، بەشێتێکی زنجیری دەزانم کە دەبێ دەست و پێی ببەستن و هەرچەندجاروبار قسەی وا دەکا کە بەبڕوای من و ئەو کەسانەی کە دەبیسن جوانتر و ڕێکوپێکتر و بەرێ و جێتر بەزاری کەسدا نەهاتووە و تەنانەت شەیتانیش ناتوانێ لەوە جوانتر بڵێ، بەو حاڵەشەوە من بەشێتی دەزانم کە هیچ عیلاجی ناکرێ و لە ڕاستیدا مەجنوونە و لەوەدا هیچ شک و گومانم نییە؛ وە چون پێوابوونی من لەسەر پاڵەوان ئەوەی جاروبار بەپێی نیاز و پێداویستی، واداری دەکەم مەتڵەبێک قبووڵ بکا کە هیچ بناغە و بنەمایەکی نییە و سەر و بنی درۆیە، جوابی دۆلسینەش یەکێک لەو درۆیانە بوو. هەروەها بابەتێکی تریش کە چەند ڕۆژ لەمەو بەر ڕووی دا و هێشتا لەو کتێبەدا نەنووسراوە و ئەویش باسی تەلیسم کرانی خاتوون دۆلسینە دۆ تۆبۆزۆیە، چون من بووم کە پێم گوت خاتوون دۆلسینە تەلیسم کراوە، وە کارێکی وام کرد کە باوەڕ بکا لە حاڵێکدا ئەو قسەیە درۆیەکی تەواوە و لەو قەبیلەیە بڵێی ڕۆیشتن بەسەر بەرزاییەکانی «ئۆبیدا» کارێکی ئاسانە.»

دۆشێس خواهیشی کرد کە سانکۆ داستانی تەلیسم کرانی دۆلسینەی بۆ بگێڕێتەوە و ئەویش ڕووداوەکەی بەو جۆرە کە ڕووی دابوو نەقڵ کرد و حازرانی مەجلیس هەموو پێیان خۆش بوو و زۆریش پێکەنین. ئەوجار دۆشێس دەستی کردەوە بەقسان و گوتی: «لە تەواوی ئەو شتانەی کە سانکۆی خۆشەویست گێڕایەوە دیسانیش مەسەلەیەک لە زەینمدا ماوە کە وەک درِوو لە ڕۆحم ڕادەچێ و دەڵێی یەکێک بەگوێمدا دەچرپێنێ و دەڵێ: «ئێستا کە دۆن کیشۆتی مانش دێوانەیەکی زنجیرییەو بێ عەقڵێکە خەرفاو، کاری سەیروسەمەرەی لێ ڕوودەدا و سانکۆپانزا باوەکو ئەربابی خۆی باش دەناسێ، بەڵام دیسانیش خزمەتی پێ دەکا و دە خزمەتیدا دەچێتە هەموو شوێنێک و بەڵێنە بێ بنەماکانی بەگرینگ دەزانێ، ئەویش بێ هیچ شک و گومانێک دەبێ لە ئەربابی خۆی دێوانەتر بێ. ئەگەر وابێ ئەی

خاتوون دۆشێس، تۆ لە ڕۆژبازاری قیامەتدا، لە خزمەت باری تەعالا، وەڵامدەرەوە دەبێ کە بۆ چی حکوومەتی دوڕگەیەک دەدەیە دەست سانکۆپانزای دێوانە و بێ عەقڵ، چون کەسێک کە نەتوانێ خۆی بەڕێوەبەرێ و نەتوانێ بەسەر عەقڵ و ئیرادەی خۆیدا زاڵ بێ، چۆن دەتوانێ کاروباری خەڵکی تر بەڕێوە بەرێ؟» سانکۆ هاواری لێ بڵند بوو کە: «سوبحانەڵڵا خاتوون دۆشێس بەڕاستی ئەو ئیرادەی گرتت بەتەواوی لە جێی خۆی دایە. بەڵام لە لایەن منەوە بەو کەسەی ئەو قسانە بەگوێتدا دەچرپێنێ بڵێن کە دەتوانێ لەوەش ڕوونتر و بێ پەردەتر قسەی دڵی خۆی دەرببڕێ، چون من قسەکانی دەسەلمێنم و حەق بەوە و بەڕاستی من ئەگەر بەقەدرایی دەنکە هەرزنێک عەقڵم هەبووایە دەبوو زۆر لە مەو بەر ئەربابم بەجێ هێشتبا و ڕۆیشتبام، بەڵام دەگەڵ تەقدیر و چارەنووس هیچ ناکرێ. من ناچارم هەمیشە بەدوایدا برۆم و هیچ چارەش نییە؛ ئێمە هەردووکمان خەڵکی هەرێمێکین، من نان و نمەکی ئەوم کردووە و زۆرم خۆش دەوێ و ئەو پیاوێکی ئەمەگناس و بەوەفایە و جاشە کەرەکانی خۆی بەمن بەخشیوە، لەوانەش تێ پەڕین من پیاوێکی وەفادارم . کەوابوو پێت وانەبێ هیچ ڕووداوێک بتوانێ ئێمە لە یەکتری جودا بکاتەوە، مەگەر ئەوەی پاچ و پێمەڕە جێوبانی هەتا هەتاییمان بۆ هەڵکەنێ. ئەگەر حەزرەتی بەڕێزتان ناتانەوێ دەسەڵاتی دوڕگەیەک بدەنە دەست من قەیدی نییە. لە بنەڕەتدا خودا منی کەم ڕسق ئافراندووە و لەوانەیە ئەو پەشیمان بوونەوەی بەڕێزتان لەوەی دوڕگەیەک بەمن بدەن بەخێر و مەسڵەحەتی من تەواو بێ. من بەو هەموو کەودەنی و بێ عەقڵییەی خۆمەوە دە مانای ئەو پەندە دەگەم کە دەڵێ: «خاڵ و خەتی خاسە کەو دەبێتە هۆی کوشتنی.» هیچ بەدوور نییە کە سانکۆی مەیتەر زۆر زووتر لە سانکۆی دەسەڵاتدار بچێتە بەهەشت. لە پەند و مەتەڵاندا هاتووە: «بۆ هەر شوێنێک بچی ڕەنگی ئاسمان هەر شینە» وە هەروەها گوتوویانە: «بەشەو گورپە ڕەنگی سمۆرەی هەیە؛ بەدبەخت ئەو کەسەی کە بەشێک لە شەو تێ پەڕیوە و هێشتا نانی بەیانیی نەخواردووە؛ گەدە (مەعدە) کان هەموو یەکسانن و هیچ گەدەیەک نییە بستێک لە گەدەکانی تر گوشادتر بێ و نەکرێ بەواتەی مەعرووف بەکا و وێنجە بی ئاخنی؛ خودا بۆ هەموو کەس ڕۆزی ڕەسانە، هەروەها خواجە لە تای ئاوریشمدا و ئێمە لە بن بەڕەدا؛ هەروەها، پیاو کە مرد چ لەسەر خاکی سەخت و چ لەسەر نەرمیی تەخت؛ دیسان گوتوویانە، تەرمی پاپ و تەرمی مجێوری کلیسا هەر دووکیان دەچن دە گەزە خاکێکەوە، هەرچەند یەکیان گەورەتر و پایەبەرزتر بێ لە وی تر، چون بۆ ئەوەی دە گۆڕمان ڕابکەن، ڕێکمان دەگوشن و وێکمان دێنن و ئیتر عەرزێکم نییە و وەسسەلام، نامە تەمام. با بگەڕێمەوە سەر قسەکانم و بڵێم





ئەگەر حەزرەتی خاتوون بەتۆمەتی ئەوەی کە من زۆر کەر و نەفامم، دوڕگە بەڵێن دراوەکەم پێ نەدەن، من وەک کەسێکی عاقڵ و زانا لەم پێشهاتە بەخۆشی پێشوازی دەکەم. من بیستوومە دەڵێن لە پشت خاچ شەیتان خۆی مات داوە و هەروەها بیستوومە کە هەر سمێڵ سوورێک هەمزاغا نییە (هەر خڕێک گوێز نییە)؛ هەروەها دەگێڕنەوە کە وەرزێرێکی فەقیریان بەناوی وامبا(٤١١) لە پشت جووت و گاسنەوە بردە سەر تەختی پادشاییی ئیسپانیا بەڵام سوڵتان ڕۆدریگ یان لە نێو خەز و ئەتڵەسی پادشایەتییەوە دەرکێشا و ئەگەر ناوەرۆکی تەرانە کۆنەکان دروست بن، بردیان دەرخواردی مارانیان دا.» لەو کاتەدا دۆنا ڕۆدریگزی نەدیمە کە یەکێک لە بیسەران بوو، هاتە قسە و گوتی: «مەبەستی لەوەی کە ئەگەر ناوەرۆکی تەرانە کۆنەکان ڕاست بێ چییە؟ ئێمە تەڕانەیەکی زۆر کۆنمان هەیە کە دەڵێ سوڵتان ڕۆدریگیان(٤١٢) بەزیندوویی دە کەنداڵێکی پڕ لە مار و سووسمار هاویشت و پاش دوو ڕۆژان، پادشا لە بنەبانی قووڵکەوە بەدەنگێکی کز ناڵاندی و گوتی: «ئەی هاوار، ئەو مار و دووپشک و سووسمارانە زۆرتر ئەندامێک لە لەشی من دەخۆن کە زۆرترم گوناه پێ کردووە» کەوابوو بەڕاستی حەق بەو پادشایەیە کە دەڵێ ئەگەر قەرار بێ جرِ و جانەوەری پیس و ناحەز بمخۆن باشتر وایە وەرزێرێکی فەقیر بم و پاشا نەبم.»

دۆشێس لە سادەیی و خۆش باوەڕیی نەدیمەی خۆی نەیتوانی خۆ لە پێکەنین ببوێرێ و لەولاشەوە چون لە قسە و پەندەکانی سانکۆپانزا سەری سوڕمابوو پێی گوت: «سانکۆی میهرەبان دەبێ بزانێ کە وەختێک پاڵەوانێک وەعدەیەکی بەکەسێک دا بەهەموو توانایەوە تێ دەکۆشێ وەعدەکەی وەدی بێنێ، جا با بە لەدەستدانی گیانیشی تەواو بێ. مێردی من دووک، پیاوێکە نەجیب زادە و ڕەسەن و هەرچەند لە زومرەی پاڵەوانانی سەرگەردان نییە بەڵام دەستی کەمیشی لەوان نییە، کەوابوو یەقینە کە ئەو بەپێچەوانەی حەسوودی و شەیتانیی خەڵک، وەعدەی خۆی دەباتە سەر. تۆ ئەی سانکۆ، دڵت بەهێز کە و بزانە لەو

٤١١– وامبا، Wamba کە لە ٦٧٢ تا ٦٨٠ ی زاینی بە سەر ئێسپانیادا سەڵتەنەتی کرد، بە قسەی یەکێک لە مێژووزانان وەرزێر نەبوو، بەڵکوو نەجیب زادەیەک بوو لە بنەماڵەی «ویزیگۆت» (مۆریس باردۆن)

٤١٢– سوڵتان ڕۆدریگ تاج و تەختی ئێسپانیای بە خاتری ئەوینی ژینگ بە ناوی «قەحبەCava » لە دەست دا و لە ساڵی ٧١١ یا ٧١٢ لە شەڕی «گوادالتە» دا شکستی هێنا .دوژمنەکانی بە زیندوویی دە چاڵاوێکی پڕ لە ماریان هاویشت و مارەکان دەپێشدا دڵیان خوارد. (مۆریس باردۆن)

کاتەدا کە کەمترین چاوەڕوانیت نییە، خۆت بەحاکمی دوڕگە دەبینی و لەسەر تەختی دەسەڵاتدارەتیی دوڕگەی خۆت پاڵ دەدەیەوە، مەگەر ئەوەی خۆت ئەو دوڕگەیە بدەیتە دەست یەکی لە خۆت دەوڵەمەندتر. دەمەوێ نسحەتێکت بکەم، ئەویش ئەوەیە کە ئاگات لە ڕەعیەتەکانی خۆت بێ، چون ئەوانە هەموویان پیاوی ئازادە و بەکەڵکن.» سانکۆ گوتی: «لە مەڕ باش بەڕێوە بردنی کاروبار هیچ نیازێکم بەڕێنوێنی نییە، چون من بەسروشت پیاوێکی خێرخواز و چاکەکارم و بەنیسبەت فەقیران دڵسۆز و دڵۆڤانم. پەندێکی مەعرووف هەیە دەڵێ؛ چەقۆ دەسکی خۆی نابڕێ، بەڵام بەگیانی ئەربابی گەورەی خۆم قەسەم هیچ ڕەعیەتێکیش ناتوانێ فێڵم لێ بکا و کڵاوم لەسەر دانێ. من لەو پیرە سەگە کۆنەکارانەم و لە «جیک و پیکی»[*] هەموو کارێک زۆر باش ئاگەدارم. من زۆر چاک دەتوانم چاوەکانم هەڵگوشم و نەهڵێم تەم و دووکەڵ کوێرم بکا، چون دە کاری خۆمدا شارەزا و چاو کراوەم و دەزانم کێ تۆز و خۆڵم بۆ بەرز دەکاتەوە. کورتەی کەلام، دەستی من هەمیشە بۆ لای پیاو چاکان درێژ و دەرگای ماڵم بەروویاندا کراوە دەبێ، بەڵام هیچ خراپەکار و نامەردێک ڕێگەی ماڵم نابێ پێ بزانێ. بەبڕوای من دەکاری دەسەڵاتداریدا مەتڵەبی گرینگ دەست بەکار بوونە و هیچ دوور نییە کە من پاش پازدە ڕۆژ مەشق و کار کردن، زۆرتر لەوەی کە دەکاری کشتوکاڵدا لێهاتووم، لە دەسەڵاتداریدا کارامەیی و زانست وەدەست بێنم. لە حاڵێکدا من وەرزێر لە دایک بووم و تا ئێستاش لەو ڕێگەوە ژیانی خۆم دابینکردووە.» دۆشێس گوتی: «حەق بەتۆیە سانکۆ، ئادەمیزاد هیچ کات بەوەستایی لە زگی دایکی خۆی نایەتە دەر، وەک پەندێکی مەشهوور دەڵێ: لە ئادەمیزادە کە دەکرێ ئۆسقۆف دروست بکەین نەک لە دار و بەرد. بەهەرحاڵ دەگەڕێمەوە سەر ئەو قسانەی هەر وا ساتێک پێش ئێستا لەمەڕ خاتوون دۆلسینەوە دەمانکرد و دەڵێم کە ئەم ڕووداوە بەتەواوی ڕاست و دروستە و لە دروستی ئەودا هیچ شک و گومانێک نییە. تۆ ئەگەر پێت وایە ژنە دێهاتییەکت بەدرۆ بەجێی دۆلسینە بەئەربابی خۆت ناساندووە، خۆت لە هەڵەدای. چون ئەگەر ئەربابی تۆ نەیتوانی خاتوون دۆلسینە ببینێ نەک لەبەرئەوە بوو کە ئەو ژنە خاتوون دۆلسینە نەبوو، بەڵکو لەبەرئەوە بوو کە جادووگەران ئەویان تەلیسم کردبوو. دیسان دووپاتی دەکەمەوە کە ئەم باسە بەتەواوی دروستە و جادووگەرانێک کە شەو و ڕۆژ بەدوای ئازاز و ئەزیەتی دۆن کیشۆتەوەن ئەم بەلایەیان بەسەر گراویی ئەو هێناوە. بەڕاستی من باش دەزانم ئەو ژنەی کە ئاوا چوست و چالاک خۆی هاویشتە سەر پشتی گوێدرێژ، هەمان دۆلسینە بوو، وە ئەگەر تۆ، ئەی سانکۆی میهرەبان پێت وایە کە ئەربابی خۆت فریو داوە، دەبێ پێت بڵێم کە





ئەوە تۆی کە فریوت خواردووە نە ئەربابەکەت. ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە مرۆڤ نابێ لە هەموو شتێکدا، تەنانەت ئەو شتانەی کە بەعومری خۆی نەیدیتوون شک و گومان بکا، بەڕێز سانکۆپانزای دەسەڵاتداری دوڕگە دەبێ شتێک زۆر باش بزانن و ئەویش ئەوەیە کە ئێمە هەر لەم دەوروبەرانەی خۆماندا جادووگەرانێکمان هەن کە خێر و سەلاحی ئێمەیان دەوێ و هەرگیز خەیانەتمان پێ ناکەن و هەر شتێکی لە جیهاندا ڕوو دەدا بێ خۆ مێلکاندن[*] بەئێمەی دەڵێن. بەڕێز جەنابی سانکۆ قسەکانم باوەڕ بفەرموون و بزانن کە ئەو ژنەی خۆی بۆ پشت کەرەکە حەوا داوە دۆلسینە دۆ تۆبۆزۆ بوو کە جادووگەران ئەویان تەلیسم کردبوو. هیچ دوور نییە لە کاتێکدا ئێمە هیچ چاوەڕوان نین، ئەو بەشکڵی ڕاستینی خۆی ببینینەوە و ئەودەم بەڕێز سانکۆ لە بەهەڵەدا چوون ڕزگاری دێ.» سانکۆ دەنگی بەرز کردەوە کە: «تەواوی ئەم بابەتانە لەوانەیە ڕاست بن و من ئێستا قسەکانی ئەربابی خۆم کە دەیگوت خاتوون دۆلسینەی هەر بەو شکڵ و قەیافە و لیباس و هەمان سەر و وەزعێک کە من بەشۆخی و مەسخەرە و گاڵتە وەک ژنێکی تەلیسم کراو نیشانم دا، لە غاری مۆنتەزینوسدا دیتووە باوەڕ بکەم. بەهەرحاڵ ئەی خاتوونی عەزیزم، هەر وەک جەنابی بەڕێزتان فەرمووتان کارەکان دەبێ هەموو بەراوەژوو بووبنەوە، چون لە عەقڵی کەم و ناتەواوی من چاوەڕوانی نەدەکرا کە بەچاو ترووکانێک درۆ و فێڵبازییەکی ئاوا گەورە دروست بکا ، هەروەها پێم وا نییە ئەربابی من ئەوەندە شێت بێ کە لە وتەی بێ سەر و بنی من ئەوەندە فریو بخوا و شتێکی کە تا ئەم بارِستایە لە یاسا و بنەمای گشتیی دنیا دوورە، باوەڕ بکا . بەو حاڵەش، ئەی خاتوونی بەڕێز، تۆ نابێ سێبەری لوتف و کەرەمت لەسەر من لابەری و من بەپیاوێکی دڵڕەش و بەد نییەت بژمێری، چون کەرێکی وەک من ئەو جەوهەر و غیرەتەی نییە کە دەگەڵ جادووگەرانی بێ شەرم و نگریس هاوڕا و هاوداستان بێ و لە کاری شەیتانی و ناجسنیدا دەگەڵیان هاوکاری بکا . من ئەو کەڵەکەم[*] بۆیە لێ دا کە خۆم لە شەڕی لێپرسینەوە و تووڕە بوونی ئەربابم دۆن کیشۆت نەجات بدەم، دەنا بەهیچ کلۆجێک قەستی سووکایەتی پێ کردن و فریودانی ئەوم نەبوو؛ ئێستا ئەگەر ئاکامەکە ئاوەژوو بووەتەوە و بەرهەمێکی ناخۆشی لێ کەوتووەتەوە، خودا لە ئاسماندا هەموو شت دەبینێ و ئاگای لە دەروونی هەموو کەس هەیە.» دۆشێس گوتی: «ئافەرین، قسەکەت زۆر بەجێ و ڕێیە، بەڵام سانکۆ، تۆ لە مەڕ غاری مۆنتەزینووس چ دەڵێی؟ من زۆرم پێ خۆشە بزانم بیروڕای تۆ لەم وارەدا چییە؟» سانکۆ دەستی بەقسە کرد و هەرچی لە مەڕ ئەو غارە و باقیی ڕووداوەکانی کە پێوەندییان بەو غارەوە هەبوو، بۆ دۆشێسی گێڕاوە.

دۆشێس پاش بیستنی داستانەکەی سانکۆ گوتی: «کەوابوو دەتوانین لەو داستانە ئەو ئاکامە وەربگرین کە چون حەزرەتی دۆن کیشۆتی گەورە دەڵێ کە ژنێکی لەو دنیای ژێرینەدا بەهەمان شکڵ و قەیافە دیتووە کە سانکۆ لە کاتی دەرکەوتن لە گوندی دۆ تۆبۆزۆ دیتبووی، هیچ گومانی تێدا نییە کە ئەو ژنە هەمان خاتوون دۆلسینە بووە و جادووگەرانی دانیشتووی دەوروبەر ئەگەر چی هێندە کون پشکن و بەلاف و گەزافن، ڕاستیان گوتووە.» سانکۆ گوتی: «بەڵام من دەڵێم کە ئەگەر خاتوون دۆلسینە بەڕاستی تەلیسم کرابێ، چاوی دەرێ، من هیچ حازر نیم بەخاتری ئەو، دەگەڵ دوژمنانی ئەربابم کە هەم زۆرن و هەم بەدفەڕ و شەڕوورِن بەشەڕ بێم. یانی ڕاستی ئەوەیە کە ئەوەی من لە دەرەوەی دەروازەی دۆ تۆبۆزۆ دیتم، ژنێکی دێهاتی بوو، من ئەوم بەژنێکی دێهاتی چاو پێکەوت و هەمیشەش ئەو بەژنێکی دێهاتیی دەزانم، ئێستا ئەگەر ئەو خاتوون دۆلسینە بووبێ، هیچ پێوەندییەکی بەمنەوە نییە و من زامنی(*) بەهشت و دۆزەخی ئەو نیم، دەنا تا هەستانەوەی قیامەت دەست لەسەر من هەڵناگرن و هەموو شت دەخەنە سەر ئەستۆی من و لە هەر وارێکدا دەڵێن؛ سانکۆ گوتی، سانکۆ کردی، سانکۆ وابوو، سانکۆ واچوو؛ وەک ئەوەی سانکۆ شاخی لێ ڕوابێ و ئیدی ئەو سانکۆیە نەماوە کە چوار قوڕنەی دنیا دەگەڕا و ناوی وەک سامسۆن کاراسکۆ دەڵێ لە کتێبەکاندا هاتووە، ئاخر ئەم سامسۆن کاراسکۆیە، کەم پیاوێک نییە و هیچ نەبێ زانکۆی سالامانکی تەواو کردووە و ئەمجۆرە مرۆڤانە تا مەسڵەحەت و قازانجێکی تێدا نەبێ درۆ ناکەن. کەوابوو ئەوە چ دەردەسەرێکە کە من بۆ خۆمی دروست دەکەم؟ وە چون لە ئەربابی خۆم بیستووە کە «ناوبانگی چاکە لە کەمەربەندی زێڕ باشترە» ئەو کڵاوی دەسەڵاتدارییەم لەسەر بنێن تا زۆر موعجیزە ببینن، چون هەر کەس مەیتەرێکی باش بووبێ، دەشتوانێ حاکمێکی باش بێ.» خاتوون دۆشێس گوتی: «ئەوەی کە سانکۆی میهرەبان تا ئێستا گوتی، یا دروست هەمان قسە کورتەکانی «کاتون»ە یا لانی کەم لە نێو جەرگ و دڵ و ڕیخۆڵەی خودی «میشلوێرینۆ»[٤١٣] دەرکێشراون؛ وە بۆ ئەوەی منیش وەک سانکۆم قسە کردبێ، دەڵێم؛ زۆر ئارەق خۆری پەتیارە دەچن، دە عەبا و مەندیلی پیاوی بەدین و ئیمان.» سانکۆ گوتی: «خاتوونی خۆشەویست، ڕاستییەکەی ئەوەیە من بەعومری خۆم جامێکم لە ڕووی مەکر و فێڵەوە نەخواردووەتەوە و ئەگەر خواردبێتمەوە بێگومان زۆر تینوو بووم، چون لە مندا بەقەدەر

٤١٣- Michel Verino منداڵێکی سەیر و سەمەرە بوو کە لە منداڵیدا کتێبێکی لە سەر ئاین نووسی و لە تەمەنی هەڤدەساڵیدا مرد. (مۆریس باردۆن)





سەری دەرزیش ڕیاکاری و فێڵبازی نییە. من کاتێک دەخۆمەوە کە هەوەس بکەم، یا ئەگەر هەوەسیش نەکەم، ئەگەر جامێکم بدەنە دەست، دەیخۆمەوە، بۆ ئەوەی نەڵێن لە خۆبایی و نەعاملاوە. کاتێک جەماعەتێک جامی خۆیان بەسلامەتی کەسێک بڵند دەکەن، پیاو دەبێ دڵی لەبەردی مەڕ مەڕ بێ تا بتوانێ نەبێتە هاوپیاڵەیان. من هەر چەند گۆرەوی دەبەر دەکەم، بەڵام هەرگیز پیسیان ناکەم. لە لایەکی ترەوە مەیتەرانی پاڵەوانانی سەرگەردان، بێجگە لە ئاو هیچی تر نانۆشن، چون هەمیشە لە کێوان یا لێڕەوار و جەنگەڵاندا دێن و دەچن و مەحزی ڕەزای خوداش، قومێکیان شەڕاب دەست ناکەوێ.» دۆشێس گوتی: «من بەتەواوی بڕوام بەقسەکەت هەیە، بەڵام سانکۆ، ئێستا باشترە بچی هێندێک بحەسێیەوە پاشان تێر و تەسەل لەم وارەدا قسان دەکەین و کارێکی وا دەکەم، بەقەولی خۆت ئەم کڵاوی دەسەڵاتەت لەسەر بنێن.»

سانکۆ جارێکی تریش دەستی خاتوون دۆشێسی ماچ کرد و خواهیشی کرد کە لوتف و کەرەم بفەرموون و دەستوور بدەن لە «بۆزە»کەی کە نووری چاویەتی باش ئاگەداری بکەن. دۆشێس پرسی: «مەبەستت لە بۆزە چییە؟» سانکۆ گوتی: «مەبەستم کەرەکەمە کە ڕەنگی بۆزە و بۆ ئەوەی ناوی کەر نەهێنم بە«بۆزە» یادی دەکەم. من کاتێک هاتمە ناو کاخ لەم خانم نەدیمەیەم خواهیشت کرد کە ئاگەداریی لێ بکا، بەڵام خانم وەهام لێ تووڕە بوو کە دەتگوت من پێم گوتووە پیر و ناحەزە! بەو حاڵەشرا پێم وا باشتر بوو نەدیمەکان لە جیاتی ئەوەی دە تالارەکاندا بەلەنجە و لار بێن و بچن بەکەرەکان ڕابگەن. یا حەزرەتی مریەم! بەڕاستی کە یەکێک لە نەجیب زادەکانی وڵاتی ئێمە چەندەی ڕق لەو نەدیمانە بوو!» خاتوون دۆنا ڕۆدریگزی نەدیمە گوتی: «ئەویش دێهاتییەکی کەر بووە وەک تۆ! چون ئەو ئەگەر نەجیب زادە و لە بنەماڵەیەکی شەریف بووایە قەدر و قوتبی نەدیمەکانی دەگەیاندە بەرزایی مانگ.» دۆشێس گوتی: «باشە، باشە، لەسەری مەڕۆن، دۆنا ڕۆدریگز با خەفە بێ و جەنابی سانکۆش لەسەرەخۆ بێ. ئاگەداری و پێڕاگەیشتنی کەرەبۆزی سانکۆ لە عۆدەی منە و چون ئەو کەرە جگەرگۆشەی سانکۆی ئازیزە من ئەو لەسەر چاوی خۆم دادەنێم.» سانکۆ گوتی: «نەخێر، نەخێر، هەر ئەوەندە بەسە کە «بۆزە»ی من لە تەویلەدا بمێنێتەوە، چون بەخۆی و بەخاوەنی و بەبابی خاوەنەکەشییەوە ڕێیان ناکەوێ ساتێک لەسەر چاوی حەزرەتی بەڕێزتان جێ بگرن. قبووڵی ئەو کەرەم و گەورەییە کە کەرەکەم لەسەر بیلبیلەی چاوتان دابنێن بۆ من ئەوەندە تاڵە وەک ئەوە وایە کە خەنجەرێک دە جەرگم ڕاکەم. هەر چەند بەواتەی ئەربابی من لە دەربڕینی نەزاکەت و ئەدەبدا ئەندازە ڕاگرتن مەرج نییە و زۆرەکەی

لە کەمەکەی باشترە، بەڵام لە ڕێزگرتن لە کەراندا دەبێ ئەندازە ڕابگیرێ.» دۆشێس گوتی: «زۆر باشە سانکۆ، کەوابوو تۆ دەتوانی کەرەکەت بەریتە شوێنی دەسەڵاتی خۆت و تا دەتوانی پەزیراییی لێ بکەیت و میوانداریی بکەی و تەنانەت مووچەی خانەنشینی و لە کار کەوتوویيشی بۆ دیاری بکەی.» سانکۆ گوتی: «خاتوون دۆشێس، تکایە شۆخی مەفەرموون، من ئێستا زۆرتر لە دوو کەرم دیتوون کە چونەتە شوێنی دەسەڵات و ئەگەر منیش کەری خۆم بەرم شتێکی تازە نییە.» ئەم قسانە دیسان بوونە هۆی کەیفخۆشی و پێکەنینی دۆشێس. سەرەنجام دۆشێس سانکۆی ئیزن دا بچێ بخەوێ و بحەسێتەوە و خۆشی ڕۆیشتەوە خزمەت دووک و ئەوی لە گەریانی وتووێژەکانی دەگەڵ سانکۆ ئاگەدار کردەوە. پاشان هەردووکیان خەریکی وتووێژ و ڕاوێژکاری بوون تا چەند بەزمی پڕ لە سەرگەرمی و پێکەنین کە دەگەڵ یاسای پاڵەوانەتی یەک بگرنەوە بۆ دۆن کیشۆت ساز بکەن و لە ڕاستیشدا چەند کایە و گاڵتەی تریان داڕشت کە بەسەر پاڵەوانیان هێنا کە باس کردنیان بێگومان شیرینترین و خۆشترین ڕووداوەکانی ئەم داستانە گەورەیە دێنە ئەژمار.



٣٤

## لەمەڕ دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ شکاندنی تەلیسمی دۆلسینەی بێ هاوتا و ئەو باسەش یەکێکە لە ڕووداوەکانی گرینگی ئەم کتێبە

دووک و دۆشێس لە قسە کردن و هەستان و دانیشتن دەگەڵ دۆن کیشۆت و سانکۆپانزا تێر نەدەبوون، بەڵام شتێک کە زۆر مایەی سەرسوڕمانی دۆشێس بوو، خۆش باوەڕی و ساویلەکەییی سانکۆ بوو کە لە سنووری ئاسایی تێ پەڕیبوو، تا ئەو جێگەی کە باوەڕی بەتەلیسم کرانی خاتوون دۆلسینە کردبوو، ئەوەش لە کاتێکدا کە خۆی سازندە و بەدیهێنەری ئەو بەزمە سەیرە بوو نە کەسی تر. بەڵێ جا دووک و دۆشێس کاتێک لێ بڕان کە چەند بەڵای تر لەوانی کە بۆنی ڕووداوی پاڵەوانییان لێ دێ، بەسەر میوانانی خۆیان بێنن لە داستانی غاری مۆنتەزینووس کە دۆن کیشۆت بۆی گێڕابوونەوە، ئیلهامیان وەرگرت و گەلاڵەی بەزمێکی پێکەنینی و سەیریان داڕشت. ئەوان پاش ئەوەی ئەو کارانەی دەبووایە ئەنجام بدرێ بەنۆکەر و دەستوپێوەندانیان گوت، پاڵەوانیان دەگەڵ دەستەیەک ڕاوچیی بەئەزموون و چالاک و ڕەوەیەک سەگی ڕاو بۆ ڕاوی نێچیری گەورە گەورە دەگەڵ خۆیان برد و داوودەزگایەک بەگەورەیی داوودەزگای ڕاوی پادشایان بۆ دۆن کیشۆت ڕازاندەوە. ڕەختی ڕاوێکی زۆر جوانیان لە ماهووتی سەوز کە پارچەکەی زۆر زەریف و بێ هاوتا بوو، بۆ دۆن کیشۆت و سانکۆ هێنا. دۆن کیشۆت بەبیانووی ئەوە کە دەبێ ڕاپەڕ و داپەڕی هەبێ و ئەرکی سەختی پاڵەوانی دەست پێ بکاتەوە و بۆ ئەو مەیسەر(*) نابێ کە هەموو کات چەمەدانێکی پڕ لە لیباس هەڵبگرێ، لە وەرگرتن و دەبەرکردنی ئەو لیباسە خۆی دزییەوە، بەڵام سانکۆ بەمەیلەوە لیباسی خۆی وەرگرت، بەو خەیاڵە کە لە یەکەم دەرفەتدا بیفرۆشێ و بیکا بەنەغدینە.

هەر دەگەڵ ڕۆژهەڵات دۆن کیشۆت جلوبەرگی شەڕی پۆشی و سانکۆ ڕەختی ڕاوی دەبەر کرد، وە باوەکو ئەسپێک بۆ ئەو دەبەر چاو گیرابوو، چون نەیدەویست لە «بۆزە»ی خۆی دوور کەوێتەوە سواری کەری بۆز بوو و خۆی دەگەڵ ڕاوچییەکان خست، دۆشێس بەهەزار قەڵەم ئاڕایشتەوە پەیدابوو، دۆن کیشۆت هەر بەنەزاکەت و ئەدەبی هەمیشەییەوە جڵەوی ماینی ئەوی بەنیشانەی ڕێز و حورمەت گرت و هەرچی دووک حەولی دا پێش بەو کارەی بگرێ، سوودی نەبوو. سەرەنجام گەیشتنە جەنگەڵێک کە ئەم لاو ئەولای کێو بوو. پاشان

جێ ڕاویان گرت و کوێرە ڕێگەکانیان خستە ژێر چاوەدێری و ڕاویان دابەشی و سەرڕاو بەرڕاو، پیاویان لێ دانا و بەرەگە گیران و ڕاوچییەکان بەشەیپوور و زوڕنا و کەڕەنا و هەرا هەرا دەستیان کرد بەتەقاندنی(*) جەنگەڵ و وەڕەی سەگ و هاواری ڕاوچی بەری عاسمانی گرتبوو و کەسیش ئاگای لە کەس نەبوو. دۆشێس لەماینی خۆی دابەزی و نێزەیەکی تیژی تایبەتی ڕاوی بەرازی بەدەستەوە گرت و لە شوێنێکدا کە دەیزانی بەرازی پێدا هەڵدێ، بەرەگەی گرت. دووک و دۆن کیشۆتیش دابەزین و لەم لاو لای خاتوون جێگیر بوون. سانکۆ بێ ئەوەی لە کەرەکەی دابەزێ لە پشت سەری هەموو ڕاوچییەکان ڕاوەستا و لە ترسی ئەوەی بەڵایەک بەسەر کەرەبۆز بێ، زاتی نەبوو لێی دوور کەوێتەوە.

دووک و دۆشێس و دۆن کیشۆت تازە لە جێی خۆیان دامەزرابوون. عالەمێکی زۆریان لە خۆ خڕ کردبووەوە کە چاویان بەبەرازێکی گەورە کەوت، ڕاوچی بەدوایەوە بوون و سەگەکان برستیان لێ بڕیبوو. بەرازەکە کە شفرەی(*) دەرپەڕاندبوو، ددانی دەسوو، بەو حاڵەوە یەکڕاست بەرەو ڕووی ئەوان دەهاتە پێش و کەفی لە زاری دەڕژا. دۆن کیشۆت هەڵی کێشایە شمشیر و مەتاڵی بەدەستەوە گرت و بەئازایەتییەکی بێوێنە بەرەو بەراز ڕۆیشت. دووکیش بەنێزەوە هەر ئەو کارەی کرد، دۆشێس هەروەها، ئەگەر دووک پێشی پێ نەگرتبا، لەوان زووتر دەگەیشتە سەر بەراز، تەنیا سانکۆ بوو کە دەگەڵ چاوی بەبەراز کەوت خۆی لەسەر بۆزەوە فڕێ دا و هەڵات و ویستی بەدارێک هەڵابچێ، بەڵام ئەو لقەی دەستی پێ گرتبوو لە بەدبەختیی مەیتەر شکا. سانکۆ سەرەوبن کەوتە خوارەوە و بەلقێکی ترەوە هەڵاوەسرا.

سانکۆ کە خۆی لەو حاڵەتەدا چاو پێ کەوت، پێی وابوو لیباسە جوانەکەی دەدڕێ و هەستی بەوەش کرد کە هەر ئێستا ئەو دڕندە زراوتۆقێنە دەگاتە سەری و دەیداتە بەر شەقۆن، لەبەرئەوە کردی بەهاوار و داد و بێدادێک کە تەواوی ئەوانەی لەوێ بوون لایان وابوو دڕندەیەکی گەورە تێی بەربووە و هەڵدڕ هەڵدڕی دەکا.

سەرەنجام بەراز بەو هەموو نووکە نێزەی کە دەلەشی دەچەقی و بەو هەموو برینەی کە هەڵی دەگرت لە پێ کەوت و ئەوجار دۆن کیشۆت کە دەنگی هاوار هاواری سانکۆی بیستبوو، سەری وەرگێڕا و دیتی کە مەیتەر سەرەونخوون بەلقە دارەوە هەڵواسراوە و بۆزەش بەکزی لە لای ڕاوەستاوە و بەجێی نەهێشتووە. سەید حامید لەم وارەدا دەڵێ کە کەمتر وابووە سانکۆی بێ کەرەبۆز و کەرەبۆزی بێ سانکۆ دیتبێ. بەڵێ دۆستی و نزیکاتیی ئەو دووانە بەمجۆرە بوو، وەفادارییەکەیان بۆ یەکتر لە ئەندازە بەدەر بوو. دۆن کیشۆت





خۆی گەیاند و سانکۆی لە دار کردەوە، ئەو بێچارەیە کاتێک هەستاوە سەرپێ و زانیی کە پای لەسەر عەرزە، چاوی بەلیباسە دڕاوەکەی کەوت و دەردێکی کوشندە هەموو گیانی داگرت، چون ئەو پێی وابوو بەپووڵی ئەو لیباسە دەتوانێ ملکێک بۆ خۆی بکڕێ.

سەرەنجام بەرازە گەورەیان سواری پشتی ئێسترێکی بارکێش کرد و ڕاوچییەکان پاش ئەوەی کەلاکی بەرازیان بەلقوپۆپی داری ئیکلیل و پنجی «مۆرد» داپۆشی، ئەویان بردە لای ئەو خێوەتە سەحراییانە کە لە جەنگەڵدا بەرپا کرابوون و دەتکوت دەسکەوتێکی گەورەیان بەدەست هێناوە. لەوێ سفرەیەکی گەورە و شاهانە بەهەموو تەعامێکەوە ئامادە کرابوو، سفرەیەکی وەها گەورە و ڕەنگین کە لە گەورەیی و جەلال و شکۆی خاوەنەکانی حیکایەتی دەکرد.

سانکۆ لە حاڵێکدا هەڵدڕاوەکانی لیباسەکانی بەدۆشێس نیشان دەدا، گوتی: «ئەگەر ئەو بەزمە بۆ ڕاوی کەروێشک یا نێچیرێ چووک گیرابا ئەو کولوجە نازەنینەی من ئاوا نەدەدڕا و ئەو حاڵ و ڕۆژەی نەدەبوو. من بەڕاستی نازانم ئەوکارە کوێی خۆشە کە جەماعەتێک سەرەڕێ بەجانەوەرێکی خۆفناک(*) بگرن، جانەوەرێک کە ئەگەر بگاتە سەریان بەشفرە و ددانە تیژەکانی هەموویان هەڵدەدڕێ و ڕەوانەی ئەو لایان دەکا؟ من لە بیرمە زەمانێک تەڕانەیەکیان دەگوت و ئەویش ئەوە بوو: «خودایە، تۆش وەک «فاویلای» ناودار ورچ بتخوا.» دۆن کیشۆت گوتی: «ئەو یەکێک لە پادشاکانی «گەت» بوو کە بۆ ڕاو ڕۆیشتە چیا و لە وێ ورچ خواردی.» سانکۆ گوتی: «مەبەستی منیش ئەوەیە؛ من نامەوێ شا و شازادەکان خۆیان دەگەڵ مەترسیی ئاوا ڕووبەڕوو بکەنەوە و بەدوای سەرگەرمییەکدا بڕۆن کە بەهیچ کلۆجێک سەرگەرمی نییە، چون ئەو ڕابواردنە بریتییە لە کوشتنی گیاندارێکی بەستەزمان کە هیچ تاوانێکی نەکردووە.» دووک گوتی: «سانکۆ، ئەوەی گوتت ڕاست نییە و پێچەوانەکەی دروستە، چون ڕاوکردنی گیاندارێکی دڕندە بۆ شا و شازادەکان کارێکی پێویستە، ئەو چەشنە ڕاوە وێنەیەکە لە شەڕ و لەو کارەدا هەموو ڕا و تەگبیرێکی شەڕ دەکار دەکرێ. وە فێڵ و تەڵەکە و داونانەوە و فریودان و بەهەڵە بردن دێنە ئاراوە. داو دادەنرێتەوە، کەمین دەکەن، بۆسە دەگرن، نەخشە دەکێشن تا بێ ئەوەی تووشی مەترسی بن، دوژمن ببەزێنن؛ لەو کارەدا گەرمای سووتێنەر و سەرمای سەخت تووش دەبن و دەبێ تاقەت بێنین و تەمەڵی و لەشگرانی وەلابنێین؛ بێجگە لەوانەش ئەو کارە وەرزشێکی زۆر باشە کە زۆران تێیدا بەشدار دەبن و خۆشی ڕادەبوێرن و زیانیش بەکەس ناگا. بێجگە لەوەش باشییەکی تری ئەم کارە ئەوەیە کە وەک باقیی ڕاوە بێ بایەخەکان لە دەست هەموو

کەسێک نایە و وەک ڕاوی باڵندە تیژفڕەکان(*) تایبەتی شا و شازادەکان و نەجیب زادە پایەبەرزەکانە. کەوابوو ئەی سانکۆ، ڕای خۆت بگۆڕە و کاتێک بوویتە حاکم، کاتی خۆت بەراوی گەورە ڕابوێرە.

ئەو دەم دەزانی ئەو کارە چ حەز و خۆشییەکی هەیە.» سانکۆ گوتی: «نەخێر، نەخێر، وا نییە؛ حاکمی باشیش دەبێ وەک خانمی باش قەڵەمی پای خۆی بشکێنێ و لە ماڵدا بمێنێتەوە. بەڕاستی سەیرە خەڵک بەهەزار گرفتاری و داماوییەوە بێنە لای حاکم و ئەویش لە جەنگەڵدا خەریکی ڕاوکردن و ڕابواردن بێ. بەمجۆرە کاروباری دەسەڵاتداری دەشێوێ و کارەکان ڕادەوەستن، بەبڕوای من، ئەی جەنابی دووک، ڕاو یا سەرگەرمی و ڕابواردن بۆ خەڵکی بێ کارە و تەمبەڵ باشترە نەک بۆ حاکم و دەسەڵاتداران.

من پێم وایە کە لە زەمانی دەسەڵاتداریدا، سەرگەرمی و ڕابواردنم تەنیا ئەوەندە بێ کە چوار ڕۆژی پشوودانی جێژنی پاک، بەکایەی «حوکم»[٤١٤] ڕابوێرم و لە ڕۆژانی یەک شەممە و جێژنەکانیشدا تۆپەڕاکردێن(*) بکەم. ڕاو و شکار، جا هەرچی بێ، دەگەڵ میزاج و ئەخلاقی من سازگار نین و دەگەڵ ویژدان و هەستیاری من یەک ناگرنەوە.» دووک گوتی: «ئەی سانکۆ، خودا بکا وابێ، بەڵام لە وتارەوە تا کردار مەودایەکی زۆرە.» سانکۆ گوتی: «جا ئەوە دەیبینی و تاقیم دەکەیەوە و ئەوەی حیسابی پاکە لە لێپرسینەوەی بێ باکە؛ بەختەوەری هەر لە لای خوداوە دێ و ئەگەر خودا لوتف و ئیحسانی خۆی بەسەر کەسێکدا باراند، تەواوە و هەروەها گوتوویانە کە ڕیخۆڵە و گەدە ڕاگری پان، نە پا، ڕاگری ڕیخۆڵە و گەدە؛ مەبەستم لەو پەند و مەتەڵانە ئەوەیە ئەگەر لوتفی خودای چاوی بەسەر منەوە بێ و منیش ئەرک و کاری خۆم باش ڕاپەڕێنم، بێ شک و گومان باشتر لە هەڵۆی سوڵتانی دەسەڵاتداری دەکەم دەنا قامکم دە زاری بنێ بزانە گەزەگەزەی دەزانم.» دۆن کیشۆت هاواری لێ بەرز بووەوە کە: «ئەی سانکۆی غەزەب لێگیراو! غەزەبی خودا و هەموو پیاوانی خودات بەسەردا بباریێ. هەر وەک هەزار جارم پێ گوتووی، ئەدی کەی ئەو زەمانە دەگا کە من قسەی تۆ ببیسم و ئەو هەموو پەند و مەتەڵ و خوازە(*) و کینایە و سەجع و سەراوییەی(*) تێدا نەبێ؟ ئێوە ئەی سەروەرانی بەڕێز و خۆشەویست، بۆ خاتری خودا لەو کەرەپیاوە بگەڕێن دەنا ڕۆحتان دە نێو دوو نەخێر و دوو هەزار پەندی بێ تام و بێ مانادا دەهاڕێ و

---

٤١٤– کایەی حوکم Jouer a la fariomphe جۆرێک کایەی وەرەق «پەڕ» کە ڕەنگێک لە ڕەنگەکانی تر دەباتەوە.





هەمووشیان ئەوەندە بەجێگە و ڕێگە و دروستی دەکار دێنێ کە خودا ڕوحم بەو کەسە بکا کە گوێیان پێ دەدا.» دۆشێس گوتی: «پەندەکانی سانکۆپانزا ئەگەر لە پەند و مەتەڵەکانی شیکاری(*) بەناوبانگی[٤١٥] یونانی زۆرتریش بن لە ڕوانگەی سادەیی و کورتیی کەلامەوە، هیچ لەوان نامێنێتەوە و تەنانەت بۆ من لە تەواوی قسەی نەستەق و پەندەکانی تر خۆشتر و دڵچەسپترن، هەر چەند پەندی دیتران مناسبتر و بەناوەرۆکتریش بن.»

دەگەڵ ئەم قسانە و زۆر وتووێژی تردا کە بەهەمان ئەندازە شیرین و سەرگەرم کەر بوون، هەموویان لە چادر و خێوەتان هاتنە دەر و چوونەوە ناو جەنگەڵ و باقیی ئەو ڕۆژەش بەڕاو و شکار تێپەڕ بوو. شەو کەم کەم داهات و باوەکوو نیوەی هاوین بوو و دەبووایە هەوا ساف و بێ گەرد بێ، بەڵام ئەو شەوە هێندێک تاریک و گرفتە بوو، نەوعێک ڕووناکیی تێکەڵاو بەتاریکی، بەسەر جەنگەڵدا زاڵ بوو و هەر ئەو حاڵەتە بۆ دەکار کردن و بەرێوە بردنی پیلانە شەیتانییەکان کە بۆ دۆن کیشۆت گەلاڵە کرابوون، بارودۆخێکی لە باری پێک هێنابوو. بەڵێ جا کاتێک شەو داهات، هێندێک بەر لە ئاوابوونی ڕۆژ وا هاتە بەرچاو کە هەموو دەوروبەری جەنگەڵ ئاوری تێ بەربووە. پاشان لەم لا و لای جەنگەڵ، لە پاش و لە پێش و لە چەپ و ڕاست دەنگی شەیپوور و هەزاران سازی شەڕ بەگوێ گەیشت و هەروەها خرمەی سمی ئەسپی دەستەی سواران و تەقەی ناڵی یەکسمان بیسترا، وا دەزانرا هەزاران سوار بەتەرەختەن و چوار ناڵە لەو جەنگەڵەدا دێن و دەچن. نووڕی ئاگر و دەنگی شەیپوور و کەڕەنا چاو و گوێی حازرانی مەجلیس و تەواوی ئەوانەی لە جەنگەڵدا بوون کوێر و کەڕ کردبوو. زۆری پێ نەچوو کە هاوار و زەنا زەنایەکی گەورە و هەراسێنەر بەشێوەی نەعرەتەی لەشکرەکانی عەرەب کە لە سەرەتای هێرشدا دەیکێشن گەیشتە گوێ.

نرکە و ڕمبەی تەپڵ و و دەهۆڵان بەرز بووەوە و دەنگی زوڕنا و شەیپوور و کەڕەناشی ئاوێتە بوو، بەجۆرێک هەرکەس بیستبای شێت دەبوو وە ئەگەر شێت نەبووایە دیارە عەقڵی دە سەریدانەبوو. دووک ڕەنگی بەروخسارەوە نەما، دۆشێس وە لەرزین کەوت، دۆن کیشۆت هەستی کرد کە حاڵی گۆڕاوە و تێک چووە؛ سانکۆپانزا لە ترسان ددانی نەدەگرت(*) و تەنانەت ئەوانەش کە ئاگایان لە پلان بوو، ترسیان ڕێ نیشت، ترس و بێدەنگی بەسەر هەمووواندا زاڵ بوو، لەو هەنگامەیەدا پەیامهێنەرێک کە سەرتاپای هەیکەلی خۆی بەشکڵ و

---

٤١٥– مەبەست هەمان Herman Nunez de Guzman زانا و زبان ناسی یۆنانییە کە لە سەرەتای سەدەی ١٢ دا لە زانکۆی سالامانک زبانەکانی یۆنانی ولاتین و مەنتیق و ئووسلی دەرس ڕەگوتەوە. (مۆریس باردۆن)

قەیافەی شەیتان ڕازاندبووەوە و بەجێگەی شەیپوور دە بووقێکی گەورەی بێ قەوارەی دەتووڕاند و بانگ و سەدایەکی سەیر و زراوتۆقێنی لێ هەڵدەستا، لە بەرامبەریان تێ پەڕی. دووک هاواری کرد کە: «ها، ئەی برای من، ئەی پەیامهێنەر، چ کەسی و بۆ کوێ دەچی و ئەم لەشکرە کە بەو جەنگەڵەدا دەڕۆن کێن؟ پەیام هێنەر بەئاوایەکی ناخۆش و ناحەز گوتی: «من شەیتانم و بەدوای دۆن کیشۆتی مانشدا دەگەڕێم؛ ئەوانەی بێرەدا تێ دەپەڕن شەش دەستە جادووگەرن کە دۆلسینە دۆ تۆبۆزۆی بێ هاوتایان لەسەر عارەبەیەکی جەنگی داناوە و دەیبەن. ئەو بەتەلیسم کراوی، دەگەڵ پاڵەوانی ناودار فەرانسوا مۆنتەزینووس هاوسەفەرە و مۆنتەزینووس بۆیە هاتووە کە فێری دۆن کیشۆتی مانش بکا کە چۆن دەبێ ئەو خاتوونە بێ ئەنوایە لە تەلیسم ڕزگار بکا.» دووک گوتی: «ئەگەر تۆ بەڕاستی شەیتان بووبای بەیەکەم نیگا دۆن کیشۆتت دەناسییەوە، چون ئەو هەر ئێستا لە بەرامبەر تۆدا ڕاوەستاوە.» شەیتان گوتی: «بەگیانی خۆم و بەشەرەفی خۆم سوێند دەخۆم کە ئەوم نەدیتووە، هۆش و حەواسی من ئەوەندە بەشتی جۆراوجۆرەوە مەشغووڵە کە لە بابەتی سەرەکییانی ئەو مەبەستەی کە بەدوایدا هاتبوومە ئێرە غافڵ بووم.» سانکۆ هاواری لێ بڵند بوو کە: «بێگومان ئەم شەیتانە بەڕێزە پیاوێکی شەریف و مەسیحییەکی مۆمنە، چون ئەگەر وانەبووایە بەویژدان و گیانی خۆی سوێندی نەدەخوارد، ئێستا بۆم ڕوون بووەوە کە لە دۆزەخیشدا پیاوی شەریف و کارچاک هەن.»

شەیتان بێ ئەوەی دابەزێ چاوی بۆ لای دۆن کیشۆت سووڕاند و گوتی: «ئەی پاڵەوانی شێرشکێن (سەد بڕیا شێر تێکی شکاندبای!) مۆنتەزینووس پاڵەوانی چارەڕەش و بێ ئەنوا، بەڵام دلێر و توانا، منی ناردووەتە لای تۆ تا پێت بڵێم لە هەر جێگەیەک چاوم پێت کەوت وەمێنی و چاوەڕوانی هاتنی ئەو بی، چون ئەو ژنێک دێنێتە لات کە ناوی دۆلسینە دۆ تۆبۆزۆی لەسەرە، زۆر ئارەزوومەندە کە ڕێگەی شکاندنی ئەو تەلیسمە فێری تۆ بکا. من هەر بۆ ئەوەندە هاتبوومە ئێرە کە چاوم پێت بکەوێ و ئەوەت پێ بڵێم، ئێستا ئیتر کارم پێت نەماوە و دەبێ بڕۆم. هیوادارم کە دەستی شەیتانەکانی وەک من، پشت و پەنات بێ و سایەی لوتف و کەرەمی فریشتە کارخاسەکان و هەروەها سێبەری ئاوڕلێدانەوە و ئاگەدارییی ئەم بەڕێزانە لەسەرت کەم نەبێتەوە.» شەیتان پاش ئەو قسانە دیسان دە شەیپوورەکەی خۆی تووڕاند و ڕووی وەرگێڕاو بێ ئەوەی چاوەڕوانی جوابی کەسێک بێ، بەرێی خۆیدا ڕۆیشت!

هەموو سەریان سوڕ مابوو، بەتایبەتی سانکۆ و دۆن کیشۆت لە هەموان زۆرتر واقیان





وڕمابوو. سانکۆ زۆر لەو بارەوە گێژ بووبوو کە ئەو عالەمە دەیانویست و حەول و تەقەلایان دەدا کە بەپێچەوانەی واقیع، باسی تەلیسم بوونی خاتوون دۆلسینە بەئەمری واقیع دابێنن و سەر سووماوی دۆن کیشۆتیش لەوێڕا بوو کە هێشتا باشی نەدەزانی و لە شک و یەقیندا بوو کە ئەوەی لە غاری مۆنتەزینووسدا دیتوویەتی و ئەوەی بەسەری هاتووە ڕاست بوون یا خێر. بەڵێ جا، لەو کاتەدا کە پاڵەوان دەو فکرانەدا نوقم بووبوو دووک لێی پرسی: «ئایا حەزرەتی بەڕێزتان دەتانەوێ چاوەڕوانی دیداری مۆنتەزینووس بمێننەوە؟» دۆن کیشۆت گوتی: «بۆ دەبێ نەبم؟ ئەڵبەتە من بەئیرادەی پتەو، بەدڵێکی پڕ لە ئازایەتی لێرەدا چاوەڕوانی دەبم. ئەگەر ئاگری دۆزەخیشم بەسەردا بباریێ.» سانکۆ گوتی: «بەڵام من ئەگەر شەیتانێکی تر وەک ئەوەی ئێستا دیتم، ببینم و ببیسم کە دە شەیپوورێکی تری وەک شەیپووری شەیتانی ئەوەڵ دەتووڕێنێ لە جیاتی ئەوەی لێرە بمێنمەوە، هەڵدێم و تا «فلاندر» بەند نابم.»

لەو کاتەدا شەو بەتەواوی داهاتبوو و لەو تاریکییەدا و لە نێو هەڵم و غوباری زەویدا، تروسکە و برووقە برووقی ڕووناکایی لەم لای جەنگەڵەوە بۆ ئەولا دەبیندران. لە هەمان کاتدا دەنگێکی ترسێنەر، لەو دەنگە وشکانەی کە لە سووڕانی چەرخی گەورەی عارەبەهەڵدەستێ – عارەبەیەکی زۆر گەورە کە گای تێ دەکەن – بەگوێ گەیشت، وە ئەوە هەر ئەو دەنگەیە ئەگەر گورگ و بەراز گوێیان لێی بێ، خۆیان بۆ ڕاناگیرێ و لەبەری هەڵدێن. تۆفانێکی تریش لەو هەموو تۆفانە زیادی کرد کە هەیبەت و سامناکیی هەموانی سەد قات زۆرتر کرد. وای لێ هات دەتگوت لە هەر چوار گۆشەی جەنگەڵدا شەڕ و هەنگامەیەکی گەورە لە ئارادایە. لە لایەک دەنگی کپ و بۆڵەی شەڕی تۆپخانە دەهاتە گوێ و لە لایەکی تریشەوە شمخاڵێکی زۆر خەریکی هاویشتن بوون؛ هێندێک لە نزیکتر بانگ و هەرای شەڕکەران بەرز بووبووەوە و هێندێک دوورتر هەلهەلە و هەرای عەرەبی بەڕبەڕ دەهات. سەرەنجام دەنگی شەیپوور و کەڕەنا و بووق و تفەنگ و هاواری عەرەب و دەنگی گوێدڕێنی چەرخی گەورەی عارەبەتێکەڵاو بوون و زەنا زەنا و هەنگامەیەکی وەها بەرپا بوو کە دۆن کیشۆت ناچار بوو هەرچی غیرەت و ئازایەتییە لە خۆیدا کۆ بکاتەوە تا وە لەرزین نەکەوێ. بەڵام سانکۆ لە ترسان لە هۆش چوو و کەوتە ژێر پای دۆشێس. دۆشێس ئەوی ڕاکێشا سەر داوێنی خۆی و ئاوی ساردی بەسەر و ڕیشیدا کرد. سانکۆ بەو ئاو پێدا کردنە هاتەوە هۆش و ئەوەش دروست لەو کاتەدا بوو کە عارەبەی قورس و گران گەیشتبووە ئاستی ئەو. چوار گای زەبەلاح و گەورە عارەبەیان دەکێشا کە بەسەر هەر

کامیاندا کوێنێکی(*) ڕەشیان کێشابوو و مەشعەلێکی هەڵکراویش لە شاخی هەر کامیان بەسترابوو. لەسەر عارەبەجێگەیەکی وەک تەختی پادشایان ساز کرابوو، لەسەر ئەو تەختەش پیرە پیاوێکی بەویقار، کە ڕیشە سپییەکەی دەگەیشتە سەر کەمەری، دانیشتبوو. کەوایەکی درێژی قەدەکی(*) دەبەر دابوو، وە چون لە عارەبەکەدا مەشخەڵی زۆر دایسان، تەواوی ئەسپاباتی نێو عارەبەکەش بەجوانی دەبیندران. دوو شەیتانی زۆر ناحەز و نگریس عارەبەکەیان لێ دەخوڕی کە لیباسێکی ڕەشیان لە جیسنی هەر ئەو قەدەکە لەبەر دابوو، ڕوخساریان ئەوەندە ناحەز بوو کە سانکۆ هەر دووک چاوی خۆی قووچاند بۆ ئەوەی نەیانبینێ.

بەڵێ جا، کاتێک عارەبەگەیشتە ئاستی ئەو شوێنەی کە یاران لەوێ بوون، پیرەپیاوی بەویقار لە جێگەی بەرزی خۆی هەستا و بەدەنگی بڵیند ئاوای گوت: «من لیرگاندە Lirgand-ee ی حەکیمم.» و بێ ئەوەی قسەیەکی تر بکا عارەبەکەی وە ڕێیشتن کەوتەوە. بەدوای ئەودا عارەبەیەکی تری هەر لەو حاڵەتە و لەو ڕەنگە هات کە ئەویش پیرەپیاوێکی بەویقاری تێدا دانیشتبوو. ئەویش کاتێک گەیشتە عارەبەو داوودەزگای خۆی گەیاندە ئاستی یاران، وەک پیرەپیاوی یەکەم بەدەنگی بۆڕ و تووڕەوە گوتی: «من ئەلکیف Alquife ی حەکیم و دۆستی گەورەی «ئۆرگاندا» Urgande ی نەناسراوم. ئەویش بەرێگەی خۆیدا ڕۆیشت. زۆری پێ نەچوو عارەبەیەکی تر وەک دوو عارەبەکەی تر گەیشتە بەردەمی یاران. بەڵام ئەوەی لەسەری دانیشتبوو، وەک ئەوانی تر پیر نەبوو، بەڵکو نێرەزەلامێکی سەحەتگران و لۆزەندەرێکی چوارشانە بوو کە سەر و گوێلاکی نەفرەت و غەزەبی لێ دەباری. ئەویش هەستا سەرپێ و گوتی: «من ئارکالووس Arcaleus ی جادووگەرم و دوژمنی قەستەسەری ئامادیسی گۆل و تۆرەمەی ئەوم.» ئەویش پاش ئەو قسانە تێپەڕ بوو.

هەر سێک عارەبەهێندێک واوەتر لە شوێنی یاران، ڕاوەستان و دەنگی گوێدڕێن و ناخۆشی چەرخی عارەبەکان کۆتایی پێ هات. هێندێک دواتر سەروسەدا و هەرا و هوریاکانی تریش خامۆش بوون و تەنیا زایەڵەی دەنگی مۆسیقایەکی خۆش دەهاتە گوێ. سانکۆ بەبیستنی ئەو دەنگە خۆشە هێندێک هاتەوە سەرخۆ و بەدۆشێس کە ساتێک لێی دوور نەکەوتبووەوە، ئاوای گوت: «ئەی خاتوونی من، ئەو جێگەیەی دەنگی مۆسیقای لێ بەرز بێتەوە، هەرگیز مومکین نییە شتی خراپی لێ هەبێ.» دۆشێس لە جوابدا گوتی: «وای، وانییە! ئاگر نوور دەپڕژێنێ و کوورە گەرمی دەدا بەدەوربەر و ئەم مەسەلەیە هەر ئێستا لەو مەشخەڵانەی دەوروبەرماندا دەبیندرێ و بەو حاڵەشەوە ڕەنگە هەر ئەم مەشخەڵانە





بمانسووتێنن و بمانکەنە خۆڵەمێش، بەڵام مۆسیقا هەمیشە مایەی شادی و کەیفخۆشی و جێژن و میوانییە.» دۆن کیشۆت کە وتووێژی ئەوانی دەبیست گوتی: «وەک دەیبینن» کە وەک بەشی داهاتووی ئەم داستانە دەیسەلمێنێ حەق بەو بوو.

٣٥

## لەمەڕ هەواڵێک کە دۆن کیشۆت

## لە شکانی تەلیسمی خاتوون دۆلسینە بیستی و باقیی ڕووداوەکان

ئەوجار دیتیان کە عارەبەیەک، لەو عارەبانەی خەڵک پێی دەڵێن عارەبەی «سەرکەوتن» بەهەمان ئاهەنگی خۆشی مۆسیقاوە نزیک بووەوە. ئەم عارەبە، شەش ئێستری بۆرەی تێکرابوون، کە سەرتاپایان بەپارچەی سپی داپۆشرابوو و لەسەر پشتی هەر کام لە ئێسترەکانیش تۆبەکارێکی سەرتاپا سپی پۆش کە هەرکام مەشخەڵێکیان بەدەستەوە بوو، سوار بووبوون. ئەم عارەبەیە دوو تا سێ قات لە وانی تر گەورەتر بوو. لەسەر ئەم عارەبەش دوازدە تۆبەکاری تر بەلیباسی سپی و مەشخەڵی هەڵکراوەوە دانیشتبوون؛ ئەم بەزمە بۆ ئەوە ساز درابوو کە ترس و خۆف و هەراسانی و سەرسوڕماوی وەدی بێنن، لەسەر تەختێک کە لە ناوەڕاستی عارەبەکە داندرابوو، پەریزادەیەکی وەک مانگی شەوی چاردە دانیشتبوو کە ئەندامی خۆی بەسەد پارچەی ناسکی پووڵەکەداری بریقەدار داپۆشیبوو وە ئەوەش نیشانی دەدا کە ژنێکی جوان و خاوەن زێڕ و زەمبەرە. تۆڕێکی ناسکی ئاوریشمین بەسەر پەریزادە دادرابوو کە زۆر ناسک و ڕوون بوو، لە پشت ئەم تۆڕەوە ڕوخساری جوانی کچێکی نازدار و ئێسک سووک دەهاتە بەرچاو، نووری توندی مەشخەڵەکان، هێڵی ڕوخسار و تەمەنی کیژی جوانی نیشان دەدا و ئاشکرا بوو کە تەمەنی لە حەڤدە تێ پەڕیوە، بەڵام نەگەیوەتە بیست. لە تەنیشت ئەو پەریزادەیە کەسێک دانیشتبوو کە سەرتاپای خۆی بەلیباسێکی مەخمەری درێژ و ڕوخساریشی بەنیقابێکی ڕەش داپۆشیبوو.

لەو ساتەدا کە عارەبەگەیشتە ئاستی شوێنی دانیشتنی دۆن کیشۆت و دووک، دەنگی کەڕەنا و شەیپووران خامۆش بوو و پاشان دەنگی عوود و سازێکیش کە لەسەر عارەبەوە لێیان دەدا، بێدەنگ بوو. ئەوجار ئەو کەسەی کە کەوای درێژی دەبەردابوو لە جێی خۆی هەستا و ئاتەگی کەوای لادا و نیقابی سەر و ڕوخساریشی لابرد و ڕوخساری ناحەز و زراوتۆقێنی عفریتی مەرگ وە دیار کەوت. دۆن کیشۆت ڕەنگی بەروخسارەوە نەما و سانکۆ لە ترسان هەڵدەلەرزی و دووک و دۆشێس نیشانەی ترس و خۆف کردنیان تێدا دیاری دەدا . ئەم «مەرگ»ە زیندووە کاتێک بەپێوە ڕاوەستا بەئاهەنگێکی کز و لەرزۆک بەمجۆرە دەستی پێ کرد:





«من مێرلێن ئەو جادووگەرە بەتوانایەم کە بەپێی ڕیوایەتگەلی مێژووەکان و داستانەکان، باوکم شەیتانە، (درۆیەک کە تەنیا بەتێپەڕینی زەمان ئیعتیباری وەدەست هێناوە) من شازادەی سیحر و جادوو، سوڵتانی خاوەن دەسەڵاتی ڕەها(*) و خەزێنەی زانستی زەردەشتم(٤١٦). من حەریف و هاونەبەردی(*) زەمان و سەدە و دەورانم، چون، زەمان و دەوران دەڵێن کە هونەرنوێنی و قارەمانەتیی پاڵەوانانی سەرگەردان دەژێر خاک دەنێن و خاکی فەرامۆشییان بەسەر دادەکەن. بەڵام من هەموو کات چاکەم دەگەڵ پاڵەوانانی سەرگەردان کردووە و لەمەو پاشیش دەیکەم. هەرچەند خولق و خووی سیحرکار و جادووگەران و موغان هەموو کات توند و ترش و تاڵە، بەڵام خولق و خووی من نەرم و عاشقانە و میهرەبانە و پێم خۆشە دەرهەق بەهەموو کەس چاکە بکەم.

لە غارە تاریکەکانی «دیت»(٤١٧) لەو شوێنەدا کە ڕۆحی من خەریکی ڕەسم کردنی پیت و شکڵ و وێنەی جادوویی بوو، ناڵەی سووتێنەر و جەرگ برژێنی دۆلسینە دۆتۆبۆزۆی جوان و بێ هاوتا دەهاتە گوێم.

من بەبەدبەختی و نامرادیی ئەوم زانی و تێ گەیشتم کە تەلیسم کراوە و لە خاتوونێکی بەشان و شەوکەتڕا کراوەتە ژنێکی خەپڵە و ئەستووری دێهاتی، زگم پێی سووتا، بەزەییم پێداهات و زۆری بۆ خەمبار بووم، پاشان فکر و ڕۆحی خۆم لە نێو ئەم قالبەناحەز و نەفرەت هێنەدا زیندانی کرد و پاش ئەوەی ڕووپەڕەکانی سەدان هەزار کتێبم کە لەمەڕ زانستی شەیتانی و بێ مانای خۆمدا نووسرابوون، هەڵدایەوە،دەرمانی دەردی ئەو چارەڕەشەم وەگیرخست و ئێستا هاتووم تا بۆ ئەو دەرد و غەمە گەورەیە دەرمانێکتان پێ بناسێنم.

بەتۆ، ئەی شەڕەف و شانازیی ئەو کەسانەی کە لیباسی شەر لە پۆلا و ئاسن دەپۆشن، بەتۆ، ئەی ڕووناکی، ئەی فانووس، ئەی ڕێنوێن و ئەی قوتب نومای(*) تەواوی ئەو کەسانەی کە خەوی قورسی نێو پەڕی قوو، فەرامۆش دەکەن و ڕوو دەکاری سەخت و تاقەت شکێنی پاڵەوانی دەکەن و چەک و سیلاحی قورس و خوێناوی هەڵدەگرن.

٤١٦– ئەورووپایی یانی کۆن، زەردەشتیان بە باوکی سیحر و جادوو دەزانی و ئەم هەڵەیە لەوێڕا پەیدا بووە کە لایان وابووە «موغ»ەکان یانی پیاوە ئاینی یەکانی دینی زەردەشت، سیحرکار و جادووگەرن.

٤١٧– Dite لە قەبی Pluton خواوەندی نهۆمەکانی دۆزەخە. (مۆریس باردۆن)

بەتۆ، ئەی پاڵەوانی دلاوەر، کە کەس نەیتوانیوە بەباشی و بەتەواوی وەسفی تۆ بکا. بەتۆ ئەی دۆن کیشۆت کە هەم زانای هەم توانا، بەتۆ ئەی شەوکەت و شانازیی مانش، ئەی ئەستێرەی ئاسمانی ئیسپانیا، بەئاشکرا پێت دەڵێم ئەگەر دەخوازی دۆلسینەی بێ هاوتا لەو تەلیسمە ڕزگار بێ و بێتەوە سەر شکڵ و بێچمی جاران، دەبێ سانکۆی مەیتەری تۆ هەر دوو سمتە قەڵەوەکەی ڕووت بکا و سێ هەزار و سێسەد زەبری تازیانەی لێ بدەن تا ئەو جێگەی کە سمتی وەژان دەکەوێ و شوێنی تازیانەی لەسەر دیاری بکا. تەنیا بەمجۆرە خاتوونی چارەڕەش لەو تەلیسم و چەرمەسەرییە ڕزگاری دێ. وە من ئەی بەڕێزان تەنیا بۆ ڕاگەیاندنی ئەو مەبەستە هاتوومەتە ئێرە.»

سانکۆ هاواری لێ بڵند بوو کە: »عەجەب! سێ هەزار زەبری تازیانە، ئەم کابرایە یا قەت تازیانەی وێ نەکەوتووە یا حیساب نازانێ. من بەرگەی سێ زەبریش ناگرم. عەمرت نەمێنێ بۆ تەلیسم شکاندنیشت! ئاخر قوونی من چ پێوەندییەکی بەسیحرەوە هەیە؟ سوبحانەڵڵا! خودا شاهیدە ئەگەر جەنابی مێرلین ڕێگەیەکی تر بۆ بەتاڵ کردنی ئەو تەلیسمە نەدۆزیتەوە، خاتوون دۆلسینە ناچار دەبێ بەو تەلیسمەوە بچێتە بن گڵ.» دۆن کیشۆت بەسەر سانکۆدا گوڕاندی کە: «ئەی بۆرە پیاوی دێهاتیی نەفام! ئەی سیر و پیواز خۆری خەرار(*) و بێ تەربیەت. من بەزۆر دەتگرم و دەرپێت لە پێ دادەکەنم و ڕووتوقووت لە دارت دەبەستم و نە تەنیا سێ هەزار و سێسەد بەڵکو شەش هەزار و شەش سەت زەبری تازیانەت وەها بەقەو لە قوونێ دەدەم کە ئەگەر سێ هەزار و سێسەد، جار خۆت بادەی و پێچ بدەی نەتوانی لە دارەکە جیا بیتەوە. ئەوەشت پێ بڵێم، حەقت نییە یەک قسەم دەگەڵ بکەی دەنا دەتمرێنم.» کاتێک مێرلین ئەو قسانەی بیست، گوتی: «نا، نا، پاڵەوان نابێ وابکەی. دەبێ ئەو زەبرانەی لە سمتی سانکۆی خۆشەویست دەدرێ بەرەزامەندیی خۆی بێ، بەبێ هیچ جۆر زۆر و ملهوڕی. تەنانەت ئەو کارە دەبێ زەمانێک بکرێ کە سانکۆ خۆی دیاریی دەکا و کەس نابێ دەخالەتی تێدا بکا. ئەوجار سانکۆ دەتوانێ نیوەی ئەو جەریمەیە بەپووڵ بکڕێتەوە و نیوەکەی تریشی بەدەستی کەسێکی بێگانە، تەنانەت ئەگەر دەستیشی قورس بێ، لێ بدرێ. سانکۆ گوتی: «هیچ دەستێک لە خزم و ئاشنارا بگرە تا دەگاتە بێگانە، نابێ دەستیان وە من بکەوێ. مەگەر ئەمن زاوم و دۆلسینە خاتوونم دەرفرتاندووە کە ئێستا دەبێ تاوانی چاوەجوانەکانی من بیدەمەوە؟ ئەمکارە ئەرکی ئەربابی من جەنابی دۆن کیشۆتە کە خۆی بەپارەی جەرگی ئەو دەزانێ، چون لە هەر هەنگاوێکدا کە دەینێ دەڵێ دۆلسینە ڕۆح و گیان و پشت و پەنای منە. ئەربابی من دەتوانێ و دەبێ بەعیشقی ئەو





تازیانەی وێ بکەوێ و هەر کارێکی بۆ شکاندنی تەلیسمی ئەو لازم بێ ئەنجامی بدا. تازیانە لە من بدەن؟ لە من؟ العیاذ بالله من الشیطان الرجیم!»

هێشتا سانکۆ قسەکانی تەواو نەکردبوو کە پەریزادەی زێوینەپۆش کە لە تەنیشت ڕۆحی مێرلین دانیشتبوو هەستا سەرپێ و ڕووبەندی ناسکی لەسەر ڕوخساری خۆی لادا و دەم و چاوێکی ئەوەندە جوان و نازەنین وەدەرکەوت کە هیچ کەس بەعومری خۆی شتی ئاوای چاو پێ نەکەوتبوو؛ پاشان بەدەنگێکی نێرانە و ئەدا و ئەتواری پیاوانە کە کەمتر وە دەنگ و بزووتنەوەی ژنان دەچوو، سانکۆی بەرەدنگ(*) کرد و گوتی: «ئەی مەیتەری ئاخرشەڕ، ئەی تۆ کە دڵی مریشک و ڕۆحی مەفرەقت دە سنگی دایە، تۆ کە ڕیخۆڵە و گەدەت لە خیز و بەردە، ئەگە بەتۆیان ئەمر کردبا کە لەسەر بورجێکی بڵندەوە خۆ باوێیە خوارەوە، ئەگە لە تۆ ئەی دوژمنی نەوعی بەشەر، ویستبایان کە دوازدە بۆق و چوار سووسمار و سی و شەش مار بخۆی، ئەگەر لە تۆیان ویستبا کە ژن و منداڵی خۆت بەدەستی خۆت و تیغەی شمشیری خوێن خۆر بنێریتە دنیای نەبوون، جێگەی سەرسوڕمان نەبوو کە نێوچاوانت تێک نابا و ڕووت گرژ کردبا و سەرپێچی لە فەرمان بکەی؛ بەڵام بەوێکەوتنی سێ هەزار و سێ سەد زەبری تازیانە گرینگی دان، کە هەر خوێندکارێک، چ ناجسن و سەرکێش، چ باش و عاملاو، لە مانگدا ئەوەندەی وێ دەکەوێ و دەنگ ناکا، لە لایەن تۆ ئێستا جێگەی سەرسوڕمانە، لە داهاتووشدا، لە سەردەم و سەدەکانی داهاتووشدا هەر کەس بیبیسێ لە شەرمان و لە واق وڕماوی دڵ و ڕیخۆڵەی دێتە دەرەوە. ها، ئەی حەیوانی فەلەک زەدەی(*) چارەڕەش و دڵڕەق، ئەو چاوە ناحەزانەت کە وەک چاوی ئێستر مات و تاریکن، دە چاوی جوان و بریقەداری من ببڕە تا ببینی کە چۆن » فرمێسکی خوێنینم دڵۆپ دڵۆپ و جۆگەلە بەجۆگەلە هەڵدەرژێ و جۆگە و جۆبار و شوێن و هێڵ دەخەنە سەر باغی ڕوخسارم. ئاخر ئەی جانەوەری مەکربازی دەروون ڕەش، بەزەییت بەمندا بێ، منێک کە هێشتا دوو دە ساڵیم لە تەمەن تێ نەپەڕاندووە. (بەڕاستی تەمەنم نۆزدەیە و هێشتا نەچووم دە بیستەوە) وە بەو جوانییەمەوە و بەو تەمەنە کەمەوە، دە قاڵب و قاپۆری ژنێکی دێهاتیی ناحەز و سڕەدەوە(*) دا دەسووتێم و دەتوێمەوە و دەپرووکێم و دەژاکێم. تۆ ئەگەر دەبینی کە من ئێستا لەسەر شکڵی ژنە دێهاتییەکی ناحەز نیم، بەهۆی لوتف و کەرەمی تایبەتی مێرلینی جوامێرەوەیە کە دەرحەق بەمن کردوویەتی، ئەویش تەنیا لەبەرئەوەیە کە بەڵکو جوانی و نازەنینی و ڕەزاسووکیی من دڵە بەردەکەی تۆ نەرم بکا. چون گوتوویانە فرمێسکێک کە لە چاوی دڵبەرێکی نازەنین هەڵدەرژێ ڕەوەزەبەردان دەکاتە پەمۆ و پلینگان دەکاتە مەڕ. تۆ

ئەی حەیوانی دڕندەی وەحشی، لەو گۆشتە قەڵەوانەی لەشی خۆت ڕاکێشە، غیرەت و پیاوەتییەک کە تەنیا بۆ ئاخنینی زگ و زارت دە کاری دێنی، ڕاپەڕێنە و نەرم و نۆڵی و ناسکیی لەش و پێستی جوانی من لەو چوارچێوە و پێستە ڕەق و ئەستوورە دێهاتییە نەجات بدە، شیرین ڕەفتاری و ناز و غەمزە و لەخت و لارەکەم بدەوە دەستی خۆم. تۆ ئەگەر ناتەوێ لەبەر دڵی من عەقڵت بێنیتەوە بەر خۆ و نەرم بی،لانی کەم بەخاتری ئەم پاڵەوانە بێ ئەنوا فەلەک زەدەیە کە لە تەنیشتت ڕاوەستاوە نەرم بە، بەخاتری ئەربابی خۆت کە من هەر ئێستا ڕۆحی ئەو دەبینم، نیشان بەو نیشانە کە هەر ئێستا گیانی ئەو هاتووەتە ناو گەرووی و گەیوەتە پێنج شەش قامکیی لێوەکانی و تەنیا چاوەڕوانی جوابێکی تاڵ یا شیرین لە لێوی تۆیە کە لە حاڵەتی یەکەمدا لە زاری دێتە دەر و لە حاڵەتی دووەمدا دەچێتەوە ناو لەشی.»

بەبیستنی ئەو قسانە، دۆن کیشۆت دەستی بردە ژێر گەرووی خۆی و تاقیی کردەوە و پاشان ڕووی دە دووک کرد و گوتی: «جەنابی دووک، بەخوا قەسەم کە دۆلسینە ڕاستی گوت. چون ئەوەتا وەک گوێزێک دەگەروومدا گیری کردووە. دۆشێس پرسی: «هان، سانکۆ، لەم وارەدا دەڵێی چی؟» سانکۆ گوتی: «قسەی من هەر ئەوەیە کە عەرزم کردن. لەمەڕ تازیانە خواردنیش گوتم ئەلعەیازوبیللا.» دووک گوتی: «سانکۆ دەبێ بڵێی ئەلعەیازوبیللا، ئەوەی تۆ دەیڵێی غەڵەتە.» سانکۆ گوتی: «جەنابی دووک، تکایە ئێوە دەست بەرداری من بن، من ئێستا لە حاڵ و هەوایەکدا نیم کە دڵ و دەروونی قسەی زەلام و میرزایانەم هەبێ. چون ئەو تازیانەی دەبێ وێم کەوێ یا خۆم لە خۆمی بدەم، هۆش و حەواسی پێ نەهێشتبووم و نازانم چ دەڵێم و چ دەکەم. بەڵام ئیزنم بدەن من لە جەنابی حەزرەتی سەرکار خاتوون دۆلسینە دۆتۆبۆزۆ بپرسم کە ئەم شێوە جوان داواکردنەی لە کێ فێر بووە. ئەو ئێستا لە منی ویستووە کە لەشی خۆم بەتازیانە بریندار و زامار بکەم و پاشان پێی گوتووم کە دڵی مریشکێکم دە سنگی دایەو جانەوەرێکی دڕندەی وەحشیم و یەک عالەمە جنێوی ئاوداری تری حەواڵە کردووم کە شەیتانیش تاقەتی بیستنی قسە و جنێوی ئەوتۆی نییە. مەگەر لای وایە گۆشتی بەدەنی من لە مەفرەقە؟ مەگەر لەوەی ئەو دە تەلیسمدا بێ یا نەبێ شتێک بەمن دەگا؟ ئاخر بۆ ئەوەی دڵم نەرم بکا، دەپێشدا سەوەتەی پڕ لە جلوبەرگ و مەخمەرەی بۆ ناردووم؟ خانم لە جیاتی دیاری و سەوقات، هەزار جنێوی پێ دام، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ئاگای لەو پەندە مەشهوورە هەیە کە لەم وڵاتەدا لە سەر زارانە؛ ئەویش ئەوەیە «کەریش بەباری تەلا تیژتر دەبڕێ سەربالا» و مەسەلەیەکی تریش





دەڵێ: «زێڕ لە سەر پۆلا دانێ، نەرم دەبێ بەئانێ» وە دیسان دەڵێن «نان ئەو نانە، ئەمڕۆ لە خوانە» و هەروەها «چۆلەکەی ناودەستان باشترە لە بازی تەشقی ئاسمان» لەوەش تێ پەڕین، ئەربابی من بەجێگەی ئەوەی دەستم بەسەری دابێنێ و بملاوێنێتەوە و دڵم نەرم بکا، هەڕەشەم لێ دەکا لە دارم ببەستێ و دوو هێندەی دەڵێن تازیانەم لێ بدا. باشە، مەگەر ئەو حەزرەتە دلۆڤان و میهرەبانە نازانێ لە حاکمێکی ویستووە تازیانە وێکەوتن قبووڵ بکا، نە لە مەیتەرێک؟ وە ئەوە هەمان شتە کە دەڵێن «بەدبەختی لە سەر بەدبەختی» ئاخر ئەو ئاغاگەل و خانم گەلە وا باشە برۆن دەپێشدا شێوەی خواهیشت کردن و داواکردن فێر بن و ڕەسمی نەزاکەت و ئەدەب بزانن. چون کات و ساتەکان هەردەم وەک یەک نین و مرۆڤ هەمیشە لە سەر حالاتێک نییە. دڵی من ئێستا لە غەمی کولۆجەی مەخمەری دڕاومدا خوێنە و ئەوجار بەڕێزان دێن و لە منیان دەوێ خۆم بەتازیانە لێدان هیلاک بکەم، لە حاڵێکدا دە ئارەزووی گەیشتن بەدەسەڵاتدا خەریکە گڕ دەگرم.» دووک گوتی: «زۆر باشە سانکۆ، بەڵام با پێت بڵێم ئەگەر وەک هەرمێی گەیشتوو خوت نەرم نەکەی بەحکوومەتی دوڕگە ناگەی، بەڕاستی هێندە شێت نیم کە حاکمێکی دڵڕەق و بێ بەزە و زاڵم لە سەر دانیشتوانی دوڕگەی خۆم بکەمە گۆپاڵ. حاکمێک کە دەروونی لەبەرد سەختتر بێ لە بەرامبەر فرمێسکی جەرگ ڕووشێنی ماتەم زەدەدا و پاڕانەوە و لالانەوەی جادووگەرێکی دڵسۆز و میهرەبان و لە هەمبەر دەسەڵات و کارتێکردنی واتایی فیلسووفانی پیر و بەساڵاچوودا، بەزەی نەبزوێ و ڕۆحمێک بەحاڵی ئەوانە نەکا، چۆن بۆ حاکم دەبێ؟ بەهەرحاڵ سانکۆ تۆ دەبێ یا بەدەستی خۆت تازیانە لە خۆت بدەی یا یەکێکیتر لێت بدا، دەنا دەستت بەدوڕگە ڕاناگا.» سانکۆ گوتی: «جەنابی دووک دەکرێ دوو ڕۆژانم مۆڵەت بدەن تا بزانم دەبێ قوڕی کوێ بەسەر خۆمدا کەم؟ مێرڵێنی جادووگەر گوتی: «خێر، خێر، بەهیچ جۆر ئەم مۆڵەتەت پێ نادرێ، چون ئەم شتە دەبێ هەر ئێستا و لێرە و زۆر زوو جێبەجێ بکرێ؛ یا دۆلسینە دەبێ بگەڕێتەوە غاری مۆنتەزینووس و بێتەوە سەر شکڵی هەمان ژنە خەپلە نالەبارە دێهاتییەکە. یا هەر بەم حاڵەتە کە هەیە ببرێتە باغی بەهەشت تا چاوەڕوانی تەواوبوونی کاری تازیانە لێدان بێ.» دۆشێس گوتی: «ئاه، ئەی سانکۆی میهرەبان، غیرەت و ئازایەتیت هەبێ و حەقی نان و نمەکێک لە لە سەر سفرەی دۆن کیشۆت خواردووتە بدەوە و بزانە کە ئێمە هەموومان دەبێ خزمەتی ئەربابی تۆ بکەین و ئەوەمان بەخاتری سیفەتی باش و پەسند و هونەرنوێنییە بەرزەکانی کە لە خۆی نیشان داوە، خۆش بوێ. هان، ئەی کوڕی من، ڕازی بە و ئەو ئەشکەنجەیە قبووڵ بکە، لێ گەڕێ

کە لەعنەتی شەیتان لە سەر شەیتان بمێنێتەوە و ترس و خوێڕیگەری بەنسیب پیاوی ترسەنۆک بێ. چون هەروەک خۆت دەزانی، بەدبەختی لە بەرامبەر دڵێکی دڵۆڤان و بەبەزەدا دەکەوێتە سەرچۆک.»

سانکۆ لە جیاتی ئەوەی جوابی ئەو قسانە بداتەوە دەستی لێ تێکەڵ بوو، ڕووی دە مێرلێن کرد و گوتی: «ئەی جەنابی مێرلێن، کاتێک شەیتانی پەیام هێنەر گەیشتە لامان، بۆ ئەربابی من پەیامێکی لە لای مۆنتەزینووس هێنا کە گوتبووی پاڵەوان دۆن کیشۆت هەر لێرە چاوەڕوانی من بێ تا بێم و ڕێگەی بەتاڵ کردنەوەی ئەم تەلیسمەی پێ فێر بکەم. بەڵام تا ئێستا نە هەواڵێک لە مۆنتەزینووس هەیە و نە کەسێک لە سەر شکڵی ئەو هاتووە.» مێرلێن گوتی: «هاوڕێ سانکۆ، شەیتان ئەحمەق و نەفامی وەک خۆی کەمە و گەڕیدەیەکی بەرەڵلایە و زۆر پەست و نانەجیبە. ئەو من ناردمە لای پاڵەوان و پەیامەکەش لە لای منەوە بوو. چون مۆنتەزینووس هەر ئێستا لە غارەکەی خۆیدا یە و چاوەڕوانی ئەو تەلیسمەیە کە کلکی ئەویشی تێدا بەتەڵەوە بووە، ئەگەر تۆ شتێکت لەو دەوێ یا کارێکت بەو هەیە من حازرم ئەو بێنمە لای تۆ و لە هەر شوێنێک دەتەوێ بیدەمە دەست تۆ. بەڵام ئێستا ئەم ئەشکەنجەیە قبووڵ بکە و باوەڕم پێ بکە کە ئەم کارە بۆ لەش و گیانی تۆ، بۆ هەر دووکیان زۆر بەقازانجە. فایدەی بۆ ڕۆحی تۆ ئەوەیە کە هەستی ڕەحم و خۆشەویستیی مەسیحایی تۆی بۆ قبووڵ کردنی ئەم جەزرەبەهان داوە، و بۆ جەستەشت ئەو قازانجەی هەیە، تۆ چون میزاجت گەرمە ئەگەر هێندێک خوێن لە لەشت بڕواتە دەر زەرەر ناکەی.»

سانکۆ گوتی: «بەهبەه! تەبیب و حەکیمی چۆن لەو دنیایەدا پەیدا بوون و کار گەیوەتە کوێ کە جادووگەرەکانیش دەست دە کاری تەبابەت وەردەدەن! زۆر باشە، ئێستا کە بەهەمووتان پێتان چەقاندووە و داوا لە من دەکەن، گەرچی خۆم دەلیلێک بۆ ئەم کارە نابینم، بەڵام ڕازی بووم بەوەی سێ هەزار و سێسەد زەبری تازیانە لە خۆم بدەم، و بەو شەرتە خۆم لە خۆمی بدەم و هەرکات و هەر چۆنێکی ویستم ئەو کارە بکەم و کەس نابێ ڕۆژ و سەعاتم بۆ دابنێ. منیش قەول دەدەم هەرچی زووتر ئەو قەرزە بدەم تا هەموو عالەم لە جوانی و جەماڵی خاتوون دۆنا دۆلسینە دۆتۆبۆزۆ حەز وەربگرێ، چون بەپێچەوانەی ئەوەی من پێم وابوو دەردەکەوێ کە خاتوون دۆلسینە بەڕاستی جوان و نازدارە. مەرجی ترم ئەوەیە مەجبوورم نەکەن، بەزەبری تازیانە خوێن لە بەدەنی خۆم دەربێنم و ئەگەر جاروبار زەبری واش لە خۆم بدەم کە تەنیا بۆ فڕاندنی مێش باش بێ، ئەویشم بۆ بەحیساب بگرن. ئەوجار ئەگەر من دە ژماردنی زەبرەکاندا، بەهەڵە چووم. جەنابی مێرلێن





دەهەموو کارەکاندا زانا و شارەزایە. زەحمەتی ئەژماردنە وەعۆدە بگرن و کەم و زۆر بوونەکەی بەمن بڵێن.» مێرلێن گوتی: «سەرنجدان بەئەژماردنی زەبرەکان، بەتایبەتی لە ترسی ئەوەی زیادە لە ئەندازەی دیاریکراو بێ، پێویست نییە. چون تۆ کاتێک ئەوەندە زەبرەی کە قەرار دراوە، لە خۆت دا، تەلیسمی خاتوون دۆلسینە دەستبەجێ دەشکێ و ئەو خاتوونە وەک ژنێکی ئەمەگناس خۆ دەگەیەنێتە لای تۆ تا سپاست بکا و پاداشت بداتەوە. کەوابوو هیچ دە فکری زۆر و کەمیی ژمارەی تازیانەدا مەبە، وە خوداش من لەو تاوانە بگێڕێتەوە کە بمەوێ کەسێک تەنانەت بۆ تاقە تاڵێکی مووی بێ قابیلەت فریو بدەم.» سانکۆ گوتی: «کەوابێ بەهیوای خودا با دەست پێ بکەین؛ من ئەو ئەشکەنجەیە قبووڵ دەکەم، یانی بەو مەرجانەی کە بەعەرزم گەیاندی، ئەم چڵەکێشییە دەکەم.»

هێشتا سانکۆ قسەکانی تەواو نەکردبوو کە دیسان دەنگی ساز و مۆسیقا بەرز بووەوە و لە هەر لاوە تفەنگ ئاور دران. دۆن کیشۆت دەستی دە ملی مەیتەری خۆشەویست کرد و هەزار جار نێوچاوان و پشت ئەستۆی ماچ کرد. دووک و دۆشێس و حازران لە مەجلیس گوتیان کە لەو پایانە خۆشەی ڕووداوەکان شادی و خۆشییەکی بێ سنوور و ئەندازە هەست پێ دەکەن. سەرەنجام عارەبەکەوتە سەر ڕێی خۆی و دۆلسینە لە ئاستی دووک و دۆشێس کڕنۆشی کرد و سەری کڕنۆشی لە هەموان زۆرتر بۆ سانکۆ دانەواند.

لەو کاتەدا کازیوەی گوڵڕەنگ و خەندان خەریکی ئەنگووتن بوو. گوڵی سەحرا هەموو سەریان هەڵێنا. جۆگەلە ئاوەکان بەزایەڵەی زەمزەمە بەنێو وردە بەردی سپی و خاوێندا بەزولاڵیی چاوی قرژاڵ ڕەوان بوون تا بەشی خۆیان دە ڕووبار هەڵڕێژن. زەوی شادی و خۆشحاڵیی لێ هەڵدەقوڵی و ئاسمانی ڕووناک و هەوای ئارام و ڕووناکی ساف و بێ غوبار و غەش هەمووی شایەدییان دەدا کە ڕۆژێکی گەش و شاد دەپێشدایە. دووک و دۆشێس کە لە ڕاو ڕازی و لەوەی کە پلانەکەیان بەجوانترین شێوە بەڕێوەچووە زۆر کەیفخۆش بوون و گەڕانەوە کاخ و بڕیاریان دا بەو شۆخی و گاڵتەجارییانە کە زۆرتر لە هەر کایە و گاڵتەیەکی تر خۆشحاڵی کردبوون، درێژە بدەن.

## ٣٦

## لەمەڕ ڕووداوی عەجاییی دۆلۆریدی نەدیمە
## یا بەواتایاکی تر کۆنتێسی ترێفالْدی، وە لەمەڕ
## نامەیەک کە سانکۆپانزا بۆ خێزانی خۆی ترێزا پانزای نووسی

دووک پێشکارێکی بوو زۆر زیت و زیرەک. هەر ئەو بوو کە دەوری مێرلێنی جادووگەری کایە کرد و بەزمی ئەو ڕووداوە سەیر و سەمەرانەی کە لە بەشی ڕابردوودا یادمان لێ کردن پێک هێنا و شێعری بۆ ئەو بەزمە دانا و یەکێک لە خزمەتکارەکانی وادار کرد کە دەوری دۆلسینە بگێڕێ. ئەو بەئەمری ئەربابەکانی خۆی دەسبەجێ دەست بەکاری گێڕانی بەزمێکی تر بوو کە شیرینتر و سەیرتر لەوە بەفکری هیچ مرۆڤێکدا تێ نەپەڕیبوو.

بەیانی ئەو ڕۆژە دۆشێس لە سانکۆی پرسی کە ئایا دەورەی ئەشکەنجە و چلەکێشییەکی کە بۆ شکاندنی تەلیسمی خاتوون دۆلسینە وە عۆدەی گرتووە دەستی پێ کردووە یا نە. سانکۆ گوتی: «لە ڕاستیدا دەستم پێ کردووە، چون هەر ئەمشەو پێنج زەبرم لە خۆم داوە.» دۆشێس پرسی: «ئەو زەبرانەت بەچی لە خۆت دا؟» سانکۆ گوتی: «بەدەست.» دۆشێس گوتی: «عەجەب! کەوابوو تۆ شەپلاغەت لە خۆت داوە نە تازیانە، من پێم وایە مێرلێنی حەکیم لەم پەیمان شکێنی و سەرکێشییەی تۆ توورە ببێ. دەبێ سانکۆی خۆشەویست تازیانەیەکی لە دەستان خۆش لە چەرمێکی باش بۆ خۆی دروست بکا و بەهەر نووکی ڕیشووی چەرمێکەوەش وردە گزمووڵەی(*) ئاسنی پێوە ببەستێ تا لەشی بخاتە ئێش. چون وەک گوتوویانە زانست دەگەڵ خوێن دەچێتە ناوەوە و ڕزگاریی خاتوونێکی بەشان و شکۆی وەک دۆلسینە بەخۆڕایی مەیسەر نابێ.» سانکۆ گوتی: «زۆر باشە، کەوابوو لە بەڕێزتان تکا دەکەم تازیانەیەکی باش بەچەند قایشی چەرمینەوە بۆ من ئامادە بفەرموون. ئەڵبەتە من بەو تازیانە لە خۆم دەدەم، بەو مەرجەی زۆرم ئێش پێ نەگەیەنێ، ئاخر وا مەزانە چون من پیاوێکی دێهاتیم پێستم وەک چەرمی کەڵی ئەستوورە. بەپێچەوانەوە من گۆشتم دەڵێی هوڕەی لۆکەیە(*) و خودا بەردار نییە بەخاتری یەکێ تر ئەو لەشە ناسکەی خۆم شەقار شەقار بکەم.» دۆشێس گوتی: «بەچاوان، هەر سبەی دەڵێم تازیانەیەکی باش و مناسب کە بەدەردی تۆ بخوا و دەگەڵ گۆشت و پێستی ناسکی تۆ وەک خوشکی دڵسۆز وابێ، بۆ تۆ بێنن.» سانکۆ گوتی: «جارێ، حەزرەتی بەڕێزتان کە خاتوونی دڵ و گیانی منی، ئاگەدار





دەکەمەوە کە من نامەیەکی تێر و تەسەلم بۆ خێزانم نووسیوە تا لەو ڕووداوانەی کە لەو دەمەوە لێی جوێ بوومەتەوە بەسەرم هاتوون ئاگەداری بکەمەوە. ئەو نامە ئێستا دەباغەڵم دایە و هەر ماوە شوێن و نیشانەکەی لە سەر بنووسم. من پێم خۆشە بەڕێزتان زەحمەت بکێشن و جارێک بیخوێننەوە، چون من وای تێ دەگەم کە ئینشای نامەکەم لە شێوە و سەبکی تایبەتی دەسەڵاتداران و حاکمان دەرچووە.» دۆشێس پرسی: «ئینشای نامەکە هی کێیە؟» سانکۆ گوتی: «بێجگە لە ماڵوێرانێکی وەک خۆم دەتوانێ هی کێ بێ؟» دۆشێس گوتی: «نامەکەت بەخەتی خۆت نووسیوە؟» سانکۆ گوتی: «خێر، من نەمنووسیوە، چون سەوادی نووسین و خوێندنم نییە، تەنیا دەتوانم ئیمزا بکەم.» دۆشێس گوتی: «زۆر باشە، نامەکەت بدە با بیبینم و دەزانم تۆ بارستای فام و تێگەیشتوویی خۆت دە ئینشاکەیدا نیشان داوە.»

سانکۆ لە باغەڵی خۆی نامەیەکی سەر ئاوەڵای دەرکێشا و دۆشێس دەستی کرد بەخوێندنەوەی کە ئەوەش دەقەکەی بوو؛

نامەی سانکۆپانزا بۆ ترێزای خێزانی

«ئەگەر ئەو جۆرەی دەبووایە تازیانەیان لە جەستەم دابایە، ڕاست و پتەو لە سەر سوارەبەر دادەنیشتم و ئەگەر ئێستا دەستم گەیوەتە دەسەڵاتێکی باش پاداشی تازیانەی پڕ ئێش و ئازارە کە وێم کەوتووە. ئەڵبەتە ترێزی خۆشەویستم، تۆ ئێستا هیچ شتێک لەم قسانەی من تێ ناگەی، بەڵام جارێکی تر دە مەعناکەیان دەگەی. کەوابوو ئەی ترێز، بزانە کە من بڕیارێکی بێ ئەم لاو ئەولام داوە، ئەویش ئەوەیە کە تۆ بەکالیسکە هاتوچۆ بکەی. مەتڵەبی گرینگ ئەمڕۆ هەر ئەوەیە کە گوتم دەنا هاتوچۆ بەهەر شکڵێک، بێجگە لە سوار بوونی کالیسکە وەک ئەوە وایە چوار دەستوپێ بەڕێگادابڕۆی. تۆ ئەمڕۆ خێزانی حاکمێکی و بزانە ئایا کەسێک هەیە بگاتە گوێزینگی پات؟ هاوڕێ دەگەڵ ئەو نامەیە دەستێک جلوبەرگی ڕاو لە مەخمەری سەوز کە حەزرەتی خاتوونی بەڕێز دۆشێس پێی مەرحەمەت فەرمووم، بۆ تۆم نارد. حەول بدە نیوتەنە و داوێنێکی جوانی بۆ کچەکەمان لێ دەربێنی. ئەربابم دۆن کیشۆت، وەک من لێرە لەم وڵاتە بیستوومە دێوانەیەکی فەرزانەیە و نەفامێکە شیرین و مەجلیس خۆش: وەک دەڵێن منیش دەستی کەمێکم لە ئەرباب نییە. ئێمە پێکەوە چووینە ناو غاری

مۆنتەزینووس و ئێستا مێرلێنی حەکیم لە منی دەوێ سێ هەزار و سێسەدی پێنج کەم زەبری تازیانە لە خۆم بدەم تا تەلیسمی دۆلسینە دۆتۆبۆزۆ کە لە گوندی ئێمە بە«ئاڵدۆنزۆ لۆرێنزا» دەناسرێ، بشکێ. لەم بارەوە هیچ شتێک بەهیچ کەس مەڵێ. چون وەک پەندی مەشهوور دەڵێ:لێمان بەبەنییەوە دەکەن و سەد ئەوەندەی پێوە دەنێن. من تا چەند ڕۆژی تر دەچمە شوێنی دەسەڵاتداریی خۆم و زۆر ئارەزوومەندم کە لەوێ کیسەی خۆم لە نەغدینە پڕ بکەم، چون وەک بەمنیان گوتووە هەر حاکمێکی دەچێتە شوێنی دەسەڵات، تەنیا بۆ ئەو مەبەستە دەچێ و هیچی تر. لەمەڕ بارودۆخی دەسەڵات و شوێنی کاری خۆم، لێکۆڵینەوەی پێویست دەکەم و هەواڵت بۆ دەنێرمەوە کە بێیتە لای من یا نەیەی. حاڵی کەرەبۆزەکەم زۆر باشە ئارەزوومەندە تۆ دوعای بەخێری بۆ بکەی. من حاکم کە هیچ، ئەگەر ببمە سوڵتانی ئەستەمبوولیش، خەیاڵم نییە لەو کەرە نازەنینەم جوێ ببمەوە. خاتوون دۆشێس هەزار جار دەستی تۆ ماچ دەکا و تۆش دوو هەزار جار دەستی ئەو ڕامووسە، چون وەک ئەربابی من دەڵێ، هیچ شتێک بەئەندازەی موعامەلەی ئەدەب و نەزاکەت قازانجی لێ هەڵناوەرێ. خودا نەیویست کە جارێکی تر جانتایەکی وەک ئەوەی سەد ئەشرەفیی تێدا بوو وەگیر من بکەوێتەوە، بەڵام ترێزی خۆشەویست، لەم بارەوە ناڕەحەت مەبە، چون ئەگەر خودا بێ، دەزانێ چۆن خودایی بکا، وە بزانە کە لە شوێنی دەسەڵاتی تازە بارودۆخ بەمرادی ئێمە دەبێ. تەنیا غەمێکی کە هەمە ئەوەیە کە لێرە و لەوێ گوێم لێ دەبێ، خەڵک باسی شادی و خۆشی لە ڕادەبەدەری من دەکەن و دەڵێن کە تامی ئەو حکوومەتە ئەوەندە بەلای فلان کەسەوە شیرنە کە لە وانەیە قامکەکانی پێوە بخوا و ئەگەر وابێ هێندە بۆ من هەرزان تەواو نابێ و دە حوکمی سواڵکەرانێکی بێ دەست و لاقدا دەبم کە بۆ سەدەقە کۆ کردنەوە کاهین نشینێکیان(*) داگیر کردبێ. بەڵام هەر چۆنێک بێ تۆ دەوڵەمەند دەبی و ئاخرت وە خێر دەگەڕێ. هیوادارم خوداوەند ئەو جۆرە کە تەنیا خۆی دەتوانێ تۆ ئاقیبەت بەخێر و منیش بۆ خزمەت کردن بەتۆ ڕاوەستاو بکا. نووسرا لەم کۆشکەدا بەرێکەوتی بیستەمی ژوولای ساڵی ١٦١٤ مێردی تۆ، حاکمی دوڕگە، سانکۆپانزا.







کاتێک دۆشێس نامەکەی تەواو خوێندەوە، بەسانکۆی گوت: »حاکمێکی باش و میهرەبانی وەک تۆ سانکۆ، لە دوو شوێنی ئەم نامەیەدا لە ڕێگەی ڕاست لای داوە. یەکەم ئەوەی گوتوویەتی کە ئەم دووڕگەیان لە جیاتی ئەو شیلاق لێدانەوە پێ داوە، لە حاڵێکدا باش دەزانێ کاتێک شووی من دووک ئەم دوڕگەیەی پێ داوە هەواڵێک لە تازیانە لێدان لە ئارادا نەبوو و خۆشی ئەمە باش دەزانێ و ناتوانێ حاشای لێ بکا. دووەم ئەوەی کە خۆی تا ڕادەیەک بەتەماع وماڵپەرست نیشان داوە و من پێم خۆش نەبوو لەم وارەدا خۆی ئاوا نیشان بدا، چون وەک گوتوویانە: «تەماع هەمبانە دەدڕێ و حاکمی بەتەماع بەجێگەی ئەوەی عەدڵ و دادپەروەری پەرە پێ بدا، بازرگانیی پێوە دەکا.» سانکۆ گوتی: «ئەی خاتوون، مەبەستی من بەهیچ کلۆجێک ئەوە نەبوو. ئەگەر بەڕای بەڕێزتان نامەکەم خراپ نووسیوە، دەیدڕێنم و یەکی تر دەنووسم، ئەوەش با بڵێم ئەگەر نووسینی نامەیەکی تر بدەیتە دەست عەقڵ و شعووری من لەوانەیە لە یەکەمیش خراپتر بێ.» دۆشێس گوتی: «نا، نا، هەر ئەوە باشە و من دەمەوێ بەدووکی نیشان بدەم.» پاش ئەو قسانە هەموویان هەستان و بەرەو باغێک کە قەرار بوو نەهار لە وێ بخۆن، وەڕێ کەوتن.

دۆشێس نامەی سانکۆی بەدووک نیشان دا و ئەو خوێندیەوە و زۆر پێکەنی. نەهار خورا و کاتێک سفرە خڕ کراوە، چەند ساتێک بەقسەی خۆش تێپەڕ بوو، لە نەکاو دەنگی تیژ و گوێ ڕووشێنی بلوێرێک دەگەڵ ڕمبەو نرکەی تەپڵێکی نامیزان بەگوێ گەیشت. وا دەهاتە بەرچاو کە هەموو حازران بەو ئاهەنگەی شەڕ و دەنگە نامیزان و ناخۆشە تووشی شڵەژاوی بوون. بەتایبەتی دۆن کیشۆت وەها شێوا بوو کە نەیدەتوانی لە سەر کورسییەکەی خۆی ئۆقرە بگرێ. وە بەڵام لەمەڕ سانکۆوە پێویست بەگوتن ناکا کە دیسان لە ترسان پەنای بردە بەر تەشک و داوێنی دۆشێس کە پەناگەیەکی هەمیشەییی خۆی بوو. چون ئەو ئاهەنگەی بەگوێ دەگەیشت بەڕاستی ترسناک و پەژارەپژێن بوو. لەو واق وڕماوییە کە بەسەر هەمووواندا زاڵ بووبوو و لەو بێدەنگییە قورسەدا کە کەوتبووە سەر هەموو لایەک لە نەکاو چاویان بەدوو کەس کەوت کە جلوبەرگی ڕەشی عەزایان دەبەردابوو و لیباسەکەشیان ئەوەندە درێژ بوو کە لەبەری پێیان دەخشا. هەر دووکیان هاتنە ناو باغ و بەرەو جەماعەت هاتنە پێش. هەر کام لەم دووانە تەپڵێکی گەورەیان دەکوتا کە ئەویشیان دە پارچەی ڕەشەوە پێچابوو. شان بەشانی ئەوان بلوێرژەنەکەش کە جلوبەرگی ڕەشی لەبەر کردبوو، بەقیافەیەکی نەحس و نگریسەوە دەهاتە بەرەوە. بەدوای ئەم سێ کەسەوە کە دەیانکوتا و لێیان دەدا کابرایەکی لۆزەندەری زەلام دەهات، کە عەبایەکی ڕەشی گوشادی

بەسەر شانی خۆیدا دابوو و ئاتەگی ئەوەندە درێژ بوو کە بەدوایدا عەرزی دەماڵی. لە سەر ئەم عەبایەوە کەمەربەندێکی پانی بەستبوو کە شمشیرێکی دەمەپانی زەلامی پێوە هەڵواسرابوو کە مشتووی و کالانەکەی ئەویش هەر ڕەش بوو. دەم و چاوی ئەو پیاوە دە ژێر نیقابی ڕەشدا شاردرابووەوە. نیقابەکە لە پارچەی تەنکی تۆڕی بوو کە دە ژێریدا ڕیشی درێژ و سپیتر لە بەفری کابرا دیاری دەدا. ئەو کابرایە بەویقار و هەیبەتەوە بەئاهەنگی تەپڵەکان هەنگاوی دەنا. بەکورتی، قەدی بڵند و جەستەی زەلام و بەرگی ڕەش و ڕەفتاری سەیر و حاڵەتی هاوڕێیەکانی بووبووە هۆی سەرسوڕمانی ئەو عالەمە کە دەیاندیت و نەیاندەزانی چ کەسە. کابرا هەر بەو هەیبەت و هەیکەل و شێوە ڕەفتارە، بێ ئەوەی دەنگێکی لێوە بێ، بۆ لای دووک ڕۆیشت و لە بەرامبەریدا کەوتە سەر ئەژنۆ. بەڵام دووک بەهیچ جۆر ئیزنی پێ نەدا لەو حاڵەتەدا قسەیەک بکا و دەبووایە هەستێتەوە سەر پێ و ئەودەم قسەی خۆی دەرببڕێ. ئەو لۆزەندەرە ترسناکە ناچار ملی دا و نیقابی سەر ڕوخساری خۆی لادا. ئەو دەم لە پشت ئەو نیقابەوە ڕیشێک کەوتە بەر چاو کە تا ئەو ڕۆژە هیچ کەس شتی ئاوا ترسناک و درێژ و سپیی نەبینیبوو. کابرا لە قووڵاییی سینەیەوە بەدەنگێکی بوڵژن ئاسای ترسێنەر لە حاڵێکدا چاوی لە دووک زەق کردبوو گوتی:

«ئەی سەروەری پایەبەرز و توانا، بەمن دەڵێن «تریفاڵدین» Trifaldinی ڕدێن سپی و مەیتەری حەزرەتی خاتوونی بەڕێز «تریفالدی» Trifaldi یا بەواتەیەکی تر نەدیمە دۆڵۆریدم، Doloride و ئەو خاتوونە منی بەراسپاردە ناردووەتە خزمەت ئێوە تا ئیزن بفەرمووی بێتە حزوور بۆ ئەوەی باسی بەدبەختی و چارەڕەشیی خۆی، کە وێنەی لە دنیادا کەس نەیبیستووە و نەیدیتووە، بۆ بەڕێزتان باس بکا، بەڵام پێش هەموو شتێک خاتوونی بەڕێزی من دەیەوێ بزانێ ئایا پاڵەوانی گەورە و بەڕێز و دە شکان نەهاتوو، دۆن کیشۆتی مانش لە کاخی ئێوەدا تەشریفیان هەیە یا خێر، چون خاتوونی من لە هەرێمی «کاندایا» Candaya تا ملکی حەزرەتی بەڕێزتان بەپای پەتی و زبانی بەرۆژوو بۆ دۆزینەوەی پاڵەوان ڕێگەی پێواوە و ئەمەش کارێکە دەبێ وەک سیحر و جادوو یا موعجیزە مەزەندە بکرێ. ئەو ئێستا لەبەر ئەم قەڵایە یا ئەم ڕابواردنگەیە لە چاوەڕوانیدا ڕاوەستاوە و تەنیا خوازیاری ئیزنی ئێوەیە کە بێتە حزوورتان. ڕاسپاردە چییان لە سەر نییە.» کابرای دێو پەیکەر ئەوەی گوت و بەکۆخە کۆخ دەستی بەریشی داهێنا و چاوەڕوانی وەڵامی دووک مایەوە.» دووک گوتی: «ئەی مەیتەری نەجیب، ئەی تریفاڵدینی ڕەیش چەرموو، زۆر لە مێژە ئێمە لە داستانی بێ مرادی و کڵۆڵی و ڕۆژەڕەشیی خاتوونی تۆ کۆنتیس تریفاڵدی کە سیحرکاران و





جادووگەران مەجبووریان کردووە ناوی «نەدیمە دۆلۆرۆید» لە خۆی بنێ، ئاگەدارین. ئەی مەیتەری وەفاداری بێوێنە، تۆ ئیزنت هەیە بەخاتوونی خۆت بڵێی تەشریف بێنێ و مزگێنیی پێ بدەی کە پاڵەوانی ئازا و قارەمان دۆن کیشۆت لەم قەسرەدایە و خاتوون دەتوانێ چاوەڕوانی هەموو کەرەم و ئاوڕوێدانێکی لە لایەن ئەو بەڕێزەوە هەبێت. هەروەها لە لایەن منەوە پێی بڵێ کە ئەگەر منیش کارێکم لە دەست بێ، ئامادەی هەر چەشنە خزمەتێکم و درێغی ناکەم. چون، من بەحوکمی خەسڵەتی پاڵەوانەتیی خۆم کە یارمەتیدانە بەژنان، بەتایبەتی نەدیمەی بێوەژن و پەریشان و ماتەمزەدەی وەک خاتوونی تۆ، بەئەرکی خۆمی دەزانم بگەمە هاواری.» تریفاڵدەێن بەبیستنی ئەم قسانە سەری خۆی تا ئاستی ئەژنۆی هێنایە خوار و ئەوجار ئیشارەی بەبلوێرژەن و تەپڵ کوتەکان کرد کە لێ بدەن و بەهەمان ئاهەنگ و شێوە کە هاتبووە ژوور، دەرکەت و ئامادەبووانی مەجلیسی بەواق وڕماوی هێشتەوە.

ئەوجار دووک ڕووی دە لای دۆن کیشۆت کرد و گوتی: «ئەی پاڵەوانی ناودار، ڕەشاییی شەیتانی و تینەت پیسی و نەزانی هەرگیز ناتوانێ نووری بوێری و ورەبەرزی و فەزیلەت داپۆشێ و تەم و مژی تێوە بهاڵێنێ. من ئەم نوکتەم بۆیە عەرز کردی کە هێشتا شەش ڕۆژ لە مانەوەی ئەو پایە بەرزە سروشت پاکە لەم قەسرەدا تێ نەپەڕیوە کە بێ ئەنوایان و لێقەوماوان لە گۆشە و کەناری عالەمەوە و لە وڵاتانی دوورە دەست و نەناسراوەوە، دێن بەو هیوایە کە چارەی بەدبەختی و مەینەتەکانیان لە شان و باهۆی بەتوانا و دوژمن بەزێنی بەڕێزتان داوا بکەن. نەک بەکالیسکە و ئەسپی خۆشبەز یا کەژاوە، بەڵکو بەپای پەتی و پیادە و بەزبانی بەرۆژوویانەوە هاتوونە خزمەتت، وە ئەوانە هەمووی لەبەر هونەرنوێنی و کارە بەرچاوەکانتانە کە ناو بانگی لە دنیادا تەنیوەتەوە.» دۆن کیشۆت گوتی: «ئەی جەنابی دووک، زۆر خۆش دەبوو ئەگەر ئەو کەشیشەی کە ئەو ڕۆژە لە سەر مێزی خواردن ئەو هەموو قسە ناحەزەی بەپاڵەوانانی سەرگەردان گوت و تاوانباری کردن و ئەوی نەدەبا بیڵێ گوتی، ئێستا لێرە حازر بووایە و تێ گەیشتبایە کە بوونی پاڵەوانانی سەرگەردان لە دنیادا پێویستە یا خێر. ئەو دەیتوانی لانی کەم ئەم ڕاستییە بەدوو دەستی خۆی هەست پێ بکا کە ئەوانەی غەم و پەژارەی بێ بڕانەوە و بەدبەختی و داماوییان لە ئەندازە تێ دەپەڕێ، لەو کاتەدا کە لەوپەڕی بەدبەختی دان و لەوکاتەدا کە چەقۆ دەگاتە سەر ئێسقانیان و هیچ دەراوی ڕوون شک نابەن، هەرگیز بۆ تەڵەبی چارەسەری کاری خۆیان ناچنە لای کەشیشانی عەبابەشانی خۆ بەزلزان یا مجێور و خادەمی کلیساکان یا نەجیبزادە بەفیس

و ئیفادەکان کە پایان لە سنووری مڵکی خۆیان واوەتر نەناوە و دنیایان نەدیتووە، یا نەچوونەتە لای شارنشینانی لەش پەروەر و خۆشگوزەران[*] کە ڕووداوەکانیان تەنیا بۆ کات ڕابواردن و حیکایەت کردن پێ خۆشە و هەرگیز حازر نین هونەرێک و پیاوەتییەک لە خۆیان نیشان بدەن. دەرمانی دەردەکان و چارەسەر کردنی چارەڕەشی و نامرادییەکان تەنیا بەدەست پاڵەوانانی سەرگەردان ئەنجام دەدرێ و بۆ ئەم مەبەستە هەر ئەوانەن کە بەکار دێن. کەوابوو من لەوەی کە پاڵەوانی سەرگەردانم شوکری خودای بەجێ دێنم و دە ئێجرای ئەم ئەرکە شەریف و مرۆڤانییەدا هەرچی بەسەرم بێ، بەپیرۆزی دەزانم و بەئامێزی ئاواڵە پێشوازیی لێ دەکەم. ئێستا بفەرموو با ئەو نەدیمە بێتە ژوور و هەرچی پێویستە لە ئێمە داوا بکا. چارەی دەردی ئەو بەهێزی باسک و ورەبەرزیی دڵی ئازادەی من کە بەڕێوەبەری ئەو باسکانەمە زوو جێبەجێ دەکرێ.»



٣٧

## درێژەی ڕووداوی بەناوبانگی نەدیمە دۆلۆرۆید

دووک و دۆشێس لەوەی کە دیتیان دۆن کیشۆت بەو باشییە جوابی ویستی ئەوانی داوەتەوە، زۆر شاد و کەیفخۆش بوون. لەو کاتەدا سانکۆ خۆی هاویشتە نێوانێ و گوتی: «هیچ پێم خۆش نەبوو کە ئەم نەدیمە خانمە لە نەکاو پەیدا بێ و کاری دەسەڵاتداریی من تەگەرە تێ بخا[*]، چون من لە یەکێک لە عەتتارانی شاری تۆڵدم بیستووە کە لە هەر جێیەک پای نەدیمەیەک بێتە نێوکاروباران، هەموو شتێک لەنگ دەبێ و پەکی دەکەوێ و هیچ شتێک بەخێر و خۆشی کۆتاییی پێ نایە. یا حەزرەتی مریەم! ئەو عەتتارە چەندی ڕق لەو نەدیمانە دەبووەوە! من لە قسەکانی ئەو، ئەم ئاکامە وەردەگرم کە کاتێک قەرار بێ هەموو نەدیمەکان بەهەر خوووخدە و ڕەوشتێک بن و لە هەر توێژ و چین و ڕیزێکدا بن،خەڵکیکی بێشەرم و حەیا و نارەحەت و بێ چاوەروو بن، بزانن کە ئەوجار نەدیمەی بێ دەرەتان و غەمناک[٤١٨] کە ئەم کۆنیتسە «سێ کلک» یا «سێ داوێنە»ی ئێمە لەوانە، دەبێ چ شتێک بێ؟[٤١٩] بەهەرحاڵ جیاوازی نییە، لە وڵاتی ئێمە کلک و داوێن، یا داوێن و کلک هەر دوو یەکن.

دۆن کیشۆت گوتی: «خەفە بە! هاوڕێ سانکۆ، ئەم خانمە نەدیمەیە چون لە ڕێی دوورەوە هاتووەتە لام، لەو نەدیمانە نییە کە ناویان لە دەفتەری عەتتاری شاری تۆڵددا نووسراوە و ڕاگیراوە. لەوەش تێ پەڕێ ئەم نەدیمەیە کۆنتێسە و کاتێک کۆنتێسەکان وەک نەدیمە خزمەت بکەن، خزمەتی شاژن و ئیمپراتریسەکان دەکەن، یانی ئەوانیش لە ماڵی خۆیاندا خاتوون و خانمی خزمەتکراون و نەدیمە و خزمەتکار خزمەتیان دەکەن.

دۆنا ڕۆدریگێز کە لە مەجلیسدا حازر بوو، دەسبەجێ وەقسە هات و لە سەر قسەکانی دۆن کیشۆت ڕۆیشت و گوتی: «لێرە زۆر نەدیمە خزمەتی خاتوون دۆشێس دەکەن کە ئەگەر ویستی خودای لە سەر بووایە و بەخت یاری کردبایە هەموویان کۆنتێس دەبوون، بەڵام چ

٤١٨– ئاماژە بە ناوی «دۆلۆرۆید»ە کە مانای غەمناک دەدا.

٤١٩– ئاماژە بە واژەی «تریفاڵدی» یە کە «تری» بە مانای سێ و «فاڵدی» بە مانای داوێنە و سانکۆ بەم جۆرەی مانا لێدەداتەوە. (نۆریس باردۆن)

دەکەی یاساکان ئەو جۆرە دەڕۆنە پێش کە ویستی پادشاکانە. کە وابوو هیچکەس نابێ غەیبەتی نەدیمەکان بکا، بەتایبەتی نەدیمە پیرەکان و نەدیمە کیژەکان، چون من هەر چەند لە هیچ کام لەم دوو دەستەیەدا نیم، بەڵام دەزانم نەدیمەیەکی کچ زۆری بەسەر نەدیمەیەکی بێوەژندا هەیە و ئەو جۆرەی کە دەڵێن هەر کەس خراپەی ئێمە بڵێ، ڕووڕەشیی پێ دەمێنێ و هیچی تر.» سانکۆ گوتی: «دەگەڵ ئەوەشدا نەدیمەکان بۆیە دەبن هێندێک بەخراپە باسیان بکەی و بەقەولی عەتتارەکەی شاری ئێمە، بێدەنگەیان(*) لێ بکەی باشترە، دەنا عەیب و عاریان گەلێک زۆرە.» دۆنا ڕۆدریگێز گوتی: «مەیتەرەکان هەمیشە دوژمنی ئێمە بوون و هەن و وەک کۆڵەکەکانی تالار و سەرسەرا چاویان دە ئێمە بڕیوە. چونکە ئەوان وەخت و سەعاتیان بەعیبادەتی خودا تێ ناپەڕێنن و وەختی بێکارییان زۆرە و دایم خەریکی سەر کۆنە کردن و خراپە گوتنی ئێمەن، حەوت پشتمان لە قەبری(*) دەردێننەوە و ئابڕوو و حەیامان پێوە ناهێڵن. با وابێ، بەڵام من بەم سەلکەبزووتانە(*)، بەو گەڕیدە خوێرییانە دەڵێم بەکوێراییی چاوی ئەوان ئێمە بەژیانی خۆمان لە دنیادا و لە گەورەماڵاندا درێژە دەدەین، ئەگەر لە برسانیش بمرین و هیچمان پێ نەدەن و هەزار بێ حورمەتیمان پێ بکەن دیسانیش لە سەر پێی خۆمان ڕاوەستاوین. بەو خودا بێ باکە سوێند دەخۆم ئەگەر ئیزنم هەبووایە یا کات و دەرفەت دەست کەوتبایە، نە تەنیا بەو کەسانەی لێرە دەنگم دەبیسن، بەڵکو بەهەموو خەڵکی دنیام دەسەلماند کە هیچ شەرەف و فەزیلەتێک نییە کە دە زاتی نەدیمەکاندا نەبێ.» ئەوجار دۆشێس دەستی بەقسان کرد و گوتی: «من یەقینم هەیە کە حەق بەدۆنا ڕۆدریگزی خۆشەویستی منە، بەڵام ئەو دەبێ لە کاتێکی گونجاوتردا لە خۆی و باقیی نەدیمەکان داکۆکی و بەرگری بکا و بیروڕای چەپەڵی ئەو عەتتارە پووچەڵ بکاتەوە و ڕەگ و ڕیشەی لە دڵی سانکۆی مەزن دەربکێشێ.» سانکۆ گوتی: «لەو ڕۆژەوە بۆنی دەسەڵاتم بەلووتی گەیشتووە، ئیتر هەوای مەیتەریم لە سەرم دەرکردووە و تەواوی نەدیمەکان لە دنیادا وەک هەنجیرە کێویلکە ڕشقەن دەکەم.»

ئەگەر ئەوجاریش دەنگی بلوێر و تەپڵەکان کە وە ژوور کەوتنی نەدیمە دۆ لۆرۆیدیان ڕادەگەیاند بەگوێ نەگەیشتبایە، قسە کردن لەمەڕ نەدیمەکان هەروا درێژەی دەبوو. دۆشێس پرسی چون نەدیمە دۆلۆرۆید عینوانی کۆنتێسی لە سەرە و خاتوونێکی گەورە و شکۆمەندە ئایا دەبێ پێشوازیی لێ بکرێ یا نە، بەڵام پێش ئەوەی دووک لێوی هەڵپچرێ، سانکۆ هەڵی دایە و گوتی: «لەو لایەنەوە کە ئەو خانمە عینوانی کۆنتێسی بەسەرەوەیە، پێویستە حەزرەتی ئێوە پێشوازیی لێ بکەن، بەڵام لەو ڕوانگەوە کە نەدیمەیە وا باشترە لە





جێی خۆتان نەبزوون.» دۆن کیشۆت گوتی: «سانکۆ کێ بەتۆی گوت لەم کارەدا دەخاڵەت بکەی؟» سانکۆ گوتی: «چۆن ئەرباب کێ بەمنی گوت؟ من خۆم دەخاڵەت دەکەم و ئەڵبەتە مافی دەخاڵەتیشم هەیە، چون من مەیتەرێکم کە تەواوی یاسا و ڕێسا و ئەرکەکانی مەیتەریم لە مەکتەبی حەزرەتی بەڕێزتاندا کە بەئەدەبترین و بەنەزاکەتترین پاڵەوانی سەرگەردانی عالەمن، فێر بووم. لەم جۆرە بابەتانەدا، وەک لە زبانی خۆتانەوە بیستوومە، مرۆڤ بەخاڵێک زیاد یا بەخاڵێک کەم دەدۆڕێنێ و وەک گوتوویانە: «پیاوی عاقڵ ئیشارەیەکی بەسە.» دووک گوتی: «ماکی قسە هەر ئەوەیە کە سانکۆ دەڵێ. ئێمە بەدیتنی هەیکەل و قیافەی ئەم کۆنتێسە، تێ دەگەین کە تا چ ڕادەیەک شایانی ڕێز و حورمەت لێ گرتنە.»

لەم کاتەدا بلوێرژەن و دەهۆڵ کوتەکان وەک جاری یەکەم هاتنە ژوورەوە و نووسەر، ئەم بەشە کورتەی لێرەدا کۆتایی پێ هێناوە تا بەشێکی تر دەست پێ بکا. بەشێک کە درێژەی ئەم ڕووداوە سەیرەیە، کە لە تەواوی ڕووداوەکانی تر سەیرترە، دەگێڕێتەوە.